# 955 دەقیقە
# لەگەڵ شێرکۆ بێکەس دا

دیمانەیەکی گشتگیرە
لە ستۆکهۆلم ئەنجامدراوە

**ئامادەکردن و هەڤپەیڤینی**
شێرزاد هەینی

2008
کوردستان

لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبی نما
زنجیرەی ( 66 )

**سەرپەرشتی پرۆژەی چاپ**
ئیسماعیل کوردە، رێبین رەسوڵ ئیسماعیل

مافی لە چاپدانەوەی بۆ گۆڤاری نما پاریزراوە

ناوی کتیب: 955 دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەسدا
ئامادەکردن و هەڤپەیڤینی: شێرزاد هەینی
تایپ: نووسەر
پێشەکی: عەلی عوسمان یعقوب
پێداچوونەوەی: ئیسماعیل کوردە
دیزاین: نما
تیراژ: 1000
نرخ: (6000) دینار
چاپ/ کوردستان 2008
چاپخانە: تیشک

# بەرلەخوێندنەوەی ئەم کتێبە !

دیارە وەك كاك "شێرزاد"یش ئاماژەی پێداوە: ئەم دیدارو دیمانانە بە "دەمیی" چوونەتە سەر ریكۆردی كۆمپیوتەرو لەدوایشدا هەرخۆی گواستونیەتەوە سەر كاغەزو ئەم كتێبەیان لێدەرچووە. هەمووشمان ئەوە ئەزانین كە قسەكردنی سەرزارەكیو راستەخۆ لەگەڵ نوسینەوەو دارشتنی بەكاوەخۆدا جیاوازیان زۆرە. كاك شێرزادیش كتومت گفتوگۆكان چۆن كراون هەر بەو جۆرەو لەهەندێ شوێنیشدا قسەكانی منیشی بەفۆنەتكی خۆی نوسیوەتەوە. ئەشێ ئەم شێوازە بۆ زیندوویيو گەرمو گوڕی ئاخاوتنەكان بەبێ هیچ ڕتووشی لایەنێكی جوانكاریەكەی بێت، بەڵام لەهەماندكاتیشدا لەزۆر خەوشو هەڵەی زمانەوانیو وشەی زیادو قرتانی رستەكانو پاشو پێشی نادروستو دووبارەكردنەوەو بازدانی لەناكاوی گێرانەوە لەباسێكەوە بۆ باسێكی تر خالّی نییە. دواجار كەچاوم بەكتێبەكەدا گێرایەوە هەرئەوەندەم بۆ كرا لەهەندێ شوێندا كەمێكی دەستكاری بكەمەوە. بەڵام دیارە هەر شێوازی گێرانەوە سەرزارەكیەكە زاڵە. لەلایەكی تریشەوە لەبەر ئەوەی من لەكاتی خۆیدا تەنانەت ئەگەر بەسەرە قەڵەمیش بوو بێت رۆژانە بیرەوەریەكانی خۆم نەنوسیوەتەوە ئەمەیش كەلینێكە. بۆیە ڕیی تێدەچێ هەندێ شتم بەسەردا تێپەڕیبێ، یان لەدەست نیشانكردنی مێژووی ساڵو ناوی ئەمو ئەوو، شوێنەكاندا هەڵەم كردبێو لەبیرم چووبنەوە حەزم كرد خوێنەری بەڕێز لەم روونكردنەوە ئاگاداربكەمەوە. من لەدڵەوە پێزانینو سوپاسی خۆم بۆ كاك شێرزاد دووبارە ئەكەمەوە، چونكە بەراستی ئەگەر بیرۆكەو ماندووبوونی زۆری ئەو نەبوایە ئەم پڕۆژەیە بەئەنجام نەئەگەیشت هەروەها لەئێستاوە داوای لێبوردن لەو هاوڕێو دۆستانە ئەكەم كەلەشوێنی شیاوی خۆیاندا لەبیرم كردن ناویان بهێنم یان ئاماژەیان بۆ بكەم. لەدوایشدا من پێم وایە ئەم كتێبەی كاك شێرزاد بۆ مێژوو كارێكی نەتەوەییو كەلتوریە، بۆ نەوەی ئێستاو داهاتوومان، ئەبێتە سەرچاوەیەكی گرنگو فەراموش ناكرێت!

**شێركۆ بێكەس**

**سلێمانی**

2008/8/30

## پێشەکی:

### تا ئەمڕۆ شێرکۆ بێکەس ئەو شاعیرەیە،
### کە ئازادی لە ئیلتیزامدا دەبینێ و
### گەشەکردنیش لە پابەندبوون بە
### پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان و، لە خۆشەویستیشدا ژیان ئەبینێ.

**شیعری بەهێز بەرهەمی شاعیرێکە، کەهەست بە گەورەبوون دەکا، نەک بچووک بوون.**
**جێدسن جێروم**

خوێندنەوەیەکی واقیعییانەی مێژووی ئەدەبی جیهان، بە تایبەتیش شیعر، مرۆڤ دەخاتە بەردەم ئەو راستییەی، کە شیعر تا ڕادەیەک خەریک بوو لەبەردەم هونەری پەخشاندا ببەزێ. ئەم راستییە لەلای ئەورووپییەکان هەر زوو هەستی پێکراوە، بۆیە شیعر زیاتر پەلی بۆ هەموو ژانرەکانی تر هاویشت، بێئەوەی خۆیشی، وەکو ژانر، خەسڵەتە تایبەتیەکانی خۆی لە دەست بدات. ئەم پەلهاویشتنەی شیعر خۆی لە پەخشانەشیعر و داستانەشیعر و درامای شیعری و مەنەلۆژی درامی ناو شیعر و شیعری درێژی ئەمڕۆ و پاشانیش چیرۆکەشیعر، یاخود رۆمانەشیعر دەدۆزێتەوە. دیارە زۆر لەم جۆرە شیعرانە لە دنیای ئەدەبدا مێژوویەکی کۆنیان هەیە، بەڵام پێشکەوتنی هونەری پەخشان و بەتایبەتییش هونەری رۆمان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و لە سەدەی بیستەم وای لە شیعر کرد خۆی لە بەردەم تەکنیکی تازە و دواجاریش نەفەسی درێژتر بدۆزێتەوە، چونکە رۆمان بە بەراورد لەگەڵ شیعر لە پانتاییەکی فراوانتردا مامەڵە لەگەڵ واقیع دەکا. دیارە مەبەستم لە واقیع هەر لایەنە مادديەکەی نیە، بەڵکو ئەو واقیعەیشە، کە نووسەر لە هزری خۆیدا دەیکێشێ. لەم روانگەوە رۆمانە شیعریەکانی شێرکۆ بێکەس هەوڵدانە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەندێ لەو واقیعەی، کە خەریکە لە ئەدەبی کوردییش، سەبارەت بە تەکنیکی رۆمان و مەودا فراوانەکەی، ملکەچی هونەری پەخشان دەبێ. ئەم حاڵەتەش مانای بەزاندنی سنووورە باوەکانی شیعرە، چ لە فۆرم و چ لە ناوەڕۆک. بۆیەش رۆمانەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەس، وەکو ژانر، سنوورێکی دیاریکراوی تایبەت بە خۆی _ واتە بە شیعر_

یان نییە. لە رووی زمانیشەوە لە زمانی پەخشان لادەدەن و وەکو شێوازێکی سەربەخۆ خۆیـان دەچەسـپێنن، بـەڵام دیـارە ئـەم لادانـەش لەسـەر ئاسـتێکی فراوانتـری پێکهاتەکانی زمان دەگیرسێتەوە. سرووشتی چیرۆکە شیعرەکانی شێرکۆ لەوە دایە، کە بارە گشتییەکان لە بارە تایبەتیەکاندا دەبینێ. کاتێـک حاڵەتـە تایبەتییـەکان دەردەبڕێ هیچ ئاماژەیەک بۆ بارە گشتییەکان ناکات، بەڵام ئەوەی لەم حاڵەتە تایبەتییـە بگات، بارە گشتییەکەی بۆ روون دەبێتەوە، با ئاگاداریشی نەبووبێ. ئـەم حاڵەتـەی شیعرەکان رەهەندێکی جیهانی دەبەخشێتە شیعرەکان، ئەمەش بۆ خوێنەری بیـانی، لـە حاڵەتێکدا شیعرەکان وەربگێڕدرێنە سەر زمانەکانی تر، شتێکی گرنگە.

کەواتـە وزەی جوولـەئامێزی شـیعر لـەوە دایـە، کـە دەتـوانێ لـە چوارچێـوەی ریتم و مۆسیقای شیعرییەوە، نەک هەر پەل بۆ ژانرەکانی تریش بهاوێ، بەڵکو هـەموو ژانرە ئەدەبییەکانی تریش لەناو خۆیدا بەرجەستە بکات، چونکـە دواجـار شـیعر دەقـە. دەقـیش خەسـڵەتێکی زینـدووی هەیـە و لـە پانتاییـەکی فراوانـدا جموجـۆڵ دەکـا. لـە سـەردەمی ئـەمڕۆی ئـەدەب، هـەموو پرەنسـیپە پیرۆزەکـان، گشـت سـنوورە قەدەغەکراوەکان لە بەردەم، نەک هەر شیعر، بەڵکو تەواوی بەرهەمی ژانرەکانی تری ئەدەب کۆڵیاندا، هزری داهێنەرانەی نووسەر تا دێ ژانرە ئەدەبییـەکان زیـاتر لەیـەک نزیک دەکاتەوە و زۆر لـە پێکهاتـەی ژانرەکان تێکهـەڵکێش دەکات. هاوکات لـەگەڵ ئەمەش، زمان رووبەرێکی فراوانتر بۆ واتا فەراهەم دەکات. دیارە ئـەم پێشکەوتنەش، لەدونیای شیعری ئەمڕۆ، ریتمێکی تازە و بووژانەوەیـەکی بـەردەوامی دەنـگ و ئـاوازی وشەکانی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. بەڵام سەرەڕای پووکانەوەی ئەو رێنمایی و پێوەرانـەی، کە لە بەرهەمە شیعرییەکان پەیڕەو دەکران، زۆر لـە رەخنـەگرەکان لـە شیکردنەوەی شـیعری سـەردەم هێشـتا پشـت بـە پێناسـە مێژووییـەکانی ئـەم ژانـرە دەبەسـتن، کـە شیعرەکانی سـەدەی پێشـوویان پـێ پێناسـە دەکرا. دیـارە ئـەم پێناسـەکردنە تـەنها لـە رووبـەرێکی تەسـک لەگـەڵ شـیعری سـەردەم لـە یـەک دەچـن. بۆیـە خەسـڵەتە کۆنباوەکانی ئەم ژانرە نەک هەر ناتوانێ پێناسـەیەکی پـڕ بـە پێسـتی خـۆی ببەخشـێتە شـیعری سـەردەم، بـەڵکو دواجـار دەبێتـە کۆسـپیش لەبـەردەم راڤـەکردنی ئـەو قەسیدانەی، کە بە مەبەستی هەنگاونان بەرەو پێشکەوتنی شیعر دەنووسرێن، جا ئـەم پێشکەوتنە لـە بـواری فـۆرم بێ یاخود لـە لایـەنی مۆسـیقاوە. کاتێ ئـەم حەقیقەتـە لـە بەرچاو دەگرین، هەست دەکەین، شێرکۆ بێکەس بە پێناسەی تازەی شیعرەوە شیعرە درێژەکانی خـۆی، کـە زیـاتر چیرۆکەشیعرن یاخود رۆمانەشیعرن، نووسیوون. لێرەدا ناکرێ چیرۆکەشیعر، یاخود رۆمانەشیعر بە هەمان ئەو پێناسە مێژووییەی، کە بۆ ئەم ژانرە ئەدەبییە کراوە، وەسف بکرێ. بۆیـە نـاکرێ چیرۆکەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەس

هەمان پێناسەی داستانەشیعر یان شیعری ئەفسانە یاخود ئەو چیرۆکە هۆنراوەییانەی جارانی بۆ بکەیت، کە دەربارەی دڵداری و کرداری جوامێرانە و سوارچاکی بوو.

بۆ ئەوەی خوێنەری رۆمانەشیعرەکانی شێرکۆ باشتر لە تەکنیکی ئەم ژانرە بگات یاخود ئەم ژانرە بەم شێوە سەردەمیانەی لەلا روونتر بێ، باشترە لایەک بە لای ژانرە ئەدەبییەکانی تریش بکەینەوە، کە شیعر، لە رێگای واڵاکردنی سنوورەکانی تایبەت بە خۆی، پەیوەندییەکی ئۆرگانی سەردەمانەی لەگەڵ دامەزراندووە.

"ئێدوارد ستانکڤیچ" لە میانی هەوڵەکانی بۆ روونکردنەوەی شیعری مۆدێرن وەکو ژانر پەنا دەباتە بەر بۆچوونی ئەرستۆ دەربارەی دراما و داستان و لەریک. "ستانکڤیچ" پێی وایە، کە دابەشبوونی ژانرە ئەدەبییەکان بەسەر چەمکی دراما و داستان و لەریک لە روانگەی ئەو جیاوازییەوە دێ، کە لە گێڕانەوەدا هەیە. هەریەک لەم سێ ژانرە رۆڵێکی جیاوازی لەوانی تر هەیە لە رووداوە گێڕدراوەکە و هەروەها لەو شێوە زمانەی، کە رووداوەکەی پێ دەگێڕدرێتەوە. دراما و داستان دوو نیشانەی تایبەتییان هەیە: رووداوێک گێڕدراوەتەوە (واتە ئەو چیرۆکە یان رووداوەی ، کە بە پێی کات دەگۆڕێ و هەر دەبێ بچێتە پێشەوە تا یەکلا دەبێتەوە) لەگەڵ چیرۆکبێژێک یان شێوەزمانێک بۆ گێڕانەوەی رووداوەکە. ئێمە لە رێگای ئەم چیرۆکبێژە یان شێوەزمانەی گێڕانەوەیە لە گۆڕان و بەرەو پێشەوەچوونی رووداوەکان، هەروەها ئەو شتانەی، کە بەسەر پاڵەوانەکان دێ، ئاگادار دەبینەوە، چونکە ئەمان هەریەکە و بە شێوازی خۆی قسە لەسەر رووداو و کارەکتەرەکان دەکات، بەڵام جیاوازیی دراما و داستان لە شێوازی ئەو گێڕانەوەیەدایە، کە بە هۆیەوە رووداوەکان دەخرێنە ڕوو. ئەو گێڕانەوەیە لە درامادا لە رێگای نومایشی ئەکتەرەکانەوە جێبەجێ دەکرێ... لە داستاندا گێڕانەوە و گێڕەرەوە دوو شتی جیاوازن، ئەگەرچی تێکهەڵکێش دەکرێن... لەریک بەبێ گێڕانەوە هەڵدەکا، بۆیە هیچ گێڕەوەیەکی تایبەتیی تیا نییە. [1]

ئێمە پێویستە لەم خاڵانە زۆر ووردبینەوە، بۆئەوەی بزانین تا چەند لەگەڵ شیعری درێژی سەردەم دەگونجێن. لەبەر ئەوەی دراما و داستان دوو ژانری چیرۆکئامێزن، دەکەونە لایەکی هاوکێشەکە، بەڵام وەکو "ستانکڤیچ" ئاماژەی بۆ دەکا، دەشێ بۆ گێڕانەوەی رووداوێک پێویستیمان بە چیرۆکبێژ نەبێ. ئەوەتا لە درامادا رووداوەکان لە رێگای دیالۆگ و نومایشی ئەکتەرەکانەوە دەخرێنە ڕوو بەبێ هیچ چیرۆکبێژێک. پاشان ئێمە لە پەخشانی سەردەمیشدا چیرۆکمان هەیە بێ ئەوەی گێڕانەوەی تیا بێ.

[1] . سەیری لاپەڕە 171 بکە لە:
Stankiewicz, Edward. “ Linguistic, Poetics, and the Literary Genres.” New directions in .linguistics and semiotics.Ed. James E. Copeland. Houston: Rice U studies, 1984

ڕۆمانیشمان هەیە ڕووداوەکان لە گۆشەنیگای چەند گێڕەرەوەیەکەوە دەخرێنە ڕوو، وەکو لە ڕۆمانەکانی "ولیەم فۆکنەر" دەردەکەوێ. کەواتە، لە ڕووی تەکنیکەوە مەرج نییە پێویستیمان بە هەردووکیان هەبێ، بەڵکو دەشێ یان چیرۆکبێژمان هەبێ بۆ قسەکردن لەبارەی ڕووداوەکان و بەرەو پێشەوەبردنیان یاخود ڕووداوێکی گێڕدراوەی بێ گێڕەرەوە، وەکو لە درامادا هەیە. لەو چیرۆکانەی، کە وەکو دراما گێڕانەوەیان تیا نییە، لەچەند بەشێک پێکهاتوون و ڕووداوی ناو چیرۆکەکە یاخود بیرۆکەکە دەچێتە پێشەوە بێ ئەوەی کەس بیگێڕێتەوە. ئەگەر لەم ڕوانگەیشەوە سەیری شیعری درێژی سەردەم بکەین، مرۆڤ تێبینیی ئەوە دەکا، کە دەشێ شیعری درێژی سەردەم چیرۆکێک بگرێتە خۆ، "زەمەن" تیایدا بگۆڕێ و ڕەوتی ڕووداوەکان خۆیان گێڕەرەوە بن و بیرۆکەکە بەرەو پێشەوە ببەن بێئەوەی هیچ چیرۆکبێژێکی دیاریکراوی هەبێ. دەشێ ڕۆمانە شیعری سەردەم وەکو "ڕۆمانەپەخشان"ی سەردەم، چیرۆکەکە لە گۆشەنیگای چەند گێڕەرەوەیەکەوە بگێڕێتەوە، کە ناوە ناوە دەگۆڕدرێن، هەروەها دەشکرێ خودی گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە ڕێگای دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکان یاخود هەڵسوکەوتەکانیانەوە بێ. کەواتە مەرج نییە هەر قەسیدەیەک گێڕانەوەی تیا نەبوو، با درێژیش بێ، لەریک بێ. بەڵام ئایا شاعیر چۆن دیالۆگ لە ڕۆمانەشیعر تەوزیف دەکاو وەزیفەی گێڕانەوەکەی چۆنە؟

" باختین" دیالۆگ بەوە پێناسە دەکا، کە ئەو " گوتە"یەیە، زارەکی بێ یان نووسراو وەکو کردارێک بۆ گەیاندن لەنێوان چەند قسەکەرێک لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا ڕوو دەدا. "واتا"ی ئەم "گوتە" یە بە هاوبەشی لە لایەن قسەکەرەکە و بیسەرەکەوە دادەڕێژرێ، کە لە بنچینەدا لە کاتی دان و وەرگرتن کار لەیەک دەکەن. کەواتە "واتا" بۆ قسەکەرەکە ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ کارلێکی نێوان قسەکەر و بیسەر دەگەڕێتەوە. لەلایەکی تر، لەبەرئەوەی شیعریش وتەیە، بۆیە "واتا" کەی لە ئەنجامی کارلێکی نووسەر و خوێنەر و خودی دەقەکە دادەڕێژرێ لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا. هەرکاتێ ئەم هەلومەرجە بگۆڕێ، "واتا"کەشی دەگۆڕێ.

کەواتە هەموو وتەیەک، بەو پێیەی ڕۆڵی لە داڕشتنەوەی چوارچێوەکەی خۆی هەیە، لەناو خۆیا شوێنێکی بۆ ناسینەوەی بیسەر و پێشەکی زانینی کاردانەوەکەی تیایە. ئەم هەستکردنە بە بوونی کەسێکی تر، کە لە پرۆسەی خوێندنەوەدا، بریتیە لە خوێنەر، کار دەکاتە سەر داڕشتنی قەسیدەکە، چونکە نووسەر لە ئەگەری کاردانەوەی خوێنەر بۆ قەسیدەکە بەئاگایە. هەر بۆیەش پێویستە شاعیر، لە ئاستی هەڵبژاردنی وشەکانیدا، هەتا پێی بکرێ وریا بێ. بە ڕای من ئەوە لایەنێکی شاعیری زیرەک، بە تایبەتی لە ڕووی زمانی شیعرییەوە، دەردەخات. لە ڕۆمانەشیعر یاخود شیعری درێژی سەردەم شاعیر دەتوانێ گریمانەی ئەو لەیەکچوونە هاوبەشە

نەهێنێتە پێشەوە، کە جاران سەبارەت بە هۆشیاریی نەتەوەیی یان بەها کەلتووریەکان یاخود بیروباوەڕە ئایینییەکان نووسەری داستانەشیعریەکان لەنێوان نووسەر و خوێنەر دایان دەنا. لەبری ئەمە، نووسەر بەو ئاڕاستەیە کار دەکا، کە زیاتر ئاگای لە خوێنەرەکانی بێ و ئەگەری کاردانەوەکانیان لەگەڵ وتە و دەستەواژەکانی ناو قەسیدەکە بگونجێنێ. ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریش هەر سەبارەت بە داستانی تەقلیدی و قەسیدەی درێژی مۆدێرن، پێویستە ئاماژە بەو راستییەش بکەین، کە دووریی زەمەنی داستان دونیای ناو داستانەکە لە واقیعی ئێستا جیادەکاتەوە، لە کاتێکدا شیعری درێژی مۆدێرن یاخود ڕۆمانەشیعری سەردەم ڕێک جەخت لەسەر واقیعی ئێستا دەکاتەوە، کە نووسەر و خوێنەر بەشداری تیا دەکەن و کاردانەوەی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە. ئەدەب تەنها لە باری سرووشتیەوە وەکو بەرهەمێکی جیاوازی هونەری دەستکرد بوونی هەیە، بەڵام لەباری ئاماژە و سەمبولەکانی زمانەوە، بوونی ئەدەب لە ڕێگای ئەو پەیوەندییەوەیە، کە لە ئامادەبوونی دەقێکی سرووشتییەوە جێبەجێ دەکرێ. سەبارەت بەو جیاوازییەی لەنێوان بەرهەمی ئەدەبی، وەکو بەرهەمێکی هونەریی دەستکرد و بەرهەمی ئەدەبی، وەکو پەیوەندیی دینامیکیی نێوان ئاماژەکانی زمان، "موکارۆڤسکی" [1] بەرهەمی ئەدەبی وەکو "بابەتێکی ماددی" لە بەرهەمی ئەدەبی ، وەکو" بابەتێکی ئێستاتیکی" جیا دەکاتەوە. یەکەمیان، وەکو وشەکانی سەر کاغەز بوونێکی کۆنکریتییان هەیە و دووەمیان ئەبستراکتە و بە گوێرەی ئاستی هوشیاریی بینین دەگۆڕێ.

بینینی ئێستاتیک لە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی لە کارلێکی دەق و خوێنەر دێتە کایەوە. ئەو وشانەی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی وەکو بەرهەمێکی ماددی پێک دێنن و لە دارِشتنی رەهەندە ئێستاتیکەکان بەشداری دەکەن، هەردەم لە زمانی راستەقینەی خەڵک وەردەگیرێن و ئەو رەهەندە ئێستاتیکەیشی لەناو خۆیدا هەڵگرتوە، نەک هەر لە رووی پێشتر بەکارهێنانی، بەڵکو لە رووی ئەو بەهایانەیش، کە دەدرێنە پاڵ وشەکان. "باختین" پێی وایە ئەم ئەرکە راستەقینەیەی "واتا" وەکو لە گوتاری رۆژانە و لە گوتاری ئەدەبییدا هەیە، دیوێکی شیعریی و دیوەکەی تری پەخشانە. کاتێ شاعیر وشەکانی هەڵدەبژێرێ و بەیەکیان دەبەستێتەوە و دارِشتنەکانیان رێک دەخات، ئەو ئاماژانەش هەڵدەبژێرێ و بە یەکیان دەبەستێتەوە، کە وشەکان لەناو خۆیاندا هەڵیان گرتوە. دیارە ئەم وشانە ئەم ئاماژانەیان تیایە بەر لەوەی شاعیر دەستیان بۆ ببات و

[1] . لاپەڕە ٦٤ لە:
Mukar6vsky, Jan. Structure, Sign, and Function: Selected Essays by Jan Mukarovsky2. Trans. and ed. John Burbank and Peter Steiner. Yale Russian and East European Studies 14. New Haven: Yale UP, 1978.

هەڵسەنگاندنێکی تریان بۆ بکات یاخود ڕەهەندێکی تریان بخاتە پاڵ. ئەم هەوڵدانە بۆ بەکارهێنانی وشە و ریتمی ڕۆژانە لە شیعری درێژی سەردەم یان لە چیرۆکەشیعر شتێکی بەرچاوە و لە شیعری درێژی سەردەمی کۆنی جیادەکاتەوە، کە زمانی ئەدەبی وەکو بەشێک لە فۆرمی ئەم ژانرە پێویستی بە شێوازێکی تایبەتی و ئاستێکی بەرز هەبوو. لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییەدا، ئەگەر سەیری ڕۆمانەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەس بکەین، جۆرێک لە ئاسانی، بەڵام نەک سادەییان، پێوە دیارە. گوتم نەک سادەیی چونکە شیکردنەوە و دەستنیشانکردنی ڕەهەندە جیاجیاکانی ناو شیعرەکان پێویستیان بە ڕۆشنبیرییەکی قووڵ هەیە لە مێژوو، لە زمان، لە کەلتوور، لە جوگرافیا، لە ئەدەب، بە کورتی لە هەموو زانستە مرۆڤایەتی و سرووشتییەکان. کەواتە بێجگە لە لەکارکەوتنی هونەری شیعر هۆنینەوەی تەقلیدی، ئەم گۆڕانە بەرەو لاساییکردنەوەی بەرچاوی وتەی ڕۆژانە سیمای پێشکەوتنی شیعرە، کە سەرەتاکەی لەسەر ئاستی جیهانی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم. هەتا شیعر کەمتر شێوەزمانی شیعری کلاسیکی و شێوەزمانی ڕۆژانە زیاتر بەکار بێنێ، لە پەخشان نزیکتر دەبێتەوە و ئەگەری توانای سوود وەرگرتنی لە ڕەگەزەکانی ڕۆمان، وەکو گێڕانەوە، باشتر دەبێ. دیارە هونەری گێڕانەوەش لە ڕۆمانی سەردەمدا پێشکەوتنێکی باشی بەخۆوە دیوە. "باختین" لە میانی ڕەخنەگرتن لە فۆرمالیستەکان سەبارەت بە چەمکی "زمانی شیعر" ئەو تێبینییە دەخاتە ڕوو، کە "ڕۆمان ژانرێکی هونەرییە. ئەو ئاخاوتنەی لەناو ڕۆماندا هەیە، ئاخاوتنێکی شیعرییە، بەڵام ناچێتە چوارچێوەی ئەو ئاخاوتنە شیعرییەی، کە ئێستا هەیە" ١

"چارلس هارتمان" لە لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی نووسینی شیعری ئازاد چەند خاڵێکی گرنگ سەبارەت بەم خێرا نزیکبوونەوەی شیعر لە پەخشان و لە ڕەگەزەکانی ڕۆمانی سەردەم دەخاتە ڕوو. "هارتمان" دەڵێ" ئەوەی باگراوندی هەر قەسیدەیەک پێک دێنێ، شیعر و زمانی ئاخاوتنە... ئەلیۆت تا ڕادەیەک هەمان مەرامی "ولیەمز"٢ و "براونینگ"٣ و "وۆردزوۆرث"ی هەبوو، کە بریتی بوو لە "بەدەستهێنانی ئەوپەڕی

---

١. لاپەڕە 269 لە:
Bakhtin, Mikhail. The Dialogic Imagination: Four Essays by M. M. Bakhtin. Trans. Michael Holquist and Caryl Emerson. Ed. Holquist. Austin: U of Texas P, 1981

٢. ولیەم کارۆل ویلیامز(1963 – 1883) شاعیرێکی ئەمریکیی بەناوبانگە و ڕێبازێکی تازەی لە شیعری ئەمریکی بۆ خۆی دەستەبەر کرد، ئەویش بە جەختکردن لەسەر ژیان و زمانی خەڵکی ئاسایی. دواجار ئەلیۆتیش کەوتە ژێر کاریگەرێتیی ئەو شاعیرەوە.

٣. ڕۆبەرت براونینگ(1812-1889) شاعیرێکی سەردەمی ڤیکتۆری بوو. بەشێک لە شیعرەکانی درامی بوون.

ووردیی له لاساییکردنەوەی زمانی ئاخاوتن "٤.سەبارەت بەمە، رۆمانەشیعری سەردەم هەردەم لە گۆڕاندایە بۆ ئەوەی هەتا بکرێ لە ئاخاوتنی رۆژانە نزیک بێتەوە تا لە زمانی شیعری درێژی کۆن، هەروەها بەردەوام دیالۆگی کارەکتەرەکان، وەکو خۆیان چۆنی دەردەبڕن ئاوا دەیانگەیەنێ ئینجا چ لە رووی دیالێکتە کۆمەڵایەتییەکان و چ لە رووی ریتمە دووبارەکراوەکان بێ. ئەم خەسڵەتە زۆر لە شیعرە درێژە مۆدێرنەکان لە رۆمانی سەردەم نزیک دەکاتەوە. ئەم دیاردەیە لەلایەن بەریتانییەکان سەرەتا بە فۆرمی کورت دەستی پێ کرد وەکو لە شیعرەکانی وۆردزوۆرث دەردەکەوێ، پاشان پەلی بۆ شیعری درێژ هاویشت و بەرەو "بە رۆمانکردنی شیعر" هەنگاوی نا.

لە لایەکی تر، لەباری ئاساییدا بیرکردنەوە لە وشەکانی هەر دەقێک لە دەرەوەی کاریگەریێتیی باری سەرنجی یەکێکی تر، کە لە ریگای ئەو واتایانەی لە وشەکانەوە بەرجەستەن و، ئامادەبوونی هەیە، جێبەجێ نابێ. بەڵام نووسەری بەتوانا، تەنانەت لە یەک وشەشدا، دەتوانێ دەسەڵاتی خۆی بەسەر واتاکانی ئەوانی تریش بسەپێنێ، کە ئامادەبوونیان لە وشەکەدا هەیە، بەشێوەیەک، کە دەنگی خۆی بشارێتەوە و فرەدەنگییەک لە دەربڕینی یەک وشەدا بەرجەستە بکات. "مایکڵ ئۆکۆتێر"٥ لە میانی باسکردنی لە تیۆری رۆمانی رووسی بەم شێوەیە ئاماژە بە رای "باختین" دەکا دەربارەی هەڵوێستی رۆماننووس لەبەرامبەر ئەم فرەدەنگیە: " وەکو 'باختین' بۆی دەچێ، سەبارەت بە سرووشتی دیالۆگئامێزی وشەکانی ناو رۆمانە، کە رۆمان سرووشتێکی دیالۆگئامێزی هەیە و نووسەریش لە ریگای ئەو پەیوەندیەی لە ئەنجامی ئەم فرەدەنگیە دروست دەبێ، هەڵوێستی کەسێک وەردەگرێ، کە بەشداری لە گفتوگۆ بکات نەک هەڵوێستی کەسێک، کە ئەوپەڕی دەسەڵاتی لە دیالۆگەکە هەبێ" . ئەم فرەدەنگیەی، کە باختین باسی لێوە دەکا، وەکو چۆن لە رۆمانی سەردەمدا هەیە لە شیعری سەردەمیشدا هەیە. زۆر جاریش پێشکەوتنی رووداوەکانی

---

٤. لاپەڕە 139 لە:

Chatman, Seymour. Story and Discourse: Narrative Structure in Fiction and Film. Ithaca: Cornell UP,1978

٥. لاپەڕە 238 لە:

Aucouturier, Michel. “The Theory of the Novel in Russia in the 1930s: Lukacs and Bakhtin. The Russian novel from Pushkin to Pasternak. Ed. John Garad. New Haven: Yale UP,1983

ناو رۆمانەشیعر، سەبارەت بەم سروشتە دیالۆگئامێزەی وشەکان شێوازێکی درامییانە وەردەگرێ، کە رەگەزەکانی درامای لە دیالۆگ و خۆدواندن و هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکانی تیادا بەرجەستە دەبێ نەک ئەو شێوازە تەقلیدییەی گفتوگۆ، کە لەناو چیرۆکدا هەبوو، بۆیە جۆرێک لە پەیوەندی لەنێوان شیعرو دراما دروست دەبێ سەبارەت بە پێشکەوتنی تەکنیکی دراما لە شیعری سەردەم. لێرەدا، بەدەر لە دونیای رۆمانەشیعر، بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە دیوێکی پەیوەندیی نێوان شیعر و تەکنیکی دراماش بکەم، کە خۆی لە مەنەلۆژی درامی دەدۆزێتەوە و رەنگە خوێنەر هەر بە نیشانەیەکی سەرەکیی درامای بزانێ. مەنەلۆژی درامی، وەکو لە پێناسەکەیدا دەردەکەوێ، قسەی تاکەکەسێکە، کە بەبێ هیچ شیکردنەوەیەک یا روونکردنەوەیەکی ئاشکرا دەگوترێ و قسەکە سرووشتێکی زاتیی هەیە، لێکدانەوەکەیشی بۆ خوێنەر بە جێ دەمێنێ. لە شیعردا، مەنەلۆژی درامی dramatic monologue دەستەواژەی persona poem یشی پێ دەڵێن. ئەم تەکنیکەی شیعر لە زۆر خەسڵەتدا وەکو مەنۆلۆژی ناو دراما وایە. دیالۆگی تیا نییە، چونکە وەکو گوتم قسەی تاکەکەسێکە. شاعیر لە رێگای دەنگێکی گریمانەکی وەکو کارەکتەرێکی ناو چیرۆکێک قسە دەکا، بۆ یەکێک قسە دەکا، کە شاراوەیە، بەڵام خوێنەر هەستی پێ دەکا. بۆیە مەنەلۆژی درامی خۆدواندنیش نییە، کە لە درامادا هەیە ئەگەرچی لە رووی تیۆرییەوە زۆر لەیەک نزیکن. ئەم تەکنیکە لە زۆربەی دراما گریکییە کۆنەکاندا بەرچاو دەکەوێ، بەڵام وەکو شێوازێک لەناو شیعر، یەکەمجار لە بەرهەمی شاعیری ڤیکتۆری "رۆبەرت براونینگ" دەرکەوت. خوێنەرەکانی سەردەمی ڤیکتۆری زۆر باش لێی تێنەدەگەیشتن، بەڵام دواجار بووە نموونەیەکی باش بۆ فۆرمی شیعر. شێوازی مەنەلۆژی درامی ناو شیعرەکانی "براونینگ" کاریگەریتی بەسەر هەندێ لە شاعیرە بەناوبانگەکانی سەدەی بیستەم بەجێهێشت وەکو "ئەزرا پاوەند" و "ت.س. ئەلیۆت". مەنەلۆژی درامی لە شیعردا سێ نیشانەی هەن، کە بریتین لە: قسەکەر و گوێگر و بۆنە.. "بلیس پێری" لە کتێبی "لێکۆڵینەوە لە شیعر" پێی وایە ئەم شێوازە لە شیعری لەریک نزیکە. جێی ئاماژەیە، کە هەندێ لە نووسەرانی ئەمرۆ پێیان وایە کاریگەریتیی بەردەوامی هەریەک لە قسەکەر و گوێگر نیشانەیەکی بەهێزە بۆ ئەم شێوازە ئەدەبییە، ئەگەرچی کەسایەتیی گوێگر هەر بە هۆی ئەو کاریگەریتییە دەزانرێ، کە بەسەر قسەکەرەکەوەیە. "س. س . کێری" پێی وایە، کە نامە کۆنترین شێوازی مەنۆلۆژی درامییە.[١]

---

[١] . لاپەڕە 16 لە

S.S. Curry, *Browning and the Dramatic Monologue*( Boston: Expression Company,1927)

کاتێ زۆر لە بڕگەو وشە و دەستەواژەکانی ناو قەسیدەکانی سەردەم ئاماژەیەکی ئەدەبیی ناڕاستەوخۆ لەخۆ دەگرن، وەکو دوو دەنگی ئاخاوتن دەردەکەون، چونکە بە تەنها ئاماژە بە واتای روون و ئاشکرای وشەکان ناکەن، کە لە دەرەوەی دەق واتە لە چوارچێوەی مەودای شارەزایی نووسەر و خوێنەر بەکار دێن، بەڵکو دەبنە دەنگێکیش بۆ قسەکردن لەبارەی بەرهەمەکە بەهۆی ئاماژە ناڕاستەوخۆیەکانیان. رەنگە ئەم فرەدەنگییەی ناو شیعری سەردەم، بە رۆمانەشیعریشەوە، سەبارەت بەوە بێ، کە شیعری سەردەم شێوازی بەکارهێنانی کلاسیکیانەی زمانی ناوچەیەک یان دیالێکتی چینێکی کۆمەڵ بەکار دێنێ، بۆیە کارەکتەرەکان، چیرۆکبێژەکان هەروەها نووسەرە شاراوەکانی ناو دەق (واتە ئەو نووسەرەی لە کاتی خوێندنەوە لە هزری خوێنەر دروست دەبێ)، دەتوانن بە شێوەیەکی سەربەخۆ راوبۆچوونەکانیان دەرببڕن، دوور لە کاریگەریێتیی نووسەرە راستەقینەکە. ئەگەر لەم روانگەیەوە لە رۆمانەشیعرەکانی "شێرکۆ بێکەس" ورد ببینەوە، تێبینیی ئەوە دەکەین، کە دیالۆگەکانی ناو رۆمانەشیعرەکانی بە ئاڕاستەی قووڵکردنەوەی ئەم فرە دەنگییەیە. ئەمەیش خۆی لە خۆیدا "بە رۆمانکردنی" شیعرە. دیوێکی تری ئەم بەڕۆمانکردنە لەلای شێرکۆ بێکەس لەوەدایە، کە شیعرەکان لە پانتاییەکی زۆر فراواندا بێ هیچ بەربەستێک دەجووڵێن. زمانی شیعرەکان بە هۆی تێکەڵاوکردنی چەند دەنگێکی تر لەگەڵ زمانی ئەدەبی رۆمان، خۆی تازە دەکاتەوە. ئەمەیش وا لە شیعرەکان دەکا دیالۆگ لە خۆ بگرن و لە بەرامبەر مانای جۆراوجۆر و گۆڕینی مێژوویی واتای وشەکان کراوە بن و لەگەڵ واقیعی سەردەم، کە هەمیشە لە گۆڕاندایە پەیوەندییەکی بەردەوامیان هەبێ.

دیارە بەڕۆمانکردنی شیعریش مانای ئەوە نییە، کە شیعر لە شیعریەتی خۆی کەوتوە هەروەک مانای ئەوەیش نییە، کە ژانرێکی تایبەت یاخود هونەری داڕشتنی یەکێکیان بە تەواوی جێگای ئەوی تریانی گرتۆتەوە. بە پێچەوانەوە مانای ئەوەیە، کە شیعر لە ژێر کاریگەریێتیی پەخشان بووژاوەتەوە و رۆمانەشیعریش دیوێکی ئێستای ئەم بووژانەوەیە. لەلایەکی تر بەڕۆمانکردنی شیعری سەردەم، شیعر لە هەموو کۆت و بەندە کۆنباوەکان و مەرجە مێژووییانەکانی ئەم ژانرە ئازاد دەکا، کە لەگەڵ شیعری درێژی سەردەم ناگونجێن. دیارە ئەم ئازادکردنەیە، کە دیالۆگەکانی ناو شیعری شێرکۆ بێکەس زیاتر زەق دەکەنەوە، کە جاران زیاتر لەناو هونەری پەخشاندا هەبوون تا لەناو شیعر. بۆیە دیالۆگ لە رۆمانەشیعرەکانی "شێرکۆ بێکەس"دا دیارترین شوێنی هەیە لەکاتێکدا جاران وشە گەورەترین رۆڵی دەگێڕا بە ئاڕاستەی ناساندنی مەبەستی قەسیدە. سەبارەت بەم شوێنە دیارەی دیالۆگ، کە خوێنەر بە گشتی لە دیالۆگی ناو ئەم جۆرە شیعرە بەشدارە نەک هەر وەرگرێکی پاسیڤی زانیارییەکان بێ.

راستە شیعری ئەورووپی پێشکەوتووە، لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوە رەخنەییەکان، سەبارەت بە دەرخستنی جوانییەکانی دەق لەپاڵ ئەو لایەنانەی، کە جێگای پرسیارن لە بواری شیعردا پێشکەوتوون و تەکانیان بە گەشەکردنی شیعر داوە، کە بە داخەوە لە ئەدەبی کوردی تا ئێستا رووبەرێکی ئاوا بۆ رەخنە و بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی شیعرەوە نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، مرۆڤ هەتا شیعری شاعیرە ئەورووپیەکانی ئەم سەدەیە وەکو ڤیلی سۆرنسۆن(1929_2001) و تۆڤ دیتلڤسن (1917_1976) و جیۆفری هیلْ(1932) و ئیڤس بۆنیفۆ (1923) یان شاعیرە ئەمریکییەکانی وەکو ستانلی کنوز و" بیلی کۆلینز" و "تێد کوسەر" نەخوێنێتەوە، ، پاشان لەگەل شیعری هەندێ لە شاعیرەکانی خۆمان، بە تایبەتیش ئەوانەی، کە لە حەفتاکانەوە دەستیان بە شیعر نووسین کردو زۆربەشیان تا ئێستاش بەردەوامن و تەکانێکی زۆر باشیان بەم ژانرە داوە، وەکو کەریم دەشتی و رەفیق سابیر، قوبادی جەلی زادە، هاشم سەراج و... هتد لە رووی تەکنیک و وێنەی ئەدەبی و قووڵایی بینین... هتد بەراوردیان نەکا، نازانێ شیعری کوردی، ئێستا لە ئاستێکی چەندە بەرزە. بەڵام کێشەکە لەوەدایە، کە خوێنەری شیعری کوردی هەر کورد خۆیەتی. شیعرەکان زۆر کەم وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی و رووسی... هتد. بۆیە خوێنەری ئەورووپی وەکو چۆن لە پێشکەوتنی هەموو شیعری ئەورووپی و ئەمریکی و رووسی تەنانەت عەرەبییش ئاگادارە، ئاوا ئاگاداری شیعری کوردی نییە. بێجگە لەمەش، ئێمەی کورد خۆشمان هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمیمان لەبارەی شیعرەکانی خۆمانەوە نییە. ئەمە لە کاتێکدا راستییەک هەیە و مرۆڤ پێویستە ئاماژەی بۆ بکا، ئەویش ئەوەیە، کە شاعیر تەنها لە رێگای خوێندنەوەی بەرهەمە شیعرییەکان، چ لە سەر ئاستی جیهان و چ لەسەر ئاستی شیعری کوردی ناتوانێ میکانیزمەکانی پێشکەوتن لەم بوارەدا بۆ خۆی دەستەبەر بکات، ئەگەرچی ئاگادار بوون لەو بەرهەرمانە هەتا بڵێی تەوزیم و پێویستە، بەڵام ئەگەر ئاگاداری پێشکەوتنە رەخنەییەکانی شیعر نەبێ، ناتوانێ جوانییەکانی دەق، داهێنانەکان، بەتایبەتیش لە رووی فۆرمی شیعر، لەپاڵ لایەنە پرسئامێزەکان ببینێ. دیوێکی ئەم پێشکەوتنەی شیعر و بگرە رۆمانیش لە ئەدەبی کوردی لای ئەوانەیە، کە ئاگاداری ئەم پێشکەوتنە رەخنەییانەن لەم دوو ژانرە لەسەر ئاستی جیهان.

تا ئەمرۆ شێرکۆ بێکەس ئەو شاعیرەیە، کە ئازادی لە ئیلتیزامدا دەبینێ و گەشەکردن لە پابەند بوون بە پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان و لە خۆشەویستیشدا ژیان دەبینێ. ئەم ئیلتیزامە لای شێرکۆ لە سنوورێکی دیاریکراو ناوەستێ. گەورەیی شیعرەکانی لە گەورەیی خۆیەتی وەکو شاعیر، لە بەزاندنی سنووری نەریتە باوەکان و پرەنسیپەکانی ئایدۆلۆژیایە. بەهێزیی شیعرەکانی لەوەدایە، کە بەردەوام هەستی

سەرقاڵبوونی "خود"یان تیادا زاڵە، چونکە ئەو بەردەوام لەو نهێنییانەی خود دەگەڕێ، کە هێشتا نەدرکاون، بۆئەوەی بیانهێنێتە دەنگ، بێئەوەی هیچ بەربەستێک بەری دەربڕینیان لێ بگرێ. پابەند بوونی شێرکۆ بێکەس بە مەسەلە نەتەوایەتییەکان، وەکو لە شیعرەکانیدا رەنگی داوەتەوە، پابەندبوونێکە لە سەرووی ئایدۆلۆژیاوەیە، هەر بۆیەش مۆرکی نەتەوایەتییان پێوە دیارە و وەکو دەنگێکی کۆمەڵگا رۆڵیان گێراوە و دەگێڕن. زۆر لە گەورە شاعیرانی دونیاش لە ڕێگای بەرهەمەکانیانەوە بەهاکانی کۆمەڵگاکانیان گۆڕیوە و داڕشتوە. "ویلفرێد ئۆوین" و "سیگفرید ساسۆن" دوو شاعیری ئینگلیزی بوون، کە جێ پەنجەیان دیار بوو لە دەرخستنی بێبایەخیی جەنگ. "یەفتۆشینکۆ" زۆر بوێرانە گوڕوتینی دایە گۆڕانکاری ناو کۆمەڵگا لە ڕێگای بەرهەمەکانی وەکو "بابی یار" و شیعرەکانی بوونە مایەی گۆڕینی ئاستی هوشیاریی خەڵک بەرامبەر بە کارو پلانە حکومییەکان. "خۆزیە مارتی" شاعیرێکی بەناوبانگی کوبییە، کە هەتا سەر ئێسقان پابەندی مەسەلەی وڵاتەکەی بوو و بە درێژایی ژیانی بەشداریی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوبا کرد تا لە پێناویدا گیانی خۆی بەخشی.

¤ ¤ ¤

هەموو چاوپێکەوتنێک لەگەڵ هەر نووسەرێک لە بواری ئەدەب و رۆشنبیریی، بە گشتی، دوو جۆرە پرسیاری لێ دەکەوێتەوە. دیارە هەردوو جۆرە پرسیارەکەیش تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندییان بەیەکترەوە دەبێ، چونکە هەر لایەنێکی ژیانی نووسەر کاریگەریێتیی بەسەر لایەنەکانی ترەوە هەیە. بە هەرحاڵ، یەکەمیان ئەو پرسیارانەن کە تایبەتن بەو نووسەرە وەکو مرۆڤ. واتە بەدەر لە دونیای نووسین و ئەدەب. ئەو زانیارییانەی، کە مرۆڤ لەم جۆرە پرسیارانە دەستی دەکەوێ بەشێکن لە بایۆگرافی نووسەرەکە، بە هەموو ئەو تایبەتمەندێتیە کەسێنیانەیش، کە رەنگە زۆر شاراوە بن. باشترین ڕێگاش بۆ بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی لایەنە کەسێنییەکانی هەر نووسەرێک، قسەکردنە لەگەڵ خۆیدا، بیستنی راستییەکانە لەسەر زاری خۆیەوە. دیارە کاتێ نووسەرەکە، نووسەرێکی گەورەی ناو دونیای ئەدەب بێ ، دواجار، ئەم جۆرە پرسیارانەش بۆ خوێنەر زیاتر دەبنە جێگای سەرنج و بایەخپێدان. بە واتایەکی تر تایبەتمەندێتیە کەسێنییەکەی نووسەر هەر سەبارەت بە لایەنە ئەدەبیەکەیە، کە رەنگە زیاتر ببێتە جێگای بایەخپێدان و مشتومڕ. ئەگەر" ئەزرا پاوەند"(1885_1976) ئەو شاعیرە گەورەیە نەبا، کە رووبەرێکی فراوانی بۆ ئیستاتیکی سەردەمی لە شیعرەکانیدا بەرجەستە کرد و بە هۆیەوە ئەو نوێکارییەی لە شیعر کرد، کەس بایەخی بە ووردەکارییەکانی ژیان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ شاعیرە هاوچەرخەکانی نەدەدا، بە تایبەتیش ئەو هەڵوێستە سیاسییانەی، کە لە کاتی جەنگی

یەکەمی جیهانی دەریدەبڕی سەبارەت بە پاڵپشتیکردنی لە فاشیزم. لەم روانگەوە، ئەم چاوپێکەوتنەی، کە شێرزاد هەینی لەگەڵ شاعیری گەورەی گەلەکەمان، شێرکۆ بێکەس، ئەنجامی داوەوە و ئەم کتێبەی بەردەستتانی لێ هاتۆتە بەرهەم، بایەخێکی تایبەتیی هەیە، چونکە ئەو پرسیارانەی، لێرەدا رووبەرووی شێرکۆ بێکەس دەکرێنەوە، بەشێکن لەو پرسیارانەی، کە رەنگە لە هزری زۆر لە خوێنەراندا هەبن، بە تایبەتییش خوێنەرە گەنجەکان. بەڵام ئەوەی گرنگە لەم بارەوە بگوترێ، ئەوەیە، کە گرنگیی هەموو چاوپێکەوتنێک، بە تایبەتییش لەگەڵ نووسەر و رووناکبیران، لەوەدایە، کە تاچەند چاوپێکەوتنەکە پانتاییەکی داهێنەرانە لە خۆی دەگرێ، یەکەمیان لە ڕووی بەڕێوەبردن و فۆرمەلەکردنی پرسیارەکان. دیارە مەبەستم شێوازی پرسیارەکان و پەیوەندییان بەیەکەوە و دواجاریش چڕکردنەوەیانە بەو ئاقارەی، کە هەردوو لایەنی ئەدەبی و کەسێنی بە یەکتر ببەستێتەوە. ئەمەیش زیاتر بەندە بەو کەسەی، کە چاوپێکەوتنەکە ئەنجام دەدا. واتە تا چەند، پێشتر ئامانجی چاوپێکەوتنەکەی دیاری کردووە و پلانی بۆ دارِشتووە، چەندە زانیاریی دەربارەی نووسەرەکە لەلا هەیە و ئەو سەرچاوە و بەڵگەنامانە چیین، کە بۆ سوود لێوەرگرتن ئامادەی کردوون . . . هتد. دووەمیشیان سەبارەت بە ئاستی داهێنەرانەی ئەو زانیارییانەی، کە لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان دەگاتە خوێنەر، هەروەها تا چەند ئەم زانیارییانە خزمەتی ئەدەبی ئەو نووسەرە و ژانرەکە دەکەن. لەم روانگەوە دەکرێ مرۆڤ بپرسێ تا چەند ئەم چاوپێکەوتنەی لەم کتێبەدا هاتووە، کاریگەریتی بەسەر هەڵوێستەکانی خوێنەر، پێداچوونەوەی دەقە شیعرییەکان، لابردنی تەمومژەکان، کە رەنگە لای هەندێ خوێنەر هەبووبێ، هەیە. دیارە هەموو ئەمانەش دەوەستنە سەر کاردانەوەی هەر خوێنەرێک بەرامبەر بەم کتێبە، بەڵام، دواجار، کتێبەکە سەبارەت بەم کاردانەوانە رەنگە چەند بابەتێک، دەربارەی شێرکۆ بێکەس بووروژێنێ، کە بەردەوام لە ئەدەبی جیهانی دەربارەی گەورەنووسەرانی ئێستا و جارانی وەکو جەیمس جۆیس، پاپلۆ نیرۆدا، ئەزرا پاوەند، تۆنی مۆریسۆن . . . هتد دەوروژێندرێ، دوای گەڕانەوە بۆ هەموو ئەو دۆکومێنتانەی، کە دەربارەی ئەو نووسەرانە هەن و کاری زیاتریان لەسەر دەکرێ.

جۆری دووەمی پرسیارەکان تایبەتن بە دونیای شیعر و ئەدەب. دیارە ئەو چێژەی، کە خوێنەر لە شیعرێکدا یان لە رۆمانێکدا وەریدەگرێ هاندەرە بۆ زیاتر خوێندنەوە و هەروەها قووڵبوونەوە لە نووسەری شیعرەکە یان رۆمانەکە، بۆیە حەز دەکا زانیاریی زیاتری لەبارەی ئەم نووسەرەوە هەبێ. بە پێچەوانەیش، رەنگە هەموو چاوپێکەوتنێک لەگەڵ هەر نووسەرێک ببێتە زیاتر قووڵبوونەوە و بەدواداچوونی بەرهەمەکانی دوای ئەوەی خوێنەر لە رێگای چاوپێکەوتنەکەوە زانیاریی زیاتری دەست بکەوێ سەبارەت

نـەک هـەر بـە تـەواوی بەرهەمـەکانی نووسـەرەکەوە، بـەڵکو تەنانـەت یـەکێک لـە بەرهەمەکانیشی، بۆیـە گرنگیـی چاوپێکـەوتنی لـەم جـۆرەی دووتـوێی ئـەم کتێبـە لـەوە دایـە، کـە چێـژی زیـاتر دەبەخشـێتە دەقـە شـیعرییەکان. ئـارەزووی پێداچوونـەوە و هەڵوەسـتەکردن لەسـەر دونیـای شـێرکۆ بێکـەس زیـاتر بەگـەڕ دەخـا. جێگـای ئامـاژە پێکردنـە، کـە ئێسـتاش رەخنـەگر و لێکۆڵیـارە ئەورووپیـەکان، کـاتێ بـە هەنـدێ لـەو چاوپێکەوتنانەدا دەچنەوە، کە لەگەڵ شاعیر و رۆماننوسـە گـەورەکانی جیهانـدا، چ هـی سەردەمی ئێستا و چ هی کۆن، ئەنجام دراون، خوێندنەوەیەکی تـر بـۆ بەرهەمـەکانیان دەخەنـە ڕوو. لەلایـەکی تـر، رەنگـە خوێنـەر لـە رێگـای دەق ئـەو زانیارییـەی دەسـت نەکەوێ، کە نووسەر خۆی پێی دەدا، چونکـە بـە پێـی تیـۆری کاردانـەوەی خوێنـەر بـۆ دەق، کـە شـێوازێکە لـە شـێوازەکانی شـیکردنەوەی دەق و رەخنـەگرانی وەکـو وەڵـف گـەنگ ئایسـەر Wolfgang Iser و هـانز رۆبـەرت جـۆس Hans Robrt Jauss کاریان پێ کردووە، دەشـێ خوێنـەر، نووسـەری دەقێـک، لـەناو دەقەکـە بـە شـێوەیەکی جیاواز لەو شێوەیەی، کە خودی نووسەرەکە خۆی دەیبینـێ، ببینـێ. ئەگـەرچی ئایسـەر لە تیۆرەکەی زیاتر باسی دەقـی رۆمـان دەکـا، بـەڵام دیـارە شـیعریش، وەکـو دەق، تـا رادەیەک پانتاییەکی لەم تیۆرە داگیر کردووە.

تـا ئێسـتا هـەوڵێکی زۆر کـەم لـە بـواری چاوپێکـەوتن بـەو شـێوەیەی کـە ئاکامێکی فەرهەنگی لێکەوتبێتەوە لە ئەدەبیاتی کوردی بەرچاو دەکەوێ. رەنگە بەدەر لە بـواری ئـەدەب، بـە تایبـەتییش لـە بـواری شـیعر، لـە بوارەکـانی تـری رۆشـنبیری ئـەم جـۆرە چاوپێکەوتنانە هەبێ، بـەڵام ئەمـەیش هێشـتا بـە پێـی پێویسـت نییـە، واتـە بـەو رادەیـە نییە، کە ببێتە سەرچاوەیەک بۆ لێکۆڵینەوە. دیارە من مەبەستم ئەوە نییە، ئەم کارەی شێرزاد هەینی، کە لەگەڵ شاعیری گەورە "شـێرکۆ بێکـەس"دا ئـەنجامی داوە، دەچێتـە خانەی نووسێنێکی ئەکادیمی یان نا، بەڵام بێگومان کارێکە سەنگ و شـوێنی تایبـەتیی هەیە لە دوو رووەوە: **یەکەمیان** تا ئـەو جێیـەی پرسیارەکان پەیوەنـدییان بـە دونیـای شیعرو ئەدەبەوە هەیە، لانی کەم بەشێک لەو گومانانە دەرەوێنێتەوە، کە رەنگە لـەلای هەندێ لە نووسەر و هەوادارانی نێوەندی رۆشـنبیریی کـوردی سـەبارەت بـە هەنـدێ بەرهـەم یـان هەڵوێسـتی فیکریـی و ئـەدەبی ئـەم شـاعیرە هـەبووبێ. **لایـەنێکی تـری** گرنگی ئەم چاوپێکەوتنە لەوە دایە، کە رەنگە بۆ یەکەمجار بێ لـە نێوەنـدی ئـەدەب و رۆشنبیری کوردی چاوپێکەوتنی لەم جۆرە و بە دۆکومێنتکردنی ئەنجام بـدرێ. بـەڵام ئەوەی گرنگە لـەم بارەیـەوە بگـوترێ، ئەوەیـە کـە پێویسـتە لەداهاتوو زیـاتر سـوود لـە شـێوازی ئـەو چاوپێکەوتنانـە وەربگیـرێ، کـە لەسـەر ئاسـتی جیهـان لەگـەڵ نووسـەرە بەناوبانگەکانی دونیا ئەنجام دراون بۆ ئەوەی زیاتر شێوازێکی ئەکادیمیانە بگرێتـە خـۆ تا ئەو جێیەی پرسیارەکان پەیوەندییان بە بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە هەیە. هەتا کەسی

ئەنجامدەر شارەزایی زیاتری لە بەرهەمەکانی نووسەرەکە و لە ژانرە ئەدەبییەکەوە هەبێ و تارادەیەک ئاگاداری لایەنەکانی ژیانی نووسەرەکە بێت، باشتر دەتوانێ پرسیارەکان لە روانگەی ئەو زانیارانەی، کە هەیەتی هەڵێنجێ بۆ ئەوەی ببێتە هۆی دروستکردنی بینینێکی تازە لەلای خوێنەر. دیارە سەرکەوتنی هەموو چاوپێکەوتنێکیش لە دروستکردنی ئەم بینینەدایە، کە لە هەناوی خۆیدا جۆرێک لە داهێنان هەڵدەگرێ.

دەشێ جۆری دووەمی پرسیارەکان، کە تایبەتن بە بەرهەمە ئەدەبییەکانی نووسەر، لە هەر چاوپێکەوتنێکدا شێوازێکی لێکۆڵینەوە وەربگرێ سەبارەت بەو بیرۆکە و بابەت و تەکنیک و وێنە ئەدەبییانەی، کە نووسەر لە بەرهەماکانی خۆیا تەوزیفی کردوون. ئەوانەی چاوپێکەوتن لەگەڵ گەورەنووسەرانی جیهان، شاعیر بن یا رۆماننووس، ئەنجام دەدەن هەروا دەکەن. بۆ نموونە: ژنە رۆماننووس، "تۆنی مۆریسۆن"، کە یەکێکە لە رۆماننووسە گەورەکانی سەردەم لە ئەمریکا و بێجگە لە خەڵاتی نۆبڵ، چەندەها خەڵاتی تری وەرگرتوە، کاتێ خەڵاتی پۆڵیتزەری وەرگرت، ژنە نووسەر و رۆژنامەوان، "بۆنی ئەنگلۆ" چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکا. ئەم ژنە زیاتر لە بیست و پێنج ساڵ لە گۆڤاری "تایم" کاری کردووە و خاوەنی چەند کتێبێکی بەناوبانگە وەکو کتێبی "دایکەکانی بەرایی" و "خێزانەکانی بەرایی" و . . . هتد. لەمەش گرنگتر ئەوەیە، شارەزاییەکی زۆری لەبارەی رۆمانەکانی "تۆنی مۆریسۆن"ەوە هەیە و ئاگاداری هەموو ئەو قسانەیە، کە "مۆریسۆن" پێشتر لێرە و لەوێ لە بۆنە جیاجیاکاندا کردوویەتی، بۆیە کاتێ چاوپێکەوتنەکە ئەنجام دەدا، تەنها وەکو رۆژنامەنووسێک ئەنجامی نادا، بەڵکو وەکو خوێنەرێکی شارەزا لە بواری رۆمان، "مۆریسۆن" تووشی جۆرێک لە هێدمە دەکات سەبارەت بەو پرسیارانەی لێی دەکات. لەو چاوپێکەوتنەدا" بۆنی ئەنگلۆ" لە "مۆریسۆن" دەپرسێ:

ـ تۆ دەڵێی من حەز ناکەم دەربارەی کۆیلەتی بنووسم، کەچی رۆمانی "خۆشەویست"، کە بەناوبانگترین رۆمانی خۆتە، هەر لەم کەشوهەوایە دایە؟

دیارە "ئەنگلو"، لەبەرئەوەی زۆر باش ئاگاداری کەشوهەوای ناو رۆمانەکانی مۆریسۆنە، لەم پرسیارەدا "مۆریسۆن" ڕووبەڕووی قسەیەک دەکاتەوە، کە پێشتر کردوویەتی و لەگەڵ دوا بەرهەمی ئەو کاتەیشی، واتە رۆمانی "خۆشەویست" ناکۆکە. ئەم جۆرە پرسیارانە وا لە نووسەر دەکەن زیاتر ئاگاداری ئیلتزامە ئەدەبیەکانیان بن بەر لەوەی دەرگایەکی فراوانتر بۆ بیرکردنەوە لە مێشکی خوێنەر بکەنەوە و تا ووردتر مامەڵە لەگەل نووسەرەکە بکەن. دیارە شێرزاد لەم چاوپێکەوتنەدا تا رادەیەکی باش پرسیارەکانی هەڵێنجاوە، ئەگەرچی پرسیارەکان سەبارەت بە خودی شیعر و دونیای شیعری شێرکۆ بێکەس، چ لە سەرەتای دەستکردنی بە نووسینی

شیعر و چ لەو گۆڕانکارییەی، کە لەم چەندساڵەی دوایی بەسەر شێوە و ناوەڕۆک و زمانەشیعریەکەیدا هاتووە، هەموو لایەنێکی نەگرتۆتەوە.

هەر لە چوارچێوەی پەیوەندیی نێوان نووسەر بە بەرهەمەکانییەوە، پێم خۆشە ئاماژە بە دوو جۆرە بیروڕا بدەم. هەندێ لە ڕەخنەگران پێیان وایە، کە ئاگادار بوون لە ژیانی نووسەر، بە هەموو ئەو تەنگوچەڵەمانەی کە تووشی هاتووە، ئەو پەیوەندییانەی، کە لەگەڵ خەلکی تر هەیبووە و دواجار کاریگەریێتی بەسەر ژیانیدا بەجێهێشتوە، ئەو سەردەم و هەلومەرج و شوێنەی لێی ژیاوە پەیوەندییەکی زۆری بە تێگەیشتنی بەرهەمەکانییەوە هەیە. ئەم بۆچوونەش کێشەیەک دێنێتە پێشەوە، ئەویش ڕاڤەکردنی دەقە لە ڕوانگەی بایۆگرافی نووسەرەکە. دیارە ئەم مەسەلەیە تا ئێستاش لەسەر ئاستی ئەدەبی جیهانی مشتومڕێکی زۆری لەسەرە. ئەمە لە کاتێکدا ژمارەیەک لە ڕەخنەگران پێیان وایە دەبێ ژیانی نووسەر و هەموو ئەو شتانەی ئاماژەم بۆ کردن لە بەرهەمەکان جیا بکرێنەوە. فۆرمالیستەکان، لە ئەورووپا، زیاتر ئەم ڕایەیان بە پەسند دەزانی. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە پێیان وابوو، کە شیعر، وەکو بەرهەمێکی ئەدەبی، لە هەموو ژانرەکانی تری ئەدەب باشترە، چونکە شیعر لە دراما و لە ڕۆمان زیاتر لەگەڵ تیۆرەکەیان دەگونجێ. بە واتایەکی تر شیعر هەموو بەسەرهات و کێشەکانی ژیانی تیادا ڕەنگ ناداتەوە، بۆیە هەموو زانیارییەک دەربارەی ژیانی نووسەر، ئەگەر پیاهەڵدان بێ یان بە پێچەوانە، لە ڕاڤەکردنی دەقەشیعرییەکان لای ئەوان ڕەتدەکرێنەوە بەو پێیەی، کە هیچ شێوازێکی داڕشتن بە پەسند نازانن، کە ئەدەب و ژیان بە هاوتای یەکتر بزانن. بەرهەمی ئەدەبی پێویستە وەکو ئەبستراکت سەیر بکرێ. لەلایەکی تر هەر زانیاریەک دەربارەی ژیانی نووسەر ، دواجار دەبێتە بەشێک لە مێژووی ئەدەب، بۆیە پشتبەستن بەو زانیاریانە لە هەر کارێکی ڕاڤەکردن دەبێتە مایەی مشتومڕ لەنێوان ئەوانەی سەیری لایەنی مێژوویی و ئەوانەیش، کە سەیری لایەنی ئیستاتیکی ئەو بەرهەمە دەکەن. مێژوونووسانی ئەدەب سوورن لەسەر ئەوەی، کە هەر بەرهەمێکی هونەری و ئەدەبی لە هەر سەردەمێکی مێژوویی و هەر ناوەندێکی سۆسیۆلۆژیدا بێت، شوناسنامە و چوارچێوەیەکی تازەی هەیە و هەمیشە لە حاڵەتی گۆڕان دایە. بۆ نموونە ئەوان پێیان وابوو، کە شاعیری میتافیزیکیی ئینگلیزی "جۆن دەن" ( 1572_1631) لە سەدەی هەژدەهەم کەسێک بوو یاریی بە وشە دەکرد. لە سەرەتای سەدەی بیستەم سەمبۆلیستێک یان چاودێرێکی زیرەک بوو. چاودێری کاریگەریێتیی مەعریفە و زانستی دەکرد بەسەر بنچینەکانی ڕاستی و چەوتیی ڕێوشوێنی ڕەوشت و کردەوەی باش. لە سەردەمی ئێستاش شاعیری شیعری دینداری و خواپەرستیە. واتە لە هەر قۆناغێکی مێژوویی جۆرە بینینێکی تایبەتیان بۆ ئەم شاعیرە هەیە، بەڵام ڕەخنەگرە جوانناسەکان

پێیانوایە، کە بەرهەمی ئەدەبی لە دەرەوەی ئارەزووە کەسێنییەکانی تاک یان ئەو سەردەمە مێژووییەیە، کە هەڵیدەسەنگێنێ، بۆیە پێویستە بەپێی گونجانی لەگەڵ کۆمەڵی پرەنسیپی نەگۆڕ هەڵسەنگێندرێ. لای ئەوان، "جۆن دەن" لە هەموو سەردەمێکدا هەر هەمان شاعیرە و هەر جوانکارییەک یان لاوازییەک، کە لە سەدەی حەڤدەهەمدا لە شیعرەکانی دا هەبووە، ئێستاش هەر هەیە. شیعر لە هەموو کات و سەردەمێکدا هەر هەمان شیعرە تەنانەت ئەگەر رەخنەگر و لێکۆڵەوەرەکان هەندێ مانا و رەهەندی تریشی تیا بدۆزنەوە، کە خوێنەران یان رەخنەگرانی پێشتریێ دەسخەڵەت داوە. بە کورتی، ئەو رەخنەگرانەی، کە لە روانگەی مێژووەوە، کار لەسەر بەرهەمە ئەدەبیەکان دەکەن، زیاتر رابردووی نووسەر و هەلومەرجی پێشتریێ بەرهەمەکە دەخەنە ڕوو، ئینجا رەخنەگرە جوانناسەکان هەڵیاندەسەنگێنن، بەڵام ئەو رەخنەگرەی، کە لە روانگەی بایۆگرافی نووسەرەکەوە قسە لەبارەی بەرهەمی ئەدەبییەوە دەکا، لە راستیدا لەنێوان هەردووکیان دایە. هەوڵەکانی خۆی تەنها بە لایەنە ئیستاتیکیەکان نابەستێتەوە، هەروەک مەرج نییە ئەو بۆچوونانەی دەریان دەبڕێ پەیوەندیی بە باری ژیانی نووسەرەکەوە هەبێ، بەڵکو ئەو بیروڕایانەی، کە بە دڵی بێ لە زۆر سەرچاوەوە وەریدەگرێ. لە باشترین شێوەدا هەوڵ دەدا رەهەندێکی مرۆڤایەتی بداتە ئەدەب. ناکرێ قسە لەبارەی ئەوەوە بکرێ، کە سەرنجە کەسێنییەکان، شارەزاییەکان، بیروڕاکان لە هەموو شیعرەکان هەمان ئاستیان هەن، چونکە بابەتی شیعرەکان جیاوازن. بابەتی هەندێ قەسیدە بابەتێکی زۆر ئەبستراکتن، یان زۆر بابەتیین، یاخود بابەتێکی گشتیین. لە کاتێکدا هەندێ قەسیدە جۆرێک لە هەڵچوون و سۆزی شاعیرەکەیان پێوە دیارە و هەروەها باس لە رووداوێک دەکەن، کە شاعیر خۆی بەشداری تیادا کردووە یان شایەتحاڵ بووە. جاران شاعیرە ئەورووپیەکان هەوڵیان دەدا دەوروبەر و سرووشتی ژیانی کەسێنیی خۆیان لە بەرهەمەکانیان دوور بخەنەوە. لە سەدەی نۆزدەهەم، ئەو سەردەمەی، کە شیعر ئاراستەیەکی رۆمانتیکیی خودگەرای وەرگرت، شاعیرو فەیلەسووف و مێژوونووسی ئەڵمانی "فریدریک شیللەر"(1759_1805) ئەم هەڵوێستەی رەتکردەوە و جەختی لەسەر ئەوە کرد، کە شاعیر، بە دابڕانی لە ژیانی راستەقینەی خۆی، رەنگە هەموو سنوورەکانی سرووشتی مرۆڤایەتی لێ ون بێ و بە ئاسانی خۆی لەناو هەندێ چەمکی بێسەروبەر و بێ بناخە ون بکات.

رەنگە بۆ زۆر خەڵک شتێکی سەیر بێ، ئەگەر بزانن، کە شاعیری ئینگلیزی "ولیەمووردزووۆرث" لایەنگری ئەوە بوو، کە بایۆگرافی شاعیر لە رەخنەی ئەدەبی بەکار نەیەت. هەڵبەت هۆی تایبەتییشی هەبوو بۆ ئەمە. ئەو پێی وابوو، کە لایەنی ناشیرین لە ژیانی شاعیر پێویستە لە خەڵک بشاردرێتەوە. ئەگەر ئێمە ئەم بەرگریکردنەی

"ووردزووٚرث" لەو ڕێبازە بە هەند وەربگرین، ڕەنگە ئەو ئەنجامە بەدەست بێنین، کە ئەو شاعیرە گەورەیە زۆر بەسەرهاتی ژیانی خۆی لە مێشکیدا هەبووە حەزی کردووە لەخەڵک بیانشارێتەوە، بەڵام هیچ لاریەکی لە دەرخستنی شانازیەکان نەبوو.

ئەو ئارەزووەی، کە هانی مرۆڤ دەدا شتێ دەربارەی دانەری شیعرێک بزانێ، ئارەزوویەکی گشتیە و لەلای هەموو کەسێک هەیە. مرۆڤ حەز دەکا بزانێ بۆ فیسار شاعیر لەسەر ئەم بابەتە یان ئەو بابەتەی نووسیوە و لەبەرچی ئەم شێوازە نووسینەی بەکارهێناوە. هەروەها حەز دەکا بزانێ ڕێک لە کاتی نووسینی ئەم شیعرە لەژێر چ بارودۆخێک بووە چ لە ڕووی سایکۆلۆژی و چ لە ڕووی کۆمەڵایەتی یان سیاسی و... هتد. دیارە هەر ئەم خولیایەیە هانی زۆر لە نووسەرانی داوە لە سەرتاسەری جیهان بایەخ بە ئەدەبی بایۆگراف بدەن یان چاوپێکەوتنی دوورودرێژ لەگەڵ نووسەرە بەناوبانگەکان ئەنجام بدەن. کاتێ شیعری شاعیرێک دەخوێنیتەوە، کە شارەزای سرووشتی ژیان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و تا ڕادەیەکیش تایبەتمەندێتیە کەسێنییەکانیت، ئەو وێنەیەی، کە پێشتر لە هزری خۆتدا بۆ ئەم شاعیرەت کێشاوە، کار دەکاتە سەر جۆری کاردانەوەت بەرامبەر بە شیعرەکە.

هەندێ لە ڕەخنەگران پێیان وایە، کە شاعیر کەسایەتییەکە، سەرجەم ڕەوشت و سرووشت و هەڵوێست و هەست و نەست و بەسەرهاتە کەسێنییەکانی تیا کۆ دەبێتەوە. هەر شیعرێک ڕەنگدانەوەی لایەنێکی ئەم کەسایەتییەیە، بۆیە سەرجەم بەرهەمی شاعیر بریتیە لە قەسیدەیەکی درێژ و هەریەک لە قەسیدەکانی شاعیر بریتین لە بەشەکانی ئەم قەسیدە درێژە. هەر قسەیەک لەبارەی ئەم بۆچوونە بگوترێ، دواجار ئەو ڕایە بە پەسند دەزانێ، کە ژیانی شاعیر زنجیرەیەکی نەپچڕاوەی بەیەکبەستراوەیە. ئەمەیش خۆی لە خۆیدا دان پیانانە بەو ڕاستییەی، کە جۆرێک لەیەکچوون لەنێوان هەموو بەرهەمەکانی شاعیرەکەدا هەیە. لێرەدا هەر زانیارییەک دەربارەی ژیانی پێشتریێ شاعیر، لەپاڵ دەقی شیعری، زۆر گرنگە بۆ لێکۆڵینەوە لە بەرهەمەکانی. بە پێچەوانەشەوە ئاگادارنەبوون لە سەرجەم ژیان و بەسەرهات و لایەنە جیاجیاکانی ژیانی شاعیر، ڕەنگە ببێتە مایەی کەموکوڕی لەم ڕووەوە. کاتێ زانیاریەکانی دەربارەی "ئۆکتاڤیۆ باز" لە ڕێگای چاوپێکەوتنەکانی یان بایۆگرافەکەی دەخوێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێ، کە "بابلۆ نیرۆدا" چ هاندەرێک بووە بۆ ئەو لە بواری نووسینی شیعر، یان هەر خۆی پاشان چەندە کەوتۆتە ژێر کاریگەرێتیی نووسەرە سوریالیەکانی وەکو "ئەندرێ بریتۆن" و کاریگەرێتیی هەموو ئەمانە لەپاڵ، هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی تر چەندە لە شیعرەکانی ڕەنگی داوەتەوە. خۆ لە بوارەکانی تری ئەدەبیش هەر هەمان شتە. بۆ نموونە: ئەگەر "ج. ف. براین" لە لاپەڕە 87ی کتێبی Silent years کە تیایدا، وەکو نزیکترین هاوڕێی "جەیمس جۆیس"، بەو

شێوەیە باسی لە "جۆیس" نەکردبا، کە ڕێک دەڵێ " لەسەردەمی گەنجێتی، کاتێ "جۆیس" مێردمنداڵ بوو، هەڵوێستی بەرامبەر بە مرۆڤە بە تەمەنەکان، بە گشتی هەڵوێسێکی دوورەپەرێز و گۆشەگیر و ناتەبا و ئەوپەڕی ساردوسڕ بوو " ئێمە لە کوێ دەمانزانی، کە "ستیڤن دادەلاس" پاڵەوانی ڕۆمانی " وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا" ڕێک خۆیەتی، بەڵام "جۆیس" لە ڕۆمانەکەدا زیاتر جەخت لەسەر لایەنی دەروونی و سەرەڕۆییە فیکریەکانی "دادەلاس" دەکاتەوە، بۆیە ڕۆمانەکە بەڕای هەندێ لە ڕەخنەگران ناچێتە خانەی بایۆگراف.

دواجار هیوادارم ئەم چاوپێکەوتنە ببێتە هاندەرێک بۆ چاوپێکەوتنی زیاتر و بە شێوەیەکی ئەکادیمیانەتر لەگەڵ هەموو ئەو نووسەرانەی، کە ماوەیەکی دوورودرێژیان بەسەر بردوە لە نووسینی شیعر و چیرۆک و هەروەها ئەوانەیش، کە لە بواری شانۆ چ وەکو ئەکتەر و چ وەکو دەرهێنەر کاریان کردوە بۆئەوەی خەڵکی دوای خۆیان سوود لە شارەزاییەکانیان وەربگرن، بەڵام بۆئەوەی چاوپێکەوتنەکان ببنە سەرچاوەیەکی ئەکادیمی بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی بەرهەمەکانیانەوە، زۆر گرنگە زۆر جەخت لەسەر لایەنە ئەدەبییەکان بکرێتەوە.

**عەلی عوسمان یاقووب**
**سوید**
**25 ئابی 2008**

دە، دانیشتن و دیمانەیە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس
وەک
ئینسان و
شاعیرو
پێشمەرگەو
عاشق و
بەیەکەوە باسی ئەدەب و کوردایەتی و جگەرەو ژن و پارەو سیاسەت و سویدو مەی و رەخنەو چاپکراوەکان و توندڕەویی و زۆر گۆشەی تری ژیانمان کردووە.

شێرزاد هەینی

**گومان. گومان. گومان ئەکەم**
**ناتوانن بیاندۆزمەوە**
**هەر هەموویان نادۆزنەوە.**
**ئەو هەموو مانگی ژێر خۆڵەو**
**ئەو هەموو خۆری ژێر گڵەو**
**ئەو هەموو ئێسک و پروسکی گۆرانیانەو**
**ئەو هەموو ڕەشە رەیحانەی گەرمییانەو**
**ئەو هەموو قاسپەی بەفرانەو**
**یەک بەیەکی ئەو گوڵ ئەستێرەی دەشتانەو**
**یەک بەیەکی ئەو هەموو ئاسکە ونبوانە**
**گومان، گومان. گومان ئەکەم**
**ناتوانن بیاندۆزنەوە**
**هەر هەموویان نادۆزنەوە.**
**ئەم حەففارانە بچوکن**
**ئەم حەففارانە ئەترسن،**
**ئێوە بڕۆن لە عەمباری**
**حەففارەی ئەوەو دنیاوە**
**کە بۆ هەڵکەندنی دۆزەخ دانراون**
**ئا لەوێوەوە**
**ئێوە حەففارەی خوا بێنن**
**حەففارەیەک بە یەک کەڕەت**
**لە زاخۆوە هەتاکوو فاو**
**سەری عیراق هەڵباتەوە!**

شێرکۆ بیکەس

لە قەسیدەی (گۆڕستانی چراکان )، ل 157و 158 وەرگیراوە.

## دانیشتنی یەکەم

شوێن: لەسەر تەختەیەکی کۆن و پاکنەکراوەی پشت کافتریایەکی گەڕەکی (تێنستا) لە ستۆکهۆلم.
ڕۆژی دانیشتنەکە: 31 ی مانگی مایی ساڵی 2008
ماوەی تۆمارکردنە: 71 دەقە.

**(پێش ئەوەی مێژوومان بنوسرێتەوە، دەبێ ئێمە بچینەوە سەر شیعر)**
شێرکۆ بێکەس

**(بەشێک لە بیرەوەرییەکانت بۆ خۆشت ئاشکرایان ناکەیت).**
دیستۆفیسکی

**شێرزاد هەینی: ئیمرۆ ڕۆژی 31 ی مایی ساڵی 2008 ە، شانسمان هەبوو خۆرەکە گەرم بوو، بۆیە لە پەنای سێبەرێک لەگەڵ مامۆستا (شێرکۆ بێکەس) بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەیەک بەیەکەوە، تا ژیانی تایبەتی مامۆستا بنووسینەوە، دانیشتین. هیوادارین ئەو پرۆژەیە بە چەند قۆناخیک تەواوبکەین، سوپاسی مامۆستاش دەکەم کە ئەو پرۆژەیەی منی قبوولکرد، بۆ نووسینەوەی لاپەرەیەکی تری ئەدەبی کوردی،**

**بۆ نووسینەوەی لاپەرەکانی ژیانی ئەو کەسانەی ماوەیەکی زۆری ژیانیان لە بوارێکی زیندووی ئەدەبی تەرخانکردووە، کە لەو کاروانەدا ماندووبون، هێڤیدارم دیمانەکە ببێتە تۆمارێکی باش، ئەگەر مامۆستا سەرەتا دەیەوێ قسەیەک بکات، با بەفەرمووێت:**

## تۆماری یاداشت

**شێرکۆ بێکەس:** تێکڕا لە ئەدەبی ئێمەدا، ئەدەبی یاداشت، یان ئەدەبی بیرەوەری زۆر کەم بایەخی پێدراوە، بۆ نموونە ژمارەیەکی هەرە زۆری شاعیران و ئەو ئەدیبانەی، تا ئەوانەی لە ماوەیەکی نزیکیش کۆچی دواییان کردووە، هیچیان بەجێنەهێشتووە، کە پێی بڵێن بیرەوەری، ئەو هەموو قسەیە لەسەر (گۆران)ی شاعیر دەکرێت، (گۆران) یەک دێری بۆ ئێمە جێنەهێشتووە، (بێکەس)و (پیرەمێرد) ئەوانیش هێچیان وەک بیرەوەری نەنووسیوەتەوە..!

**شێرزاد هەینی: (پیرەمێرد) زۆر گەڕاوە، زۆر لە تورکیاو لە شارێکی زیندووی وەک (ئاستنبۆل) ماوەتەوە، هیچی لەسەر ئەو سەفەرانە تۆمار نەکردووە، باسی ژیانی تایبەتی و فێربوون و رۆژگارەکانی ئەو سەردەمەی نەکردووە، ئەگەر بابەتێکی وای هەبووایە، وەک لاپەرەیەکی زێڕین لە مێژوو دەدرەوشایەوە....!**

**شێرکۆ بێکەس:** من پێم وایە ئەگەر ئەوانە لە رێگای یاداشتەکانیان شتێکیان نووسیبوایە، نەک تەنها بۆ خۆیان، بۆ ئەدەبەکەمان، بۆ رووناکبیری کوردی، بۆ بەپێزکردنی ئەدەبی کوردی بایەخیان دەبوو.

**شێرزاد هەینی: لە ئەدەبی جیهانی، لەناو لاپەرەکانی ئەدەبی عەرەبیش نووسینەوەی ئەو بیرەوەریانە جێگایان دیارە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ لە ئەدەبی جیهانی لە زۆر دەمێکەوە، هەروەها لە ئەدەبی عەرەبیش بە هەمان شێوە، لەناو پێشەنگەکانی تازەگەری ئەدەبی عەرەبیدا، لەناو ئەدیبەکانی تاراوگەی عەرەبدا، هەرچەند لەلای ئەوان بوونی هەیە، بەڵام ئەوانیش کەمتر بە بەراورد لەگەڵ ئەدەبی ئەوروپی ئەو جۆرە ئەدەبەیان تۆمارە.

ئەدەبی بیرەوەری خۆی بەشێکە لە ئەدەب، بەشێکی زیندووە، دیارە لەلای ئێمەو لە رۆژهەڵاتدا کەمترە، ئەوەش پەیوەندی بە پاشخانی رووناکبیری گەورەوە هەیە، هەر میللەتێک ئەگەر پاشخانێکی گەورەی هەبێت، دیارە ئەو لایەنەیان فەرامۆش نەکراوە. واتە نەبوونی ئەو لایەنە، پەیوەندی بە نەبوونی لایەنی رووناکبیری ترەوە هەبووە. لای ئێمە وەک خۆت دەیزانی، شیعر هەموو شت بووە، لای ئێمە شیعر مێژووو جوگرافیاو رۆژنامەگەری بووە، سەیرکە (حاجی قادری کۆیی) خۆی بەتەنها

هەموو شت بووە، ئەگەرچی (حسین حوزنی موکریانی) ئەو زۆرتر سەرقاڵی مێژوو بووە، ئەویش وا بووە، (پیرەمێرد) هەموو شت بووە، ئەگەر بتەوێ ئاگات لە مێژووی کوردبێت، پێش ئەوەی مێژوومان بنوسرێتەوە، دەبێ ئێمە بچنتەوە سەر شیعر، تۆ بە رێگای شیعرەکانەوە لە سەردەمەکە ئەگەیت، روو لە بوارە ئابوورییەکان کۆمەڵایەتیەکان ئەکەیت، ئێمە لە رێگای (مەم و زین)ەوە، سەردەمەکەی (خانی) ئەناسین، لە رێ شیعرەکانی (فەقێ تەیران)ەوە، لە شیعرەکانی (مەلای جزیری)یەوە ئاگامان لە سەردەمی سەرهەڵدانی شیعری سۆفیگەری و مێژووی سەرهەڵدانەکەیەتی لەناو ئەدەبی کوردییدا، کە شیعرەکانی (حاجی قادری کۆیی) دەخوێنیتەوە تێدەگەیت ئەو پیاوە زۆر ئاگای لە گەشەپێدانەکانی ئەوروپی هەبووە، لە بواری فیکری و سیاسی، ئاگاداربووە، ئەگینا ئێمە وەک ئەدەبی بیرەوەری شتێکمان نەبووە وەک نووسینی ئەو بابەتە، وەک مێژوویەکی رێکوپێک، جگە لە شیعر، هیچی ترمان نەبووە، هەتا ئەدەبی پەخشانمان وا شکۆدار نەبووە.

**شێرزاد هەینی: لەپاش سەردەمی گۆڤاری (گەلاوێژ) پەخشان زۆرتر سەریهەڵداوە.!**

**شێرکۆ بێکەس:** نا... پێش گۆڤاری (گلاوێژ)یش پەخشانمان هەبووە، بابڵێین لەسەردەمی رووناکی ئەودا، ئەوەیان زیاتر پاش شەڕی یەکەمی جیهاندا سەریهڵداوە، لە نووسینەکانی (شێخ نوری شێخ سالح)و لە رێگای رۆژنامەی (ژیانەوە)و بابڵێین لەسەردەمی(شێخ مەحموود)ەوە، وردە وردە پەخشان هاتووە، لە (یادگاری لاوان)ەوە زۆرتر گەشەی کردووە، لەسەردەمی (گلاوێژ)دا گەشەکردنەکە هەلچووە.

ئەوەی لە رووی تازەگەرییەوە  کە لە نێو شیعردا کرا، لە رێی کاریگەری شاعیرانی تازەي تورکەوە بووە، لەو دەمانەدا ئەو شەپۆلانەی کە لە ئەوروپاوە هاتن و گەیشتنە ئاستنبۆل، پاشان گەیشتنە ناو ئێمە، ئەوە کاریگەری هەبووە، وەک سەردەمی (گەلاوێژ) ئەگەر (گۆران) سەری پردە گەورەکە بووبێت. ئەوە لەولاوە (برایم ئەحمەد) سەری دووەمی پردەکەبووە، لەگەڵ کۆمەڵێک لە کە لە نووسەرانی وەک مامۆستا (عەلادین سجادی)و (شاکر فەتاح)و (رەشید نەجیب)و نووسەرە دیارەکانی تر، پارچە پەخشانی "بەرەو رووناکی" برایم ئەحمەد رێچکەشکێن بوو.

**شێرزاد هەینی: ئەگەر (گۆران) بیرەورییەکانی بنووسیبوایەوە چی دەنووسی، واتە بەو تۆمارنەکردنە چی فەوتا، چی لەبارچوو...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** دیارە (گۆران) ئەگەر بیرەوەرییەکانی بنووسیبوایە زۆری پێ بووە، بۆ ئەوەی بیلێ چونکە (گۆران) بەبڕوای من، کەسێکی رێچکەشکێن و داهێنەر بوو. ئاسايي نەبووە، مەسەلەکە هەر بەهرەکەی نەبووە، (گۆران) رووناکبیری سەردەمی خۆیان بووە، وەک چۆن (ناڵی)، (حاجی قادری کۆیی) رووناکبیری سەردەمی خۆی بووە، هەر هیچ نەبووایە کۆمەڵێک ئەو پرسیارانەی کە ئێستا دەکرێن، ئەو وڵامی

ئەدانەوە، کە ئێمە ناتوانین وڵامیان بدەینەوە، بۆ نموونە تا ئەو دوایەش دەمەتەقێی ئەوە بوە، کەوا کێ یەکەم جار شیعری تازەی نووسیوەو چۆن نووسراوە؟ دەبێ هەر لەگوماندابی، بەڵام ئەگەر (گۆران) بینووسیبووایە، باسی کردبووایە، ئەو باسی یەک دوو شتی بچوکی کردووە، ئەوەش بەردەوام باسدەکرێتەوە، ئەو کاتە تێدەگەیشتین کێ کاریگەری لەسەر ئەو هەبووە، بێجگە لەوانە زۆر لایەنی بۆ روون ئەبوەوە، لە رووی کۆمەڵایەتیەوە، لەرووی سیاسییەوە، ئەگەر ئەو قسەی کردبووایە بۆ نەوەکانی پاش خۆی کاری زۆر ئاسانتر دەکرد، هەروەها هەموو ناوە گەورەکان، چونکە هەر یەک لەوانە بگریت، بایەخ و سەنگ و پێگەی خۆی هەبووە، بۆ نموونە (حەمدی) شاعیر، ئەو لەسەردەمی (شێخ مەحموود)دا بووە، ئەگەر ئەو بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسیبووایەوە راستیەکان جوانتر دەرئەکەوتن، ئەو کاتە گوێمان لەو کەسانە نەدەگرت، کە لەو نزیک بوون، (حەمدی) یەکێکە لەوانەی هەمیشە رەخنەشی لە حکومەتەکەی (شێخ مەحموود) هەبووە، ئەو ئەدەبە تا ئێستاش لەلای ئێمە ونە و کەمە.! بۆیە ئیمرۆ پێویستە بایەخی زۆر بەئەدەبی بیرەوەری بدرێت، ئیمرۆش لە جیهاندا ئەو نووسینی یادداشتانە رەواجیان لەسەرووی هەموو لیستەکانە، کتێبەکانی زۆرتر دەفرۆشرێن.

**شێرزاد هەینی: ئەو ئەدەبە خوێنەری زۆرە، چونکە ئاسانە، لەو جۆرە نووسینانەدا مێژوو و شوێن و زمان و کولتوور دەدۆزیتەوە.!**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەو ئەدەبە بابەتی هەمەجۆری تێدایە، لە رۆمانیش دەچێت، زمانەکەی ئاسانە... بۆیە ئەو ئەدەبە زۆر دەڕوات، چونکە گێرانەوەو هەمەرەنگی لەخۆ گرتووەو فرە لایەنە. ئەوە یەکەمیان، دووەمیش، بابەتەکە لە زمانی خەڵک نزیکە، یان بە شێوەیەکی تر کێشەی رۆژانەی خەڵکن، رۆمان و بیرەوەری وەک شیعر نییە، چونکە شیعری ئەو سەردەمە بریتیە لە فەنتازیاو مەجاز، دیارە خەڵک تاقەتی ئەوەی نییە بە شوێنی بکەوێت، چونکە ئەوە خوێنەري تایبەتی ئەوێت.

**شێرزاد هەینی: دیارە خوێندنەوەی شیعر رەوش و دانیشتنی تایبەتی دەوێت.**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەو دووانە رۆمان و ئەدەبی بیرەوەری بەشێکن لە مێژووی زیندوو، بە ژیانی خەلکەوە نوساون بۆیە زۆر دەرۆن و رەواجیان زۆرە، بۆ نمونە تۆ کە باسی رووداوێک دەکەیت، پێش 20 ساڵ رووی دابێت ئەمە جیاوازی زۆرە ئەگەر لە کاتی خۆیدا باسی بکەیت، لەکاتی خۆیدا بجیتە سەر رەگ و ریشەیان، من سەرنجم داوە ئەو نووسینانەی لای ئیمە، زۆرتر بیرەوەری سیاسییەکانە، من هەست ئەکەم، شتێک هەیە لەو بیرەوەریانەدا ونە، بۆ نموونە زۆریان بەشێکی گرنگی ژیانیانی تێدا نییە، ئەوەیش بەشە گرنگەکەی ژیانی ئێمەیە کە ژنە، ژن لەو بیرەوەریانەدا لەجێی نەبوانن، بۆ نمونە کە پیاوێکی سیاسی رۆژانەی خۆی نووسیوەتەوە هەست دەکەیت،

نازانی چۆن ژنی هێنا، ژنەکەی کێیە، (بە پێکەنینەوە) بۆ نموونە یەکێک لەو سیاسیانە لە بیرەوەرییەکەی خۆیدا کە بڵاویکردیتەوە، پیاوەکە لە شاخ دەبێت، رۆژەکە لافاو دەبێت، لافاوەکە ژنەکەی ئەبات و تەواو دەبێ، تەنها بە دوو دێر باسی ژنەکەی کردووە، بە لافاوێک لەناوچوو.!

**شێرزاد هەینی: ئەو بیرەوەریانەی بڵاوکراونەتەوە، هەرگیز باسی شکان و رووخانی خۆیان ناکەن.!**

**شێرکۆ بێکەس:** نا...نا هەموو کەس پاڵەوانە، ئەوە نەخۆشییە، هەموو کەس پاڵەوانە، کەس لە ژیانیدا هەڵەی نەبووە! نەترساوە، نەگریاوە، نەشکاوە!

**شێرزاد هەینی: ئەوەندە دەنووسنەوە کە قازانجیەتی، کە هێڵی حزبەکەی بواری دەدات، سوودی بە حزبەکەو گەورەکەی دەبێت، ئەوانە دەنووسنەوە.!**

**شێرکۆ بێکەس:** راستە بۆیە بیرەوەرییەکان زۆر ناژین، بۆیە جێ بڕوا نین، بۆیە کە من یان هەر کەسێکی تر، کە دەربارەی هەڵەی خۆی هیچ نەڵێت، دیارە ئەگەر ئازایەتیشی کردبێت بە ئازایەتیەکانیشی بڕوا ناکرێت، ئازایەتیەکانیشی جێگای گومان ئەبێت. حەق وایە ئەوانەی لەو رۆژانە لە بواری ئەدەبدا داهێنەربوون بیرەوەرییەکانی خۆیان بنووسنەوە، بە لام بوێرانە با بە دووروودرێژی قسە بکەن، با باسی چواردەورەی خۆیان بکەن، بۆ نموونە دووساڵە شاعیرێکی گەورەی وەک (هەردی) کۆچی دوایی کردووە، بەڵام (هەردی) شتێکی نەنووسیوەتەوە، ئەزانی ئەگەر هەردی یادەوەری خۆی نوسیبایەتەوە چ گەوهەرێکی بۆ بەجێ ئەهێشتین.

**شێرزاد هەینی: بواری هەبووەو کارئاسانی زۆریشی لەبەر دەست بووە.**

**شێرکۆ بێکەس:** نا ئەو نەخۆشیش بوو من ناڵێم ئەوەی بیرەوەرییەکان دەنووسێتەوە دەتوانێ هەموو شتێ بڵێت، من ئەدەبێ بیرەوەری خۆم نووسیوەتەوە، بەڵام لێی رازی نیم، بەراستی رەشنووسی یەکەمە، بەڵام تەنانەت هەر بەو شێوەیەش بمینێتەوە سوودێکی هەر ئەبێت، (دیستۆفسکی) قسەیەکی هەیە، ئەوەیان دەکەم بە نووسینی سەربەرگ، کە دەڵێ: بەشێک لە بیرەوەرییەکە، دەتوانی لەهەموو شوێنێک بە دەنگی بەرز بیڵێیت. بەشێکی تریان ئەتوانی بۆ کەسە نزیکەکانی خۆتی بیڵێت، بەشێکیان ناتوانی بۆ کەسە نزیکەکانی خۆشت ئاشکرایان بکەیت، بەشێک لە بیرەوەرییەکانت بۆ خۆشت ئاشکرایان ناکەیت، ناوێریت بە خۆشت بڵێیتەوە. ئێمە ئەگەر بتوانین بەشێک لەوانە، بەشێک لە بیرەوەرییەکانمان بڵێین باشە، ناڵێم هەموویان، ئەوا کاریکی باش دەکەین، سوودی دەبێت بۆ زمانی کوردی بۆ ئەدەبەکەمان، ئەگەر باسی ئەوسەردەمەی کە تێدا ژیاوین، ئەو کەسانەی بینیوومانن، ئەوانەی رۆیشتوون و هاتوون بە وردی باسیان بکەین، بەتایبەتی ئەگەر ئەدیبێ گرێدراوی ئایدیۆلۆژیایەک نەبین ئەو کەسانە دەربارەی زۆر شت ئازاتر دەتوانن

قسەبکەن، ئەوانە لە کەسانی مونتەمی بۆ حزبێک، باشتر ئەتوانن قسە بکەن، چونکە کەسی سیاسی حزبی لەچاوی بەرژەوەندی سیاسی و حزبەکەیەوە تەماشای مەسەلەکان دەکات، ئەدیبێک زیاتر لە چاوی فەنتازیاو جوانی و لایەنی کۆمەڵایەتیەوە تەماشای مەسەلەکان دەکات، بابڵێین لە پاکییەوە لە رووی شتە زاتیەکانەوە، تۆ بتەوێت یان نەتەوێت پیاوی سیاسی و حزبی هەمیشە ترمۆمەترەکەی، یان تەرازووەکەی بۆ بەرژەوەندی حزبەکەیەتی، ئەوەش نەک لێرە لەهەموو جیهان بەو شێوەیە بووە.

**شێرزاد هەینی: مامۆستا تۆ وتت، ئەدەبی بیرەوەری بازاڕی گەرمە، دەکری ئاماژە بەیەکێکیان بدەیت؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ یەکێک لەو یادداشتانەی خوێندوومەتەوە، کە هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە، بیرەوەرەییەکانی شاعیری گەورەی شیلی (بابلۆ نیرۆدا)یە، کە پێش بیست ساڵ خوێندوومەتەوە، ئەو کە چەند شاعیرێکی گەورەیە، بەلام بیرەوەرەییەکانی بە قەد هەموو شیعرەکانی گەورەیە، دەکرێ بپرسیت بۆ... چونکە کە دەیخوێنیتەوە هەموو شتێ ئەبینیت، بۆ نمونە ئەو پیاوە کە دێتە سەر باسی درەخت، باسی هەزار جۆر درەختت بۆ دەکات، نەک لە خۆیەوە،کە باسی هەموو رووبارەکانی ولاتەکەت بۆ دەکات، باسی سەرچاوەکانی دەکات، لە مێژوویان دەدوێت، کە دێتە سەر پەیوەندی خۆی و دلدارەکەی، باسی هەموو پەیوەندییەکان دەکات، کە دێتە سەر چیرۆکی سیاسییەکانی ولاتەکەی، وەک خۆیان دەیانگێرێتەوە، وا هەست دەکەیت ئەو پیاوە هەموو شتەکانی بینووەو، بە وردی زۆر بە وردی ئاگاداریيانە.

**شێرزاد هەینی: دەبێ ئەو پیاوە بیرەوەرییەکانی زۆر دەوڵەمەند بێ، ئەو هەموو شتەی لە بیرو هزر ماوە ..!؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نەک تەنها بیرەوەرییەو بەس، دیارە ئەو لەکاتی خۆیدا رۆژانە یادەوەری خۆی نووسیوەتەوە، من هیچم نەنووسیونەتەوە کە هاناش بۆ زاکیرە دەبەم هەموو شتەکان وەک خۆیان ناهێتەوە، من هەندێ شتم لە بیرەو هەندێکی ترم لەبیر چونەتەوە. من زۆربەی ئەو بیرەوەرییانەی بە زمانی عەرەبی هەبوون خوێندوومنەتەوە، هەرگیز بیرەوەرییەکانی (چەرچل)م لەبیر ناچێت، ئەوەیان بیرەوەرییەکەی سیاسیەکی وشک نەنووسیوە، دەزانی خەلاتی نۆبڵی ئەدەبی لەسەر ئەو یادداشتانە وەرگرتووە! لە خوێندنەوەی قەت بێزار نابیین. نمونەیەکی تر (کازانتزاکی) لە ریگا بۆ گریکۆ، لە رۆحەوە راتدەکێشی بەرت نادا تا کۆتایي بێ پەردە ئەدوێ، لە تەمەنی گەنجیەتی چی کردووە، هەر لە کلێسەوە تا دەگاتە کفرو ئیلحاد، هەمووت بۆ باس ئەکات. ئەوەش یەکێکە لەو بیرەوەرییانەی کە لە جیهانیدا ناسراوە، بۆ نمونە ئەوەی بیرەوەری دەنووسێتەوە دەبێ شتێکی کردبێت، شتیکی بۆ ژیان و فیکرو ئەدەب کردبێت ئەگەر

بەخۆشی باسی نەکات، دەبێ کەسانی تر ئاماژەی پێبدەن، لە ناو ئێمەدا ئەدەبی بیرەوەری کەمە، ئەدەبی نامەگۆرینەوەش لەناو ئێمە کەمە، تازە سەرەتایە، لەو رۆژانەدا بایەخێکی پێئەدرێ، ئەوەی نامەی یەکێکی ناسراوی لەلایە بڵاویکاتەوە ئەمە سەرەتایەکی باشە، وا بڵاویدەکاتەوە، با من لە هەلەی خۆمەوە دەست پێبکەم، سەدان نامەم لە خەڵکەوە بۆ هاتووە، بەلام بەداخەوە نەمتوانیووە بیانباریزم من نەمپاراستوون، فەوتان، یان ئەو نامانەی من بۆ کەسانی ترم نووسیون. تۆ وەختێ ئەو نامانەی بۆ نموونە کە(چیخۆف) بۆ ئۆلگا کینپەر ئەخوێنیەوە یان ئەو کە وەلامی دەداتەوە ئەبینی، هەست ئەکەیت ئەدەبێکی چەند بە قیمەتە، ئەگەرچی ئەدەبی نامە نووسین تازە نییە کۆنە، بەڵام ئێمە بەهای ئەو نامە کۆنانەمان نەزانیوە دیارە ئەمەش پەیوەندی بە وێرانەی روناکبیریمانەوە هەیە.

## نـــــــاو

**شێرکۆ لە 2ی گولانی ساڵی 1940 لەدایکبووە، ئەو کاتە (فائیق بێکەس)، رێچکەشێکن بووە، ئەو ناوە کوردییە نوێیەی لەتۆ ناوە، تۆ لەو ناوە کوردییەی خۆت رازییت؟**

**شێرکۆ بێکەس:** سەبارەت بەو ناوە، پێش منیش ئەو ناوە هەبووە، بەڵام زۆر کەم بووە، وا بزانم کاک (شێرکۆ عەزیز) کوری ماموستای (ناسراو) بە عەزە گامێش بەر لە من ئەو ناوەی لێنراوە، ئەو سێ ساڵیش لەمن بە تەمەنترە، ئەو ناوە خۆی کۆنە چونکە مامی (سەلاحەدینی ئەیوبی) ناوی (شێرکۆ)بووە. بەڵێ من بەو ناوەو لەو رۆژەدا لەشاری سلێمانی لەگەرەکی (گاوران) لەدایکبووم، مامانەکەیشم ژنێکی مەسیحی بووە.

**شێرزاد هەینی: کەواتە لە ناوە کوردییەکەی خۆت رازییت..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** (بە پێکەنینەوە)، من خۆم لە ناوەکەی خۆم رازییم و رازییش نیم..! چونکە لە شیعرێکی خۆمدا وتوومە، من شیعرەکەم لەبەر نییە، وتوومە ناوەکەی خۆم خۆش ناوێت، چونکە شێر لە ناوەکەمدا هەیە، ئەوەش حەیوانێکی درِندەیە، خۆ ئەگەر حەیوانێکی تر بووایە، بۆ نمونە ئاسکی تێدابووایە، حەیوانیکی بێ وەی تێدابووایە، هەروەها من بێکەسیش نیم، چونکە هەموو شیعرە جوانەکانی دونیا کەسی منن، لەبەر ئەو هۆیە، ناوەکەی خۆم زۆر بەدڵ نییە.

**شێرزاد هەینی: بەڵام وەک ناوەکەو یەکەمین ناوی کوردی، لەو تەمەنە، رێچکە شکێنە،راستە (گۆران)ی شاعیریش لەو سەردەمەدا ناوی کوردی لەمناڵەکانی ناوە، ئەویش رێچکەشێنبووە،سەیرکە،ناوی مناڵەکانی مامۆستا گۆران٘ ئەژی، هۆگرو هێرۆ).**

**شێرکۆ بێکەس:** نا... (گۆران) زووتر، بۆ نموونە (هۆگر)ی کوڕی (گۆران) لە من گەورەترە، بەڵام ئەوانە سەرەتای جۆریک لە بیرکردنەوەی کوردانەبووە، بەراستی ئەوانە سەردەق شکێن بوون بۆ زۆر شت، ئەو ناوباو کردنە بە باو لەوانەوە دەستی پێکردووە واتە مونەوەرەکانی ئەو سەردەمەن..

**شێرزاد هەینی: دیارە ئێستاش کەسانی سیاسی ئەو سەردەمە ناوی منداڵەکانیان کوردی نییە، سەیرە، ئەگەر (گۆران)و (بێکەس) شەست و... ساڵ و (گۆران) زووتریش ناوی کوردیان لە منداڵەکانیان ناوە، لەو رۆژانەدا سیاسی وامان هەیە، ناوی منداڵەکانیان کوردی نیە. بێجگە لە تۆ منداڵەکانی تری بێکەس ناویان چی بووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** خوشکەکانم (فریشتە) ، (گەزیزە)، لە ژنیکی تریشی (نەشمیل)ی هەبووە، خەمی (بێکەس) لە شیعریش گەورەتربووە، شیعر لەلای ئەو هۆیەک بووە، وەسیلەیەک بووە، بۆ دەربڕینی شتەکانی تری، ئەو بە خەتێکی گەورەو بەگشتی و بەدرشتی ویستوویەتی شتەکانی خۆی بنووسێتەوە، یەکێکە لەوانەی کە کردەوەو کاریشی وا بووە.

**شێرزاد هەینی: دیارە (شێرکۆ)ش ویستوویەتی رێچکەشکێن بێت زوو ناوی (هەڵبەست)ی بۆ یەکێک لە منداڵەکانی خۆی گلداوەتەوە، ئەو ناوە زووتر هەبووە؟**

**شێرکۆ بێکەس:**

من زۆر زوو کەوتوومەتە ناو بیرکردنەوەی کوردایەتی، ئەوسا تەمەنم 15 ساڵان بووە، لە رێگای کۆمەڵی مامۆستاوە، وەک (هەردی) وەک ( فەریدونی عەلی ئەمین )ی خزممان، وەکو ( عەبدولا جوهر )، زۆر زوو من کوردستانیانە بیرم کردیتەوە، ئەو مامۆستایانە کاریگەریان لەسەر من هەبووە، هەر زوو شیعرم دەنووسی، هەموویان ئەگەرچی سادەبوون، بەڵام هەستی زۆریان تێدابوو، هەموو شیعرەکان پڕبوون لە ناوی ماردین و دەرسیم، لەبیرمە ساڵی 1961 یان 1962 باشترین گۆڤاری کوردی ئەو کاتە، گۆڤاری ( رۆژی نوێ ) بوو، ئەوەی (کامەران موکری) دەریکردووە، من ئەو دەمانە تەمەنم بیست ساڵان بووە، شیعرێکی نیمچە درێژی بۆ بڵاوکردمەوە، دوایی خۆم لەو شیعرە رازی نەبووم نەمخستە ناو دیوانی یەکەمەوە، کە لە ساڵی 1968 چاپم کردووە، پێش ئەو دیوانە من کۆمەڵە شیعرێکم بڵاوکردبۆوە، من دوایی گوڵبژێریم لەناو شیعرەکانم کرد..

**شێرزاد هەینی: بابێنەوە سەر ناوی منداڵەکانت، (هەڵبەست)و (هۆنراوە)ت هەیە؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من تەنها ناوی ( هەڵبەست)م هەیە، ئەوەشیان لە خۆشەویستی شیعرەوە بووە، هۆنراوەم نییە، ئەوانی تر (هەلۆ)، (هێژا)و (هانا).

**شێرزاد هەینی: هەڵبەست لە ناوەکەی رازییە...!؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بۆ نا..! بەڵام یەکێک لە گیروگرفتی ناو ئەوەیە، ناوێک بە زمانیک دەنووسرێت، بە زمانێکیتر کێشەی رێنووسی دەبێت، بۆ نمونە ناوی (هێژا)مان رەنگە ئەو ناوە بە زمانی فەرەنسی ئاسایی بێت، بەڵام بە رێنووسی زمانی سویدی ئاسان نییە، ئەوان پیتی ژ یان نییە، دەبێتە ز، ئیستا بە (هێژا) دەڵین (هێزا)، ناوی (هەڵۆ)مان لێرە فۆنەتیکی ناکرێ. بە هەڵۆ دەڵێن هەلاو..

**شێرزاد هەینی: بۆنموونە لەلای خۆمان ناوی (ئاری) چەندخۆشە، لێرە وشەکە خۆش نییە، واتە تووڕە پێش هەڵبەست کەسیتر ئەو ناوەی هەبووە، یەکەمین ناوی منالّە؟**

**شێرکۆ بێکەس :** وا بزانم، ئێستا کە من لێرە خەڵکیش دێنە لام و ناوی منالّەکانیان لە من ئەوێت، منیش ناچاربووم یەک دوو لیستم کردبوو، ئەوەی داوای کردبایە من لیستەکەم دەدانێ.

سەبارەت بە ناوی منالاّن ئاین رۆلی هەیە، چونکە ئاین بە شێوەیەکی گشتی لە کولتووری ئیمەدا زالّە بەسەر هەموو شتەکانمان، بۆیە هەست دەکەیت ناوانی منالّ زۆرتر لایەنی ئاینی هەبووە، تەماشاکە (شێخ مەحموود) پیاوێک بووە شۆرشگێربووە، بۆ کورد شۆرشی کردووە، ناوی منالّەکانی وەک (لەتیف)و (رئوف)و (بابەعەلی)بووە، ناوەکانیان ئاینی بووە...

**شێرزاد هەینی:** دیارەکەوا (مەلا مەستەفا)ی رەحمەتیش ناوی منالّەکانی ئاینی بووە، ناوەکانیان کوردی نین...

**شێرکۆ بێکەس:** بەلّێ (مەلا مەستەفا)ی رەحمەتی، ئەویش هەمان شت، (قازی محمد)، ئەویش کوڕە گەورەکەی ناوی (عەلی)یە، ئەو دیاردەیە تۆزێ لەسەر وەستانی دەوێت، دیارە ناوانی منالّ بە ناوی کوردی ئەو سەردەمە نەبووە بە نەرێت، چونکە (شێخ مەحموود) کە" شیخ لەتیف"ی کوڕی کوڕیکی بووە ئەو ناوی ناوە (کاوە)، واتە ناوی کوردی لە نەوەکانی ناوە.

**شێرزاد هەینی:ناوی (جوامێر) کێ ناوەکەی لێناویت، بۆچی جوامێر...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** (جوامێر) ناویک بوو لە سەرەتای هەشتاکان لە دوای دروستبوونی مقاومەت لە شاخەکانی کوردستان، دوای گەڕانەوەم لە کۆتایي حەفتاکانەوە لە رومادی بۆ سلێمانی.، شیعرم بەو ناوە بلاّوکراوەتەوە، ناوەکەشم لە یەکێک لە پالّەوانەکان هەڵۆی سوور (ملازم جوامێر) وەرگرتووە، شیعرەکانم بەو ناوە لە رادیۆی شۆرش و شاخ و بلاّوکراوەکانی شاخیش بلاّوکراوەتەوە، چونکە نەدەکرا بە ناوی خۆت شیعر بلاّوبکەیتەوە، من ماوەی سێ سالّ لە خوارووی عیراق بووم، کە هاتمەوە لە دائیرەی ئاوو ئاوڕەی سلێمانی دامەزرامەوە، لە مانگی 12 ی سالّ 1984 من لە

سلێمانی دەرچووم، پێش تێکچوونەکەش، ماوەیەک تا لە دەرەوەش بووم، دوو سێ ساڵێکیش بوو، ئەو ناوەم بەکارهێناوە، دیارە ئەو ناوە بۆ ئەو شیعرانە بووە کە لەو خانەیە بوون، من بە ناوی ترم نووسیوە بەڵام کۆنن لە ناوەراستی شێستەکان، من هێشتا مناڵ بووم زۆر گەنج بووم، پەیوەندییشم بە دونیای رۆژنامەگەرییەوە نەبووە، یەکەم کاریش لەو بوارەدا لە رۆژنامەی (برایی)بوو، ئەو دەمە لەگەڵ (رەفیق چالاک) کارمکردووە بە ناوی خۆمەوە، بە ناوی (کاوە،) بەناوی ترەوە شتی کورت کورتم بڵاوکردیتەوە.

**شێرزاد هەینی: بۆچی ناوی ژنانەی کوردی زۆرترە، ژنان ناوی (جوان)، (شیرین)، (گوڵستان). (نەشمیل)یان زۆرە ...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەوە پەیوەندی بە سروشتەوە هەبوو. چونکە ئەو دیاردانەی ناو سروشت ناسکن، بۆیەش ناوی ژنانەی لێ وەرگیراوە. ئەوانە زۆر لە سروشت نزیکن و کوردیین. وەنەبێ ناوی کۆنی کوردی پیاوانەش نەبووبێت.

**شێرزاد هەینی: ناونانی نەوەکانت، تۆ دەورت تێدا هەبووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ، بەڵام باوکەکانیان دەوریان هەبووە، ئەوانیش ئازادن، ناوی وەک (ئاران)، (میلان)، (سیار)، (ئامیار)، بەڵێ ئەو ناوانەمان هەیە، وەک لە کوردی زۆرن، ئەوانیش حەز بەو ناوانە دەکەن. من ژنەکەشم ناوەکەی کوردییە، ناوی (نەسرین)ە، باوکی "ئەحمەد میرزا" کە دەکاتە ئامۆزای بێکەس، باوکی ئەو یەکێک بوو لە دۆستەکانی بێکەس، ئەو پیاوێکی خوێندەواربوو، لە سلیمانی زۆر بە قسەخۆشی و گاڵتەوە ناسراوبوو، ئەویش ناوی مناڵەکانی لە کۆنەوە کوردی بووە، کوڕە گەورەکەی ناوی (کاوە)یە، کە هونەرمەندێکی ناسراوە، هاوتەمەنە.

**شێرزاد هەینی: تۆ زوو باوکت مردووە، شیعرێکت بۆ نەخۆشی و پەککەوتووی دایکت نوسیووە. لە نامیلکەی ( حەفتا پەنجەرە )کە خوێندەمەوە هەستمکرد نەخۆشە، ئێستا رەوش و تەندروستی دایکت چۆنەو شیعرەکەت بۆ ئەو نووسیوە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ دایکم ماوە ئێستا لە ئەمریکا دەژیت و نەخۆشە، راستە شیعرێکم نووسیوە، بۆ خۆی زۆر وا نییە، بەڵام دونیای شیعرەکە وایە، هەمیشە لەگەڵ حەب و لەگەڵ دەرمانە، تەمەنی 87 ساڵە، کە تەندروستی باش ئەبیت زیت و هەمیشە قسەخۆشە. کە باوکم مردووە من تەمەنم حەوت ساڵ و نیو بووەو خوشکەکانم بچووکتربوون، دایکم هەر بە گەنجی لێیقەوماوە، ، لە تەمەنی 26 ساڵییدا بووە بە بێوەژنێکی رەشبۆش، لە هەموو ئاوردانەوەیەک رەنجی ئەومان دێتەوە بەرچاو، دایکم ژنیکی زۆر زیرەک بووە، ئێستاش ئەگەر تەندروستی باش بێت هەموو کەس حەز دەکات گوێی لە قسەکانی راگرێت، هەتا ئەو ساڵانەش لە کۆڕی وادا بە دەیان ئەدیبان دانیشتوون دایکم قسەی دانار داناری خۆی کردووە، هەموو گوێیان لە دایکم

راگرتووە، دەمودوێکی شیرینی هەیە، دایکم دەنگی زۆر خۆش بوو، دیارە تەمەن گەورەیی ئەو بەهرانە ناهێلێت، بە منالی من بە حیکایەتەکانی ئەو، بە گۆرانیەکانی ئەو، گوێم کراوەتەوە زمانی کوردیش ئەو بزاندوێتیە دەروونمەوە، ئەو دەبێتە سەرچاوەی یەکەمم.

**شێرزاد هەینی: دیارە باوکت مامۆستابووە رەنگە خانشین بووە، مووچەتان هەبووە؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نەخێر باوکم خزمەتی ئەوەندە نەبووە، ئەو کات وا بووە، 15 سالی تەواو نەکردووە، 12 سال 13 سال خزمەتی هەبووە، بۆیە خانەنشینەیەکی نەکرا، ئێمەش ژیانمان لە ریگای خالمەوە بوو، ئەوەی من هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە لەناو هەموو هاورێیەکانی بێکەسا، ئەوەی ئێمەی بەسەرکردیتەوە ئیبراهیم ئەحمەد بووە.

دیارە دایکم بە ئارەزووی خۆی پاش چەند سالێک شووی کردیتەوە، ئەو لەگەڵ مێردەکەی و خوشکەکانا چوون بۆ بەغدا، بەڵام من لەگەڵیان نەچووم، من لە سلێمانی مامەوە، کە بەشی ناوخۆی ئامادەیی پیشەسازی کرایەوە، ئەوە بۆ من زۆر گرینگ بوو چونکە من بۆ شوێنک دەگەرام، تێدا بژیم.

لەسالی 1988 ئێمە هەموومان بەیەکەوە لە سوید بووین. ئەو دوو سال لێرە مایەوە، پاشان ئەو بە رەسمی لە سوید رۆیشت، چووە بۆ لای (ژیان) خوشکم و لەگەڵ ئەودا ئەژێ، من دوو برای ترم لە دایکم هەیە، ئەو خوشکەم (ژیان) دوا منالی ئەو بووەو زۆریش هۆگری بووە، منیش دووجار بۆ سەردانی چووم بۆ ئەمریکا، ئەویش دووجار هاتووە بۆ سلێمانی هەردوو جار لە سلێمانی نەخۆش کەوتووە، بۆیە سەفەری تری نەکردیتەوە، دیارە لە ئەمریکاش زیاتر پارێزگاری تەندروستی دەکرێت و دکتۆرەکانی ئەوەێ زۆرتر ئاگاداری دەبن.

**شێرزاد هەینی: مامۆستا خوێندنی سەرەتاییت لە سلیمانی بووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من یەکەمجار لە سورداش چوومەتە مەکتەب.

**شێرزاد هەینی: دیارە ئەو کاتانە سورداش ناحیە بووە.**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ، ناحیەیەکی کۆنە، ئەوسا رێگاکە وا نەبوو، رێگایەکی خراپ و سەخت، لە (تابین)ەوە هەورازبوو، هاتوچۆ بۆ سورداش بە پاسی تەختەبوو.

**شێرزاد هەینی: دیارە ئەو دەمانە پاس دەگەیشتە سورداش تۆئەو سەفەرەت لەبیرماوە؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ، دەگەیشت، بەڵام چۆن.. من لەگەڵ باوکما دوو سێ سەفەرم لەوانە لەبیرە، پاسەکە بە (هندر) دەکەوتە کار، هەر ئەوەندەت دەزانی (سەکن)ەکە دەهاتە خوارەوە بەردێکی لە بن تایەکە دادەنا، بە دووسێ جار ئینجا بەسەر هەورازەکان دەکەوت. سالی دواییش من لە پۆلی دووی سەرەتایی بووم کە مالمان چوویتە هەڵەبجە.

**شێرزاد هەینی: پێش ئەو سەفەرەی (سورداش) سواری ئوتومبێل ببوویت، دەکرێ ئەو سەفەرەت یەکەم سەفەرت بێت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ، سواربووم بەڵام زۆر کەم، پێش (سورداش) وەک خەو بەبیرم دەێتەوە ئێمە لە قەراخ بووین، من تەمەنم سێ ساڵ دەبوو.

**شێرزاد هەینی: کەسی قوتابخانەکەی (سورداش)ت لەبیرماوە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** یەکێکیان ناوی (رەسول)بوو، ئەو منی دەناسیەوە، دوو سێ جاریش بینیوومە، ئەوەبوو لە 18ی 12 ساڵی 1948 بێکەس لە هەڵەبجە کۆچی دوایی کردووە، لەوێ لێمانقەوما، باوکم لەوێ مامۆستای زمانی عەرەبی بوو، عەرەبیەکی باشی زانیووە، گەلێ شیعرەی عەرەبی لەبەر بووە، دەڵێن (معلقات السبعە)ی لەبەربووە، منیش لەبیرمە لە هەڵەبجە پاڵ ئەکەوت و کتێبی بەدەستەوەبووە.

**شێرزاد هەینی: کتێبی ئەوت هیچ ماوە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نەخیر، باوکم کتێبی وای نەبوو، زیاتر لە بیرمە لەناو باوڵێکی تەنەکەبووە، ئەوسا مەکتەبە نەبووە، ئێمە هەر لە هۆدەو هەیوانێکا ئەژیاین، کە لێمان قەوما هاتینەوە سلێمانی، لەوێ لە حەوشەی سەرماڵان بووین، هۆدەو هەیوانێکمان بەکرێ گرتبوو، لەگەڵ ماڵێکدا بووین، ماڵی وەستا حەسەن، لەگەڵ ئەو ماڵە هەر تێکەڵ بووین، ماڵی پوورم بەرامبەرمان بوو، لەبەرئەوەی خانووی خۆمان نەبوو، گەرەکمان نەبوو، ئیمە بۆی نەچین، لە (حاجی حانە) لە (دەرگەزێنە)، ئەمە (مەڵکەندی)، (جوولەکان).

**شێرزاد هەینی:** لە شیعرەکانتدا ئەو شوێنانە ناویان هاتووە..؟

**شێرکۆ بێکەس:** شوێن، لە ئەدەبی مندا بایەخێکی گرنگی هەیە، پەیوەندی شوێن، لە سەرەتاوە بۆ ئەو جێگۆرکێ زۆرانەمان ئەگەرێتەوە، کە ئێمە کردوومانە، ئەو خەمانەی لەو شوێنانە لەگەڵماندا بووە ، هەروەها ناو، بوونی هەیە، ناوو شوێن لەلای من هەمیشە دووانەی ناو یادەوەرین.

**شێرزاد هەینی: کامیان زۆرتر ناو یان شوێن...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** شوێن زۆرتر، پاشان من لە سلێمانی چوومەتە مەکتەبی (فەیصەلیە) کە باشترین مەکتەب بووە، ئەوەیان یەکەم مەکتەب بوو، کۆمەڵێک مامۆستاو بەرێوەبەری زۆر چاکمان هەبوو، من تا شەشەمم لەوێ تەواوکردووە. لەو ماڵانەی کە ئێمەی لێبووین، لە ماڵێکیان لەو سەر حەوشانەدا، پیرەژنێک هەبوو لەگەڵ ئێمە دەژیا، من ئەو پیرەژنەم هەرگیز لەبیر ناچێتەوە، من یەکەم داستان و بەیت و حەقایەتی درێژم لەو بیستووە، ئەو پیرەژنەو ماڵی نەنکیشم، دایکی دایکم کە من زوو زوو دەچووم، لەوێ باوەپیارەی دایکم ناوی (کەریمە فەندی)بوو، لە شارەوانی

چاوەش بوو، هەندێ جار بە زستانان کرێکاری لای خۆی دەهێنایەوە ماڵەوە، تا حەکایەت بۆ منالەکانی بکات، منیش لەوێ دەبووم، لەو کرێکارانە حەکایەتی زۆرم بیستووە، یەک لەوانە ناوی (مام عدی)بوو، وا بزانم خەڵکی سنەبوو، من تێناگەم ئەو هەموو شتەی لەکێوە دەهێنایە دەرەوە، منالەکان بەدیاریەوە دادەنیشتین، لەگەڵ خالەکانم ئەوان لە من گەورەتربوون، ئەویش ئەوەندە بە جوانی و سەرنجراکێشانەی دەیگێرایەوە، جاری وا هەبوو شەو درەنگ دەبوو، حەکایەتخوانەکە خەوی دەهات، لە خەوا وەنەوزی دەهات، دەچووین ئاومان بۆ دەهێنا دەمانووت، مام عەلی دەموچاوت تەڕکە. کاک کەریم ئەمەی بۆیەئەکرد تا زۆرتر مێشکی منالەکانی بکاتەوە، هەروەها پیرەژنیکی تر هەبوو ناوی "ئایشی عەلان" لە گەرەکی سابونکەران ئەویش حیکایەت خوانێکی بە دەمودووی شارەزاو لێهاتوو بوو.

**شێرزاد هەینی: ئەو حکایەتانە دوورت دەکاتەوە، شوێنەکانت پێدەناسێنێت، لە زۆر دەرگای دەدا، ئەو رووداوانە چاوت دەکاتەوە، بۆیە تامتان لێوەرگرتووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەوانە هەمووی مەودای خەیاڵ گەورە دەکەن، لەبنەرەتدا دیارە ئەدەب و نووسین هەر خەیاڵە، ئەو سەردەمە وابوو، من لە خوێندنا مام ناوەندی بووم، من لە وانەی ماتماتیکا زۆر خراپ بووم، ئەوەی ئێستا من هەستی پێدەکەم، لە مێژوو و لە وانەی کۆمەڵایەتیا باش بووم، حەزم لەو دەرسانە بوو.

**شێرزاد هەینی:** بۆیەش لە پاش قۆناخی ناوەندی ئامادەییان کردووتە دوو بەش، زانستی و ئەدەبی، دیارە ویست و ئارەزووی مێشک و تێگەیشتنی خەڵکەکە وایە.

**شێرکۆ بێکەس:** من زۆر پەرۆش بووم زوو بۆ ئەوەی دەستم لە کارێ گیربێت، زوو خوێندن تەواوبکەم، بۆیە چوومە ئامادەیی پیشەسازی، کە تەواوبووم یەکسەر بێئەوەی بیر لە هیچ بکەمەوە، بیری دامەزراندم کردووە، بۆ یەکەم ساڵ، ئێمەیان وەک مامۆستا دامەزراند، بوم بە مامۆستا لە گوندی قرگە، کە ئێستا ئەو گوندە هاتووتە ناو شار، پاشان وەک کارمەند لە چەند دائیرەیەکی ناو سلێمانی مامەتەوەو وەک ئیشغال و جگەرە، بەوە وەزیفانەش تۆزێ ژیانمان باشتر بوو.

من لەساڵی 1961 لە وەزیفە دامەرزام، ئەگەرچی من بەشی معادنم خوێندبوو، بەڵام هەرگیز تاقەتی ئەو کارانەم نەبووە، ئێستاش نازانم چۆنم تەواوکرد، سەرم سورماوە. من هەر لە بەشی ناوخۆی قوتابیانەوە، حەزم لە شیعر دەکرد، بەشی زۆری شیعرەکانی (هەردی)و (گۆران)م لەبەرکردبوو، من حەزم لەو جۆرە شیعرانە کردووە، من لە شیعری کلاسیکییەوە دەستم پێنەکردووە، دوایی گەراومەتەوە سەر شیعری کلاسیکی،ئەودوو شاعیرەی ناومهێنان شیعرو ئەدەبیان شیعریان لاخۆشەویست کردم.

**شێرزاد هەینی: لەو سەردەمەدا زۆر لە شاعیرە گەورەکان، لە سلێمانی بوون و لە ژیاندا مابوون، هاموشوت کردوون، شتیان لی فیربوویت ؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ من دوو سێ جار لەگەڵ (گۆران) دانیشتووم، ئەو لە 1962/11/18 کۆچی دوایی کردووە، پێش مردنەکەی من و (جمال شارباژێری) چووینە سەردانی، ئێمە بەیەکەوە سەردانمان کرد، ئەوسا (کاکەی فەلاح) ناوێک بوو، ئێمە لەگەڵ ئەودا چووینە لای (گۆران)، ئەو لە سلێمانی لە گەڕەکی ئیسکان لە خانووی (هۆگر)ی کوڕی بوو، هوگر خانووی ئیسکانی وەرگرتبوو، ئێمەش لە ئیسکان خانووێکمان وەرگرتبوو، خانووەکە دایکم بە ناوی باوکمەوە وەریگرتبوو، ئەوەشیان (حسن ڕەفعەت) بۆی کردین، ئەو وەزیربوو، ئەوەم لەبیر ناچێتەوە، وەزیری ئیشغال و ئیسکان بوو، ئەو پیاوە چاکەیەکی گەوری لەگەل ئێمەداکرد.

**شێرزاد هەینی:** دیارە بۆ ڕێزگرتن لە (فائیق بێکەس) ئەوەی بۆ کردوون، چونکە سەردەمی پاش شۆرشی 14 ی گلاوێژبووە، وەک چۆن ئێستا لە پاش ڕزگاری عیراق، ئەو حکومەتە ڕێزی ئەوانەی لە سەردەمێکدا حەقیان خوراوە، دەگرێت، ڕێزیان دەگرنەوە، وەک (جواهیری)، دیارە بۆ (بێکەس)یش لەو دەمانەدا وابووە.

**شێرکۆ بێکەس:** نا وانەبوو.. ئەو کارە خۆی نەگیرابایە نەدەبوو.

**شێرزاد هەینی: ئێوە چۆن دەستتان گەیشتە ئەو وەزیرە.**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەوەیان دایکم ئەیکرد، دایکم لەو ئیشانە ئازابوو. بۆرە خزمایەتیەکیش هەبوو.

**شێرزاد هەینی: هەر ئەو جارە (گۆران)ت بینی..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** زووتر بینیبوومان، لە چایخانەکاندا، (هەردی)و (گۆران)، (کامەران موکری)مان ئەبینی، من و (جمال شارباژێری) ئەوانەمان دەبینی، هەروەها (دیلان)و (کاکەی فەلاح)و کەسانی تریش هەبوون، ئەوانە لە کەسانی تر بەناوبانگتربوون، زۆر گرینگ بوو ئەو کاتانە کامەران موکری شیعرێکی تۆ بەسند بکاو بلاوی بکاتەوە.

**شێرزاد هەینی: کتێبتان لەوان وەرنەدەگرت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نا...کتێبخانەی گشتی هەبوو، ئەو کات جورئەتێکی زۆری دەویست تۆ بچیت لەگەڵ (کامەران موکری)یدا قسە بکەیت، ئەو لە لوتکەی شیعردابوو، ئەوانیش ئەوندە تێکەڵ نەدەبوون، زۆریش بە پەرۆش نەبوون هانمان بدەن، پشتمان بگرن!

**شێرزاد هەینی: ڕەنگە پیاوە سیاسیەکان زۆرتر لە ئێوە هاتوونەتە پێش، تا بۆ حزبەکانیان ڕاتانکێشن؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من زوو زوو تێکەڵ بە بزوتنەوەی قوتابیان بووم، من لە تەمەنی پازدە ساڵییەوە تێکەڵاوی کۆمنیستەکان بووم، نەک بچمە ناو حزبی شیوعی، بەڵام تەنها هەر ئەوان شت بوون، لەو سەردەمەدا هەر ئەوان و ڕێکخراوەکانیان چالاک و

لەبەرچاو  بوون، هەندی جار لەناو شاردا خۆپیشاندانیان کردووە، سەیرانیان ڕێکئەخست، دیارە بۆ ئەوەبوو تا گەنجەکان لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە.

بەڵام پاش ساڵی 1958 دنیا گۆڕا، (پارتی) مۆلەتی وەرگرت، ڕێکخراوە کوردستانیەکان مۆلەتیان وەرگرت، وەک قوتابیانی کوردستان و لاوان، ئیتر لەو ڕۆژەوە کوردستانی و عیراقیی دەستی پێکرد، ئێمە ئەو کاتانە لەگەڵ کوردستانیەکان بووین، کە (مەلا مستەفا)ڕەحمەتی سەرۆکی پارتی هات بۆ سلێمانی، من تەمەنم هەژدە ساڵ بوو، لەناو لیژنەی قوتابیان بووم، ئێمە لە ماڵی (شێخ لەتیف) حەفید بووین . لەوێ دابەزیبوو یەکەم جار بوو ڕووبەڕوو بیبینم.،  من (مەلا مەستەفا)م بینی، من لە هەموویان بچوکتربووم، کە لەبەردەرگای سەرا قسەی کرد، من هەر لەوێ بووم، لەسەر بینای (نوری عەلی)، لەسەر هەیوانەکەی ئەوێ، ئەو بۆ خەڵکەکە قسەی کرد.

**شێرزاد هەینی: (مەلا مەستەفا)ی ڕەحمەتی، زۆر کەم وتاری پێشکەشکردووە، لەو سەفەرەدا چی وت، بەرنامەی چی بوو...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ڕاستە ئەو زۆر کەم قسەی کرد، ڕاستە، ئەوجارەش کەم قسەی کرد، ئەوانەی تر زۆرتر قسەیان کرد، بابڵێین، (کامەران موکری) شاعیرو (نوری ئەحمەدی تەها)،تیکۆشەری ناسراوبوو برای کامەران موکری لە بەر دەرکی سەرا ئێمە هەموومان دروشممان هەڵگرتبوو، ڕەسمێکی زۆری بارزانیمان بەرزکردبوەوە، ئەوەم باش لەبیرە، ئەو وتی دەبێ ڕەسمەکانی من داگرن، من نامەوێ ڕەسمی من هەبێ، تەنها ڕەسمێک دەبێ بمینێتەوە  ئەویش وێنەی سەرکردە (عبدالكريم قاسم)ە. لەو سالەدا ئێمەی کوردستانی لە بەشی ناوخۆ، پێموایە بە پەنجەی دەست دەژمێردراین، ژمارەمان کەم بوو، دە کەس دوازدە کەس دەبووین، ئەوانی تریش هەموویان عیراقی بوون، واتە کۆمنیستەکان، ئەوان زۆربوون زۆرجاریش پەستیشیان ئەکردین. هەر لەو ساڵەدا چووین بۆ بەغدا، چونکە ئێمە دوا ساڵی قۆناخی پیشەسازییمان لە بەغدا تەواوکرد، لە سلێمانی ئەو قۆناخە نەبوو.

## بـــەغـــدا

**شێرزاد هەینی: ئەوەیان یەکەم سەفەرەت بوو بۆ بەغدا..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نا من پێشتر سەفەری تری بەغدام کردبوو، من تەمەنم 13 ساڵ، چوومە لای دایکم، من لە ساڵی 1953 چووم بۆ بەغدا، دایکم شووی کردەوەو ماڵیان چووبووە بەغدا، ئەوەم باش لەبیرە، من لە رێی خزمێکی دایکمەوە، مامۆستابوو ناوی کاک (مسعوودی سەید ئەمین)بوو، بە پاس چووین، لەو پاسەکەی کە پێی ئەچوومە سورداش باشترو بچووکتربوو، ئیتر بەو چۆڵەو بەو تەپۆتۆزە، بیرمە شەو تاریک بوو گەیشتینە ناو بەغدا، بەو شەوە ئەو شارە ئەوەندە رووناک و جوان بوو، ئەوەیان زۆر سەرنجی راکێشام، ئەو گلۆپە گەورانە، ئەو هەموو دووکانە گەورانە زۆر سەرنجی راکێشام، دیارە لە (شارع رەشید)بووە، ئەو شەوە ئەو منی بردەوە بۆ ماڵی خۆیان، ئەو ماڵیان لە بەغدابوو، لەوێ بەسەر شتێکی نوێ و سەیردا کەوتم، ئەوان خوشکێکی شێتیان هەبوو، بەگەنجی شێت ببوو، جوولەو پێکەنینەکانی زۆر سەیربوو، لە ژوورێکەوە دەهات و دەچو، دەرگاکەیان لەسەر داخستبوو، بۆ بەیانی ماڵی دایکم هاتن منیان وەرگرتەوە. هاوین بوو ماوەیەک لەلای ئەوان مامەوە، هەر لەو خانووەی ماڵەکەی دایکمی لێبوو، کێ لێبوو باشە، لەوێ لە ژوورێکدا (توفیق وەهبی)لێبوو، ئەو کاتە ئەو زۆری ئەنووسی، نامیلکەی زۆری هەبوو، من تەمەن سێزدە ساڵان بوو، لەبەرئەوەی من کوڕی بێکەس بووم، بۆیە زۆری رێزگرتم، نامیلکەکانی خۆی دامێ، ئەوەش زۆربوو، هەستمکرد ئەو لە خەڵکی زۆرتر، لە بارەی باوکم شتی دەزانی، ئەوەیان سەفەری یەکەمم بوو بۆ بەغدا، بەڵام رۆیشتنی دووەم لە ساڵی 1959و 1958 بەفامێکترو عەقڵێکی ترەوە چوومەوە بەغدا، ئەو ساڵە لە هەرەتی لاویدا بووم، بۆیە ئەو سەفەرە کاریگەری زۆری لەسەرما هەبوو، لەو سەفەرەدا کەوتم بەسەر دونیایەکی ئێجگار گەورە و کراوە دا، بەغدای پایتەخت پایتەختی رۆشنبیری و هونەریش بوو سەر لەنوی لە دایک بوومەوە.

**شێرزاد هەینی: دیارە بەغدا ئەو کاتانە بۆ تۆ گرینگ بوو، بنکەی کوردی لێبووە، زووتر گۆڤاری گلاوێژی لێدەرچوو...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەغدا بنکەی کوردی لێبوو، دووکانەکەی (بەشیر موشیر)ی لێبوو کە روناکبیرو سیاسەتمەدارە دیارەکان زۆرجار لەوێ دائەنیشتن. من لە شارێکی بچووکی وەک سلێمانی بچمە بەغدا، گۆران بوو، یەک دوو نادی کوردەکانی لێبوو، من چووم بۆ (یانەی سەرکەوتن)، ئەو کاتانە گۆڤاری (هیوا)ش هەبوو، پاشان تا سەرەتای هەفتاکان من بە بەردەوامی بە ئیش رێم ئەکەوتە بەغدا، لەوی بازنەی برادەرەکانم گەورەتربوون، خەڵکی نوێم ناسی. لەرستیداو لە شێستەکاندا ئەدەبی کوردی لە دوای (گۆران) زۆر چەقیبوو، دیارە ئەوەش پەیوەندی زۆری هەبووە بە نەبوونی ئازادییەوە، رۆژنامەو گۆڤار نەبوو، جاروبار گۆڤاری (راپەرین) لە سلێمانی

دەردەچوو و دەوەستا، ئەو سەردەمە هیچی وا نەبوو، کە رۆژنامەی (هاوکاری) دەرچوو دەرگایەکی تازە بە سەر شیعرو ئەدەبی ئیمە کرایەوە.

**شێرزاد هەینی: لە بەغدا (برایی)و (خەبات) هەبوون، ئەوانە کاریگەرییان نەبووە؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەوانە زۆرتر رۆژنامەی سیاسی بوون، دیارە دەوریان هەبووە، بەڵام سنووردار ئەو لاپەرانەی بۆ ئەدەب و هونەر تەرخان ئەکران ناو بەناوو کەم بوو، پاشان یەکێتی نووسەرانی کورد دامەزراو گۆڤارەکەیان (نووسەری کورد)دەرجوو، نووسەری کورد گۆفارێکی سەنگین و بەبرشت بوو. دیارە هەر لەبەغداش بوو دوای رێککەوتنی ئازاری 1970 ئێمە توانیمان هەناسەیەکی ئازادی بدەین، ئەوکاتە ئێمە سەرقاڵی خوێندنەوەو لەسۆراخی شیعری تازەی عەرەبی و دنیادا بووین. بۆیە لەو ساڵەدا بەیاننامەی ئەدەبیی (روانگە)مان راگەیاند، دوایی دێینەوە سەر روانگە.

**شێرزاد هەینی: کەواتە ئەو ماوەی لە بەغدا دوا قۆناخی پیشەسازییت تەواوکرد، بۆ تۆ زۆر باش بوو، رەنگە خۆتان لەو قۆناخەدا زمانی عەرەبیتان باش بووە ...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نا ئیمە لە سلێمانی عەرەبیەکەمان باش نەبوو، وەک خوێندکارانی هەولێرو کەرکووک نەبوو، دەرسەکانمان بە زمانی کوردی بووە، بەڵام ئەو سەفەرەو تێکەڵاوییمان بە قوتابیانی تر باش بوو، ئێمە یەک دەرسی عەرەبیمان هەبوو، تا ناوەندیشمان تەواوکرد هەموو وانەکانمان بە زمانی کوردی بوو، لە هەموو نەوەکان ئەوانەی لە هەولێر خوێندوویانە زمانی عەرەبیان باشترە، هەروەها لە کەرکووکیش ئەوان زمانی تورکمانیشیان ئەزانی، ئێمە کەممان هەبووە زمانی عەرەبی باش بووبێت، ئێمە خۆمان خۆمان فێری زمانی عەرەبی کردووە، لەرێی رۆژنامەو کتێب فێری زمانەکە بووین.

**شێرزاد هەینی: کەواتە دڵت لە بەغدا کرایەوە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بێگومان بەغدا شارێکی گەورەو مەکتەبەی گەورەو خەڵکی زۆرتر، جوولەی زۆرترو بینی شتی زۆرترو... نەک هەر کتێب، هەستت دەکرد دونیایەکی جوانتر دەبینیت، کچی ئازادتر شەوی رووناکتر، بەراستی سروشتی بەغداش جوانە، بەتایبەتی کەناری دیجلەی...

**شێرزاد هەینی: حکومەت لە بەغدایە لەبەردەم وەزارەتی دیفاعدا دەرۆیت و...**

**شێرکۆ بێکەس:** وەک ئەوە وابوو تۆ لە ناو ژوورێکی بچووکدا بیت، یەکسەر بۆ گۆرەپانێک بەرەڵات بکەن، ئەو گواستنەوەیە لە شارێکی بچووکەوە بۆ شارێکی گەورە، وەرچەرخانێک بوو بۆ چاوکردنەوەو بۆ خوێندنەوەو قالبوونی ئەزموونی ئەدەبیمان. زۆر گرینگ بوو.

*****

## دانیشتنی دووەم

شوێن:
لە سەر مێزەکەی دوێنی دانیشتینەوە.
ڕۆژی دانیشتەنەکە: 1 ی یونیوی ساڵی 2008
ماوەی تۆمارکردنەکە: 105 دەقە

**دیاریەکەت بۆینباخێ بوو**
**کە ئەیبەستم و ئەتبینم**
**ئەگەر جارێ وا رێکەوێ**
**پەستتکەم و تووڕەتکەم و زویربێی**
**خۆت هیچ نالێیت و ئارامیت.**
**کەچی ئەو لە جێی دەستی تۆ**
**لەناو ملما دێتەوەیەک**
**وەک بیەوێ بمخنکێنێ!**

شێرکۆ بێکەس

---

لە دیوانی (حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک) ل 18 وەرگیراوە.

## (مانگانە 40 هەزار کرۆنیان بۆ ئەدایین بە کرێی شووقەکەمان).

شێرکۆ بێکەس

من لە (رینکبی) دەرچووم، جانتای کۆمپیوتەرەکەم لەسەر شانەو هێدی هێدی دەرۆیشتم، لە هەورازەکەی نێوان گەڕەکی (رینکبی)و (تێنستا)سەرکەوتم. چەند هەنگاویکیتر بەرەو سەنتەری تێنستا دەچووم، لەناو دارەکان، لە بوارێکی قیرتاوی تەسکا، مامۆستا شێرکۆ بێکەسم لێ بەدیارکەوت دەهاتە خوارەوە، بانگی کردم، گەیشتینە نزیک یەک، من وتم، مامۆستا ئیمرۆ لە کوێ دانیشین، ئەویش زۆر بەسادەیی و بەنەرمی وتی، خۆت ئەزانی، هەر شوێنک بێت، تەنها بتوانین کەمێ قسە بکەین. لە تەنیشتمانەوە مێزو کورسییەکی لەیەک بەستراومان لە تەلانێکەوە لێوە دیاربوو، من وتم، چۆنە لەو شوێنە دانیشین، ئەوە مێزو ئەوەش کورسی، شوێنەکەش لاچەپە، ئەویش یەکسەر وتی، باشە ئیمرۆ لەو شوێنە دادەنیشین، کە چووینە لای مێزی بن دارەکان، بینیمان کورسیەکان و مێزەکە زۆر شڕبوون، کەمێ خواردەمەنی کۆنیشیان لە شوێنەکە جێهێشتبوو، بەڵام بڕیارماندا کەمێ سەرمێزەکە خاوێن بکەینەوەو دانیشین، من بۆ پرۆڤە لەسەر کورسیەکە خۆم گەیاندە سەری، هێشتا باش دانەنیشتبووم، هەستمکرد نووکێکی تیژ، لە ژێرمەوە چەقی، کە دەستم بۆ ژێر خۆم درێژکرد، دەستم بە دوو سەرە ئاسنی تیژ کەوت، هەڵسامەوە، بینیم، دوو شیشی گۆشت برژانیان بە قیتی راگرتووە، چەند سانتیمێکی بەرزکراوەتەوە، ئەگەر باش خۆم گەیاندبایە سەر کورسیەکە هەردوو شیشەکە لە سمتم رادەچوون. شیشەکانم دەرهێناو شوێنەکەمان جێهێشت، بەرەو شوێنەکەی دوێنی رێمان کردەووە.

شێرزاد هەینی: مامۆستا رۆژباش، ئیمرۆ 2008/6/1 هەر لە گەڕەکی (تێنستا) دانیشتووین، دیارە هەردووکمان بەیانیان زوو بەئاگا دێین، بۆیە بەرنامەکەمان بەیانیان باشترەو ناوچەکە ئارامترە، دیارە تۆ لە ناوەندی هەشتاکان چوویتە شاخ و بارەگاو پێشمەرگایەتی، دیارە ئەوەش کۆمەڵێک شتی وەک ترس و برسیەتی و ماندووبونی تێدایە، لەو رەوشە ناخۆشە تۆ یەکسەر هاتوویتە وڵاتی سوید، چۆنیان پێشوازیی کردی، چۆن وەرگیرای، ئەوەمان بۆ بگێریتەوە، مامۆستا شێرکۆ بێکەس لە ناو شاخەکانی کوردستانەوە بۆ وڵاتی سوید.

**شێرکۆ بێکەس:** دەبێ من ئاماژە بەوە بدەم، من دووجار پێشتر چوومەتە شاخ، واتە لە پێشمەرگایەتی بەشداریم کردووە، یەکەمیان کە تەمەنم 25 ساڵ بوو، لە شۆرشی ئەیلول لە ناوچەی (گەلاڵە)، لە ئەشکەوتی (سەردێمان)، بەرامبەر شاخی مامەرووتە، ئامێرەکانی ئیستگەی شۆرش لەناو ئەو ئەشکەوتەبوو. لە دەوروپشتییشدا کۆمەڵێ ژووری قووڕین دروستکرابوو، خوالێخۆشبوو (ساڵح یوسفی) سەرپەشتیاری ئێمە بوو.

دووەم جاریش ساڵی 1974 بوو ئێمەش لەگەڵ ئەو خەڵکە، لەگەڵ شاعیران و رووناکبیران هەموومان چووینە ناو شۆرش،دوایی نوشستی ساڵی 1975ی بەسەرداهات و گەڕاینەوە، پاشان دوورخراینەوە.

جاری سێیەمیان لە کۆتایی ساڵی 1984 بوو، چوومە دەرەوە، رووم کردە ناوچەی (مەرگە)و لە گوندی (سێروان) بارەگای مەکتەبی عەسکەری لێبوو، هەتا ماڵی (مام جەلال)یش لەو نزیکانە بوو. لەوێ ماوەیەک مامەوەو پاشان دابەزینە ناوچەی (سەرگەڵوو)و (بەرگەڵوو)، بۆ ماوەی دوو ساڵێک تا کۆتایی ساڵی 1986 لەو ناوچانە مامەوە، من لەو کاتانەدا زیاتر خەریکی کاری خۆم بووم، من لەوێ ژوورێکم هەبوو، ماوەماوەش بۆ ئێستگەی رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان کە هەر لە ئێمە نزیک بوو، هەندێ وتارم ئەنووسی، جارجاریش لە گۆڤاری (رێبازی نوێ) وەک نووسین بابەتم تێدا بڵاودەکردەوە، هەروەها ناو بەناویش لەگۆڤاری " نوسەری کوردستان"ی یەکێتی نووسەرانی شاخدا بەرهەمم بلاوئەکردەوە بۆ ئێزگەش ئەگەر شیعرێکم هەبووایە، دەچووم بە دەنگی خۆم لەناو ستودێویەکە تۆمارم دەکرد، من زۆربەی زۆری ئەو کاتانە لە ژوورەکەی خۆم بووم، ماوە ماوەش لەگەڵ برادەران سەردانی یەکترمان دەکرد، ئەوسا کاک (ئەرسلان بایز) سەرپەرشتیاری راگەیاندن بوو، لەو بەرییشەوە چاپخانەکەی شەهید (ئیبراهیم عەزۆ)بوو، لەوێ کاک (سەعدون فەیلی) سەرپەرشتی دەکرد، ناوچەکەمان وابوو، وای لێهاتبوو هەرکەسێ رووی کردبووایە دەرەوە، بەتایبەتی هونەرمەندان و ئەدیبان، هەتا ئەوانەی بەنیازی دەرەوەش بوون دەهاتنە ئەو ناوچەیە، بەشی زۆریان دەهاتن و ماوەیەک لەو ناوچەیە دەمانەوە، تا زوو بێمە سەر وڵامدانەوەی پرسیارەکەتان، لە کۆتایی ساڵی 1986 سەرکردایەتی بەتایبەتی (مام جەلال) وتیان، شتەکان وا بەرەو توندبوونەوە دەڕوات، حەز ناکەین تۆ لێرە بمێنیتەوە، بەتایبەتی (مولازم عومەر)، ئەگەر تۆ بچیتە دەرەوە. من خۆم داوام نەکردبوو، ئەو کاتە رووێکی ئەویست بڵێت من دەمەوێ بچمە دەرەوە.

## شێرەکەی شام

**شێرزاد هەینی: ئەو داوایە بە رەسمی بوو، بە نووسراو بۆت هاتبوو، چۆن بوو..؟**

**شێرکۆ بێکەس :** نا نا... داواکە هەر بە دەمی بوو، خواستێکی خۆیان بوو، بەدەم داوایانکرد، ماوەیەکی زۆریش بوو نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و حکومەتی ئێران ئاڵۆزبوو، هاتوچۆ کەمبوو، سنوورەکان داخرابوون، ئیتر ئەوە یەکەمجاربوو سنوور بکرێتەوە، ئەوەش مانای ئەوە نەبوو، چوونەکەو سنوورکرانەوەکەو هاتوچۆیەکە بە ئوتومبێل بێت، ئێمە هەموو ئەو چیایانەمان بەپێ بڕی، چونکە بەهۆی شەری ئێران عێراقەوە حکومەتی عیراق چیا بەرزەکانی گرتبوو. چیای (ژێلوان)و چیاکانی ترمان بڕی، هەندێ لە برادەران بەپیادەو ئێمەش بە سواری وڵاخ، بە دوو شەوو رۆژێک ئەو چیایانەم بڕی، پاش ئەو کاروانە درێژە چووینە ناو ئیران، وابزانم گوندەکەی ئەودیو ناوی (زەردە)بوو، لەوێیوە پیکاب هەبوو، چووینە ناو شاری (سەردەشت)، ئیتر لە سەردەشتەوە بە ئوتومبێل بەرەو تاران رۆیشتین. ئەوانەی کە لەبیرمە لەو سەفەرەدا لەگەڵمدا بوون، کاک (نەوشیروان مەستەفا)و دکتۆر (فواد مەعصووم)، خوالێخۆشبوو (خەسرۆ خال)، خوالێخوشبوو دکتۆر (کەمال خۆشناو)، مولازم (عومەر)، هەر ئەوانەم لەو ساتەدا لەبیرە، کە ئەو هاوڕێیانەبوون.

کە گەیشتینە تاران ئاهێکم تێگەرا، جونکە پاسپۆرتێکی کۆنی عیراقیم هەبوو، کاتی خۆی یەک سەفەری دەرەوەم پێکردبوو، ئەوەیان بۆ من باش بوو ، لەمەیاندا من لەوانیتر باشتربووم، پاسپۆرتەکە کات و ماوەی بەسەرچووبوو، بەڵام بۆ ئێران ئەوە گرینگ نەبوو، لەسەر ئەو پاسپۆرتە مۆرو رەزامەندی خۆیان دانا، من پێش ئەوان گەیشتمە شام، ئەوان دەبووایە چاوەڕوانی ڤیزاو شتێ لەو بابەتە بکەن، تا بتوانن سەفەر بکەن، من مانگی لە تاران مامەوە، لە شام ماوەیەک لە هوتێل مامەوە، ئەوانیش پەیدابوون و، هاتن، لەوێ لە شام خانوویێکی گەورەیان بەکرێگرت، ئەو برادەرانە هەر یەکێکیان بۆ مەبەستێ هاتبوو، کاک (نەوشیروان) ژانە پشتی هەبوو،حەبلی شەوکی لە مەترسیدابوو، رەوشی خراپ بوو، دەبوایە نەشتەرگەری بکات. کاک (فواد مەعسووم) هاتبوو سەفەری دەرەوە بکات، بچێتە لەندەن. مولازم (عومەر) هەر لەبەر ئێمە هاتبوو، تا ماوەیەک بمێنێتەوەو بگەرێتەوە، خوالێخوشبوو (کەمال خۆشناو)یش بۆ کاری تر هاتبوو. دەبێ ئەوەم لەبیرنەچێت کەوا (خەسرۆ خاڵ) بۆ ئەوە هاتبوو، چونکە کرابوو بە بەرپرسی مەکتەبی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە شام، یەکەمجار بوو بەرەسمی ئەو نووسینگەیە بکرێتەوە. ماوەی مانگێ زیاتر لەو خانووەدا مانەوە، ئیتر رۆژانە خۆمان کارەکانی ناو ماڵەکەمان دەکرد، یەکێک خواردنی ئامادەدەکرد، یەکێک قاپ و قاچاخەکانی دەشووشت، خانوویێکی

گەورەبوو، هەر یەکەو لە ژوورێکدا بوو بەو شێوەیە بەرێمانکرد، پاشان وردە وردە هەر یەکە بەرەو کاری خۆی و بۆ دەرەوە بەرێکەوت، ئەوان هەموو شامیان بەجێهێشت، تەنها من مامەوە، خانووەکەش نەما، پاشان منیش چوومە هوتێل.

من لە شام ڕۆژانە سەردانی قاوەخانەی (هاڤانا)م لە ناوچەی (سالحییە) دەکرد، ئەو قاوەخانەیە شوێنکی گەورەبوو، ئێستاش هەرماوە، ئەو قاوەخانەیە هەوارو شوێنی زۆربەی ئەدیبان و هونەرمەندان بوو، زۆریان دەهاتنە ئەو شوێنە، وردە وردە لە ڕێی یەکێکیانەوە، ژمارەیەکی باشم لەو روشنبیرانە ناسی، دیارە ئەوانیش بە ناسینی من دڵیان خۆش بوو، بەشێک لە ئەدیبە فەلەستینیەکانیش لەو قاوەخانەیەدا ئامادە دەبوون، پاش دۆستایەتی و یەکتری ناسین، ئەوان داوایان لە من کرد لە ئوردوگای (یەرمووک)ی فەلەستینەکان کۆڕێکیان بۆ بکەم، شیعریان بۆ بخوێنمەوە، لەو برادەرانە شاعیرێکی عەرەبی بەسراوییم ناسیبوو، ناوی (محمد علی)بوو، لەگەڵ ئەو ڕێکەوتین، ئەو شیعرەکان بە عەرەبی بخوێنێتەوەو منیش بە کوردی. ئەو شیعرانەی کرابوون بە عەرەبی لەلای خۆم هەبوون، لەگەڵ فەلەستینەکان ڕێکەوتین، بریاردرا کۆڕەکە لە هۆلی (نقابه المهندسین الزراعیین الفلسطینین) بکەین، ئەوە یەکەم کۆڕی دوای بەجێهێشتنی کوردستان بوو. لەو کۆڕەدا بە لای منەوە نزیکەی سێ سەد کەسێک هاتبوون، ئەو ژمارەیەش زۆربوو، دوایی زانیم ئەوانە بەشی زۆریان خوێندکاری کوردی زانکۆی دیمەشق بوون، بەو شێوەیە بە کوردی و بە عەرەبی نزیکەی 50 پارچە شیعرمان خوێندەوە، لە بیرمە زۆر لە رووناکبیرانی عەرەب هاتبوون، بەتایبەتی ئەوانەی چەپخوازبوون، بۆیە ئێمە نابێ ئەوەمان لەبیربچێت، ئەشێ ئێمە گەلێ رەخنەو خەوش لە سیاسەتی کۆمونیست و چەپەکان بگرین سەبارەت بە مەسەلەی کورد بەڵام ئەوان لەناو عەرەبەکاندا لە بەغدا یان لە شام زیاتر لەگەڵ کێشەی رەوای کورددا بوونە.

**شێرزاد هەینی: ئێستا لە دەرەوەش لەو ڕۆژگارانەشدا چەپەکان لەگەڵ کوردا هاوسۆزن، کوردیش ئەوانە بە پشتیوان دەزانن.**

**شێرکۆ بێکەس:** وایە لەلای ئەوان و چەپەکانی ئەوروپاش مەسەلەی مرۆڤایەتی رەهەندێکی تری هەیە، بەڵام لەلای نەتەوەچیەکانی عەرەب، روویێکی تری هەیە، ئەوان هەمیشە کوردیان بە چاوی خزمەتکار سەیرکردووە، وەک دوێنێش ئاماژەمان پێدا، کە کۆڕەکەمان کردو کۆڕەکەش باش بوو، هەموو لایەک دەستخۆشیان لێکردم.

ڕۆژێکیان چووم بۆ قاوەخانەکەی هاڤانا، ئەوەندەم زانی دوو برادەر لەو فەلەستینانە، وتیان، برادەر تۆ لە کوێی، منیش بە سەرسامییەوە وتم بۆ، ئەوانیش وتیان: چەند پیاوێکی (موخابەرات) هاتوون لێرە سۆراخی تۆیان کردووە، وتوویانە ئەو شاعیرە کێیە، لەو ڕۆژانە لێرە پەیدابووە شیعری بە کوردی خوێندیتەوە، لە کوێوە

هاتووە! کێ مۆڵەتی پێداوە، منیش بە برادەرە فەلەستینیەکانم وت، ئێوە خۆتان خاوەن ئیجازەو مۆڵەت نین لەو وڵاتە، هۆڵەکە بەناوی ئێوە نەبووە، من مێوانی ئێوە نەبووم، باشە پاشان چییان لێهات، ئێوە چییتان وت، ئەوانیش وتیان، ئێستا ئەوان دێنەوە چاوەروانی تۆ دەکەن، زۆری نەبرد، دووانیان پەیدابوون، منیان ئاگادارکردەوە لەگەڵیان بچمە ناو ئوتومبێلەکەیان، کە چووم و سواری ئوتومبێلەکەیان بووم، ئەوان دوو کەس بوون، یەکێکیان کەسێکی چاو شینی قۆزبوو، هەر لە ئەکتەرە ئەمریکییەکانی دەکرد، هەرگیز شێوەکەی ئەو لەبیرناکەم، کە لە ناو ئوتومبێلەکە لەگەڵیان دانیشتم، یەکێکیان، پێیووتم، دانیشە، وەرە، تۆ لەکێ هاتوویت، لەکێ پەیدابوویت، بە کێدا هاتوویت، لەکام خاڵی سنوور هاتوویتە وڵاتەکەمان، کوانی پاسپۆرتەکەت، کوانی دەی قسە بکە! کابرای ئەمن زۆر لەسەر یەک، قسەی دەکردو بە سەرسامییەوە پرسیاری دەکرد، دەی بزانین چیت خوێندیتەوە، کوانی شیعرەکانت، منیش وڵامم دانەوەو وتم، من بە قاچاخی نەهاتووم، من بەرەسمی هاتووم، من ڤیزام پێیە، من پاسپۆرتم پێیە، ئەوە پاسپۆرەتەکەم، تەماشاکەن، بە فیزەوەو وتیان:

باشە بە چ زمانێک شیعرت خوێندیتەوە. منیش لەسەرخۆ وڵامم دانەوەو وتم، من شیعرم بە کوردی خوێندیتەوە، بەڵێ بە زمانی کوردی، ئەوانیش بە زۆرسەرسامییەوە وتیان: تۆ لەناو (شام)دا بە زمانی کوردی شیعرت خوێندیتەوە، بە کوردی، بە کوردی.! منیش وتم، بەڵێ من بە کوردی شیعرم خوێندیتەوە. بۆ نابێ ئاساییە. ئەوانیش وڵامیان دامەوەو وتیان:

نابێ! دیارە تۆ ئاگات لە دونیای ئێرە نییە. منیش وتم، دیارە کفرە، چییە..!

ئەویش وڵامی دامەوەو وتی:

بەپۆختی و بەکورتی، لێرە ئەوەیان قەدەغەیە، ناکرێ و نەبووەو ناکرێ شیعر بە زمانی کوردی بخوێندرێتەوە. منیش وتم:

کاکە من تازە خوێندوومەتەوەو تەواو، دواییش شیعرەکان کراون بە زمانی عەرەبی، بە زمانی عەرەبیش خوێندراوەنەتەوە.

پاشان وتیان:

کوانی پارچە شیعرەکان، شیعرەکانت لە لایە، بینە سەیریان بکەین. منیش وتم:

من هیچم لەلانیە، ئەوەی هەیە لە هوتێلەکەیە، من لە هوتێل دابەزیووم.

پاش مشومڕێکی زۆر رێکەوتین لەسەرئەوەی بەیانی، ئەوان بێنە بەردەم هوتێل شام، بە ئوتومبێلێک من هەڵدەگرن، ئەوان لەناو ئوتومبێلەکە شیعرەکانم دەبینن. لەناو شارا دەسوورێینەوەو تەماشای شیعرەکانم دەکەن.

بۆ بەیانی ئوتومبێلێکی بچکۆلە هات، وەک فۆکس واگن، لەو بابەتانەبوو، ئەوان دوو کەس بوون، من لە پێشەوە لەگەڵ یەکێکیان سواربووم، ئەوەی تریان لە پشتەوە

مایەوە، وا دانیشتین، بەناو شامدا دەگەراین، ئەوان پارچە شیعرەکانیان هەڵدەدایەوەو پرسیاریان لێم دەکرد، لە هیچ شوێنێ دانەنیشتین، تەماشای شیعرەکانیان دەکردو پرسیاریان دەکرد، وتیان:

_باشە تۆ جواهیری دەناسیت...؟

_تۆ لەو شارەدا کێ دەناسیت...؟

منیش وتم: من لە شام کەس ناناسم، من تازە هاتووم، کە زانیم ئەوان دەمەتەقیەکەیان توندکردووە، من تۆزێ رقم هەڵسا، بۆیە بەتوورەییەوە وڵامم دایەوەو وتم:ئەگەر ئێوە بەو شێوەیە رفتارم لەگەڵ بکەن، دەبێ ئوتومبێلەکە راگرن، من دادەبەزم!

ئیتر کە تێگەیشتن من توورەبووم، شتەکەیان خاوکردەوە، کەمێ ساردبوونەوەو وتیان:

تۆ نابێ عاجزبیت.

لە دواییدا وتیان:تۆ پارچە شیعرێکت خوێندیتەوە کە دەڵێت، ئێوارەیەک شێرێک لە لانەکەی خۆیدا، بیری دەکردەوە کە چۆن پەلاماری پلینگەکەی هاوسێی بدات، پلینگەکەش بیری دەکردەوە بۆ بەیانی چۆن رێوییەکە ببورێتەوەو کەوڵی بکات، رێوییەکەش بیری دەکردەوە چۆن بگاتە ئەو شوێنەو پەلاماری زەرنەقووتەی کۆتر بدات و بیخوات، کۆتریش بیری کردەوە چۆن راوچی و هەرچی ئاژەلی ئەو دارستانە هەیە، هەموویان ئاشت بن و بەیەکەوەبن. لە کۆتاییدا  ئەمنەکە وتی، ئەوەیان مانای چییە، ئەو شێرە چییە..؟ منیش بەنەرمی وتم:

ئاسانە بۆ تێیناگەیت، ئەو شیعرە شتێکی ئینسانییە، بۆ خۆشەویستی نووسراوە، بۆ ژیان و بۆ ئاشتی نووسراوە. ئەویش وتی:

ئەوەنا، ئەو شێرە چییە (الاسد) چییە، ئەو شێرە چییە کە لەناو لانەکەیدا بیردەکاتەوە، منیش وتم، الاسد، ئاژەلەو لە هەموو جیهاندا هەیە. دیاربوو، ئەوان وا تێگەیشتبوون، من مەبەستم سەرۆکی سوریا (حافیز ئەسەد)ە، منیش وتم:

بابە من مەبەستم سەرۆکی وڵاتەکەتان نییە، من تەنها وەک هیمایەکی ئینسانی ناوی ئەو شێرەم هێناوە.! کە زانیان من مەبەستم ئەو نییە، مەسەلەکەیان داخست و پرسیان تۆ کەی لەو وڵاتە دەردەچیت، چی دەکەیت،بە تەمای چیت، منیش وتم:

من چاوەروانی ڤیزا دەکەم، ناتوانم برۆم تا ڤیزاکەم تەواو نەبێت. بۆیە وتیان نابێ و چۆن و دەبێ بەرنامەیەکی دیارت هەبێت، منیش وتم، من لەلایەن نووسینگەی دیمەشقی یەکێتی نیشتیمانییەوە هاتووم دەتوانن لەوان پرسیار بکەن، ئەوان دەزانن من لێرەم. برۆن قسە لەگەڵ بەرپرسی نووسینگەکە بکەن، هەر کاتێ من کارم تەواوبوو دەرۆم.

بەڵام پاش ئەو ڕۆژە لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە هەستم بەنارەحەتی و بێزاری دەکرد، ئەو زەوقەی جارانم لە شام نەما، ماوەیەکی تر مامەوە، تا ڕۆژێکیان برادەرێک ئاگاداری کردمەوە کەوا لە سەفارەتی ئیتالیاوە ڤیزاکەت هاتووە، بڕۆ ڤیزاکەت ئامادەیە، من کە چوومە سەفارەتەکە، وتیان ڕاستە تۆ لە ئیتالیا داوەتت بۆ هاتووەو ڤیزاکەت ئامادەیە، لە سەفارەتەکە ڤیزای ئیتالیایان لە پاسپۆرتە شڕەکەمدا، لەوێ وتیان لە لیژنەی مافەکانی مرۆڤەوە لە ئیتالیاو لە لقی فلۆرنساوە ئەوان تۆیان داوەتکردووە.

***

## بەرەو ئیتالیا

**شێرزاد هەینی: دیارە ئەو ڤیزایە کاری بۆ کرابوو...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵی کاری بۆ کرابوو، لەوێ چەند برادەرێک لەوانە (سەردار عەزیز) بەبێدەنگی کاریان بۆ کردبوو، کارەکانم ڕێکخست و سواری فرۆکەبووم و بەرەو ڕۆما فڕیم.

**شێرزاد هەینی: دیارە یەکەم جارە سواری فرۆکە بوویت..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نەخێر زووتر سواری فرۆکەببووم، لە تارانیشەوە هەر بە فرۆکە هاتبوومە شام، پێشتر من لە ساڵی 1979 سەفەرێکم کردبوو، لەو کاتانەبوو کە سولفەیان دەدایە فەرمانبەران، من ئەو دەمە سولفەیەکەم وەرگرتبوو، لەگەڵ چیرۆکنووس (ئەحمەد محمد ئیسماعیل)، یەکەمجاربوو بە ڕێگای تورکیاوە چووین بەرەو ڕۆمانیا، لە بۆخارست دابەزین، لەو دەمانە ئەو وڵاتانە هەرزانبوون، ئەوە یەکەمجاری سەفەری فرۆکەم بوو. لەرۆما برادەران دەیانزانی من کەی دەگەم، ئاگادارم کردبوونەوە کە لە فرۆکەخانەکە دابەزیم، لەناو خەڵکەکە بینیم یەکێک ناوەکەی منی لەسەر کارتۆنێک بەرزکردبۆوە، زانیم بۆ من وەستاون، یەکسەر بەرەو ناوەکەی خۆم ڕۆیشتم، کە چووم برادەرەکە خۆی بەمن ناساند ئەو کاک (سەردار)ەبوو، لەوێ نانێکمان خواردو سواری شەمەندەفەربووین، بەرەو سەرەوە، بەرەو فلۆرنساو ڤینیسیا، بەناو بەهەشتی ئەو وڵاتەدا ڕۆیشتین، کە لەناو شەمەندەفەرەکە، چاوم بەو دیمەنانە کەوت زۆر سەرسام بووم، من هەرگیز ئەو دیمەنانەم لەبیر ناچێتەوە لە نێوان ڕۆماو فلۆرنسا، بەراستی جوان بوون، هەموو

بستێکی پارچە شیعرێکە. بینینی هەموو دیمەنێک بۆ من شتێکی تازەو سەیربوو، سروشت لەوپەڕی شۆخ و شەنگی خۆیدا بوو.

**شێرزاد هەینی: سەرەرای جوانی سروشتەکە، ئەوان دەستیشیان لە جوانیەکان داوە، جوانتریان کردووە، دەستکارییان کردووە، ئەوەش جوانتری کردووە، منیش لەو ڕێگایەدا بە شەمەندەفەر ڕۆیشتووم، زۆر جوانە.**

**شێرکۆ بێکەس:** ئیتر بەو ڕێگا جوانە ڕۆیشتین بەرەو فلۆرنسا، لەو شارەدا من بۆ یەکەمجار پۆستەرم بینی، پۆستەری خۆمم وێنەی منی بەسەرەوەبێت، لە پێش هۆلەکە پۆستەریان هەڵواسیبوو، ناوی منی لەسەربوو، یەکێکم لەو پۆستەرانە هێناوەتەوە، گەورەیە، وا بزانم ئێستاش لە ماڵەوە هەر ماوە، گەورەیە بە قەد ئەو مێزەئەبێت. لەوێ بۆ شیعر خوێندنەوەم کۆڕێکیان ڕێکخستبوو، کۆڕەکە لە هۆلێکی دێرینی ئەو شارە سازکرابوو، دێرینیی هۆلەکە مێژووەکەی بۆ چەندین سەدە دەگەڕێتەوە، کۆڕەکە لەلایەن ئەو لیژنەی مافی مرۆڤ سازکرابوو، کە منیان داوەتکردبوو، ژمارەیەکی باشی کوردەکان و چەند کەسایەتی ئیتالیاو عەرەب هاتبوون، ئەو کوردە هونەرمەندانەی لە ئیتالیا ئەژین زۆریان ئامادەببوون، برادەران هەموویان خزمەتی باشیان کردم، کۆڕەکە بەڤیدیۆ گیراوە، هونەرمەند کاک عەتا قەزاز ئەیگرت، بەڵام فیلمەکە باش دەرنەچووبوو،لەماڵەوە ماوە، بۆ شیعر خوێندنەوەکەش زووتر شیعرەکانم کرابوون بە ئیتالی.

لە تورینو ئەوەیان کۆڕی یەکەمیان بوو، لە پاش ئەو کۆڕە هەندێ ڕیکخراوی چەپ لە شاری (تۆرینۆ) کۆڕێکیان بۆ سازکردم، لەوێ کۆنە سەرۆکی شارەوانیەکەو هاوسەرەکەی ئامادەبوون، ئەو تەمەنی سەرووی شەست ساڵ دەبوو، ئەو خۆشی شاعیربوو، چەند دیوانی چاپکراوی بە ئیتالی هەبوو، کە من شیعرەکانم خوێندەوە، ئەو هەڵساو وتی، بەشانازییەوە ئەگەر ئەو شاعیرە کۆڕی تری گرت، من چەند پارچە شیعری ئەو بە زمانی ئیتالی دەخوێنمەوە، ئەوەش بۆ من ستایشێکی باش بوو، منیش ئەوەم پێ خۆش بوو.

هێشتا کۆڕەکە دەستی پێنەکردبوو، لەگەڵ برادەرەکاندا لە دەرەوە دانیشتبووین، منیش پرسیم، کێ شیعرەکانم بە زمانی ئیتالی دەخوێنێتەوە، وتیان کوڕێکی ئەکتەرە، لە زۆر لە شانۆنامەکانی (شکسپیر)دا ڕۆلی بینیوە، بەتایبەتی ڕۆلی (هاملێت)ی بینیوە، ئەو شیعرەکان بە ئیتالی دەخوێنێتەوە، تۆش شیعرەکان بە کوردی دەخوێنیتەوە.

منیش چەند شیعری کورتم ئامادەکردبوو. کوڕەکە کە هات، گەنجێکی کەلەگەتی ڕێک بوو، قاتێکی ڕەشی لەبەردابوو، دەستی دەستگیرانە شۆخوشەنگەکەی گرتبوو، کە هات دانیشت، داوای شیعرەکانی کرد، وتی بەو شاعیرە بڵێن، ئەگەر شیعرەکانی بە

دڵم نەبێت، نایانخوێنمەوە، دەبێ من شیعرەکانی ببینم، گوڵبژێریان دەکەم، ئەوەی بەدڵم بوو دەیانخوێنمەوە، ئەو مەرجەم هەیە، بەراستی قسەکانی ناخۆش بوون، من ترسام ئەگەر مەزاجی ئەو، تەنها دوو سێ پارچە شیعری منی بەدڵ بوو، من چی بکەم، زۆر ترسام! من چۆن کۆڕێ بکەم بۆ خوێندنەوەی چەند پارچە شیعرێکی کورت، چارە نەبوو، پارچە شیعرە تەرجمەکراوەکانمان لەبەردەستی دانا، لە دڵی خۆمدا وتم ئەمەچی بوو تووشیبووم زۆر ترسام، ئەو لە ئێمە دوورکەوتەوەو شیعرەکانی برد، دەستیکرد بە خوێندنەوەیان، ماوەیەکی باشی خایاند، ئەو کە کاغەزەکانی هەڵدەدایەوە من دڵم هەر لە لای ئەو بوو، دەترسام، کە شیعرەکانی خوێندەوە، کە هاتەوە لامان دڵم زۆر خێرا لێیدەدا، حەقم بوو، دەیتوانی چی لەگەڵ کەسێکی وا بکەیت، کە هات دانیشت قسەیکرد، زوو بە برادەرەکانم وت، ها چی دەڵێ، باش بوو وتی، من لە کۆی 43 پارچە شیعر، تەنها سێ پارچەم بە دڵ نییە، ئەوانی ترم بە دڵە بۆی دەخوێنمەوە، ئەوەش بۆ من سەرکەوتنێکی باش بوو.

من ماوەیەکی باش لەوێ مامەوە، من دە ڕۆژ لەسەر مەسروفی ئەوان لە هوتێلێکی ئەستێرە بەرزا دابەزیبووم، شوێنەکەم خۆش بوو، زۆر مورتاح بووم، هەر لەژێر هوتێلەکەوە ریستورانتێکیان نیشاندام هەر سێ ژەمەکە لەوێ نانم ئەخوارد، ئەمخواردەوە. لەوێ بێجگە لە خۆم حەقی ئەوەم هەبوو یەک میوانیشم هەبێت، دوو کەس دەمانتوانی نان بخۆین، شەرابی نایابی ئیتالی بنوشین، منیش بەتەنهابووم خۆ من ژنەکەم لەگەڵدا نەبوو، ناچار بەدوای کوردەکانی هاوڕێم دەگەڕام بێن لەگەڵمدا نان و شەراب بخۆنەوە، بەو شێوەیە بەڕێمانکرد، تا دە ڕۆژەکە تەواوبوو، هوتێلەکەم چۆڵکردو ڕۆیشتمەوە لای برادەرەکان لە شوقەکەی ئەواندا مامەوە، لەلای کاک ئەحمەد دەرویش و کاک کامەران و برادەرانی تر، لە نێوان ڤینیسیاو فلۆرنسا سێ چوار مانگ مامەوە، بۆ من ژیانێکی نوێ و خۆش بوو. ڕۆژێکیان لە ڤینیسیا بۆ بارێک بە پلیکانێک چووینە خوارەوە، لەناو بارەکەدا کورسی و تەختەی درێژ ریزکرابوون، لەوێ یەک کچ سەری بەسەر کتێبێکدا شۆرکردبوەو دەیخوێندەوە، بە ژنەکەیان وت، ئەوە شاعیرەو شیعری جوانی زۆرە، ژنەکەش بە خۆشحالییەوە رووی لە من کردو وتی:

ئەوەی من حەزی لێ بکەم، شیعرە، لە جیهانی شیعردا تواومەتەوە، ژنە جوانەکە کە بەشێک لە شیعری تەرجمەکراوی منیان نیشاندا، کە شیعرەکانی خوێندەوە، هەڵساوو هاتە تەنیشتمەوە، کە زانیم ژنەکەیە، زۆریش جوان بوو، دڵم کرایەوەو وەک دەڵێن، (نور علی نور)، بەڵام زمان لە کوێ بێنم، چۆن بیدوێنم، چەند ڕۆژێک لەگەڵمابوو بەڵام بەبێ زمان، لەوێ لەو حالەتانەدا تێگەیشتم ژیان و سەفەرو دەرەوە بەبێ زمان هیچ نییە، نەزانینی زمانێکی زیندوو تووشی نائومێدییت دەکات. لەو

ولاتانە کە خۆت نەتوانی قسە بکەیت و بەردەوام یەکێکی تر شتەکانت بۆ تەرجمە بکات، ئەوەش نابێت، تامی دەمەتەقێیەکە نابێت. لێرەو لە هەموو ولاتاندا خەڵکی یەک دوو زمانی زیندووی جیهان دەزانن، زمانی فەرەنسی و ئیتالی و ئینگلیزی و ئەلمانی دەزانن، من ئینگلیزیەکەشم باش نییە، بۆیە لەبەر ئەوەیان من هەست دەکەم، لەو شوێنانەدا بریندارم، ئێمە تەنها زمانی عەرەبی دەزانین، باشە زمانی عەرەبی لێرە چ پارەیەک دەکات، ماوەیەک بەو شێوەیە مامەوە، بەڵام هەستم کرد دەرگاکانم بە روودا دەکرێتەوە.

***

## بەرەو سوید

رۆژێکیان هاتن و وتیان برۆ بۆ سەفارەتی سوید، کە چووم وتیان ڤیزات دەدەینێ و دەتوانی سەفەری سوید بکەیت، کاک (عومەر شێخ موس)و کاک (محمد ئوزون) ئەو کارەیان بۆ جێبەجێ کردبووم، لەبەرئەوەی خەلاتی (توخۆلسکی)یم پێدرابوو، بۆیە ڤیزایان دەدامێ، دەبووایە من بچمە سوید لەوێ خەلاتەکە وەرگرم، من دەبووایە لە ستۆکهۆلم بم. کە ڤیزام وەرگرت و سەفەرم کرد، لە رۆژی وەرگرتنی خەلاتەکە سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتەی سویدیش (ئینگڤار کارلسۆن) لەوێ ئامادەبوو، نزیکەی حەفتا هەشتا کەسێکی ناوداری سویدی و عەرەبی و کوردیان کۆکردبۆوە. لە کوردەکانی نزیکی خۆم وەک (عومەر شێخ مووس )و (محمد سابیر)و (تەها باراوی)و ژمارەیەکی زۆری هاوڕێیەکانی ترم ئامادەبوون.

با بێمە سەر پرسیارەکەی تۆ، من کە هاتم بۆ سوید بێگومان سەردەم سەردەمێکی تربوو، من پێشوازی باشم لێکرا، یەکەمجار لە کەمپووسی خوێندکاران ژوورێکیان دامێ، تەنهابووم ماوەی یەک ساڵ لەو ژوورەدا مامەوە، من کە هاتم یەکسەر ناوی ژن و مناڵەکانم بۆ ئیقامە دا بە دائیرەی پەنابەران، چاوەڕوانی هاتنی ئەوانم دەکرد، ئیقامەی ئەوان یازدە مانگێکی خایاند، لەو ماوەیەدا دەچوومە کۆرسی فێربوونی زمانی سویدی بۆ پەناهەندەکان، بەڵام زۆر لەو کۆرەسەدا دادەبڕام، دووردەکەوتمەوە، چونکە کە پاسپۆرتێکی (ریسە دوکۆمێنت)م وەرگرت، بەوەیان دەمتوانی سەفەر بکەم، ماوە ماوە داوەتم لەلایەن کوردەکانەوە لە ولاتانی (نەرویژ) لە (دانیمارک)، لە (پاریس) بەدەست دەگەیشت، دەرۆیشتم، ماوەیەک دوور دەکەوتمەوە، دوای ماوەک وەختێ دەگەڕامەوە، ئەوان زۆر رۆیشتبوون، من لە پاشەوە دەمامەوە، ئەمجارە دەرۆیشتم بۆ ئیتالیا کە دەهاتمەوە ئەوان لە دەرسەکاندا فڕیبوون، دووبارە منیان بۆ دوواوە دەگەڕاندەوە.

**شێرزاد هەینی: سەرەتا هەستتکرد، سویدییەکان وەک شاعیرێک تەماشایان کردوویت، وەک کەسێکی ماندوو ، کە لە وڵاتەکەی ئەوان خەڵاتی توخۆلسکییت وەرگرتووە...؟**
**شێرکۆ بێکەس:** رەنگە کەم و زۆر رەچاو کرابێت، بەڵام وەک وڵاتەکەی خۆت نابێ، لێرە کۆمەڵە یاساو پرینسیپێک شتەکان بەڕێوە دەبات، دەبێ هەموو کەسێک رەچاوی ئەوانە بکات. کە بوومە ئەندامی فۆرفاتەرێ فۆربوند (یەکێتی نووسەرانی سوید) ئیتر لە دواییداو لە سالانی پاشتر خزمەتی منیان کرد، بەبەرهەمەکانم بەکەڵکم هاتن، سالانە دوو جۆرە بلانکێتت بۆ دێت، کە پڕت کردنەوە، ناوی بەرهەمە چاپکراوەکانتی تێدا دەنووسیت، ئەوانیش لەبەر رۆشنایی بلانکێتەکانەوە پاداشتیان ئەدا، ئەوەی گرینگە ئەوان لە نێوان نووسەرانی سویدی خۆیان و نووسەرانی وڵاتانی تر هیچ جیاوازیەک ناکەن، بۆ یارمەتیەکان بەیەک چاو تەماشای هەموولایەک دەکەن، بەرهەمەکانی خۆت بەهانات دێنەوە، ئەوانە رۆلیان هەبوو من زوو رەگەزنامەی سویدیم وەرگرت، ئەوەم بە سێ ساڵ و نیو وەرگرت.
**شێرزاد هەینی: مامۆستا باسی ئەو ژوورە تەنهاییەم بۆ بکە، تۆ لە ناو بارەگاو لەناو کۆڕو دیمانەی زۆر بۆ یەک ژوور و لەناو دەستەیەک خوێندکاردا چۆنت بەرێدەکرد...؟**
**شێرکۆ بێکەس:** ژوورەکەم لەناو بەشی ناوخۆی زانکۆی ستۆکهۆلم بوو، من هەر بە تەنهابووم، چەند کاسێتێکی کوردیم لەلابوو، گوێم لە گۆرانی کوردی رادەگرت، زۆریش دەچوومە دەرەوە، کۆمەڵە برادەرێک هەبوون سەردانی ئەوانم دەکرد، بەڵام شەوانە هەر دەهاتمەوە ژوورەکەم، لەوانە دەچوومە لای (تەها باراوی) لە کۆنەوە لە سلێمانییەوە دەمناسی، لەو کاتانەدا خوالێخشبوو (شێخ دارۆ)ش بە ماڵەوە لێرەبوو، ژمارەیەکی باشی کورد لەو شارە هەبووە، بۆیەش من کۆمەڵە کۆڕێکم لێرە کردووە، زۆربەی کوردەکانی ئێرە خزمەتی منیان کردووە، چ لەسوید بووبێ یان لەوڵاتەکانی تری ئەوروپا. کە پاسپۆرتە سویدییەکەشم وەرگرت، زۆر گەڕام دوو جار چوومەتە ئەمریکا، بۆ کۆڕگێران بە داوەت زۆر گەڕاوم، چوومەتە مۆسکۆ، ئەوەی زۆر باش بوو پاداشتەکانی نووسەرانی سوید بوو، کە لێرە من وەرمگرتووە، پارەکانیش باش بوون، من پاداشتی نووسەرانەی سالانەو دوو سالانەو پێنج سالانەم وەرگرتووە، من سێ جار پاداشتی سەفەرم وەرگرتووە، پارەی باشم وەرگرتووە، سی هەزار کرۆنی تێدابووە چل هەزار کرۆن، شێست هەزار کرۆنی تێدابووە، کە خەڵاتەکەشم وەرگرت، ئەوویش پارەبوو، من 70 هەزار کرۆنم وەرگرتووە، بەڵام ئەو کاتە من مووچەی تری وەک سوسیال و شتی ترم نەبوو، دەبووایە بەو پارەیە بژیم، من زۆرم وەرگرتووە، یەکسەر

پارەکەیان ناردووتە سەر کۆنتۆکەم، کە کتێبی نوێشم دەرچووە بۆم ناردوون، من ئێستاش هەر ئەندامم لەو یەکێتیەدا. من ئەو یارمەتیانەم بیرناچێتەوە.

**شێرزاد هەینی: یەکەم شیعرت لەو وڵاتەدا نووسیبێت ...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من زۆرم لەو وڵاتەدا نووسیوە، لە دیوانەکانمدا نووسروان، لە بیرم نییە یەکەم شتم چی بووە، بەڵام کە ماڵ و شوێنم هەبوو، لە نووسین بەردەوام بووم، من هەرگیز لە نووسین دانەبڕاوم، لێرەش ژیانم درەێژدان بووە بەهەمان ئەو ژیانەی کە لە وڵاتدا هەمبووە، کەمتر دونیای ئێرە لە شیعرەکانمدا دەبینیت، ئەگەر هەشبووبێت زۆر نییە، رەنگە لە دیوانی (بۆننامە)دا هەبێت.

**شێرزاد هەینی: ماوەیەک لە ستۆکهۆلم کرێ خانووەکەت 40 هەزار کرۆن بووە، رێکەوت بووە یان لەبەر تۆ بووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەو کرێیە زۆرە لەبەر من نەبووە، ئەو کاتە بۆ هەموو کەسێکیش ئەوەیان دەکرد، ئاسایی بوو، کە ماڵەوە هاتن، زوو ئەوانیان بردە هوتێلێک بەداخەوە ناوەکەم لە بیر نەماوە، بەڵام دەزانم لە ئەستێرە بەرزەکان بوو، بابڵێین لە چوار ئەستێرەکان و پێنج ئەستێرەکان بوو، هەموومان چووینە ئەو هوتێلە، دایکیشم لەگەڵمانابوو، یەک مانگ لەو شوێنە ماینەوە. بە نووستن و خواردن و پێویستیەکانەوە، دیارە ئێمە داوای خانووی سەربەخۆمان کردبوو، وتیان ماوەیەک چاوەڕێ بن تا خانووێکتان بۆ دەدۆزینەوە، دەتانبەینە شوێنێک، ئێمەیان هێنایەوە ئەو (درۆتنیک گاتان)ە، ئێستا شوێنکە دیارە، لەوێ ژنێک ناوی (ئالیزابێت)بوو خاوەن ماڵەکە بوو لە شێوەی هوتێل و ماڵ بوو، دوو ژووری گەورە، بەشێکی کرابوو بە چێشتخانە، ئێمە هەموومان بە چاکی جێگامان ببۆوە، مانگانە 40 هەزار کرۆنیان بۆ ئەدایین بە کرێی شووقەکەمان، منیش ئەو کاتانە لە مەکتەبە سویدییەکە دەمخوێند، زمانی سویدییان فێردەکردین، رۆژێکیان بۆ راهێنانی زمانەکە مامۆستاکە وتی، هەر کەسە پارەی کرێی خانووەکەی خۆی بنووسێت، هەموو هەڵسان، هەر یەکەو پارە کرێیەکەی ماڵەکەی خۆی نووسی، سێ هەزار کرۆن و دوو هەزارو نیو کرۆن و چوار هەزار کرۆن بوو، کە نۆرە هاتە سەر من، هەڵسامە سەر تەختەکەو نووسیم، 40 هەزار کرۆن (دیارە ئەو پارەیە لە ناوەندی هەشتاکان لە سوید زۆربووە، ئێستاش ئەو پارەیە زۆر زۆرە، بەڵام ئەو دەمانە زۆرتربووە، شێرزاد)، مامۆستاکە وایزانی من بە هەلە لە پرسیارو داواکەی ئەو گەیشتووم، هاتە پێشم و پرسی، تۆ مەبەستت چوار هەزار کرۆنە، منیش وتم، نا من هەلە نیم، دەزانم تۆ مەبەستت چییە، من کرێ مانگانەم بۆ دەدەن، ئەوەندەیە، من باش دەزانم، 40 هەزار کرۆنە.

کە هەفتانە یان درەنگتر ئەوانم ئەبینی، کە کارمان هەبووایە قسەمان لەگەڵ دەکردن، پێمان دەوتن، بابە ئێوە ئەو پارەیە مانگانە بە کرێ بۆ ئێمە ئەدەن، ئەگەر

ماوەی ساڵێک یان چەند مانگێک ئەو پارە زۆرەمان بۆ بدەن، دەکاتە پارەی خانووێک، بۆچی ئەو پارە زۆرەمان بۆ دەدەن، ئەوان وتیان، ئەوە یاسایە! دەبێ ئێمە شوێنی نیشتەجێتان بۆ دابین بکەین، دەبێ شوێنتان هەبێت، ناکرێ تا خانووێکتان بۆ دەدۆزینەوە، وا دەکەین..!

**شێرزاد هەینی: ئەوە چەند مانگی خایاند...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ماوەیەک لەو شوێنە ماینەوە، چەند مانگێک دەبوو، پاشان لەو (رینکبی)یە شووقەیەکیان لە (مێلان بی پلان) بۆ دۆزینەوە، چوار ژووربوو، ئەو کاتە دایکیشم لەگەڵماندا بوو، لێرە لە ستۆکهۆم بووینە خاوەن ماڵ.

**شێرزاد هەینی: هەستت چی بوو تۆ لەو وڵاتە، لە ناو ئە و هەموو کتێب و رۆژنامەیەو زمانەکەت نەدەزانی، بۆ کەسێکی وەک تۆ ناخۆش نەبوو ؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بێگومان زۆر بریندارده‌بووم، بەڵام چار نەبوو، زۆرتر خۆم بە تەلەڤزیۆنە عەرەبیەکان و ئیستگەکان مەشغول دەکرد، دیارە کە ناخۆشە، من دەمزانی فێربوونی ئەو زمانە کاتێکی زۆری دەوێت، دیارە کەوا رەوشی تایبەتی منیش لەو رەوشە نەبوو بتوانم بەئاسانی زمانەکە فێربم، وەک وتم، من یەکەم خەریکی زمانی خۆم بووم، وەک کاری نووسین، دووەمیش، من سەفەرم زۆر دەکرد، هەر کەسێ زۆر سەفەر بکات و داببڕێت، ناتوانێ زمان فێربێت، سێیەمیش زمان بە هاوڕێ دەبێ، دەبێ یەکێک بەردەوام لەگەڵتدا بژیت، ئەوەش بۆ من نەدەکرا، دوایی من بێکاربووم، ئەوان هەموو کاریان هەبوو، دەکرێ لەرێگای کارەوە برادەرو هاموشۆ بدۆزیتەوە، من کەسم نەبوو، نەک لێرە لەهەر وڵاتێک بیت زمانەکەی نەزانیت سەختە، باش بوو ئێمە کتێبی عەرەبیمان وەردەگرت، کتێبمان دەکڕی.

**شێرزاد هەینی: چۆن لەو جیهانە تایبەتیەی (رینکبی) خۆت دۆزیەوە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** کە من هاتم، هێشتا وا نەبوو، نیوەی زیاتری سویدی بوو، خێزانی سویدی زۆربوو، سەبر سەبر سویدییەکان رۆیشتن و سۆمالی و ئەسیوبی و عەرەب و تورکی کەوتێ، بێگانەی زۆرتربوو، بەڵێ جیهانێکی سەیرە.

**شێرزاد هەینی: بەڵام ئەوەی بۆ خۆی بژیت، ئەوەی جیهانی تایبەتی خۆی هەبێت، لەلای ئەو گرینگ نییە لە کێ و لەگەڵ کێ دەژیت، تۆ لە کام شارو گەڕەک بیت لات گرینگ نەبووە.**

**شێرکۆ بێکەس:** هەر کەس جیهانی خۆی هەیە، بەڵام ئەوەی گرینگە ناکرێ تۆ پێشێلی یاساو بەرنامەکانی ئەو کۆمەڵگایە بکەیت، ئەوانەی ئەو ئازادییە گشتییانەیان لەو وڵاتە وەریانگرتووە، دەبێ لەو چوارچیوەدا دەرنەچن.

**شێرزاد هەینی: دیارە ئەو دەمانەی کە تۆ لە سویدبوویت، سەردەمی نامەنووسین بووە، نامەی زۆرت بۆ دەهات، نامەکانی چییان تێدابوو، نامەکانت ماون...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نامەی زۆرم ماوە، بەتایبەتی ئەوانەی لە وڵاتەوە ئەگەیشتن، ئەوانەی دەنگوباسی تێدابوو، نامەی درێژیشی تێدابووە، ئەوەی ڕێگای بکەوتبایە دەرەوە، نامەکانی بۆ پۆستدەکردین، بەتایبەتی هاوڕێیە نزیکەکانی وەک (ڕەئوف بێگەرد)، نامەی زۆری بۆ دەناردم، منیش بۆم نوسیوە، ئەو بەشێکی باشی هەڵگرتوون، ئەو لە من باشتربوو، کە (خەسرۆ)ی زاوامان گیرا، لەسەر من لێکۆڵینەوەی زۆریان لەگەڵدا کردبوو، ئەو بۆی نووسیبووم کەوا ئەمن سۆراخت دەکات، ئەو هەواڵانەی بە شێوەیەک لە شێوەکان بۆم باس دەکرد، باسی زۆر مەسەلەی دەکرد، بەڵام دیارە زۆر بە زەقی نا... خەسرۆ کە گیرا ئازارێکی زۆر درابوو، دیارە خۆشی لە ڕێکخستنەکاندا بووە، لە دواجاردا یەکێک لەو شیعرانەی خوێندمەوە، بۆ ئەوم نووسیوە، بەناوی (پیاوێک لە ڕەگی ورە)، ئەو هیچی نەدرکاندووە، بەڵام ئەوان ئەیانزانی من لە کێم، زۆریان لەبارەی من لێ پرسیبوو. ئەوسا هەر نامەنووسین سەرچاوەی هەواڵەکان بوو، هەواڵی ناخۆش و مردنی یەکێکی تێئەکەوت، کە لە شاخیش بە ڕێگای قاچاخیش دەهاتن، نامەم بۆ هاتووە.

**شێرزاد هەینی: زوو لە سەرماکەی ستۆکهۆلم ڕاهاتیت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** جارێکیان لە ژوورەکەی خوێندکاراندابووم، سێ چوار دەقەی تر لە ڕێگادا مابامەوە، لە سەرمادا ڕەق ئەبوومەوە، دەم و لووتم ببووە چلوورە، زریان و سەرمایەکی زۆر سەخت بوو، خۆ منیش خۆم باش گەرم داپۆشیبوو، بەڵام ڕۆژەکە زۆر ساردبوو. ئەوسا زۆر ساردتربوو، دیارە کەوا ئاووهەوای هەموو دونیا گۆڕاوە.

**شێرزاد هەینی: چەند زستانەکەی سەختە هاوینەکەشی ئەوەندە جوانە؟**

**شێرکۆ بێکەس:** دیارە کەوا سویدو ستۆکهۆلم لە بەشە هەرە جوانەکانی دونیایە، بەڵام ساردییەکەی زەحمەتە، ئەگەر وا نەبووایە بەشێکی زۆر خەڵکی بۆ جوانی و بۆ پشوودان دەهاتنە ئەو وڵاتە جوانە، شوێنی زۆر جوان و پاکیان هەیە، ئەگەر ماوەی چەند مانگێک لەو ڕۆژانە خۆش بووایە، خەڵکێکی زۆر ڕوویان لەو شارە دەکرد، من هەندێ گوندو شارۆچکەم بینیوە زۆر جوانن.

**شێرزاد هەینی: دیارە وەک خۆشت ئاماژەت پێداوە، لە نووسینەکانتدا کەم ڕەنگدانەوەی ژیانی سوید لەناو شیعرەکانتدا هەیە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** تا لەوان نزیک بیت دیارە دەبێ لە کولتورەکەی ئەوان نزیک ببیتەوە، من لێرە هەر خۆم بە کاتی زانیوە، لەبەرئەوەی هاوڕێی سویدییشم نەبووە، لەگەڵیاندا تێکەڵ نەبووم، زیاتر لەگەڵ مەسەلەکانی خۆم ژیاوم، دیارە من ڕێزی یاسای ئەوانم گرتووە، دەبێ ئەرکەکانی سەرشانت سەبارەت بەوان جێبەجێ بکەیت، بەڵام هەندێ شتی وان کەوتووتە ناو شیعرەکانم، وەک ناوی(تونێلبانەکان_ شەمەندەفەری بن ئەرزی لە ناو ستۆکهۆلم)، چوونە بن ئەرزو تونێلەکانیان، ئەوان

زۆر سەرنجیان راکێشاوم، ئەو دیمانانە زۆر کەوتوونەتە ناو شیعرەکانم، بۆ نمونە کە هاتووم بۆ ئەو وڵاتە دەریا زۆرتر کەوتووتە ناو شیعرەکانم، هەستم بە زیندوویی دەریا کردووە.

**شێرزاد هەینی: دیارە لێرە هەموو گوڵێک و ئاژەڵێک و باڵندەکان بەئاسانی دەبینیت، زۆرتر هەستیان پێدەکەیت.**

**شێرکۆ بێکەس:** لێرە بەراستی دوو رەنگ زۆرتر زاڵن، یەکیان بە زستانان رەنگی سپی، هاوین و بەهارانیش رەنگی سەوز، ئەو وڵاتە ساردو چەپکەیە، بەڵام هیچ نەماوە بۆ زمانەکەی خۆیان وەرینەگێرن، زۆریان بۆ زمان و کولتووری خۆیان کردووە، بەڵام زمانەکەیان وەک ئەلمانی و فەرەنسی نییە، ئەوان زووتر زمانی ئەلمانیایان بەکارهێناوە. لێرە لە رۆژنامە ناودارەکانیان وەک (داگیس نیوهێتر)و (ئەکسپرێس)و (ئەفتۆنبلادیت)، بە سویدی شتم لەسەر نووسراوە، هەندێک لەو رۆژنامانەم ماون، لە کۆنگرەو کۆرەکانیان بانگکراوم، لە ئیستگەکاندا شیعرم خوێندیتەوە، ئەو چالاکیانەم هەبووە.

**شێرزاد هەینی: چەند دیوانت لێرە چاپکردووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من لێرە دوو بەشی گەورەی دیوانەکەم، خۆیان پارەیان دامێ و منیش چاپم کردن، ئێمەش بەشێکمان لە پۆلۆنیا چاپکرد، لەوێ هەرزانتربوو، هەر یەکێک لەو دوو دیوانە هەزار دانەمان چاپکرد، یەک دوو دیوانی تریش، یەکەم جاریش دیوانی ( دەربەندی پەپولە )م لێرە چاپکردووە.

**شێرزاد هەینی: ئەوەیان لەسەر ئەرکی خۆت بوو...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نەخێر، ئەویش بەیارمەتی مالی کلتووری سویدی چاپکراوە.

**شێرزاد هەینی: من جارێکیان لێرە لە کتێبخانەی شارێکی گچکە، دیوانێکی بچووکی تۆم بە ناوی ( داڵ ) بینی و خوێندمەوە، دیارە لەناو ریزی دیوانەکانتدا ناوی نەهاتووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** وا بوو، من داڵیشم هەیە، ئەوەیان چوویتە ناو بەشی دیوانەکەم، کە ناوی چیرۆکە شیعرم لێناوە، ئەویش وەکو داستانی بەردە قارەمانە، لە وڵاتدا دیوانێکم بە ناوی رووبار چاپکرد، ئەوانە بوویتە بەرگی سێیەمی دیوانەکەم، بەشی زۆرم لە کتێبەکانم لێرەو بە یارمەتی سوید چاپکراوە.

**شێرزاد هەینی: دیارە ئێستا پێویست بەوە نەماوە، لێرە کتێب چاپ بکرێت، لەوێ کتێب بە شەپۆل چاپ دەبن، زۆر بووە. دەزگای ئاراس بە نیازبوون رۆژێ کتێبێک چاپ بکات، بەڵام وا بزانم، بە دوو رۆژ کتێبێک چاپ دەکات،**

**شێرکۆ بێکەس:** بۆ نا... ئەگەر توانا هەبوو، بەڵام دەبێ جۆری بابەتەکان باش بن، با ژمارەی کتێب کەمتر بێ و بەڵام هەڵبژاردنەکە دەگمەن بێ، ئێمە لە دەزگای سەردەم هەوڵمان داوە ئەو پرێنسیپە بپارێزین.

****

## ژن!

**شێرزاد هەینی: مامۆستا تۆ بە چاوی ماف و رێزو شکۆ، سەیری کێشەو کەسایەتی ژنت کردووە، شیعرت زۆر بۆ ژن نووسیوە، پشتیوان و هاوکاری کێشەکانی ژنان بوویت، دەنگی راستی بوویت، بۆ نەمانی چەوسانەوەی ژنان، کە دژ بە یاسا کۆنەکان و کولتووره کۆنەپەرستییەکان دەنگت هەبووە، ئەوەیان لە چی سەرچاوەی گرتووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من لە زووەوە هاورێ و پشتیوانی ماف و ئازادی ژن بووم، کە لە ساڵی 1971 پارێزەر (جەمال شاڵی) نامیلکەیەکی ئاسایی دەربارەی ژن دەرکرد، باسی ئازادی و یەکسانی تێدابوو، لەو دەمانەدا مەلاکان لێی هاتنە دەنگ، لەو رۆژانەدا ئێمەش وەک (رووانگە) بەیانی دووەممان بە ناوی (ئەی قەڵەمە نەترسەکان یەکگرن) دەرکرد، کە ئەمەیان زۆر گرینگ بوو، ئەو بەیانە تایبەت بوو بە مافی ژنان، دەنگمان بۆ ئەوان هەڵبڕیبوو، تا رادەیەکش بەیانەکە توندیش بوو، مەلاکان کاری دژ بە ئێمەیان کرد، ناوەکانی ئێمەیان بە دەرگای هەموو مزگەوتەکاندا هەڵواسی، لە خوتبەی رۆژانی جومعە باسیان کردووین، ئەوە یەکەم جار بوو لەسەر مافی ژنان کێشەیەکی وا بێتە ئاراوە. بۆیە خەباتم بۆ مافەکانی ژنان، لە ژیانی من و لە داکۆکیمان لە مافەکانیان، دەبێ لێرەوە بێت، دیارە ژنیش وەک ئینسان لە دایکمەوە وەک خۆشەویست و هاورێ رۆڵیان زۆربووە لە ژیانی مندا، بەبێ ژن باوەر ناکەم شیعر هەبێت، ژن وەک هاورێ و وەک خۆشەویست وەک دڵدار وەک خوشک لە قوربانیە گەورەکانی خۆرهەڵاتی ناوەراستە، ئەوان لە وڵاتانی ئیسلامییدا قوربانی یەکەمن، چونکە هەرچی یاساو دابونەریت و پەیامە ئاسمانیەکان هەیە، هەموویان ئەمانە شتێکیان نەداوە بە ژن، ئەوەی بۆ ژنیشیان تەرخانکردبێت شتێکی کەم و بچووکە، چونکە شتەکان هی پیاوە، لێرە پیاو خۆی یاسا دروست دەکات، خۆی ئاین ئەهێنێ و ئاین ئەبات، هەمووی هەر پیاوە، سیاسەت ئەهێنی و ئەیبات، هەرچی شەرِ گەورەکانی جیهان هەیە، هەرچی ناخۆشییەکان و نەهامەتیەکان هەیە، پیاو دروستی دەکات و ژنیش قوربانیەکانی دەدات.

**شێرزاد هەینی: ئەدی ئەوانەی بەقسەو بەرێنمایی و بەبەرنامەدارشتن باسی مافەکانی ژن دەکەن، بەڵام لە رەفتاردا لەماڵەوە، بەپێچەوانەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ژنەکان و کیژەکان و دایکیان دەکەن...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەوەش یەکێکە لەو دووفاقیەتی لە هەموو رۆژهەڵاتدا هەیە، دووفاقی ئەوەی بە زار ئەیلێت و ئەوەی بە رفتارو هەڵسوکەوت ئەیکەیت، من بۆ خۆم ناڵێم هەموو مافەکانی ژنم داوە، بەڵام ریگای ئازادییم نە لە کچەکانم، نە لە خوشکەکانیشم لە کاتی خۆیدا هەرگیز نەگرتووە، کە خوشکەکانم داوە بە شوو، یەکەم پرسیارم ئەوەبووە ئایا تۆ ئەو پیاوەت خۆشئەوێت، یان خۆشت ناوێت، پاشان بۆ کچەکانیشم بەهەمان شێوە، ئەوەندەی لە تواناما بووە،کردوومە، دیارە لە رۆحیەتی هەموو یەکێکماندا بەشێک لەو خەسڵەتە رۆژهەڵاتیەی تێدایە، کە جۆرێکە لە پاریزگاری، جۆرێکە لە شەرم، هەندێ جار جۆرێکە لە خۆ بەزلزانین، بەرامبەر رەگەزەکەی تر، ئەوانە هەموو هەیە، من ناتوانم بانگهێشتی ئەوە بکەم کەوا سەد لە سەد هەموو مافەکانم داوە، چونکە ئەوەی کە دەنووسرێت لە ئەدەبدا، لە ناوەرۆکی شیعرەکاندا، ئەوە نییە کە لە راستیدا هەیە، زۆرجار ئەوەی کە تۆ ئەیلێت مانای ئەوە نییە تۆ دەبێ بیکەیت، چونکە ئەو شتانە زۆرجار مجازیین، پەیوەندیان بە خەیاڵەوە هەیە، ئەوەیان لە کۆمەڵی ئێمەدا زۆر جیاوازە، لەگەڵ پەیمانێکی سیاسی جیاوازە، لەگەڵ بەڵێنێک کە سیاسەتمدارێک ئەیدات، جیاوازە، بەڵێنی ئەوانەی، لۆژیک و هۆش و واقیعی کۆمەڵایەتی فەرزی دەکات، دەبێ جێبەجێ بکرێن، بەڵام بەڵێنی شاعیرێک مەرج نییە هەمووی بێتە جێبەجێ کردن.

**شێرزاد هەینی: مامۆستا ئەدی ئەو ژنانەی ئیمرۆ لە کوردستان، پیاوەکان ئازادیان دەکەن، ئەوان لەچک لە سەر دەکەن، بوار نادەن کیژەکانیان ئازادترو سەربەست بن، پیاوەکان بە شێوەیەک دەجووڵێنەوەو ژنەکان جۆرێکی تریان لەسەر فەرز دەکەن، ئەو ژنانە لە چ خانەیەکدان، ناخوازن پیاوەکانیان کوڕەکانیان براکانیان لە حزبیک لە بزاڤیک کاربکەن، خۆیان بە نەریتە کۆنەکان گرێ دەدەن، ترس باڵی بەسەرداهێناوە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** راست دەکەیت، مەرج نییە کە ئێمە باسی مافەکانی ژن دەکەین، مانای ئەوەیە هەموو ژنان مافەکانی خۆیان مەبەستە، ئازادییان دەوێت، بەشێک هەیە خۆیان ریگایان بە مێردەکانیان داوە ژنیان بەسەر بهێنن، ئەوەش پەیوەندی بە دروست بوونی بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسییەوە هەیە، بەتایبەتی لەو ساڵانەی دواییدا، ئەوەش لە دوای شۆرشی ئیرانی و هاتنە کایەی کۆماری ئیسلامی لە ئیران و هەرەسی بلۆکی سۆسیالیستی، لە دوای ئەو بزاڤە سیاسییە ئیسلامییەوە پەیدابووە، هەتا مەسەلەی لەچک. من باشم لەبیرە، لە سەرەتای هەفتاکاندا لە زانکۆی سلێمانی

فەرمانبەربووم، کە کراوەتەوە یەکەم فایل ئێمە وەرمانگرتووە، لەو دەمانەدا دوو سێ ساڵ من لەوێ بووم، دوو سێ لەچک بەسەرت لەناو زانکۆی سلێمانی نەدەبینی، ئەوەیان نەبوو زۆر کەمبوو، بۆ لەو رۆژانە وایە، دیارە ئەوەش پەیوەندی بەو گۆڕانە سیاسیانەوە هەیە کە لە ناوچەکە سەریهەڵداوە، دیارە هەر ئەو گۆڕانانە ئەو جۆرە بیرکردنەوانە دروست دەکات، من بروام نییە پێکهاتەی ژن ئەوەی بەسەردا چەسپاندووە، دیارە مەسەلەکە هەر ژنەکە خۆی نییە، مەسەلەکە پەیوەندی بە پیاویش هەیە، خۆ پیاو لە وڵاتی ئێمە عەقلی ئازاد نییە، ئەویش عەقلی دیلە. دیارە ئەوەش پەیوەندی بە رەوتی ئیسلامی سیاسی هەیە، لەو رۆژگارەی ئێمە تێدا دەژین، ئەوەیان سەریهەڵداوە، خۆ ئێمەو بابوباپیرانمان هەموویان هەر ئیسلام بووینە، بەڵام هەرگیز رۆژێ لە رۆژان دژایەتی بزوتنەوەی کوردایەتییان نەکردوە، زۆربەی سەرکردەکانمان لە بنەماڵە ئاینیەکانی کوردستانەوە هاتوون و رابەرایەتی بزاڤەکەیان کردووە، هەر لە (شێخ سەعیدی پیران)ەوە تا دەگاتە (شێخ مەحموود) هەموویان مەسەلە نەتەوەییەکەیان بەلاوە گەورەبووە، لە راستیدا زۆر لەسەر وەستانی ئەوێت، وەک مەسەلەی ژن، یان ئەو دیاردەی کە تۆ باسی ئەکەیت. مەرج نییە هەر لە ناو ئیسلامییەکاندا هەبێت، ئەو بارەش هەیە کە ژنەک خۆی بە ئازاد دەزانێت، بەڵام رێگای ئازادیش لە مێردەکەی دەگرێت، وەک چۆن لەناو پیاوانیشدا هەیە، دیارە لەناو ژنانیشدا هەیە، بەڵام تێکڕا ئەوەیان گەڕانەوەیە بەرەو دواوەو خۆبەستنەوەیە بە کۆن و تەنگەبەرکردنەوەی عەقل، ئەوانەش هەمیشە لە ئایدیۆلۆژیای شمولیەکانەوە دێت، جا لەهەر یەکێک بابەتێک دەدۆزیتەوە، بۆ نمونە لەناو مارکسیەتدا دەتوانی هەزارەها چیرۆک بگێریتەوە، لەناو ئایدلۆژی توندڕەویی نەتەوەییدا، هەزارەها چیرۆک بگێریتەوە، هەروەها بە نسبەت ئیسلامیشەوە، لە ئاینەکانی تریشدا.

**شێرزاد هەینی: ئەدی بۆ ناسکی ژن و بۆ جوانی ژن، چی دەڵێت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من بۆ ژن شیعری زۆرم نوسیووە، دیارە بۆ هەموو کەس دەکرێ لە دیوانی یەکەمەوە ئەو بابەتانە بدۆزێتەوە.

**شێرزاد هەینی: وەک شەقامی کچان، لە شیعرە کۆنەکانت، کە خوێندوومانەتەوەو چووینەوە ئەو شەقامە لە بەغدا هەموو دیمەنەکانمان دۆزیوەتەوە، ئەو کات دەمانووت، دیارە شێرکۆ لەو شەقامە زۆر گەڕاوە.**

**شێرکۆ بێکەس:** زۆر پێداچووم، زۆرجار هاوڕێیەکانم ئەو شیعرەم بەبیر دەهێنەوە، من ئەو شیعرەم لە ساڵی 1967 نووسیوە، ئەو دەمانە من لە بەغدابووم.

**شێرزاد هەینی: دیارە ئەو دەمانە ژنت نەهێنابوو، بێگومان عاشقیش بوویت..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** دیارە وایە، من ئێستاش عاشقم، ئێستاش من کۆمەڵێک هاوڕێی ژنم هەیە، مەرجیش نییە، هاوڕێی ژن بۆ مەبەستێک بێت، بەڵام من هاوڕێی ژنم زۆرە، لەناو گەنجەکاندا لەناو خوێندکارانی زانکۆش من هاوڕێم هەیە، بەراستی بەراستی من حەز بە دانیشتنی ژنان دەکەم. جگە لە ناسکی لە پیاوان بە وێڵترن.

**شێرزاد هەینی: لە یەک لە پارچە شیعرە نوێیەکانت دەڵێت:**

**هاتی بۆ لام**
**وەختێ رۆیشتی**
**چاویلکەکەت لەبیرچووبوو،**
**بەیادی چاوەکانی تۆ.**
**منیش کردمە**
**چاوی کچە شیعرێکی خۆم.**
**رۆژی دواتر**
**وەختێ سەیری ڕەفەکەم کرد**
**هەرچی شیعرێکی مێبازی**
**کتێبخانەی ژوورەکەمە**
**لە دیوان هاتوونە دەرێ و**
**هەر هەموویان**
**شوێن چاویلکە لەچاو کەوتوون!.**

***

**ئەوەیان جوانە، دیارە مەسەلەیەک هەبووە، ئەو چاویلکەیە چی بووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:**
دەبێ شتێ بووبێت، چاویلەکەیەک دەستکێشێک، شتێ هەر هەیە. رەنگە لە واقیعدا بیرەوەریەک هەبووبێت، دەبی ئەوەش بزانیت، خەیال لەو رەگەزە گەورانەیە کە ئەدەب دروست ئەکات. ئەگەر خەیاڵ لەو شتانە دەربخەیت هیچ نامینێتەوە، مەسەلەی جوانی شیعریش رێژەییە تۆ ئەوەت لا جوانە رەنگە لەلای یەکێکی تر بەپێچەوانە بێت.

**شێرزاد هەینی: مامۆستا کە جگەرەکەت دەگاتە کۆتاییەکەی هەمووی تەواو مەکە، وا بزانم شتە پیسەکانی لە قوونکەکەی کۆ دەبێتەوە، تەماشا بکە، ئەو کیژە سویدییە نازدارانە جگەرە تا نیوەی دەکێشن، جگەرە تەواو ناکەن، تۆش وا بکە.**

**شێرکۆ بێکەس:** برادەر وام لێ مەکە جگەرەیەکی تر داگیرسێنم من لەو هەموو جگەرە زۆرەوە کردوومەتە رۆژانە یەک پاکێت، نەخێر من ئێستا پێویستم بە هەموو مژێکە، وام لێهاتووە دوا مژیشم دەوێت، من پێش پێنج رۆژ وا نەبووم.

مەسەلەی سێکس و ماچ لە ژنان بەشێکە، بەشەکەی تری ئارام و لێبووردیی و ناسکی و بەرگری لەلای ژنە، لەلای ئێمە پیاو خاوەن هەموو دەسەڵاتەکان بووە، لەو لاشەوەو ژنان خاوەن هیچ نەبوون، بەتایبەتی لەو کۆمەڵگا ئیسلامیانەی ئێمە، بەڵام ئەوەی زۆر ناخۆشە کە ژن دەگاتە حالەتی زەلیلی، ئەوانە زۆر ناخۆشە، بەراستی ئەوان قوربانین، لەو بەرەوە دەکرێ لەلای ئێمە پیاو بکرێت بە جەللاد، بەتایبەتی لەلای مەلاکان بەیەک رستە وتراوە بەهەشت لەژێر پێی دایکاندایە، ئەوە هەر بە قسەیە، لە راستیدا وا نییە، ژن لای کۆمەڵی ئیسلامی ژنی مەتبەخ و چێشتلێنانە و بەس.!

ئەگەر کتێبی (تاريخ الطبرى) بخوێنتەوە، لەو کتێبەدا زۆر شت ئەبینی، لەو کتێبەدا ناوی خەلیفەی هێناوە، کەوا بە ژمارە بۆ نمونە 300 ژنی هێناوە، هەیە سەد ژنی هێناوە، 150 ژن، هەمووشیان بە رێگای ئاینی ئیسلامییان هێناوە، وا بزانم ئیمام (حسن)ە سەد ژنی هێناوە، برای ئیمام (حسين). زۆربەیان ئەو خەلیفەو ئەو ئەمیرانە وایانکردووە، ئەوە پاشماوەی زۆر لەدوای خۆیدا کۆدەکاتەوە، بێگومان ئەوە کۆدەکاتەوە، کەوا ژن ئەبێتە رەگەزێکی پێشێلکراو، دەبێ تەنها هەر هاوار بکات، ئەویش هەندێ جار هاوارەکەی بەئاشکراش بکات، ئەبێ بە رەگەزێکی تەسلیمبوو بە رەگەزێکی تر، دیارە لە ئەوروپاش لە دوای ئەو راپەرینەی لە دوای رێنسانسەوە هاتووە، مێژووی گۆڕیووە، ئەگەرنا ئێرەش بەدرێژایی مێژوو لە چەند سەدەی رابردوو، لێرەش ژن هەر وابوو، خۆت زۆر باش دەزانی دادگاکانی تفتیشی کڵیسەکان چییان کردووە، لێرەش کڵیسە بڕیاری داوە.

**شێرزاد هەینی: من لە کەنیسەیەک لەو شارانەی ناوەراستی سویدا بینیم، کونێک لە دیوارەکەدا هەبوو، پرسیم ئەو کونە چییە لەو دیوارەوە دەرووانێتە دەرەوە، وتیان، لێرە ژنان بۆیان هەبووە، ئامۆژگاری لە قەشەکانیان وەرگرن، زوو بۆیان نەبووە بێنە ژوورەوە، ئەوان لە دەرەوەو لەو کونانە حەقیان هەبووە، سەر بهێنە ژوورەوەو موتفەرکی پیرۆزی قەشەکان تام بکەن، لێرەش وابووە.**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەوەیان کۆن نییە، پێش سێ سەد ساڵ و چوار سەد ساڵ لەیەک رۆژدا، پێنج هەزار ژنیان لە پاریسدا کوشتووە، گوایە ئەوانە جادووگەرن، بەو بیانووەوە ئەو هەموو ژنانەیان کوشتووە، لەو کاتانەدا کڵێسە لە پۆپەی دەسەڵاتدا بووە، بەڵێ لەناو مەسیحییەتدا ئەوەش هەبووە، بەڵام ئەوان لە دوای گەشەیەکی فیکری گەورە توانیوویانە بگەنە ئەو شتانەی کە ئێستا ئێمە ئەیانبینین و هەستی پێدەکەین، دیارە

ئەوانیش بە هەمان دەورا رۆیشتوون بەڵام دواجار دەسەڵاتی تایبەتی و دەوڵەتیان لە یەکتر جیاکردەوە..
ئەگەر چاو لە ئەدەب بکەیت، ئەگەر چاو لە شیعر بکەیت، ئەگەر ژنی لێ دەربخەیت چی تێدا نامینێتەوە، بەراستی ژن بارانی شیعرە، بارانی ئەدەبە، ئەگەر ئەو بارانە نەبێت هەموو شتەکان وشک دەبنەوە.
**شێرزاد هەینی: دیارە کەوا ئیمرۆ ژنان زۆرتر روویان گەشترە، لەگەڵ ئەو گەشە کۆمەڵایەتیەدا ژنان نازدارتر دیارن، بۆیەش تۆ بارانی شیعرت زۆرترە .؟**
**شێرکۆ بێکەس:** دیارە ئیمرۆ ژنان لە هەموو بوارێکدا ئازادن، هەر لە جەستەی خۆییەوە تا هەموو شتەکانی تریان، لە وڵاتی ئێمەدا رەنگە هەندێ شت بە ئازادی بزانن، بەڵام لە راستیدا ئەوانە هەندێکیان تەنها روالەتە، من ئازادیی ژن لە عەقل و لە لەشیدا ئەبینم، ئێمە بە قووڵی لە مەسەلەی ئازادی ئینسان نەگەیشتووین، نەک تەنها هەر ژنان، بەڵکو پیاوانیش، دیارە من باس لە تاکوتەرا ناکەم، بە بۆچوونی من، ژن و پیاو لە رووی عەقلی و جەستەیی هیچ جیاوازیەکیان نییە، من هەست ناکەم جیاوازی هەبێت، دیارە کەوا ژن، لە هەموو بوارەکاندا هەر سەلماندویتی لەناویاندا سیاسەتمدارو ئەندازیارو پزیشک گەیشتوونەتە باشترین ئاست، تەماشای ئەوروپا بکە توورەیی ژن چی کردووە.

## نەســـــرین خـــان

**شێرزاد هەینی: بەهۆی سازکردنی ئازادییەکان بۆ (نەسرین)ی هاوسەرت، رێگاخۆشکەربووە بۆ زۆرتر داهێنانەکانت...؟**
**شێرکۆ بێکەس:** ئەوەیان وایە، ئەویش لێی نەپرسیوومەتەوە، ئەوەت بۆ کێ نووسیوە، ئەو ژنە کێیە، مەبەستت چییە، ئەو بوارەکانم بۆ نووسین ساز دەکات، هەموو ئازادییەکانم بۆی سازکردووە. منیش سەرپشکم کردووە ئەیەوێت لێرە بژیت یان بێتەوە کوردستان، خۆی ئازادە، دیارە کە تەمەنیش رۆلی هەیە، ئەو لەو دەمانەدا زۆرتر خەریکی نەوەکانە، دیارە هەندێ لە منالّی منالّەکانم ئەگەر نەسرین نەبێت تەواو بێتاقەت دەبن.
**شێرزاد هەینی: دیارە لەو تەمەنە زۆر پێویستت بە (نەسرین) هەیە...؟**
**شێرکۆ بێکەس:**
بێگومان، مەرجیش نییە ئەوە هەر واش بێت، منیش وا هەست ئەکەم، ناکرێ بەئاسانی لەو وڵاتە هەڵکەنیێت، ناکرێ جارێکی تر دووبارە لە شوێنێکی ترا دەست

پێبکەیتەوە، من لەبەرئەوەی ماوەیەک بوو سەفەری ئێرەم نەکردبوو، بۆیە کە ئەمجارە گەڕامەوتەوە لە زۆر شوێنا ناوم نەمابوو، سەرلەنوێ دەستمان پێکردیتەوەو ناوەکەم نووسیوەتەوە، ژیانی ئێرە وا نییە، وەک لە دوورەوە تێئەگەن، راستە وڵات گەورەیەو بەڵام کە یەکێک دە ساڵ دوازدە ساڵ لێرە ژیابێت کۆمەڵە پابەندییەک دروست دەبێت، ئەوەش بەتەواوی ئەتبەستێتەوە، هەر لە منالەوە، وا بزانم کە منال گەیشتە تەمەنی دە ساڵ زۆرتر تێکەڵ بە کولتوورو یاری و ژیانی ئێرەبوو، دوایی لەگەڵتا ناگەرێتەوە، من منالی بچووکم نییە بەڵام دەزانم کە وایە، پێویستە ئەو شتانە قووڵتر لەوە باس بکرێت، ئەوەش هەیە هێشتا لە وڵاتی ئێمەدا زۆر شت ماوە، بۆ خێزان دابینی بکەیت، ئیشی تێدا ماوە، دیارە لە دوای دامەزارندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دوو شتی زۆر گرینگ هەیە کە هێشتا نەکراوە، یەکەمیان کارەبایە، دووەمیان ئاوە، ئەوەش کۆمەڵێک نائومێدی لەلای خەڵک دروست ئەکات، لێرە دیارە کەوا ئەو شتانە لە شتە زۆر سەرەتاییەکانی ژیانن، هەمووی دابینکراوە، خانووە هەیەتی، ئاوو کارەباو ئاوی ساردو گەرمە هەیەتی، بۆ منالەکانیش داگیز (داینگە) زۆرە. بەکورتی خەڵکی بەدوای ژیانێکی ئاسوودەدا دەگەرێ لەوڵاتێ یان لێرە بێ.

****

## چۆن دەنووسیت...؟

**شێرزاد هەینی: دیارە لە دیمانەو ئەنتەرڤیوی کەسایەتیە ئەدەبی و هونەرەییەکان، زۆر پرسیاری ئەوەیان لێ دەکەن، ئێوە لە کام رەوش دەنووسن، چۆن دەچنە ناو ئەو پرۆسەیە، کە دەنووسن، کە داهێنان دەکەن، چۆنە، بۆ نمونە من خوێندوومەتەوە، کەوا نووسەری ناوداری کۆلۆمبی گابریل مارکیز دەڵێ، من کە دەنووسم لە ناو ماڵەکەی خۆمدا، جلەکانی خۆم دەگۆڕم، جلی دەرەوەو کار لەبەر دەکەم، وەک بچمە سەر کار وا دەکەم، ئێوە چۆن دەنووسن، بە شەو بە رۆژ ... پرۆسەی لە دایکبوونی شیعرێکی کورت یان قەسیدەیەکی درێژی تۆ، کوو لەدایک دەبێت، چۆنە کەی دوا تەوقیع لەسەر نووسینەکەی دەکەیت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** (بە پێکەنێکی شیرینی قووڵەوە)، دیارە هەر شاعیرێ، هەر ئەدیبێ کۆمەڵە تقووسی خۆی هەیە بەتایبەتی ئەوەی ئەزموونێکی درێژی هەبووبێت، ئیتر خووی پێوە دەگرێت، ئەبێتە بەشێک لە ژیانی، لە راستیدا من کاتی تایبەتیم بۆ نوسین نییە، یەکێک لە شتەکانی من ئەوەیە، من زۆر کەم بەشەو دەنووسم، (تقریبا)

من به شەو هەر نانووسم، من زۆر کەم لە ماڵەوە دەنووسم، زۆر کەمم لە ماڵەوە نووسیوە.

**شێرزاد هەینی: ئەگەر لە ماڵەوە تەنهاش بیت، هەر هیچ نانووسیت ؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ، من لە ماڵەوە خەریکی کاری تر دەبم، لە ماڵەوە شت دەخوێنمەوە، لە ماڵەوە سەیری تەلەڤزیۆن دەکەم، ئەو ماوانەی لە ئەوروپام زۆربەی شتەکانم لە چایخانەکان نووسیوە، بۆ نمونە من بەیانیان هاتوومەتە دەرەوە، لەناو شار پیاسەیەکم کردووە، چوومەتە (گەملە ستان _ کۆنە ستۆکهۆلم) لەوێ لە سەنتەری شار چوومەتە چایخانەیەک، ئیتر لەوێ لەگەڵ قاوە خواردنەوە دەستم بە نووسینێک کردووە، جاری وا هەبوو دوو سێ سەعات خەریکی نووسین بووم، جاری واش هەبووە، نانیشم نەخواردووە، خواردنم لە بیر چوویتەوە، هەستم بە برسیەتی نەکردووە، هەر خەریکی بابەتێک بووم، تا ئێوارەش خواردنم لە بیرنەماوە.

من دیوانی (دەربەندی پەپولە)م لێرەو لە سەفەرێکم بۆ ئەمریکا تەواوکردووە، واتە لە نێوان ئەوروپاو ئەمریکا تەواوکردووە، دیوانی (خاچ و مارو رۆژمێری شاعیرێک)م لێرەو لەوێشم تەواوکردووە، من شتەکانم لەگەڵ خۆمدا ئەگەرێنم، من بەو مێزە رادێم کە ئیشی لەسەر دەکەم، لە شوێنی کارکردنم دەنووسم، بۆ نمونە لە دەزگای (سەردەم) کە لەوێ کاردەکەم، زۆربەی شتەکانم لەوێ نووسراون، دوای کارە رەسمییەکانم کار دەکەم، جاری وا هەیە بۆ نووسین دەمێنیمەوە، جاری وایش هەیە تا هەشتی شەو ماومەتەوە، من لەوێ رۆژی پشوودان و جەژن و ئیسراحەت و رۆژی هەینیم نییە، بەردەوام لەوێم، دیارە لە رۆژانی پشوودانیش وەک رۆژانی ئاسایی دەوام دەچمە سەردەم، من رۆژانی پشوودانم پێ باشترە، بۆ من ئەو رۆژانە باشترە، زۆربەی شتەکانم لە دەزگای سەردەم نووسیوە.

لێرەش لە سوید کە دەنووسم، لە دەرەوە دەنووسم. لەو (تێنستا)یە چایخانەیەک هەبوو، تایبەت بوو بە یونانییەکان (گریگییەکان) ئێستا نەماوە، گۆڕییویانە، لەوێ زۆربەی شیعرە درێژەکانم نووسیوە، دیارە زۆریش لەو چایخانانەدا تووشی گرفتی ناخۆش بوم، بۆ نموونە من لە کافتریایەک بۆ ماوەی چوار سەعات بەبەردەوامی مێزێکم گرتووە، تەنها دوو قاوەم خواردیتەوە، هەستم کردووە جێگام گرتوون، زانیوومە زۆریان پێ ناخۆش بووە، بۆیە بەناچاری هەڵساوم، چوومەتە چایخانەیەکی تر، لە ستۆکهۆلمدا جاری وا هەبووە، سێ چوار چایخانەم کردووە، من کە دەچمە ناو ئیشی خۆم، ئاگام لە هیچ نامێنێت، نازانم لە چواردەورمدا چی هەیە، چی نییە، من بە قەرەباڵغی و دەنگە دەنگ سەخلەت نابم، بڕوا ناکەم لە ستۆکهۆلم لە چایخانەی گریگییەکان قەرەباڵغتر هەبێت، من باکم نییە، بەردەوام کاری خۆم کردووە، بە مەرجێک من چووبمە ناو کارەکەی خۆمەوە، هاوڕێیە نزیکەکانم ئەیزانن، کە من

چوومە سەر کارێک وازی لێناهێنم، دەستبەرداری نابم، تا تەواوی دەکەم واز ناهێنم، چەند دەخایێنێت نازانم، مانگێک دوو مانگ زۆرتر، لەلای من گرینگ نییە، من بەردەوام دەبم، لەگەڵ کارەکە ئاوێتە دەبم، ئەو کاتانەی کە من نانووسم، من لەناو خەیاڵی خۆمدا، بە شێوەیەکی تر هەر دەنووسم، ناوەستم ... ماوەیەکیش هەیە هەر هیچ نانووسم، ماوەی  وا هەیە جاری وا هەیە، لەیەک ساڵدا چەند مانگێک هیچ نانووسم، یەک وشە نانووسم، بۆ نموونە باپێت بڵێم، مانگی پێنجی پار، کە شیعرەکانی دیوانی (حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک)م نووسی، تا هەمان مانگی ئەو ساڵ هیچم نەنووسی، ئینجا هاتمەوە سەر نووسین، جاری وا هەیە زۆر نانووسم، هەندێ جاریش ئەو رەوشە ئەمخاتە گومانەوە، دەڵێم دەبێ بتوانم بگەڕێمەوە سەر نووسین، ئەو تاقیکردنەوانەم زۆر بووە، دەکرێ بڵێم هەتا بیست جاریش وام بەسەر داهاتووە، دیارە ئەگەر شیعرێکی بچووک بێت، کە لەیەک دانیشتندا تەواو دەبێت، یان تا رادەیەک ئەو شیعرانەی درێژن، شیعری  دراميين، کە دەنگی زۆریان تێدایە، ئەوانە چەند مانگێک ئەخایێنن، بەڵام وەک پێم وتی، من بەردەوام لەگەڵ شیعرەکە دەژیم، من تا تەواوی نەکەم، وازی لێناهێنم، من وەک هەندێ نووسەران نیم دە لاپەرە دەنووسێت و واز دەهێنێت، من وا ناکەم، لای من گرینگ سەرەتاو چوونە ناو شتەکەیە، کە لەلای من شتێک گەلاڵەبوو، بۆ نمونە  قەسیدەی (کورسی) یان (ملوانکە) ئەو دوو شتانەی دوایی، رەنگە من یەکەم جار شتێکی بچووکم لەلابووە، مەسەلەن ئەو کورسییەی ناو چایخانەیەک، کە خۆمی لەسەر دادەنیشم، ئیتر ئەو کورسیە ئەکەمە خۆم، کورسییەکە ئەکەم بە مێژوو، خەریکی دەبم، زۆر خەیاڵی تێدا کۆ دەکەمەوە، بەڵام کاری زۆری دەوێت.

(ملوانکە) پێش ئەوەی هەبووبێت، سەرەتا بەردێک بووە لەبن زەریایەک، تەنها بەردێک بووە، کە کۆمەڵە پیاوێک هەست بەو بەردە دەکەن، کە دەزانن مێینەیە، هەموو سمێڵیان ئەکەوێتە پێکەنین، بەردەکە لە بنی زەریاکەوە دەردەهێنن، ئەو بەردە لە یەکەم لەدایکبوونەوە ئەبێتە ملوانکە، ئەم ملوانکەیە لەگەڵ ملوانکەی ترو شتی تر، بەرەو سنوور ئەڕۆن، ئەڕۆن تا لە کوردستاندا، لەگەڵ چەند شتی تردا لە بازاردا بەر کۆگایەک دەکەون، لە جامخانەی کۆگاکە بەیەکەوە هەڵدەواسرێن، لە وردەکاری شتەکاندا ئەوە هەیە چۆن، لە کوێ هەڵواسراون، لێرە ملوانکەکان دەکەونە قسەکردن، هەر یەکەو قسەی خۆی ئەکات، هەر یەکێکیان بەزمی خۆی ئەگێڕێتەوە، یەکێکیان دەڵێ، من بەختم نەبوو ئەگەرنا من لە شاری (کازابلانکا)دا لە ملی شۆخێکدا ئەبووم، ئەو ملوانکانە لەگەڵ کاڵا نێرینەکانی ناو کۆگاکە، دەبێتە جۆرێک لە ناکۆکییان، هەر لەوێیەوە نێوان نێرو مێی شتەکان سەرهەڵئەدات، بۆ نمونە مووکێشی پیاوانە لەگەڵ چاویلکەیەکی ژنانە، شتێکی تری نێرینە، لەگەڵ جلی ژێرەوەی ژنانە، پەیوەندییەکان

بەو جۆرە دەست پێ ئەکات، ئیتر من وردە وردە لەگەڵیاندا ئەڕۆم، تا ملوانکەکانی تر دەفرۆشرێن و کڕیاریان دەبێت، ئەوانی تر ئەڕۆن و ئەو بە تەنها ئەمێنێتەوە، ئەویش ئاواتی ئەوەیە خۆی لە ملی خانمێکدا ببینێتەوە، تا لەرۆژێکی سەرماو لەناکاو چەند پیاوێک، کابرای خاوەن کۆگا ئەگرن و ئەیبەنە دەرەوە، ئیتر بۆ چەند مانگێک ناو کۆگاکە تاریک دەبێت، ئینجا لێرەوە بیرکردنەوەی ملوانکە لە تاریکی لەگەڵ شتەکانی تر دەست پێئەکات، دوایی چۆن چاویلکەیەک حەزی لێکردووەو چۆن گۆرانی بۆ وتووە، تۆش تێکستی گۆرانیەکەش دائەنێیت، تا لە کۆتایی رۆژێکیان خانمێک ملوانکەکە ئەکڕێت.

**شێرزاد هەینی: ئەو دەمانە هەموو خەیاڵە، کە خەیاڵەکەت گەشە دەکات، کە هەست دەکەیت شتێکی جوانت لا گەڵاڵە بووە، چەند دڵت خۆشە، هەست بە کامەرانی دەکەیت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** لەو دەمانە هەست ئەکەیت شتێک دروست بووەو دەستبەرداری نابیت، ئەوەش وەک کورتە شیعر نین، کورتە شیعر لە یەک حالەتەدا تەواوی دەکەیت، زوو کۆتایی دێت.

سەبارەت بە نووسینیش دیارە من بە قەڵەمی ڕەش دەنووسم، لاستیکێشم لەلایە، بۆ نموونە ئەوەیان ڕەشنووسی شیعرێکە لێرە نووسیومە لەو چایخانەیەدا.

**ڕەشنووسی چەند پارچە شیعرێک:**

**دوای بینینت**
**ئەمشەو قەڵەمەکەم نەنووست**
**ئەو ئەیویست شیعرێ بنووسێت،**
**ئەوەندەی تۆ ئێسک سووک و**
**هەندەی چاوت چاوی گەش بێت،**
**بەڵام رۆژ بۆوەو ئەو شیعرە هەر دەرنەکەوت**
**لە دواییدا**
**بەناکامی لەسەر کاغەزێکی سپی خەوی لێکەوت.**

*******

ئەوەم لەو چایخانەی ( رینکبی ) نووسیوە.

**شێرزاد هەینی:**
**مامۆستا تۆ بەکێشو سەرواماندوو نابیت، پەنجەکانت بەکارناهێنیت.؟**
**شێرکۆ بێکەس:**
**ئەگەر کێشەکان خۆی نەێت نابێ، ئەبێ خۆی بێت.!**
**شێرکۆ بێکەس:**
**ئەوەشیان پارچە شیعرێکی ترەو هێشتا تەواو نەبووە.**

********

**من و دارفور**

**ئەو رۆژەی یەکتر ئەبینین**
**ئیتر هیچمان بیر نامێنێت**
**باسی بکەین**
**جگە لە شیر**
**جگە لە نان.**

*******

**من و پلینگێکی تامیل**

**ئەو رۆژەی یەکتر ئەبینین**
**شتێک نییە باسی بکەین**
**جگە لە خۆشەویستی ئازادی و**
**بەرەبەیانێک بۆ ژیان.**

*******

**شێرزاد هەینی: ئەو ڕەشنووسانە هەڵدەگریت، کەس داوایان ناکەن...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ هەندێکیان هەڵدەگرم، بەشێکیان خەڵک داوای ئەکەن و ئەیبەن.

**شێرزاد هەینی: رۆژی لەدایکبوونی شیعرەکە، بەروارەکەی دەبێتە رۆژی شیعرەکە، ئەگەر دەستکاریشی بکەیت ..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ دەستکاریشی بکەم، هەر رۆژی بیرەکەو ڕەشنووسەکە ئەمینێتەوە، ئەوەشیان شیعرێکە لە ئاستنبۆل نووسراوە، تەواو نەبووە.

***

**ڕەشنووسی شیعرێکی نوێ.**

**تۆ کە ئەڕۆی بەرێگاوە**
**لە شیعرێکی باڵابەرزی کەسک ئەچیت**
**وەختێ لەناو خەیاڵێکی شینا رێ بکات و**
**بۆ تەماشای دڵدارانیش دوای تێپەرین**
**هێڵێکی سپی بکێشێت بە دوای خۆییدا.**

*****

**تۆ ئەو وەختەی کە دانیشتوویت**
**خودا خۆی وێنەت ئەکێشێت**
**ئەتکا بە پۆرتەرێتی بەردەمی و**
**مۆنالیزاش لە داخانا**
**مۆزەی لۆڤەر جێئەهێڵێ و**
**خۆی ون ئەکا.**

*****

**تۆ ئەو وەختەی راوەستاوی**
**جوانیت ئەبێ بە ئاوێنەی ئەفسوناوی**
**لەبەر ئەوا عەشق تەماشای خۆی ئەکاو**
**تۆش ئەو وەختەی کە ئەخەویت**
**لەناو تۆدا**
**شیعرێکی  من خەو ئەبینێ و**
**لەدواییدا هەر ئەو خەوە**
**ئەبێ بە رێزەی باران و**
**بەسەر جێگاتا دائەکا.**

*****

**شێرزاد هەینی: زۆر جوانە، دیارە ئەو کەسە شیاوە مەبەستی دیاریت هەیە؟**
**شێرکۆ بێکەس:** بە (پێکەنینەوە)، نا مەبەستم کەس نییە، بەڵام ئەبێ شتێک هەر هەبووبێت پێش ئەو شیعرە.
**شێرزاد هەینی:دیارە دەستنووست خۆشە، چەند ساڵە ئەو شێوە نووسینەت هەیە؟**
**شێرکۆ بێکەس:** دەمێکە، من زۆر شیعرم بە خەتی خۆم بڵاوکردیتەوە، بەتایبەتی لەو دواییانەدا.
**شێرزاد هەینی: دیوانی (کازیوە)ت بەو خەتە نووسیوە...؟**
**شێرکۆ بێکەس:**نا من نەمنووسیوە، ئەویان دەستخەتی کوڕێک بوو لە سلێمانی.
**شێرزاد هەینی: ئەو خۆشنووسە کێ بوو...؟**
**شێرکۆ بێکەس:** ناوی (شەهاب عوسمان)ە.
**شێرزاد هەینی: تۆ لە نووسیندا کۆمپیوتەر بەکارناهێنیت...؟**
**شێرکۆ بێکەس:** نەخێر، من بەینم لەگەڵ ئەو ئامێرە نوێیانە نییە، من لێیان نازانم، من پێمووایە ئەو مجالەم نییە ئەوەیان فێربم، وابزانم بەکاریشی بهێنم، ناتوانم وای پێبنووسم، ئەگەر بە کۆمپیوتەر نووسیم، وا دەزانم یەکێکی تر بۆم دەنووسێت، ئەگەر قەڵەمەکە بەدەست خۆم نەبێت، من بەراستی وا هەست دەکەم، هەیە واش ناڵێت، دەڵێ ئەو نووسینە باشترە، کۆمپیوتەرەکە بۆت ڕەش دەکاتەوە پاش و پێشت بۆ دەکات، منیش دەڵێم من قەڵەمێک و لاستێکی ڕەشکردنەوەم هەیە، ئەوەشیان باشە.
**شێرزاد هەینی: مامۆستا روویداوە پارچە شیعرێکت لێ ون بووبێت...؟**
**شێرکۆ بێکەس:** دیارە زۆر ناخۆشە، من زۆر شتم بزر نەکردووە، جارێکیان لە بەغدا دەفتەرێکم بزرکرد، زۆر بەدواییدا گەڕام نەمدۆزییەوە، زۆر نارەحەتی کردم، زۆر ناخۆش بوو. لە ساڵەکانی هەفتاکان بوو، چونکە من شیعر لەبەر ناکەم، بۆیە ئازاری زۆری دام.
**شێرزاد هەینی: نەدەکرا شیعرەکان دووبارە بنووسیتەوە.**
**شێرکۆ بێکەس:** نا زەحمەتە، بە خەیاڵ رەنگە بچیتەوە سەری، بەڵام وەک ساتەکانی خۆی دووبارە نابێتەوە.
**شێرزاد هەینی: دیارە تۆ زۆر کارو بەرهەمەکانی خۆت پیرۆزو مەبەست بووە، ئەگینا تۆ زۆر هەوارو گەڕانت کردووە، لەو هەموو شوێنەدا شتەکانت پاراستوون.**
**شێرکۆ بێکەس:** من زۆر دەست بەو شتانەوە دەگرم، دواییش لەکاتی خۆیدا، لە باشترین دەرفەتدا شتەکانی خۆم چاپ ئەکەم، دوا ناکەون، زوو دەستوبردیان لێ دەکەم، بۆ نمونە من نووسینی ئیمساڵ ناخەمە ساڵێکی تر، من کە لە شاخیش بووم، لەوێش دەرفەتیش کەم بووە، بەڵام نەمهێشتووە، شتم بمێنێتەوە، لە هەر شوێنێک بووبم، لە چاپی ئەو شوێنە شیعرەکانم چاپ دەکەم، ناهێلم دوا بکەوێت.

**شێرزاد هەینی: لەبیرمە لە کاتی شۆرشی ئەیلولدا، من لە (چۆمان)بووم رۆژانە ئیستگەی کوردستان بانگەوازی دەکرد، کە (لەتیف هەڵمەت) دیوانێکی گووم کردووە، ناخۆشە، ئەوەم لەبیرە، بانگەوازەکەش بۆ ئەوە بوو کێ دۆزیوەتەوە، بیهێنێتەوە بارەگای ئیستگەکە.**

***

# کتـــێب

**باشە مامۆستا با بێنە سەر باسی کتێب، تۆ لە کێ و چۆن کتێبت دەستکەوتووە، چ کتێبێکت مەبەست بووەو دەستت نەکەوتووە، پیرۆزی کتێب، کەمێ باسی ئەوەم بۆ بکە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** دیارە من یەکەمجار لە کتێبی کوردییەوە دەستم پێکردووە، لە تەمەنی هەرزەکارییەوە ئێمە تەنها زمانی کوردیمان ئەزانی، ئەو کاتانەش کتێبی کوردی ئەوەندە زۆریش نەبوو، بەڵام لە کتێبخانەی گشتی سلێمانی دەستمان بە خوێندنەوەی کتێب کردووە، یەکەم کتێب سەرنجی راکێشابم شیعرو ئەدەبیاتی (رەفیق حلمی)بوو، کتێبەکەی (ڤۆلتیر) وا بزانم دکتۆر (ئەورەحمان) کردبووی بە کوردی، مێژووی کوردو کوردستان، ئاورێک بۆ دواوەی (حوزنی موکریانی)، دیوانی نالی ئەو کاتانەش باش لە شیعرەکانی تێنەئەگەیشتین، کەمانچەژەن کە (پیرەمێرد) کردوویەتی بە کوردی، ژمارەکانی گۆڤاری گلاوێژ کە نزیکتربوون لە رۆحی من، دیارە ئەوانەمان وەردەگرت، لێرە بە سویدی دەڵێن (لۆنە)، وایە. کە زمانی عەرەبیشمان باش بوو وردە وردە کتێبی عەرەبیمان وەرگرت، لەوێوە لە شتە بچووکەکانەوە بۆ شتە گەورەکان، من ئێستاش کتێبی رۆمانم مەبەستە، ئەدەبی بیرەوەرییەکانم ویستوە، من رۆمانم زۆر خوێندیتەوە، کە رۆمانێکی نوێ دەردەچوو، من ئەمکڕی و ئەمخوێندەوە، بەتایبەتی کە لە بەغدابووم، من کەم شتی (چیخۆف) هەبووە، نەمخوێندبێتەوە، (تۆلستۆی)، (دیستۆفسکی)، ئەدەبی سەدەی نۆزدەهەمی رووسی، بۆ نمونە لەو کتێبانە شیعرەکانی (پۆشکین) ئەو یەک دوو رۆمانەی کە هەیەتی، لەگەڵ شیعرەکانی، زۆربەی کتێبەکانی (دار التقدم)، ئەوانە کتێبی باشیان هەبوو، ئەدەبی عەرەبی و فەلەستینیەکان وەک، (محمود درویش)و (سیمح القاسم)و عیراقییەکان وەک (السیاب) لە پێشەنگی شیعری نوێی عەرەبی بوو لە عیراقدا، ئیتر ئەوانەیە کتێب، ئەدەبی گەورە کاریگەری خۆی هەبووە، دیارە ئێمە بەهۆی کتێب و ئەدەبی رووسی چووینە ناو خوێندنەوەو ئەدەبی جیهانی، ئەوەش هۆکاری خۆی هەبووە، لەوانە شەڕی دووەمی جیهان، چونکە زۆرتر دەزگاکانی پەخش دەچوونەوە

سەر ئەو جۆرە کتێبانە، ئێمە کەمتر کتێب و چاپی ئەدەبی ئەوروپی و ئەمریکیمان بەدەست دەگەیشت، چونکە مەسەلەی چەپ زۆر دەوری هەبووە، لە هەفتاکاندا زۆر بە کتێبی (روجیە گارودی) "الواقعیە بلا ضفاف" سەرسام بووم، لە کتێبخانەکانی بەغدا زۆر سوودمان بینیووە، لەوێ کتێب زۆر هەبووە، لە کتێبە جوانەکان کە زۆریش کۆن نییە، رشتەی مرواری مامۆستا (عەلادین سجادی)، ئێمە لە دەزگای سەردەم چاپمان کردنەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەبوو ماوەیەک ئیسلامییەکان کۆیان کردبووەو سوتاندبوویان، ئێمەش بۆ وڵامی ئەوان هەر هەشت بەرگەکەمان چاپکردەوە.

کتێب واتە نووسەر، واتە شاعیر، کە من زانیم تۆ چی دەخوێنیتەوە، من دەزانم تۆ کێیت، کتێب وایە، من کەم ئاوڕم لە کتێبە فەلسەفیەکان داوەتەوە، خوێندومەتەوە بەڵام کەم، ئەو کتێبانە کاریگەرییان لەسەر ئەزموونی من هەبووە، لەبەرئەوەی من زۆر رۆمانم خوێندیتەوە بۆیە ئەگەر تەماشای شیعرەکانم بکەیت، دیارە کەوا جۆرێک لە چیرۆکی تێدایە، هەمیشە دیالۆگ لەناو شیعرەکانم دەدۆزیتەوە، شیعرەکانی من گێرانەوەی شیعرییە، لەناو شیعرەکانمدا رۆمان کاریگەری هەیە، چیرۆک کاریگەری هەبووە، ئەوەش لە کۆنەوە تەماشای (کازیوە) بکە لەوێ دیالۆگ هەیە.

**شارەکەم، ئەو شیعرەیە کە شێرکۆ بێکەس لە رۆژنامەی برایی بڵاویکردیتەوەو پاشان لەلایەن باڵی مەکتەبی سیاسی لە سلێمانی لێپرسینەوەیان لەگەڵ کردووە، کە لە دیوانی (تریفەی هەڵبەست)دا بڵاوکراوەتەوە.**

***

**شارەکەم**
**شێرکۆ بێکەس**
**ئەی شارەکەی گلێنەی چاو**
**بزەی لێوی هەڵقرچاوم!**
**ئەی بەهاری بەبێ هەتاو!**
**دایکی زۆر جار، سک سووتاوم.**
**پرسیم : هەواڵ...؟**
**وتیان: هاوینی بێ شەماڵ.**
**وتم: توخوا ژیانەکەی؟**
**وتیان: تەڵخە ئاسمانەکەی.**
**پرسم: ئەی چێژی نانەکەی؟**
**وتیان: وەک گاڵ.**

تامێکی تاڵ.
وتم: مناڵەکان چۆنن؟
وتیان: هەموو گرژو مۆنن!
وتم: ئەی باشە گەورەکان؟
وتیان: هەموو هەر کەڕو لاڵ،
بەدەست یەکتری دەدوێنن
خەم ئەچێنن
دڵ ئاوارە.
پرسیم: ئەی گردەکەی یارە؟
وتیان: دڕکی تیا ئەڕوێنن.
وتم: ئەی توخوا ئەرخەوان؟
وتیان: هەر بە سەوزی سووتان.
باشە... گوێژە؟
وتیان: ئەو هەر زوخاو ڕێژە.
ئەی... سەرچنار؟
وتیان: لیخنە ئاوەکەی
پرسیم: باخی بەختیاری؟
وتیان: بڵێ بووکی خەمبار.
باشە... سەیوان؟!
وتیان: ئەو رێکە لەگەڵمان
ئەی شارەکەی نۆی حوزیران!
تۆ سەیوانی، یان سەیوانی تۆی؟!
ئەی دوانزە مانگ گەڵاڕێزان
تاکەی جەرگی بەهار ئەخۆی..؟!
ئەی شارەکەی ناو گۆمی خوێن
ڕاستە ئەڵێن:
لەناو دڵتا چقڵ ئەڕوێن؟!
ڕاستە ئەڵێن:
کۆڵە وژی... سوتاو و ڕەش؟!
ئەنرێتە ناو چاوانی گەش؟!
ئەی شارەکەی چقڵ سوتێن
دەنگ بڵاوە، راستە دەڵێن؟

جارچییەکی... دەس بە پیلان؟.
کەوتۆتە ناو جادەو کۆڵان
وەک قەڵی ڕەش ئەقیرێنێ
مناڵی خەڵق ئەترسێنێ؟
شوومەو نەگریس
چاوێکی کوێرەو ئەشەلێ
زەوی خراپە ئەکێلێ
بنیشتی قسەی دەمی پیس
ئەجوێتەوە؟
دار بە تەڕی ئەبڕێتەوە..؟
دەغڵی سووتاو ئەدورێتەوە..؟!
گۆپکەی چرۆ هەڵئەکۆڵێ؟
هەر کاتێ ئەو بانگی هەڵدا
ئافرەت دەرگا... خڕ... دائەخا؟
مناڵ یاری بەجێ دێڵێ؟
بە شوومە جاڕ..
چۆڵ ئەبێ شار؟
ئەو... ناشیانە... بە کورد ئەڵێ:
من ئاوی چاکە ئەدێرم
ئێوە نابێ بڵێن کوێرم
نابێ بڵێن من ئەشەلم
بۆ کوێش چووم وەرن لەگەڵم
ئەی شارەکەی بە خەم تەل بەنگ!
هەڵۆی دڵتەنگ
بیستم ئەڵێن: تاقمێ شێت
ماوەیەک لێت بەبیانوون
زۆر گەوجانە ئەیانەوێت
شاخی گوێژە و پیرەمەگرون
بنێن لەبار
بۆ بەرەو خوار
ئەی شارەکەی ئارام نەگرا!
کەی لە کەی عارت ویستووە؟

**ئەی چاوگی خوێن و ئاگر!**
**کەی ناپیاوت پەرستووە.**
**شارەکەم تاکەی بێدەنگی!**
**هەڵکە ڕەشەبای دەروونت**
**ڕاپێچی کە جارچی و (دەنگی)**
**نیشانم بە ئاسۆی ڕوونت ..!**

---

دەقی یەکەمی ئەو شیعرە بۆ یەکەم جار لە رۆژنامەی (برایەتی) دا و لە ساڵی 1968 دا بڵاوکراوەتەوە .. ئەو کاتە خۆشم لەو رۆژنامەیەدا کارم ئەکرد، ناوەرۆکی شیعرەکە سەرزەنشتێکی توندوتیژی هەڵوێستی سیاسی کۆمەڵی مەکتەبی سیاسی ئەوکات ئەکات کە لە ساڵی 1964 دا لە قیادەی بازرانی جیابوونەوەو دواتر بارەگایەکی خۆیان بردە بەکرەجۆ. دوای بڵاوبوونەوەی ئەو شیعرە لەسەردانەوەیەکی سلێمانیدا لەلایەن ئەو کۆمەڵەوە گیرام و بۆ ماوەی دە رۆژێ لە بەکرەجۆ بەندکرام. دواتر هەر لە هەمان ساڵدا واتە لە 1968 ەکەیش کە تریفەی هەڵبەستمدا بە ڕەقابە چەند بڕگەیەکی ئەوم شیعرە لابراو ساڵی 1968 ەکەیش کرا بە 1963. بەداخەوە ئەو نوسخەیەی رۆژنامەی (برایەتی)م لەبەر دەستا نەبوو تا دەقی تەواوی قەسیدەکە بخەمە پێشچاو. بەر لە ئێستەیش لە کتێبی ڕووبەڕوو لە سێبەری چیادا ـ بیستون و لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کوردستان ـ 1985 دا ئاماژەم بۆ بەسەرهاتی ئەم شیعرەو هەڵوێستی خۆم کردبوو.

ش. ب. 1991

# دانیشتنی سێیەم

شوێن: ماڵی خۆمان. لە گەڕەکی (رینکبی) لە ستۆکهۆلم.
رۆژی دانێشتنەکە: 2ی مانگی یونیوی ساڵی 2008
ماوەی تۆمارکردنەکە: 203 دەقە.

**(ئەوەی لە بەغدادی زۆر سەیرو شیاوی باسە، ژنت تێدا نەئەبینی).**

شێرکۆ بێکەس

**هاوسەر!**
**ئێستە زۆرجار... نیوەشەوێ**
**شیعر ڕقی تەنیاییم و ژوورەکەم و**
**قەڵەمەکەم... هەڵئەستێنێ و**
**خەیاڵم تووڕە ئەکات و**
**لە من ئەبێ بە ڕەشەباو**
**بەر لە گەیین... ئەموەرێنێ!**
**ئەم هاوسەرە حول حولییە ..**
**لە پڕێکدا شەوێک (جێ) جیائەکاتەوەو**
**بەجێمدێڵێ و لە ژوورێکی تردا ئەنوێ!**
**هەر ئەو هاوسەرە ڕاڕایە..**
**شەوێکی دی، ئەو لرفەیەو، خۆی باوەشم پیائەکات و**
**دێتەوە لام**
**(ئەو وەختەی من پەڕەی سپی و**
**شمشالێکی ساردو سڕم!)**
**ئەو هاوسەرە حول حولییە لە من ناگات!**
**گەر وا بڕوات من ناچارم**
**ئەم زستانە**
**ژنە چیرۆکێکی جوانی... کەڵەگەتی**
**لە وێنەی (ئانا کارنینا)ی**
**بەسەر بێنم!!**

2008/1/22
شێرکۆ بێکەس

****

لە دیوانی (خۆم... ئەو وەختەی باڵندەم!)، ل141و 142 وەرگیراوە.

**شێرزاد هەینی:**

**بەهۆی شیعرو ناوو کاری شێرکۆ بێکەسەوە، وشەی (بەغدادیە) کەوتە ناو نووسینی کوردی، ئەو ناوە بەهۆی تۆوە ناسرا، ئەو شارە بۆنی تۆی پێوە دیارە کە تۆ رۆیشتوویتە ئەو شارە، کەسێکی زوڵمێکراوی ماندوو و شکاوبوویت پاش شکستی شۆرشی ئەیلول بووە، ئەگەر باسی رۆژانەی ئەو ناوچەیەمان بۆ بکەیت...؟**

**شێرکۆ بیکەس:** با لە سەرەتاوە ناوی ناحیەکەت بۆ راستبکەمەوە، ناحیەکە ناوی بەغدادی بوو، نەک بەغدادیە، لە راستیدا ناحیەی بەغدادی، وەک گوندێک وابوو، ئەکەوێتە سەر رووباری (فورات)، سەر بە قەزای (هیت)ە، ئەویش قەزایەکە سەر بە پارێزگای (رومادی)یە، سەیرە لە رووسیاش شارێک هەیە بەناوی بەغدادی، (مایکۆفسکی) شاعیر لەوێ لەدایکبووە، لە دوای نوشستی شۆرشی ئەیلول و کەوتنی شۆرشەکە، کە بۆ ئێمە ئەژنۆشکاندن بوو، ئەژنۆشکاندنی هەموو تەمەنمان بوو.

(من کە هاتوچۆی بەرێوەبەرایەتی نەخشەسازی بەغدام ئەکرد، بەرپرسی نەخشەسازی شاری هەولێر لەوێ، ئەندازیاری بیناساز (عاطف بغدادی) بوو، نێوانمان خۆش بوو، جارێکیان ماست و پەنیری باشم بۆ کردبوو، ئەویش لە یانەی ئەندازیاران لە ناوچەی (القصر الابیض) لە بەغدا داوەتی کردمەوە، بەگاڵتە ئەو جارە پێمووت: لەو بەغدایە گەورەیە، هەر تۆ ناوی شارەکەت کردوە بە نازناوی خۆت، سەرژمێری سێ چوار ملیۆن کەسە، تەنها هەر تۆ خۆت بە هاووڵاتی بەغدا دەزانی... ئەویش لە وڵامدا، وتی:

من لە بنەماڵەیەکی کریستیانی ناوچەی بەغدادی میسرەوە هاتووین، لە بازارەکانی بەغدا بنەماڵەکەمان کاری بازرگانیان کردووە، لە بەغداش هەموومان بەو ناوە بانگکراوین، بەناوی شارە کۆنەکەمان، لەوێ من بۆ یەکەمجار زانیم لە میسر کریستیان هەیە، رێژەیەکی زۆری میسرییەکان نەتەوەی قبطین و ئاینیان مەسیحییە، دیارە لە میسریش ئەو ناوە هەیە. شێرزاد ).

کە هەواڵەکەمان پێگەیشت من ئەو کاتە لە شاری (مەریوان)ی ئەودیوی رۆژهەڵات بووم، کە وتیان یان خۆتان تەسلیم بەو لا ئەکەنەوە، یان خۆتان تەسلیم بەو لای تر ئەکەنەوە. لەو دەمانەدا خەڵکەکە بوون بە چەند بەشێکەوە، بەشێکیان بڕیاری ئەوەیاندا لە ئیران بمیننەوە، بەشێکی تریان لە ئیران مانەوەو پاشان بۆ دەرەوە رۆیشتن، یەکەم شەپۆلی گەورەی ئاوارەی کورد بەرەو هەندەران ئەوانەبوون، کە پاشان گەیشتنە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئێمە کۆمەڵێک بووین هەموو بەیەکەوە بڕیارماندا لەگەڵ خەڵکەکە هەر بگەڕێنەوە سلێمانی، دیارە گەڕانەوەکەمان لە چوونە ناو ئیران لا باشتربوو. من تا هاوینی ساڵی 1974 لە راگەیاندن کارم ئەکرد، لە گوندی (ئازادی)بووین، کە مناڵەکانم لە سلێمانی نەمان هاتنە پێنجوین،

پاشان لە مەریوان لەماڵێکدا ژوورێکی قووڕینمان بەکرێ گرت، دیارە کەوا ژیانمان باش نەبوو، لەو دەمانە بە یارمەتی خزم و برادەران ئەژیاین، چونکە لەو دوایانەدا یارمەتیەکان کەم ببوونەوە.

(لە دیمانەیەکی تایبەتی لەگەڵ (نەسرین) خانی هاوسەری مامۆستا شێرکۆ بێکەس، لە رۆژی 7ی یولیوییدا بۆی گێرامەوە، کە ئەوان پێش گەڕانەوەیان لە مەریوان و پاش گەڕانەوەیان بۆ سلیمانی باری داراییان زۆر خراپ بووە، هەتا رادەیەک پارەمان نەبوو، شیر بۆ کچە گچکەم بکڕێن، لەوێ لە ئیران شیری منالآن گران بوو بە کیلۆبوو، بۆیەش پووریان شیری خۆی ئەدایە کچە ساوایەکەمان، ئێمە هیچمان نەبوو، کە هاتینەوەش ماڵی باوکم زۆر یارمەتیان داوین..... شێرزاد).

بۆیەش ئێمە گەڕانەوەمان هەڵبژارد، لە گەڕانەوەماندا یەک دوو پردیش لەناوچەی ناڵپاریز رووخابوو، خەڵکەکەش یەکجار زۆربوو، یەک باریکە ریگای پیادە هەبوو، چونکە ریگاکانی تر مینی زۆربوو، من یەکێک لە منالەکانم کردبوو قەلآدۆشکانم، نەسرینیش یەکێکی ترو ئەوسا سێ منالمان هەبوو، یەکێکی تر، ئەوەی تری هەڵگرتبوو، ئێمە لە ساڵی 1979 منالی چوارەمان کە (هانا)ی کچمە لەدایک بووە، بەو شێوەیە گەڕاینەوە سلێمانی، بە برسیەتی و بە ترسەوە بە نارەحەتی و نائومیدیەوە گەڕاینەوە سلێمانی.

لەو رۆژانەدا حکومەت وردە وردە خەڵکەکەی ئەگەراندەوە سەر کارو وەزیفەکانیان، ناوی ئەوانەی ئەگەڕانەوە سەرکار بە دیواری (سەرا)وە هەڵیانئەواسی، ئێمەش کۆمەڵە کەسێک بووین ناومان نەبوو، هیچمان دیارنەبوو، چاوەروان بووین، ناوەکانمان دەرنەئەکەوت. تا رۆژێکیان نووسراوێکمان بە ئیمزای (تەها جەزراوی) لە (مجلس قیادەی سەورەوە) بە دەست گەیشت، من ناوم لەو لیستانە بوو، بە ناوی (نەقل) بۆ رومادی ناوەکەم هاتبوو، خەڵکی تریش بەرەو شارەکانی تری وەک (سەماوە)و (بەسرا)و (ناسرییە)و... لەوانە لەگەڵ خەڵکەکە کۆمەڵێکی زۆری رووناکبیران و نووسەران و هونەرمەندان بۆ ئەو شارانەی باشوورو خۆرئاوای عیراق گوازرانەوە. دیارە منیش ناچاربووم ئەبووایە بچمە سەرکارەکەم و برۆم بۆ رومادی.

منیش بە کتابە رەسمییەکەوە چوومە پارێزگای رومادی. وابزانم (نائیب موحافیز)بوو، من چوومە لای، بەبێ ئەوەی سەیرم بکات، وتی بێ راوەستان ئەچیت بۆ (هیت). منیش سواری پاسێک بووم و بەرەو قەزای هیت رۆیشتم، کە گەیشتمە قەزای هیت، چوومە لای قائیمقامەکە، لەوێش ئەو وتی، تۆ ئەچیتە ناحیەی بەغدادی، لەبەرئەوەی ئێوارەیەو هیچ جۆرە ئوتومبێلێک نییە، ئێستا ئوتومبێلێکت بۆ ئەدۆزمەوە، تۆ بگەێنێتە شوێنەکەت.کە چووم بیینم، بەرێوەبەرایەتی ناحیەکە لەناو مەخفەرێکە، مەخفەرێکی گەورە، چوار قوولەی هەبوو، بەشێکی مەخفەرەکە بۆ پۆلیسەکان بوو، دوو

سێ ژووریش بۆ مودیریەتی ناحیەکەو ژوورێکیان بۆ (مآمور مالە)کە، ژوورێکیش بۆ من بوو، بە حیساب من کاتب ناحیەم. من هیچ شوێنی ترم نەبوو، لەهەمان ئەو ژوورەدا جێگای منیان کردەوە، خوا خێری مآمور مالەکە بنوسێت، دۆشەکێک و بەتانیەک و سەرینێکیان بۆ هێنام. من لە مانگی حوزیرانی ساڵی 1975 لەوێ بووم، بۆیە ژوورەکە زۆر گەرم بوو. تا بەرە بەری بەیانیان فێنکی ئەکرد، لەو دیوی لای پۆلیسەکانەوە شەوانە بەردەوام قرەقریان بوو، شوێنەکە زۆر ناخۆش بوو.

که لەوێ گیرسامەوە، پاش دە رۆژ کەوتمە نووسینی قەسیدەی (کۆچ)، ئەو قەسیدەیە، کە لە ئەزموونی شیعری مندا وەرچەرخانێکە، لە رووی هونەری شیعرو لە رووی دروستبوونی شیعری درامی گەورەوە، دروستبوونە لەرووی معاناتێکی گەورەو کە تۆ نازانی لە چ کاتێکدا ئەتەقێتەوە، بەڵام کە ئەتەقێتەوە بە لووزەو ئەتەقێتەوە، دیارە ئەو خەم و ژانەی لەو نوشستیە گەورەیەوە پەیدابوو، قەسیدەکە هاتە کایەوە، قەسیدەکەم بە نزیکەی مانگێک نووسی.

من هەموو هەفتەیەک، کە رۆژانی پێنجشەمموان دەوام تەواو ئەبوو، بە پاس ئەچووم بۆ بەغدا، زۆرجار لە (هوتێل ئەربیل)ەکە دائەبەزیم، لەوێ هاوڕێیەکانی خۆم ئەدۆزیەوە، وەک(حسین عارف)و(جەلالی میرزا کەریم)و(کاکە مەم بوتانی)و (محمود زامدار)و (سەلام محمد)و (سەلاح شوان)... (مەحمود زامدار) لە هاوڕێیە کۆنەکانمە، لەمێژە پەیوەندییمان هەبووە، یەکێکیشە لەوانەی هەمیشە هەستێکی رەخنەیی جوانی هەبوو، رووناکبیرەو ئاگای لە رەوتی تازەگەری شیعرو ئەدەب بوو. بەراستی ئەو پیاوە خۆی سەری لە بەهرەو تواناکانی خۆی شێواندووە، ئەگینا بەبڕوای من ئەگەر بە بەرنامە کاری کردبووایە ئێستا یەکێک ئەبوو لە رەخنەگرە هەرە باشەکانمان.

که چوومە بەغدا قەسیدەکەم تەواوکردبوو، هەموومان ئێوارەیەک لەسەر ئەبو نواس رووومان دەکردە شوێنێک، یانەیەک بوو، یان بارێک بوو، لەوێ من بۆ یەکەمجار قەسیدەکەم خوێندەوە. لەوانەی لەوێ بوون، (محی الدین زەنگنە)و (کاکەمەم بۆتانی)و (حسین عارف)و (محمود زامدار)و (سەلاح شوان)و(سەلام محەمەد)و لام وایە ئەنوەر قادر محەمەدو سامی شورش و سەربەست بامەرنی و چەند هاورییەکی تریش هەمووویان... بە بیستنی قەسیدەکە گەشانەوە. دیارە لە کاتی نووسینی قەسیدەکە هەموو شتەکان هەموو بەرگریەک لەکوردستاندا تەواوببوو، هیچ ئومێدێ نەمابوو، ئەوەش تەواو لە قەسیدەکەدا رەنگی دابۆوە.

بۆیە من باسی ئەو دانیشتنەو خوێندنەوەکەی قەسیدەکەم کرد، چونکە لەدوای ماوەیەکی تر، من بانگکرامەوە ئەمنی قەزای هیت، لەوێشەوە منیان ناردە ئەمنی رومادی، لەوێشەوە بۆ ئەمنی عام. کە چوومە ئەمنی عامەکە شوێنەکە دوو ژووربوو، لە ژووری یەکەم یەکێکیان زۆر بەرووی خۆشەوە قسەیکردو لە ژووری دووەمیش

ئەمنەکەی تریان زۆر دڕندانە و زۆر تووڕە، بێ ڕەوشتانە منی دوواند، چارە نەبوو، هیچ نەمابوو، تەنها یەک شوێن نەمابوو رووشی تێبکەیت. پەنایەک نەمابوو، شوێنی دەرزییەک لە هەموو کوردستان نەمابوو، کە ئەو قسەکانی تەواوکرد، دەفتەرێکی لەبەردەستابوو لاپەڕەکانی هەڵئەدایەوە، پاشان بۆم دەرکەوت یەکێک لەوانەی ئەم قەسیدەیەیان گوێ لێ بووە (چونکە دواتریش بەتومارکراوی بلاوبوەوە یان کە من قەسیدەکەم بۆیان خوێندیتەوە، بەشێک نووسراوەتەوە بۆ ئەمن. بەشێکی قەسیدەکەم لەوێ بوو. پاش دەمێک لە قسەکردن منیان نارده دەرەوە، لە دەرەوە لەسەر کورسییەک دانیشتم، لەناکاو (کەمال پشدەری) لەوێ پەیدابوو، ئەو پیاوی ئەمن بوو، برای (ڕەفیق پشدەری)، ئەوەی لە ڕۆژی ڕاپەریندا لە سلێمانی سەریان پانکردەوە، ئەو منی ئەناسی، ماوەیەک لە تەمەنی گەنجیەتیدا لە سلێمانی یەکترمان ئەناسی، بە روویێکی خۆشەوە وتی:

ها... کاکە شێرکۆ خێرە ئەوە چی ئەکەیت، بۆ لێرەییت...؟

قسەکانی لە تەمسیل ئەچوو، منیش وتم، ئەوا لێرەم بانگیان کردووم، ئەویش وتی:

بۆچی تۆیان بانگکردووە. منیش وتم:

مەسەلە شیعرە، لەبەر ئەوە منیان بانگکردوە. هەر خێرا وتی، هەڵسە، شیعری چی... منی بردە ژوورێکی تر، کابرای ئەمنی ناو ژوورکە بەوی وت، بڕۆ لەولاوە دانیشن، بزانن شیعرەکە چییە، ئەوە چی نووسیوە، با بۆت تەرجمە بکات، لە ژوورەکە بەیەکەوە ماینەوە، خوا هەڵناگری، وتی خۆت چی ئەڵێیت من ئەوە ئەنووسم، ئەبێ ئینسان شتەکان وەک خۆی بگێڕێتەوە، من تێگەیشتم ئەو بۆ ئەوە نەهاتبوو ئازارم بدات، هەندێ شتی نووسی و بردیە لای کابراو وتی، هیچ نییە، بابڕوات. کابرایەکی شاعیرەو شیعرێکی نووسیوە، باسی ئازارو خەمەکانی خۆی ئەکات.

**شێرزاد هەینی: دەزانی کێ شیعرەکەی بۆ نووسیبونەوە، لەو کەسانە بوون کە لە دانیشتنی ئێوارەکەی ئەبونواس، ئامادەبوون...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ، دوایی شتێکم بیستەوە، بەڵام نامەوێ ناو کەس بڵێم.

**شێرزاد هەینی: قەسیدەکە لە هەولێریش هەبوو، من لە ڕەحمەتی (مەهدی خۆشناو)م وەرگرتبوو، کە ئەو دەمانە لە هوتێل ئەربیلی بەغدا کاریدەکرد، لەلای هەموو کەسێک هەبوو.!**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەوە پاشان بوو، بە کاسێت و بە دەستنووس، بڵاوکراویەوە، من لە سەردانێکمدا بۆ سلێمانی لەگەڵ (دلێری سەید مەجید)و (فوادی مەجید میسری)، بە نهێنی، لە ماڵی فوادی مەجید میسری تۆمارمکرد، لەناو خەڵکدا بڵاوبۆوە. ئەو کاتانە ئەوەی مەراقی نوشستی شۆرشێک و هەڵسانەوەی شۆرشێکیتربوو، ئەوانەی

خولیایەکی سیاسیان هەبووبێت، لەگەڵ کوردایەتیدا ژیابن، بەدوای شتی وا ئەگەڕان، دەستیان ئەکەوت، با بگەڕێینەوە سەر بەغدادی.

لە بەغدادی، من لە دائیرەدا هەر دانیشتبووین، جاری وا هەبوو لە هەفتەیەک دوو شت نەبوو بینووسیت، من بەردەوام کتێبم ئەخوێندەوە، بە پیتترین سەردەم کە من کتێبم تێدا خوێندبێتەوە، ئەو دەمانە بووە کە لە بەغدادی بووم، بەشی زۆری ڕۆمانەکانی (دیستۆفسکی)و (تۆرجنیف)و (تۆلستۆی)و ئەوانەم هەموو لەوێ خوێندیتەوە.

**شێرزاد هەینی: نەیاندەپرسی ئەوە چی دەخوێنیتەوە، بەردەوام خەریکی چییت؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ! لەوێ لە ستافی ناحیەکە عەریفێکی ئەمنی لێبوو، هەموو جارێ سەیری کتێبەکانی ئەکرد، پیاوێکی نەخوێندەواربوو، تا جارێکیان بە وێنەکەی (دیستۆفسکی) سەر بەرگی ڕۆمانەکەی وت، ئەوە (ستالین)ە، منیش بە سەرسامییەوە پێم ئەوت:نا بابە ئەو دیستۆفسکییە، ستالین نییە...!

ئەوەی کە زۆر گرنگە ئەبێ باسی بکەم، کەسایەتی بەرێوەبەری ناحیەکەی ئەوێ بوو، کە ئەوە بۆ من لەو ڕۆژگارە زۆر گرینگ بوو، ناوی (نیهاد کاظم الدجیلی)بوو، پیاوێکی بە قەڵافەتی گەنجی تەمەن سی ساڵان بوو، کە یەکترمان ناسی و قسەمان بەیەکەوەکرد، هەستمکرد پیاوێکی زۆر نەرم بوو، مودیری ناحیەی بەعسی و ئاوا نەرم بێت زۆرم لا سەیربوو، سەرەتا من هیچ قسەم نەئەکرد، گوێم لەو ڕادەگرت، تا باشتر بیناسم، کە زانیم ئەخواتەوە، ئەوسا ئەو ژنی نەبوو شەوانە لە ماڵی مآمور ماڵەکە ئەمانخواردەوە، لە دانیشتندا، کە سەرخۆش ئەبوو، یەکجار پیاوێکی کراوەبوو، بۆ نمونە کە سەرخۆش ئەبوو، ئەیوت، گوێ مەدەرێ کاک شێرکۆ... گوێ مەدەرێ...!

ئەوە زەمانێکیش دێ ئەو شتانە نامینێن، ئەو قسانە لەو ڕۆژە زۆربوو، یان مەسەلەیەک بوو... بیرم ئەکردەوە ئەوە بۆ وایە، لە دواییدا بۆم دەرکەوت، ئەو خۆی لێدراوە، لەبەرئەوەی خزمی نزیکی (حەردان تکریتی)بوو، ئەویان جەماعەتەکەی سەدام زوو کوشتیان، کوڕی پووری ئەو بوو، کە کرابوو بە مدیر ناحیەی بەغدادی دوورخرابوە وەو پەراوێزیکردبوو، ئەو کابرا حقوقییش بوو، ئیتر ئەو پیاوە بۆ مەسەلەی مۆڵەت و ڕۆیشتنی من سەری پێوە نەبوو، منیش بەردەوام ئەچوومەوە سلێمانی، ئەوەش بۆ من زۆر باش بوو. منیش کە لە سلێمانی ئەگەڕامەوە، گوێزو هەنگوێن و شتم بۆ ئەوو مآمور ماڵەکە ئەهێنا. مآمور ماڵەکەش پیاوێکی باش بوو، ئەویش لە کۆنە قەومییە عەرەبیەکان بوو. لەگەڵ هەردووکیان زۆر تێکەڵبووین، کە دەچوونە ناو عەشایرەکان منیان ئەبرد، کە داوەتی گەورە ئەبوو منیشیان ئەبرد، شەوێکیان بۆ دەعوەتێکی (ذبیحە) کە بەرخێکی سوورکراوە لەسەر سینەیەک برنج دائەنێن، بەدەست ئەکەوتنە سەری، لەناو دارخورمایەکان منیشان لەگەڵ خۆیاندا برد. لەوێ

که سەرۆک عەشیرەتەکە زانی من کوردم، یەک سەعات ستایشی (شیخ مەحموود)ی کرد، ئەو ئەیوت شیخ مەحموود لەلای ئێمە یەکێک بووە لە پیاوە موبارەکەکان خەڵککەش زۆر باش بوون. شتەکان باش بوو، بەڵام لە ناحیەکە ژیانی تێدا نەبوو، لەسەر ڕێگاکە چایخانەیەک هەبوو، من سێ ژەمە لەوێ تەشریبم ئەخوارد، هیچ نەبوو، بەناچاری لەوێ نانم ئەخوارد، نە من شوێنم هەبوو، نە شتیشم هەبوو، نەئەکرا، هەر لەوێ تشریبەکەم ئەخوارد. لە سەردانێکم بۆ سلێمانی، وتیان ئیمرۆ لە هۆڵی نەقابەی مامۆستایان کۆڕێک بۆ (هێمن)ی شاعیر هەیە، کامەران موکری پێشکەشی ئەکات، ساڵی 1977 بوو. ئەگەرچی سەردەمی ترس بوو، بەڵام خەڵکێکی زۆر ئامادەبوون، منیش چوومە کۆڕەکە، من بووم، (حەمەی حەمەی باقی)بوو، (ڕەئوف بێگەرد)بوو. کۆڕەکە دەستی پێکردو (کامەران موکری) لە سەرەتادا وتی من بۆ یەکەمجار لە ڕێی ئەو شیعرەی هێمنەوە، کە ئەڵێ:

**گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن**
**قەت لە دەست ئەو چەرخە سپلە نابەزم کوردم ئەمن ...**

من زۆرتر شەیدای شیعربووم، ئینجا هێمن باسی ئەزموونی شیعری خۆی کردو گفتوگۆکان گەرم بوون، لێیان پرسی، شیعری کام شاعیرت بە دڵە، کامت زۆر لا جوانە ... لەوێدا هێمن ئاماژەی بە شیعرێکی من کرد، شیعرەکە شیعرێکی ڕۆمانسی ناسکی منە، کە ئەڵێم:

**مەدالیای کەمانێکی بچکۆلانەت دابوو لە سینگ،**
**کە هاتوچۆو بە بەردەمی مندا ئەکرد،**
**گوێم لێ ئەبوو،**
**کەمان ئەکەوتە لێدان و**
**ئەشمبینی مەمکەکانت**
**ورد ورد سەمایان بۆ ئەکرد.**

هێمن وتی ئەگەر شیعر وابێت، ئەوەش شیعری نوێ بێت، من هەموو ڕۆژێ ماچی ئەکەم. کە خەڵکەکەش زانیان شیعرەکە شیعری منەو منیش خۆم لەوێم، هەموولایەک داوایانکرد، ئەبێ بێت شیعرێ بخوێنێتەوە، من شیعرم خوێندەوە، ئەوەی من ئەبێ لێرەدا باسی بکەم، خوا هەڵناگرێ (حەمەی حەمی باقی)یش شیعرێکی خوێندەوە، شیاوی ئاماژە پێدانە، ناونیشانی شیعرەکەی (سەما لەسەر پشتی دووپشک)ی خوێندەوە، لەو ڕۆژەدا، خوێندنەوەی شیعرێک لەو جۆرە بەراستی ئازایەتی بوو. من لەوێ بەشێکم لەو شیعرانە خوێندەوە کە هێشتا چاپ نەکرابوون، ئەوانەی لە دیوانی (کازیوە)دا، دواتر چاپکران.

که کۆڕەکە تەواو بوو، بووە جۆرێک لە قەڕەباڵغی و هات و هاوار، وەک نیمچە خۆپیشاندانێکی لێ هات.

**شێرزاد هەینی: ئەو ڕۆژانە وابوو، لە کۆڕێکدا لە کۆمەڵەی روشنبیری کوردی لە وەزیریەی بەغدا، ئەو دەمانە ئێمە خوێندکاربووین، شەهید (دڵشاد مەریوانی)و (لەتیف هەڵمەت)و ژمارەیەک لە شاعیرانی تر.. لە هەولێریش کۆڕێک بۆ شاعیران (جوهر کرمانج)و (موحسین ئاراوە)و (جەلال بەرزنجی)و ... کە تەواو ئەبوو، جۆرێک لە کۆبوونەوەو هات و هاوارێکی لێ دروست ئەبوو.**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ... وابوو، کە گەڕامەوە بەغدادی، لەوێ وتیان تۆیان لە ئەمن دەوێ، کە چووم پێیان وتم، تۆ ئەچیت لە سلێمانی شیعر ئەخوێنیتەوە، یان بۆچی بەردەوام ئەچیت بۆ بەغدا، منیش وتم من بەسەردان ئەچم، مۆڵەتی خۆمەو ئاساییە، بەڵام ئەوان زۆر بەتوندی هەڕەشەیان لێکردم و وتیان لە ماوەی دە ڕۆژدا ئەبێ خاووخێزانت بهێنیت بۆ ئێرە، بەکورتی ئیتر هیچ ڕێگایەکی ترم لەبەردەمدا نەما، منیش هاتمەوە سلێمانی، پاش هەفتەیەک ماڵەکەم بە لۆرییەک گەیاندە بەغدادی، لەوێ خانووێکی ناحیەیان دایێ، خانووەکە باش بوو، بەتەنیشت رووباری فراتەوە بوو. خانووەکە ئاوی بەلوعەی نەبوو، مێردمناڵێ ناوی (عوسمان) بوو، بە گوێدرێژێک لە فراتەوە ئاوی بۆ ئەهێناین، ئاوەکەمان ئەکردە مەرکانێک و زاخمان تێئەکرد، بەو شێوەیە ماوەیەکی درێژم بەسەربرد.

(نەسرین خانیش بۆی گێرامەوەو وتی، خاڵێکی باوکی هەڵبەست دکتۆر بوو لە بەغداوە سەردانی کردین، کە ئاوەکەی بینی، ئێمەی ترساند، ئێوە ناکرێ و نابێ ئەو ئاوە بخۆنەوە، دەبی ئاوەکە بە حەب و زاخ و پەردە خاوێن بکەنەوە، هەروەها نەسرینیش ئاماژەی بە رۆلی باشی ماڵی مدیر ناحیەکەدا، کە زۆر رقیان لە بەعس بووە، زۆریش ڕێزیان ئەگرتین، وا بزانم لەو رۆژانە هەموویان لە سلێمانی مێوانی باوکی هەڵبەست ببوون، ئێمە نزیکەی سێ ساڵ بە رەزاڵەت لەو شوێنە ژیانمان بەسەربرد). من هەر لە ناحیەی بەغدادی شانۆنامەی (ئاسک)م نووسی، بەشێک لە دیوانی (کازێوە)م نووسی، من لەوێ وەکو زووتر وتم قەسیدەی (کۆچ)م نووسی، زۆرم خوێندەوە، بەو شێوەو بەو ئازارو ژانەوە تا ماوەی سێ ساڵ ماینەوە.

من لەوێ بووم، شەوێکیان گوێم لە دەنگی لۆری و زیل بوو، ئەو دەنگە دەنگە شەوەکەی شڵەقاند، پاشان زانیم چەندین خێزانی کوردییان هێناوە، بەشی زۆریان لە ناوچەی رواندزەوە هێنابوویان، لەوانە یەکێکیان ناوی (کەمال)بوو، لە بنەماڵەی شێخەکانی هیران بوو، خزمی (سافی) شاعیربوو، پیاوێکی چاو سەوزبوو، من زۆر لەگەڵ ئەو بەیەکەوە پیاسەمان ئەکرد، ژنەکەی لەگەڵ نەسریندا هاموشویان گەرم بوو. ئەو خێزانانە هەموویان کەسانی هەژارو نەدار بوون، بە شێوەی (عمل الشعبی)

خانوویان بۆ دروستکردن، بەڵام خانووی سەر بە تەنکەو قوورِو پیس بوون، مناڵەکانیان نەخۆش و رەوشییان خراپ بوو، چونکە ئەوان بە ژیانی کوێستانەوە راهاتبوون. بۆ من هاتنی نەسرین و مناڵەکان لە رووی ژیانی رۆژانە بوژامەوە، بەڵام بۆ ئەوان خۆش نەبوو، خواردنم لەماڵەوەو مناڵەکان لەبەرچاوی خۆم بوون، ئەوانیش ئاگایان لە من بوو. لەو ماوەیەدا دوو سێ جار هەندێ لە هاورِێیەکانم بەسەردان هاتنە لام.

**شێرزاد هەینی: مانگانەکەت چەندبوو، چوونە بەغداو ماڵ و مناڵ، چۆن بەشی دەکردن؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نازانم چەندبوو، تەنها مووچەکەبوو، دیارە من لە کاتبییەوە پلەی وەزیفەم بەرزبوویتەوە، دیارە کەوا فەرمانبەرێکی کۆن بووم. من ماوەیەک لە تەسجیلی زانکۆی سلێمانیش بووم، هەر ئەو کارانەم کردووە. بە هۆی بەغدادییەوە، من ئەو ناوچانەم هەموو بینی. لەوێ گوندێکی نزیک هەبوو، ناوی (جب)بوو، لە دواییدا تێگەیشتم، بەشێک لە دانیشتووانی ئەمانە، خەڵکی چەپ بوون، پەیوەندییان بە هزری چەپ و حزبی شیوعییەوە هەبوو، زۆر پیاوی چاک بوون، کە منیان ئەبینی، زۆر زۆر سۆزی خۆشەویستیان بۆم دەرئەبرِی، چەند جارێکیش منیان بۆ ئەو گوندە داوەتکرد.

کە دەستکرا بە ناردنەوەو نەقڵکردنەوەی فەرمانبەرە کوردەکانی خوارووو خۆرئاوای عیراق، منیش هاتمەوە سلێمانی، منیان بۆ دائیرەی ئاوو ئاوەرِۆ نارد، سەیرکە ئەو شوێنە چەند لەگەڵ مندا ئەگونجێت...؟! ئەو ساڵانەبوو سەرەتای سەرهەڵدانی مقاوەمەت و شۆرش بوون، ساڵانی 1979و 1980 و ...

لە راستیدا من ئەمەوێ شتێک بڵێم، ئەویش ئەوەیە، ئەگەر کار نەگاتە سەر ئەوەی مەسەلەکە پەیوەندی بە مانی میللەتێک و ژیان و بوونەوە هەبێت، وا چاکە شیعر نەچێتە ناو دونیای سیاسەتەوە، بەڵام چی ئەکەیت.. لە حالەتێکدا تۆ دەست نراوەتە بینت تا بتخنکێنن، لەو کاتانەدا تۆ وەک شاعیرێک ئەبێ شتێک بکەیت، شتەکە چییە، ئەبێ هەندێ شت بنووسیت، وەک ئەوەی یەکێک بێنە سەری، چی بەدەست بکەوێت، بۆ بەرگری لە مانی خۆی ئەیکات.

**شێرزاد هەینی: لەو ماوەیەدا شیعری ناسک و رۆمانسییت نەنووسیوە..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من ئەو شیعرانەشم هەر هەبووە، بەڵام ئەزانی من مەبەستم لە چییە، بەردەوام ئەو شتانە تەمەنی شیعر کەم ئەکاتەوە، شتەکان ئەبنە شتی کاتی! پاشان شیعرەکانت ئەبنە جۆرێک لە بەڵگەنامە. مەراق و خولیای هەرە گەورەی من لەو ساڵانەدا کە چۆن رۆژێ لە رۆژان و جارێکی تر، چرایەک دائەگیرسێتەوە، پێبڵێن چرایەک بۆ مقاوەمەت دژی بەعس...! ئەمە بەلای منەوە، زۆر شتێکی گەورەبوو.

**شێرزاد هەینی: لەو ساڵانە، لەهەموو دائیرەکاندا کەسی حزبی هەبوو، یەخەی فەرمانبەرو کرێکارەکانی ئەگرت، هەڕەشەی بوونە بەعسیان لە خەڵکەکە ئەکرد، چەند ڕێگایان بۆ ئەو مەبەستە دەگرتەبەر، تۆ ئەو ماوەیەی لە ناحیەی بەغدادی توویت، پرسیارو داوای لەو شێوەیەت لێکراوە، چونکە ئەوان پەیرەوی هیچ پرێنسیپ و ڕەوشتێکیان نەئەکرد، زۆریش لەوانە کەسانی ڕەوشت نزم و چڵکاوخۆربوون، دووچاری ئەو حالەتە هاتوویت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نا... نا... یەک و دووجار بەرپرسێکی حزبیان هەبوو، ئەهاتە ناحیەکە، بەرپرسی (مونەزمە)ی ناوچەکەبوو. سووکە ئیشارەتێکی ئەکرد، بەڵام من وڵامم هەبووە، زوو پێمئەوت، من کەسێکی کوردم، ناتوانم ببم بە بەعسی.

**شێرزاد هەینی: بابگەرێینەوە سەر رۆژانەی سلێمانیت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** سەرەتای دروستبوونی مەفەرەزە سەرەتاییەکانی بەرگری بۆ ئێمە، دەنگوباسی ئەوان لە شاخەوە بۆ ئێمە لە دەروونەوە گەشانەوەیەکی پێبەخشین. لەو رۆژەدا منیش ویستم بەشدارییەک بکەم، لەم ژیانەوەیەدا، لەم زیندیبوونەوەیەدا بەشداربم، بۆ هەڵکردنەوەی چرا نوێیەکان، من لە شیعر زیاتر، کە ئەچێتە ئەو خانەیە، من شتێکی ترم نەبوو، لەبەرئەوە، هەر لە سلێمانییەوە بەشێک لەو شیعرانم نووسی و بە ناوی (جوامێر)ەوە، ئەمناردنە دەرەوە، بێگومان لە هەموویان دیارتر قەسیدەی (داستانی هەڵۆی سوور)بوو، کە قەسیدەیەکی درێژەو ئەوەم نووسی، بە هۆی هاوڕێم (حەمەی حەمە باقی) رەوانم‌کرد، ئەو پێشتر لە دەرەوەبوو، ئەو لە دەرەوە بوو، (حەمەی موکری)، (جوهر کرمانج) لە دەرەوەبوون. لەو ماوەیەشدا، یەکەم نامەم لە یەکەم کەس لە (مام جەلال)ەوە پێگەیشت.

**شێرزاد هەینی: ئەو نامەیەت ماوە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەبێ مابێت، هەندێ شتم هەڵگرتووە، بەڵام هەندێکیان هەڵنەگیراون.

**شێرزاد هەینی:دەمێکە ئەو نامەیەت لەناو شتەکانت بەرچاو نەکەوتووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** دەمێکە ئەو نامەیەم نەدیوەتەوە، پاشان نامەی زۆرمان لەگەڵ کاک(نەوشیروان)بوو، هەروەها نامەی کاک (فەریدون عبدالقادر)و کاک (مولازم عومەر)،( مەلا بەختیار) نامەی زۆرم لە پێشمەرگەکان ئەگەیشتە دەست. من لە سەرەتای گەنجیمدا لە ڕێکخراوی سیاسی کارمکردبوو، من پاشان هەرگیز نە پارتی بووم، نە یەکێتی بووم، وەک ڕێکخستن، وەک کاری ناوشانەو کارکردنی ڕێکخراوەیی، من تەنها ماوەیەک (کاژیک)بووم، لە گەنجیمدا لە ڕێکخستنەکانی ئەواندا کارمئەکرد، بۆ ...؟ دیارە بە کاریگەری فیکریی کۆمەڵە مامۆستاوە بووە، رەنگە لە سەرەتاوە هۆکارکەش هەر شیعرو ئەدەب بووە، لەوانە مامۆستا (ئەحمەد هەردی)، (عەبدولا

جەوهەر)، وەلێ لە هەموویان نزیکترو کارگەریی دیارتر، مامۆستا (فەرەیدون عەلی ئەمین)بوو، ئەو ئامۆزازای من بوو، ئەو یەکێک بوو لە کەسە رووناکبیرەکان، کە لە سەرەتای نۆهەدەکان کۆچی دوایی کرد.

****

**شێرزاد هەینی: بابگەڕێنەوە، فرات و بەغدادی ، لەبیرمە مامۆستایەکی زمانی کوردیمان هەبوو، دەیووت، ناوی فرات، لە (فرەهات) هاتووە، واتە ئاوی زۆر هات، یان ئەیووت، ناوی (دجلە) لە (دە چڵ) هاتووە، واتە لە دە لقەوە دروستبووە، تۆ زۆر بە دیار فراتەوە دانیشتوویت، فرات...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەو قسانە، زۆرن، کورد کاری نییە زێدەڕۆیی بۆ خۆی دروست ئەکات، یان ئەڵێن، ناوی (بەیروت)، لە (پێی رووت)، هاتووە بەڵێ . من زۆر بە دیار رووباری فراتەوە دانیشتووم. من قەسیدەیەکم هەیە، هەمووی بۆ فراتە، قەسیدەکە ناوی (هاودەم)ە، لە دیوانەکانمدا بڵاوکراوەتەوە.

رووباری فرات، لەوەتی ئینسان هەبووە، فراتیش هەبووە، فرات هەموو شارستانیەتە کۆنەکانی دیوە. لە ئەدەبی جیهانیدا کەسێکی وەکو (گووتە) چەند باسی فرات ئەکات، هەروەها فرات، رووبارێکی زیندووە، پەیوەندی بە داستان و بەیتە کۆنەکانەوە هەیە، پەیوەندی بەو شارستانیەتانە بووە کە لەو دەوربەری ئەو ئاوانە دروستبوون.

**شێرزاد هەینی: گرنگی فرات لەوەدایە، لەناو ئەو بیابانەدا، ژیانی خوڵقاندووە، ژیانی جاویدکردووە، ئەو رووبارە زیندووە، چەند ژیانی لە تەنهایدا بە تۆ داوە ...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من ماوەیەکی زۆر لەوێ تەنهابووم، کە نەسرین و منداڵەکانیش هاتن، بۆیە زۆرجار ئەچووم، لە شوێنێکدا، جاری وا هەبوو، دائەنیشتم بە سەعات گوێم لە خوڕەی ئاوەکە ئەگرت، سەیری شەپۆلێکم ئەکرد، تەماشای قەڵبەزەیەکم ئەکرد، کە ئاوەکە دروستی ئەکردن، من بە خەیاڵ شتی ترم لێ دروست ئەکرد. لەسەر رووباری فرات (ناعور) زۆرە، لەبەرئەوەی ئاوەکە ئاستی لەسەر زەوی نزمترە، بۆیە ئەو ناعورانە ئاوەکەیان بەرز ئەکردەوە، ئەیانگەیاندە دەرەوە، بەو شێوەیە ئاویان دەگەیاندە ئاودێری."کاکە بەپێی بەرنامەی جگەرەکەم تێپەڕیشی کردووە، بەڵام قەیدی ناکات، وا ئەچمە دەرەوە لە باڵکۆنەکە جگەرەیەک ئەکێشم...!"

**مامۆستا شێرکۆ جگەرەکەی لە دەرەوە کێشاو گەڕایەوە.**

**شێرزاد هەینی: ئەگەر لە فراتەوە، بچینە سەر رووباری دجلە، لەوێ بیرەوەرییت هەیە، لەگەڵ دجلە، چۆن بوویت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ، ماوەیەکی زۆریش لە بەغدا، لە نزیک دجلەوە بووم. بەڵام فرات لەو شوێنانە وەک خۆی وابوو، رێرەوەکەی سروشتی بوو، لەوێ لە فراتدا من

فێری مەلە بووم، لەو رۆژەوە من مەلە ئەزانم. ئەوەی لە بەغدادی زۆر سەیرو شیاوی باس بوو، ژنت تێدا نەئەبینی، ئەگەر ژنییشت دیبووایە، تەنها چاوی ژنت ئەبینی، هیچ شوێنی تریان نەبوو.

**شێرزاد هەینی: دیارە لەو دەمانەش زۆر شەیدای دیتنی ژن بوویت، زۆر پێویستت بە ژن هەبووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بێگومان، لەو رۆژانەدا، لەو شێوەنانەدا ئینسان هەستی بە بوونی بۆشاییەکی گەورە ئەکرد، بۆشاییەک بۆ چاو، بۆشاییەک بۆ دڵ...! خۆی ناحیەیەکە لە کۆمەڵێک خانووی بڵاوو دوور لەیەک پێکهاتبوو، کە لەناو دارخورماکان ئەبینران. مەرکزی ناحیەکە حەوت هەشت دەقە بە پیادەیی ئەبوو، هەر لەسەر جادە گشتییەکە دووریز دووکانی لێبوو، ئەو شارۆچکەیە بۆ من سەرچاوەی دەوڵەمەندکردنی ئەزموونەکەشم بوو.

**شێرزاد هەینی: کە لەوێ نەمایت، جاریکی تر سەرت لە بەغدادی نەدایەوە؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نا نەخێر، بەڵام ئەو کوڕەی کە بۆت باس ئەکەم، مودیری ناحیەکە منی دۆزیەوە، ئێستا پەیوەندییمان زۆر باشە، پاش راپەرین پەیوەندییمان هەبووە، پاشانیش دوو جار لە سلێمانی لەگەڵ خزمەکانی مێوانی من بوون، پێش چەند مانگێک هاتنەوە بۆ سلێمانی، دیارە ژنی هێنابوو، لەگەڵ ژنەکەی هاتنەوە، کە لە بەغدادی بوو، ژنی نەبوو، من هەوڵێکیشم لە نووسینگەی کۆماری (مام جەلال)ەوە بۆ داوە، کە شتێکی بۆ بکەن. من هەرگیز رووی ئەوەم نییە، بۆ خۆم داوای شت بکەم، بەڵام بۆ ئەوم کردووەو، رەنگە مووچەیەکی بۆ ببڕنەوە. ئەو ئێستا لە (دجیل) ئەژی. من زۆر حەز ئەکەم ئەو چاکەیەی ئەو ئاوڕێکی لێبدەمەوە. لەوێ پیاوێک بەردەستی ئەکردین ناوی (خلف)بوو، لەشوێنی وادا وەخت زۆرە، بۆیە لەگەڵ ئەویش قسەمان ئەکرد، لە چایخانەکەش کە تەنها تشریبیان هەبوو، بەراستی تشریبێکی خۆشیش بوو.

**شێرزاد هەینی: دیارە تەشریبەکە بۆیە زۆر خۆش بووە، چونکە لادییە عەرەبەکان، نانی زۆر خۆش بە سعفی دارخورما دەبرژێنن، نانەکەی باش بووە...!**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ، نانەکەیان یەکێک بوو لە نانە هەرە خۆشەکان! من کۆمەڵە شیعرێکم هەیە، کە پەیوەندی بە بەغدادییەوە هەیە، بۆ نمونەی ئەو هەڵبەستەی بۆ (هەڵبەست)ی کچم نووسیومە، ئەوسا تەمەنی 11 ساڵ بوو، شیعری ترم هەیە کە باس لە دیمەنەکانی ناو بەغدادی ئەکەم.

**شێرزاد هەینی: لەوێ سواری بەلەمە باریکەکان بوویت، نەترساویت..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ...! نەترساوم، ئەگەرچی زۆر تەنگ و بچووکە، دیارە ئینسان یەکەمجار سڵ ئەکاتەوە، بەڵام کە راهاتیت، زۆر ئاساییە. ئێمە لەهەموو پەڕینەوەیەک بۆ ئەوبەری فرات، ئەبێ بەوانەوە بێت.

که گەڕامەوە سلێمانی هیچ تروسکاییەک نەبوو، تا ئەو دەمانەی که مفاوەزاتەکان کۆتایی هات، که من ناسرام، که زانرا جوامێر کێیە، منالّیش زانی جوامێر کێیە، من نەمویست خۆم بخەمە بن دەستی قەدەرێک که لە گرتن زیاتری تێدانەبێت، من که ئەو شاخانەم هەبێت، بۆ نەچم...! دیسانەوە ماڵ و منالّەکانم جێهێشتەوە، رووم لە شاخ کردەوە.

**شێرزاد هەینی: مامۆستا که قەسیدەکانت ئەنارده دەرەوە، شانست هەبووە، یان زۆر زیرەکانەو بە دەستی زۆر ئەمیندا، رەوانەی شاخت کردوون، مەترسی تێدانەبوو.!؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەگەر زۆر بە دەستی ئەمین نەبووایە، من هەرگیز شتم نەناردووە، وەک لە شوێنێکیتر ئاماژەم پێکردووە، سەرەتا کاک (حەمەی حەمە باقی)یان، (نەجیبە ئەحمەد)ی هاوسەری بووە، هەروەها، ناوی (شەهاب عوسمان)بوە، دوایی خۆشی هاتەوە، تەحمولی نەکرد، ئەوانە ئەو دەستانە بوون، چاکم ئەزانی که بابەتەکانم راستەوخۆ ئەگاتە شوێنی خۆی. لە کۆتایی ساڵی 1983دا هێشتا وەزعەکه تەواو تێکنەچووبوو، من بەدزییەوە سەردانێکی دەرەوەشم کرد، لەوێ شەوێک لە بالیسان لەگەڵ (مام جەلال)و کاک (نەوشیروان)و برادەران ...لەگەڵ (رەئوف بێگەرد) بەیەکەوە چووین، لەوێش نووسەرەکانی شاخمان بۆ یەکەمجار بینی.

**شێرزاد هەینی: ئەو شیعرانەی که رەوانت ئەکرد، بە دەستخەتی خۆت بوون؟**

**شێرکۆ بێکەس:** هەمووی دەستخەتی خۆم بوون، بەراستی مغامرەبوو، بەڵام دەستەکان ئەمین بوون، دەستیان پاک بوو. باشترین بەڵگەش ئەوەبوو که هیچ رووی نەدا.

## (مـــام جـــەلال)

**شێرزاد هەینی: دیارە هەموومان شانازی بە سەرکردەیەکی وەک (مام جەلال) ئەکەین، که تێکۆشەرێکی ماندوو و خەباتگێرێکی دێرینە، ماوەی نزیکەی 60 ساڵ خەباتی بەردەوامی هەیە، ئێستاش سەرۆک کۆماری دەوڵەتی عیراقە، دیارە تۆ ماوەیەکی باشە، لەو پیاوە نزیکیت، کەی یەکترتان ناسی، پەیوەندییەکەتان چۆن بووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** پەیوەندی من لەگەڵ (مام جەلال) وەک مێژوو زۆر دوور نییە، ئەگەرێتەوە بۆ سەرەتای هەشتاکان، سەبارەت بە سیاسەت من هەرگیز لەسەر ئەو هێڵە نەبووم، که ئەو نوێنەرایەتی و رابەرایەتی کردووە، من لەگەڵ شۆرشی ئەیلولدا بووم، لەگەڵ هێلی بارزانی بووم، بۆ ئاگاداریشت، من لە کاتی خۆییدا شیعرێکم

نووسیبوو، به ناوی (شارەکەم)، کە لە دیوانی یەکەمدا لە تریفەی هەڵبەست بڵاوکراوەتەوە، من ئەو شیعرەم دژی ئەوان نووسی، کە لە بەغدا بەسەردان هاتمەوە سلێمانی ئەوان منیان گرت، کە منیان بردە بارەگەکەیان لە (بەکرەجۆ)، نزیکەی دە رۆژێک لەوی مامەوە، (حلمی عەلی شەریف)و (عەلی عەسکەری) خوایان لێخۆشبێت، لەوێ بوون، دوایی کورێکی خزمی خۆمان بووە کەفیلم و ئازادیانکردم. ئەگەر لەبەر پەیوەندییە کۆنەکەمان بە بنەماڵەی (برایم ئەحمەد) نەبووایە، رەنگە بە جۆرێکیتر ئەزیەتیان ئەدام، پاشان دایکم و، خاڵم کەوتنە ناو مەسەلەکە، بەکورتی مەبەستم ئەوەیە، لە دوای هەرەس و شکستی شۆرشی ئەیلول، من رەخنەی تەواوم لە سەرکردایەتی شۆرش هەبوو، کە ئەو میللەتەیان جێهێشت، بەلام مەسەلەی هەڵسانەوەی شۆرشەکە راستەوخۆ پەیوەندی بە یەکێتی نیشتیمانییەوە هەبوو.

**شێرزاد هەینی: کەواتە تۆ لە رێکخستنەکانی سەرەتای حەفتاکانی (کۆمەڵە)، ئاگادار نەبوویت، نەتئەزانی بزاڤێک هەیە، کەست لەو رێکخستنە نهێنیە نەدەناسی؟**

**شێرکۆ بێکەس:**من ئەو کاتە دوورخرابوومەوە ئەمبیست شتێ هەیە، بەڵام دوورو نزیک پەیوەندییم بەوانەوە نەبوو، ئاگاداریان نەبووم. ئەوەی زیاتر بۆ من جێگەی راچلەکینێک بوو، مەسەلەی دروستبوونەوەی شۆرش بوو، من لەوێیەوە یەکێتی نیشتیمانی و (مام جەلال)م ناسی، من وەک شاعیر سەیری کۆمەڵەو پێشمەرگەم کردووە، من وەک جۆرێک لە پاڵەوانی داستانەکان تەماشام کردوون، نەک وەک ئەوەی ئەوانە مارکسیی و لینینیە، یان پەیرەوی کام ئایدیۆلۆژیا ئەکەن وا سەیری پێشمەرگەم نەکردووە.

(مام جەلال) هەموو جارێک ئەیوت، من وامزانیبوو، کە ئەدیب و شاعیرانی کورد، بە هیچ شێوەیەک ئاگایان لەم شۆرش و هەستانەوەیە نییە، تا شیعرەکانی ئەو پیاوەم نەدیبوو، ئەوسا زانیم، نەخێر شاعیرو نووسەر هەیە کە زۆر باش ئاگایان لەم قۆناغەیە.

**شێرزاد هەینی: لەو سەردانە نهێنیەی کە (مام جەلال) تان بینی، ئەو جارە شەهید (عبدالخالق معروف)تان لەگەڵدابوو، بەیەکەوە چوون، چونکە وا ئەزانم ئەویش سەردانێکی کردبوو...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نەخێر ئەومان لەگەل نەبوو بەلام ئەگەر ئەو تیرۆر نەکرابووایە، پاش دوو رۆژی تر ئەهاتە دەرەوە، کە تیرۆرکرا، من لە دەرەوەبووم، ئێمە چلەکەمان لە گوندی (سێروان) بۆ کرد. من یەک دوو جاری تر، (مام جەلال)م بینیبوو، بەڵام تێکەڵاوییم لەگەڵیدا نەبووە، لەبەرئەوەی لەسەردمی باوکم تێکەڵاویمان لەگەڵ ماڵی مامۆستا برایم ئەحمەد هەبووە، بۆ نمونە جارێکیان بۆ سەردانی مامۆستا چووبوم، (مام جەلال)م دی، لەوێ دانیشتبوو رۆژنامەیەکی بەدەستەوە بوو، دەیخوێندەوە، هەروام

دیبوو. یەکترمان بە هۆی ئالوگۆری نامەوە ناسی، پاشان لەو دیدارەدا یەکترمان بینی، ئەو شەوە لەژێر چادرێکدا بەیەکەوەش ماینەوە، لەو دانیشتنەدا وتی، شتێک هەیە ئەیڵێم، هەر چەند ئەزانم داواکە سەیرە، ئەویش ئەوەیە ئەبێ ئێمە سروودێکمان هەبێت، من نازانم ئەوە چۆن ئەبێت. منیش وتم باشە، بەڵام ناتوانم بەڵێن بدەم، بەڵام من هەولی بۆ ئەدەم، ئەوەبوو پاش ماوەیەک سروودەکەم دا...نا.! نا ..! کە من چووم سروودەکەم نوسیبوو، ئەو زووتر داوای کردبوو، لەگەڵ (رەئوف بێگەرد)دا چووم سروودەکەم لە گیرفاندابوو.کە شیعرەکەی بینی، لە خۆشیا، وتی نازانم چی بڵێم، بۆیەش وتی ئەبێ ئەو شیعرە بدرێتە ئاوازدانەرەکانمان، دەبێ کاری لەسەر بکەن، ئەو دەمانە ناوی کەس نەهات، وا بزانم ئەوانەی لە شاخیش بوون، نەیانکرد، بۆ؟! نازانم ...! تەنها هونەرمەندێ لە شارداو بەنهێنی کە ئەوەی کرد، (ئەنوەر قەرەداغی)بووە. هەموو جارێ کە (مام جەلال)، (ئەنوەر قەرەداغی) ئەبینێت، من دوو سێ جار ئاگاداربووم، دەنکی هەڵبریوەو وتوویەتی: لە رۆژگارێکی زۆر سەختدا، ئەم پیاوە ئاوازەکەی بۆ سروودی مەشخەڵان دانا.

**شێرزاد هەینی: تۆ داوات نەکرد، یان کەست دەستنیشان نەکرد، تا ئاوازێک بۆشیعرەکەت دانێن، مەرجت نەبوو بۆ ئاوازی سروودەکە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نا... نا... پەیوەندی بە منەوە نەما. سەبارەت پەیوەندییم بە (مام جەلال)ەوە، پێش (بەرگەلوو)و (سەرگەلوو)، لە ناوچەی (مەرگە)و (سێروان)و (ئاوەژێ)، کە ماڵی (مام جەلال)یش لەوێ بوو، برادەرانی مەکتەبی عەسکەری لەوێ بوون، منیش لەوێ ژوورێکم وەرگرتبوو. لەو ماوەیەدا هەر کەسێک هاتبێت بۆ لای (مام جەلال)، سیاسەتمدار، یان بێگانەکان، هەتا عەرەبەکان، یان کوردەکانی ئەودیو، ئەینارد بە شوێن منیشدا، تێکەڵاویمان زۆربوو، قسەمان زۆربوو، لەو ماوەیەدا من زۆرتر لە کەسایەتی ئەو گەیشتم، **پیاوێکی سیاسیو قانونیو نوسەرو رۆژنامەوانیش بووە. تەمەنێکی دوورو درێژی لەخاباتو تێکۆشاندا چ لەشاخو، چ لەدەرەوەی وڵات بووە. ئەوەندەی من لەنزیکەوە ناسیبێتم. هەناسەی درێژەو بێتاقەت نابێت. دبلۆماتە. ئەزانێ چۆن پارسەنگی سیاسیو کۆمەڵایەتی رائەگرێ. بۆ بزوتنەوەی ئەدەبیو هونەریو یارمەتی نوسەران دەوری لەبەرچاوی هەبووە. درەنگ تورەبوونێکی هەیە. لەرەشەبای سلێمانی ئەچێت!. لێبوردنی زۆرەو بەڵام لێپرسینەوەو موحاسەبەی کەمترە. دڵی لەدڵی منداڵ ئەچێو رقو کینەی تێدا نییە. قسە خۆشو دەست رەنگینە. هەندێ جار لێدوانی سیاسی بەپەلەی هەیە. کەسەر ئەنجام باش ناکەوێتەوە. هەندێ جاریش موجامەلەی**

سیاسی لەگەڵ پیاوە خوێن تاڵەکاندا لەسنور بەدەرە. بەردەوام گەشبینە وەك وتراوە لەچلەی زستان بەهار ئەهێنێتە چۆکەوە!. ئەو وەختەی رەخنەی لێدەگیرێت تارادەیەك کەم چیکلانەیە. لەموحاسەبە کردندا لەپێشدا زۆر بەگەرمی ئەچێتە پێشەوە بەڵام دواتر سارد ئەبێتەوە. نازانم چۆن سیاسەتی ناوەڕاستی شەستەکانی خۆی هەڵئەسەنگێنێ بەباشی یان خراپ؟! نازانم چونکە لەم روەوە هیچی وام لێنەبیستوە. یەکێکە لەو سەرکردە سیاسیانەی لەدەمێکەوە رۆژانە بیرەوەری خۆی ئەنوسێتەوە کەئەمەش خاڵێکی زۆر پۆزتیڤە لەژیانی ئەودا بۆ پاشە رۆژیش ئەو بیرەوەریانە ئەبنە سەرچاوەیەکی ئیجگار بەنرخی مێژوویی‌و سیاسی نەتەوەیی ئێمە. مام جەلال بۆ هاورێ‌و نزیکەکانی خۆی بەوەفایەو چی لەدەست بێ بۆیان ئەکات. ئەو دەمەی باس لەوە ئەکرا کەئەبێتە سەرۆك کۆمار من لەگەڵدا نەبووم. من مانەوەی ئەوم لەکوردستان پێ باشتر بوو. بەکورتی لەم قۆناغەداو بۆ کورد بەبێ مام جەلال کارناکرێ. دیارە لەم پلەو پایەیەی ئیستەیدا وەك سەرۆك کۆمار، ئەو ناتوانێ، بەتەنها کوردبێ‌و کوردایەتی بکات. ئەبێت ئاگای لەهەموو پێکهاتەکانی ناو عیراق بێت: ئەمەش ئەرکێکی ئاسان نییەو تابڵێی گرانە. هەر چەندە مانو نەمانی تەمەنی هەر یەکێکمان لەدەست خودایە بەڵام پێویستە لەئێستەوە لەباردۆخێکی وائاڵۆزدا چ مام جەلال خۆی‌و چ سەرکردەیەکی یەکێتی بەجیدی بیر لەوە بکەنەوە کەمردن هات شەرم لەکەس ناکات، بۆیە پێویستە نەهێڵێ لەو پاشەرۆژەدا زریانی کارەساتی کەرت کەرت بوون‌و وردوخاش بوون رووبدات‌و ئەو بۆشاییە بە هێزێکی کەسایەتی ناو یەکێتی پڕبکرێتەوە. حەزیش ئەکەم لێرەدا ئەوەبڵێم لەکاتی پێویستدا چ رووبەڕوو بووبێ چ بەنامە رەخنەی خۆم لە "ی. ن. ك" گرتووە. بەتایبەت لەوەختی شەڕی ناوخۆدا ساڵی 1996-1997 هەروەها لەدوای سوتاندنی مۆنۆمێنتەکەی هەڵەبجە یاداشتێکی دووروودرێژم بۆ نوسیبوون‌و کاك نەوشیروان مستەفا خۆی کۆپیکرد بوەوەو دابوویە هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی. لەجاری یەکەمیشدا لەئەورووپاوە نامەیەکم بۆ ناردبوون. نامەیەکی زۆر توند، رۆژگاری شەڕەکانی نێوان پارتی‌و یەکێتی وەختی هاتنە ناوەوەی هێزەکانی تورکیاو ئەو کاتەیش مام جەلال خۆی دابووی بەئەندامانی مەکتەبی سیاسی. لەراستیدا ئینسان هەرچەند جاری قسە ئەکات بەڵام کەگوێی لێنەگیرا ناچار ئیتر بێدەنگ ئەبێ! خۆشەویستی مام جەلال لەناو خەڵکیدا بەتایبەتی بۆ ئەو کاتانە ئەگەڕێتەوە کەلەتاریکترین رۆژگاردا گەڕایەوە بۆ

**کوردستان ئەو کاتانە ئەڵێم کەبەعس دەستی گەیشتبووە دوا نوختەی سەر سنورەکان. دووژمنانو پیاوی بوودەڵەو ئاژاوەگێڕیش لەناو ئێمەدا کەم بن بۆ ئەوەی نەهێڵن ئەو یەك ریزیو تەباییەی ناو خۆیان سەرنەگرێت. دیارە من بۆخۆم ئەو ئاشتیو تەباییو رێککەتنەی نێوان یەکێتیو پارتی، نێوان مام جەلالو کاك مسعود لەم رۆژگارەدا بەهۆیەکی گەورەی ئارامیو ئاسایشی کوردستانو بەشورەیەکی قایمی بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان ئەزانم.**

**شێرزاد هەینی: لەگەڵ (مام جەلال)، باسی شیعرتان کردووە.؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەو یەکێکە لەوانەی کە شیعر دۆستە، یەکێکە لەوانەی لە ئەدەبی عەرەبیش، شارەزایە، ئەتوانم بڵێم زۆربەی شیعرەکانی شاعیری گەورەی عەرەب (جواهیری) لەبەرە، چونکە ئەو خۆی بەو شاعیرە معجیب بووە، لە نزیکیشەوە ناسیوویەتی. بەو شێوەیە تێکەڵاوبوونەکان زۆربوون، بەتایبەتی ئەو وەختەی لە گوندی (یاخسەمەر)بوو، ئێمەش لە (بەرگەلوو)بووین، گەلێ جار خۆی ئەینارد بە شوێنمدا، هەر جارێک بۆ لای ئێمە هاتبێت سەردانی منی کردووە. ئەو لەوێ کتێبخانەی هەبووە، چونکە ئەو لە هەر شوێنیک بووبێت، لە شاخ بووبێت، لەهەر سەردەمێکدا بووبێت، کتێبخانەی خۆی هەبووە، کتێبمان لە لای ئەو ئەبرد.

ناسینێکی تری گرینگی (مام جەلال)، ئێمە لە دۆڵی جافایەتی بوو، حزبی دیموکراتیش هەر لەو دۆڵەبوون، هەموو مانگێ (مام جەلال) کردبووی بە بەرنامە، سەردانی شەهید (عبدالرحمن قاسملو)ی ئەکرد، لەو سەردانانەدا پێنج شەش کەسی هەڵئەبژارد، کە حەزی ئەکرد لەگەڵیدا بن، من یەکێک بووم لەوانە، هەروەها (یوسف زۆزانی)، (جەمال ئاغا)، (هیرۆ خان)، چەند جارێک (خەسرۆ خاڵ). ئەو دانیشتنانە یادگاری خۆش بوون، قسەی خۆش و خواردن و خواردنەوەی تێدابوو، بەتایبەتی کە ئەو دووانە ئەگەیشتنە یەک، ئیتر ئەبوو بەگاڵتەوگەپ و قسەی خۆش، یادگاری زۆریان هەبوو ئەیانگێرایەوە، قاسملۆش پیاوێکی رووناکبیرو زیرەک بوو.

**شێرزاد هەینی: چەند جار تۆ لەو دانیشتنانەدا لەگەڵ (قاسملو) دانیشتوویت؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من بێجگە لەوەش زۆرجار لەگەڵ ئەو دیمانەمان بووە، یەک دوو مانگ پێش ئەوەی تیرۆر بکرێت، من لە پاریس کۆڕم هەبوو، خۆی ئەو رۆژە نەیتوانیبوو بێتە کۆڕەکە، چەند گەنجێکی ناردبوو، بۆ شەویش ئێمەی لە دەفتەری سیاسی لە پاریس داوەتکرد.

**شێرزاد هەینی: (مام جەلال)و (قاسملۆ)، لە زۆر شت لەیەک نزیکبوون، لە چی لەیەک دووربوون...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** هەردووکیان چاوی یەکتریان ئەخویندەوە، کە باسی کۆمەڵەی ئیرانیان ئەکرد، بە ئامادەبوونی مام جەلال خۆی هەمووجار (قاسملو) ئەیووت، کۆمەڵەکەی (مام جەلال)...! بۆ گاڵتەبوو بەڵام بەراستیشی بوو، واتە مام دروستی کردووە، ئەو کاتە  نێوان کۆمەڵەو دیموکرات ناخۆش بوو.

**شێرزاد هەینی: کامیان لە کاری سیاسییان دیموکراتی تر بوون...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** لەلای ئێمە ئەو دیموکراتیەتە سەیرە، تا ئەگاتە سەر خۆیان، هەموو سەرکردە سیاسیەکان بە کۆن و تازەیانەوە ئەوسا، ئیتر دیموکراتیەکە کاڵ ئەبێتەوە یان نامینێت.

**شێرزاد هەینی: ئەوەندەی تۆ لە نزیکەوە شارەزای (مام جەلال)یت، حەزت دەکرد، کام لایەنی هەڵسوکەوت و بەرنامەی نەبووایە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** (مام جەلال) خۆی پێراناگیری! هەندێ جار دەست ئەخاتە کاروباری ئیدارەو حەرەسەکانیشەوە مەبەست ئەو ئیشانەیە کەکاری ئەو نیین، ئەمە بەشێکە لە سروشتی کەسایەتی خۆی.

**شێرزاد هەینی: روویداوە لەگەڵ تۆدا تووڕە بووبێت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** لە زۆر کەس تووره بووە، بەڵام هەرگیز لەگەڵ من تووڕە نەبووە. خۆمنیش بەردەوام لەگەڵیدا نەبووم لە بۆنە یان میوانداریدا نەبێ، (مام جەلال) پیاوێکی ئازایشە لە گەرمەی بۆردومان و شەڕو شۆردا نەترساوەو لێڵیش نەبووە. لە گفتوگۆی نێوان شۆرش و حکومەتدا دوای قسەیەکی ساردی تاریق عەزیز، (مام جەلال)کاغەزەکانی بەردەمی گرمۆلە ئەکاو ئەیگریتە دەم و چاوی تاریق عەزیز.

ئێستا وەک هاوڕێیەک باسی (مام جەلال) ئەکەم، بە تەمەنیش چەند ساڵێکمان نێوانە، خواش هەڵناگرێ ئەویش وا سەیری منی کردووە، وەک شاعیرێکیش هەمیشە ریزی لە من گرتووە، (مام جەلال) و برادەران لە سەردەمی زۆر ناخۆشدا، ئاگایان لە خێزانەکەم بووە، ئەمانە وەفان، ئینسان ناتوانێ باسیان نەکات، هەر چەندە ئەوان قەت باسی ئەو شتانە ناکەن. من زۆر لەو نزیک بووم، تەنها ئەوە بووە من لە مەکتەبی سیاسییدا نەبووم، یان لە کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتیدا بەشدار نەبووم. ئێستا ناکەوێتەوە بیرم، ئەگەرنا لە دەیان بڕیاری گرینگیشدا پرسی بە من کردووە، بەتایبەتی لە مەسەلەی ئاشتبوونەوەی گشتی زۆر پرسی ئەکرد، لەو پرۆسەیەدا بەشێکی لە ڕووناکبیرانی نزیکی خستە ناو کارەکە، وەک (فەریدون دارتاش)و (محمد موکری)و(حەمەی حەمەباقی)و ... بە نوێنەریەوانی خۆی ئەیناردن، بۆ لای هەموو، حزبەکان..

سەبارەت بەو رەخنەو گلەیی و قسانەی خەڵکیش کە ئاراستەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئەکرێت، لەسەرووی هەموویانەوە پرسی گەندەڵی و

مشەخۆری و دزی و راوە رووت. ئەبوو مام زووتر فریای ئەم دیاردە بکوژانە بکەوی، لە لوتکەی هەرەمەکەوە دەستبکات بە پاککردنەوەو لابردن و لێپرسینەوە، لەراستیدا من ئەگەر لەخۆمەوە دەست پێنەکەم واتە هیچم نەکردووە.

****

**شێرزاد هەینی: هەر لەو ئینتەرڤیوەدا باست لەوە کردووە، تۆکە یەکەمجار لەشۆرشی ئەیلولدا چوویتە دەرەوە، بوویتە پێشمەرگە، لە ئیستگەکەیان کارتکردووە، باس لەو رۆژانە، هۆکارەکان، رەوشی ئەو دەمانە، کاری ئیستگەکەمان بۆ بکە.**

**شێرکۆ بێکەس:** من لەتەمەنی 25 ساڵیدا ، ئەو دەمانە لە ناو (کاژیک)دا بووم، من لە سەرەتای شێستەکان لە ئیشغاڵی سلێمانی فەرمانبەربووم بەیانیەکیان بەرێکەوت درەنگ چوومە دەوام، کە نزیک بوومەوە، پیاوێکی بەردەستمان هاتە پێشم و وتی هاتبوون بۆ گرتنت، مەچووە ژوورەوە، ئیتر من بە دزییەوەو پێنج شەش رۆژێک لە سلێمانی مامەوە، پاشان هەر لە رێگای (کاژیک)ەوە، لەگەل پێشمەرگەی شەهید (حمە عەلی فەرەج)دا، ئەو پێشمەرگەی ناوشاریان بوو، منی تا قەراخ شاربرد، ئیتر لەوێیەوە وتی، ئەوە رێگاو برۆ بۆ (سەرگەلوو)، کە گەیشتمە ئەوێ، لەوێ (نەوشیروان مەستی)ی لێبوو، ئەوسا گەنج بوو، لەوێ ئەفسەربوو، ئەو بەرپرسێکی سەربازییان بوو، وابزانم کوێخایەکی تریشی لێبوو، ناوەکەم بەبیرنەماوە، ئەوەیان جێگەی بڕوای خوالێخۆشبوو (بارزانی)بوو. ئەو دەمانە من گەنج بووم، نووسین و ئەو ئەزموونەم زۆر کەم بوو، من بەهۆی باوکمەوە ئەناسرام، وا بزانم لەوێ شەوێکیان مامەوە، ئیتر بەرەو (گەلاڵە)رۆیشتم، ماوەیەکی زۆر ئەبێ بچیتەوە ناو ئیران، لە دوای پردی (تەییت)ەوە. نامەیەکم لە (سەرگەلوو) پێبوو، تا بچم بۆ مەکتەبی تەتنفیزی، لە (گەڵی بەدران) لە ناو ریزە چیای (مامەرووتە)، گەڵییەکی زۆر سەختە، من لە قەسیدەیەکدا بە درێژی باسم کردووە، لە دیوانی (سرووده بەردینەکان)، لەوێ دکتۆر (مەحموود)م بینی، (حبیب حمە کەریم)ی لێبوو، ئەو وتی، بۆ ناچیتە لای (هەژار)و لەوێ (دەنگی پێشمەرگە)یان هەیە، رۆژنامەیەک بوو مانگانەبوو، منیش وتم باشە، (دکتۆر مەحموود) نامەیەکی دامێ، چووم بۆ دێی (لێوژێ) بۆ لای (هەژار)، (لێوژێ) دێیەکی زۆر خۆشە، ئەو دەمانە چاپخانەکەش لەوێ بوو کە (خەبات)یان پێ چاپ ئەکرد، کە چووم ژوورێکی گەورەبوو، دوو قەرەوێلەی تێدابوو، مامۆستا (هەژار) لەگەڵ کاک (سامی عبدالرحمن)ی لێبوو، پاشان کاک سامی پیاسەیەکی بچووکی لەگەڵدا کردم، لە بیرمە باسی باوکمی زۆرکرد، مامۆستا هەژاریش کە بەخێر هاتنی کردم منی نارده لای (مەلا گچکە)، تا شەو لەوێ بمینێمەوە، ئیتر من ئەوە

یەکەمجاربوو (مەلا گچکە) ببینم، ئەو دەمانە ئەو کاری تیماریشی ئەکرد، لە جێگەی دکتۆرێک بوو، لەو ناوچانە بۆ نەخۆشی فریای ئەو خەڵکە زۆر ئەکەوت، کە زانی من کوڕی بێکەسم زۆر ڕێزی گرتم، دەستی کرد بە خوێندنەوەی شیعرەکانی خۆی، ئەویش شاعیرێکی میللی بوو، لە شیعرەکانییدا رۆحێکی کوردایەتی بەرزی تێدابوو، لەبیرمە لە ژوورەکەیدا وێنەیەکی شێخ مەحموودی تێدا هەڵواسربوو، لە ژوورەکەی ئەو دوو سێ شەو مامەوە، لەو دوو سێ شەوەدا بۆ  گۆڤارەکەی (دەنگی پێشمەرگە) شتێکیشم نووسی، بردم بۆ لای مامۆستا هەژار، وابزانم پاشان بڵاویشکرایەوە. هەژار پێش ئەوەی بێتە لێوژێ، ئەو بەرپرسی رادێویەکەبوو، کە ئەو لەوێ نەمابوو، ئینجا مامۆستا (سالح یوسفی)یان کردبووە سەرپەرشتکاری ئیستگەکە، ئەو بە منی وت، بۆ ناچیتە ئیستگەکە، منیش وتم، باشە، لێوژێ لە شوێنی ئیستگە زۆر دوور نەبوو، هەمووی لەیەک ناوچەدابوون. بەرامبەر شاخی مامەرووتە، لەسەر گردێک ئەشکەوتێک هەبوو، ناوی ئەشکەوتی (سەردێمان)بوو، پڕ لە مارو پڕ لە دووپشک، بەم گردەوە لە دەوروبەری ئەشکەوتە قایمەکە کۆمەڵە ژووری بڵاو بڵاوی قووڕینیان دروستکردبوو.

کە چوومە لای مامۆستا (یوسفی)و، کە زانی من کوڕی بێکەسم زۆر ڕێزی گرتم، ئەویش خۆی پیاوێکی فریشتە ئاسابوو، لە هەمان رۆژدا هەموو کەسەکانی ئەوێم ناسی وەک: (عوسمان سەعید)، (جەلال عبدالرحمن)، (عوسمان عوزێری)، شەهید (عبدالخالق مەعروف)، (ئەمجەد)، (غالب)، (دڵشاد مەسرەف)، حسامی (هێدی) شاعیر، ئەو لەوێ ژوورێکی بچکۆلانەی هەبوو، من ئەچووم سەرم ئەدا، ئەو هەر خەریکی شیعرو نووسین بوو. لەرادیو ئەوانەی شتێکیان بنووسیبووایە ئەچوونە لای (ساڵح یوسفی)، بۆ ئەویان ئەخوێندەوە، ئەویش ئیمزایەکی لەسەر ئەکردو ئینجا ئەچووین، بۆ لای ئەشکەوتەکە، بۆ لای (عبدالخالق)، لەوێ تۆماریان ئەکرد، یان خۆت تۆمارت ئەکرد، تەسجیلێکی گەورەیان دانابوو. من لەوێ شتێکی سادەم بە ناوی (من پێشمەرگە)م نووسی، کەمێ حەماسەتی تێدابوو، کە ساڵح یوسفی بینی، زۆری لا خۆشبوو وتی، ئەمە چۆن ئەوەت نووسیوە، ئەبێ ئەمە بکرێت بە کرمانجی، بکرێت بە عەرەبی، منیش زۆرم پێ خۆش بوو.

لە ئیستگەکە کۆمەڵە ئامێری گەورە هەبوون، کارە هونەریەکان ئەندازیارەکان ئەیانکرد، لەوانە (عبدالخالق)و (ئەمجەد). لەو ئیستگەیە یەکەمجاربوو دەنگت بگاتە شوێنێک، بەڵام بەردەوام (هانی هانی) بۆ شێواندنی دەنگ هەبوو، ئەو شەپۆلانەی لە سەربوو، ئەوەش جۆرێک بوو لە خەمی روژانەمان، ئەبووایە یەکێک بەردەوام خەریکی ئەوە بێت لەسەر هانی هانییەکە لای بدات.

لەوێ من لە ژووریکدا بووم خوالێخشبوو (دڵشاد مەسرەف) بە ئیجازە رۆیشتبوو، منیان لە شوێنەکەی ئەو دانا، چوار تەنکەو کۆمەڵە داریکمان هێناو شوێنەکەم لەسەر ئەرزەکە بەرزکردەوە، هەر لەو ژوورەدا لە سەرەوە جێگەی بێژەری یەکەم خوالێخۆشبوو (عوسمان سەعید)بوو، مامۆستابوو خەڵکی سلێمانی بوو، دەنگێکی گەورەو باشی هەبوو، ئەو دەنگە بۆ ئەو کاتانە گرینگ بوو، لەو لاشەوە کاک (جەلال عبدالرحمن)، خەڵکی کەرکووک بوو، ژنبرای هونەرمەندو شاعیر (خالید دلێر)بوو، ئەو پیاوێکی زۆر هێمن و لەسەرخۆبوو، هەر لەوێش کاک (عوسمان عوزێری)یم ناسی.

****

## راوە دووپــشــک

دوو سێ رۆژبوو، من لەوێ بووم رۆژێکیان (عوسمان عوزێری) هاتە لام و وتی، تۆ ئەزانی راوە دووپشک بکەیت، منیش وڵامم دایەوەو وتم، راوە دووپشک چییە؟ ئەویش وتی با لێرە راوە دووپشک هەیە، وەرە با فێرت بکەم، دەستی دایە مەسینەیەک ئاوو تەماشای ئەرزەکەی ئەکردو لە کونەکان ئەگەڕا، تا کونێکی خڕێ لا خوراووی دۆزییەوە، تۆزێ ئاوی لە کونەکە ئەکرد، پاشان گیایەک هەبوو، سەرەکەی راکێشاو لاسکەکەی ئەبردە ناو ژووری کونەکە، کە هەستت ئەکرد دووپشکەکە لاسکەکەی گرتووە، تۆ نەرم نەرم راتئەکێشا، تا دووپشکەکە دەهاتە دەرەوەو تۆش پێت پیائەنا. زۆرجاریش ئێواران خۆمان بەوە سەرقاڵ ئەکرد.

من لەوێ ماوە ماوە وتارو پەخشانم ئەنووسی، لەو دەمانەدا مامۆستا (سەعید ناکام)یش لەوێ بوو، من دوایی زانیم، ئەو دەمانە ئەو خەریکی نووسینی رۆمانی (ئاگری بن کا)بوو، کە پاشان لە بەغدا خەڵاتکرا، جا نازانم چاپکرا، یان نا...

یەکەم بۆردمانی تەیارەش من لەوێ بینیم، لەوێ سێجار بۆردوومان کراین، هەر لەوێش بۆ یەکەمجار رەحمەتی (مەلا مەستەفا)م لە نزیکەوە بینی، هاتنەکەی بۆ لامان کتوپڕبوو، دیتن و دانیشتن لەگەڵ ئەودا، وەک خەوێک وابوو، لەو سەردانەیدا مودیری ناحیەی ئەو کاتەی گەڵاڵەی لەگەڵدابوو کە (ئەحمەد شاڵی) بوو، خەڵکی سلێمانی بوو. ئێمە چەند کورسییەکمان هەبوو، کورسییەکانمان هێنا، ئەو وتی، من کورسیم ناوێ، لە بن درەختێک دانیشت، پێش ئەوەی لەژێر درەختەکە دانیشێت مامۆستا (ساڵح یوسفی) یەکە یەکە ئێمەی بەو ناساند، هەمووومان بەرێزەو لە (عوسمان سەعید)ەوە دەستی پێکرد تاگەیشتە سەر من و (جەلیل فەیلی) کە ئێمە لە تەمەنێکدا بووین، ئەو خزمی (حبیب حمە کەریم)بوو، لە بەغداوە هاتبوو، کوڕێکی

ئەسمەری قۆزبوو، ئەو بەرنامەیەکی عەرەبی هەبوو، بە زمانی سادەی شەعبی عەرەبی قسەی بۆ عەسکەری عەرەب ئەکرد تا واز لە سوپا بهێنن و شەڕی کورد نەکەن، شتێ لەو بابەتانە، من لێرە ئەوەستم، چونکە شتێکی گرینگ هەیە باسی ئەکەم، تەواوی ئەم قسانەی ئەیانکەم بەر لە چەند ساڵ لەسەری رەش بۆ کاک(مەسعود) گێراوەتەوە، ئێستا من چیت بۆ ئەگێرمەوە، ئەوەشم بۆ ئەو گێڕاوەتەوە، ئەو (جەلیل فەیلی)یە ئێستاش لەگەڵ پارتییدایە، شەوانە بەردەوام کە ناوی (بارزانی)یمان ئەهێنا، هەر ئەیووت مامۆستا، ئێمەش پێمان ئەوت وا مەڵێ، بە (مەلا مەستەفا) مەڵێ مامۆستا، ئەویش ئەیووت، بۆ ...؟ ئێمەش ئەمانوت، کاکە (مەلا مەستەفا) پێی ناخۆشە پێی بڵێت مامۆستا، بەردەوام ئەو قسەمان پێئەوت، بەلام ئەو ئەیوت کورە ئینجا ئێمە لە کوێ مەلا مستەفا ئەبینین، تا هاتە سەر ئەو دیمانەیە، کە نۆرە هاتە سەر من (ساڵح یوسفی) منی پێشکەشکردو وتی، ئەوە کوڕی (فائیق بێکەس)ە، (مەلا مەستەفا) زۆری پێخۆشبوو، وتی باوکی ئەو کوڕە زۆر نیشتیمانپەروەربوو، لە سلێمانیش هاوڕێی من بوو، دوایی بۆتان ئەگێرمەوە، هاتە سەر (جەلیل)، یەکسەر جەلیل وتی مامۆستا بەخێربێیت، ئەویش وتی:

یاخوا بەخێر نێم، ئیتر زۆری قسە کردو.....

جەلیلیان دوورخستەوە، یەک دەقەی پێنەچوو، سەری هێنایەوە پێشەوەو وتی، مامۆستا عەفوم کە، لەگەڵ تووڕەبوونەکەی خۆشی پێکەنینی هات.!

دوو رۆژبوو تەیارەکەی (عبدالسلام عارف) کەوتبووە خوارەوەو کە ئەوەی تێدا لەناوچوو، کە بۆ کاک (مەسعود)م ئەگێڕایەوە، ئەو رۆژەکەی ئەزانی، مێژووی کەوتنی فڕۆکەکەی سەرۆکی کۆماری عیراقی وتەوە. ئەو بەروارەکەی ئەزانی.

ئێمە لەوێ شوێنەکەمان ئاشکرا نەبووبوو، هێشتا فرۆکەمان نەهاتبووە سەر، بەردەوام ئەیانووت، ئاگر مەکەنەوە، دووکەڵ کەشفمان ئەکات، رۆژێکیان ئاگرێک کرابۆوە، ئێوارەیەک تەیارەکان هاتن و نزم بوون و ئێمەیان دۆزیەوە، بۆ بەیانی من لە گردەکە دابەزیبووم، گەیشتمە ناوەراستی شوینەکەمان، تەیارەی (هەنتەر) هات، دەستیان بە بۆردوومانکرد، یەکەم جاربوو ترسم گەیشتێ، خۆم بەعەردەکەوە نوساندبوو دڵم تەپە تەپی بوو. بیرمە هەر ئەو رۆژە پارچە بەردی دابووی لەناوچەوانی مامۆستا قونجاندبووی و خوێنی پێدا ئەهاتەخوارەوە بۆ بەیانی ئەمجارە چەند تەیارە هاتنەوە، ناوچەکەیان بۆردوومان کرد، لەو سەر بۆ ئەم سەر، ژوورەکانیان هەموو خاپوورکرد، بەڵام کاریگەری لەسەر ئەشکەوتەکە نەبوو، پاش بۆردوومانەکە پەخشی ئیستگەکەمان نەما، بۆیە مۆڵەتیان بۆ کردین، هەر کەسێ بۆ لایەک رۆیشتین، من بۆ (ماوەت) بۆ سەردانی مامۆستا (فەرەیدون عەلی ئەمین)ی خزمم رۆیشتم، ئێستاش لەبیرمە مامۆستا (ساڵح یوسفی) لەبەر رووناکی ئەو ئاگرەی

که کەوتبۆوە، نامەیەکی وا بزانم بۆ (عەبدولی سوران)بوو، بۆ من نووسی. منیش ماوەیەک لە (ماوەت) مامەوە، کە گەڕامەوە ئیستگەکەیان بردبووە ناوچەی (حاجی ئۆمەران)، ئیتر پاش ماوەیەک گفتوگۆی 29ی حوزەیرانی ساڵی 1966 (ئەو ڕێکەوتنە بە ریکەوتنی 29ی حوزیران ناسرا، سەرکردایەتی شۆرش بە سەرۆکایەتی مەلا مەستەفای رەحمەتی و حکومەتی عیراقی لەسەر چەند بڕگەیەک ریکەوتن، وەک گەڕانەوەی ئاسایش و هێمنی و وەستانی شەڕەکان و بەشداری کوردەکان لە دەسەڵاتی مەرکەزی لە بەغداو دانانی کەسانی کورد لە شارەکانی کە زۆرینەی کوردن و گەرانەوەی ئەوانەی لە سەر کارەکانیان دەرکرابوون، داننان بە مافەکانی میللەتی کورد لە دەستورو خوێندنی کوردی لە پەروەردەو ..... شێرزاد)، هاتە پێشەوە، وەفدی حکومەتی عیراقی بە هیلکۆپتەر هاتن، ریکەوتن بوو، ئێمەش هاتینە خوارەوە، لەگەڵ (دڵشاد مەسرەف) بە (گەلی عەلی بەگ)ەوە هاتینەوە هەولێر، لەوێ بۆ سلێمانی، لەوێشەوە داوایانکرد بچینەوە بەغدا، وتمان بۆ، وتیان لەوێ رۆژنامەی (برایی) دەردەچێ، کە پاشکۆی رۆژنامەی (التاخی)بوو، پاشان ناوەکەی گۆڕا بە (برایەتی)، رۆژنامەیەکی هەفتانەبوو سەرپەرشتکارو نووسەری یەکەمی (رەفیق چالاک)بوو، لەو ماوەیەدا بەشە عەرەبیەکەش سەرپەرشتکارەکەی مامۆستا (ساڵح یوسفی)بوو، رۆژانەبوو، کۆمەڵێک نووسەری گەورەی عەرەبیش کاریان تێدا ئەکرد، (رشدی العامل)ی شاعیر یەکێک بوو لەوانەی بەشە ئەدەبیەکانی بەڕێوەئەبرد.

**شێرزاد هەینی: با بگەڕێنەوە ئیستگەکە، خواردن و پاسەوانی و ژیانی رۆژانەت چۆن بوو...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ژنێک و مێردێک خەڵکی ئەو گوندانەبوون، نانیان بۆ ئەکردین، جاروباریش خواردنیان ئامادە ئەکرد، ئێمە ژمارەمان نەئەگەیشتە سی کەس، رۆژانە ژنەکە نانی ئەکرد، هەندێ جاریش دوو مەنجەڵێش لێئەنرا، بەتایبەتی فاسۆلیاو برنج، بەڵام بێ گۆشت، ساوەریشمان ئەخوارد، بەڵام گۆشتەکە ناوبەناوبوو، مانگانە 300 تا 350 فلسمان هەبوو کە وەرمانئەگرت، ئەچووینە (گەڵاڵە) لەوێ توتنم پێئەکڕی، سابوونمان ئەکڕی، هەر ئەو ژن و مێردە خۆیان ئاویان بۆ سەرئەخستین، لە خوارەوە کانی هەبوو، بە تەنکە ئاویان بۆ ئەهێنایین، ئێمەش خۆمان ئێواران هێلکەو رۆنێکمان ئەکرد، ئیتر شتێکمان گلدابووەوە. بەرێگای سەعاتە ریێەک ئەگەیشتینە گەڵاڵە، من پاش راپەرین سەردانێکی ئەشکەوتی "سەردێمان"م کردەوە، ئەوسا لەوێ بەهەمموومان چەند کتێبێکمان هەبوو، بەڵام بە زۆری خەریکی رادیۆ بووین، گوێمان لە (بی بی سی)و رادیۆی ئیسرائیل ئەگرت.

**شێرزاد هەینی: مامۆستا (ساڵح یوسفی)، نووسینی کوردییەکەی باش بوو.؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بە کوردی ئەینووسی، شیعری (شەبا دجلە)، شیعری ئەوە کە لەکاتی خۆییدا لە گۆڤاری گلاوێژدا بڵاوبوویەتەوە، جا زوو زوو پاش ئەو هەموو ساڵە ئەیووت، شیعری شەبا دجلە بڵاوبکەنەوە، ئێمەش ئەچووین بۆمان بڵاوئەکردەوە، تا بڵێیت پیاوێکی زۆر پاک بوو، من لە دوو سەردەمدا ناسیوومە، لە شاخ و لە بەغدا، فرِوفیل و درۆی نەبوو.

**شێرزاد هەینی: ئەو ماوەیەی لە بەغدا لە کێ دەژیان...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من لەگەڵ کورێکی خزمم شوقەیەکمان بەکرێ گرتبوو. من ئەو دەمانە وەزیفەکەم کاتب بوو، بەڵام نەگەڕابوومەوە سەر وەزیفە، (ساڵح یوسفی) بۆ گەڕانەوەی سەر وەزیفەکەم خۆی لەگەڵم هات بۆ لای وەزیری بەلەدیات، کارەکەیان بۆ کردم، ئەوەندە پیاوێکی سادەو چاک بوو. کە لە ژوورەکەی وەزیر هاتە دەرەوەو وتی، پاش دوو سێ رۆژی تر فەرمانی دامەزراندنەوەت دەردەچێت، منیان لە دائیرەی (ماء و مجاری کرادە) دانا، دائیرەیەکی قەرەباڵغ و هاتوچویەکی زۆری تێدابوو، لەوێش کارمکردووە، زۆر لە فەرمانبەرەکان بوونە هاورێم، ئێوارانیش لە رۆژنامەی (برایی) کارمان ئەکرد، لەوێش مووچەیەکمان هەبووە، نزیکەی 20 دینارێکمان وەرئەگرت، ئەو ماوەیە وەزعم باش بوو، یارمەتی ماڵەوەشم پێئەدا.

شوقەکەمان بەسەر شەقامی (رەشید)دا بوو، دوو ژوورو هۆڵێکمان بە دوو کەس بە حەوت دینار بەکرێ گرتبوو. لەو دەمانە لە بەغدا تێکەڵاوبووین، چ لەگەڵ ئەدیبە کوردەکان، یان عەرەبەکان، من یەکەم دیوانیشم لە بەغدا چاپکرد، لە چاپخانەی(سلمان الاعظمی) کە لەسەر ئەرکی خوالێخۆشبوو (فەهمی قەفتان)بوو. پاشان راژەکەم گواستەوە وەزارەتی شوون الشمال، لەو دەمانەی زانکۆی سلێمانی کرایەوە، من بریارمدا راژەکەم بگوازمەوە زانکۆی سلێمانی.

**شێرزاد هەینی: بۆ گفتوگۆیەکانی سەرکردایەتی کوردستان و حکومەتی عیراقی ئەوەندە درێژبوو تۆ لە بەغداو لە سلێمانی هەرمایتەوە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نا ... با بڵێن باڵی مەکتەبی سیاسی زانکۆکەیان کردەوە، من کە بەیانەکەی 29 حوزیران تێکچوو لەگەڵیان نەچوومەوە شاخ، من لە بەغدا مامەوە، هیچ کێشەیەکم نەبوو، کەسیش قسەی لەگەڵدا نەکردم، نەشگیرام، نەچوومەوە شاخ، لەسەر وەزیفەکەم مامەوە.

**شێرزاد هەینی: کە لە بەغدا مابوویتەوە پەیوەندییت بە شۆرش و سەرکردایەتی و راگەیاندنی بابڵێن مەلاییەکان مابوو، نامەیەک، یارمەتیەک، تۆ ماوەیەک لەگەڵیاندابوویت، لە بەغدا لە برایەتی لەگەڵ ئەوان کارتکردبوو، چییت لەگەڵ شۆرشدا مایەوە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من وەک ڕێبازەکەم، لەگەڵ ئەوان بووم، بەڵام هیچ پەیوەندییم نەمابوو، لە هیچ ڕێکخستنێک نەبووم سەر بەوان بێت. من پاش کاژێک کاری حزبیم نەکردووە، بەڵام بینین و بۆچوونی سیاسییم لەسەر مەسەلەیەک لەسەر حزبێک هەبووە.

**شێرزاد هەینی: پێش ڕێکەوتنامەی 11 ی ئازار، کە تۆ وەک ڕێباز سەر بەوان بوویت، بڵاوکراوەو نووسین، چییت دیبوو، چییان دەرکردووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من هیچی ئەوانم نەدیبووە، تا لە ساڵی 1975 لەو شۆرشە بڵاوکراوەیەک نەبوو، هیچیان دەرنەکرد، یەک دوو ژمارەی گۆڤاری نووسەری کورد دەرچوو، یەک دوو ژمارەی گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە دەرچوو، ئەویش بە کەمی...

**شێرزاد هەینی: چۆن ئەو سەردەمەی، لە نێوان یەکەم دەرچوونت بۆ شاخ و پاشان ئەزموونت لە برایی، پاش ڕێکەوتنامەی 11 ی ئازار، تا هەرەس. پێناسە دەکەیت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** باکگراوندی من سەرچاوەکەی کوردایەتی بووە، ئەوەیان یەکەم، دووەمیان من هەر لە منالییەوە لەبیرمە باوکم هەڵیئەستاندم و لێی ئەپرسیم،

**تۆ چییت...؟!**

**من کوردم.**

**خۆ ترسنۆک نیت...**

**نەخێر نەبەردم.**

من ئەو دەمانە تەمەنم پێنج شەش ساڵان بوو، ئەو سروودانەی لەکاتی ریزبوونی بەیانیان، وەکوو شاخی ڕەنگاورەنگ و... ئەی کوردینە... ئەی مەردینە ... ئەمانە بە بڕوای من گەرای یەکەم بوون بەرامبەر بە خۆشەویستی بە کوردو بە کوردستان، دووەمیان کەسایەتی (شێخ مەحموود)، لە ڕێگای ئەو کەسانەوە کە ئەمبینین، کە باسیان ئەکرد، شەڕی بەردە قارەمان و چۆن گیراو چۆن شەڕی کردو... شەڕی (ئاوباریک)و دادگایی کردنەکەی و چۆن مشکییەکەی داوە بەسەرو چاوی حاکمی ئینگلیزا، دوایی نەفیکردنی بۆ هیندستان، ئەمانە سەرەتاییەکان بوون کە ڕۆحی کوردایەتیان لەلای من دروستکردووە، هەر لەبەر ئەوەش بوو، کە یەکەمجار ڕووم کردە شاخ و ئەو ماوەیەی کە پەیوەندییم بە شۆرشی ئەیلول و کارەساتەکانەوە هەیە، وەک بە قووڵی برینێکی گەورەیان لە ناخی مندا دروستکرد، بەتایبەتی لە کەوتنەکەدا، لە هەمان کاتدا ئەزمووونی چوونە دەرەوەو تێکەڵاوبوونم بە خەڵکی لادێیەکان، کە زمانی کوردییان دەوڵەمەندکردم، لە نزیکەوە ئاگاداری ژیانی ئەو خەڵکە بووم، هەستم بە ژانی ئەو خەڵکە کرد، هەستم بە جوانی کێلگەکان کرد، لە جوانی شاخ، لە پڕێکا برسیەتی، ناو گوندێک، ئەمانە زیاتر کاریانکرد کە من زیاتر

چاوم بکرێتەوە، کە باشتر لە ژیانم بگەم، پێناسەیەکم هەبێ کە من چی بکەم، بۆ ئەو ڕێگایە، بۆ ڕێگایەکی تر نا... ئەو ڕۆژەش بۆم باس کردی، ئێمە لە تەمەنی هەژدە ساڵییدا لە سلێمانی کوردستانی بووین... بەشەکەی تر عیراقی بوون، ئەوانە باکگراوندبوون، بوونم لە کاژیکدا کە حزبێکی نەتەوەیی بوو.

**شێرزاد هەینی: هەر لەو ماوەیەدا چی لە مامۆستا (هەژار) فێربوویت؟**

**شێرکۆ بێکەس:** کە من لەوێ بووم ئێمە هاوڕێ نەبووین، زیاتر ئەو لە بەرپرسێک ئەچوو، تۆ هەموو کاتێک لەگەڵ ئەودا نەبوویت، لەگەڵ ئەو دانەنیشتیت، بەڵام یەکێک لەو شتانەی کە لە هەژارەوە فێربووم، مەسەلەی دارشتنی زمانی کوردی بوو، کە شتێکم ئەنووسی بۆی ڕاست ئەکردمەوەو، ئەیووت، ئاوا باشترە، کورد وا ئەڵێ... وا ئەنووسێت، ئەمانە لەو ڕۆژانە بۆ من شت بوون، ئەوە لە ساڵانی سەرەتای شێستەکان.

**شێرزاد هەینی: هەر لەو ماوەیەدا شەهید (عبدالخالق معروف) تان لەگەڵ بوو، لەو چی فێربوویت.**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەو زۆر هاوڕێم بوو، چونکە لە سەردەمی تردا بەیەکەوەبووین، من لە ئەشکەوتی سەردێمانەوە ئەیناسم، ئەو پیاوێک بوو هەمشە پێئەکەنی، ئەو لە ناخۆشترین ڕۆژدا دەم بە پێکەنین بوو، حەزی زۆر لە نوکتەو قسەی خۆش و بەزم بوو. ئەو پیاوێکی زۆر دەسترەنگین بوو، جاری وا هەبوو خۆی خواردنیشی ئامادە ئەکرد، لەهەموو شتێکدا شارەزابوو، لە میکانیک و لە ئەلکترۆن و لە ئەدەب و... لەو جۆرە پیاوانەبوو هەرگیز نائومیدیت لێوەی نەئەبینی، ڕۆحی زۆر سووک و زۆر شیرین بوو... ئەگەر سەردەم و زەمانێک لە یەکتری دوورخستینەوە، ئەگەرنا لەو ڕۆژانە هەر بەیەکەوە بووین .

**شێرزاد هەینی: لەو ماوەیەش لە سەیدا (ساڵح یوسفی) چی فێربوویت ..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** لەو پیاوە خەڵک فێری لێبووردن و هێمنی و هەڵنەچوون ئەبوون ئەوانەو خەڵکی تریش ئەهاتنە لامان، لەوانە لەبیرمە ماوەیەک (شەوکەت ئاکریی) لەلامان مایەوە، بە عەرەبی ئەینووسی. لە سەردەمانێکی ترا لەدوای گەڕانەوەی لە مۆسکۆ دکتۆر (عیزەدین مەستەفا ڕەسول)یش هات بۆ لامان، ئەویش بۆ بەشە عەرەبیەکەی ئیستگە وتاری ئەنووسی...

**شێرزاد هەینی: لەو ژن و مێردەی نانیان بۆ ئەو هەموو کەسە ئامادە دەکرد، چی لەوانە فێربوویت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** مەسەلەی فێربوون... نا، لەوانەوە ڕەنجدانی خەڵکی کوردستان فێربووم، ڕەنجی ئەوانم هەست پێکرد، ژنێک بە دوو سێ مناڵ و پیاوێک ڕەنجەکەیان بۆ ژیان مانای زۆربوو. ئەو ناوچەیە هێلی ڕەدووکەوتنی ژنانی لێیە، وەک باسیان

ئەکرد ئەو ژنە یەک و دووجار هەڵگیرابوو، ئەو هێلە تا ناوچەی موکریان درێژ ئەبێتەوە، کە ئینسان بە ئازادی خۆی کارێک ئەکات، بڕیارێک ئەدات، ئەوەش زۆر گرینگە، بە خۆشەویستی ئەڕوات و مێردیشی هەیە، نییەتی! لەوێ تۆڵەکردنەوەکە بە خوێن نییە، بە پارە شتەکە بە سولح کۆتایی دێت، من لە یەک دوو دانیشتنی ئاشبوونەوەدا بەشداریم کردووە، لە یەکێک لەو سولحانە لەبیرمە باوکی کچکە تووڕەببوو دەیووت، من بە سەد دینار نەبێ سولح ناکەم.! ئیتر خوێن و تۆڵە نەبوو. ئەو دوو کەسانە بەیەکەوە ئەرۆیشتن، بەرەو کوردستانی ئەودیو ئەرۆیشتن، لەوێ کارێکیان ئەکرد، سەپانیان ئەکرد، ئەوە یەکێک بوو لەو دیاردانەی کە بۆ یەکەمجار سەرنجی راکێشام. من لە کاتی شەڕە گەورەکانی هەندرێن لەوێ بووم، لەوێ شەڕی گەورە کرا، یەک دوو فەوجیان لەناوبرد، بۆ یەکەمجار لەوێ ناوی (فاخیر مێرگەسووری)م بیست، پاشان لە سەرەتای حەفتاکاندا خۆشیم بینی، ئەو ماوانە رەنگە من ناوی بنێم،جۆرێک لە تاقیگە بۆ ئەزموونی من، بەر لەوەی شتی دیار بنووسم.

**شێرزاد هەینی: کەواتە کەرەستەی زۆرت کۆکردیتەوە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** رەنگە لە خەیالی خۆمدا پاشان گەڕامەوەتەوە سەر ئەو دیمەنانە، ئەوانە هەمیشە لەبەر چاومن، قەت نارەوێنەوە.

***

## بـاڵـەکـایـەتی

**شێرزاد هەینی: با بەیەکەوە ئەو رستەیە تەواو بکەین... لە باڵەکایەتی، جوانی و خاوێنی و رەنگ و....**

**شێرکۆ بێکەس:** من هیچ شوێنکم لە کوردستاندا نەدیوە، بە قەدەر ئەوێ جوان بێت، بەراستی بەراستی جوانە، من لەو دواییانەدا شیعرێکم نووسیوە گەڕاومەتەوە سەر ئەو ناوچانە، کە لە رۆژنامەی (چاودێر)دا بڵاوکراوەتەوە، لەوێ من بۆ جوانی باڵەک ئەڵێم، "ئەوەندە جوان بوو، کە ئێواران ئەهات، لە کراسێکی بەفری تەنکەوە، لەولاشەو مەمکی باڵەک دەرئەکەوت، من شێت ئەبووم، بەیانیەک هەڵسام رۆیشتم، چووم بۆ لای هەڵگورد لەوێ پێمووت، من ئەمەوێ ئەو ژنە بخوازم، ئەو وتی تۆ پیاوێکی بێ عەقلی، ئەوە کەی کیژی منە، ئەوە کیژی خودایە، خودا چۆن کچی خۆی ئەدا بە تۆ..". گوندەکانیان جوانن، ئەوە (لێوژێ)و (خۆشکان)و (بۆکریسکان)و

(ئێندزێ)و... لەو قەسیدەیە باسی ڕەنگ ئەکەم، شین ئەچوو بەناو سەوزا، سەوز ئەچوو بەناو مۆرا، مۆر لەبنەوە سەری خۆی دەردەهێنێت... لە ناو شیعرەکەدا هەیە... تۆ چوویت بۆ ئەوێ....؟

**شێرزاد هەینی: بەڵێ من چووم لەسەر کانییەک لە بەردەبووک دانیشتووم، لەوێ دڕکەکانیشی جوانە، چونکە من ئیشم لە دەرەوەبوو، زۆر دڕک ئازاری داوم، من لەوێ دڕکەکانم نەرمتر ئەبینی.**

**شێرکۆ بێکەس:** لەوێ سروشت هەمیشە گەنجە، لە هەندێ شوێندا ئەبینی سروشت پیر ئەبێ، کە سەرنج ئەدەیت لە ڕەنگەکان لە درەختەکان لە دارەکان، لە هەموو سووچێکدا دونیای تازە ئەبینیت، پێویستە چاوی هونەرمەند شتی شاراوە ببینێت.

**شێرزاد هەینی: لەو گوندانە گوڵ لە ماڵەکانیش هەیە، بە دیوارەوە (گوڵەرۆن) دائەنێن، گوڵێکی زەردە، کە وشک دەبێتەوە، جوانە.**

**شێرکۆ بێکەس:** ئێمە لەوێ ئەچووینە گوندەکان، بەڵام بۆمان نەبوو بچینە ماڵەکان، لە (گەڵاڵە)و لەو ناوچانە خەڵکمان ئەبینی، لەو شوێنە سروشت و ژنەکان جوانن، جوانی وا لە شوێنەکانی تر بوونی نییە. باڵەکایەتی بۆ من سەدان وێنەی عەمبارکردووە، کە لە دواییدا وردە وردە دێتە دەرەوە، لە داستانی (هەڵۆی سوور)دا، لە (سرووده بەردینەکان)دا، لە (خاچ و مارو ڕۆژمێری شاعیرێک)دا. هەر لەو ناوچەیەدا لە ساڵی 1974 مامۆستا (برایم ئەحمەد) لە گوندی (ناوپردان)بوو، ئێمە چووینە لای، ئێمە وەک دەستەیەک لە یەکێتی نووسەران سەردانمانکرد، لەوێ کتێبخانەیەکی هەبوو.

**شێرزاد هەینی: گوندەکانیان ناویان خۆش بوو...!**

**شێرکۆ بێکەس:** ناوەکانیان زۆر کۆنن، ڕەنگە بگەڕێتەوە سەردەمی هێرشی یۆنانیەکان.

******

## خوێندنەوەی شیعر

**شێرزاد هەینی: مامۆستا با کەمێک دووربکەینەوە، با باس لە شێوەی خوێندنەوەی شیعر لەلای تۆ بکەین، تۆ تقووسی تایبەتی خۆت هەیە، زووترو پێش کۆڕەکە خۆتی بۆ سازدەکەیت، کە شیعر دەخوێنیتەوە پێش خۆت، بەردەمت دەبینی، ئاگات لە چواردەورت دەمینێت...؟**

**شێرکۆ بیکەس:** من یەکێک لەو لایەنە هونەریانەی کە بایەخم پێیداوە، مەسەلەی شێوەی خوێندنەوەی قەسیدەکانمە، چونکە شاعیری گەورەی رووس مایکۆفیسکی قسەیەکی جوانی هەیە، ئەڵێ:

نیوەی جوانی شیعر، بۆ جۆری خوێندنەوەکەی ئەگەڕێتەوە، ئەوە پەیوەندی بە شاعیرییەتەوە نییە، شاعیری زۆر باش هەیەو نازانێ شیعرەکانی خۆی باش بخوێنێتەوە، بۆ نمونە (گۆران) شیعری باش نەئەخوێندەوە، لە کاتی خۆییدا (هەردی) شیعری باش ئەخوێندەوە، دەڵێن (بێکەس) شیعری باش خوێندیتەوە، لەناو عەرەبەکاندا (السیاب) شیعری باش نەخوێندیتەوە. دەکرێ بپرسین بۆ شیعر خوێندنەوە؟

چونکە شیعر نیوەی زیاتر پەیوەندی بە گوێوە هەیە، پەیوەندی بەو مۆزیکایەوە هەیە، کە لە رێ تۆوە دەگاتە گوێگرەکان. ئەگەر هونەری شێوەکاری بەشێکی بۆ چاو بێت، ئەوە شیعر بۆ گوێگرتنە، بۆ گوێیە، شیعر بەبێ دەنگ، وەک من جارێک نووسیبووم لە کەمانچەیەکی هەڵواسراو ئەچێت، یان گیتارێکی هەڵواسراو بە دیوارەوە ئەچێت. تا گیتارەکە، کەمانچەکە لێنەدرێت بەهایان نییە. رەنگە ئێستا مەسەلەکە گۆڕاوە، دەکرێ لەگەڵ دیوانەکەدا سیدییەکی لەگەڵ دابنرێت، شیعرەکانی بە دەنگ تێدا بێت.

**شێرزاد هەینی: تۆ لە شیعر خوێندنەوەدا هەلە دەکەیت، خۆتی بۆ ئامادە دەکەیت؟**

**شێرکۆ بیکەس:** بێگومان من لە پێشدا خۆمی بۆ ئامادە ئەکەم، من لەناو زمانی شیعرەکە ئەتوێمەوە، ئەچمە ناو شیعرەکە. من ئاگام لە هیچ شتێ نامینێ.!

**شێرزاد هەینی:دیارە بۆ حالەتی یەکەم دەگەرێیتەوە کە شیعرەکەت تێدا نووسیوە.**

**شێرکۆ بیکەس:** بێگومان، رەنگە باشتریش، دووەمیش من ئەزانم چۆنی ئەخوێنمەوە، من ئەزموونی دووروودرێژم لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا هەیە، من کۆڕم هەبوو سێ سەعات شیعرم تێدا خوێندیتەوە، لەیەک کۆڕدا، بەڵام ئێستا لەبەر تەندروستیم ئەوەم پێناکرێت، چونکە ئەو دەنگەی ئێستام وەک دەنگی پێش پازدە ساڵ لەوەوپێش نییە، ئەگەر گوێ لە شەریتەکانی (دەربەندی پەپوولە)و (خاچ و مارو رۆژمێری شاعیرێ) بگریت، دیارە چ جۆرە دەنگێکم هەبووە، بەڵام وەک وتمان وەک (مایکۆفسکی) وتوویەتی نیوەی جوانی شیعر پەیوەندی بە خوێندنەوەکەیەتی.

من زۆر بایەخ بەو مەسەلەیە ئەدەم. زۆر لە خوێنەرانم ئەوانەی گوێیان لە خوێندنەوەکانی من بووە، سەیرە هەموو ئەڵێن، کە ئێمە ئەو شیعرانەی تۆ ئەخوێنینەوە، وەک خوێندنەوەکانی تۆ ئەو تام و هەستەمان لا ناخوڵقێنێت. مەرجیش نییە هەموو شاعیرێک وا بێت، شاعیر هەیە دەنگی نایکات، هەیە نایزانی بخوێنێتەوە، شاعیر هەیە شەرم ئەکات، یان جورئەت ناکەن شیعر بخوێنەوە، من هەوڵ ئەدەم

ئەو لایەنە پڕ بکەمەوە، من خۆم حەز لە شیعر خوێندنەوە ئەکەم، ئەوەش مەسەلەیەکی گرینگە، من قەسیدەی (خاچ مارو ڕۆژمێری شاعیرێ)ێکم خوێندەوە وا بزانم تۆش لەوێ بوویت دوو ڕۆژی خایاند.

****

## یەکەمین میهرجانی شیعری کوردی لە کەرکووک

**شێرزاد هەینی: تۆ لە فیستیڤاڵی یەکەمی شیعری کوردی لە کەرکوک، لە ساڵی 1971 قەسیدەی (من تێنیویەتیم بە گڕ ئەشکێ)ێت خوێندەوە، لەوێ دەنگی دایەوە، چیت لەو فیستیڤاڵە لەبیرماوە..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەو فیستیڤاڵە لەلایەن یەکێتی نووسەرانی کورد لە کەرکووک سازکرابوو، ئەو دەمانە (ساڵح یوسفی) سەرۆکی یەکێیتەکەبوو، ئەویش لەوێ بوو، شاعیری عەرەب (جواهیری)یش لەوێ بوو. هێمن موکریانیش لەوێ بوو جەماوەرێکی زۆرو باش هاتبوون، من ئەو شیعرەم لەوێ خوێندەوە، (عەبدولا پەشێو) پارچە شیعرەکانی (دوازدە وانە)ەکەی خوێندەوە، نزیکەی 30 کەس شیعریان خوێندەوە، وا بزانم شیعرەکەی من و شیعرەکەی (عەبدولا پەشێو) دەنگی هەبوو، لەبیرمە (ڕەفیق چالاک) لە پشتی پشتەوە ڕاوەستابوو، کە ئێمە لە خوێندنەوەکە بووینەوە، هەردووکمانی بانگکرد یەکەو قەڵەمێکی پەندانی پێشکەش کردین، وتی، کە هاتن بۆ بەغدا من دەعوەتان ئەکەم، وتی (مسگوف)تان بۆ ئەکرم مسگوف... واش دەرچوو هەردووکمانی لە بەغدا دەعوەتکرد. لە بەغدا لەسەر ئەبو نواسا بە دەنگە گەورەکەی خۆی وتی من بەڵێنی دەعوەتم پێتان داوە، هەردووکمانی بردە سەر حەوزە ماسییەکان، کە بە زیندوویی ماسییەکان ئەجوولانەوە، دەستی بۆ ماسییەک دریژکردو بە عەرەبی بە کابرا ماسیفرۆشەکەی وت:

هذا بيش... هذا اشگد....(ئەوە بە چەندە، کێشی چەندە). کابرای ماسی فرۆشەکە نرخەکەی وت، ئەویش زانی زۆری وتووە، بۆیە وتی:

انت تعرف انا منوو ..!؟ (تۆ دەزانی من کێم). انا قريب محمد عايش (من خزمی محمد عایشم). (بە پێکەنینەوە)، لەبەرئەوەی شوێنەکەمان لە بارەگای یەکێتی گشتی نەقابەی کرێکارانی عیراق نزیکبوو، دیارە ئەویش سەرۆکی ئەو نەقابەیەبوو. (محمد عایش یەکێک بوو لە سەرکردەکانی بەعس، کە سەدام دەسەڵاتی کۆمارو حزبی

وەرگرت، ئەو نارازیبوو، بۆیە لەگەڵ چەند کەسی تری سەرکردایەتی بەعسدا هەموویانی گولەباران کردن). کەوتینە پێکەنینەوەو کابراش بە جوانی بەرێکردین.

لە کۆتایی شێستەکان و سەرەتای حەفتاکان، هەموو مەسەلە سیاسییەکان و ئەدەبیەکانیش جۆرێک لە ئەزموون و تاقیکردنەوەبوون. شیعرو زمان و ئەدەب هەموو چەمکەکان بەو ئەزموونە رەت ئەبوو.

***

**شێرزاد هەینی: مامۆستا ئەگەر تۆ شاعیر نەبووایت، ئەوەندەش نەدەگەڕاییت.؟**

**شێرکۆ بیکەس:** نا... بۆ...؟! لەبەر شیعر نەبوو من رۆیشتووم و زۆر گەڕاوم، ئەو گەڕانە خۆی دروستبووە، رەنگە بۆ تەجروبەکە سوودی هەبووە، هەموو بینینێک، من وا ئەزانم هەندێ سەفەر هەیە بەقەد خوێندنەوەی کتێبێک گرینگە.

من لە تەمەنی بیست و پێنج، بیست و شەش ساڵییدا لەماڵێکی گەڕەکێکی ئیسکانی شاری سلێمانییدا چومەتە دەرەوە، یەکسەر بۆ رووبەرووبونەوە، بۆ ئەو هەموو شتە گەورانە، کە ئەوانە نەک هی شیعرن زۆرتر کەرەستەی رۆمانن.

**شێرزاد هەینی: دیارە کەوا شاعیر تا زۆرتر ببینێت، زۆر ئەگەڕێت....؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بێگومان...باشە دیارە منیش کەم نەگەڕاوم، من جاران زۆرتر حەزم بەو سەفەرانەبوو، ئێستا تا رادەیەک بێتاقەت ئەبم.

**شێرزاد هەینی: لە ناوچەی بادینان گەڕاویت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نا... من کەم لەو ناوچەیەدا گەڕاوم، بەڵام شارەکانم دیوە، دهۆک و زاخۆو زاوێتەم بەسەرکردیتەوە، بەڵام کەم لەو دەڤەرە گەڕاوم.

**شێرزاد هەینی: بەڵام لە ناوچەکانی ماوەت و شارباژێرو دۆڵی جافایەتی زۆرتر ماویتەوە، دیارە ئەو ناوچانەش، کەرەستەی زۆری تێدابووە، ناوچەی چالاکی و گۆڕانەکانیش بوون.!**

**شێرکۆ بێکەس:** من لەو ناوچانە زۆر گەڕاوم، بەڵام من لەو پیاوە چالاکانە نەبووم، تەمبەڵم ئەگەر بۆم دروست نەبێت ناچم، من لەناو هاوڕێیەکانم بەدەست و پێ سپی ناسراوم، من جارێکیان هێلکەو روونێکم کرد، دەستم سوتا، من لە شێوەی دەستوبردی (سەلیم بەرەکات) نیم. یەکێک لە هاوڕێیەکانم قسەیەکی کردووە، وا بزانم (سامی شۆرش)بوو، وتوویەتی:

ئەگەر شیعر بە پێوە بنوسرابووایە، ئەوە شێرکۆ بێکەس، شاعیر نەدەبوو.!

ئەو کە لە لەندەن دەژیا من قسەیەکم لەسەر کردبوو، بۆیەش ئەو وای وتبوو، من وتبوم:

سامی شۆرش، لە تەلەفۆنەکانی سەرجادەکان ئەچێت، تا پارەی تێنەکەیت، کار ناکات.! دیارە ویستبووی تۆڵەی خۆی بکاتەوە، ئەوەش حەقی خۆی بووە.

**شێرزاد هەینی: کە بەغدا بۆ تۆ سەرچاوەی زانیاری و دیتن و سەفەربوو، لە بەغدا چاوی خۆت و دەستی شیعرت باڵاتربوو، گەشەت کرد، ئەدی ناوچەی باڵەکایەتی، ئەو دەڤەرە جوانە چی بە تۆدا، ئەو ناوچەی ماوەیەک تێدا ژیاویت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** کە ئەڵێین بەغدا، بەتایبەتی لەو سەردەمانەدا، واتە شارێک پڕ لە جموجۆڵ و ئاوەدانی، واتە شار. بەڵام باڵەکایەتی واتە سروشت وەک خۆی، دیارە هەردووکیان پێویستە. دەبێ شاعیر هەردووکیان ببینێت، بەغدا بزوتنەوەیەکی گەورە، کتێبخانە، شانۆ، مۆزیکا، گۆرانی، رۆژنامەی رۆژانە، کۆڕی گەورە گەورە، نەک لە شوێنی، نەک لە دوو شوێن، نەک لە دە شوێن، ئەمانە بۆ ئێمە وەکو ئەوەبوو باڵمان لێ بروێت، ئێمە کە باڵمان نەبوو، لە بەغدا باڵمان لێ ڕواو بووینە باڵدار.

**شێرزاد هەینی: دەکرێ بڵێین، ئەو گوندانەی باڵەکایەتی و بەغدا، بۆ کارگەی شێرکۆ بێکەس، کەرەستەبوون، تا بەرهەمی شیعری زۆر لەو کارگەیە  دەربچێت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بۆ نا... بێگومان ئەوانە هەموویان رەنگدانەوەی تۆن، من زۆر جار کە پرسیارم لێکراوە، تۆ لە چ شیعرێکی خۆتان پەشیمانی، من ئەڵێم لە هیچ شتێکی خۆم پەشیمان نیم، وەک ئەوەی کە لە کاتی خۆییدا بوو، رەنگە وەک هونەر پەشیمان بم، کە شیعرێکم باش پێنەگەیشتبێت، ئەگینا وەکو ئەلبووم ئەوانە منن! من ئەلبوومێکم هەیە، بەسەدان وێنەی تێدایە، هی ساڵە کۆنەکانی تێدایە، هی نوێی تێدایە، بەڵام لە شوێنێکدا باریکم، لە شوێنێکدا قەڵەوم، لە شوێنێکدا قژم ئەوەندەیە، لە شوێنێکی تردا پرچم هێشتووتەوە، بەڵام هەمووی منم، تۆ بتەوێ و نەتەوێ، هەمووی منم، پەشیمان بوونەوە داد نادات، بەڵام ئەوانە هەموویان منم، بەڵام من حەزم ئەکرد، ئەو شیعرە وا نەنووسم،  ئەو شیعرە زۆر جوانتر بنووسم، زۆر لەسەری بوەستم، بەکرچ و کاڵی نەیدەم، بەڵام بەشێک لە ژیانی هەموو شاعیرێک و نووسەرێک ئەوەیە کەوا لە تەمەنی هەرزەکارییدا پەلەپەلیەتی، پەلە ئەکات زوو بەرهەمێکی بڵاوببێتەوە، ئێستا من دیوانی یەکەم و دیوانی دووەمم، لە دوای ئەوەی کە لە زۆر شت تێگەیشتم، زۆر لەو شیعرانەی کە رۆژنامەی (ژین)و لە (نەورۆز)و شوێنی ترا بڵاومکردبوونەوە، تێدا نییە، جێگام بۆ نەکردینەوە. چونکە من لەو کاتانە گەیشتبوومە ئەو قەناعەتەی ئەوانە ئەو شیعرانە نین، من بیانخەمە ئەو دوو دیوانەوە.

(لەو دەمانەدا (هەتان)ی کیژی گچکەم هات، سڵاوو بەخێرهاتنی مامۆستای کرد، بەوم وت، ئەو مامۆستایە شێرکۆ بێکەسە، شاعیرێکی گەورە، تا باشتر بیناسیت، ئەو باوکی ژنی گۆرانیبێژ (پەیوەند جاف)ە، ئێوە لەو تەمەنانە گۆرانیبێژەکان باشتر دەناسن.

به مامۆستاشم وت، کیژەکەم ناوەکەی لە وشەیەکی ناوچەی برادۆستەوە هاتووە، لەویٚ جۆرێک لە پەرژین و چیغی ئاژەڵدارەکانی جاران، هەتانیان پێووتووە).

**شێرزاد هەینی: مامۆستا دوو کچ، یەکیان شارستان و جوان، بەڵام زمانەکەی نەزانی، لەگەڵ کچێکی تر، بەڵام زمانەکەی بزانیت، ئەویش لە زمانەکەت بگات، کامیان زۆرتر لەناو دڵتان جێگا دەکاتەوە..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بێگومان ئەو دوو شتە یەکتری تەواو ئەکەن، ناکریٚ خۆشەویستی بەبیٚ زمان. خۆشەویستی هەر روالەت و ئاکارەکە نییە، راستە شۆخێکی ئەوروپی ئەبینیت، زۆر نازدارە، جوانە، بەڵام ئەو جوانە، ئەو نازدارە زۆرتر لە هەورێک ئەچن، ئەرۆن، لە خەوێک ئەچن، کە ناهێنە دی، ئەگەر خەوەکە بێتە دییش تۆ ناتوانی لەو بگەیت، من مەبەستم ئەوە نییە، بۆ گەنجێکی ئێستا وا نەبێت، تۆ کە پرسیار لەمن ئەکەیت، لەبەرئەوەی من زمان نازانم، ئەگەر یەکێک زۆر جوانیش بێت، من لەگەڵ ئەو جوانەدا هیچ بکەم. رەنگە لە دانیشتنێک ، ئیشارەتێک، بەڵام شتەکان بە ئیشارەت ناڕوات! ئەو سەردەمە هەندیٚ سنووری تێپەڕاندووە، ئەگەر کورد نەبیٚ، ئەو شووی پێناکات، ئەگەر کیژێک کورد نەبیٚ ئەو ناهێنێت، ئێستا کولتوورەکان ئاوێتەبوون. جاران ئەگەر کیژە کوردێک شووی بە کوڕێکی بێگانە کردبووایە ئەبوو بە فەرتنە، ئێستا سەدان کیژە کورد هەیە، شوو ئەکات بە کوڕی ئەفغانی بە کوڕی ئەمریکی، سەردەمەکە ئەوەی نەهێشت. من ئێستا نازانم بۆ ئەو کچەی من زمانی نازانم چی ئەنووسم، رەنگە لە شیعرێکدا ئەزانم چی بۆ ئەنووسم بەڵام ئێستا نازانم چی پێئەڵێم، رەنگە حەسرەتێک بەجێبهێڵم.

من زۆر تووشی ئەو شتانەبووم، جارێکیان لە سویسرابووم، لە بەشە فەرەنسییەکەی، لەویٚ شیعرم ئەخوێندەوە، شیعرەکانیشم کرابوون بە فەرەنسی، خەڵکێکی باشیش هاتبوون، ئامادەبووان ژمارەیان ئەگەیشتە 150 کەسێک. ئەو کۆڕە لەلایەن هاوڕێیەکمان بە ناوی کاک حسن سازکرابوو، کە کۆڕەکە تەواوبوو، کە خەڵکەکە هەموو رۆیشتن، کە من هاتمە خوارەوە، بینیم کچێکی زۆر جوان دانیشتبوو، وتیان کاک شێرکۆ ئەو کچە چاوەڕوانی تۆ ئەکات، منیش وتم، بۆ ، وتیان حەز ئەکات قسەت لەگەڵ بکات، بەڵام چۆن دانیشتبوو، چ دانیشتنێک، شۆخێکی باڵابەرزی چاوسەوز، منیش دەستم کوشی، ئەویش وتی، تۆ زمانی ئینگلیزی ئەزانی، زمانی فەرەنسی، زمانی ئیتالی، هەموویان تێگەیاندم...منیش وتم نەخێر.. (شێرکۆ بەپێکەنینەوە)، کچکە وتی، باشە من چی لەوە بکەم.

**شێرزاد هەینی: تۆش حەسرەتێکت بۆ جێهێشت و تەواو ...!**

**شێرکۆ بێکەس:** وەکو برینێک...! دەستم کووشی و رۆیشت ...!ئەگەرنا ئەچووینە شوێنی بەیەکەوە دائەنیشتین. دیارە لە زمان نەزانینەکان من خەتای خۆم ئەگرم، لە

گەنجیما فێربوونی زمان زۆر ئاسان بوو، من پیاوێکی تەمبەڵ بووم، پیاوێک بووم ئەگەرنا هەتا لە شاری سلێمانیش بووام بە لایەن کەم ئەبووایە فێری زمانی ئینگلیزی بوومایە، بەڵام ئێمە (عەبەسییانە) ژیاوین. گوێمان نەداوەتە شتەکان گرینگ ئەوەبووە، کتێبێک هەبێت بیخوێنینەوە، یان شتێ بڵێن، گوێمان بە هیچ نەداوە. پاشان شەپۆلی سیاسەت ئەتبات، وشکت ئەکاتەوە. من ئەڵیم دونیای شیعر لەگەڵ دونیای سیاسەت، من ناڵێم لە شیعرا هەموو شتێک جێگای ئەبێتەوە، لەناو شیعردا هەموو وشەیەک جێگای ئەبێتەوە، بەڵام بە مەرجێ بزانی لە کێ بەکاریئەهێنیت، چۆنی بەکارئەهێنیت.

**شێرزاد هەینی: مامۆستا تۆ هەموو شیعرەکانی خۆت دەناسیتەوە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ من هەموو شیعرەکانی خۆم ئەناسمەوە، بەڵام لەبەرم نەکردوون.

**شێرزاد هەینی: ئەگەر بەشێکی شیعرێکت ببینیت، شیعرەکە دەناسیتەوە؟**

**شێرکۆ بێکەس:** (زۆر بەخێرایی)، یەکسەر! نەک ئەوە سێ دێری یەکەم، ببینم دوایی شیعرەکە ئەڵیم. گرینگ ئەوەیە هەمووم لەبەر چاو بێت.

**شێرزاد هەینی: دەکرێ بڵێن، تۆ فەرماندەی لیوایەکی هەموو سەربازەکانت دەناسیتەوە..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ماڵت نەشێوێت، شاعیر فەرماندەی لیوا نییە، مەمکە بە فەرماندەی سەربازی!

**شێرکۆ بێکەس:** بڵێین سەرۆکی زانکۆ، خوێندکارەکانت دەناسیتەوە...؟

**شێرکۆ بێکەس:** بێگومان وایە، دەناسمەوە، بەڵام من ناتوانم شیعرەکانم لەبەر بکەم، شاعیر هەیە، شیعرەکانی خۆی لەبەرە.

**شێرزاد هەینی: دیارە ئەوانە شیعریان کەمە، رەنگە لەو حالەتەدا ئاسایی بێت، تۆ شیعرت زۆرە، ئاسان نییە...؟!**

**شێرکۆ بێکەس:** یەکێک لەوانە نەزار قەبانی وابوو شیعرەکانی خۆی لەبەربوو، من تەنها ئەو شیعرانەم لەبیرە کە تازە نووسیومن، یان ئەو شیعرانەی زۆرم خوێندونەتەوە. بۆ نمونە کۆمەڵە شیعرێکی ناو دیوانی (کازیوە) هەرگیز لەبیر ناچێتەوە، چونکە زۆرم وتوونەتەوە، بۆ نمونە:

**لافاو بە ماسیگری وت:**
**هۆی تووڕەبونی لێشاوم، گەلێ زۆرە، بەڵام**
**هۆی هەرە گەورەیان**
**لەبەر سەربەستی ماسییەو دژی تۆڕە.**

**ئەوەم بۆ نمونە لەبیرناچێتەوە. یان بۆ نمونە:**

**بەسەر پلیکانەی ترسا**
**تاریکی هەر وەکو دزێ،**
**بۆ دەروونم شۆڕ ئەبۆوە،**
**وەختێ گەیشتە ناو دڵم،**
**ویستی دەستێ رابکێشێ،**
**لە پڕێکا، خۆشەویستیتم داگیرساند،**
**تاریکی و ترسم تیدا سوتاند.**

***

ئەوانەم زۆر وتوونەتەوە. بۆیە لەبەرم کردوون.

**شێرزاد هەینی:**
**ئەگەر بزانی، یەکێک کۆپلەیەک شیعری وەرگرتووە،**
**دزیویەتی، چ بەو کەسە دەڵیت...؟**
**شێرکۆ بێکەس:**
دەزانی چییە مەسەلەی کاریگەری، زۆر ئاساییە.
**شێرزاد هەینی:**
**من مەبەستم دزینە.!**
**شێرکۆ بێکەس:**
من زۆرم دۆزیوەتەوە، بەڵام پێویست بە باسکردن ناکات، ئەوە بووە.
**شێرزاد هەینی:**
**ئەو رەنجی خۆتە، خۆت پێوەی ماندوو بویت،**
**شێرکۆ بێکەس:**
ئەو دزینانە زۆر کەم بۆتەوە، وەک جاران نییە،
**شێرزاد هەینی:**
**تیراژی چاپکراوەکانی ئێستات زۆرترن، یان جاران ...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** دیارە ئەوەش بەپێی کات و سەردەمە، ئێستا کەم شاعیر هەیە بتوانێ سی هەزارو چوار هەزار دیوانی بفرۆشێت، جاری وا هەیە، تەنها 100 دانە تا 150 لە دیوانەکانیان دەفرۆشرێن، ئەوەش من وا ئەزانم پەیوەندی بە سەردەمەکەوە هەیە، بە تاقەت بەو رووداوانەی کە روویان داوە، بە ژیانی خەڵکەکە، بە سەرچاوەی مادی خەڵکەکەوە هەیە. لە ساڵی 1980 دیوانی (دوو سروودی کێوی)ی شەش هەزار دانەی لێ چاپکرا، پاش ماوەیەک دیوانەکە نەما، بەڵام من ئێستا ناتوانم مغامەرەیەک بکەم 6 هەزار دانە چاپ بکەم، ژمارەیەکی کەم لەو نووسەرانەی تیراژیان زۆرە، رەنگە بە پەنجەی دەست بژمێردرێن، بۆ نمونە (بەختیار عەلی)، رەنگە لە رۆمانەکانیدا ئەو تیراژەیان هەبێت.

**شێرزاد هەینی: کە ناوی (بەختیار عەلی) هات، من دەمەوێ ئەوەت بەبیر بهێنمەوە، کە تۆ لە گۆشەیەکی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا ناوی ئەوت هێنا، چۆن ئەوت دۆزیەوە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من یەکەم کەس بووم. پێش هەموو کەس ناوم هێناوە، هەستم بە داهێنانی ئەو کردووە. لە رێگای خوێندنەوەی یەکەم بەرهەمی بوو، نە ئەمناسی نە مەرحەبامان هەبوو، نەدیبووم.

**شێرزاد هەینی: ئەدی باوکی...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** چۆن باوکی با .. من لە ساڵی 1992 دیوانەکەم خوێندەوەو ئەو گۆشەم نووسی، کۆمەڵێک لە گەنجەکانی تر گلەییان کرد، تۆ باسی ئێمە ناکەیت، من ئەوەم خوێندیتەوەو ئەزانم چیم خوێندیتەوە، ئەوە وایەو ئەیبینین.

**شێرزاد هەینی: ئێستا ئەو هەر شاعیرەکەی جارانە، یان هەنگاوی زۆری لە رۆمانی کوردی و فیکری کوردی بردووتە پێشەوە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من پێمووایە، ئەو شاعیرە بە ستایلی خۆی، بەڵام زۆرتر وەک رۆماننووس داهێنانی کردووە، من باسی ئەوە ناکەم، ئەو شاعیر نییە، ئەو دونیای شیعری خۆی هەیە، بەڵام من وا ئەزانم (بەختیار عەلی) رۆمانی کوردی بردە قۆناخێکی ترەوە. من وا ئەزانم قۆناخەکانی رۆمانی کوردی سێ قۆناخە، یەکەمین (برایم ئەحمەد) لە رۆمانی (ژانی گەل)، ئەگەر لەسەر کاتێکدا باسی بکەیت، دەبی بڵێت کەوا ژانی گەل، یەکەم رۆمانی کوردی هونەرییە، لەو دواییانەدا لێیان پرسیم تۆ رات بە مامۆستا (برایم ئەحمەد) چییە، منیش لە وڵامدا وتبووم:

ئەگەر لە سەدەی بیستەمدا دە کتێبی کوردی هەڵبژێرین، بە بۆچونی من دووانیان لە کتێبەکانی برایم ئەحمەدە، ئەگەر دووانەکەش هی ئەو نەبێت، ئەوە یەکیکیان هی ئەوە.! قۆناخی دوای ئەو کۆمەڵێک کەس تێدا بەشدارە هەر لە (حسین عارف) و، (محمد موکری)، ئەوانە هەر یەکێکیان خشتێکیان خستووتە سەر باڵای رۆمانی

کوردی، بۆ نمونە رۆمانی (شار)ی (حسین عارف)، رۆمانی ( ئەژدیها)ی (محمد موکری)، هەوڵەکانی عەبدوڵا سەراج دیارە لەم دنیایەدا عەتای نەهایی لە قەڵەمە دیارەکانێتی ئەوانە شتێکن، بەڵام (بەختیار عەلی) هات، دونیایەکی تری کردەوە. کە رۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی، دەخوێنیتەوە، هەستدەکەیت ئەوەیان لە ئاستی رۆمانە گەورەکانە، ئەگەر لەسەر ئاستی دونیاش نەبێ، لەسەر ئاستی رۆمانە باشەکانی ناوچەکەیە.

**شێرزاد هەینی:رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)، داهێنانێکی مەزنە، تاقەتێکی زۆر گەورەیە...!**

**شێرکۆ بێکەس:** بێگومان، من خۆم لەسەر ئەو رۆمانە قسەیەکم کرد، پاشان هاوڵاتی وەک ریکلام وتەکەی منی بڵاودەکردەوە، کە نووسیبووم (باش بوو نەمردم رۆمانێکی کوردی گەورەم بینی ... ئەو داهێنەرە جوانە مان هەیە).

(کەریم دەشتی)، من وا ئەزانم ئەو یەکێکە لە داهێنەرە باشەکانمان، بەهرەیەکی گەورەی هەیە، یەکێکە لەوانە تەقینەوەی جوانی هەیە.

(جەماڵ غەمبار)، (دلاوەر قەرەداغی)، (هیوا قادر)و( قوبادی جەلیزادە)و (دلشاد عەبدوللا)، ئەوەی زۆر گرنگە ئەو ساڵانەی دوایی ئەو ژنە شاعیرە لێهاتووانەی هاتوونەتە پێشەوە لەوانە (چومان هەردی) ،(دڵسۆز حمە)، (رۆژ هەڵەبجەیی)، (کەژاڵ ئیبراهیم خدر)، شیعری جوانیان هەیە، (کۆسار کەمال) رەنگە ساڵێ یەک قەسیدە ئەنووسێت، شیعری جوانی هەیە. ئێستا لە گەنجەکاندا من نەمدییوە، (لازۆ) زۆر مناڵە، من دوو سێ جارە ناوی ئەهێنم، کۆمەڵە شیعرێکی بڵاوکردیتەوە، ئەوەندە جوانن، پیاو حەز ئەکات قوتیان بدات.

**شێرزاد هەینی: بەردەوام شیعری ئەوان ئەخوێنیتەوە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەوەی بەردەستم کەوێ ئەیانخوێنمەوە، سەرەتاکەی ئەخوێنمەوە ئەگەر سەرنجم رانەکێشێت، تەواوی ناکەم.

**شێرزاد هەینی: تۆ خۆت بە خوێندنەوەی کام بابەت تێر دەکەیت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من زۆرتر رۆمان ئەخوێنمەوە، بە زمانی کوردی و بە زمانی عەرەبی،شانۆنامە، چیرۆکی کورتی جوان.

**شێرزاد هەینی: خوێندنەوەی شانۆنامە ئارەزوویەکی باش و تاقەتی باشی دەوێت، پاڵەوانەکان دەبێ ریز بکەیت، بگەرییتەوە سەریان، رەنگە خوێندنەوەی شانۆنامە ئاسان و خۆش نەبێت ...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** چۆن نا...! من ماوەیەکی زۆر تەنها شانۆنامەم خوێندیتەوە، من تاقەتم هەبوو، بەڵام ئێستا وەک جاران نەماوم، بۆ نمونە کورتە چیرۆکە جوانەکانی (حسین عارف)، کورتە چیرۆکە جوانەکانی (شێرزاد حسن)و(عەتای نەهایی)، کورتە چیرۆکە جوانەکانی (رێبوار)، ناوی باوکیم بەبیر ناهێتەوە، وام لێهاتووە، ناوەکان لە

بیرەوەرییمدا باش نییە، بەڵام بیرەوەرییەکانم لە شتی تر باشم، ڕێبوار، لە لەندەن ئەژیت، وا خەریکە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی (بەختیار عەلی) بکاتە زمانی ئینگلیزی.

**شێرزاد هەینی: دوو شیعری جوانت لە پێش بێت، یەکیان شاعیرێکی پیاو نووسەری بیت، ئەوەی تریان ژنێک نووسەری بێت، کامیان جوانتر دەردەکەوێت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەلای من شیعر هەر شیعرە... چ پیاو بینووسێت، یان ژنێک بینووسێت جیاوازی نییە، گرینگ ئەوەیە شیعرەکە جوان بێت، بەڵام هەندێ شاعیری باشی ژن هەیە، ڕەنگە ئەوانە باشتر گوزارشت لە ژیانی ژن بکەن، لە جیهانی ژن بکەن، ڕەنگە ئەوانەی کە ئەیلێن، ڕەنگە پیاوێک نەتوانێ بیڵێت...! وەک دەرئەنجام ئەدەبێک نییە، بەناوی ئەدەبی ژنانەو ئەدەبی پیاوانە، ئەدەب هەر ئەدەبە.

**شێرزاد هەینی: ئەو ژنە کوردانەی کە شیعر دەنووسن، دێنە ناو ئەو جیهانە دەبێ ژنی زۆر گەورەبن، دەبێ سیحری شیعر زۆر کاریگەری لەسەریان هەبووبێت، ئەگەرنا لەو جیهانە داخراوە، لەو کۆمەڵەی کە پڕیەتی لە دابونەریتی پاشکەوتوو، چۆن دەتوانن ببنە شاعیر، تۆ دونیا گەڕاویت، لە شاخی ماویتەوە، لەناو شۆرشابوویت، دونیات زۆر دیوە، بوویتە شاعیر، ئەو لە مەکتەب بۆ ماڵەوەو بۆ مەتبەخ، داهێنانی و شاعیریەتی، دەبێ هەستیارو ناسک ببووبێت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** دیارە ئەوە ڕیخۆڵەیە کێشی ناو کۆمەڵێکی دواکەوتوو، ناو داب و نەریتی زیندان ئاسایە. ئەمە بۆ ژن زۆر سەختترە هەروەها بێگومان ئەبێ ئەوانە هەستیارو ناسکن، ئەوانەش زۆرتر بە خوێندنەوە دروستبوون، کتێبێک، دیوانێک ئەبێتە ئەزموون بۆ ئەوان، جگە لەوانەش ئەوان خاڵی نین لە بینین. ئەدەبیش خەیاڵە. جاری وا هەیە نووسەرێک لە زینداندا، لەوێ زۆر جوان گوزارشت لە ژیانی دەرەوەش ئەکات.

**شێرزاد هەینی: نووسینەکانی نووسەرو ڕۆژنامەنووس و شاعیری عەرەب (غادە السمان) دەخوێنیتەوە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** کاتی خۆی بەرهەمەکانیم ئەخوێندەوە، نووسینەکانی شاعیرانەو شفاف بوون، لە یەکێک لە گۆڤارەکان گۆشەیەکی هەبوو، ئەوانم ئەخوێندەوە.

**شێرزاد هەینی: چ جۆرە پەیوەندەیەکتان لەگەڵ شاعیری گەورەی عەرەب (نزار قەبانی) هەبوو...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نەخێر...! هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵدا نەبوو. تەنها جارێک من خۆم لەوێ نەبووم، یەکێکی تر لەوێبووە، کە باسی شیعری کوردی کراوە، ئەو ناوی منی هێناوە.

**شێرزاد هەینی: نزار قەبانی ئەو هەمووە خزمەتی ئەدەب و داهێنان و ڕۆژنامەگەری عەرەبی کردبوو کە مرد، خەڵکانێک هەبوون دەیانویست تەرمی**

**نەهێننەوە دیمەشق، لە زێدی خۆی نەنێژرێت، کە خۆشی وەسیەتی کردبوو، هەستت چییە ..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵام هەر لە دیمشق نێژرا...؟

راستە لەوێ نێژرا، بەڵام زۆر لایەن بەتایبەتی ئیسلامییەکان نارەزاییان زۆر نیشاندا، وتیان ئەوە پیاوێکی ملحیدبووە، ناکرێ نوێژی لەسەر بکرێت و لەسەر خاکی ئیسلام بنێژرێت.

**شێرکۆ بێکەس:** ئەوانەش بەشێکن، لەو بازنەیانە ناو عەرەب کە عەقلیان داخراوە، ئەوانەش بەشێکن لەوانەی بەناوی ئیسلامی سیاسی هاتوونتە ئاراوە، ئینسانە جوانەکانی خۆیان کوشت، وەک (حسین مروە)و (مهدی العامل). من لە شام (هادی العلوی)م لە چایخانەی هاڤانا ناسی، لەوێ وتی بۆ نەچینە لای جواهیری ئەو پیاوە شیعری بەسەر باوکتان هەڵداوە، کە چوین بینیمانماڵێکی گەورەیان بۆ جواهیری تەرخانکردبوو، کە ماڵی یەکێک لە سیاسەتمدارە کۆنەکانی سوریابووە، نیوەرۆیەک لەلای ماینەوە، ئەو رۆژەی لەوێ بووین سێ رۆژ بوو، (حسین مروە)یان تیرۆرکردبوو، لەوێ جواهیری زۆر باسی کرد، زۆر خەمی خواردبوو، وتی بەداخەوە بۆ ئەو پیاوە. دیاربوو دڵی بە سەردانەکەی من گەش و خۆشبوو، لەوێ ئەو لە (مام جەلال)ی پرسی، وتی هەواڵی چییە، تۆ کەی دیوتە...

کە بیرمەندی گەورەی عەرەبی عیراقی (هادی العلوی)م ناسی، رۆیشتم بۆ ئەوروپا، ئەو نامەی بۆ (ئەدونیس) نووسیبوو، لەوێ داوای لێئەکات، ئەگەر من گەیشتم، ئاگادارم بن.

**شێرزاد هەینی: پاشان (ئەدونیس)ت بینیەوە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ...! لە ماڵی خۆم لە ستۆکهۆلم، لە ساڵی 1988 لە (رینکبی) میوانم بوو، لەلایەن یەکێتی نووسەرانەوە (محمد ئوزون)ی لەگەڵ دابوو، ژنێکی نووسەری سویدی لەگەڵ بوو، ئەو کاری لەسەر شیعرەکانی ئەکرد. شەو تا درەنگ لەلامان مایەوە، تازە کیمیابارانەکەی هەڵەبجە قەومابوو، من بردمە ژوورێک لەوێ وتم، شەریتێک هەیە، حەز ئەکەم سەیری بکەیت، چەند بەشێکی کەمی فیلمەکەی هەڵەبجەی بینی، وتی من ناتوانم ئەو دیمانانە ببینم.

ئەو هەر لەو سەرفەرەدا لە زانکۆی ستۆکهۆلم بابەتێکی پێشکەش ئەکرد، ئەو بە عەرەبی قسەی ئەکردو قسەکانی ئەویان ئەکردەوە سویدی، نزیکەی 50 کەس 60 کەسێک ئامادەبوون. من چوومە کۆڕەکە. ئەو دەمانە لە پاریس گۆڤارە ئەدبیە بەناوبانگەکەی (المواقف)ی دەردەکرد، لەوێ داوای لێکردم، من شیعری تەرجمەکراوی خۆمی بۆ گۆڤارەکەیان بۆ بنێرم. پاشان کە شیعرەکانم بۆ نارد، لەوێ لە گۆڤارەکەی 17 قەسیدەی منی بڵاوکردەوە، پاشان کە گۆڤارەکە دەرچووبوو تەلەفۆنی بۆ کردم، لە قسەکانیدا وتی، ئەزانی کە شیعرەکانی تۆمان بڵاوکردیتەوە،

خەڵک داوا ئەکەن، ئێمە شیعری لەو جۆرە، بڵاوبکەینەوە. دیارە جیهانی من لەگەڵ جیهانی ئەدونیس زۆر جیاوازە، من شیعری سادە ئەنووسم، ئەو شیعرەکانی قورسن!

**شێرزاد هەینی: شیعرەکانی ئەو دەخوێنیتەوە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** هەندێ جار، تامیان لێوەردەگرم. ئەوەشم بەبیر هاتەوە، کە گەڕابووە، تەلەفۆنێکی تایبەتی کردبوو، وتبووی، من زۆر سوپاسی (مادام) دەکەم و دەستخۆشی لە چێشتە خۆشەکانی ئەکەم، هەستم کرد ئەو پیاوە ناسک و سادەو کراوەبوو. ئەدونیس واتە دەرگاو دەروازەیەکی گەورە لە شیعری هاوچەرخی عەرەبیدا، نەک هەر شاعیرە رووناکبیرێکی گەورەشە. ئەوجارەبوو ئەگەرنا من خۆم تاقەتم نییە بچم خۆم بە خەڵک بناسێنم، ئەگەر شاعیرێکی وەک (محمود درویش) لەسەر مێزێکی تەنیشتم بێت، تاقەتم نییە بچم خۆمی پێبناسێنم. من محمود درویشم نەدیبوە، یەکجار کۆمەڵە شیعرێکی تەرجمەکراوی عەرەبیم بۆ گۆڤارەکەی (الکرمل) نارد، ئەو کاتانە (سەلیم بەرەکات) لە قوبرس دەژیا، سکرتێری نووسینی گۆڤارەکەیان بوو، رەنگە ئەوجارە محمود درویش شیعرەکانی منی دیبێت.

**شێرزاد هەینی: چۆن لە ئەدەبی (سەلیم بەرەکات) دەگەیت ...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** کارەکانی قورسن، دەربڕینەکانی ئاڵۆزن.

**شێرزاد هەینی: ئەو بۆ کورد دەنووسێت، باس لە ژانەکانی کورد دەکات، بەڵام زەحمەتە لە ئەدەبەکەی بگەیت. مامۆستا (محمود زامدار) دەڵێ، کە بەرەکات بەو عەرەبیە دەنووسێت، ئەدیبە عەرەبەکان شەرمەزار دەکات، ئەو عەرەبیە باشە لەکێ فێر بووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەوەی کە عەرەب بە زمانی خۆیانخەجالەت دەکات، ئەوە سەلیم بەرەکاتە، ئەو لە باوکی فێری ئەو عەرەبیە بووە، باوکی زانایەکی گەورەی ئاینی بووە، لە باوکی و لە کتێبخانەکەی فێربووە، لەبەرئەوەی کوردە، بۆیەش عەرەبەکان بایەخی پێنادەن. کۆنگرەی رۆماننووسانی عەرەب کە پێش چەند ساڵێک لە قاهیرە گیرا سەلیم بەرەکاتیان داوەت نەکردبوو.

**شێرزاد هەینی: ئەو ئێستا زۆر لە نووسینەکانیدا بەرگری لە مەسەلەی کورد دەکات.!**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ زۆر ئازایانە بەرگری ئەکات، ئەگەر سەلیم بەرەکات باسی کوردی نەکردبووایە، یەک دوو قسەی تری کردبووایە، ئێستا لەلای عەرەب ئەبووە خودایەک، خودایەکی رۆماننووس، من هەر لەبەر ئەوەشە، ئەوم زۆرم خۆش ئەوێت، ئەو لەوەیاندا هیچ شتێک و مەبەستێکی نییە.

**شێرزاد: ئەو ئەگەر مەبەستێکی تری هەبێت،عەرەب هەموو شتێکی بۆ ئەکەن؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ... هەموو شتێکی بۆ ئەکەن.

**شێرزاد هەینی: ئەبێ لە دەزگا روشنبیریە عەرەبیەکان، بەتایبەتی فەلەستینیەکان مووچەو خانەنشینی نەبێت، چونکە ماوەیەکی زۆر لە مەڵبەندە کولتوورییەکانی ئەوان کاریکردووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** لێرە، هەموو شتەکانی بەهۆی ژنەکەیەتی، ئەو دەوڵەمەندە، رەنگە لە (فۆرفاتەری فۆربوندیت _ یەکێتی نووسەران) پاداشت و پارەیەکی وەرگرتبێت.

****

## جـــــگـــــەرە

**شێرزاد هەینی: با باسی جگەرە بکەین، دیارە بەپێی سەعاتی بەرنامەی جگەرە کەمکردنەوەکەت زۆرت نەماوە جگەرەیەک داگیرسێنیت و بچیتە باڵکۆنەکە، لەوێش ژێر پیاڵەیەکم بۆ کردیتە تەبلە، چونکە ئێمە کەسمان جگەرە ناکێشێن، بۆیەش تەبلەی جگەرەشمان لە ماڵەوە هەر نییە، دیارە لە ژوورەکانیش کەس بۆی نییە جگەرە بکێشیت، کەواتە تەبلەمان هەر نییە، بۆیەش با باسی جگەرە بکەین...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من پاش ئەوەی کە دایکم شووی کردەوەو رۆیشت بۆ بەغدا، ئەو رۆیشت و من بەتەنها مامەوە، من کەوتمە ماڵی خاڵم، ئەو ماڵەش، ماڵێکی هەژار، ئەوان ئەوەندە هەژاربوون یەک ژووریان هەبوو، من لەگەڵ ئەواندا لە ژوورەکەیاندا ئەخەوتم، کە خۆی و ژنەکەی و مناڵەکانی تێدا ئەخەوتن، ئەو ژیانەم زۆر پێناخۆش بوو، چونکە باشم ئەزانی کە ئازادی ئەوانیش تەنگ ئەکەم منیش بچووک نەبووم گەورەبووم.

من لە ساڵی 1955 لە بەشی ناوخۆی پیشەسازی سلێمانی وەرگیرام، ئەو دەمەش سەردەمی پاشایەتی بوو، بەشی ناوخۆ وەک ئێستاکە نەبوو، ئەو کاتە (عومر عەلی) موتەسرفی سلێمانی بوو، ئیتر هەر لەو باڵەخانەی کە ئێستا هەیە، ژێرەوەی شوێنی خوێندن بوو، لەوێش ئەخەوتین، لە خوارەوەش هۆڵێکی گەورەی لێبوو، هەر سێ ژەمیش خواردنمان هەبوو، بەیانیان نیوەرۆییان ئێواران خواردنمان هەبوو، خواردنەکان چاودێری لەسەربوو، قەرەوێلەکان دوو قات بوون، من هەر حەزم لە بەشی خوارەوەبوو، لەوێ باشتر دەجولامەوە، لەوێ و لەو تەنهاییەدا، لەو بێ دایکی و بێ باوکییە، ئەوانە وا لە ئینسان ئەکات کە فێری جگەرەکێشان بێت، من مەبەستم ئەوەیە بتگەینمەوە سەر ڕەگەکان، لەوێ کۆمەڵێک قوتابیمان لەگەڵدابوو جگەرەیان ئەکێشا، من لەوانەی لە بەشی ناوخۆییەکە لەگەڵماندا بوون فێری جگەرەکێشان بووم.

**شێرزاد هەینی: ناوی جگەرەکانی ئەو دەمانە چی بوون، ناوەکانت لەبیرماوە؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ناوەکانیان وەک... ترکیە غازی و موختار... ئەوانە بێ فلتربوون.! زۆرجار بە دزی جگەرەمان کێشاوە، ئا لێرەوە لەو سەرەتایانەوە ئێمە فێربووین، کە کارگەی جگەرەی سلێمانیش هات، لەوێ جمهورییان دروستکرد، جمهوری تەختیان پێ ئەووت. پاشان جگەرەی بەفلتەر پەیدابوو وەک سۆمەرو....

**شێرزاد هەینی: جگەرە کڕینەکان کاریگەری لەسەر گیرفانتان نەدەکرد..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ زۆر... من بەشی زۆری پارەکەم بە جگەرە دەدا، من لەو ساتەوە تا ئیمڕۆش بەردەوامم، جا خۆت حیساب ڕاگرە.!

**شێرزاد هەینی: دەڵێن (هەڵۆ)ی کوڕت پێوانەی بۆ درێژی ئەو جگەرانە کردووە، کە تۆ لە ژیانتدا کێشاونت، دەڵێن درێژییەکەی چەندین کیلۆمەتر دەرچووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** (بە پێکەنینەوە)، گوایە ئەوەندە جگەرەم کێشاوە، دوو سێ جار بە دەوری ئەرزا بسوڕێیتەوە، ئەوەندە درێژە، ئەو جگەرانەی من کێشاومن، زۆر بووە. جگەرەکێشانەکەم تا ئەهات زۆرتر ئەبوو، لە یەک پاکێت، بۆ زۆرتر، بۆ دوو پاکێت، تا ڕۆژانە گەیشتە سێ پاکێت. لە راستیدا کێشانی جگەرە ئەبێتە خوو ، وای لێ دێ کە خوێنی لەشت، هەموو ئەندامەکانت داوای ئەکات. من ئێستا کەمم کردیتەوە، نازانم کە بنووسم ئەتوانم بێ جگەرە بنووسم، من لەژێر تاقیکردنەوە دام. ئەوە یەکەمجارە من جگەرە کەم دەکەمەوە، بێگومان من هەرگیز بیرم لە وازهێنانی جگەرە نەکردیتەوە، جارێکیان یەک ڕۆژ تەرکم کرد، لێرە لەو سویدە، ئەو دەمانە دایکیشمان لەگەڵماندابوو، بۆ ئێوارەکەی ڕەنگم ڕەش هەڵگەڕابوو، دایکم وتی، بڕۆ کوڕم بکێشەرەوە، دیارە وەزعت زۆر تێکچووە.

لەکاتی پێشمەرگایەتی تووتنمان ئەکڕی و تێمان ئەکرد، وەکو (زەل). ئەو جگەرەکێشانە جۆرەها جیرۆکی هەیە، لە ناوچەی (یاخسەمەر)بووین، لەسالانی 1985 و 1986 جاروبار پارەمان ئەبوو جگەرەی باشمان پێئەکڕی، لە ئێرانیش جگەرە ئەهات. بارەگای کۆمەڵە لەوێ بوو، کۆمەڵێک چادر بوو، شەوێکیان لەگەڵ دکتۆر (خەسرۆ خاڵ) بەیەکەوە لەگەڵ خواردنەوەو قسەکردندا، تا بەیانیەکەی یەک گلۆس ڕۆثمانمان تەواوکرد. (بە پێکەنینەوە) ئەو شێتیەتیە...! بۆ بەیانی بەناچاری ئەو یەکێکی راسپارد سەرلەنوێ جگەرەی بۆ هێنایەنەوە، بە دوو کەس بەیەک شەو، یەک پارچەمان تەواوکرد.!

بەبیرم نایێت بڕیارم دابێت واز لە جگەرە بهێنم، دواجار لێرە چووم بۆ لای دکتۆر، سەیری ناو سینگی کردم، وتی سینگت زۆر خراپە، بەشێکی بەڵخێ گرتوویەتی، بۆ ئیشعەی نووسی، من نەچووم، ئیشعەکەم نەگرت، کە چوومەوە پێ ئەڵێم لەرووی نەفسییەوە ئامادە نەبووم ئەو ئیشعەیە بگرم. لە تەمەنی پەنجا ساڵییەوە لێرە چوومە لای دکتۆرێک، بۆ شتێکی تر چووبووم کە پشکنینی بۆ کردم، وتی ئەزانی تۆ نەخۆشی شەکرەت هەیە، نایزانیت، منیش وتم، نا.... نەمزانیووە، لەو دەمانەوە من ئەو نەخۆشییەم هەیە، ئیتر بەرنامەی سەوزەو برنج و خواردنیان بۆ دانام. من پیاوێکم هەرگیز گوێم نەداوەتەوە تەندروستی خۆم، من لە منال ئەچم ناتوانم ئاگام لە خۆم بێت، نەخۆشی شەکرە پەیوەندی بە زۆر شتەوە هەیە، من پێرار لێرە بۆ چاوم عدەسەیان داناوە، شەکر لە بنی عدەسەکەوەیە. بەکورتی ئێستا کەمم کردۆتەوە، بەڵام بابزانم سەرئەگرێت یان نا؟! لەخۆم بەگومانم!

**شێرزاد هەینی: خۆ نەسرین خان جگەرە ناکێشێت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** هەرگیز.... هەموو بۆڵە بۆڵەکانی لەسەر ئەوەیە، لەو رۆژانە دەیووت، من لە ژیانمدا نەکۆکییوم، هەمووم لە تۆوە بۆ هاتووە.

**شێرزاد هەینی: چۆن نەیتوانیوە ، ناچارت بکات واز لە جگەرە بهێنیت ..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** زۆر هەولی داوە، بێ سوود بووە، بۆیەش نەیتوانیوە جگەرەم پێ تەرک بکات، یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە ئێمە بەردەوام بەیەکەوە نەبووین. ئێمە جاران سیستەمێکمان هەبوو، ئەمجارە کە هاتمەوە دیارە بووە بە دوو سیستەم. نەسرین هەتا بڵی هاورێیە، هەتا بڵی ژنە، لە هەموو ماوە ناخۆشەکانی ژیاندا لەگەڵ مندا بووە. ژنێکی زۆر هێمنە، زۆر لەسەرخۆیە، زۆر پاکە، من لە ژیانی ژن و مێردایەتیماندا خەتام هەیە، بەڵام ئەو خەتای نییە، من هەڵەو کەموکوڕییم هەیە، بەڵام ئەو هیچی نییە، من شتی شاعیرانەو سەرکێشییم هەیە، ئەو هیچی نییە، من ئەوە بەئاشکرا ئەڵێم. ژنێکی مشورخۆرە، ئەوەندەی ئەو ئاگای لە پەروەردەی مناڵەکان بووە، من ئاگام لێیان نەبووە، من لە شاخ و برۆ و وەرەوە .. ئەو ئاگای لە هەموویان بووە، ئێستاش بۆ نەوەکانمان هەموویان نەسرینیان خۆش ئەوێت، کچەکانم چوار کوڕیان هەیە، کەسیان گلەییان لەو نییە، با هەر شاعیر بێت، دیارە کەوا ماڵ و خێزان هەموو شتێکی ئەوێ، بەڵام ئەو هەموو شتەکان رێکئەخات.

کە سەفەری (بۆت)ەکە دەکەین، (سەفەری گەشتیاری بە پاپۆڕی گەورە بۆ فنلنداو دوورگەکانی ناو دەریای بەلتیک)، ئەو هەموو شتەکان رێکئەخات، من نازانم ئەو ئەمبات، کەی ئەچین، کەی ئەگەین....

(نەسرین خان وتی:

ئێمە زۆر بەیەکەوە نەبووین، ماوەی دوورو درێژ لەیەک دوورکەوتینەوە، من هەرگیز رێگام لێ نەگرتووە بچێتە شاخ، پاشان من ئەمزانی ئەو هەر ئەڕوات، ئەو نەیئەتوانی نەچێتە شاخ، کە هاتینە سوید، کە سویدییەکان لێیان پرسیم، کەی و دواجار هاوسەرەکەت دیوە، من وتم ، چوار ساڵ لەوەپێش، من چوار ساڵە ئەوەم نەدیبوو، سویدییەکان زۆریان لا سەیربوو، چۆن چوار ساڵ یەکترتان نەدیووە، منیش وتم، باری سیاسییەکە وابووە، ئێمە یەکەمجارە لە سوید، ماڵی نەگۆڕو نەجولاومان هەبێت، ماڵ دابنێین و لێمان تێکەنەچێت، لەوەتی لەو وڵاتە ئەژین، ئێمە جێگیربووین. من ماوە ماوەش لە سلێمانی سەردانی ئەکەم، ئەو جاروبار دێتەوە سوید، دیارە خەڵکیش زۆریان قسە کرد، زۆریان وت، من بڕوام بەو هەبوو، خەڵکیش بێ کارو بێ ویژدانن، لەو تەمەنەش قسە هەر ئەکەن، من دەزانم ئەو هیچی نییە، شێرکۆ، بۆ ماڵەوە زۆر باشە، هەرگیز حیسابی پارەی لەگەڵ نەکردووین، یارمەتی مناڵەکان ئەدات، یارمەتی منیش ئەدات، ئەگەرنا من بەو مووچەیەی ئێرە ناژیم، کە تەلەفۆنی بۆ ئەکەم، پارە لە کۆنتۆکەی ئەو دەرئەهێنم، تووڕە ئەبێ، دەڵێ، تۆ بۆ تەلەفۆن ئەکەیت، کارتەکەت لەلایەو منیش مانگانە مووچەکەم لەناو کۆنتۆکە دائەنێم، کەی

پارەتان ویست بیبەن، ئەو کورانەی لەلای ئەون، یەکیکان کوری برامە، کورەکەی کاوەی برامە، ئەوان زۆر چاودێری ئەکەن، ئەوان زۆرتر لە من کاروبارەکانی بۆ رائەپەرێنن، من دووجار سەفەرم لەگەڵ کردووە، ئەو حەزی لە بازارو سەیران نییە، بەڵام رێگاشمان لێ ناگرێت، ئەو جیهانێکی تایبەتی خۆی هەیە).

من وەزعی پارەم باشە، خانەنشینی وەزیری وەردەگرم، کە دەکاتە سێ هەزار دۆلار، لە سەردەمیش مانگانە دوو ملیۆن و 300 هەزار دینار وەردەگرم، من باشترین مووچەم هەیە. من لە سلێمانی بەتەنها خۆمم، دوو کەسی خزمم لەگەڵە، ئەگەر ئەو دوو کەسە نەبێت، من ناتوانم بژییم، کارەکەیان لەلای منەو منیش یارمەتیان ئەدەم،(ئاراس و شوان)، لە خوارەوەی ماڵەکەشم، پاسەوانم هەیە. خانووەکەم لە گەرەکی ئاشتییە، دوو سەد مەتری دوو نهۆمە.

**شێرزاد هەینی: نەسرین چەند ساڵ لە شاخ لەگەڵتابوو...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەو فەقیرە نەهاتووتە شاخ، لەگەڵ مناڵەکان لە شاربوو، دەردەسەری زۆر دیوە، راکردن و حکومەت و خۆشاردنەوە، مناڵەکان لەبەر ئەو رەوشە وازیان لە خوێندنیش هێناوە، لە نێوان هەولێرو سلێمانی و بەغدابوون، ماوەی چەند مانگێک لە ماڵی (ساڵح دەزیی) بوون، من ئەوانم نەناسیوە، ئەو لەگەڵ ماڵی خۆشکم ناسیاربوو، ماوەیەکی زۆر لەلای ئەوان بوون، زۆر بەکەڵکیان هاتوون، جۆرەها خزمەتیان کردوون، ئێستا ئەویش لە فنلندایە، دیارە منیش پاشان ئاگامان لەوان بووە، بنەماڵەیەکی باش بوون، ماوەی چەند هەفتەش لە ماڵی (حسین عارف) بوون، لە هەولێر.

**نەسرین خان وتی:**

بەهۆی زاوایەکی شێرکۆ، ئێمە ماڵی ساڵح دەزییمان ناسی، ئەوان هاتن، ئێمەیان بردە لای خۆیان لە گەڕەکی (ئازادی) لە هەولێر سێ مانگ لە ماڵی ئەوان بووین، لە ماڵەکەی ئەوان خۆمان شاردبۆوە، لە سلێمانی بەرێوەبەری مەکتەبەکەی مناڵەکان، خزممان بوو، تەلەفۆنی بۆ کردم، وتی هاتوون مناڵەکانت بگرن، لە سلێمانی دەرچن، ئێمەش لەلای ئەو ماڵە، ماینەوە، کەس ئێمەی نەئەدیت، ئەگەر خزمێکی خۆیان هاتبووایە، ئەگەرنا کەسمان نەدی، لەو ماوەیەدا هەر خۆیان مەسروفیان کردوین، جارێک ویستم پارە سەرفکەم، ماڵەکە زۆر تووڕەبوون، زۆریان خزمەت کردین، پاشان هاتینە ئێران، ماوەیەک لە تاران ماینەوە، لەوێ نوێنەری یەکێتی پارەی مەسروفاتی دابین ئەکردین، تا ئیقامەمان لە سوید دەرچوو، ئێمە پارەی تەیارەمان بۆ سوید، لەلایەن سویدەوە دابینکرا، ئەو ماوانەی لە سلێمانیش بووین، یارمەتیمان لەلایەن یەکێتییەوە بۆ هاتووە).

من لە سلێمانی ئەرزی وەزیریم وەرگرتووە، دووسەد مەترم بۆ چاککردنی ئەو خانووە فرۆشت، ئێستاش 403 مەترم ماوە، چۆڵە، شوێنێکی باشە، لەلای

(تراییەکە)یە، بۆ باڵەخانەو و بازار باشە، خۆم ناتوانم بیکەمە بینایەک ئەگەر یەکێک هەبێت ئەرزی من و پارەی ئەوان بینایەک بکەین باشە.

من یەک بست ئەرزم نە بۆ دایکم، نە بۆ نەسرین، نە بۆ منالەکانم وەرنەگرتووە، ئەمتوانی بەڵام نەمکردووە.

**شێرزاد هەینی: تۆ یەکەم وەزیری روشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بوویت، ئەوەیان چۆن بوو، جۆن تۆیان دانا...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من لە هەڵبژاردنەکەدا لەسەر لیستی سەوز خۆم پاڵاوت، من شانازی بەوانە ئەکەم، پەشیمان نیم، ئەوەش مێژووە کە چووینە ناو یەکەم پەرلەمانی هەڵبژرێردراوی کوردستان، لەوێ بەیەکەم وەزیری روشنبیری هەڵبژێردرام، هەر لە سەرەتاوە جۆری دانیشتنو شێوەی کارەکە لە من نەئەوەشایەوە، دبلۆماسیەت و کۆمەڵی شت هەبوون، بۆ من نەئەگونجا، چی بکەم، بەڵام چی بکەم، تازە تووش بووم، ئیتر من دەرگام کراوەبوو، بڕوا ناکەم بۆ هیچ شتێکم نەووتوە نا ... دەرگاکەم لەسەر پشت بووە، ئەوەی ئەهات دەهاتە ژوورەوە. من خۆم تاقەتم نەبوو، ئەو کاتانە سەردەمی ململانێیەکی توندی حزبی بوو، یەکەمجار لەگەڵ وەکیلی وەزارەت کاک(بارزان)دا زۆرگونجاو نەبووین دواتر هونەرمەندی ناسراو کاک ئەحمەد سالار بوو بە وەکیل لەگەڵ ئەمدا گونجاو تربووم، ئەدەب و هونەرەکە زمانێکی تری هاوبەشی دوور لەسیاسەتی نێوانمان بوو.ئەو کاتەی وزیر بووم رۆژێکیان پارێزگاری هەولێر (عبدالمهمین بارزانی) لە خۆییەوە بێ ئەوەی پرسمان پێ بکات، دەرگای رۆژنامەی (وڵات)ی سەر بە پەکەکەی داخستبوو، منیش وتم ، ئەی من چیم.... یان لە ژێرەوە تیپی وەرزشی هەولێر بە دزی ئەچێت بۆ بەغدا، کەس پرسمان پێناکات، ئەو کارانە سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری بوو، ئەبوو ئێمە ئاگاداربین ئەوسا، منیش وتم، قسەی قۆڕە، هەر پێم بڵێن وەزیر، وەزیری وا ناکەم ...مۆڵەتێکم وەرگرت ماوەیەک لە سوید مامەوە، لەگەرانەوەمدا لەناو فرۆکە (کافیە سلێمان)م لەگەڵ بوو، ئەویش وەزیربوو، ئیستقالەکەم لە گیرفان بوو نیشانمدا، ئەو وتی، بۆ ..؟ منیش وتم کەی من تاقەتی ئەو مەهزەلەیەم هەیە، من وازئەهێنم. لەبەرئەوەی برادەران منیان داناوە، خۆ ئەبێ پرسێکیان پێ بکەم، کە چووم لە شەقڵاوە لە ماڵی (مام جەلال) مەکتەبی سیاسی کۆبوونەوەیان هەبوو، وتم، پێیان بڵێن من بۆ ماوەی دە دەقە کارێکم هەیەو ئەرۆم، چوومە ژوورەوە، هەموو دژبوون خوالێخۆشبوو (جەبار فەرمان)و کاک (کۆسرەت)و... هەموو وتیان کێشەمان لەگەڵ پارتیدا بۆ دروست ئەکەیت، منیش وتم، کاکە من بڕیارم داوە، بەڵام لەسەر لیستی ئێوەبووم بۆیەش پرستان پێئەکەم. لەو دەمانەدا (مام جەلال) یەک قسەی نەکرد، لە کۆتاییدا ئەو وتی، برادەرینە ئەو شاعیرە من ئەزانم ئەوە چۆن قسە ئەکات، وازی لێبهێنن، ئیستقالەکەم بۆ خوێندنەوە، تا نەڵێن تۆ ئێمەت ئیحراج کرد، (مام جەلال) وشەیەکی زبری تێدابوو، وتی ئەو

وشەیە بگۆڕە، منیش وشەکەم گۆڕی، هاتمە دەرەوەو خواحافیز... خواحافیز... لە پەرلەمانیشدا ئیستقالەمدا، یەکسەر گەڕامەوە ئەو سویدە.

**شێرزاد هەینی: لەو ماوەیەدا لە رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) حزبی زەحمەتکێشان شیعرت بڵاودەکردەوە، کە باسی نان و گەندەڵییەکانت دەکرد...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئا.... ئێستاش ئەو برادەرانە قسان ئەکەن، ئێمە زووتر وتوومانە، دوایی کردوومە بە دیوان .. دەرگای گەنم، بەیانیەک لە خەو هەڵسام... سەیر ئەکەم هەموو شتەکان لەماڵەکەم دزران....

**شێرزاد هەینی: لە مێژە بەیەکەوە لەگەڵ نەسرین شاییتان نەکردووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** دەمێکە، بەڵام دوێنێ لە شوێنێ بووین، هەموومان خۆمان بووین، نەسرین لە سوچێکدا لەو بەرەوە دانیشتبوو، دیمەنێکی جوانی هەبوو، منیش بە دەنگی بەرز هاوارم کردو وتم بەراستی ئەو ئێوارەیە جوانیت ...لە پڕێکا ژنێکیان وتی، من چەند ساڵە، فلان... پێ نەوتووم، تۆ جوانی... منیش وڵامم دایەوەو وتم من چی بکەم، من بە نەسرین ئەڵێم جوانی، ئەبێ پیاو قسەی خۆش بۆ ژن بکات، ئەوانەیان زۆر لا خۆشە، بەڵام ئەو قسەی من کردم، قسەی دڵی خۆم بوو، سەبارەت بەشایی من خۆم حەز لەهەڵپەڕین ناکەم، بۆ زانیاریت هەڵپەڕینیش نازانم.

**شێرزاد هەینی: لەو سەفەرەش بەردەوام پێی بڵێ تۆ جوانی...**

**شێرکۆ بێکەس:** من لەتەمەنێکم شتەکانم تێپەڕاندوە.

**شێرزاد هەینی: مامۆستا کاتی خۆی حەزت لەو کردبوو، نامەو...**

**شێرکۆ بێکەس:** من کە خواستم، دوو ژوورم لە بەرامبەر ماڵەکەیان بەکرێ گرتبوو، بە فێڵی دیتنی کانتۆرەکان بردمە، ژوورەکە، لەوێ گرتم ماچێکم لێکرد.

**شێرزاد هەینی: ئەو هەموو خۆشەویستیە ماچێکتان نەکردبوو....؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ، تامی هەر ماوە، یەکەم ماچم لەو ژوورە لەو کرد، من یەک شیعرم لە یەکەم دیوانی تریفەی هەڵبەستم بۆ ئەو بووە، نووسیبووم بۆ (ن)ی خۆشەویست.

## دانیشتنی چوارەم

شوێن: کافتریایەک لە (تێنستا)ی ستۆکهۆلم.
ڕۆژ: 3 ی یونیوی ساڵی 2008
ماوەی تۆمارکردنەکە: 92 دەقە.

**بیروڕا**
**لەسەر (قەڵا )**
**چۆلەکەیەک**
**بە پەلکەگیایەکی ئەوت:**
**ئۆتۆنۆمی**
**پەنجە تووتەی درەختێکی**
**(ڕەحیم ئاوا) ناهێنێت و**
**کەچی ئێمە باڵای هەزار**
**دارستانمان**
**لەسەر سووتان!**

شێرکۆ بێکەس

لە دیوانی (ژن و باران) ل 110 وەرگیراوە.

## من ناوی رووانگەم لە (رووانگە) ناوە.

شێرکۆ بێکەس

مامۆستا شێرکۆ بێکەس کۆمەڵە وێنەیەکی ڕەش و سپی و نوێی بۆ هێنابووم منیش بڕیارە سکانیان بکەم، ژمارەیەکیان بەکاربهێنم، واتە لەو ئینتەرڤیوەدا بڵاویان بکەمەوە، وێنەکان شوێن و کەس و ئاکارەکان جیاوازن، لە حالەتی شیعر خوێندنەوە، لە چەندین شوین و سەردەم گیراون، زۆرن وێنەکان، بەڵام دەکرێ ژمارەیەکیان بڵاوبکرێنەوە.

دوێنی شەویش لەگەڵ شەرابیکی تفت و برنجێکی بە گێزەر لەماڵی ئێمە قسەی زۆرمان کرد، وا ئیمرۆش لە دیمانەکەدا بەردەوام دەبین.

**شێرزاد هەینی: لە رۆژی 11 ی ئاداری ساڵی 1970 کە بەیانی ڕێکەوتنامەی حکومەتی عیراقی و سەرکردایەتی سیاسی کورد بە سەرۆکایەتی رەحمەتی (مەلا مەستەفا بارزانی) دەرچوو، ئەو رۆژە تۆ لە کوێ بوویت، هەستت چی بوو، رۆژەکە چۆن بوو...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەو رۆژە لە مێژووی میللەتەکەمان رۆژێکی گرنگە، بەهاکەی هەر بەهایەکی سیاسی نەبوو، لەو چوار ساڵەدا فەزایەکی بۆ گەشەی ئەدەب و هونەرو مۆزیکی کوردی دروستکرد، ئەو رێکەوتنانە بە وەرچەرخانێکی بەهادار ئەژمێردرێت، چونکە پێش ئەو رۆژە، پێش ئەو رێکەوتنە هەموو شتەکان تاریک بوون، هەموو دەرگاکان بە رووی کورد لە عێراقدا داخرابوون، بەڵام پاش 11ی ئادار، ئەو دەرگایانە کرانەوە، ئەگەر تەماشای بەرهەمە ئەدەبیەکان و هونەرییەکان و رۆژنامەگەری بکەیت، ئەبینی خەرمانێکی زۆرتری لەگەڵ خۆییدا هێناوە، دیارە کەوا هەر لەو ساڵانەبوو یەکێتی نووسەرانی کوردو کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردو کۆڕی زانیاری کوردو زۆر دەزگای کولتووری و روشنبیری گەشەیان کردو کەوتنە درەوشانەوە.

ئەو رۆژە من لە سلێمانی بووم، لە زانکۆ بووم، ئاهەنگەکانیش هەر لەناو زانکۆوە سەریهەڵدا، دوایی لە یاریگاکەی سلێمانی ئاهەنگێکی گەورەیان گێڕا، وابزانم یەکێک لەو وێنانەی بۆم هێناویت لەوێ من شیعر یان نووسینێکم تێدا خوێندیتەوە. لەو ماوەیەدا کۆڕو کۆبوونەوە لە بەغدا زۆر ئەگیرا، چالاکی زۆر هەبووە، ئێمە ئەو

ماوەیەی لە بەغدا بووین، بزاڤی روشنبیری کوردیمان چەقیبوو، هەستمان بە ژان ئەکرد، جوولەمان نەمابوو، هەر لەو رەوشە نوێیەدا ئێمەش بەیانی (رووانگە)مان دەرکرد، ئێمە کۆمەڵێک نووسەرو ئەدیب بووین، من ناوی نووسەرە دیارەکان ئەهێنم، لەوانە (حسین عارف)، (کاکەم بۆتانی)، (جەلال میرزا کەریم)، من بووم، (جەماڵ شارباژێری) بوو، (کەمال رەئوف محەمەد)ی تێدابوو بەڵام پاشان لە ئیمزاکەی پەشیمان بۆوە، ئێمە یەکجۆر بیرکردنەوەمان بۆ تازەگەری بۆ نوێخوازی هەبوو.

**شێرزاد هەینی: ئەدی ئەو چیرۆک نووسەی کە بە گەنجی مرد، (لەتیف حامید)؟**

**شێرکۆ بیکەس:** چەند جاریش لەگەڵ (لەتیف حامید)یش لە بەغداو لە کەرکووک دانیشتین، ئەو وەک رەمزێک بوو بۆ کۆمەڵە گەنجێکی وەک (لەتیف هەڵمەت)و ئەوانی تر لە شاری کەرکوک.

**شێرزاد هەینی: مامۆستا پاشان باس لە رووانگە ئەکەین، با بێینەوە سەر کاریگەری ئەو رۆژە لەسەر تۆو لەسەر بەرهەمەکانت ...؟**

**شێرکۆ بیکەس:** دیارە ئێمەش بەرهەمان زۆر تربووە، من لە ساڵی 1971 شانۆگەری کاوەی ئاسنگەرم چاپکردووە، لە نێوان ساڵانی 1974 و 1973**دا** دیوانی (من تێنویەتیم بە گڕ ئەشکێ)م چاپکرد، لەو دیوانەدا لە دوو سێ قەسیدەی دیاریدا گۆرانێک یان وەرچەرخانێکە لە شێوەی هونەری شیعری لە ئەزمونی مندا، وەک شیعرەکانی (گینگل)، (تۆ هەوریت و ئەو بارێنم)، (من تێنویتم بە گڕ ئەشکێ) ، دیارە ئەو فەزا تازەیەو ئەو دەرگاکردنەوەیە دەنگی تازەشی لەگەڵ خۆییدا هێنا، شیعرو مۆزیک و نووسینی کوردی زۆر پێشکەوت، بەکورتی لەو رۆژانە وەک ئەوە بوو دەرگای بەندینخانەیەک بکرێتەوە، بەندکراوەکان لە دەرەوە باوەش ئەکەن بە ژیانێکی نوێی و پر هیواوە، رۆژەکەو سەردەمەکە لەو جۆرە بوو.

**شێرزاد هەینی: ئەو دەمانەی گۆڤاری (رزگاری) لە شاری سلێمانی دەردەچوو، تۆ بەرهەمت تێدا بڵاوکردیتەوە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من بابەتم لەو گۆڤارە بڵاونەکردیتەوە، چونکە ئەو دەمانە من لە سیاسەتی ئەو گۆڤارەو جەماعەتی باڵی مەکتەبی سیاسی نەبووم.

**شێرزاد هەینی: ئەوەندە ژمارەیەی لێدەرچوو، گۆڤارێکی باشیش بوو، تۆ هیجت تێدا بڵاونکردیتەوە، دەستەی نووسەرانەکەی داوایان لێ نەکردبوویت تۆ بابەتیان بۆ رەوانە بکەیت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نەخێر .. گۆڤارەکە خوالێخۆشبوو (شازاد صائیب)و کاک (نەوشێروان) دەریان ئەکرد، من ئەو دەمە پەیوەندیم پێیانەوە نەبوو.

**شێرزاد هەینی: گۆڤارێکی باش بوو، بابەتی زۆر باشی تێدابوو، لەو ماوەیەدا لە کێندەرێ بابەتت بڵاودەکردەوە..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نا... گۆڤارێکی باش بوو، بەڵام من لەگەڵیان نەبووم، من ئەو دەمانە لە (برایی)و پاشان کە بوو بە (برایەتی)، بابەتم بڵاوکردیتەوە، پاشان رۆژنامەی (هاوکاری)و (بەیان)و (روشنبیری نوێ) دەرچوون، ماوەیەک لە سلێمانی (راپەرین) بۆ ماوەیەکی کورت دەرچوو، گۆڤارێک بە ناوی (نەورۆز) دوو ژمارەی لێ دەرچوو، ئەویش تەمەنی کورت بوو، لەوانە بابەتم بڵاوکردیتەوە. شتەکانیان چڕو کەم بوون.

**شێرزاد هەینی:**

**دیارە پێش بەیاننامەکەی 11ی ئازار دەنگی کوردستانی عیراق لە چۆمان و لە باڵەکایەتی پەخشی هەبووە، بەرنامەی هەمەڕەنگی هەبووە، تۆ کە لەوان نزیک بوویت بابەتت بۆ دەناردنە سەرەوە، لە رادیۆیەکەیان بەشداریت هەبوو...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نەخێر.!

****

## عەبدوڵڵا پەشێو

**شێرزاد هەینی: مامۆستا چەند ساڵە (عەبدولا پەشێو)ی شاعیرت نەدیوە، دیارە ئێوە ماوەیەک هاوڕێ بوون، ناوتان زۆر بەیەکەوە دەهات، ناوەکانتان بەیەکەوە جوان بوو، دواجار کەی ئەوت دیوە ..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من لە ساڵی 1990 چووم بۆ مۆسکۆ، لەوێ بینیم، ئەو لەوێی ئەخوێند، شەوێکیان بەیەکەوە بووین، منی بردەوە ماڵەکەی خۆی، خواردنێکمان بەیەکەوە خوارد، شەوەکەش بەیەکەوە چووینە شوێنێکی خۆش لە مۆسکۆ، چەند رۆژێک یەکترمان بینی، پاش ئەو سەفەرە پەیوەندیمان نەما، من نازانم بۆ ..!

لەلای من کۆمەڵە بەهایەی هاوڕێیەتی هەیە، بەدەر لەسیاسەت تەماشایان ئەکەم، شتێک نییە من بەرامبەر ئەو بیڵێم، رۆژێ لە رۆژان رقێکم بەرامبەر بەو لە دڵدا نەبووە، من هەرگیز لە پاشملە یان لە شوێنێک ئیشارەتم بەو نەداوە، هەرگیز باسی ئەوم نەکردووە، من وای بۆ ئەچم رەنگە هەر لەبەر ئەوە بێت کە من لەیەکێتی نیشتیمانی نزیکم، ئەوە من وای تێئەگەم، ئەشێ واش نەبێت، ئەگەر وا نییە، بۆچی وایە.

**شێرزاد هەینی: بۆ نزیکبوونەوەتان و دووبارە هاوڕێیەتیان تۆ تەلەفۆنێ، نامەیەکت بۆ ناردووە، کارێکت کردووە بۆ نزیکبوونەوەتان...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نا . بەڵام کۆششم بە شێوەیەکی تر کرد، کە یەکەمجار لە وڵاتی ئێمەدا ئەکرێت، ئەویش ئەو گەورەیی لێبووردنەو نەخوێندنەوەی هەندێ شتە، ئێمە ژمارەیەکی تایبەتیمان لە (رۆڤار) بۆ ئەو دەرکرد، تایبەت بە (عەبدولا پەشێو) ژمارەیەکمان دەرکرد، من خۆم پێشەکییەکەیم نووسییوە، لەوێدا رەنگە نێوانیشمان تەواو نەبێت، بەڵام عەبدولا پەشێو ئەوە ئەهێنێت بایەخی پێبدرێت، ئەو بەها و پایەی خۆی هەیە.

**شێرزاد هەینی: کە گۆڤارەکەی (رۆڤار) دەرچوو، ئەو چی وتبوو ..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ رۆڤارەکەی بینبوو، لە شوێنکدا وتبووی، ئەبووایە شێرکۆ وا بکات، چونکە شێرکۆ شاعیرە. ئەتوانی نمونەیەکم بۆ بهێنیتەوە لە نێوان دوو کەسدا، پەیوەندی ساردبێت، یەکێکیان بتوانێ کتێب و گۆڤار دەربکات، گۆڤارێک لەسەر دووەمیان دەربکات کە نێوانیشیان نەبووە، کێ ئەوە ئەکات، من بۆ ئەوەم کردووە.

**شێرزاد هەینی: بیرۆکەی دەرکردنی گۆڤارەکە لەلای کێوە پێشنیار کرا؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من خۆم پێشنیارم کردو، خۆشم جێبەجێم کرد، خۆشم پێشەکییەکەم بۆ نووسی، برادەرانیشم راسپارد کە ژمارەیەکی زۆر باشیش بێت، ئەو هاتووەو لە سلێمانی کۆڕی گرتووە، منی داوەت نەکردووە، من ئەچووم ئەگەر منی بانگکردبووایە، ئێستاش من نە لەگەڵ ئەوداو نە لەگەڵ کەسانی تریش هیچم نییە.

**شێرزاد هەینی: لەو ماوەیەدا بڕوا ناکەم رۆژێک تۆ شتێکت لەسەر ئەو نووسیبێت، یان ئەو شتێکی لەسەر تۆ هەبووبێت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ .. هەرگیز شتمان لەسەر یەک نەوتووە، هیچمان لەسەریەک نەنووسیوە، هیچ رووی نەداوە، من خۆشم نازانم بۆچی ..!

**شێرزاد هەینی: دیارە هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ماوەیەکی زۆرە لەیەک دابڕاون، کارنەکردن نەبووە لەگەڵ یەک. هاموشۆ نەبووە.**

**شێرکۆ بێکەس:** راستە، بەڵێ بەڵام تۆ فرسەتێک بقۆزیتەوە، تا ساردییەکە تان لە نێواندا نەمینێت، ئاشتەواییەک بسازێنیت، دیارە زۆرتر بۆ لای ئەو شکایەوە، ئەو ئەوەی نەکردەوە.

**شێرزاد هەینی: دەڵێن تەندروستی تەواو نییە، لەو رۆژانە لەبەر نەساغی نەیتوانیوە بۆ کۆڕێک بچێتە شاری ( ڤانکوڤەر ) لە کەندا، بیرت لەوە نەکردیتەوە هەواڵی بپرسیت، تەلەفۆنێکی بۆ بکەیت. لەو رۆژانە سیدییەکی کوڕێکم لە هەولێر بۆ هاتبوو کە شیعرێکی ئەوی کردبووە گۆرانی، داوای کردبوو من بۆ عەبدولا پەشێوی بنێرم، زۆر هەولمدا تا ئەدرێسەکەی پەیدابکەم، تەلەفۆنم بۆ مامۆستا (پشکۆ نەجمەدین) کرد، ئەو ژمارەی تەلەفۆنەکەو ئیمێلەکەی دامێ، ئەو وتی، پەشێو تەندروستی تەواو نییە، بەڵام پەشێو پیاوێکی بە ورەیەو ئازایە، پێوەی دیار نییە، بۆیەش دەڵێم نەخۆشە.**

**شێرکۆ بێکەس:** نازانم ئەوە چەند راستە، نەخۆشە .. یان نا .. هەواڵێک هات وتیان نەخۆشە، پاشان وتیان وا نییە، لەلای من ئاساییە هەواڵی بپرسم، چونکە من دەمێکە لەگەڵ (عەبدولا پەشێو ) پەیوەندی و هاوڕێیەتیمان هەبووە، من لە ساڵانی 1968 یان 1967 چووم بۆ هەولێر، لەماڵیان بوویمە، لەو ساڵانە پەشێوو دوو سێ کەسی وەک ئەو لە هەولێر خەریکی ئەدەب و شیعری نوێی کوردی بوون، ئەو دەمانە لە شاری هەولێر ئەو شتێک بوو، رەمزێک بوو، سونبلێک بوو لە زمان و شیعری کوردی، کەواتە من لە کۆنەوە ئەو ئەناسم، ئەو دەمانەی من لە بەغدابووم، ئەو دەمانەش زۆر بەیەکەوە ئەبووین. لە رووی شیعریشەوە ئەبووایە پەشێو زۆر شتی گەورەتری کردبووایە، بەپێی ئەو ئەزموونەی کە هەیەتی، ئەبووایە ئاسۆی شیعرەکانی زۆر فراوانتربووایە، بەڵام ئەو خاوەنی چەند دیوانێکی جوانە.

****

## رووانگە

**شێرزاد هەینی: با لەو دەروازییەوە بچینە ناو باسێکی گرینگ و بایەخداری رۆلی رووانگە لە ئەدەبی کوردی، من دەپرسم، ژمارەی یەکەمی رووانگە بەرگێکی جوان و کاغەزێکی باش بوو، ژمارەی دووەم و سێیەمەکەم وا نەبوو، دیاربوو، داراییەکی باش نەبوو، کێ پارەی چاپکردنی ژمارەکانی گۆڤاری رووانگەی لە ساڵانی حەفتاکان دابین دەکرد، بە پارەی کێ ئەو سێ ژمارەیە دەردەچوو...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئێمە بۆ چاپکردنی گۆڤاری رووانگە پارەمان کۆ ئەکردەوە، بە پارەی خۆمان و پارەی دۆست و برادەرەکانمان دەردەچوو، ئەوانەی لە ئێمەوە نزیک بوون، بەتایبەتی ئەوانەی کە وەزعیان باش بوو، لەوانەی لەبیرمە (سەربەست بامەڕنی)و کەسانی تریش، خۆمان داوای یارمەتیمان ئەکرد بەڵام لە هەموو کەسێک نا، سەرپەرشتی چاپکردنەکانیش (سەلاح شوان) ئەیکرد، وا بزانم یەک یان دوو ژمارەی لە چاپخانەکانی شاری نەجەف چاپکران، دیارە چاپی ئەوان هەرزانتربوو. جا لێرەوە دەپرسین بۆچی رووانگە ...؟

شاری بەغداو بزاڤە ئەدەبیەکەی وایکرد ئێمە باشتر چاومان بکرێتەوە، ئاگامان لە هەموو بزوتنەوە ئەدەبیەکان بوو، هەر لە گەلەری میسری 1968 تا بەیانی شیعری عیراقی ساڵی 1969و بەیانە کۆنەکانی ئەدەبی جیهانی، ئەوانەو ئازادییەکەی لە ئەنجامی بەیانی 11ی ئازار رەخسابوو، ئەوانەو گۆڕانەکانی کە لەو سەردەمانەدا هەبوون، هەر لە وڵاتانی ئەمریکای لاتینی و رۆژهەڵاتی ناوەراستەوە، کە کاریگەرییان

هەبووە، بۆ نمونە تا ئەو سالانەش لەسەر راپەرینی خوێندکارانی فەرەنسا ئەنووسرا، دەرکەوتنی (گیڤارا) لە ئەمریکای لاتینی، ئەو مەسەلە تازەگەریانە باکگراوندبوون کە روانگە بێتە کایەوە.

هەر یەکەوە لەئاقاری بیروباوەڕێکەوە هاتبووین، ئێمە بۆچوونێکی یەکگرتووی سیاسییمان نەبوو، بۆ نمونە (حسین عارف)کە دوای ئەزموونی حزبی شیوعی قیادەی مەرکزییەوە هاتبوو، پاش ئەوەی وازیهێنابوو، من لە (کاژیک) وازمهێنابوو، (کاکە مەم بۆتانی) زووتر لەناو باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دابوو، هەروەها (جەلالی میزا کەریم)ی کۆنە شیوعی و پاشان ببووە پارتی، ئێمە کەوتبوینە ناو بۆشاییەکی سیاسییەوە، ئەو نوێکردنەوە لە ئەدەبدا وەک ئەوە وابوو بەدیلێکمان بۆ دروست بکات. ئەو وازهێنانە لەو رۆژانەی پێشترمان، هەموو بە رەخنەوە بوو، بەرەو گۆڕان بوو، هەتا بەیانەکەش کە جۆرە پەلەکردنێکی تێدا بوو من نووسیبووم، پاشان برادەران دەستکارییەکی کەمیانکردو وەکو خۆی بڵاوکرایەوە، هەر منیش بەیانی (ئەی قەڵەمە نەترسەکان یەکگرن)م نووسیبوو، ئەوەی لە بەرگریکردنی ئازادی ژندا نووسرا، کە کێشەو فەرتەنەیەکی گەورەی نایەوە، زۆر کەس بیریان لەوە ئەکردەوە کە روانگە بەدیلێک بێت بەتایبەتی کەسە مارکسیەکانی ناو پارتی، یان ئەوانەی کە پاشان ئێمە زانیمان ئەوانە رێکخراوی نهێنی کۆمەڵەن، ئەوانە زۆر دژمان بوون، ئەگەر سەیری رۆژنامەکانی ئەو دەمانە بەتایبەتی رۆژنامەی (هاوکاری) بکەیت، شەپۆلێک رەخنەمان بەرەو روو هاتەوە، بەشێکیان، وا دیاربوو کە لەگەڵ بانگەوازو پەیامەکەی ئێمەبوون، بەشەکەی تریان، لەوانە خوالێخۆشبوو (فازیلی مەلا مەحموود)و (فوادی مەجید میسری)و (ئەرسلان بایز)و (فواد قەرەداغی)، کە لەسەر رووانگەیان بە نێگەتیف ئەنووسی. من لە هاوڕێیەکانم گەرمتربووم، بە کۆمەڵە وتارێک بە ناوی (رووانگەو کوێرە رەخنە) بە زەنجیرە وڵامم دانەوە، هەر لە رۆژنامەی هاوکاریش بڵاوکرانەوە، وا بزانم پێنج شەش هەفتەی خایاند، من لەبیرمە لەبەر بابەتەکانی سەر رووانگەو گۆڕانەکان، خەڵکی بۆ کڕینی هاوکاری نۆرەیان ئەگرت، خەڵکەکە زۆر بە پەرۆشییەوە بەرەو بابەتەکان ئەچوون. ئەو وتارانە لەو رۆژگارە وەک شڵەقانی گۆمێک بوو، من ئەو دەمانە کتێبەکەی گارۆدی کاریگەری لەسەرم کردبوو، کتێبی (الواقعیە بلال ضفاف)، ئەگەر چاو بە وتارەکاندا بخشێنیت دیارە کەوا سێبەری گارۆدی بەسەرەوەیە، روانگە یەکەم دیالۆگی رەخنەیی بۆ نوێخوازی هێنایە ناو ئەدەبی کوردییەوە، پێش ئەو بزاڤە ئەو جۆرە رەخنانە لە ئەدەبی کوردییدا نەبوو.

**شێرزاد هەینی: ئەو دەمانەی ئەو رەخنانە بڵاودەبوونەوە، لەگەڵ یەکترا کێشەو ناحەزی پەیدا نەبوون، رەخنەکان بە سینگ فراوانیەوە وەردەگیران...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەگەرچی من بە حماسەوە دەمنووسی، بەڵام وڵامەکان رووشکێن نەبوون، ئێمەش زۆر بە لۆژیک رەخنەکانمان دەنووسی، رەخنەکان لەوانەبوون، کە دەبوو بگیرێن، رووانگە هیچی نەکردبێت وەک زۆرجار وتوومە، بەردێکی هاوێشتە ناو گومێکی مەندو گۆمەکەمان شڵەقاند، من ئەڵێم لە راگەیاندنی بەیانی رووانگە پەلەمان کردبوو، دەبووایە ئارامترو قولتر جۆرەها سەرچاوەی بۆ بخوێنینەوە.

لەبەرئەوەی ئێمە هەمووومان ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردیش بووین، بەهۆی ئەوەوە کۆڕی بەردەوامان بۆ گەنجان رێکئەخست، چالاکیەکان بەناوی نووسەرانەوە بوو، کاک (حسین عارف) سەرپەرشتی ئەکرد، هەموو هەفتەیەک کۆڕمان هەبوو، لە سلێمانی و لە بەغدا دەمانکرد، لەبیرمە بۆ بەشداریکردن لە کۆڕەکان من دووجار چوومەتە بەغدا. ئەوانەی لێمانەوە نزیک بوون دکتۆر (ئیحسان فواد)، دکتۆر (عیزەدین مەستەفا رەسول) بوو، لەو دەمانە (هێمن)و (هەژار)یش لە بەغدابوون، لە بیرمە لەکۆڕێکدا شیعرێکم بەناوی (خەمێکی سوور) خوێندەوە، لەوێ (هێمن) پێی سەیربوو بۆیە وتی، خەمی سوور چییە..؟!

ئێمە ئەو دەمانە لەگەڵ ئەدیبە نوێخوازەکانی عەرەبدا، پەیوەندییمان دروست ئەکرد، بۆ نمونە کەسانی وەک (فازیل عەزاوی)، (عبدالستار ناصر)، ( علی مەستەفا)و (فازیل تامر)و(یاسین النصیر)و(سامی مهدی)، جاروبار شیعرەکانمان ئەکران بە عەرەبی، زووتر لە (النور)و پاشان لە (التاخی)و (طریق الشعب) بڵاودەبوونەوە، من شیعرێکم کرابووە عەرەبی و لە رۆژنامەی طریق الشعب بڵاوکرایەوە، کە چوومە ئامۆژگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا، زۆر لە هونەرمەندەکان و خوێندکارەکان لێم کۆبوونەوەو دەستخۆشیان لێکردم.

**شێرزاد هەینی: لەلایەن دەسەڵاتدارەکانی ئەو رۆژەی کوردی، دژایەتی ئێوەو رووانگە دەکران، تەگەرەیان دەخستنە پێش کارو چالاکییەکانتان، یان بە شێوەیەکی تر بپرسین، دەسەڵاتی کوردستانی کە خۆی لە پارتی دەنوواند یارمەتی ئێوەیان دەدا؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ... دەسەڵاتی کوردستان رێگایان پێئەگرتین، ئێمە پاش ئەوەی (ئەی قەڵەمە نەترسەکان یەکگرن)مان بڵاوکردەوە، کە مەلاکانی گرتەوە، خودی ئاینی ئیسلامی گرتەوە، ئەو بەیانە کێشەو بەزمێکی گەورەی دروستکرد، من ئەو دەمانە لە سلێمانی بووم، هاتوچوی بەغداشم ئەکرد، بەیانیەکیان پاش بەیانەکە کە لەماڵەوە هاتمە دەرەوە، ئەوانەی بەرەو رووم ئەهاتن ئەیانوت تۆ ناوی خۆت دیوە بەکویۆە هەڵواسراوە، چیتان پێ ئەڵێن، کە سەیری دەرگای مزگەوتەکانمان کرد ناوی من و جەماعەتەکەی رووانگە هەڵواسراوە. ئێمەو کۆمەڵە رووناکبیرێکی تر لەوانە پارێزەر (جەمال شالی)و دە دوازدە کەس دەبووین، ناومان وا هاتبوو کە تکفیر بکرێین.

ئێوارەیەک لەگەڵ منداڵەکاندا لەماڵەوە دانیشتبووین بەردبارانیانکردین، بەبیانوی دینی، گوایە ئێمە دژایەتی ئاسمانمان کردووە، بۆیە من نەمتوانی چیتر لە سلێمانی بمینێمەوە، چووم بۆ بەغدا، لەوێ (حسین عارف)م بینی، بۆم گێرایەوە، هەموولایەک وتیان زانیوومانە، دانیشتین بیر بکەینەوە شتێک بکەین، بڕیارماندا بچینە لای حزب، سەردانی پارتی بکەین و دادی خۆمان بۆ ئەوان بەرین، چوینە لای سەرنووسەری التاخی ئەوسا، (حبیب محمد کریم)بوو، لەوێ دانیشتین و باسی رەوشی خۆمانکرد، زۆرمان وت، ئەویش کە ئێمە لە قسەکانمان تەواوبووین دەستی بۆ چەکمەچەکەی بردو دەستە کاغەزێکی دەرهێناو وتی:

من هەر ئەوەندەم لە دەست دێ، ئەو بروسکەو نارەزاییانە بڵاونەکەمەوە، کە دژی ئێوە هاتووە، نازانم چی بکەم ..!

ئەوە لەلایەک، کە (سەربەست بامەڕنی) دەرگای هاوکاری بۆ کردبووینەوەو بابەتمان لەوێ بڵاوئەکرایەوە، (جەلال میرزا کەریم)یش لەوێ کاری ئەکرد، هاوکاری دەروازەیەکی کراوە بوو، بۆ ئیمە، بۆیە لە (قصری جمهوری)، (سەربەست)یان بانگکردبوو، ئەو مەسەلەیان لێ پرسیبوو، لەو دەمانەدا ئێمە بەو بەختیاربووین ستراتیژیەتی بەعس و حکومەت وابوو، زۆر لەگەڵ پیاوە ئاینەکان کۆک و پشتیوان نەبوون، دژایەتی رەوتی ئاینیان ئەکرد، چونکە کێشەکەی ئێمە زۆر گەشەی کردبوو لە مزگەوتەکانی نەجەفیش باسی ئێمە کرابوو، بۆیە بۆ ماوەی یەک هەفتە رۆژنامەی هاوکاری کە رۆژنامەی حکومەت بوو بڕیاردرا دابخرێت، بۆ یەکەمجارو لەبەر بانگەوازەکەی ئێمە، رۆژنامەی هاوکاری داخرا.

ئەوە لە بەغداو لەلایەن حکومەتەوە، لەولاشەوە کۆمەڵێک مەلا بە سەرۆکایەتی خەتیبی سلێمانی، بۆ گلەیی و شکایەت چووبونە لای سەرکردەی شۆرش(مەلا مستەفای بارزانی)، لەوێ وتبوویان کۆمەڵێک کافرو بێ دین سووکایەتیان بە ئاینی ئیسلام کردووە، زۆر قسەی لەو جۆرەیان بە مەلا مستەفا وتبوو، ئەوانە دەیانەوێ بێ ئەخلاقی بڵاوبکەنەوە، ئەوان لەوێ بەو شێوەیە مەسەلەکەیان بۆ ئەو باس کردبوو، ئەویش زۆر تووڕەئەبێت، ئەوەی لەو دەمانە زۆر بە هانامان هاتبوو، خوالێخۆشبوو (فەرەنسۆ هەریری)بوو، روو ئەکاتە مەلا مستەفاو پێیئەڵێ، ئەزبەنی وا نییە، ئەوانە کۆمەڵە گەنجێکن بە هەوای سەربەستی ئازادی و سەربەستی بۆ خۆیان هەندێ قسەیان کردووە، هیچ نییە مەسەلەکە یەکجار وا نییە، من شتەکە وەک خۆی ئەڵێم، رەنگە لە زۆر شتدا لەگەڵ فەرەنسۆ هەریری نەبووم، بەڵام ئەگەر ئەو مەلا مستەفای سارد نەکردبووایە، ئەیانتوانی هەموو شتێکمان لەگەڵدا بکەن، ئەویش زۆر رقی هەڵسابوو، من لەو دەمانەدا نامەیەکی کاک ئیدریسم بە دەست گەیشت، کە بەداخەوە لەلام نەماوە، کە بە پوختی و بە کوردی پێم ئەڵێت:

ئێمە لەبەر باوکت ئەو جارە لێت خۆش ئەبین، ئەگەر ئەوە دووبارە بێتەوە، گلەیمان لێ مەکە ئەگەر هەر شتێکمان کرد. ناوەرۆکی نامەکە لەو بابەتەبوو، بەو زمانە نووسرابوو. کە ئێمە کێشەمان بۆ ئەوان دروستکردووە، مەلاکانمان هەراسانکردووە، ئەگەر دووبارە بێتەوە لێتان خۆش نابین، ئەوە بۆ خۆت و بۆ برادەرەکانت. نامەکە بە دەستی خۆی نووسرابوو.

بابێمە سەر بەرهەمی خۆمان وەک رووانگە. ئێمە قەبارەی بانگەوازەکەمان گەورەتربوو لە بەرهەمەکانمان، ئەوەی خۆمان باسمان ئەکرد بەرهەمەکانمان نەگەیشتبووە ئەو ئاستە، ئەوەی ئێمە لە سەرەتای هەفتاوە باسمان ئەکرد، ئەتوانم بڵێم لە ناوەراستی هەفتاکانەوە دروستبوون، وەک ئەزموونی ئەدەبی، کە بەیانی رووانگەمان دەرکرد، هێشتا ئەدەبەکەمان بەرێوەبوو، من لەلای خۆمەوە بێجگە لە دوو سێ قەسیدە شیعرم لەو ئاستە نەبوو کە باسمان ئەکرد. من لە ساڵی 1975 قەسیدەی (کۆچ)م نووسی، بۆ خۆم ئەوەی لە ئەزموونی شیعردا چاوم تێبڕیبوو لە قەسیدەی (کۆچ)دا هاتەدی، ئەو تازەگەرییە فرە دەنگییە، شیعری درامی، رەنگینی شیعر، وێنەی نوێی شیعری، مۆزیکا لە شیعردا، هەوڵدان بوو، بۆ دۆزینەوەی فەزای تازە، بۆ دۆزینەوەی هاوچەرخیەتی. سەبارەت بە (حسین عارف) ،کۆمەڵێک لە چیرۆکەکانی ئەو سەرەتایانەی یاخیبوونی پێوەیە، لە ئاین یاخییە، لە دابونەریت یاخییە، بەرامبەر بە چەوسانەوەی ژن، ئەوە دیاردەی هونەری چیرۆکە. دیارە پاشان چیرۆکی باشی نووسی، کە دیارترین چیرۆکی (گەلەگورگە)، یەکێکە لەوانەی دەکرێ بخرێتە ناو خانەی چیرۆکی تازەگەری کوردی، لە دوای چیرۆکەکانی (برایم ئەحمەد)و (موحەرەم محمدئەمین)و (محمد مەلوود مەم)، لەلای من وا دەزانم (حسین عارف) گەشەی بەو هونەرەدا، کە لە رۆمانی (شار)دا زۆرتر گەشەی کردووە.

ئێمە لە ناو رووانگەدا دوو سێ بازنەبووین، دیارترین لەوانەی لەئێمە گەنجتر بوون بۆ نمونە (سامی شۆرش)بوو، (سەڵاح شوان)بوو، (سەلام محمد)بوو، ئێمە هەموومان بەیەکەوە نەخشەیەکمان دروستکردووە، ئەشێ سێ چوارێکمان لە شوێنێک، دەستەیەکی تر بە جۆرێکیتر، ئەگەرنا (ئەنوەر شاکەلی)، (لەتیف هەڵمەت)، (عەبدولا پەشێو)، (ئەحمەد شاکەلی) (ئەنوەر قادر محەمەد) هەر لەناو رەوتی نوێخوازیەکەدا بوون، دیارە کەمێ دواتر رەفیق سابیریش بۆ ئەم نوێخوازییە دنیای خۆی هەبوو. هەر لەم هەلکشانەدا شیعرە جوانەکانی پەرۆش و نەوزاد رەفعەت جێی ئاماژە پێکردنن. لەو ساڵانەی دواییدا لە رۆژنامەکانی بەغدا بینیم (عەبدولا عەباس) باسی رووانگە ئەکات، خۆی وا باسی خۆی ئەکات کە ئەو راستە لە حەلقەکان لەگەڵماندابوو، بەڵام ببێتە خاوەنی بیرە سەرەکییەکان، ئەوەیان نەبووە، ئەو ئەهات و دائەنیشت، زۆریش لە (جەلالی میرزا کەریم) نزیک بوو، ئەو یەکێکیش بوو لەوانەی لە ساڵی 1974

هاته دەرەوەو پاشان گەڕایەوە، من و (عەبدولا عەباس)و (ئەنوەر قادر محمد جاف) بەیەکەوە لەناو یەک خیوەتدا بووین. (ئەنوەر قادر محمد) یەکێک بوو لە شاعیرە جوانەکان. ئەو بە یەک کۆمەڵە شیعر، کە ناوی (زریان)ە، شتێکی کردووە، هەروەها (پەشێو) لە جیهانی تازەگەرییدابوو. ئێمە ناڵێن ڕووانگە خاوەن هەموو پرۆژەکانی نوێخوازی بوو.

**شێرزاد هەینی: کێ ناوی لە بزاڤەکە نا ڕووانگە..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من.. وشەی ڕووانگەم لە وشەیەک قۆزتەوە کە لە ساڵانی 1959 و 1960 لە خەیاڵمدابووە، من لەو دەمانە سەردانی ناوچەی (سیوەیل)م کردبوو، لەوێ چووینە سەر شوێنێک ئەوەی لەگەڵمدابوو وتی:

ئێرە ڕووانگەیە! منیش وتم:

ڕووانگە چییە...؟ ئەویش وتی:

ئێمە لە ڕاوە کەودا، ئەو ناوەو ئەو شوێنە بەکارئەهێنین، بۆ ڕاوەکەو، ڕاوچییەکە ئەچێتە شوێنێک چاوی لەهەموو ناوچەکانی چواردەوری خۆیەتی، هەموو ناوچەکانی لێوە دیارە، واتە قووتکەیەکی بەرز لە شوێنکدا، شوێنی ڕووانین. ئیتر کە بەیانەکەی ڕووانگە هاتە پێشەوە من نووسیم و ناوەکەش بەو ناوە ڕۆیشت.

**شێرزاد هەینی: کۆبوونەوەو ڕاپرسییەکتان لەسەر ناوەکە کرد ...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نا... کە وتم یەکسەر پەسندیانکردو هەموولایەک وتیان ئەوە وشەیەکی جوانە. ئەوەش یەکەمجاربوو ئەو وشەیە بەکاربێت.

**شێرزاد هەینی: دەزانی مناڵ هەبێت بەو ناوە کرابێت ..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** هەیە مناڵ هەیە بەناوی ڕووانگە، هەروەها کچی گەورەم بینیوە وتوویەتی من (کازیوە)یەم، باوکم لەبەر دیوانەکەی تۆ لە کاتی خۆی ناوی ناوم (کازیوە). ڕووانگەش هەیە کوڕی کاک سەردار، خاڵی موژدەی زاوام لەشاری ئوبسالا بوون لە سوید،کورەکەیان ناوی (ڕووانگە)یەو، فرۆکەوانی مەدەنیش بوو.

**شێرزاد هەینی: ڕۆژنامەی (النور)، کە لە کۆتایی شێستەکانی سەدەی رابردوو، باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی لە بەغدا ڕۆژانە دەریان دەکرد، لە کاتی خۆی ڕۆژنامەیەکی باش بووە، ئێوە چەند دەتانخوێندەوە و سوودت لێوەردەگرت..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ڕۆژنامەیەکی باش بوو، زۆر لە ڕۆژنامەنووسە عەرەبەکانیش بابەتیان تێدا ئەنووسی، منیش ئەمبینی، بەڵام خۆم شتم تێدا نەنووسیوە، جاروباریش شیعری وەرگێردراوی من بۆ عەرەبیم لەو ڕۆژنامەیە دییوە، ڕۆژنامەیەکی باشبوو، لەگەڵ (التاخی) بایەخیان بە ئەدەبی کوردی دەدا. یەکێک لە گۆڤارە عەرەبیە باشەکانی ئەو دەمانە گۆڤاری (الکلمة)بوو، کە نووسەرە گەورەکانی عیراقی دەریانئەکرد، (موسی کریدی) سەرنووسەر بوو لەو گۆڤارەدا، دووجار شیعری منیان

به عەرەبی بڵاوکردیتەوە، لەبیرمە یەکێک لە شیعرەکان (سامی شۆرش) کردبوویە عەرەبی، هەروەها لە گۆڤاری (الاقلام)دا شیعری منیان کردووتە عەرەبی و بڵاویانکردیتەوە، بەڵام گەورەترین شت بە عەرەبی بۆ من و کە بۆ یەکەمجار لە گۆڤاری (آفاق عربیة)ەوە بوو، لەوێ لێکۆڵینەوەیەکی (ئەنوەر قادر محمد) لەسەر شیعری تازەی کوردی لەوێدا بڵاوبوەوە، ئەوسا (کامەران قەرەداغی) کاری لەو گۆڤارە ئەکرد، بەهۆی (کامەران قەرەداغی)کە لە (شفیق الکمالی)یەوە نزیک بوو، ئەو لێکۆڵینەوەیە ڕێی بۆ خۆشکرا تا بڵاوبێتەوە، ئەنوەر قادر محمد لەم لێکۆڵینەوەیەدا باس لە قۆناخە گرنگەکانی شیعری کوردی ئەکات، تا ئەگاتە سەر ئەزموونی شیعری ئێمە.

****

## نیهاد کاظم الدجیلی !

**شێرزاد هەینی: مامۆستا من زوو زوو حەز دەکەم بابەتەکان بگۆڕم، دوێنێ شەو زۆر باسی ( نیهاد کاظم الدجیلی )ت کرد، چۆن پاش ئەوەندە ساڵە ئەو پیاوە تۆی دووبارە دۆزییەوە، کە تۆ لە کوردستان بوویت و ئەویش لە بەشێکی ترو دوور لە تۆ، چۆن گەیشتەوە تۆ ...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەو خۆی سۆراخی منی کردبوو، زانیبووی من لە سلێمانیم، لەخەڵکی هەواڵی منی زانیبوو، لە بەغداش لەو ماوەیە سەردانی بارەگاکانی یەکێتی کردبوو، لەیەکێک لە تەقینەوەکانی کەرخ لە بارەگایەکی یەکێتی لەوێ بوو بوو کەمێکیش بریندار بوو بوو. دیارە ئێمە ماوەیەکی زۆر بەیەکەوە بووینە، بۆیەش یەکترمان دۆزیەوە، کە منی دۆزیبوەوە، بانگی سلێمانیم کردەوە، هات مێوانم بوو، ئەو زووتر هەر بەهۆی کاری وەزیفەوە دەگوازرێتەوە ناحیەکانی لای ئێمە، نازانم یان لە (ناڵپارێز) یان لە (سەید سادق) بووە، لەوێ مدیر ناحیەبووە، سۆراخی منی کردووە، زانیبووی من دەرچووم و لەشاخم.

**شێرزاد هەینی: ئێوە لەو ناحیەیە لەبەر ئەو نەبووایە چۆن شەوانە عەرەقتان دابین دەکرد، چۆن مێزتان ساز دەبوو...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** دیارە لە ناحیەکە فرۆشتنی عەرەق نەبووە، ئێمە هەفتەی دوو سێ جار بەیەکەوە دائەنیشتین، پەیدامان ئەکرد، لە بەغداوە بۆمان ئەهات، کە ماڵیشم بوو، شەوانە خۆم لەماڵی خۆماندا ئەمخواردەوە، مدیر ماڵەکەش باش بوو، ئەویش

پەیدای ئەکرد، ئەوان لەگەڵ خواردنەوەکە یاریشیان ئەکرد، من هەرگیز یارییم نەکردووە، بەڵام بەناچاری سەیرم ئەکردن.

ئەو ماوەیەی لەناو مەخفەرەکە ئەخەوتم، بەراستی تەواو خۆم بە زیندانی ئەزانی، مەخفەرەکەو چایخانەکەو تەشریب!، کە هەر سێ ژەمەکە نانم لەوێ ئەخوارد، وەک کاریش لەوێ من هیچ کارم نەبوو، رەنگە لە هەفتەیەکدا سێ چوار نووسراومان نەبووبێت، زۆر خەریکی خوێندنەوەو نووسینی خۆم بووم، ئەو ماوەیەش زۆرترین کتێبم لە بەغدادی خوێندوتەوە.

***

## خاڵە عومەرو مامت!

**شێرزاد هەینی: پاشان کە تۆ گەورەبوویت و بوویتە فەرمانبەرو دامەزرایت، خاڵت چی لێهات، ئەو پیاوەی زۆر پشتیوان و کەست بووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** خاڵم کە ناوی (عمر سەعید)ە لە سلێمانیی ماوە، ئێستا پیرە. باوکم دوو برای هەبوو( حەمە سەعید)یان لەکاتی خۆیدا لەرووباری دیجلەدا ئەخنکێ، ئەو لەگەڵ مامە تایەرم لەبەغدا ئەبن،کە باپیرم ئەگەڕێتەوە ئەستەمبول، دوانە بەیەکەوە ئەگەڕێنەوە بۆ ماڵی حاجی ئەمینی کاکە حەوی لە سلیمانی، مامە تایەر لە باوکم بچووکتربوو، لەناو ئوتومبێلی زاواکەیدا لە کۆچرەوەکەدا مرد، تەمەنی هەبوو نزیکی هەشتا ساڵ ئەبوو، لەگەڵ مناڵەکانی بوو. ئەویش جاروبار لە رۆژنامەی (ژین) نووسینی هەبوو، ئەویش نازناوی بێکەسی هەبووە، مامم فەرمانبەرێکی بچوک بوو، پیاوێکی زۆر قسە خۆش بوو، هەرچەند ئەو خۆشی وەزعی وا باش نەبوو، بەڵام کە ئێمە لێمان قەومابوو ئەو بە هیچ شێوەیەک مشوورێکی ئێمەی نەخواردبوو، هیچ ئاوڕدانەوەی نەبوو، بەڵام ئەوەی بەلای من زۆر گرینگ بوو، کە هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە، مامم لە ناوەراستی پەنجاکان لەتێ بیتاقەی یانسیبی بۆ دەرچووە، بۆ نموونە دوو هەزارو پێنجسەد دیناری ئەو کاتانە، پارەیەکی زۆربوو، ئەو نەهاتە لای من دوور لەو خوشکەکەم و دایکم.

لەو ماوەیەدا رۆژێکیان پیاسەم ئەکرد بەلای دووکانی (کەریم ئاغا)ی خاڵی باوکم رەتبووم، ئەو بەرگدروو بوو، لەوێ ئێواران کۆمەڵەیەک لە مامۆستاو فەرمانبەران لەلای ئەو کۆئەبوونەوە، من کەرەتبووم، مامیشم دانیشتبوو، کەریم ئاغا بانگی کردم، بە مامی وت، ئەوە شێرکۆی برازاتە، ئێستا قاتەکەی بۆ ببرم، پارەکە ئەدەیت،

ئەویش بەناچاری وتی، باشە، بۆی ببرە، جا نازانم پارەکەی دابوو یان نا.. ئێستاش گومانم هەیە کە پارەکەی دابێتە کەریم ئاغای بەرگدروو.

باپیرم لە ساڵی 1905دا قائیمقامی شارباژێربوو لە (سیتەک)، ئەودیو گوێژە، لە جیاتی (چوارتا) ئەوێ مەرکزی قەزابووە. هەر لەو ساڵەدا بیکەس لەدایک بووە باپیرم لە سوپای تورکیادا ئەمیرال بووە، دوا پلەشی پارێزگاری (مرعش)بووە، لەوێ مردووە، وەک هاوتەمەن لەتەمەنی (ئەمین زەکی بەگ)بووە، بەیەکەوەش هاوڕێ بووینە، پاش دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقی ئەوان هەموو گەڕاونەتەوە، بەڵام ئەو ماوەتەوە، بێ ژن و منداڵ بووە.

ئەگەرچی خزمەکانی باوکم هەموویان وەزعیان باش بوو، بەڵام هیچ ئاوڕییان لە ئێمە نەداوەتەوە، لەناو هەموو خزمەکانی باوکمدا لەگەڵ مامۆستا فەریدون عەلی ئەمین رێکبوم ئێمە زۆرتر لەوانە کە من زۆر لەگەڵ ئەودا رێک بووم خوالێخۆشبوو (فەریدون عەلی ئەمین)بوو، پیاوێکی ئەدیب و رووناکبیربوو، شیعرو چیرۆکی بۆ منداڵان ئەنووسی، ئەو یەکێکە لە پێشەنگەکانی ئەدەبی منداڵان، ئەویان خزمی باوکم بوو، ئەوانی تر لە بۆنەکاندا ئەمبینین، دەهاتن و دەیانووت ئێمە ئامۆزاو خزمین، بەڵام من کەسیانم نەدیبوو، ئێمە زۆرتر لەگەڵ خزمەکانی دایکم بووین، بەتایبەتی خاڵم.

**شێرزاد هەینی: مامۆستا تۆ تووڕە ئەبیت..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** جاروبار زۆر خراپ تووڕە ئەبم.!

**شێرزاد هەینی: لە نسرینیش تووڕە ئەبیت..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** زۆرکەم، تووڕەبووم رەنگە لەسەر کاروباری ماڵەوە بوبێت، یان لە سەردەسکاری رەشنووس و شت و مەکی سەر مێزەکەم، توورە ئەبم بەڵام زوو سارد ئەبمەوە، لەگەڵ هەموو کەسێکدا زوو سارد ئەبمەوە، هەموو کەسێک تووڕەبوونی هەر هەیە، ئەگەر هەرگیزیش تووڕە نەبیت ئەوەش خراپە. ئەبێ لەو رەشەبایانە شتێ دروست کەیت.

(لە دانیشتنەکەمان لەگەڵ نەسرین خاندا، وتی: باوکی هەڵبەست، جارانیش تووڕە ئەبوو، بەڵام لەسەر شتی کەم و بچووک، بۆ نمونە ئەگەر قاوەکەی پێشی ساردبێتەوە، یان من کەمێ درەنگ گەڕاومەتەوە، یان ... بەڵام لەسەر شتی تر تووڕە نەئەبوو، کە پێمان ئەووت جگەرە مەکێشە، زۆر تووڕە ئەبوو، ئەیووت، دیارە من خۆم نازانم، منیش ئەزانم خراپە، ئێستا زۆرتر تووڕە ئەبێت، دیارە هەموو کەس کە ئەچێتە تەمەنەوە تووڕە ئەبێت ).

**شێرزاد هەینی: مامۆستا تۆ سێ کچت بەشووداوە، چۆنت بەشوودان..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** خۆیان..! هاتوون بۆ داخوازیان، بەڵام خۆیان پێیان خۆش بووە، خۆیان رازیبوونە ئەو پیاوانە ببن بە هاوسەریان. ئەوە پێویستە، بۆ خوشکەکانیشم هەر

وابووه، ئەوە پێویستە وا بێت. من زۆرجار مامم ئەبینی، ئێوارەیەکیان نازانم بۆ هەروا بۆم هات، داوای کچێکم لەو کرد، سێ کچی عازەبی هەبوو، کە قسەکەم تەواوکرد زۆر توورەبوو، وەک ئەوەی کفرێکی گەورەم کردبێت، وا بزانم پەلەماری بەردێکی دا منیش زوو لەبەر دەستی رامکرد، نازانم بۆ وا توورەبوو!! پاشان زۆرم بیرکردەوە، باشە ئەو پیاوە بۆ وا توورەبوو.

**شێرزاد هەینی: تۆ وتت کامیانم ئەوێت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ ... ئێستا ماوەو شووی کردووەو منالی گەورەی هەیە. رەنگە ئەو لەوە توورە بووە کە من هێشتا خوێندنم تەواو نەکردووە، مەبەستی ئەوەبوو، برۆ جارێ مشووری خۆت بخۆ، کەی کاتی ژنهێنانتە.

****

**شێرزاد هەینی: لەسەر شیعری شارەکەم، دوێنی وتت، تووشی کێشەو گرتنی کردیت، لە دیوانەکانت هەیە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ لە دیوانی (تریفەی هەڵبەست)دا هەیەو ئەتوانی وەریگریت، شیعرێکی نیمچە درێژە، یەکەمجار لە رۆژنامەی (برایی) بڵاوکرایەوە.

**شێرزاد هەینی: لە دەرکردنی گۆڤارەکانی رووانگە پارەی زۆرتان زەرەرکرد؟**

**شێرکۆ بێکەس:** پارەکەی ئەهاتەوەو نەئەهاتەوە، بەو شێوەیەبوو. لە کتێبخانەکان ئەفرۆشراو ئەمایەوەو ئەوەش گرفتێکی تری کتێبی کوردی بوو.

**شێرزاد هەینی: ئەگەر زاراوەی قەسیدە بکەینە کوردی، چی باشە؟**

**شێرکۆ بێکەس:** وا بزانم مامۆستا (عەلائەدین سجادی) بۆ قەسیدە (چامە)ی وتووە، هۆنراوەش ئەبێ، شیعریش وەک میللەتانی عەرەب و تورک و بەکاری ئەهێنن لای ئێمەیش هەر شیعر جوانترە.

**شێرزاد هەینی: کەی یەکەمجار (گیوی موکریانی)یت بینی...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** یەکەمجار (عەبدولا پەشێو) منی بردە لای ئەو، ئەو پیاوێکی روشنبیری کوردپەروەر، خەمی هەموو وشەیەکی کوردی ئەخوارد، بەراستی لە فەرهەنگەکەی کارێکی پیرۆزی کردووە، هەمووجارێ ئەیووت، من لە سلێمانی جلی کوردییم لەبەر باوکت کردو وێنەم گرت، راستی ئەکرد، (بێکەس) وێنەیەکی هەیە چاکێتەکەی بەحال داخراوە، تەسکە، دیارە ئەو خۆی بۆی بردبوو رەنگە چاکێتەکە هەر هی خۆی بووە. دیارە هەمان چاکێت بوو لەبەری (گۆران)یشی کردووە، دیارە کەوا (گۆران) خۆی لاوازبووە، هەمان چاکێتی لەبەر باوکیشم کردووە، من دوو سێ جار چوومەتە لای، ئەو بەردەوام ئەجولایەوەو سەرپەرشتی کارەکانی ناو چاپخانەکەی

ئەکرد، منیش تەماشای کتێبخانەکەم ئەکرد. ئەو سونبلی کوردو هەولێربوو، من شتی سەرەتایی لاوازم لە گۆڤاری (هەتاو)ەکەی ئەودا بڵاوکردیتەوە، (بەپێکەنینەوە) زۆر سادەن هەر حەز ناکەم هەموو کەس بزانێ ئەوانە شیعری منن، سەرەتام بوو، (هەتاو) بۆی بڵاوئەکردینەوە، شوێن نەبوو، لەوێ خۆشی لە پەراوێزێکدا نووسیویەتی ئەوە کوڕی فائیق بێکەسە.

باوکیشم لەو ناوچانە برادەرێکی مودیر ناحیەبووەو هاتووتە هەولێر، لە هەولێریش لە ئاهەنگی کردنەوەی یانەی فەرمانبەران بێکەس شیعری خوێندیتەوە.

**شێرزاد هەینی: گیوی موکریانی زۆربەی دیوانە کوردییەکانی چاپکردووە، دیوانی بێکەسیشی چاپکردووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** باوەڕ ناکەم، دواجاری کە لەلایەن دەزگای ئاراس چاپکرایەوە، وابزانم دووبارەش چاپ ئەبێتەوە، دەگاتە هەشت جار چاپکراوەتەوە، راستە پرسمان پێئەکەن، بەڵام مافی چاپی کتێبی کوردی شتێکی وا نییە، بەڵام ئێمە ئاگادارین کە چاپ ئەکرێتەوە. جاری یەکەم (حمەی مەلا کەریم) پێشەکییەکی نووسیوە، یەکەمجار لەسەر ئەرکی خوالێخۆشبوو (فهمی قەفتان)بووە، وا ئێستاش چاپخانەی (شڤان) چاپی ئەکاتەوە.

**شێرزاد هەینی: سەیرە مام گییو زۆربەی دیوانەکانی چاپکردووە، بۆ دیوانەکەی بێکەسی نەکردووە، دیارە لەلای ئەو نەبووە دەستی نەکەوتووە...؟!**

**شێرکۆ بێکەس:** رەنگە دەستی نەکەوتووە، بەشێکی دیوانەکە لەلای مامۆستا (برایم ئەحمەد)بووە، ئێمە لە ساڵەکانی حەفتاکاندا لەومان وەرگرتەوە، شیعرەکانم کۆکردەوە لێرەو لەوێ، خۆشی بە گەنجی مردووە، تەمەنی 43 ساڵ بووە شیعرەکانی تەنها دیوانێک بووە، (بێکەس) ئەوەندەی مەسەلەی کوردی مەبەست بووە، ئەوەندە شیعری مەبەست نەبووە، ئەو شیعری لەبەر پەیامی نیشتمانی و کۆمەلایەتی ویستووە.

***

## دەزگای سەردەم

**شێرزاد هەینی: بێ دەزگای سەردەم دەتوانی بژیت، سەردەم بۆ تۆ چییە؟**

**شێرکۆ بێکەس:** باوەر ناکەم، بیرۆکەکە لەلای خۆمەوە بووە، کە بۆ جاری دووەم چوومەوە کوردستان کاک (کۆسرەت) تەکلیفی لێکردمەوە، وەک وەزیری دەوڵەت،

منیش وتم بڕیارم داوە تازە دووبارە وەزیفەو وەزیری ناکەمەوە، ئیتر لەوانەی ئاگایان لە چونیەتی دامەزراندنی سەردەم بووە، (محمد موکری)و (دڵشاد عەبدوللا)و (حسین عارف)و(رەئوف بیگەرد)و(مەلا بەختیار)و پاشان (ئەکرەم قەرەداغی)و(ئازاد بەرزنجی)، مەسەلەکەمان گەیاندە (مام جلال)، هەموولایەک لایان باش بوو، سەردەم هاتە ئاراوە، من ئیشەکەم بۆیە لا خۆش بوو، چونکە لە رۆحم نزیکە، ئەگەرنا لە دوای تەمەنێک، هەندێ تاقەت هەیە نامینێت، بەڵام کتێب و چاپخانە لەمنەوە زۆر نزیکە، راستە من کارە ئیدارییەکان ناکەم، بەڵام ئیلتزامت بەرامبەر کارێک هەر هەیە، ناشتوانی بۆ کێی جێئەهێلیت، من ئێستا تەواو بەو ژوورەوە نووساوم، بەو کەسانەی چواردەورەمەوە، هەندێ جار هەندێ کورسی و مێز هەیە، هەندێ شوێن هەیە، ئەگەر لەوێ نەبێت، لەسەر ئەو نەبێت ناتوانی بنووسیت.

**شێرزاد هەینی: بیرتان لەوە کردیتەوە، سەردەم ببێتە ئەندام لە رێکخراوێکی جیهانی پەخش و بڵاوکردنەوە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئێمە ئەندامی هیچ رێکخراوێک نین، خۆشمان سۆراخی شتی وامان نەکردووە، ئەوەی لەوانە شارەزایە ( فەخری کەریم )ە، لە المدی ئەو ئەزانێت، لەو دواییانەدا بەنیازە یەکێتیەک بۆ دەزگاکانی بڵاوکراوەو پەخشەکانی کوردستان دامەزرێنێت. ئەوەش لە هەموو جیهاندا هەیە، ئەگەر کۆشش بکەین پەیوەندیی بە یۆنسکۆ بکەین، ئێمە دەمانەوێ سەربەخۆیی تەواوی خۆمان هەبێت، ئیتر پارە لە حکومەت وەرنەگرین، ئەوەش بە کردنی بەشێکی چاپخانەکەمان بە کاری بازرگانی، کە پارەو سەرمایەمان بۆ پەیدا بکات، باڵەخانەکەی پشتەوەمان تەواو بێت، پارەمان بۆ دەستبەر ئەکات، سینەماو رێستورانت و کافتریایە، ئەمانەو کۆمەڵە دووکانێکیشمان هەیە، لەو کاتەدا پێویستمان بە پاداشتی حکومەت نامینێت، بەڵام تا ئەوانە تەواو نەبن، ناتوانین پشت بە خۆمان ببەستین، لەو ساڵانەی رابردوو، ئێمە گۆڤارو بڵاوکراوەکانمان بەردەوام بووە، کێشی زۆرمان خستووتە سەر گۆڤارەکانمان، دەزگاکانی تر، تەنها هەر کتێب چاپ ئەکەن، هەموو کتێبەکانی ئێمە بەم فیلتەرانە ئەڕوات وەک:

ئێمە هەموو دەقێک وەردەگرین، پسپۆرەکان سەیری ئەکەن، کە پەسندکرا ریز ئەگرێت بۆ چاپکردن.

***

## جەمیل رەنجبەر

**شێرزاد هەینی: کە شاعیرو پێشمەرگە (جەمیل رەنجبەر) شەهیدبوو، تۆ لە دەرەوە نەبوویت، وا بزانم ئەو پێش ساڵانی هەشتاکان شەهیدبوو، شیعرێکت بۆ ئەو وتووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من لە سلێمانی بووم لەوێوە قەسیدەکەم بۆ نووسی، شیعرەکەم بە ناوی (میوان) بۆ ئەوم نووسیوە، لەوێوە بۆ دەرەوەم نارد، لە کۆنەوە بەهۆی (عەبدوڵا پەشێو)وە ئەوم ناسیوە. قەسیدەی میوان دواتر شیعرەکە کەوتە ناو دیوانی (کەشکۆلی پێشمەرگە)، دیارە ئەزانین(کەشکۆلی پێشمەرگە)ئەو شیعرانەی لەخۆگرتووە کە بۆ پێشمەرگە و موقاوەمەت نوسراون چەند بەشێکی (ئاوێنە بچکۆلەکان)یش هەر کەوتنە ناو ئەم دیوانە، هەروەها شیعرە درێژەکەی (بەیان)، لەوانە (ئاوێنە بچکۆلەکان)، کە بۆ ژنە شەهیدێکی کۆمەڵەم نووسیبوو، قەسیدەیەکی درێژبوو، باس لە خەباتی ژن ئەکات لە خەباتی شۆرشگێرییدا، کە بە فیعلی لە خەباتدا شەهیدببوون ئەو کاتانە دەنگدانەوەیەکی هەبوو، هەروەها داستانی هەڵۆی سوور.

***

## هەرەسی رێکەوتنامەکەی 11 ی ئازار

**شێرزاد هەینی: پاش ئەوەی سەرکردایەتی کورد بە سەرۆکایەتی (مەلا مستەفای بارزانی) لەگەڵ حکومەت نەگەیشتنە رێکەوتنامەیەک و حکومەت لە زۆر بەڵێنەکانی بۆ مافەکانی کورد پەشیمان بۆوە، لە ئاداری ساڵی 1975 دووبارە خەڵکەکە رووی لە شاخەکان کردەوە، لە شارەکان ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیان و پێشمەرگەکان و کەسە حزبیەکان و کەسانی تریش، زانکۆی سلێمانی و ژمارەیەکی زۆری پۆلیسەکانی کوردستان و نووسەران و کوردانی شارەکانی تری عیراقیش، هەر لە بەسراو بەغدا و شارەکانی تریش، روویان لە ناوچە ئازادکراوەکان کرد، ئێوە ئەو رۆژە، چۆن دەرچوون، رۆیشتنەکەتان بە کام رێگاوە بوو...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئێمە دوو سێ رۆژ پێش 11ی ئادار کۆمەڵێک نووسەر لە سلێمانیەوە، دەرچووین، دیارە پێشبینی ئەوە ئەکرا رێکەوتنەکە کۆتایي پێدێت، شەڕەکە ئەبێتەوە، زووتر لە شار دەرچووین، ئێمە هەموومان یەکەمجار چووینە هەڵەبجە، دوو سێ رۆژ لەوێ ماینەوە، من زووتر کاک (فەتاحی حمە مینا ئاغا)م ئەناسی، من کە چووبومە بناری سیوێل لەوێ ئەوم ناسیبوو، ئەو دەمانە ئەو ئامیر

هێزبوو، کە ئێمەی بینی، وتی لەگەڵ من وەرن ئەتانبەم بۆ (تەویلە)، لەوێ شوێنتان بۆ دابین ئەکەم، لەوێ بمێننەوە با بزانین چۆن ئەبێت، (ئەمینی میرزا کەریم)، (رەئوف بێگەرد)، (تایەر ساڵح سەعید)، ( سەلام مەنمی)، (محەمەد رەشید فتاح)و (مستەفا ساڵح کەریم)، لەوێ (کاکە مەم بۆتانی)مان دیتەوە، ئەو کۆنە مەخفەرەکەی (تەوێلە)ی داینێ، ئازووخەو بەتانیی بۆ دابینکردین، من لەوێ خوالێخۆشبوو (حەمید بلباس)م ناسی، ماوەیەک لەوێی ماینەوە، شەوانە خەریکی خوێندنەوەو نوکتەو بەزمی خۆش بووین، لەو ماوەیەش بارانێک دەستی پێکرد، بارانەکە بڕانەوەی نەبوو چل رۆژی خایاند، ئەوەندە باران باری، هەر لەوێ پیاوێک ئاو بردی ئێستاو ئەوساش نەدۆزرایەوە، ئێمە داوامانکردبوو بچینە سەرەوە، واتە (گەڵالە)، جارێک بە دوو سێ ئۆتومبێل بەرەو ئیران رۆیشتین، ئێمەیان گێرایەوە، من پێشتر لە شۆرشی ئەیلول چووبومە ناو ئیران، ئەو دەمانە بۆ یەکەمجار بەناو ئیرانەوە هاتبوومەوە پێنجوین، لە ساڵانی شێستەکان بوو، لەو سەفەرەدا من چەند شارم کردبوو، ئەو دەمانە بە چاوێکی زۆر رێز سەیری پێشمەرگە ئەکرا، بۆ نمونە پارەی خواردنیان ئەداین، داوەت ئەکراین.

جاری یەکەم بۆ ناو ئیران دەرنەچووین گەڕاینەوە، بۆ جاری دووەم بەناو ئیراندا گەیشتینە حاجی ئۆمەران، لەوێ بەرەو (قەسری سەلام) رۆیشتین، ئەو کۆشکەبوو کە رێکەوتنامەکەی تێدا کرابوو، بۆیە ناوەکەی وابوو، ماوەیەک لەوێ ماینەوە، رۆژانە فرۆکەکان حەشریان بەو ناوچەیە ئەکرد، تا رۆژێکیان خەڵکێکی زۆری لەسەر پردەکەی نێوان گەڵاڵەو ناوپردان شەهیدکرد، لەو شوێنەی ناوی (ئازادی)یە، پێش (حاجی ئۆمەران) چادرمان هەڵدا، سەرپەرشتکەری ئەو مەڵبەندە خوالێخۆشبوو (دارا تۆفیق)بوو، ئەو دەمانە خوالێخۆشبوو (هەژار)و خوالێخۆشبوو (کامەران قەرەداخی)و(فەلەکەدین کاکەیی) لەوێ بوون، ئەو دوو کەسە بەیەکەوە لەناو یەک چادرا بوون، (دکتۆر کەمال مەزهەر)یش لەوێ بوو، بەڵام ئەو لە شوێنێکی تربوو، هەمووومان کارمان بۆ رادیۆ ئەکرد، من و (ئەنوەر قادر محمد)و (عەبدولا عەباس) بەشی وەرگێرانیان پێئەوتین. هەرگیز ئەو ژمارە زۆربەی روشنبیران لەناو شۆرشدا بەیەکەوە کۆ نەببوونەوە، ژمارەیەکی زۆربوون.

تا کۆتایی هاوینەکە لەوێ بووم، لەو کاتانە بوو کە حکومەت لە شارەکان بنەماڵەی پێشمەرگەکانی دەردەکرد، ئەوانەی لەو رێگایەوە دەرئەکرا، تا (گەلی عەلی بەگ)یان ئەهێنان و بەرەڵایان ئەکردن، من رۆژێکیان بروسکەیەکم لە پێنجوێنەوە پێگەیشت، لە بروسکەکە نووسرابوو کەوا (نەسرین) و مناڵەکان گەیشتوونەتە (بناوە سووتە) ئەبێ بگەیتە لایان، کاک (دارا توفیق) وتی باشە، برۆ، بەڵام تۆش تەسجیلێک

لەگەڵ خۆتدا بەرە، ئەگەر کرا لەوێوە کارمان بۆ بکەو شریتمان بۆ بنێرە، منیش وتم زۆر باشەو رۆیشتم..

بە ناو ئێراندا رۆیشتم تا گەیشتمە بناوە سووتە، کە گەیشتم لەوێوە شتم بۆ ئەنووسین، ئەو گوندە لەسەر سنووربوو، لەو دیوەوە ئێران بوو، لەوبناوە سووتە چووبووینەماڵی (خولە) و (خەجێ)، ئێمە ئەوانمان ئەناسی، لە کۆنەوەو لەسەردەمی باوکمەوە ناسیاویمان هەبوو، کاک خولە خۆشی پێشمەرگەبوو، لە پۆلیسە کۆنەکانی (قوەی سیار)بوو، ئەوان ژووریکی شڕییان هەبوو، چەند رۆژێک لەوێ ماینەوە، کە ژیان لەوێ زەحمەت بوو، زانیمان بەشی زۆری خێزاندارەکانی شاری سلێمانی لە مەریوانن. بەرەو مەریوان بەڕێکەوتین، کە چوومە (مەریوان) خەڵکێکی زۆرمان دۆزییەوە، ماڵی (خەسرۆ ئەحمەد میرزا)، واتە ماڵی (گەزیزە)ی خوشکیشم لەوێ بوون. ژوورێکمان لە مەریوان بە چەند دینارێک بەکرێ گرت، ژوورێکی بچووک بۆ هەموومان، هەیوانێکی هەبوو، لەوێ بەشێکمان کردبووە شوێنی زەخیرە، ماڵەکەمان هەژارانەبوو.

لە مەریوان کۆمەڵێکی زۆر لە ئەدیبان و روناکبیران ئەژیان رۆژانە لەچایخانەکان یەکترمان ئەبینی. ئەو رۆژەی هەواڵی نوشستیەکەیان هێنا، من و (فواد مەجید میسری) پیاسەمان ئەکرد. بەیەکەوە پیاسەمان ئەکرد، کە هەواڵەکەم یەکەمجار بیست، خۆم پێرانەگیرا یەکسەر لەسەر جادەکە دانیشتم.

لەو ماوەیەدا من یەکدووجار بە سەردان هاتبوومە پێنجوێن، رۆژێکیان لە چایخانەیەکی تاریکدا کابرایەک منی بانگکرد، کە چووم بینینم (عومەر سەید عەلی)بوو، منی بردەوە ماڵەکەی خۆیان وتی، یەکێک لەوێیە ئەویش پێیخۆش ئەبێ تۆ ببینێت، کە چووم بینیم (شەهابی شێخ نووری)بوو، ئەو لەگەڵ دایکمدا خزمایەتیان هەبوو، من نەمئەزانی ئەوان خەریکی کاری رێکخستنی ترن، ئەوەم نەئەزانی، ئەوم جارێکی تر لە سلێمانی دیتەوە، پاشان گیراو نەمدیتەوە، دوای گەرانەوەیان لە ئێران، ئەوانە دەستەیەک بوون، لەرێگای پێنجوێنەوە گیران.

**شێرزاد هەینی: لەو دانیشتنەدا باسی کۆمەڵەو شتی لەو جۆرەیان لەگەڵ تۆ باس نەکرد؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نا... نەخێر ..!چونکە من لەگەڵ بیرباوەری سیاسی ئەوان نەبووم، دیارە رێزی منیان وەک شاعیرێک لەلابووە. من گەڕامەوە مەریوان، لەوێش کۆمەڵە گەنجێک خەریکی (پاسۆک)بوون، ئەوانیش هاتنەلام، داوایان کرد من لەگەڵیان بم، بەیانەکانیان بۆ ئەهێنام، بەردەوام منیان ئەبینی و ئەهاتن بۆ ماڵەوەیش من وتم، کاکە من بەکەڵک حزبایەتی ناهێم، واز لەمن بهێنن. هەروەها بۆ بینینی من جەماعەتی

قیادەی مەرکەزییشم ئەبینی، کەئەو دەمە(فاروقی مەلا مستەفا)بەرپرسی یەکەمیان بوو.

کەمێ ئەگەڕێمەوە بۆ پێشتر، چەند جارێک (سامی شۆرش) دەهاتە لامان سەری ئەدایین، ئەو لەگەڵ (قیادەی مەرکزی)بوو، لە دواییدا هێنامانە لای خۆمان، وتمان وەرە بابە چی ئەکەی لەوێ، وەرە ئێرە تێرو پۆشتەتری، هاتە لامان، یەک پالتۆی درێژی لەبەربوو لەسەر ئەرزەکە ئەخشا، تفەنگێکی لوولە درێژی لەشان بوو.

**شێرزاد هەینی: لەو دەمانە شەڕە گەرمەکانی (زۆزک)و (گەرووی عومەرئاغا)و (سەرتیز) کوشندەبوو، حکومەت پێشرەویی کردبوو، ئەگەر زۆرتر هاتبووانە پێش، تۆ ئەو دەمانە هەستت چی بوو؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بێگومان شەڕەکان گەرم بوو، حکومەت هێزی زۆری کۆکردبوەوە، بەڵام بەرگری باش ئەکرا، قوربانی زۆر ئەدرا، ئەگەر زۆرتر هاتبووانە مەترسی ئەگەیشتە سەر گەلاڵە، ئەوەش زەنگێکی ترسناک بوو.

لە سەرەتای مانگی ئادار وردە وردە خەڵکەکە رووی لە شارەکانی ئێران ئەکرد، دوایی باس لە بوون و ئەگەری بەرگری ئەکرا، باسی رێکەوتنامەکەی جەزائیر هاتە ئاراوە، ئەو دەمانە مەلا مستەفا لەناو ئێران بوو، ئەو دەمانە دەیانووت، ئەبێ مەلا مستەفا وەک رەهینەیەک دەست بەسەر نەکەن! ئەگەر شەڕەکان بەردەوام بێت، شتەکان بەوەوە شکایەوە کەوا شەڕو بەرگری نامینێت، دوو بوار هەیە، یان تەسلیمبوون بە ئێران یان چوونەوە بۆ ناو عیراق، وتیان بەلێن وەرگیراوە، لەهەردوو دیوا، کەس ئازار نادرێت.

**شێرزاد هەینی: لەو دەمانەدا ئیستگە بەرنامەی زۆری هەبوو، تۆ شیعرت لە ئیستگە بڵاوکردەوە ..؟**

**شێرکۆ بێکەس:**نەخێر، من ئەو دەمە وتارم ئەنووسی،بەڵام شیعرم بۆ خۆم ئەنووسی.

**شێرزاد هەینی: مووچەتان چەندبوو، ئێمە تەنها لە مەکتەبی سکرتاریەتی قوتابیان مانگانەو بەردوام شەش دینارمان لە سکرتاریەتی قوتابیان لە گوندی دەربەند وەردەگرت، ئەدی ئێوە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** مووچەکە باش بوو، بەشی ماڵ و منداڵەکانیشی ئەکرد، لە مانگەکانی دوایی مووچەکە نەما، من لە مەریوان دە دینارم لە زاوایەکم قەرزکرد، بەو پارەیە گەڕامەوە، مێردی خوشکە گەورەکەم.

**شێرزاد هەینی: زاوا ئامادەیە، بێگومان دە دینارەکەی وەرنەگرتیتەوە ..؟! زاواتەو خۆ ناڵێ نییەو؟**

**شێرکۆ بێکەس:** چۆن... بە پێچەوانە! ئەوەی من لەبیرمە، ئەو داوایکردەوە، من لە وەزعێکی ناخۆش بووم کە ئەو داوای کردەوە، کەم جار وەزعم وا ناخۆش بووە، ئەو

لەو دەمانەدا داوای دە دینارەکەی کردەوە. لە ماڵی خەزوورم ژوورێکمان وەرگرتبوو، ماوەیەکی زۆر لەو ژوورە ژیانمان بەسەربرد، ئینجا لەو دەمانەدا گواستنەوەکەم بۆ خوارووی عیراق بەسەرداهات.

لەو سەردەمەدا دوو سێ شتی خۆش روویدا، ئەو دەمانە وەزعمان تاریک و ناخۆش بوو، ئەگەر بە قەرزێ پارەیەکمان دەست کەوتبووایە ئەچووین بۆ نادی فەرمانبەران، لەوێ لە سووچێکەوە دائەنیشتین خوا خوامان بوو کەس نەمانبینێت. (محمد سەدیق مەحموود)ی هاوڕێمان بوو، پاشان لە هەولێر بوو بە ئەمین عامی کشتوکاڵ لە حوکمی زاتیەکە، بەناوی حمە سەدیق عارفیش بابەتی نووسیوە، لە سەردەمی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان یەکترمان ئەناسی، پێش ئەوەی ئێمە بچینە دەرەوە، هاوڕێمان بوو، پیاوێکی دەست و دڵ رەنگین بوو، ئەتوانم بڵێم لەسەدا نۆهەدی ئەو مێزانە حیسابەکەی لەسەر ئەو بوو، ئەو خۆی پارێزەربوو، ئەو لەگەڵ شۆرش و دەرچووندا نەبوو. کە شۆرشەکە نوشستی هێنابوو کەیفی هەبوو، بەردەوام ئەهات گاڵتەی پێئەکردین. شیعری تەنز ئامێزی نووسیبوو، بۆ نمونە، دەیووت:

**پار لە مارتا**

**قووڕێکی خەست گیرایەوە،**

**کرا بەسەر سەری پارتا،**

لەو ماوەیەوەو... شیعرو قسەی لەم بابەتانەی ئەووت، وازی نەئەهێنا، منیش پیم ئەوت، پیاوی باش بە، وازمان لێ بێنە، خۆ منیش شاعیرم، ئەویش ئەیووت، تۆ ناتوانی وەک من ئەو جۆرە شیعرانە بنوسیت. تۆو شیعری ( هجو )، ئەوەیان ئیشی تۆ نییە، زوو زووش ئەیووت، بۆچی لەگەڵ (حسین عارف) سەری هەولێر نادەن، وەرەن میوانم بن، منیش بەڵێنمدا بچمە هەولێرو سەردانی بکەین.

لەبیرمە، هاوین بوو گەرم بوو، پێش ئەوەی بڕۆم بۆ بەغدادی، رۆژێک دەستەیەک کاغەزم راکێشا، لە دوای هەرەس یەکەم شت بوو کە نووسیم، ئەوەبوو کە بۆ ئەوم نووسی. لەبەرئەوەی شیعرەکانی ئەو جنێو بوو، دەبووایە شیعرەکانی منیش وابێت، ناوم نابوو (معلقەی هەشتەمی گاندانی حەمەی سەدیق)، کە وتم بڵاوبۆوە، دەستاو دەست بڵاوکرایەوە، هەشت نۆ فلاسکاپ بوو، ئێستا باسی ئەوەشت بۆ ئەکەم، کە ئەو شیعرەکانی دەووت، منیش بەو شیعرانە وڵامی ئەوم دایەوە.

****

**بەشێک لە معلقەی هەشتەمی گاندانی حەمەی سەدیق ...**

**لە هەولێرا**
**هەر ئەندامی ئەنجوومەنەو**
**خۆی ئەگەڕێ بە شوێن کێرا،**
**حمە سەدیق ئێستا پێشرەوی نەسرەوتی گاندەرانە،**
**قینگی لەوەرگاو دەروازەی حکومی زاتی لمنتقة کردستانە،**
**حمە سەدیق خۆی ئەزانی کێری ئێمە چەند چەتوونە،**
**قینگی ئەوان چەند جێ حوونە**
**بە رەحەتی جێگەی هەرزان ئەلەسەرسووری کێریلەی عائیدوونە.!**

لە پارچەیەکی تر وتبووم:

**تەسەور کەن،**
**تەسەور کەن**
**هەرچی ستوونی چادری پەنابەرانی ئیرانە**
**بوون بە کێرو بە شوێن حەمەدا رائەکەن،**
**کاکە حەمە ئەو رۆژە دێ**
**قینگی ئێوە بە کێری بابەگوڕگوڕی ئێمە گەرم دابێ.**

****

**یان وتوومە:**

**دوێنێ لە پشتی زیلێکا بینیم**
**قینگی حەمە سەدیق وەکوو تایە دابەستراوە،**
**پرسیم چییە،**
**وتیان ئەبێ تەسفیرکرێ و تەهجیرکرێ،**
**وتم بۆچی، وتیان: چونکە**
**چونکە لە کەرکووک و خانەقینا گانی داوە.**

***

**شێرزاد هەینی: تۆ لە شێوەی هەجو نووسیوتە، بەڵام لە راستی شتی سیاسیت وتووە!**

**شێرکۆ بیکەس:** ئەو شیعرە گەیشتبووە ئەورووپاش دکتۆر (کەمال فواد) لە ئەورووپا بینیبووی، وا بزانم گەیشتبووە مەکتەبی سەدامیش، کە من ئەوەم وت، یەکێک لەوانە (مەحموود زامدار)و برادەرانی تر شیعرەکەیان بینیبوو، من بەشیکی کەمم لەبیرمابوو، شیعرەکە هەشت نۆ لاپەرەی فۆلسکاپ بوو پاشان قەسیدەکە دیار نەما، ساڵێ دوو ساڵ دە ساڵ، جاروبار (مەحموود زامدار) ئەیووت لەلای منە، بەڵام من بڕوام نەئەکرد.

**شێرزاد هەینی: ئەیووت لەلای منەو داوای پارەی ئەکرد تا بۆت بگێڕێتەوە.**

**شێرکۆ بیکەس:** (بەپێکەنینەوە) تا ئەو ساڵانە ئەو وای ئەووت، پاشان هیچێشی نەویست و بۆی گێرامەوە، ساڵێک نابێت، شیعرەکانم وەرگرتەوە.

**شێرزاد هەینی : ئەو باسی شتێکی تری ئەکرد، شەوێکیان لە بارێکدا، تۆ شیعرەکانت لە گیرفانی کەوتووە، ئەویش هەڵیانئەگریتەوەو لەلای خۆی پاراستوونیەتی.!**

**شێرکۆ بیکەس:** راستە، شەوێکیان لە کاتی خواردنەوە کەتبووە لای ئەو، ئەوەش ماوەیەکی زۆری خایاند، وتیان لەلای ئەوە، کاک (دڵشاد عەبدولا) وتی من ئەزانم لەلای ئەوە، کە زانیم لەلای ئەوەو راست ئەکات، منیش وتم پیاوێکی وەک تۆ شیعر لە من بدزێت و دوایی داوای پارەم لێ بکاتەوە، بە پارە پێم بفرۆشێتەوە، ئەوە منیش نەمویستووە، بۆ خۆت. سەرەتا تەنها نیشانی دام، دوایی خستیەوە ناو جانتاکەی، ئینجا بۆ جارێکی تر قەسیدەکەی دامەوە، ئیستا لە سلێمانی لەلامە، هەمان ئەو پارچە کاغەزانەیە کە من لە کاتی خۆیدا لەسەرم نووسیبوو، وەک خۆی مابوو، من شیعری هجو نانووسم، بەڵام ئەو، واتە کاک حمە سەدیق وازی نەهێنا.

من شیعرەکەم نووسیبوو لە شوێنێ ئەگەرام شیعرەکەی تێدا بخوێنمەوە، ئەو وتی، وەرە ماڵمان لە هەولێر، منیش چووم شەوەکەی دەعوەتی کردین من و (حسین عارف)و (کاکە مەم) لەوێ بوون، ئەو لە ماڵە گەورەکانی ئەمین عامەکان بوو، ئەوەی پاشان ئێمە بووینە وەزیر بووە ماڵمان، لەوێ لە خانووێکی گەورە دانیشتین.

دیارە ئێمە هاوڕێین، برادەرمانەو ژنەکەی خوشکی کاک حسین عارفە، ئەو خۆشی هەمووو شتێکی نوکتەیە، وتی ئێستاش یەکێکی تریش دێت، پاش ماوەیەک پۆلیسێک دەرکەوت، کە پۆلیسیەکە هاتە ژوورەوە ئەوەندەمان زانی (بابکر پشدەری) هاتە ژوورەوە، ئەو دەمانە ئەو سەرۆکی ئەنجوومەنی تەشریعی حکومی زاتی بوو، هات و دانیشت، من ئەمناسی، بەڵام لەگەڵ ئەودا دیدارمان نەبوو، پێکی یەکەم خورایەوە، دووەم پێک خورایەوە، وا بزانم کاک مەم بۆتانی بوو، وتی ئێستا کاتێکی باشە، منیش وتم باشە، وتم کاکە حمە سەدیق، تو کۆمەڵێک شیعری هەجوت خوێندەوە، لەو

شیعرانەدا شتی جوان و بەهێزی تێدابوو، ئایا حەقی خۆم نییە، قسەی خۆم بکەم؟!
حەمە سەدیق وتی حەقی خۆتە، بابکریش وتی حەقی خۆتە، کە شیعرەکەم خوێندەوە، بابکر پشدری وتی، کاک شێرکۆ ئەوە تەنها شیعری هجو نییە، زۆری لە ژێرەوە هەیە،کاک شێرزاد ئەزانی ئەو قسەیە کەی وتراوە، کاکە حەمە رۆژێ دادێ قینگی ئێوە بە کێری گەرمی بابەگورگوری ئێمە گەرم دادێ، ئەمە لە کاتێکدا وتراوە، روسکایی لە کوردستاندا نەمابوو.

# دانیشتنی پێنجەم

شوێن: کافتریایەک لە گەڕەکی (تێنستای) ستۆکهۆلم.
ڕۆژ: 4ی یونیوی ساڵی 2008
ماوەی تۆمارکردنەکە: 91 دەقە

**(پرسیارو خەون شیعر دروست ئەکات).**

شێرکۆ بێکەس

**2008/6/4** لە کافتیریاکەی تێنستا دانیشتووین، دوێنی مامۆستا کۆمەڵە وێنەیەکی تایبەتی خۆی دابوومی، منیش ژمارەیەکم لەناویاندا هەڵبژارد، هەمووشم سکان کرد، تا لە کتێبەکەم جێگایان بکەمەوە، دیارە ئەو وێنانەش بایەخی تایبەتیان هەیە، هیوادارم لە هەگبەکەی مامۆستا زۆر شتی جوان هەڵبژێرین، بێگومان شتی تاڵیش ئەگەر باس بکرێن شیرین دەبن، ئاورێک لە تاڵەکانیش دەدەینەوە. کە شەوەکە لە ماڵی ئێمە بووین (کاژڤان)ی کوڕم چەند وێنەیەکی دانیشتنەکەو مامۆستای گرتبوو، وێنەکانم پێ نیشاندا، دیارە بەشێک لەو وێنانە هەڵدەبژێرین، تا جێگایان ببێتەوە.

**شێرزاد هەینی: مامۆستا حەز دەکەیت ئیمرۆ خۆت بابەتێک هەڵبژێرەو قسەی لەسەر بکە، با کردنەوەکە لەلایەن تۆوە بێت...؟**

## زمانی ستانداری کوردی

**شێرکۆ بێکەس:** تۆ خاوەن پرۆژەکەیت، پرسیارەکان لەلای خۆتە، لەگەڵ ئەوەش ئەمەوێ باسی مەسەلەیەکی هەستیار بکەین، کە لەو رۆژانەدا زۆر باس ئەکرێت، مەسەلەی زمانی ستانداری کوردییە، من پێمووایە ئەوەش یەکێکە لە مەسەلە هەرە گرنگەکان، واتە مەسەلەی بەکارهێنانی جۆری پیتی نووسین، مەسەلەی زمانی ستاندار، رەنگە ئەوە باسێک بێت قسەکردن لە بارەییەوە گرینگ بێت، نازانم ئاگاداری یان نا، لەو رۆژانەدا کە بە گەرمییەکی سلبییش لە دهۆک هەندێ لە نووسەران داوا دەکەن زاراوەی بادینی ببێتە شێوەیەکی فەرمی، هەتا داوا ئەکەن لە پەرلەماندا لە حکومەتدا شێوەکەیان ببێتە رەسمی، کاک (مەسعوود)و کاک (نێچیرڤان)یش بە بادینی قسەو وتار بدەن، ئەگەر ئەوە وابێت ئەبێتە جۆرێکە لە جیاکردنەوە، ئەگەر شێوەکەی خۆیان لە ناوچەکەیان بەکاربێت، باش ناکەوێتەوەو مەترسی لەسەر زمانەکەمان ئەبێت.

ئەو پیتانەی کە لەلای ئێمەو لە باشووری کوردستان پەیڕەوکراوە. پێش ئێمەش بەکارهاتوون، کە ئەو پیتانە بەکارئەهێنین، ئەو حەرفانەی کە لە بنچینەدا پیتی ئارامییە، پاشان هاتووتەوە ناو زمانی عەرەبیەوە، پاشان گەیشتووتە ناو فارسەکان، ئینجا ئەفغان و دواییش بلوجەکان و پشتووکان بەکاریان هێناوەو بەکاری ئەهێنن، مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، کە دەگەرێتەوە بۆ شەش تا حەوت سەد ساڵە،

ئێمەی کورد بەو پیتانە ئەنووسین، بەبڕوای من لابردنی ئەوانەو گۆڕینی بە حەرفی لاتینی، ئەوە خۆکوشتنە. چونکە ئەو کتێبخانەی کە ئێمە پێکمان هێناوە، بەو پیتانە بووە، ئەو کولتوورەش بەو پیتانە بووە، بەکارهێنانی پیتی لاتینیش کە بەشیکە لەو مەسەلەیەی کە ئێستا باسی ئەکەین، بۆ ئێمە چ مەسەلەیەک چارەسەر ناکات، ئەگەر کورد لە نووسیندا پیتی لاتینی بەکارهێنا، زمانی کوردی نابێتە زمانێکی غەربی، جگە لەوەش ئەو شێوە کوردییەی کە ئێستا پێی ئەنووسرێت، بەپێی سەردەمەکان گەشەی کردووە، بەرەو پێشکەوتن گۆڕاوە، کە لەسەردەمی شێخ مەحموددا پێی نووسراوە، ئەو زمانە لەو رۆژانە پێی نووسراوە، ئەوەندە گەشەی کردووە، وەک ئەوە وایە کە بە زمانێکی تر نووسرابێت، چ لە رووی رێنووسدا، چ لە پەیدابوونی زاراوەی زۆرەوەو کۆمەڵێ شتی لەوانە، هەتا لە زمانی کوردی پەتییەوە، لەبەرئەوە ئەوەیان کولتوورێکی دوورودرێژی ئێمەیە، ئەوەش هەر لە باشووری کوردستان نەبووەو بەس، بۆ نمونە (بابە تاهیری هەمەدانی) بەو پیتانە نووسیویەتی، تا دەگاتە (ئەحمەدی خانی)و (مەلای جزیری)و ئەوانی تر... بەو حەرفانەیان نووسیوە، من کە باس لە کێشەی بەکارهێنانی حەرف ئەکەم، پەیوەست نییە بەو بەشەوە، هەر ئەوەندەیە رەنگە ئێمە کێشەمان زۆرتربێت لە بەکارهێنانی حەرفی لاتینیدا، کەمترمان نییە، واتە من مەبەستمە بڵێم بەکارهێنانی پیتی لاتینی خۆ ناتوانی لەگەڵ هەموو فۆنەتیک و بەکارهێنانەکانی زمانەکەمان خۆی بگونجێنێت، وەک چۆن پیتی عەرەبیش ناتوانی لەگەڵ هەموو فۆنەتیکەکانی زمانەکەمان خۆی بگونێجنێت، بەڵام بەهۆی ئەو گەشەکردنانەی کەوتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، بەهۆی ئەو کارە زۆرانەی کە تێیدا کراوە، تا رادەیەکی زۆر ئەو گیروگرفتانە کەم بونەتەوە، بۆ نمونە لەسەردمی حوکمرانی شێخ مەحمووددا کۆمەڵێ نیشانەو بزوێن لە نووسیندا نەبوون، ئەگەر سەیری نووسین و زمانی سەردەمی گۆڤاری گەلاوێژ بکەین، لەگەڵ زمان و نووسین لە رۆژنامەکانی سەردەمی شێخ مەحمووددا، لەوە تێئەگەیت کە گەشەسەندنەکە چەندەو چەند گەورەیە، رەنگە کۆمەڵێ رووناکبیرم لەگەڵدایە، یان نا... من پێمووایە ئێمە زمانی ستاندارمان هەیە، ئەویش ئەو زمانەی کە ئێستا ئێمە پێی ئەنووسین، واتە ئەو زمانە ستاندارەی کە بە لایەنی کەمەوە لە سەردەمی ( نالی )و (مستەفا بەگی کوردی)یەوە بۆ ئێمە ماوەتەوە، بەردەوامیش لەگەشەکردندابووە، لە هەندێ قۆناخیشدا پێی خوێندراوە، هەروەها زمانی سێ حکومەتیش بووە، لە سەردەمی شێخ مەحموودو لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مهابادو لە ئیستاشدا زمانی پەرلەمان و حکومەتی هەریمی کوردستانە، توانیویەتی گەورەترین کتێبخانەی کوردی دروست بکات، ئەوانە هەموو ریگا بەوە ئەدەن، ئێمە ناوی زمانی ستانداری لێ بنێین.

دیارە کەوا مەسەلەی زمان خەڵک بەخۆشی وەریناگریێت، لە تورکیادا خەڵک نەهات بەخۆشی خۆی پیتەکان بگۆڕێت بە پیتی لاتینی، ئەوە زۆرتر مەسەلەیەکی سیاسی دەوڵەتیە، مەسەلەی سیاسی ئەوەی فەرزکردووە، ئەبێ لە مەسەلەی فەرزکردنی زماندا وەک فەرمانێکی سەربازی فەرزبکریێت، وەک ئەوەی نان لەگەڵ زماندا بێت، کە تۆ ئەوە نەکەیت نانیشت نابێ بیخۆیت، ئەگەر بخرێتە دەنگدانەوە، ناکرێ ئەوە بە دەنگدان ناکرێ، دەبێ وەک راستیەک خەڵک بیسەلمێنێت کە ئەوە وایە، ئەبێ رۆژانە ئەوە جێبەجێ بکات، ئەو پێشکەوتنەی لە زمانی نووسیندا لە نووسینەکانی نالی و سالم و کوردی و... ئەمە زمانی ستانداری زمانی کوردییە، لەبەر ئەو هۆکارانەی ئاماژەمان پێکردن، هاتووە، پێوسیتە میللەتی کوردیش ئەوە قبوول بکات کە ئەو لە دەست ئەوانەوە نەبووە لە دەست شێوەکەی ترا نەبوو کە وا بووە، ئەوە لە دەست پێشهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان بووە، کە بۆ شێوەکەی ئەوانەوە دروست نەبووە، لەبەرئەوە من وا ئەزانم وا باشترە ئەو شێوەی ئێستا بە پیتەکانەوە دەستنیشان بکرێت بۆ زمانی ستانداری کوردی، ئەوەش توندرەویی و دەمارگیری نییە، ئەوەندەی کە راستییەکی مێژووییە.

کام زمان هەبووە لە دونیادا هەر وا بەئاسایی لەلایەن خەڵکەوە وەربگیریێت، ئەو زمانانەی کە هەیە زمانی ئەو شوێنە جوگرافیانە نەبوون کە ئێستا بەرقرارکراون، زمانی فەرەنسی زمانی شارێکی خوارووی پاریس بووە، کراوە بە زمانی ستانداری فەرەنسی، ئەوەش بۆ، لەبەر ئەوەی لەسەردەمێکدا زمانی کولتوورو هونەرێکی دەوڵەمەندبووە، ئەگەر بۆ مێژوو و سەرچاوەکانی زمانەکان بگەرێیتەوە هەمووی وابوون، دیارە من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە پیتی لاتینی لە پیتی عەرەبی ویستراوترە. ئەو لەهجە پەرستیەی هەندێ لەنوسەرانی دهۆک جاری بۆ ئەدەن هەوڵدانە بۆ روخاندنی زمانی کوردی ئاگر خۆشکردنێکی ترە بۆ ئەوەی لەرابردوودا چی بۆ ئەم زمانە کراوە ئەویش بسوتێنن. تۆ بروانە تەنانەت بارزانی رەحمەتی چ خوالێخۆشبوو کاک ئیدریس چ لە ئێستاشدا کاک مەسعودو کاک نێچیروان نەقسەیان نە نامەیان نەوتارو لێدوانیان هیچیان بەشێوەی بادینانی نەبووە بەڵکو بەو زمانە بووە کەزمانی ستانداری هەموومان بووە.

**شێرزاد هەینی: کە باس لە زمانە ستاندارەکە دەکەیت، تۆ مەبەستت، تەنها کوردستانی باشوورە، یان مەبەستت کوردستانی باکووریشە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من بەگشتی قسە ئەکەم، بەپلەی یەکەم و لەم رۆژگارەدا مەبەستم باشوورە.

**شێرزاد هەینی: بەبڕوای تۆ رۆژێک دێ کوردانی باکوور لە شاری دیاربەکر لە نووسیندا پیتی عەرەبی بەکاربهێنن...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەدی ئەکرێ خەڵکی سلێمانی رۆژێ بێ لە نووسیندا پیتی لاتینی بەکاربهێنن! بەمجۆرە کێشەی زمان چارەسەر ناکرێت!

**شێرزاد هەینی: ڕەنگە بەکارهێنانی لاتینی بۆ ئێمە ئاسانتر بێت.**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەی بۆ پێچەوانەکەی نەبێت، کورد لاسایی تورکی کردیتەوە، ئەو مەسەلەیەش پاش (ئەتاتورک)ەوە هاتووە، بەرەحمەت بێت (جەلادەت بەدرخان) ئەو پیتانەی داناوە، وەک لاساییکردنەوەیەک وابووە، من پێمووایە جارێکیان برادەرێکیش وتبووی، خۆ ئەگەر کوردانی باکوور وازیان لە پیتی لاتینی هینابووایە لە تورک دووردەکەوتنەوە، ئاسانتر لە تورک جیائەبنەوە، ئەوەش وەک نمونەیە. دیارە بەو پیتانەش نابین بە خۆرئاوایی و بە ئەوروپی ئەو پیتانەی کە ئێستا بەکاردێت، زووتر مولکی عەرەب نەبووە، دیارە لە پیتە ئارامییەکانەوە هاتووە. کە عەرەبەکان دەستکاری زۆریان کردووەو گەشەی کردووەو ئەو شێوەیەی وەرگرتووە.

***

## ئەو حالەتانە لە خەو ئەچن!

**شێرزاد هەینی: بۆ تۆ وەک شاعیرو ئەزموونی نووسینی شیعر، لە شتێکی بچووک بابەتێکی گەورە دروستبووە، یان لە شتێکی گەورە کۆپلەیەک هاتووتە بوون. یان ڕووداوێکی سەرپێی، بینینێکی گچکە، شیعرێکی درێژو قەسیدەیەکی لێ لەدایکبووە.**

**شێرکۆ بێکەس:** بۆ نا... جاری وا بووە، بینیی یەکێک یان قسەکردن لەگەڵ یەکێکدا، بوویتە هۆی ئەوەی تۆ قەسیدەیەکی گەورەی بۆ بنووسیت، بۆ نمونە لەو شیعرانەی دواییدا، لە "چاوەڕوانی فریشتەیەکدا"، ئەگەرچی قەسیدەکە نیمچە درێژە، خۆشی بریتی بووە لەوەی من بۆ ماوەی سێ دەقە چاوەڕوانی ژنێکم کردبێت، ڕەنگە نەشهاتبێت، کە من ئەڵێم هاتووە.

مەسەلەی کورتی و درێژی زۆرجار ئەوەیە کە لە شیعرە کورتەکاندا یەک حالەت ئەگرێتەوە یەک دیمەنە، یەک حالەتە، بەڵام لە حالەتی قەسیدەی درێژدا حالەتەکان زۆرتر ئەبن، دیمەنەکان زۆرترن، ڕەنگە دەنگ زۆرتربێت، ڕەنگە زیاتر ئەوەیان ببێتە شیعرێکی درامی، جیاوازییەکان ئەمانەن، جوانی و ناشیرینی هیچ پەیوەندی بەکورتی و بەدرێژی شیعرەکەوە نییە، جاری وا هەیە قەسیدەیەکی درێژ تەنها هەوێنێکی لێ ئەمینێتەوە، کە تۆ باسی بکەیت، جاران لە شیعرە تەقلیدییەکان پێیان ئەوت، (شا بەیت). ڕەنگە شیعری بچووک شابەیتێک بێت، بەشێوەیەک لە شێوەیەکان. لە ئەزموونی مندا جاری وا هەیە قەسیدەیەکی درێژ لە سەرەتادا دێرێکی بچکۆلەبووە، "چاوی خۆمەو ئەبێ بڵێم چاوم نییە". قەسیدەی (کۆچ) سەرەتا تەنها ئەو شتە بچووکەبوو، هەر ئەوە بوو پاشان کەوتە ناو قەسیدەکەوەو قەسیدە درێژەکەی

(کۆچ)ی دروستکرد. ئەزانی چییە ئەو حالەتانە ناگیرێن، ناتوانی چوارچیوەیەکی بۆ دانێیت. ئەو حالەتانە لە حالەتی خەو ئەچن، ناکرێ بڵێت ئەمە بۆ وایە، ئەمە بۆ وانییە، یان لە حالەتێکی پرسیار ئەچن، کە تۆ چاوەڕوانی ناکەیت ئەو پرسیارە بکرێت، بەلای منەوە پرسیارو خەو شیعر دروست ئەکات.

کە شاعیر لە ئەزموونی شیعردا، کەوتە ناو دنیایەکی فراوانی ممارسەیەکی دوورودرێژ، وای لێ دێت کە ئیتر جۆرێک لە وەستایەتی تێئەکەوێت، ئەوە نامێنێتەوە کە چاوەڕوانی ئیلهامێک بکەیت تا شیعرێک بنووسیت، بەشێک لە شیعر بەراستی سنعەتە، وەستایەتییە، بەشێک لە شیعرنووسین و ممارسەیە، بۆ نمونە من وا هەست ئەکەم شت نییە نەتوانم نەیکەم بە شیعر، بابڵێن من ئەتوانم لەم پێنج کورسییە شتێ دروست بکەم، وەک بیرۆکە، کە پاشان ببێتە شیعرێک، لە شتە وردەکان لە پەردەی پەنجەرەیەک لە (عەلاگەیەک) لە درەختێک ... بەڵام ئەبێ حالەتێک هەبێت، تۆ بکەویتە ناوەوەی، لەو دوایانەدا ڕۆژی وا هەبوو پازدە شانزدە کورتە شیعرم نووسیوە، بیست پارچە شیعرم لە شەوو ڕۆژیکدا نووسیوە، ماوەش هەبووە هەر هیچم نەنووسیوە، بەپێی ئەزموونەکەی خۆم، جاری وا هەیە پێنج شەش مانگ یەک دێڕ نانووسم، بەڵام زۆرتری تێدا ئەخوێنمەوە.

***

## بـــــــادە

**شێرزاد هەینی: وەک هەمووومان ئەوە دەزانین کەوا بادە لە ژیانی تۆدا لایەنێکی زۆری گرتووە، هاوڕێیەکی بەردەوامی تۆ بووە، لەزۆر ڕۆژگاردا مەستی کردوویت، زۆرت خواردیتەوە، ئەوانەو کۆڕو دانیشتنەکانی سەر خواردنەوەت، چەند لە ناو شیعرەکانت و لە ژیانتدا ڕەنگی داوەتەوە. پێناسەیەک بۆ مەشروب، با ئەو بازنەیە بشکێنین، با بچینەوە دەرەوە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بێگومان بادە بەشێک بووە لە ژیانی من... بەشێکی کەم و لاوەکیش نەبووە، ڕەنگە هەر لە باوکیشمەوە بۆم مابێتەوە، ڕەنگە باپیریشم هەر وا بووبێ، بەڵام ئەوە باش ئەزانم کەوا باوکم یەکێک بووە لە شەیداکانی کۆڕو بادە، ئێمە پێش ئەوەی بادەیش بخۆینەوە لە شیعرەکانی (خەیام)و (ئەبو نواس)، مەی و بادەمان خۆشویستووە، من هەرگیز مەشروب و بادەم بە حەرام نەزانیوە، چونکە من وا ئەزانم حەرام مەسەلەیەکی گەورەترن لە مەشروب و خواردنەوە. کۆڕو خواردنەوە

بەشێکی گرینگ بووە لە ئەزموونم، چونکە ئەو کۆڕانە زۆرجار مێزی خواردنەوەی رووت نەبووە، زۆرجار مێزەکانی دانیشتنی ئێمە مێزی گفتوگۆبوون، جۆرێک لە دیالۆگی ئەدەبی و هونەری بوون، باس لەوە کراوە هەر یەک لە ئێمە چیمان خوێندیتەوە، یەکێک رۆمانێکی خوێندیتەوە باسی لە رۆمانەک کردووە، باسی ئەو کتێبەی کردووە کە خوێندیتەوە، ئەو جۆرە باسانە لەسەر مێزەکانمان کراوە، شیعرە نوێیەکان خوێندراونەتەوەو قسەی لەسەرکراوە، مێزەکانی ئێمە لە یانەکاندا، لە دەرەوەو لە بەغداش مێزی خواردنەوە نەبووە لەبەر خواردنەوە، خواردنەوەمان بۆ ئەوە بوو کە دونیای شیعرو ئەدەب جوانتر بکات، گەرمتربکات، داگیرساوو هەڵگیرساوتری بکات، زۆرجار لە شیعرەکانمدا بە ئاماژەیەک بێت بە هیمایەک بێت ئیشارەتم پێکردووە، پارچە شیعری بچووکیشم هەبووە کە تەنها پەیوەندی بە دنیای خواردنەوە بێت. من مناڵ بوویمە، بینیوومە باوکم لەبەردمیدا ئاوێکی سپی لەناو پەردخێکدا هەبووە، دوایی زانیوومە ئەویان عەرەق بووە، کە باوکم شەوانە لەبەرامبەر خۆییدا دایناوە، کە گەورەبووم لەگەڵ هاوڕێیەکانم دانیشتووم رەنگە بیرەیەکم خواردبێتەوە، دیارە کەوا دنیای شیعر پەیوەندی بە فەنتازیاوە هەبووە، لەبەر ئەوەشە کە بادەو مەشروب پەیوەندی بە خەیاڵەوە بووە، بۆیەش ئەو دوو حالەتە لە زۆر شتدا یەک دەگرنەوە، هەر چەند لێکدانەوە بۆ شیعرەکانی (خەیام)بکەن، هەموو راست نییە، شیعرەکانی ئەو زۆر روونن، کە لە شیعرە هەرە نەمرەکانی دنیان، (ئەبو نواس) بە بۆچوونی من گەورەترین شاعیری یاخیبووی عەرەبە، کە شیعرەکانی زۆربەی بادەو مەی تێدایە، هەروەها شاعیرانی کورد وەک(بێکەس)، کە شیعرەکانی ئەوەی بە عەرەبی خوێندیتەوە کاریگەری زۆری لەسەر ئەو کردووە ، (شێخ سەلام)و زۆری تریش ویستوویانە ئەو رێچکەیە بگرن، هەر لە شیعری کوردییدا، لەبن پەردەی تەسووفیش باسی مەی و خواردنەوەشیان کردووە، بەکورتی ژیانی ئێمە پەیوەندی بە بادەو مەشروب هەبووە، بەڵام ئەبێ هەموو کەس بزانێت ئەو پیرۆزییە چۆن بپارێزێت، من حەز بەو خواردنەوانە ناکەم کە ئاژاوەو تێکچوونی پێوەبێت.

**شێرزاد هەینی: کەی تۆ مەشروبت زۆر خواردیتەوە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** لەگەنجێتیدا زیاترو لە تەمەنی سیساڵییدا، من نزیکەی چواردە پانزدە ساڵ هەر مەشروبم نەخواردیتەوە.!

**شێرزاد هەینی: ئەو کاتانە کەی بووە، لە چ ساڵێکدا بووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەوە دەمانەی کە لە سویدبووم، هیچم نەخواردەوە.!

**شێرزاد هەینی: بۆ ئەو ماوەیە لە سوید نەتخواردەوە، هۆکارەکان چی بوون ...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** یەکەم خۆم تاقەتم نەبوو، دواییش هاوڕێ و برادەرم نەبوو، تەندروستیشم تەواو نەبوو، وەک مەسەلەی نەخۆشی قاچ سووتانەوە، یەکەم هۆکار

ئەوەبوو، چونکە من لە سەرەتای هەشتاکانەوە تووشی ئەو نەخۆشیە بووم، کە هەوکردنی دەمارەکانی دەست و قاچ بوو.

**شێرزاد هەینی: ئەو ماوەیەی لە شاخ بوویت، لە ناوەندەی هەشتاکان...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بێگومان لەو ماوەیەشدا ئەگەر بە دەگمەن، بۆنەیەک هەبووبێت، ئەگینا هەر نەمخواردیتەوە.!

**شێرزاد هەینی: ئەدی ئەو ماوەیەی لە بەغدادی بوویت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** لەوێ تەنهابووم، دووربووم، لە وەزعێکی تاریکدابووم، هەندێ جاریش خواردنەوە ئەبێتە جۆرێک لە مادەی هۆش سڕکەر، وات لێ بکات کە خەوت لێ بکەوێت، چونکە ژیانی ئێمە هەموو ژیانی دەردەسەری و کارەسات بووە.!

**شێرزادهەینی: بەسەرخۆشی و لەگەڵ خواردنەوەو پاش خواردنەوە شیعرت نووسیوە؟**

**شێرکۆ بێکەس:** زۆر کەم، چونکە من بە شەو شیعر نانووسم.!

**شێرزاد هەینی: ئەی تۆ ئەگەر لە باکووری سوید بیت، کە هاوینان شەوی تێدا نییە، کەی شیعر دەنووسیت..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** مرۆڤ ئەگەر بیەوێت ئەزانێ کەی شەوەو کەی ڕۆژە، بە سەعات ئەزانێت.

****

## ئەوان ڕۆیشتن و تەیارە هات!

**شێرزاد هەینی: زۆرجار لە نسرینی هاوسەرت دوورکەوتیتەوە..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** چەندجار، جار وابووە دووساڵ و یەک ساڵ، ئەو ماوەیەی لە شاخ بووم، زۆرتریش!

**شێرزاد هەینی: کە لە شاخ بوویت دەکرا بێتە سەردانت..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەهات و نەئەهات، یەک دوو جار هاتووە، بەڵام مانەوەیەکی کاتی بووە، یەک دوو ڕۆژ ئەمایەوە، بەڵام هاتنەکان مەترسی تێدابوو، دوا جار لە هاوینی ساڵی 1986 ، هات کە لە سەعات یازدە بەڕێمکردنەوە، پیکەبەکە لەگەڵ دوو خێزانی ترا بەرەو (کارێزە)ی بردنەوە، پاش دوورکەوتنەوەیان لە ناوچەکە، فرۆکە هات، ڕۆیشتنەوەی ئەوان و دەرکەوتنی فرۆکەکان لەیەک کاتدابوو، من کەپرێکم هەبوو، لەسەر قەرەوێلەکە پاڵکەوتبووم کە زانیم قڕە قڕەکە زۆر نزیکە، هەڵسام ڕۆیشتم بۆ ناو کونەتەیارەکە، کە لەمنەوە نزیکبوو، فرۆکەکان دەستیان بە

بۆمبابارانکرد، که رۆیشتنەوەو ناوچەکەیان کردە تەپوتۆز، بینییم دار چنارەکانی ناوچەکەمان گشتی سەریان براوەتەوە، ناپاڵمەکە بەر چایخانەکەی بەرامبەرمان کەوتبوو، (مام عوسمان)ی چایچییەکەو دوو کوڕە جوانەکەی تێدا شەهیدبوون، ماوەی نێوان رۆیشتنی نسرین و مناڵەکان تەنها نیو سەعاتێک ئەبوو، کە گەڕامەوە ناو کەپرەکە بینیم یەک ساچمەی گەورە لەناو لەپی دەستم گەورەتربوو، لە قەرەویڵەکەو سەرینەکەی منی دابوو، ئەگەر منالەکان لەوێ بووان، هەموومان تێئەچووین، بۆیە هاتنیان سەلامەت نەبوو.

**شێرزاد هەینی: کە بڕیاری چوونە دەرەوەتدا، ئەوان ئاگاداربوون، هەستیان چی بوو؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من ئاگادارم کردنەوە، بێگومان ئەوانیش لایان باش بوو، چونکە چاکیان ئەزانی ئەگەر من بگەمە شوێنێ، ئەوانیش لەپاشان دێنە شوێنی من، زۆریان لا خۆش بوو، چونکە لە شار وەزعیان تاڵ ببوو، سۆراخیان ئەکردن، خۆیان ئەشاردەوە، شوێنیان ئەگۆڕی و دەرئەکەوتن و نەئەمان، ماڵی جێگیریان نەمابوو، خوێندنیان بەرەو نەمان و فەوتان ئەرۆیشت.

****

## فـــرۆکـــــــە!

**شێرزاد هەینی: دوو جۆرە فرۆکە لە ژیانی تۆدا هەبووە، یەکێکیان سەفەرت پێکردووەو تۆی گەیاندووتە ولاتان، ئەو فرۆکانەش نیشانەی شارستانیەت و خزمەتگوزراری بوون، جۆری دووەمیشیان، تۆی ترساندووە کە دەرکەوتووە، تۆ خۆت شاردیتەوە، چۆن پێناسەی هەردووکیان دەکەیت...؟**

**شێرکۆ بێکەس :** من یەکەمجار بە فرۆکە سەفەرم کردبوو، بەڵام بەگشتی رقم لە فرۆکە هەبوو، ئەو زیانەی دوژمن لە میللەتەکەمی داوە. بە فرۆکەبووە، خانووی ئەرووخاند، کێڵگەی وێران ئەکردن، ئاژەڵی ئەکوشتن، ماڵوێرانی بەدوواوە بووە، ئێمە زۆرتر شەڕو ناخۆشیمان لە فرۆکە بینیوە، نەک خێرو خزمەتگوزاری، لە جیهانەکەی تردا فرۆکە بۆ خۆشەویستی و گەیاندن و ئاشتی بووە.

من لەهەموو سەردەمەکانی شۆرش فرۆکەم بینیوە، ناپالم و کوشتنم لە فرۆکەکان دیبوە، لە ناوەراستی شێستەکاندا، لە (گەلی بەدران)بووین ئەهات، ناپاڵمی گەورەی لێمان ئەدا، لەوێ رۆژێکیان کوڕێکی پێشمەرگە بەیانیەکەی بە ئیجازە ئەگەڕایەوە ناوچەی هەولێر، فرۆکە شەهیدی کرد، کە لەو بەرەوە ئێوارەکەی، لە گۆڕستانەکەی

گوندی (بۆکریسکان) ناشتیان، ئێمە هەموومان لە ناشتنەکە ئامادەبووین، لە بیرمە دکتۆر (مەحموود عوسمان) وتاری سەرقەبرانەکەی لەسەر خوێندەوە، بۆ ئەو رۆژە قەسیدەیەکم هەیە باس لەو رۆژە تاڵە ئەکات. لە ئەشکەوتەکەی سەردێمانیش فرۆکە ناپاڵمی لێداوین، لە ساڵی 1974 یش لە ناوچەی گەڵاڵە و چۆمان و ئازادیش فرۆکەم زۆر بینیوە بۆمبابارانی کردوین.

**شێرزاد هەینی: بڕوات بە خۆشاردنەوەی کونە تەیارەکان هەبوو..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** هەندێ لەوانە زۆر قایم بوون، لە مەکتەبی عەسکەری لە (ناوپردان)، من یەک و دووجار چومەتە ناو ئەشکەوتێک کە لە ناو شاخەکە بوو، قایم بوو، هەرگیز ناپاڵم کاریگەری لێنەئەکرد، باشیان کردبوو، شوێنی خەوتنیشی تێدابوو، جێگەی سەدان کەس دەبوو.

**شێرزاد هەینی: لەو دوایانەدا تێزی ماجستێرو بڕوانامەی تر لەسەر ئەزموونەکەت و، شیعرەکان وەرگیراوە، ئاگاداریان بوویت، یارمەتی فێرخوازەکەت داوە؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من ئاگاداربووم دوو سێ ماستەر، لەسەر بەرهەمەکانم وەرگیراوە، زۆرتر نازانم.

**شێرزاد هەینی: چەندجار لەناو ئۆتومبێلدا وەرگەڕاویت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** یەکجار لەگەڵ (مەلا بەختیار)دا بووین، لە ساڵی 1994 لە هەولێر ئەگەڕاینەوە سلێمانی ڕێکەوتی ئێوارەکەی رۆژی نەورۆزیش بوو، ئەو ئۆتومبێلەکەی لێئەخوڕی، لە دوکان دەرچووین، لە (تابین)یش دەرچووبوین، کەمێ دونیاکە تاریکی کردبوو، لەناکاو بینیمان ڕانە مەڕێک لەناوەراستی ڕێگاکەبوو، ئەویش خێرابوو، کە ویستی بوەستێت، تەقڵەیەک و دووانی لێدا، وەرگەڕاین و تایەکان بە ئاسمانەوە ئەخولایەوە، بەڵام ئێمە هیچمان لێنەهات، ئەو دەمانەش کاک (کۆسرەت)و خوالێخۆشبوو (دارۆی شێخ نوری)و چەند ئۆتومبێلێک لە سلێمانییەوە ئەگەڕانەوە، ئەوان کە راوەستان، ئێمە ئەو دەمانە ئەهاتینە دەرەوە، بەڵام سەلامەت بووین، تا هاتینە دەرەوەش تەسجیلەکە کە کاسێتێکی ( حەمەی ماملێ )ی لەسەربوو هەر دەنگی ئەهات، نەوەستابوو. بەختەکە لەوەدابوو شوێنەکەمان نەرم و گل و گیابوو، هەر هەنگاوێک دوور لە شوێنەکە کەندەڵانێک بوو هەمووی بەردبوو، ئەگەر لەوێ وەرگەڕابووواینە دەرچوونمان ئاسان نەبوو. من ئەوەم باش بوو بۆ هەموو شوێنێک نەئەچووم.

****

**شێرزاد هەینی: نامەی دڵداریت نووسیوەو ئێستاش نامەت بۆ دێت؟**

**شێرکۆ بێکەس:** سەردەمی نامە نەما...! من بەردەوام جۆرێک عەشق لە ژیانمدا هەیە، مەرجیش نییە عەشق هەندێ شتی تر بێت، من لەو تەمەنە هاوڕێی ژنم هەیە، هاوڕێی کیژم هەیە، نەک یەکێک و دووان، بەڵکو بە دەیان هاوڕێم هەیە، من لەو رووەوە هەست بە هیچ جۆرە بۆشاییەک لە ژیانی خۆمدا ناکەم، هەمووشیان هاوڕێیەتی پاکی دڵسۆزانەیە، ئەوانە لە سەقزن لە سلێمانین لە هەولێرن ... نامەکان زۆرن، بەشێکم لەو نامانە ماون، زۆربەیان دەربڕینی هەست و نەستن خۆشەویستیە بەرامبەر شیعرەکانم.

**شێرزاد هەینی: نامەی گلەییش هەر هەبووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەهەردوو حالەتەوە هەبووە، بەڵام خۆشەویستیەکە زۆرتر بووە، خۆشەویستیەکان بە مانای خۆشەویستی رۆحی بوون، پەیوەندییەکانم لەگەڵ خوێنەرەکانم هەبووە، چ ژن بووبێت، کچ یان کوڕ بووبێت.

****

# لە سلێمانییەوە بۆ شاخ.!

**شێرزاد هەینی: با بگەرێینەوە سەردمی پێشمەرگایەتی تا ئەو دەمەی لە وڵات دەرچوویت، باسی ئەو قۆناخەتم بۆ بکە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** زۆر باشە، بەڵام کاتی جگەرەم هات، با بچمە دەرەوەو جگەرەکەم بکێشم...

(دیارە لە وڵاتی سوید، لە هەموو شوێنە رەسمییەکان و گشتیەکان و بازارەکان و هۆکارەکانی گواستنەوەی گشتی بە پاس و ترێنی نێوان شارەکان و گەڕەکەکانیش جگەرەکێشان قەدەغەیە، جگەرەکێشان لە ماڵەکان، لە ژوورەکانیش قەدەغەیە، لە هەندێ شوێندا بەتایبەتی لە قاوەخانەو باڕەکاندا، لە هەندێکیان کە بە ژمارەش کەمە، سووچێکیان بۆ جگەرەکێشان هەیە، بۆیە مامۆستا لە کافتریاکە دەرچووە دەرەوە بۆ جگەرەکێشان).

کە مامۆستا جگەرەکەی تەواوکردو لە وڵامی پرسیارەکە وتی:

وەک دوێنێش باسمکرد کە زانیم بارودۆخەکە لە ساڵی 1984 دا گەیشتووتە ئاستێک کە رێکەوتن نابێت و دووبارە شەڕ ئەبێتەوە، رێکەوتن لە نێوان سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی و حکومەتدا نابێت، منیش ئەو ماوەیە تەواو

دەرکەوتبووم، تێکەڵبوونمان بە پێشمەرگە زۆربوو، هەموولایەکیش ئەیانزانی (جوامێر) کێیەو شیعرم زۆرتر بڵاوکرابوونەوە، ئەوانە هەموو کارێکی وایانکرد، کە ئیتر چارەنووسی خۆم نەخستە دەست ڕێکەوت، بەیانی شتێ بێتەوەو بگیرێم و بکەومە دەست دوژمن، بۆیە من زوو بڕیاری ئەوەمدا کە بچمە دەرەوە، ئەوەو لەلایەکی تر حەزم دەکرد وەک چۆن شیعرەکانم لەوێن، خۆشم بە جەستە لەوێ بم، ئەگەر بە رادەیەکی کەمیش بێت خۆشم بەشداربم، ئەوەی کە بە ئێمەش ئەکرێت، دیارە ئەوەش چەک و سەنگەر نییە، قەڵەمێکەو هەمانە بۆ پێشمەرگە پێی بنووسین، دڵی پێشمەرگە لە ژیانێکی تاڵا خۆش بکەین. من کە لەو رۆژە دەرچووم، هیچ جۆرە زەمانەتێک بۆ خێزانیشم نەبووە، پارەشم نەبووە تا بۆیان جێبهێلم، ژیانیان کەوتە سەر ماڵی خەزوورم. هێشتا ڕێگاکانی هاتوچۆی هەموو ناوچەکان مابوو، ئەوسا لە دائیرەی ئاوی ژێر زەوی سلێمانی فەرمانبەربووم، هاوڕێم ئەندازیار (هوشیار غەنی شالی) بە ئوتومبێلەکەی خۆی، منی لەناو شار بردە دەرەوە، منی بردە گوندی (ئاوەژێ)، کاک (نەوشیروان مستەفا) لە ئاوژێ بوو، بارەگاو ماڵەکەشی لەوێ بوو، لەگەڵ کاک نەوشیروان یەک دوو جارێک یەکترمان دیبوو، نامەی زۆرمان بۆ یەکتری نووسیبوو.

زۆرترین نامەش کە نووسیبوم لەگەڵ ئەودا بووە، دوو سێ نامەشم بڵاوکردەوە، لەگەڵ (مام جەلال)یش چەند نامەیەکمان بۆ یەک نووسیوە، لەگەڵ (مولازم عومەر)و (فەریدون عبدالقادر)یش نامەمان لە نێواندا هەبووە، یەک و دووجاریش لەگەڵ (مەلا بەختیار) ، پێش ئەوەی من بچمە دەرەوە ئەو پەیوەندییەم بەو نامانە هەبووە، لە رۆژانی گفتوگۆکانیش لەبەرئەوەی ترس نەبوو تێکەڵاوبوونەکان زۆرتربوون. من چەند جارێکیش بۆ سەردانی یەکێتی نووسەران چووبومە بالیسان، بۆ لای کاک(محمد موکری)و (حمە کەریم عارف)و (سامی شۆرش)و ( سەعدولا پەرۆش)و (جوهر کرمانج)... ئەو هاوڕێیانە لەوێ بوون، ئەو دەمانە گۆڤاری نووسەری کوردستان بەردەوام دەردەچوو، ئەوەی ئەمەوێ ئیشارەتی پێبدەم چەندین نووسەری جوامێرو بوێر هەبوون، کە لە رۆژە هەرە ناخۆشەکاندا، بابەتیان ئەنارده دەرەوەو لە بڵاوکراوەکانی شاخدا بڵاویان کردیتەوە، لەناو ئەو نوسەرانەداو لەهەموویان زیاتر نوسین و چیرۆکی ئەگەیاندە دەرەوە کە زۆر بابەتی ناردووە (رەئوف بێگەرد)بووە، کوڕەکەشی پێشمەرگەبووە لە دەرەوە، ناوی خۆی (ئاری)یە، لە دەرەوە ناوی (رزگار)بوو، هەتا کاتی ئەنفالەکان مایەوە، کە سەخترین رۆژگاربوو لە ساڵی 1988 دا، من ئەو کاتە لە دەرەوەبووم، بەڵام ئاگاداربووم لەگەڵ (عوسمانی حاجی مەحمود) بووە، ئەو کاتانە لە تەسلیمبوونەش ئازادبوون. رۆژەکان سەختبوون بە پێشمەرگەکانیان وتبوو، ئەوەی ئارەزوویەتی بچێتەوە ئاساییە، رەئوف بێگەرد، نامە بۆ ئاری کوڕی ئەنێرێت بۆی ئەنووسێت من حەز دەکەم تەرمەکەت بێتەوە، نەک

خۆت بگەڕێتەوە، ئەو خۆشی یەکێک لەوانە بووە، کە چەندین جار پێشمەرگەی بریندار لە ماڵەکەیدا بووە، (ڕەئوف بیگەرد) هەر ئەوە نییە نووسەرە، چیرۆکنووسێکی بەتوانایە، ئەو یەکێکە لە پیاوە هەرە شەهمەکان، کە خۆی باسی نەکردووە، بۆیەش هەموو کەس ئەوانە نازانێت، کەسانێک هەبوون بۆ بڵاوکراوەکانی شاخیان ئەنووسی، کە بەردەوام هاوکارییان هەبووە.

**( مامۆستا شێرکۆ بێکەس لەو چەند ڕۆژە بە زۆری ناوی یەکێتی نووسەرانی کوردستان و شاخی هێنابوو، تا باشترو شیاوتر چەند لایەنێکی ئەو یەکێتیە بزانین، داوام لە کاک (نەوزاد عەلی ئەحمەد)کرد، کە بەچەند دێرێک باسی ئەو یەکێتیەم بۆ بکات، ئەویش لە نامەیەکدا وای بۆ نووسیبووم:**

((کە بەعسیەکان ، لە ساڵی 1969 هاتنە سەر حوکم بڕیارێکیان دەرکرد سەبارەت بە مافی ڕۆشنبیریی کوردی، لە بڕیاری ژمارە 484 ی ڕۆژی 1969/10/9دا نووسراوە:

نووسەرانی کورد مافی ڕەوای خۆیانە یەکێتییەک بۆ خۆیان درووست بکەن،"کۆمەڵێک لە نووسەرانی کورد دەمێک بوو کاریان بۆ درروستکردنی یەکێتیەک بۆ نووسەرانی کورد دەکرد، ئەو بڕیارەیان بەهەلزانی و داواخوازینامەیەکیان پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆی عێراق کردو وەزارەتیش بە نووسراوی ژمارە 405 ی ڕۆژی 1970/2/9 ڕەزامەند بوو لەسەر دامەزراندنی (یەکێتی نووسەرانی کورد)، لەو ڕۆژەوە تا ساڵی 1980 کە سەرکردایەتی بە ناو شۆڕشی بەعسییەکان بڕیاری تەعدیلکردنی بڕیارەکەی پێشوویان دەرکردو یەکێتی نووسەرانی کوردیان لە ناو یەکێتی ئەدیب و نووسەرانی عێراق تواندەوە، ئیتر نووسەرانی پێشمەرگەو دەیان نووسەری کوردی خاوەن هەڵوێست لە ناو شارەکاندا کەوتنەخۆ بۆ ڕاگەیاندنی یەکێتییەک لەژێر ناوی "(یەکێتی نووسەرانی کوردستان)" ڕۆژی 1980/12/25 لیژنەی ئامادەکاری یەکێتی نووسەرانی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا خۆیان ڕاگەیاندو هەر زوو دەستیان بە چالاکی کرد، یەکەمین چالاکیان گۆڤارێک بوو بە ناوی (پێرو)" کە مانگی ئاداری 1981 دەرچووە، بەڵام پاش ئەوەی بەعس گۆڤاری (نووسەری کورد)یشی داخست، یەکێتی نووسەرانی کوردستان، پێیان باش بوو کە ناوی گۆڤاری پێرو بۆ ناوی (نووسەری کوردستان) بگۆڕن، ئیتر یەکێتی نووسەرانی کوردستان لەسەر کارو چالاکییەکانی خۆی بەردەوام بوو تا ڕۆژانی ڕاپەڕینی 1991 بەتایبەتیش تا کۆنگرەی شەقڵاوەی نووسەرانی کورد لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 1991، ئەندامانی کۆنگرە دەنگیان بۆ ئەوە دا کە یەکێتییەکەیان ناو بنێن (یەکێتی نووسەرانی کورد).

یەکێتی نووسەرانی کوردستان لە ماوەی تەمەنیدا 1981 تا 1991 بێجگە لە سازکردنی کۆڕو سیمینارو دەرکردنی چەندان بەیاننامەو ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەنووسی ئەم چالاکییانەی ئەنجام داوە:

دەرکردنی 18 ژمارە لە گۆڤاری ناوەندی یەکێتییەکەیان واتە گۆڤاری (نووسەری کوردستان)،

لقی کەرکوک 14 ژمارەیان لە گۆڤارەکەیان، گۆڤاری (گزنگ) لە شاخ دەرکرد، کە لە ماوەی سێ خولدا 17 ژمارەی لێدەرچووە.لقی هەولێر تەنیا 1 ژمارەیان لە گۆڤارەکەیان (نووسەری نوێ)دەرکرد.

یەکێتی نووسەرانی کوردستان زیاتر لە 60 کتێبیان چاپکردووە)).

***

لە پێشمەرگایەتیدا بێجگە لە نووسەرەکان، من سەرکردایەتی و پێشمەرگەکانم زۆر ناسی، کەسێکی رووناکبیری وەک (ئازاد هەورامی)مان ناسی، زووتر لە ناشتنی تەرمەکەی (توفیق وەهبی) لە شاخی پیرەمەگروونداَ، ئێمە لە سلێمانییەوە کۆمەڵە نووسەرێک بووین لە ناشتنەکەدا ئامادەببووین، من و (کاکە مەم بۆتانی)و (تایەر ساڵح سەعید)و (رەئوف بێگەرد)و (مستەفا ساڵح کەریم) وتارەکەی نووسەرانی کوردیشمان نوسیبوو. لە کاتی مەراسیمەکە لە شاخەوە (مام جەلال) لەگەڵ دەستەیەک هاتن، دەنگوباسی مفاوەزات هەبوو، بەڵام هێشتا دانەبەزیبوون. من وتارێکم خوێندەوە، پاشان وتارەکەم لە شار لەناو خەڵکدا لێئەدرایەوە، دوای ئێمە (مام جەلال) قسەی کرد، باسی مفاوەزاتی کرد، بەرامبەر حکومەت تۆزێ توند قسەی کرد، باسی کەرکووک و مەندەلیشی کرد، لە دواییدا پێیانوتبوو، تۆ لە سەرەتای گفتوگۆکانی لەگەڵ حکومەت، هەستت نەکرد وتارەکەت توندبوو، ئەویش لە وڵامدا وتبوو، چی بکەم وتارەکەی شێرکۆ بێکەس زۆر توندبوو. ماناکەی وابوو کە من ئەوم ورووژاندووە. لە رێگای گەڕانەوەیدا قسەی لەگەڵدا ئەکەن، وایان بۆ من گێراوەیەوە. ئەمجارە دیمانەکە بەو شێوەیە هاتە پێشەوە، خەڵکێکی زۆریش ئامادەببوون، پاش تەواوبوونی بۆنەکە ئێمە گەڕاینەوە سلێمانی، ئەوانیش ئاودیو بوونەوەو رۆیشتنەوە بارەگاکانیان. نووسینەکەی من و وتارەکەی (مام جەلال) لە سلێمانی بە تۆمارکراوی دەستاودەستی ئەکرد، زۆریان گوێ لێئەگرت، لەبەرئەوەی زۆر کۆن نییە رەنگە خەڵکانێک هەبن، تۆمارەکانیان لەلا مابێت، هەر لەو ماوەیەدا زۆر سەردانی ناوچە ئازادکراوەکانم ئەکرد، زۆرمان لەوێ ناسی، زۆر لە نووسەران نزیک بوومەوە.

کە بڕیارێشمدا بچمە دەرەوە، رووم لە ناوچەی (مەرگە)کرد، چوومە گوندی (ئاوەژێ)، لەوێ بارەگای کاک (نەوشیروان)ی تێدابوو، بۆ زانین من وەک گەنجێکی سلێمانی لە کۆنەوە ئەیناسم، ئەوەش نەک لە رێگای سیاسەتەوە، چونکە من لەگەڵ سیاسەتەکەی ئەواندا نەبووم. من لەبیرمە ئەچوومە کتێبخانەی خەبات لە سلێمانی لەوێ لە ساڵەکانی 1960 و 1961ەوە ئەوم دیوە.

که چوومە ئاوەژێ لەلای ئەو، لە ماڵەکەی خۆیان میوان بووم، ئەوەی باشم لەبیر بێت، لەوێ هەرگیز لەبیر ناچێتەوە، لەو ماوەیەدا (مامە ریشە) شەهیدکرا، لە ژوورەکەی ئەو ماڵەدا شیعرەکەی مامەریشەم نووسی.

**ڕێگا چۆڵکەن... هەستنە سەرپێ!**
**وا ئەسپێکی سپی یاڵ سوور**
**لە پێ دەشتی کەرکوکەوە**
**ئەحیلێنێ و بۆ ئێرە دێ!**
**ئەی ئەسپەکەی تەوێڵ مارۆی گەرمیانم!**
**ئەوەی بەفرو**
**گڕو شەپۆلی ناسیبێ،**
**ئەوەی شمشێری برووسکەو**
**باوبۆرانی کێوی دیبێ**
**تۆ ئەناسێ.!**
**ئەی ڕەشەبای لە پاشکۆدا خۆر سوارکردوو!**
**ئەوەی جارێ**
**گوڵاڵە سوورەی چاوڕەشی ــ ڕەحیم ئاوا ــ و**
**منداڵانی سەر قۆجکەتاشی (لەیلان)و**
**کێڵگەی برسی ــدوزــ ی دیبێ**
**تۆ ئەناسێ!**

*****

**کۆبنەوەو هەستنە سەرپێ**
**سەرهەڵبرن!**
**بازێک شەڵاڵی خۆیناوەو**
**تۆزێکی تر**
**بەم ناوەدا تێ ئەپەڕێ!**
**ڕوەو قەندیل**
**بەسەر هەورازی شەختەدا**
**نزم ئەفڕێ**
**هەتا ئەگاتە سەر لوتکەو**

ئەچێ لەوێ
لە پەڵە خوێنی (نازم)دا
بە هێواشی ڕائەکشێ.

***

ڕێگە چۆڵکەن... هەستنە سەرپێ!
زریان: گڤەی ون کردوەو بۆی ئەگەڕێ.
گەرمیان کورەی کاوەیە و جۆشدراوە
تەماشکەن:
هەرچی گردۆڵکەی پێ دەشتی لەش جنراوە
وەکو دایکانی وڵاتم
بنچکی قژو ئەگریجەی گژو گیایان
لەملیاندا ئاڵۆزکاوە!

***

مامە ڕیشە!
ئەی پلنگی چنگ بەگڕی گەرمیانم!
بەیتی تازەی توحفەی ئەمڕۆی کوردستانم
لە ماڵانی گوند بە گوندی هەڵقرچاوا
تۆ قوتیلەکەی بەر هەیوانی.
داسی دروێنەو، هەتاوی
سەر بانێژەی زستانانی
مانگەشەوی. هێشوی ڕەزی.
هاژەی چەم و
وژەوژی دارستانی.
ئاگری شوانی،
وەکو باران
وەکو کانیی
وەک دەغڵ و دان

**خۆشەویستی.**
**تۆ کوڕی بابەگوڕگوڕی**
**داستانێکی سەدەی بیستی!**

1984
شێرکۆ بێکەس.

لە بەرگی دووەمی دیوانی شیرکۆ بێکەس وەرگیراوە، ل 411 تا414 بە ناوی کوڕی بابە گوڕگوڕ، بڵاوکراوەتەوە. ئەو دیوانە لە ساڵی 1990 بە 992 لاپەڕە چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

***

ماوەیەک لەوێ مامەوە، پاشان بەرەو (سێروان) رۆیشتم، بارەگای مەکتەبی عەسکەری لەوێ بوو، (مولازم عومەر) لەوێ بوو، لە سەروو تر ماڵی (مام جەلال) بوو، لەناو مەکتەبی عەسکەری ژوورێکیان دامێ، ژوورەکەیان بۆ سازکردم، قەرەوێلەیەک و تەباخێکی بچووک، هەر چ خواردنێک لە بارەگە کرابووایە منیش ئەچووم وەرمئەگرت، خواردنەکەم لەگەڵ ئەوان لەوێ بوو.

کە شەڕەکە دەستی پێکردەوە، بەردەوام فرۆکەکان ناوچەکەیان بۆمباباران ئەکرد، بەیاینان زوو هەڵئەساین، ئەچووینە ئەو شاخانە، لەوێ لە ئەشکەوتەکاندا ئەماینەوە، ئیتر رۆژێکیان بە خەستی ناوچەکەی بوردوومانکرد، یەکێک لەو شوێنانە ماڵەکەی (مام جەلال) بوو، لە ژوورەکەی ئەویشی دابوو، من خۆم چووم ساچمەکانم بینی.

پاشان بڕیاردرا ناوچەکە چۆڵ بکەین، بەرەو (بەرگەڵوو)و (دۆڵی جافایەتی) بەرێکەوتین، منیش لەگەڵ ئەواندا رۆیشتین، دەزگای راگەیاندنی لێبوو، ئیستگەکە لەوێ بوو، بە پێیان و بە کۆنە پیکەبێک و بە وڵاخ، بەرەو بەرگەڵوو رۆیشتین، لەگەڵ ئەو کاروانەشدا لەبیرمە (مەلا بەختیار)یشمان لەگەڵدابوو، دیاربوو کاری هەبوو بۆ ئەو ناوچانە ئەرۆیشت.

ئێمە ئێوارە گەیشتینە بەرگەڵوو، ئەوانیش بۆ شوێنی خۆیان رۆیشتن، من کە لە وڵاخەکە دابەزیم، لەوێ یەکەم ژوور کە رووبەرووم بۆوە، کە چوومە ژوورەوە بینیم ژووری (هەڤاڵ کۆیستانی) بوو، بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم، وتی من بەتەنهام، جێگەی من لەو ژوورە کرایەوە، من ماوەیەکی زۆر لەگەڵ (هەڤاڵ)دا لەو ژوورە مامەوە، هەڤاڵ ئەو کاتانە یەکێک بوو لە نووسەرە هەرە چالاکەکانی ئەو رۆژانەی ئیستگەکە، من بڕوام وایە ئەگەر لەو ماوەیەدا دوو سەد وتار نووسرابێت، سەدی

زیاتر (هەڤاڵ کوێستانی) نووسیویەتی، ئێستا لە لەندەنە، پاشان یەکترمان دیوەتەوە، وادەزانم خەریکی کاری خۆیەتی، سەرپەرشتیاری ئیستگەکەش کاک (ئەرسلان بایز)بوو، ئەویش بەردەوام بابەتی بۆ ئیستگەکەو گۆڤاری (رێبازی نوێ) ئەنووسی و نوسەریکی جددی بوو، بە پێشنیاری برادەران بەتایبەتی مولازم عومەر بە کاک (ئەنوەر)ی ئەندیازیان وت، کە ئێستا لە نەرویژ ئەژیت، ژوورێکم بۆ بکەن، ژووریک و هەیوانێکیان بە بلۆک بۆ کردم، ئیتر لەو رۆژەوە ژووری تایبەتی خۆم هەبوو، هەمووش هەر بەیەکەوە بووین، لە ناوەراستدا میوانخانەیەک هەبوو، کە نانمان تێدا ئەخوارد، لە سەرەوەمان کاک (یوسف زوزانی)و (فەرهاد سەنگاوی) و (زێرەڤان)و (رێبوار)و (سەربەست)و ئەندازیارەکان لەوێ بوون، لە بەر ئەوبەرەوە مۆسیقارەکان، (تیپی مۆسیقای شەهید کارزان)، وەک کاک (دلێر)و (شوان کابان)، لە بەشێکی تر(فەرید ئەسەسەرد) لەگەڵ (ئازاد چالاک) لە ژوورێکدابوون، زۆر ئێواران ئەگەر برسیم بووایە، خۆم ئەکرد بە لای ئەواندا شتێکم لەگەڵ ئەوان ئەخوارد، بەتایبەتی گۆشتی قوتوو، ئەوانەی وێنەی سەرەگاکەی پێوەبوو.

لە مێوانخانەکەدا (حەمە) چێشتەکەی تێدا لێئەنا، بەردەوام نیوەرۆییان برنج و فاسۆلیابوو، هەموو رۆژێ بێگۆڕان، نە رۆژێ نە دووان… ئێواران جاروبار شۆربایەک دروست ئەکرا، پێش ئەوەی خواردنەکە بێت، مشەمایەکیان رائەخست، ئێمەش بەرامبەر یەکتری دائەنیشتین، ئەگەرچی خەفارەتیش هەبوو، بەڵام بەراستی منیان لەو خەفارەتە دانەنابوو، شەوانەش سەردانی یەکتریمان ئەکرد، بۆ نمونە من ئەچوومە لای ئەوان، ئەوان ئەهاتن بۆ لای من، قسەوباس و دەنگوباسمان بەیەکتری رائەگەیاند، لە سەرەوەش لە ژوورێکدا بە بەتانی ستۆدیۆیەکیان سازکردبوو، ئەگەر من شیعرێکم هەبووایە ئەچووم لەوێ تۆمارم ئەکرد، لەوێ (فەرهاد سەنگاوی) و (حاکم فەرهاد) کە یەکێک لە پیاوە هەرە قسە خۆشەکانە، کاریان ئەکرد. نووسەران ماوەیەک لە سەرگەڵووبوون، کە (حەمەی موکری)و (حەمە عارف) کەسە سەرەکییەکانی نووسەران بوون، لەوێ گواستیانەوە نزیک گوندی (یاخسەمەر). هەر لە (بەرگەڵوو) ستافی چاپخانەکەی شەهید (ئیبراهیم عەزۆ) لەو بەرەوە بوون، کاک (سەعدون فەیلی)و دەستەکەی لەوێ بوون.

هەرکەسێ لە برادەرانیش رووی لە دەرەوە کردبووایە، ئەبووایە رووی لە (بەرگەڵوو)و (سەرگەڵوو) کردبووایە، زۆر لە نووسەران و هونەرمەندان لەوێبوون، بۆیە ئەوەش ئەگێرمەوە، کە من چوومە ئەوێ لە ژوورەکەدا کومبارێک راخرابوو، لە ناوەندی کومبارەکە بنی کترییەک سوتاندبووی دیاربوو، دیارە کترییەکە بە گەرمی لەسەر کومبارەکە دانرابووو سوتاندبووی، منیش پرسیم ئەو بازنە سوتاوەی سەر ئەو کومبارە چییە، ئەوانیش وتیان ئەوە (فولکەی مارف عومەر گوڵ)ە، دیارە ئەو کاتی

خۆی کترییە گەرمەکەی لەسەر دانابوو، ئەو قسە خۆشانە زۆربەیان لای (حاکم فەرهاد)بوون، یەکێک لەوانەی بەردەوام وتاری بە عەرەبی بۆ (الشرارة)ی ئەنووسی (یوسف زۆزانی)بوو، کوڕێکی عەرەبمان لەگەڵ بوو، کوڕێکی موسلاوی بوو، ناوی (ئەحمەد) بوو، ئەبو شهابیان پێ ئەوت، من دوای گفتۆگۆکان و دوای راپەڕین نەمدیتەوە، جارێکیان بیستم وتیان لە دەرەوەیە، لە ئیستگە کاری ئەکرد، بۆ الشرارة وتاری ئەنووسی، پیاویکی هێمن و بەرێزبوو.

لە ساڵی 1986 کۆمەڵە کۆرییەک بەدیل و بە بارمتەبوون گیرابوون، ئەوانیش لەوێ دانرابوون، لە کۆمپانیاکان کاریان ئەکرد، وەک بارمتە لەوێ بوون، لەوێ گۆڕەپانێک بۆ بالە سازکرابوو، ئەوانیش ئەهاتن یارییان لەگەڵ ئێمە ئەکرد.

لەو ناوچەیەدا جوولە و چالاکییەکی تەواوی تێدابوو، چاپخانەیەکی تریان بەناوی شەهید (عبدالخالق معروف) دانرا، بەردەوام کتێب چاپ ئەکرا، چالاکی زۆربوو، کە وەفدی حزبەکان ئەهاتن، ئەو هەموو چالاکیانەیان ئەبینی زۆریان لا سەیربوو، بە شۆرشێکی کولتووریان ناوئەبرد کە لەو شاخانەدا ئەکرێ، ئەو هەمووناميلکەو ديوانە شيعرو چيرۆک و وەرگێران لێرە چاپ ئەبێت، کاک (محەمەد موکری)و برادەران گۆڤاری (کولتوور)یان دەرئەکرد، 500 تا 600 لاپەرەبوو، کە بەرەو سەقز رۆیشتن لەوێش گۆڤارەکە بەردەوامی هەبوو، بەو ئیمکاناتە کەمەوە کاری باش لەو شاخانەوە ئەکران، کتێب و بڵاوکراوەکانی شاریشمان پێئەگەیشت.

لە ساڵی یەکەمدا تا ئەو شوێنانەی بە پێ ئەگەیشتم ئەچووم، ئەگەر ئوتومبێلیش تا شوێنێکی نزیکی بردووبومایە ئەچووم، لەناو هەگبەیەکدا شیعرەکانم ئەگێراو ئەچووم لە گوندەکان کۆڕم ئەکرد، کەم گوند ماوە لە دۆڵی جافایەتی کە کۆڕی شیعرمان تێدا نەکردبێت، لە (سەرگەڵوو) لە (یاخسەمەر)، ئەچووم بۆ (چالاوە) لەوێ بارەگای کۆمەڵەی رەنجدەرانی تێدابوو، ماوەیەک (ئازاد هەورامی)، پاشان (خەسرۆ خاڵ) بەرپرس بوون. لەو فیلمەی کە هونەرمەند (سیروان رەحیم) کردی، لەوێ دیارە جلی کوردییم لەبەرەو جانتایەکم پێیە.

من بەشی زۆری ژیانم لەو ماوەیەدا لە بەرگەڵوو بوو، بەردەوام ناوچەکە قەرەباڵغ بوو، مێوانی زۆرمان ئەهات، زۆر لە سەرکردە عەسکەرییەکانم لەوێ ناسی، خەڵکێکی زۆرم ئەبینی.

***

# شـــاعیری وەزیــــــــــر!

**شێرزاد هەینی: دیوانی (ئافات)ەکەت لەسەردەمی وەزیریت نووسیبوو، ڕۆژانەی وەزارەت بوو....؟**

**شێرکۆ بیکەس:** قەسیدەکە پەیوەندی بە وەزارەت و ڕۆژانەکەی وەزارەتەکەم نەبوو، ئەوەیان لە رووی شێوەش لە قەسیدەکانی تریشم ناچێت، هەموو ڕووداوەکانی تێدایە، قاسملوی تێدایە، بەڵام فەزایەکی ڕەمزی زۆری تێدایە. ڕاستە لەسەر مێزی وەزارەت نووسراوە، ئەوو شیعری تریشم لەو ماوەیەدا نووسیوە، حەز ئەکەم پێت بڵێم، من هەرگیز لە شیعر دانەبڕاوم، من بە وەزارەت لە شیعر دوور نەکەوتوومەتەوە، جاری وا هەبووە، من لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران دانیشتووم ئاگام لە هیچ نەبووە، نەمزانیووە باسی چییان کردووە، ڕەنگە ئەو دەمانە من خەیاڵم لەلای شیعرێ بووبێت، کۆمەڵێ بەرنامەی پرۆتۆکۆلی لە پۆستی وەزیرییدا هەبوون بە من نەئەکرا، ئەگەر کارمەندانی ئیدارە شتیان بەبیر نەهێنابوومایە هەر نەمئەزانی، ئەگەر تەماشای مێژووی شیعرەکانم بکەیت زۆریان لەو دەمانە نووسرابوون، ئەگەر شەوانەش لە ماڵەوە نەبوومایە لەگەڵ هاوڕێیەکانم (حەمەی موکری )، (سەعدوللا پەرۆش)و ئەوانی تر ئەبووم، یان دەهاتنە ماڵەکەم، من زۆر تاقەتم نەبوو، ئەگەر یەک دوو جار لە داوەتی ڕەسمی ئەگەرنا کەم وەزیرەکانی ئەو کابینەم ئەبینی.

**شێرزاد هەینی: من لەبیرمە لە یانەی ئەندازیارانی هەولێر (کۆشنیر)یان داوەتکردبوو، ئەو کاتانە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی بوو لە حکومەتی فەرەنسیدا، کاک (مەسعود بارزانی)ش لەوێ بوو، من تۆم لەوێ بینی تۆ لە لاپەڕێک تەنها دانیشتبووی. دووجار کاک مسعودم دییوە.**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ من تاقەتی ئەو مەراسیمانەم نەبوو، من لە ماوەی وەزیریمدا یەکجار کاک مەسعودم بینووە، جارێکیان خوالێخۆشبوو (فەرەنسۆ هەریری) وتی:

ئەزانی ئێمە گلەییمان لە تۆ هەیە...!

**شێرزاد هەینی:**
**من لەبیرمە لە یانەی ئەندازیارانی هەولێر (کۆشنیر)یان داوەتکردبوو، ئەو کاتانە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی بوو لە حکومەتی فەرەنسیدا، کاک (مەسعود بارزانی)یش لەوێ بوو، من تۆم لەوێ بینی تۆ لە لاپەڕێک تەنها دانیشتبووی. دووجار کاک مسعودم دییوە.**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ من تاقەتی ئەو مەراسیمانەم نەبوو، من لە ماوەی وەزیریمدا یەکجار کاک مەسعوودم بینووە، جارێکیان خوالێخۆشبوو (فەرەنسۆ هەریری) وتی:
ئەزانی ئێمە گلەییمان لە تۆ هەیە...!
منیش وتم ئەگەر شتێک هەیە، بەرنامەیەک سازبکە، من ئامادەم هەندێ شت بۆ کاک (مەسعود) روون بکەمەوە، باش بوو (فەرەنسۆ) بەرنامەکەی رێکخست، من خۆم بە تەنها چووم بۆ سەلاحەدین، من ئەو دەمانە وەزیربووم، هێشتا شەڕەکانی ناوخۆ روویان نەدابوو، بەڵام گرژییەک هەبوو، کاتی فیفتی فیفتییەکان بوو، وەزیرو جێگرەکان کێشەیان هەبوو، کە چووم کاک (فەرەنسۆ) چاوەروانی ئەکردم، منی بردە ژوورکەی ئەو خۆی لە ژوورەکە دەرچووە دەرەوە، ئێمە بەتەنها ماینەوە. بەکورتی کاک (مەسعود) وتی:
کاک شێرکۆ گلەیی ئەوەت لێئەکەن تۆ لای یەکێتی زۆرتر ئەگریت، تۆ وەزیری روشنبیریت ئەبێ وەزیری هەردوولا بیت.
منیش وتم، وەک چی، خۆ بە قسە نابێت، بەڵام کاک مەسعود راستیەک هەیە ئەبێ بیزانیت، گۆڕانە سیاسییەکان شتی تری لەگەڵدا ئەگۆڕیت، بۆ نمونە کە نوشستی شۆرشی ئەیلول بوو، بۆشاییەکی سیاسی هاتە ئاراوە، لەگەڵ ئەوەدا بۆشایی رۆشنبیریش هاتە ئاراوە، زۆر لایەن گۆڕا، هاوکێشە روشنبیریەکانیش گۆڕانیان بەسەردا هات، لایەنی تر بۆشاییەکانیان پڕکردەوە، تاوانی من نییە بەشێکی زۆری نووسەران و هونەرمەندانی سلێمانی یان ئەوانەی ئێرە، لەگەڵ یەکێتی دان، لەوان نزیکن. خوا هەڵناگرێت گوێی لە قسەکانم راگرت، وتی حەز ئەکەم باش ئاگاداری کاک (ئەحمەد سالار) بیت، منیش وتم لەگەڵ ئەودا من هیچم نییە، ئێمە کۆنە هاوڕێین، هاوشارییین، من هیچ کێشەیەکم لەگەڵ ئەودا نییە، یەکێکە لە کوڕە باشەکان، پیاوێکی هونەرمەندە مێژوویەکی بۆ خۆی دروستکردووە.

**شێرزاد هەینی: وا بزانم کاک (مەسعود) کەم قسە ئەکات.**

**شێرکۆ بیکەس:** بەڵێ ئەو کەم قسە ئەکات،کەسێکی هێمن و لەسەرخۆیە. ئەوە یەکەم دیمانەم بوو لەگەڵ کاک (مسعوود).
جاری دووەمیش یەک دوو ساڵ پێش ئێستا، پاش ئاشتبوونەوەکەبوو، هەموو لایەک چوونەوە لای یەکتری، وا بزانم تەنها من مابووم، بەشێک لە هاوڕێیەکانی

خۆم بەشێک لەوانەی لە هەولێر، وتیان ناکرێ تۆ دوورەپەرێزبیت، منیش خۆم پێم ناخۆش بوو، من لە هیچ بۆنەیەکدا کە پەیوەندی بەوانەوە هەبووبێت دیار نەبووم، ئەوەش خۆش نەبوو، منیش لەرێی دوو هاورێیەوە بریارمدا وتم دەستپێشکەرییەک ئەکەم، یەکەمیان کاک (عەبدوللا ئاگرین)بوو، کە کۆنە هاورێی سەردەمی (کاژیک) بووین، دووەمیشیان کاک (بەدران ئەحمەد حبیب)، ماوەیەکی خایاند بەڵام زۆر نەبوو، من چاوەروان بووم، تا دیمانەکە سازبکرێت، کە ئاگاداریان کردمەوە، چووم بۆ هەولێر، بۆ رۆژی دووەم بە ئوتومبێلەکەی کاک (بەدران) چووین بۆ (سەلاحەدین)، پاشان هەرسێکمان بەرەو (سەری رەش) رۆیشتین، ماوەیەک لەلای کاک (فەیسەل دەباغ) چاوەراونم کردو چووینە ژوورەوە، کە سەرکەوتم ئەو هاتبووە سەر پێپلیکانەکانەوە، چووینە ئەو ژوورەی کە پێشوازییەکانی لێئەکات، ئەوەی لە تەلەڤزیۆندا دەرئەچێت، وا بزانم ئەوەش نیشان درا، بەیەکەوە بووین، ئەو وتی شتێک هەیە من حەز دەکەم بە تەنها پێتیبڵێم، منیش وتم فەرموو، کە قسەکانی کرد وتی: کاتی خۆی پروپاگەندەیەک کرابوو کەوا ئێمە ویستوومانە تۆ بکوژین، (دیارە پروپاگەندەکان دەگەرێتەوە بۆ ساڵانی 1984)، بەڵام لەلایەن ئێمەوە شتی وا لە ئارادا نەبووە، شتی وامان نەکردووە، بە گۆڕی (بارزانی) ئێمە شتی وامان نەویستووە، مەسەلەکە ئەگەر تۆش نەبیت، (فائیق بێکەس) لە نێوامانداییە، تۆ کوڕی شاعیرێکی گەورەی کوردی، ئێمە هەمیشە رێزمان بۆی هەبووە، حەز ئەکەین هیچت لە دڵدا نەبێت. منیش وتم: کە تۆ شتی وا ئەڵێت، من هیچم لەدڵدا نەما.

**شێرزاد هەینی: ئیش بۆ ئەوە کرابوو، تۆ چۆن ئەوەت زانیبوو...؟**

**شێرکۆ بیکەس:** بەڵێ قسەی وا هەبوو، کابرایەک لە ئەمنی حکومەت گیرابوو، لەناو ئیعترافەکانیدا وتبووی، من بۆ ئەو کارانە هاتووم، یەکێک لەوانە کوشتنی شێرکۆ بێکەسە، پیاوەکە (فەریدونی رەشەی حەمە سەلە)یان پێ ئەووت، دوای ئەوە کە هاتمە دەرەوە، من دوو نامەم نووسی، یەکێکیان بۆ (هەژار موکریانی)، ئەوەی تریان بۆ (فەلەکەددین کاکەیی)، وابزانم نامەیەکم بۆ کاک(مسعود) خۆشی نووسیبوو، کەوا یەکێک بەو ناوە هاتووتەوە، لە زینداندا لەلای کەسێکی سەر بە یەکێتی وتبووی کەوا پلانێکی بەو جۆرە هەبووە. من کە لە گوندی (سێروان)بووم نامەکانم نووسی، بەهۆی کۆمەڵەو دیموکراتەوە ناردم، دیارە نامەکەیان گەیشتووتە دەست بۆیەش خۆی لەو رۆژەدا باسی مەسەلەکەی کردەوە، رەنگە لە ئەرشیفی کۆمەڵەو دیموکراتدا مابێت، چونکە وێنەمان بەوانیش دابوو، تا ئەو دوایانەش لەلای خۆم مابوو، بەڵام نازانم چی لێهاتووە، کە ئەو قسانەمان تەواو بوو، پاشان کاک (عەبدوللا)و کاک (بەدران)یش هاتنەوە ژوورەکە، زۆر ماینەوە چونکە نیوەرۆییەکەی لەلای خۆی ماینەوە، بەیەکەوە نانمان خوارد، باسی زمانی کوردیمان کرد، یادگاری خۆم گێرایەوە، باسی ئەشکەوتی

سەردێمانم گێرایەوە، بە شاهیدی بەدران قسەکانم زۆر بەراشکاوانەبوون، بە قسەی بەدران وتی من کەم کەسم دیوە بەو شێوەیە لەگەڵ کاک (مەسعود) قسە بکات.

**شێرزاد هەینی: باسی (مام جەلال)و کاک (مەسعود)مان کرد، دیمانەت لەگەڵ زۆر لە سەرکردایەتی بووە، لەو ماوەیەدا کە شیعرت بۆ (مامە ریشە) نووسی، پاشان منالٌ و ژنەکەی ئەویت دیوە...؟**

**شێرکۆ بیکەس:** بەڵێ یەکجار، لە پاش راپەرین گەڕامەوە سلێمانی لە چەمچەمال کۆڕێکی گەورەیان ڕێکخستبوو، من لەوێ شیعرم خوێندەوە، مەراسیمێکیان سازکرد ژنەکەی مامە ریشە چەپکێ گوڵ، یان شتێکی تربوو پێشکەشی کردم، لەوێ بینیوومە، ئیتر ریکەنەکەوتووە ببینمەوە، ماوەیەک وێنەکەیان لە سلێمانی لەسەر شەقامەکاندا ئەفرۆشرا. هەروەها هاوسەری (ئازاد هەورامی)، (شنۆ)خان لە نەرویژا، دووجار لەوێ بینیوومە جارێکیش کە لە سلێمانی بووە هاتووتە لام بینیوومە.

****

## لە سورداش کاک کۆسرەتم بینی

**شێرزاد هەینی: کەی کاک ( کۆسرەت )ت ناسی..؟**

**شێرکۆ بیکەس:** من ئەوم لە شاخ ناسیوە، لە سورداش بینم، ئەویش ریزی من زۆر ئەگرێت، لەو ماوەی کە سەرۆکی حکومەت بوو، من وەزیربووم، وەک دانیشتن و دیمانەشمان زۆر بووە لە ژمارە ناهێت، بۆیەش کە کوڕەکەی مرد من پەخشانێکم بۆی نووسی، کە لەسەر ئەوە، زۆر قسەم لەسەرکرا، بزانە یەکێک ماستاو ئەکات، یان بۆ پارەیە یان بۆ وەزیفەیە، من ئەوانەم نەویستووە، نە ئەو ئیشی بە من هەبووە نە منیش کارم بەو بووە، لە سویدا (نسرین) لەگەڵ ماڵە وەیان تێکەڵبوو، من کوڕەکەم دیبوو، قسەم لەگەڵ کردبوو، من تەنها وەک وەفاو خۆشەویستیەک وەک هاوڕێیەک هیچی تر نەبووە، دوای ئەوەش خۆی داوای لێکردم. لەبەر ئەوە تۆزێک گرانە.

لێرە بۆنەیەکی باشە باسی بکەم، من حالەتەکانی وەک هەندێ شاعیری ترم نییە، من لە شاخ بووم من گۆرانیم بۆ ئەو شەهیدانە وتووە، من شیعرەکانم لەو مێژووانە جیانەبووینەتەوە، خەڵک زۆر من ئەناسێت، لە رووی شیعرییەوە زۆرجار ئیحراجیشە بۆ من دروست ئەبێت، بۆ نمونە کە ئەچمەوە ماڵەوە ئەبینم دایکی شەهیدێ لە ماڵەوە دانیشتووە، پاش بەخێرهاتنی، قسە ئەکات و ئەڵێ، من کوڕم شەهیدبووەو ئەمەوێ شتێکم بۆ بنووسیت بۆ سەر گۆڕەکەی، ناکرێ بەو ژنە بەو دایکە بڵێت نا ... ئەوانە زۆریان تێناگەن کە شیعر دووکان نییە، من پێی بفرۆشم ئەوەو دەیان جار

رووداوی لەو جۆرەم هاتووتە پێش، ژنە شەهید، برای شەهید، زۆرم بۆ نووسیون، ناچاریت. نووسینی شیعرەکانم لەسەر کێلەکان هەر باس ناکرێت، ئەوەندە زۆرە زۆرم وەک شیعر سەیر نەکردووە، ئەوانی تریش زۆرم نەخستوونەتە ناو دیوانەکانیشم، رەنگە لە رووی هونەرییەوە لاوازببوون، ئەوەی کە پێم ناخۆشە، ئەو لێکدانەوەیە کە بۆیان کراون، من بالآی خۆم لە (کۆسرەت)و کەسانی تر بچووکتر نازانم، ئەو کابرایەکە لە شوێنی خۆیدا و منیش لە شوێنی خۆمدا.

من بۆ شەهیدانی بەشەکانی تری کوردستانی رۆژهەلآت شیعرم وتووە، بۆ شەهیدەکانی باکوور ... شتەکان لە دلەوە بووە، من شتێکم نەنووسیوە قەناعەتی خۆمی لەگەلدا نەبووبێت، بەلآم کەسانی ناحەزو نەیار هەن ئەیانەوێ شتەکان بە شێوەیەکی تر لێکبدەنەوە، باشە خۆ من مێژوویەکی دوورودرێژم لەگەل (مام جەلال)ە هەیە تا ئێستا نەک بە شیعر، یەک دێرم نییە مەدحی ئەوی تێدابێت، من وام لێهات خەلک رووم تێبکات، نالێم من شاعیرێکی وا گەورەم، رەنگە من هەلەبووبم، بەلآم راگرتنی دلی خەلکیشم لا گرنگ بووە، رەنگە یەکێکی تر لە شوێنەکەی من بووایە نەیکردبووایە.

**شێرزاد هەینی : با بابەتەکە بگۆڕین، تۆ کە لە سالی 1984 وەزیفەت جێهێشتووە، وەک فەرمانبەرێکی مام ناوەندی، بیرت لەوە کردیتەوە، وەک وەزیر دەگەڕیتەوە سەر وەزیفە؟**

**شێرکۆ بیکەس:** من هەرگیز بیرم لەوە نەکردیتەوە، خۆم داوام نەکردووە، ئەوەی منی کاندیدکردوە (مام جەلال) بووە، من دوودل بووم، ئەوەشم زۆر بە مفاجائە زانی، یەکسەر قبوولم نەکردووە لە کۆمەلێ هاورێی خۆمم پرسیوە، بەشی زۆریان وتوویانە بیکەیت باشە، ئەو شوێنە بۆ پیاوێکی وەک تۆ باشە، من دلم بەوانە خۆش نییە، من شیعرێکی جوان بنووسم سەدجار دلم خۆشتردەکات، نەک پلەیەکی حکومی، واش بوو بە زۆر خۆم پێ رانەگیرا، نەمئەتوانی بەردەوام بم.

**شێرزاد هەینی: دەتزانی رۆژێ دێ شۆرش سەردەکەوێت و راپەرین ببێت و دەسەلآتی کوردی بێتە ئاراوە..؟**

**شێرکۆ بیکەس:** ناکرێ کەس مەزندە بکات، رەنگە نوشستی مەزنیش بێت، بەلآم دیارە رەوشە سیاسییەکانی ناوچەکەو گۆڕانە خێرایەکان ئەوەی هێنایە پێشەوە، من خۆم چاوەروانی ئەوەم نەئەکرد.

**شێرزاد هەینی: با کۆتایی دانیشتەکەی ئیمرۆ بەوە بهێنین، کە (سەدام حوسین) لە سێدارەدرا، تۆ لە کوێ بوویت، هەستت چی بوو کە زۆردارێک و دکتاتۆرێک سزای لەسەر جێبەجێ دەکرێت...؟**

**شێرکۆ بیکەس:** ئەو ڕۆژەی لە گۆڕەپانی فردۆس لە بەغدا، من لە باڵەخانەکەی تری سەردەم بووم، لە ژووری خۆم لە دەزگای سەردەمدا، لەوێ لەگەڵ هاوڕێیەکانم بوین، کە پەیکەرەکە رووخا دکتۆر (بەرهەم)یشمان لەگەڵ دانیشتبوو، من وا دەزانم لە رۆژە هەرە خۆشەکانی من بووە.

## دانیشتنی شەشەم

شوێن: لەبەر خۆرێکی گەرم لە گەڕەکی (تێنستا)ی ستۆکهۆلم.
ڕۆژ: 6 ی یونیۆی ساڵی 2008
ماوەی تۆمارکردنەکە: 78 دەقە

**ئەو گوندە دەموچاو خۆڵاویی و**
**پێ پەتی و رووتانە**
**باوەشیان کادان بوو**
**قسەیان باسووق و**
**منداڵیان ڕێواس و**
**گەورەیان پەلوپۆی دار شاتووی**
**ناو دێ بوون.**
**دەوران دەور**
**ئەوانە هەر پرمەی ئێستری سەر پلەی**
**ژێر باری تفەنگی ئێمە بوون.**
**دەوران دەور**
**ئەوان هەر: هێلکەبوون، کەشک بوون،**
**پیوازبوون بۆ ژیان**
**ئەوان هەر: خرخاڵ و بازن بوون بۆ شیعرو**
**چیرۆک بوون بۆ کوانووی نیشتیمان!**

شێرکۆ بێکەس

لە قەسیدەی (دەربەندی پەپولە) ل49 و 50 وەرگیراوە.

**(من کە گەورەبووم، ئینجا رۆژانەکەم بوو بە دە فلس).**

شێرکۆ بێکەس

**سوپاس مامۆستا کە چەند کتێبی خۆی کە بە زمانەکانی بێگانە دەرچوون بۆ هێنابووم، منیش بڕیارە بەرگەکانیان (سکان)بکەم و لە ناو نووسینەکەمدا جێگایان بکەمەوە، کتێبەکان بە زمانەکانی سویدی و عەرەبی وفارسی و ئیتالی و ئینگلیزی .. وەک خۆت فەرمووت ئەوانەی لەبەر دەستت بوون، ئیمرۆ 2008/6/6 دیسان لە بەر خۆرێکی گەرمی خۆش دانیشتووین، لەو رۆژەدا کە رۆژی نیشتیمانی سویدەو ئیمرۆ پشوودانە، کە لە رۆژمێری سویدا سوورکراوە، واتە دەوام نییەو زۆر لە چالاکییەکانی بازارو سەنتەرەکان داخراون، دیارە ئەو رۆژە زۆر کۆنە لە مێژووی ئەو وڵاتەدا، مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ ساڵی 1523 زاینی، بەڵام پەرلەمانی سویدی لە ساڵی 2005 بڕیاری داوە ئەو رۆژە ببێتە رۆژی پشوودان، پاش ئەوەندە ساڵە ئینجا بریاریان داوە، ئەو رۆژە بکەنە پشوودانی رەسمی، حەز دەکەم، ئەو بۆنەو پشوودانە بکەیتە رستەیەک و لێکدانەوەیەکی بۆ بکەیت.**

**شێرکۆ بێکەس:** دیارە ئەوان بەدێژایی چەندین ساڵ هەر پەرلەمانیان هەبووە، بەڵام کردنی رۆژێک بە پشوودانی رەسمی لەلای ئەوان هەر وا ئاسان نییە، وەک ناونانی شەقامێک، گۆڕەپانێک، دانانی پەیکەرێک لە شوێنکی گشتی، ئەوانەش هەمان شتە ڕەنگە ئەوەش لە شتە هەرە پێویستەکانیان نەبووە، من نازانم رەنگە هۆیەکان لەلای خۆیان بێت، دیارە هۆیەک هەر هەبووە، خۆیان چی ناڵێن.

**شێرزاد هەینی: دیارە ئەوان کە ئەو رۆژەیان کردووە بە پشوودانی رەسمی، رۆژێکی تری پشوودانیان ڕەشکردیتەوە، ئەو رۆژەیان لە جیاتی داناوە، نایانەوێ رۆژانی پشوودانیان ژمارەیان زۆرتربێت.**

**شێرکۆ بیکەس:** دیارە دانانی رۆژیکی سوورو پشوودان، پەیوەندی بە رۆژی کارو بەرهەمهێنان هەبووە، لەلای ئێمە رۆژانی پشوو و رۆژانی سوور ئەوەندە زۆر بووە، جاری وا هەیە لە مانگێکدا دە پازدە رۆژی پشووی تێدایە، ئەوەش زیانی گەورەمان لێدەدات، پێم وایە لەلای ئێمە مەسەلە عاتیفیەکان لە مەسەلە عەقلییەکان گەورەترە.

**شێرزاد هەینی: بەو بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە خۆمان و لە میللەتی سوید دەکەین، بە بۆنەی رۆژی نیشتیمانی سویدی و زیادبوونی رۆژێکی تری پشوودان. بابگەرێینەوە ناو**

**هەگبەکەی جەنابتان، کە کتێبێک لە چاپخانە دوا کەوتووە، کە دەرنەچووە، تۆ چییت وتووە؟**

**شێرکۆ بیکەس:** بێگومان هەموو ئەو نووسەرانەی کە قیمەتی ماندووبونی خۆیان ئەزانن، لەبەر ئەو وەزعانەی کە لە وڵاتی خۆمان هەیە، ئەوە وەک لەسەر ئاگر بێت وایە، بۆ نموونە من رەنگە دە جار داوای ڕەشنووسەکان دەکەمەوە، بەردەوام سۆراخی مسودەکان دەکەمەوە، رائەسپێرم بزانم چی کراوە، جاری واش هەیە، هەندێ شت روو ئەدات لە دەسەڵاتی خۆتدا نییە، جاری وا هەیە ئەوەی تۆ بەرنامەت بۆ دارشتووە وا دەرناچێت، لەگەڵ دەرچوونی هەموو کتێبێکت هەست ئەکەیت رەنجی بیرکردنەوەت بەفیڕۆ نەچووە، بەڵام بەردەوام شپرزەییەک هەیە، دیارە زۆر مەبەستە کە کتێبەکەت وا دەرچێت وەک خۆت چاوەروانی دەکەیت، مەسەلە هەرە گرینگەکان لە وڵاتی ئێمەدا مەسەلەی هەڵەیە، من خۆم هەڵەبڕییم کردووە، وامزانیوە هەڵەی تێدا نەماوە، کە تەماشا دەکریتەوە ئەبینی هەڵەی تێدا کەوتووە، (جەمال غەمبار)ی شاعیر، قسەیەکی لەسەر هەڵەی چاپ هەیە، دەڵێ ئەم هەلانە، لە کێچ دەچن، بە چاو نابینرێن، بۆیە زۆر باشترە کەسانی تر تەماشای بکەنەوە، نەک تەنها بە خۆت، ئەوان باشتر هەڵەکان ئەبینن، من بە تاقیکردنەوە بۆم دەرکەوتووە، تایپیێستەکانی لای ئێمە تا رادەیەک رووناکبیرنین، یان شارەزانین، لە وڵاتانی تردا، ئەوانە یان سکرتێرەکانیان بە ژن و پیاوەکانیانەوە، هەلە بۆ نووسەرەکان راست دەکەنەوە، بەڵام ئەوانەی ئێمە لەبەرئەوەی زۆربەیان باکگراوندێکی روشنبیریان نییە، بۆیە ناوی زۆربەی رۆشنبیران و رووناکبیرانی جیهان نازانن، بۆیە لە نووسیندا هەڵەی تێدا دەکەن، تۆش ئەو شتە بچووکانە نابینیت، رەنگە حەرفی یەکەم و دووەمی تەواو بێت، بەڵام لە سێیەمدا هەڵەیە، گرفتی کتێب زۆرە، ئەمە یەکەمیان.

دووەمیان، لەلای ئیمە تازە دەستی پێکردووە کە کتێبێک دەربچێت ئاهەنگی ئیمزاکردنی بۆ بکرێت، لە جیهانی دەرەوەی کتێبدا، ئەوە هەبووە، شتێکی تری کتێب، ناوی چی لێدەنێت گرفت یان هەر ناوێکی تر مەسەلەی دیاری کتێبە، تۆی نووسەر چەند کەس دەناسیت هەر وا پێشکەشیان بکەیت، من پێمووایە لێرە شتی وا نییە، نووسەرێکی سویدی ئەوە ناکات، ئەوان دەزگایەک بۆی چاپ ئەکات، چەند دانەیەک ئەدات بە خۆی و تەواو، من دیوانە وەرگێردراوە فەرەنسیەکەم دوو دانەیان دامێ، ئەوان توندیان گرتووە، وتیان ئێمە گرێبەستەکەم وا کردووە، تۆ دوو دانە بەخۆرایی وەردەگریت و تەواو، چونکە چاپکردنی ئەو کتێبە لەلای ئێمە پارەیەکی زۆری تێچووە، بۆیە دەبێ دەستی پێوە بگرین، تا پارەکانمان دەستکەوێتەوە، بێگومان کوالیتی کتێبیش گرینگە، وەک چۆنیەتی بەرگەکەی و کاغەزەکەی، هەر سەبارەت بە چاپی کتێب، ئێمە کەسی زۆر شارەزامان لە دیزاینی بەرگ و ناوەوەی کتێبمان زۆر

نییە، ئەو هونەرە زۆرتر لە وڵاتی ئیران پێشکەوتووە، لە تورکیا کتێب جوان چاپ دەکەن، لە بەیروت کتێبم بینیووە جوانە، زۆر مەسەلەی دیزاین گرینگە، هەر لە دابەشکردنی دێرەکان، لە دانانی وینەکانەوە تا داوییەکان.

**شێرزاد هەینی: مامۆستا ئەگەر قۆناخەکانی چاپکردنی کتێبەکانت لە شێوەو تیراژو تێچووی پارەو قازانجکردن لە فرۆشتنەوەیان پۆلین بکەین، چۆنیان پۆلین دەکەین..؟**

**شێرکۆ بیکەس:** من لە ساڵەکانی شیستەکاندا دوو دیوانم هەبووە، یەکەم دیوانم (تریفەی هەڵبەست)و دووەمیشیان (کەژاوەی گریان)، یەکەمیان لەسەر ئەرکی خوالێخوشبوو (فەهمی قەفتان)، دووەمیشیان لە شاری سلێمانی کردمان، بەڵام بە پارەی خۆم، من پارەکەی مانگانە بدەمەوە چاپخانەی کامەرانی، چاپخانەکەش خۆشی یارمەتی دام، ئەو بە پیتچنین بوو، پیتەکانیان ریز دەکرد، وا بزانم ئەوەی بەغدا بە رەساس بوو، مەکینەیەکی گەورەبوو قالبی رەساسی دەکردە دێری نووسین، بۆ ئەو کاتەش تیراژی دوو هەزار زۆربوو، دووەمیان دەرۆیشت تا ماوەیەک نەما، کتێبەکە تەواو بوو.

لە سەرەتای حەفتاکاندا من دوو کتێبم چاپکرد، یەکیان بە یارمەتی وەزارەتی روشنبیری لە بەغدابوو، دووەمیان لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی روشنبیری کوردی بوو، وا بزانم خوالێخۆشبوو دکتۆر (ئیحسان فواد) بەڕێوەبەری گشتی بوو، ئەوان چاپیانکرد، هەر چەند ساڵەکانیان لەگەڵ دوو کتێبەکەی ترا زۆر نەبوون، بەڵام ئەو دوو کتێبە لە رووی بەرگ و دیزاینەوە جوانتربوون، باشتر چاپکران، من لە ساڵی 1976 کتێبێکم بەناوی (ئاسک) چاپکرد ئەویش جوان بوو،کۆڕی زانیاری کورد چاپیکرد، پاشان (رووبار) کە چیرۆکە شیعرەکانە، ئەوەیان بە دەست نووسرابوو، لە بیرم نەماوە دەستخەتی کێ بوو، رەنگە سەیری بکەیتەوە دیارە، ئەوەشیان کتێبێکی جوان بوو، ناشیرین نەبوو، هەروەها کتێبی (دوو سروودی کێویی)، بریتی بوون لە (کۆچ)، کە لە ساڵی 1975 لە ناحیەی بەغدادی نووسیبوم، لەگەڵ قەسیدەی (برایمۆک و بەفرو مناڵیم) بەیەکەوە چاپ بوون، ئەوەیان کتێبخانەی (ئاسۆ) وابزانم لەسەرەتای هەشتاکاندا بوو لە کەرکووک چاپیکرد، من پێمووایە لە نێوان پێنج تا شەش هەزار دانەی لێ چاپکرا، ئەو تیراژەش زۆر زۆربوو،

دیارە لە شاخ شتەکان گۆڕا، تایپ و ستنێسل و راکێشان بوو، لەوێ چەند بەشێکی (کەشکۆلی پێشمەرگە)م چاپکردووە، ئەوەیان سێ چوار بەرگ بوو، کتێبی (هەڵۆی سوور) بە جیا چاپکرا، هەر لەوێ (تەمتوومان)م چاپکردووە، هەر من نەبووم نووسەرانی تری شاخیش بەرهەمەکانیان لەو چاپخانەیە چاپکردووە، دیارە چاپکردنی کتێب لە شاخ و لەو رەوشە زۆر جێگەی سەرسورمان بوو، هەتا جێگەی بروانەکردن بوو، چۆن لەو شاخانە و لە کاتی شۆرشدا کتێب دەردەچێت.

دیارە کە هاتم بۆ دەرەوە مەسەلەی کتێب چاپکردنەکانم گۆڕا، بە یارمەتی باشی سوید توانیمان بەرگی یەکەم و دووەمی دیوانەکەم چاپ بکەم، بەڵام بەرگی دووەمیان لە سلێمانی کردمان، بەرگی یەکەمیش لەبەر هەرزانی چاپەکە لە وڵاتی پۆلۆنیا کردمان، چاپێکی جوان و بەرگێکی باش و کاغەزێکی جوان بوو، نزیکی هەزار لاپەرەیەک دەرچوو، چونکە خۆی ئەبێ وابێت، ئەگەر شیعرێک سی دێریش بووایە ئەمانخستە لاپەرەیەک، بەرگی سێیەمیشمان لێرە کرد، ئەویش کتێبێکی جوان بوو، بەڵام ئیمرۆ لە وڵاتدا لەگەڵ پەیدابوونی چاپخانەی تازەو شێوەو تەکنەلۆژیای نوێیەوە شتەکان ئیمرۆ لە ئاستێکی تردایە، دیارە کەوا کتێبەکانی دواییمان جوانە، بەتایبەتی دیوانی (زێ و زنە) کە بینیووتە، ئەو دیوانەشی کە کاک (بەدران) لە دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە بۆی کردم، بە ناوی (تۆ ئەتوانی بە قومێ ماچ بمخەیتەوە هەڵقوڵێن)، دیزاینەکەی جوان بوو، بەراستی دیزانین و جوانی کتێبیش کە ئیمرۆ هەیە رەونەقیش ئەداتەوە بە ناوەرۆک و بە شیعرەکانی دیوانەکە، ئەو جۆرە چاپانە لە کوێ و ئەو چاپانەی لە لاپەرەیەکدا هیچ بۆشایەکی تێدا نەبێت، هەموو دێرەکان سیخناخ بێت، کوانی ئەو هونەرمەندانەی هونەریانە دێرەکانی ناو لاپەرەکان دادەنێن.

**شێرزاد هەینی: لەو هەموو چاپ و کتێبە زۆرانەو بڵاوکردنەوەی ئەو ژمارە زۆرەی دیوانەکان چەندیان قازانجت لێ کردوون، چەندیان زەرریان هەبووە، چەند دەستکەوت بووە، یان کێ یارمەتی دارایی چاپەکانی داویت...؟**

**شێرکۆ بیکەس:** دیارە کەوا بەشێکی زۆریان لەو چاپانە یارمەتی دراوم، بەشێکیان من لەگەڵ ڕێکەوتووم، بێگومان بۆ من قازانجی هەبووە، بەتایبەتی ئەو دیوانە گەورانە کەماڵی کولتوور لە سوید یارمەتیان داوم، کە فرۆشراوەتەوە پارەکەی بۆ خۆم هاتووتەوە، من لەو دواییەدا پێویستم بە قازانج و پارەی کتێب نەبووە، چونکە من وەزعم باش بووە، پێویستم بە پارە نەبووە، دیارە کەوا من مووچەیەکی باشی خانەنشینی وەردەگرم، لە دەزگای سەردەم پاداشتم هەیە، بەڵام من هەرگیز لە چاپکردنی کتێب زەررم نەکردووە، ناتوانم بڵێم قازانجەکان چەندو چۆن بووە، بەڵام ئێستا ئەو کتێبانەی لەم دواییەدا لەگەڵ چاپخانەی (رەنج) کردوومن، گرێبەستم لەگەڵ کردوون، بۆ نمونە ئەگەر لە پاش چەند مانگێک ئەوەندە فرۆشراوە، من ئەوندە وەردەگرم، بەم شێوەیە دوای ساڵێک شتێ دەکەینەوە.

دیارە ئەوانەی لە شاخ کراوە پەیوەندی نەبووە بە منەوە، خۆیان چاپیان کردووە، بۆ نموونە کە کۆڕی زانیاری کورد شتێکی کردووە، ئەوان خۆیان کردوویانە پەیوەندی بە منەوە نەبووە.

**شێرزاد هەینی: لە چاپکردنی کتێبەکاندا ئەمانەتی عامەی روشنبیری حکومی زاتی لە هەولێر، کە یارمەتی چاپیان داوە، هیچیان بۆ تۆ کرد؟**

**شێرکۆ بیکەس:** من لەو دەمەدا هیچم لەبیر نییە، رەنگە منیش بۆ چاپکردن یارمەتیم درابێت، بەڵام هیچم لەبیر نییە.

**شێرزاد هەینی: دیارە لە درێژایی گفتۆگۆکاندا باسی سروودی مەشخەڵانم کرد، ئەگەر بۆمان تەواو بکەیت. ئەو سرووده چۆن کرا، کێ داوای لێکردیت، کەی سروودەکەت بیستەوە؟**

**شێرکۆ بیکەس:** یەکەمیان کە دۆستایەتیمان لەگەڵ (مام جەلال) پەیداکرد، ئەو داوای سروودێکی لێکردم، دووەمیان، من پێش ئەوەی (مام جەلال) داوای تێکستێکم بۆ سروودێک لێ بکات من خۆشم لەبەر دروستبوونی مقاوەمەت بوو، خۆشەویستی من بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان زیاتر بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە، کە توانیان لە رۆژگاری هەرە تاریک و سەختا دووبارە شۆرش دروست بکەنەوە، چونکە خەڵکی هەموو نائومێدبوو کە جارێکی تر شتێک سەرهەڵبداتەوە، سەدامیش خۆی وتبووی، ئەگەر دارخورما لەسەریان بروێت جارێکیتر ژمارەیەکیان لەو شاخانە پێ کۆ ناکرێتەوە، پاش ئەوەی هێزی پێشمەرگە جێ دەستی دەرکەوت و خەباتەکەیان چەند ساڵێک بەردوام بوو من خۆم ئامادەییەکی نەفسیم بۆ ئەو کارە هەبووە، ئەوەم لەلا دروست ببوو، کە ئەوان زۆریان پێویست بوو کە (مام جەلال)یش داوایکرد، من سروودەکەم نووسی، تۆ ئەوەشت لەبیر نەچێت، ئەوەیان بۆ هیچ نەبووە، تەنها ئەوە بوو من خۆم قەناعەتی تەواوم بەو کارە بووە.

**شێرزاد هەینی: چەند بە نووسینی دەقەکە ماندوو بوویت، چۆنت کار لەسەرکرد.**

**شێرکۆ بیکەس:** دیارە ماوەیەک ئەوسەرو ئەو سەرم پێکردووە، چەند دێرم گۆڕییوە، دوایی لەسەر شێوەکەی ئێستای بووە، پێم وایە بەچەند رۆژێک تەواوبوو.

**شێرزادهەینی:دەتزانی رۆژێک دێ، ئەوسرووده ببێتە سروودێکی وەک ئەوەی ئێستا؟**

**شێرکۆ بیکەس:** من بیرم لەوە نە کردیتەوە، تەنها بۆ ئەو رۆژگارەو بۆ هێزی پێشمەرگە شیعرەکەم نووسیوە.

**شێرزاد هەینی: کە مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی ئاوازەکەی بۆ دانا، دەستکاری شیعرەکەی کرد، دێرەکانی کەمکردەوە، وەک خۆی مایەوە، پرسی هیچی پێکردیت.**

**شێرکۆ بێکەس:**من دەمزانی لەلای ئەوە، بەڵام هیچی نەگۆڕی، شیعرەکە وەک خۆیەتی.

**شێرزاد هەینی: مامۆستا تۆی پێشمەرگەو کوڕی فائیق بێکەس و شاعیرێکی دیار، بۆ مقاومەت و بۆ گەورەیی شۆرشەکەو هێزی پێشمەرگە شیعرەکەت نووسی، کە ئاوازەکەش درا بە هونەرمەندێکی گەورەی بواری مۆزیکدا، دیارە پرۆژەکە مەزنترو باشتر هاتە دروستبوون، ئەو شایستەی شیعرەکەو سروودەکەبوو، ئەوەی من مەبەستمە بڵێم، تۆ چۆن پاش ئەوەندە ساڵەو پاش ئەو ئەزموونە دوورودرێژە رازی بوویت شیعرێک بۆ سروودێک بنووسیت و بزانیت ئاوازەکەی دەکەوێتە بن دەستی**

**هونەرمەندێکی نوێ و کەم ئەزموون، زۆریشیان قسە لەسەرکرد، زۆر دەوترێت، کەوا هونەرمەند (هەڵکەوت زاهیر) شایستەی ئەو کارە نەبووە، تۆ چۆن ئەو هاوسەنگییە لە ناو کاری پێشووت لەگەڵ هونەرمەندی بە ئەزموونی وەک (ئەنوەر قەرەداغی) وەک (هەڵکەوت زاهیر) هەڵدەسنگێنیت، هەستت نەکرد، شیعرەکەت لە بن دەستی ئەو بە کامیلی دەرناچێت، کە حزبێک داوای لێکردبوو ..؟**

**شێرکۆ بیکەس:** نا بڕوا ناکەم حزب تەکلیفی کردبێت، ئەگەر کاری ئەوان بووایە بەرگرییان لە مەسەلەکە دەکرد، لە دواییدا کاک (مسعوود) بڕیاری نەدەدا کە ئەی رەقیب ناگۆڕین، مەسەلەکە سیاسی نەبووە، من هەمووت بۆ باس دەکەم، من بڕوام بەوە هەیە کەوا گەنجی تازە، بەرهەمی باشی دەبێت، جاری وا هەیە ئەوان داهێنانی باشیان ئەبێت، من ناڵێم هەموو شتەکانی (هەڵکەوت زاهیر)م بەدڵە و پەسندیان دەکەم، ئەو یەکێکە لەو کەسانە کە هونەرمەنێکی چالاکەو ئاوازی جوانیشی هەیە، ناکرێ بە یەک ئاواز هەموو شتەکانی بسڕینەوە، ئەوە ناکرێت، ئەوەش شتێکی نسبییە لە نێوان من و تۆو یەکێکی تردا، من لەوەدا گوێ نادەمە مەسەلە سیاسی و شتی لەو جۆرە، من بۆ  ئەو مەسەلەیە بۆ ئەوەی راست و دروست بیزانی، خۆم شتێکم لە خەیاڵ هەبوو، من ئەو کوڕەم تەنها دووجار دیبووە.

**شێرزاد هەینی: لە دوورو نزیکەوە نەتناسییوە...؟**

**شێرکۆ بیکەس:** من لەو دوایانەدا دوو سێجارم دیووە، تا نووسینی ئەو سروودەش من تەنها دووجار ئەوم دیبوو، بۆ من شتەکەم پەسندکرد، چونکە بەراستی من وا دەزانم سروودی ئەی رەقیب بەسەرچوو، راستە لەناو خەڵکدا ئەوترێتەوە، بەڵام وتنەوەکەو شیعرەکە هی ئەو سەردەمە نییە، زۆرشت هەیە لەو سروودەدا نییە، کە دەبێ لە سروودێکی نیشتیمانی هەموو دونیا هەبێت، یەکەم ئەو سرووده سروودی تەنها پیاوە، ناوی ژن و رەگەزەکەی تری تێدا نییە،  دووەم شیعرەکە هی ئایندە نییە هەموو رابردووە، لەرووی سیاسییەوە حەماسی زۆرە کە لەو سەردەمەدا باوی نەماوە، ئەوسەردەمە بەسەرچوو، لە شیعرەکە وتراوە ئێمە رۆڵەی (میدیا)و (کەیخسرۆ)ین، کاکە (کەیخسرۆ) کێیە، ئەو چ پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، چ پەیوەندی بە کوردەوە هەیە، ئەوانەو زۆر شتی تر.

پێش ئەوەی هەڵکەوت من ببینێت من بڕوام بەو شتانە هەبووە، ئێمە نەمان وتووە ببێتە بەدیل، ئێمە وتوومانە سروودێکی تر، ئەگەر ئەوە بۆ مەرامێکی رەسمی بێت، سروودێکی رەسمی بێت دەبێ شیعرەکەو ئاوازەکە بخرێتە جۆریک لە پێشبڕکێ، تا لە جیاتی دەقێک چەندین دەق هەڵبژێردێت، ئەویش وتی با سروودێک بکەین، بزانین دەکرێ ببێتە سروود، ئەویش باسی بەدیلی نەکردبوو، ئەو وتی دەتوانین سروودێکی تر بێتە ئاراوە، بێ ناوهێنان، ئێمە ناتوانین سروود بەسەر خەڵکدا فەرز بکەین،

ئاشکرایە کەوا سروودی ئەی رەقیب مێژوویەکی هەیە، ئەگەرچی هەموو کوردیش لەو دوو دێر زیاتر ناتوانێ سروودی ئەی رەقیب بڵێتەوە، ئێمە میللەتیکین تا سروودێکمان بۆ لەبەر نەکراوە، کە زۆریش شانازیی پێوەدەکەین و شەڕیشی لەسەر دەکەین، من لەبەر رۆشنایی ئەوەی کە دەبێ شیعری سروود ئاسان بێ، ئەو شیعرەم نووسی، ئەبێ شیعرەکە گشتگیر بێت، دەبێ بریتی بێت لە رابردوو، پێشمەرگە، ژن، مەسەلەی یەکسانی، هیوا بۆ دوارۆژ، کەواتە دەکرێ بڵێین شیعری سروود دروست دەکرێت، چۆن دروست دەکرێت، ئەوا شاعیری بەتوانا دەتوانێت ئەو شیعرە دروست بکات، ئەوەش لە ئەنجامی ممارسەوە دەبێت، نەک ئەو شیعرەی بۆی دێت، ئەبێ بزانی چی دەنووسیت، ناکرێ بە ئارەزووی خۆت کاری تێدا بکەیت، ئەبێ بزانی چی دەنووسیت، بەداخەوە ئێستا شیعرەکەم لەبەر دەست نییە، ئەمەیە سنووری کوردستانە، ئەمە هێزی پێشمەرگە، ئەمەیان بۆ ژنە، ئەمەیان بۆ ئایندەیە، من نازانم ئەو لەلای خۆیەوە چییان پێوتووە، رەنگە دوایی بیستمەوە گوایە پێیان وتووە، برۆ چی ئەکەیت بیکە ئێمە لە پشتت ئەبین، کەس هیچی بە من نەوتووە، نە پەرلەمان نە حکومەتی کوردستان نە هیچ سیاسەتمدارێ، کەس داوای لە من نەکردووە، کە سروودەکەی تەواو کردبوو، نمونەیەکی بۆ هێنام، ئەو سەردانی دەرەوەی کردبوو، چوبووە ئەرمینیاو لوبنان، نازانم بەڵام دەزانم ئەو کۆرسە لە هەولێر نەکراوە، بەرای منەوە ئاوازەکە ناخۆش نییە، لەو جۆرە ئاوازانە نییە کە رەگی مل دەبێ هەڵسێت ئینجا ببێت بە سروود، سروودەکە حەماسی زۆری تێدا نییە، دیارە زۆر لە سروودەکانی دونیا وا نین، ئەی رەقیب هی سەردەمێکە کە فیکری مارکسی سۆسیالیستی زاڵ بووە، ئەگەر گوێ راگریت شێوەی ئازەری پێوە دیارە، من پێم وایە ئاوازەکەش هەر لەو ناوچانە وەرگیراوە، بەکورتی با ببێت، ئەی رەقیب هەبێت، با چەندین سروودی تر بێتە ئاراوە، مەبەستم شیعرەکەی خۆم نییە، چونکە ئەشێ ئەو شیعرەم بدیتەوە دەکرێ وشەکانی جارێکی تر بیگۆڕمەوە.

**شێرزاد هەینی: پرۆژەکە راوەستا، نەما**

**شێرکۆ بیکەس:** بەڵێ، بەڵام ئەوان هەڵەبوون، نەدەبووایە لەبەر ئەو قسانەی کە کرا راگیرێت، چونکە ئەمەیان بەدیلی ئەی رەقیب نەبووە، سروودێکەو کراوە ئەگەر ژیا دەبێتە سروود.

**شێرزاد هەینی: کەواتە هەر بیرۆکەیەک و پرۆژەیەک ئەگەر قسەی لەسەر کراو لەسەری نووسراوو رەخنەی لەسەرگیراو گفتوگۆی لەسەر نەکرا، راگیرێت و نەمێنێت، کەواتە هیچ پرۆژەیەک ناژی!؟**

**شێرکۆ بیکەس:**

نەخێر هیچیان نەوت، من دوو جار قسەم کرد، لە رۆژنامەی (میدیا) بڵاومکردەوە، خەڵکێک لەخۆرا هاتن و وتیان سروودی ئەی رەقیب موقەدەسەو ناکرێ بگۆردرێت، باشە خۆ ئێمە نەمانوتووە ئەوە بەدیلە، رەنگە لە پاش گوێگرتنی زۆری ئەو ئاوازە ببێتە سروود، بەڵام سروود ناژی ئەگەر نەوترێتەوە، ئەگەر تێکەڵ نەبێت بە ژیانی خەڵک، من کەسم نەبینیووە، لە حکومەت لە بەرپرس، من کەسم نەدییوە.

**شێزراد هەینی : جا (هەڵکەوت زاهیر) کێی بینیووە، تۆ نازانیت...!؟**

**شێرکۆ بیکەس:** نەخێر من نازانم، من لێم نەپرسیوە، بەڵام دیارە کەوا ئەو لە کاک (نیچیرڤان) نزیکە، ئەمە یەکەم، دووەمیان من نامەوێ (هەڵکەوت) بکەم بە سفر وەک خەڵک باسی دەکەن، یان خەتی راست و چەپی بەسەردا بهێنم، یان ئەڵێن ئاوازەکانی هەموو لە عەرەبی وەرگیراون، ئەشێ لە عەرەبیش وەرگیرابێت، ئەوەش عەیب نییە، ئیمرۆ کولتوورەکان هەموو نزیک بوونەتەوە لە یەکتری، بۆچی ئێمە کەممان لە کولتووری فارسی وەرگرتووە، بۆچی کەم لە تورکی وەرگیراوە، راستە ئێمە ناتوانین لەو سەردەمە بە رۆحی کوردی گۆرانی کوردی دروست بکەین، ئێستا وای لێهاتووە گۆرانی کە بەشێکە لە کولتوور، هەر بە تەنها کولتووری خۆت نییە، ئیمرۆ بەهۆی تەکنەلۆژیای تازەو تێکەڵابوون و نزیکبوونەوەی کولتوورەکان لە یەکتری، کولتووری هەمەرەنگ و گۆرانی هەمەرەنگ دروست ئەبێت، بێگومان کولتووری فارس عەرەب، تورک زاڵە بەسەرماندا.

## کوردستان

شێرکۆ بێکەس

**تۆ دایکمانی، خۆشەویستی، سەربڵندی، کوردستان**
**دێرینیت و، پیرۆزیت و، سۆمای چاوی هەموومان**
**لە باکوور بین، لە باشوور بین، لە رۆژهەڵات، رۆژئاوا**
**ئامانج یەکەو، ئاڵا یەکەو، ئازادییش بیروبڕوا**
**ئەتپارێزن، بەچوار دەورا، وەک زنجیرەی شاخانت**
**شوورەی جەستەو، ورەی پۆڵای، ملیونەهای لاوانت**
**مێژووی پ.م، چرای خوێنی شەهیدانی ئەم خاکە**
**تا هەتایە، لەسەر سەرمان. جریوەیان رووناکە**

**یەکگرتووین و بەرێگاوەین، درشت و وردو ژن پیاو**
**بۆ دوارۆژی جوانتر لە گوڵ، رووناکتریش لە هەتاو.**

سروودی کوردستان بە بەشداری 180 کەس کە لە دوو ئۆرکسترای جیهانی گەورەی ئەرمینیا و تاران پێکهاتبوو، تۆمارکرابوو.

****

## رۆمـــــــان

**شێرزاد هەینی: مامۆستا زۆر لە رۆماننووسە گەورەکانی دونیا زووتر شیعریان نووسیوە، یان دەڵێن شیعر پێگەیەکە تا ببیتە رۆماننووس، یان دەڵێن رۆمان لە لوتکەی ئەدەب و داهێنانە، بۆیەش تۆ پاش ئەو هەموو دیوانە شیعریانە... یان ئەو رووبارە شیعرییە جوانە بیرت لەوە کردیتەوە، رۆژێکیان رۆمان بنووسیت، دەکرێ بڵێن شاعیرەکان، پاش ئەزموونێکی دوورودرێژ لە نووسینی شیعردا دەبنە رۆماننووس.؟!**

**شێرکۆ بێکەس:** نەخێر بەو شێوەی رۆمان وەک رۆمان، واتە وەک زمانی مەنتیق، دیارە کەوا لە رۆماندا پلان هەیە، لە نووسیندا پلان هەیە، بەڵام لە شیعر کە چوویتە ناوی پلانێک نییە، دیار نییە چۆن ئەڕوا، چۆن ناڕوا، ئەشێ یەکێک ئەگەر بلیمەت بێ لە تەمەنی هەژدەساڵییدا شیعری زۆر باش و سەرکەوتوو بنووسێت، بەڵام هەر ئەو کەسە ناتوانێ رۆمانێک بنووسێت، چونکە نووسینی رۆمان پەیوەندی زۆری بە ئەزموون هەیە، پەیوەندی بە بینین هەیە، پەیوەندی زۆری بە ژیانی ئەو کەسەو کەسانی ترەوە هەیە، بەندە بە خوێندنەوەی زۆرەوە. من رۆمان زۆر ئەخوێنمەوە، من رۆمان زۆرتر لە شیعر ئەخوێنمەوە، چونکە کە من رۆمانم نووسی زمانەکە هەر ئەبێتە مەجاز، واتە هەر ئەبێتە زمانی شیعر، خۆ ئێستا رۆمان لە فەزای شیعر خاڵی نییە، بەپێچەوانەش ئەو رۆمانەی دونیای ئیمرۆ پەسند نییە ئەگەر ئاسۆی شیعری تێدانەبێت. دیارە ئەوەش بەو ئەندازەیە کە رۆمان ئەیەوێت، من پێم وایە تێنیویەتی خۆم وەک نووسینی شیعر لە شێوەی رۆماندا لە کارەکانی خۆمدا کردوومە، بۆ نمونە لە (دەربەندی پەپولە)وە، ئەوەو پێشتریش هەتا لە (کۆچ)و لە بەرهەمەکانی دواییشم،

تۆ کە دیوانی (خاچ و مارو رۆژمێری شاعیرێک) دەخوێنیتەوە لە رۆمانێک ئەکات، ئەوەیان رۆمانیکی شیعرییە، ئەگەر ئەو ناوە بۆ ئەوە شیاو بێت ئەگەر بەکاریبهێنیت. من پێم وایە شیعر جەوهەری ئەدەبە، بارانی ئەدەبە، من پێم وایە لە ئەدەبدا شتێکی تر نییە زمانەکەی بە قەد زمانی شیعر گەورە بێت، مەرجیش نییە هەموو شاعیرێک رۆمان بنووسێت، من رۆمان بە تاقیکردنەوەیەک نازانم بۆ شاعیریەتی، دیارە کەوا زۆر شاعیر رۆمانیان نووسیوە، بەڵام وەک شیعرەکانی گەورە نەبوون، هەموو کەسێ کە شتێکی تری نووسی ئەبێ لە شتەکانی تری تێپەڕێنێت، من زیاتر وەک شاعیر ناسراوم، ئەگەر بتوانم بواری شیعریش فراوانە، دونیای شیعر زۆر گەورەیە ئەتوانی هەموو شتێکی تێدا بدۆزیتەوە، ئەوە تەنها لای ئێمەیە کە لای شاعیرەکان تەنها (ضمیری متکلم)ە، یان یەکێکە قسەی لەگەڵ ئەکەیت، یان ئەو قسەت لەگەڵ ئەکات، شیعر دونیایەکی زۆر گەورەیە، بۆ نموونە شانۆی شیعر هەیە، رۆمانی شیعر هەیە، شیعری بچووک هەیە، بوارەکان زۆرن، من لە نووسینی شانۆنامەی شیعریدا زۆر سەرکەوتوو نەبووم، من کە شانۆنامەی (کاوەی ئاسنگەر)م نووسی، کە ئێستا تەماشای ئەکەمەوە هەست ئەکەم، زۆر بۆشایی شانۆیی هونەریی تێدایە، دیارە ئەو کاتانە ئێمە شارەزای زۆر شت نەبووین، ئەبێ شیعرەکە شوێن دراماکە بکەوێت، نەک دراما شوێن شیعرەکە بکەوێت، دیارە زۆری ئەو شیعرانەی بەناوی شانۆ نووسراون، شیعرەکان وەکو دابەشکرابن وایە، بەشێک ئەم ئەیڵێ، بەشێک ئەو ئەیڵێت، ئەوە دراماو شانۆنامە نییە، شانۆنامەکەی (کاوەی ئاسنگەر)ەکەی من وایە. لە ئەزموونی مندا لە شانۆنامەی (ئاسک)دا، رەنگە گەشەکردن هەبێت، بەڵام هێشتا بۆشایی هونەری درامی تێدا هەیە، دیارە یەکێک لەو جیهانەدا کە من کارم تێدا کردووە ئەو چیرۆکە شیعرانەیە کە من نووسیومن، بە تایبەتی ئەو چیرۆکە شیعریانەی کە سەرچاوەکانی بەیت و داستانی کوردەواری خۆمانن، بۆ نمونە داستانی (بەردە قارەمان)، رەنگە بۆ نووسینی ئەوە بەتایبەتی یاداشتەکانی (رەفیق حلمی)م خوێندبێتەوە، ئەو نزیکی (شێخ محموود) بووە، ئەو ئاگای لە شتەکان بووە، ئەوەیان جۆرێکە لە چیرۆک، ئەمە جۆرێکە لە رۆمان، من خۆم زۆرتر شەیدای خوێندنەوەی رۆمانم.

***

# پـــــــاره

**شێرزاد هەینی: شێرکۆ بێکەس هەموو کەس دەزانی زوو باوکی مردووە، هەژاری و برسیەتی زۆر چێشتووە، تا ئەو کاتەی ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی بەشی کانزاکانی تەواوکردووەو دەستی لە مووچەیەک گیربووە، دەمەوێ رۆژانەی پارە لە نەبوونییەوە تا ئەو کاتەی بوویتە وەزیرو مووچەی باشت وەرگرتووە، بابچینە لایەنێکی ئەو بەشەی ژیانت، ئەگەر کرا پاشان زۆرتر لەوەیان قووڵ دەبینەوە.**

**شێرکۆ بێکەس:** بێگومان وەک خۆتان دەزانن من پارەم کەم بووە، من لە منالّی رۆژانەکەم یەک عانە بووە، دایکم یەک عانەی بە من داوە، من کە گەورەبووم ئینجا رۆژانەکەم بوو بە دە فلس، دیارە رۆژانی جەژن بۆ ئێمە زۆر گرینگ بوو، وەک هەموو منالّێک زۆر چاوەروانی رۆژانی جەژنمان کردووە، لە مام و لە پوورو لە خزمەکان جەژنانەمان وەردەگرت، ئەوەش بۆ ئێمە گەلێک باش بووە، ئێمە لەسەردەمی گەنجیەتیدا، لە زۆر شت بێبەش و مەحرووم بووین، ناو بە ناوێک ئەگەر خالّەکانم یارمەتیان بدابم، کە گەیشتمە بەشی ناوخۆی پیشەسازی نان و خواردنمان کەوتە ئەو شوێنە، کە من چوومە شاخیش پارە هەر لەوێ نەبوو، وا بزانم مانگانە سێ سەد فلسمان وەردەگرت.

**شێرزاد هەینی: مانگێ سێ سەد فلس، ئەو پارەیە بۆ چی بوو بەشی چی دەکرد!**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ، لە سەردەمی شۆرشی ئەیلول هەر ئەوەندەبوو، کە پارەکەمان وەردەگرت، یەکسەر ئەچووین بۆ (گەلالّە)، لەوێ شتە پێویستیەکانی خۆمانمان پێئەکڕی، بۆ نمونە تووتنمان پێئەکڕی، سابوون، لیفکەو تۆزێ مێووژ، لەو جۆرە شتانە.

**شێرزاد هەینی: ئەو سێ سەد فلسە، ئەوەندە شتەی پێ دەهات، سێ سەد فلس هەر هیچ نەبوو.**

**شێرکۆ بێکەس:** بۆ باش بوو، لیفکەیەک تەنها بە بیست سی فلس بوو، تووتن هەرزان بوو، باش بوو.! بەشێکێمان دەخستەوە گیرفانمانەوە، بۆ چی... بۆ هیچ... رۆژانەش خواردنمان هەبوو، بۆیە پارە ئەوەندە بایەخی نەبوو لە ژیانماندا.

**شێرزاد هەینی: مامۆستا با بگەرێینەوە منالّیت، مانەوەت لە لای مالّی خالّت؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نالّیم پارە نەبووە، من لەبیرمە بەدیار منالّێکی دەولّەمەند رەنگە نیو سەعاتێک وەستاوم، تەنها بۆ تەماشاکردن پاسکیلەکەی، بەهیوای ئەوەی ئەگەر سووڕێکمان بداتێ، تەنها جارێک سواری پاسکیلەکەی ئەو بین، هەر لە مەکتەب من خەتم خۆش بوو، من لە بیرمە وەک خۆشنووسێک شتم دەنووسی، بۆ هاوڕێیە

دەوڵەمەندەکانم بە دە فلس ناوم لەسەر کارتۆنی گەورە، یان پارچە کاغەزێک نووسیون. بۆ نموونە بەگەورەیی دەمنووسی (نەوزاد سالّح رەفعەت)، بەڵام بە پارە، ئەو لە پۆلەکەمان بوو، ئەویش 5 فلس یان 10 فلسی ئەدامێ، ئەوەش باش بوو، ماوەیەک نازانم دوای شەشەمی سەرەتایی بوو، وا بزانم زووتر بوو، هێشتا دایکم لەگەڵمانابوو، رۆژێکیان بە دایکم وت، هەندێ شتم بۆ فرۆشتنەوە بۆ بکڕە، وەک سابوون و چاو شتی لەو جۆرە، منیش وەک مناڵەکانی تری کۆڵان شت دەفرۆشم، شتەکانم لەناو زەمبیلێک کرد، رۆژی یەکەم رۆیشتم، کە گەڕامەوە پارەم بۆ دایکم هێنایەوە، ئیتر دایکم زۆری پێ خۆش بوو، وتی، ئەوەت چۆن فرۆشت، بە خوا باشە، من چیم کردبوو، گەڕابووم بەسەر هەرچی خزمەکان هەیە، داوام کردبوو لێم بکڕن، دیارە ئەوانیش شتەکانیان لێم کڕی، پارەکەم هێنایەوە بۆ دایکم، (بە پێکەنینەوە) ئەوەش یەک دوو جار دەفرۆشرا، پاشان چیتر خزمەکان شتەکانیان نەکڕییەوە، هیچی ترم بۆ نەفرۆشرا.

جارێکی تریش لە بیرمە لە پۆلی شەش دەرچووبووم، تیمی مەلاریا هەبوو، بە پەمپ دەرمانیان دەرشاند، زۆری مناڵانی مەکتەبیان لە هاوینان وەردەگرت، ئەوە خزمێکمان ئەوەی بۆ کردم کە دامەزرام، دەچووینە لادێیەکانی دوورەوەش. بەراستی من زۆر ئازا نەبووم کەسیکی تەمبەڵ بووم، جارێکیان هاوین بوو لەگەڵ هاورێیەکانم تەرۆزیمان شەق ئەکردو لەبەر سێبەرێک دائەنیشتین و تەرۆزیمان ئەفرۆشت، ئەوەشمان کردووە. تا ئەو کاتەی بەرەسمی دامەزرام و بوومە مووچەخۆر.

**شێرزاد هەینی: لە بیرتە یەکەم مووچە چەندت وەرگرت..؟**

**شێرکۆ بیکەس:** بیست و شتێک بوو، باش بوو، زۆر شتی گۆڕی، بەراستی سەردەمی مناڵیم رۆژانی سەختی زۆری تێدابوو، من ئەو رۆژانەم لەبیر ناچێتەوە، بێجگە لەو ناخۆشیانە من لە مناڵیمدا نەخۆشی پێستیشم هەبوو، لیرم لێئەهات، هەموو گیانم ئەبوو بە لیری گەورە گەورە، ئەو حەساسیەتەم هەبوو، زۆر رۆژ کە لە خەو هەڵئەستام، سەیرم کردووە، دەموچاوم ئەستوور بووە، هەڵاساون، ئێستاش لەشم ئەتوانی شتی لەسەر بنووسیت، ناسکەو شتی لەسەر دەردەچێت، جۆری پێستەکەم وایە، ئەو نەخۆشیەش لە خۆشیەکانی مناڵیشی دەکردم، بۆ نمونە بەیانی جەژن کە لە خەو هەڵئەسام ئەمبینی هەموو دەموچاوو پشتی چاوو لێوم ئاوساوە، کە گەورە بووم نەمان، دوایی جۆرە حەبێکیان بۆ نووسیم، بەوەیان بەرگرییم لەو لیرو حساسیە ئەگرت.

**شێرزاد هەینی: با بێنەوە سەر باسی یەکەم مووچەکەت، پارەکەت چی لێکرد، قەرزاربوویت و قەرزەکانت پێدایەوە..؟**

**شێرکۆ بیکەس:** پارەکەم دا بە دایکم، لەلای ئێمە دووکانی لاکۆڵان هەبوو، دایکم هەموو شتێکی لەو دووکانە بە قەرزی سەرەمانگ ئەهێنا، پارەکەی دایەوە ئەو قەرزە، وەک زەخیرە، رۆنە برنجە .. دووکاندارەکە ناوی (وەستاساڵح) بوو، پێشتریش دایکم لەو یارمەتیانەی لە خزمان وەریدەگرت قەرزەکانی وەستا ساڵحی داوەتەوە، بەڵام کە من مووچەم وەرگرت لە مووچەکەی منەوە ئەو قەرزانە دراونەتەوە، دیارە بە کۆششی دایکم کە بۆم باس کردی کە خانووەکەی ئیسکانمان وەرگرت، وەزعمان باشترببوو.

**شێرزاد هەینی: یەکەم مووچەت 25 دیناربوو، ئەدی یەکەم پارەو مووچەی وەزیریەکەت چەند بوو .. لەبیرتە ..؟!**

**شێرکۆ بیکەس:** دیارە ئەو دوو مووچە بەراورد ناکرێت، بەڵام مووچەی وەزیرییەکەم لەبیرنەماوە، نازانم چەندبوو، من یەکێکم لەو کەسانەی کە هەرگیز نازانم چەندم لە گیرفانە، چەند سەرف دەکەم، چەندم هەیە، بۆیە پارەکەم لەبیر نییە. کە لە سلێمانی بم، ئەو دوو کوڕەی لەگەڵمان، ئەوان دەیزانن، خزمی خۆمن، کە لێرەش بم، ئەوە ئەوان لە ماڵەوە ئەزانن، ئەوان سەرپەرشتی دەکەن.

**شێرزاد هەینی: ئەوە مووچەکەی شۆرشمان زانی مانگانە تەنها 300 فلس بووە، ئەدی کە لە ساڵی 1974 دووبارە هاتنەوە، دیارە باشتربووە.؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بێگومان ئەمجارە پارەکە باشتربوو، کە پارەی کەممان وەردەگرت، ورەمان بەرزبووە، هەر لامان خۆش بوو، پارە نەبووە، هەر ئەوەندە هەبووە، من لە دواییدا وەک کارمەندی راگەیاندن پارەی باشمان هەبوو، بەشی ماڵ و مناڵەکانیشی کردووە،ئەمجارە شتەکان لەخواردن، لەیارمەتیەکان باش بووە،چەکەکانیش باش بوون.

دیارە لە شۆرشی نوێ دوای ساڵی 1984 لە (یاخسەمەر)و (بەرگەلوو)، وەزعمان باش بوو، (مام جەلال) بەتایبەتی یارمەتی نووسەرانی ئەدا، هەرگیز نووسەرێک لەسەر پارە پەکی نەکەوتووە. مناڵەکانیشم بەو پارەیە دەژیان، بەشی ئەوانیشی دەکرد، بەڵام پارەکە چەندبووە، چەند نەبووە ئەوەیان گرینگ نەبوو، کەس بێبەش نەبووە.

**شێرزاد هەینی: زۆرجار پارەت قەرزکردووە..؟**

**شێرکۆ بیکەس:** بێگومان قەرزم کردووە، هەبووە زۆریشی خایاندووە، بەڵام لە پاشان قەرزەکەم هەر داوەتەوە. من پاش رۆیشتنی دایکم بۆ بەغدا کە لە بەشی ناوخۆ بووم، ئەو دەمانە هاوڕێیەکی زۆر نزیکم هەبوو، کە ئێستا لە ژیاندا ماوە، ناوی (حەمە علی عەزیز)ە، ئێستا لە ئەلمانیا ئەژی، باوکی کۆپاندروو بوو، خانووی خۆیان هەبوو، وەزعیان باش بوو، من زۆر رەفیقی ئەوان بووم، ئێمە زۆر تێکەڵبووین، خۆشی کوڕێکی زۆر زیرەک بوو، لەو تەمەنە یەکێک بوو لەوانەی خەریکی دروستکردنی

مەکتەبەبوو، بەشی زۆری رۆمانەکانی ئەو دەمانەی هەبوو، کتێبی زۆری هەبوو، من وەک کوڕی ئەوانم لێهاتبوو، زۆرجار نانم لەگەڵیان ئەخوارد، زۆرجار هەتا شەوانیش لە ماڵی ئەوان ئەمامەوە، دایکی (حەمە علی) ناوی ( گوڵچین خان) بوو، یەکجار ژنێکی چاک بوو، وەک کوڕی وانم لێهاتبوو، ئەو ماڵە زۆر فەزلیان بەسەرما هەبوو، کە لەو دواییەدا لە وەزعە گرانیەکە ئێمە باشتربووین، من ئاوڕم لە هەموویان داوەتەوە، وەک وەفایەک ئەوانم هەر لەبیربووە. دیارە ئەوەش پاش راپەرین بووە، تا ئێستاش تا ئەوەندەی پێویستیان پێ هەبێت من چاوم لەوان بووە.

**شێرزاد هەینی: پارەت لە یەکێک وەرگرتبێت، لە بیرت نەمابێت، یان نەتدۆزیبێتەوەو چاوی بۆ دەگێریت تا بیدیتەوە، کەسی وا هەبووە...؟**

**شێرکۆ بیکەس:** کەسی وام لەبیر نییە، کێ ئەڵێ نا... رەنگە، بەڵام من شتی وام لەبیر نییە. زۆریشم لەو شتانە بیرکردیتەوە، هەتا بیریشم لەو کەسانە کردیتەوە، کە رۆژێ لە رۆژان کێ دەستێکی یارمەتی بۆ درێژکردووم، جا ئەو کەسە خزمی خۆمان بووبێت، یان بێگانە بووبێت. من ئەوەم زۆر مەراقە کە شتێکیان بۆ بکەمەوەو هەمیشەش بیرم لەوە کردیتەوە. من سروشتم وایە حەز ناکەم کەس شتی بەسەرمەوە مابێتەوە، لەو رووەوە من وام.

**شێرزاد هەینی: کە بڕیارتدا بێیتە دەرەوە، چەند پارەت پێبوو، کێ پارەی سەفەرەکەی بۆ دابین کردیت..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من کە لە وڵات دەرچووم، هەموو مەسرەفەکانم لەسەر یەکێتی نیشتیمانی بووە، ئەوان پارەیان دامێ، بەڵام لەبیرنەماوە پارەکە چەندبوو، هەموو شتم لەسەر ئەوان بووە، پارەی خۆم نەبوو، بەڵام من شتێکم لە گیرفان هەبووە.

**شێرزاد هەینی: لە دیمانەیەکدا لە رۆژنامەنووسێک تووڕە دەبیت کە پێتدەڵێت، تۆ رەزیلی، وا بزانم ناوی (محمد گەلاڵەیی)ی بوو.! بۆ تووڕە بوویت؟**

**شێرکۆ بێکەس:** (بە پێکەنینەوە) ئا وایە...دیمانەکە بڵاویشکرایەوە، وا دەزانم حەقمە، ئەو چۆن بڕیاریک بەسەر مندا دەدا کە وا نییە، کە دەلیلی نییە، من هەرگیز رەزیل نەبووم، راستە من تووڕەبووم، رەنگە لەوەوە تووڕە بوم کە هیچ بەڵگەیەکی پێ نییە، دیارە تووڕەبوونیش بەشێکە لە کەسایەتی مرۆڤ. دەبێ هەموو کەس هەندێ جار تووڕەش بێت.

**شێرزاد هەینی: یارمەتی خەڵکت داوە، پارەت داوە بەیەکێک داوای لێکردبیت ..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من ئەگەر پارەم هەبووبێت، هەرگیز دەستم نەگێراوەتەوە، بۆ هەر کەسێک داوای کردبێت، بۆ نمونە خۆ ئێستا منداڵەکانم لێرە چ پێویستیان بە من نییە، بەڵام من ئاوڕیان لێ ئەدەمەوە، بۆ نمونە ئەیەوێ ئوتومبێلێک بکڕێت، من حەز دەکەم لە کڕینەکەی بەشداری بکەم، کە خانووێک دەکڕن، من بەقەد توانای

خۆمەوە بەشداربیان دەكەم، دیارە زۆر پێویست ناكات ئینسان باسی خۆی بكات، بەڵام من ئەوەی پێی ئەوترێت رەزیلی، زۆر رقم لێی ئەبێتەوە، ئینجا رەزیلی لە هەموو شتێكدا، لە ماڵا لە خواردندا لە گەڕاندا.

**شێرزاد هەینی: تا دواجار كە لە گەڵ رەفیقەكانت بەیەكەوە شەوانە دادەنیشتن، هەر كەسە پارەی خۆی داوە، ئەوە هەرماوە یان سەردەمی بەسەرچوو.**

**شێركۆ بێكەس:** ئەوە زۆربوو. جاری وا هەبوو قەرزمان دەكرد، پارە نەبوو گەرچی چارەگێك عەرەق و نۆكێك هەر یەك روبعە دینارێكی تێئەچوو، ئەوەش نەبوو، بۆمان قەرزئەكرد. دانیشتنی زۆرمان هەبوو جارێكیان لە سلێمانییەوە ئەهاتینە هەولێر لەگەڵ شەهید (عبدالخالق معروف) و (كاكە مەم بۆتانی)و شەهید (نوری نانەكەلی)و ئەو جەماعەتە لە نادی حقوقین دادەنیشتین، جارێكیان چووین بۆ مەسیف لەوێ خانووێكمان بەكرێ گرت، لەوێ (عبدالخالق) نەیهێشت كەس دەست لە هیچ بدات، ئەو خۆی خواردنەكانی ئامادەكرد، وەك دەڵێن بە دەست و دڵەوە دەخورێت، تەشریبی وای كردبوو، وەستابوو، من لە ناوەندی شێستەكانەوە ئەوەم ناسیووە تا ئەو ساڵانەی دواییش هەر پێئەكەنی، بەردەوام رووی خۆش بوو.

**شێرزاد هەینی: ئەو بەردەوام لە هەولێر بە پاسیكل دەهاتە دووكانەكەی، دەچووە دائیرەكان، (عبدالخالق)ت لەسەر پاسكیل دیوە، بەردەوام جانتا گچكەكەی بە سووكانی پاسكیلی وەدەكرد...؟**

**شێركۆ بێكەس:** نەخێر نەمدییووە، ئەو زووتر (ئیمام طابور) بووە، جگە لەوەی من قەسیدەیەكەم بەتایبەتی بۆ ئەو نووسیوە، ئێمە چلەكەمان بۆی لە گوندی (سێروان) گێڕا، لەولای گوندی (ئاوەژێ)، وەك بۆم باسكردیت من لەوێ بووم، لە چلەكەیدا سەكۆیەكیان لە بەرزییەوە بۆ كرد، لەناو دارو دارستانێك بوو، هەموویان لە (مام جەلال)ەوە هەموویان چوارمەشقی لەسەر ئەرز دانیشتبوون، من لەوێ شیعرەكەم خویندەوە. ئاگاداربووم ئەو سێ جار ناوی كتێبەكەی گۆڕی، كە رەفز دەكرا ناوەكەی دەگۆڕی ناوێكی نوێی بۆ دادەنایەوە.

**شێرزاد هەینی: تازە كتێبەكەی دەرچووبوو من پرسیارم لێكرد، پاش ئەو دەنگوو رەخنە توندانە بەنیازی شتی لەو بابەتە بنووسیتەوە، ناترسیت..! ئەو لە وڵامدا بە منی وت، بەڵێ من ناترسێم، دەنووسم و توندتریش، من ناترسێم، شتی ترم ماوە !**

**شێركۆ بێكەس:** رەنگە منداڵەكانی بزانن شتی تری ماوە یان نا .. ئەو بێجگە لەوەی ئەو كتێبەی نووسی، ئەو شارەزای ئەدەبیش بوو، فرە بەهرەبوو، لەسەر ئەلكترۆنیات كتێبێكیشی هەیە.

**شێرزاد هەینی: ئێمە لە ساڵی 1977 لە ئامۆژگەی تەكنەلۆژیای بەغدابووین، بەرەحمەت بێت (عبدالسلام دەشتی) برای (عبدالكریم دەشتی) شاعیر، لەو**

**گەورەتربوو، ئەومان لەگەڵ بوو، ئەو لە بەشی ئەلکترۆنی بوو، لە کاتی شۆرشدا لەبەر (ئەحمەد دەشتی)ی برا گەورەیان لە ئیستگەی سەرووی چۆمان بوو، لەوێ زۆر شت فێرببوو، لە پۆلا لە کاتی دەرس وتنەوەی مامۆستایە میسرییەکە کە دکتۆرای لەو بابەتەوە هەبووە، ئەو هەڵەیەکی بۆ راست دەکاتەوە، کە دەرسەکە تەواوبووە، دکتۆرە میسرییەکە، هاتبووە لای (عبدالسلام دەشتی) بەداخەوە کە زوو مرد، پێیوتبوو ئەو شتەی تۆ بۆ منت راستکردەوە، کێ فێری کردوویت، کێ مامۆستات بووە، دەبێ کەسێکی شارەزابوو‌بێت، ئەویش باسی شەهید (عبدالخالق)ی بۆ کردبوو، کە چۆن خۆرسک ئەلکترۆنیات فێربووەو ئیستگەیەکی بەڕێوەبردووەو کتێبی بە زمانی کوردی لەسەر ئەلکترۆن داناوە، بەڵێ ئەو زۆر زیرەک بوو.**

**بابێنیەوە سەر پارە. کە زۆر سەفەرت دەکرد، ئەو کاتانەی یورۆ نەبووە هەر وڵاتێک جۆرە پارەیەکی هەبووە، تۆ پارەکانت لێ تێکەڵ نەدەبوو، یان تۆ هاوڕێت هەبووە، ئەو بۆی ساخکردیتەوە.**

**شێرکۆ بێکەس:** نا .. چاکم دەزانی.

***

## دکتۆر جگەرەی پێ کەم دەکاتەوە

**شێرزاد هەینی: دیارە کاتی جگەرەتە..! کەمت کردیتەوە ..!**

**شێرکۆ بێکەس:** یەک پاکێت چییە، من رۆژانە سێ پاکێت و زۆرترم کێشاوە، ئێستا بچیتەوە لای دکتۆریش دەڵێ یەک پاکێت هەر هیچ نییە، دەکرێ ئەوەندە هەر بکێشێت ( بە پێکەنینەوە ).

**شێرزاد هەینی: ئەوە لەو سەفەرەدا ئەو بڕیارەت داوە، دکتۆر بۆی داناویت، ترسی ئەوە هەیە بگەڕێتەوە سلێمانی دووبارە جگەرەکان زۆر بکەیتەوە دووبارە رۆژانە بگەڕێتەوە سەر سێ پاکێتەکان...!؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نازانم، من لەسەر جگەرە ناتوانم هیچ بڕیارێ بدەم، ئەوەیان ئاسان نییە، نازانم، دەترسم لە پڕێکا تووشی نوشستی بم.!

**شێرزاد هەینی: رەنگە ئەو ماوەیە شیعرت نەنووسیوە، رەنگە بگەڕێتەوە سەر شیعر نووسین دووبارە جگەرەی زۆر بکێشیتەوە،...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەمە گرفتە، ئەوەیان نازانم... من بێ جگەرە هیچم نەنووسیوە، تکایە ئەگەر لەومەودا شیعرەکانم خراپ بوون، ئەوە پەیوەندی بەو جگەرەیەوە هەیە،

ڕەنگە خۆتان داوا دەکەنەوە کاکە برۆ جگەرە بکێشەرەوە، من لە تەمەنی شازدە ساڵیی و حەڤدە ساڵییەوە جگەرە دەکێشم، تەمەنێکی درێژە.

**شێرزاد هەینی: بڕیارت نەداوە شیعرێک لەسەر ژانی کەمکردنەوەو لەسەر جگەرە شتێ بنووسیت، هیچت لە خەیاڵ نییە..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نا... نا... کە سەعاتی جارێک جگەرەیەک دەکێشم ئەوە مانای ئەوەیە من تەرکم کردووە، بڕیارم داوە، هیچی لەسەر نانووسم، بڕیارەو دراوە، جگەرەش رەفیقە.! بەلام ئیتر بریارەکە هەر لەدەست خۆمدا نییە لەدەست جگەرەشدایە!

***

# یەکێتی چی لێ دێت!؟

**شێرزاد هەینی: مامۆستا پرسیارێکت لێدەکەم، پرسیارەکە هی من نییە، ئەوەیان لەسەر داوای برادەرێکە، پەیوەندی بە منەوە نییە، ئەو زۆر پارایەوەو وتی توخوا ئەگەر لە مامۆستا شێرکۆ نەپرسیت، دوارۆژی یەکێتی دەگات بە چی، وەک دۆستێکی یەکێتی کە ماوەیەکی زۆرە تۆ لێوەیان زۆر نزیکیت و لەسەر ئەوانیش حیسابیت....؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من پیاوێک نیم توێژەری سیاسی بم، لەناو کارو کۆبوونەوەکانیاندا بم، ئاگاداربم، منیش وەک تۆو کەسانی ترەوە لە رێ تەلەڤزیۆنی و هەواڵەکان و برادەرانەوە شت دەبیستم، بەڵام ئەوەندە ئەزانم، ئەگەر وەزعی یەکێتی بەو ئاراستەیەی تەکەتول و دەستەگەرییەوە، بەو بڕبڕیایەتیەوە بڕوات بێگومان پاشەرۆژی باش نابێت، ئەمە دەمێکە کەسانی وەک ئێمە هاوارمان بوو، کە کارێک بۆ ئەمە بکەن، بەڵام ئەگەر کاریش کرابێت بەباری ترا کراوە، ئەوانەی کە تەکەتولیان هەیە ئەوان قۆزتویانەتەوە، بەراستی ئێستا وەک (ممالیک)ی لێهاتووە، کۆمەڵێ ناوچەگەری، هەر یەکێک هەرێمی جیاوازی هەیە، هەر کەسەبۆ خۆیەتی، دیارە کەوا ئەمە هی ئەوە .. ئەوە هی ئەوە .. دانانی وەزیرەکان پەیوەندی بە خۆیانەوە هەیە، بە برادەرایەتیەوە هەیە کێ نزیک بێت لە یەکێکیان ئەوە ئەبێتە وەزیر، جا کچی بێت یان کوڕی بێت... بەکورتی یەکێتی مێژوویەکی جوانی هەبوو، بەتایبەتی مێژووی هەڵسانەوەو مقاومەت و ئەو شتانە... مێژووەکەی یەکێک بوو لە رۆژگارە

هەرە جوانەکان، ئێمەی والیکرد کۆمەڵێ گۆرانی جوانی بۆ بڵێن، من وا دەزانم هۆکاری ئەوەش ئەوەیە لە راستیدا بەرنامەیەکی دیموکراسیی زانستیانەیان نییە، ئەوە یەکەمیان، دووەمیان دەگەڕێتەوە بۆ گەندەڵی، ئەوەش کەوتووتە ناو بەشێکیان، جا ئەوانە کێن و کێ نیین، من ناوی کەس ناهێنم، بەڵام ئەزانم ئەوە جۆرێکە لە نیگبەتی، ئومێددەکەم، وا نەبێت، زۆرجار ئەو شتانە لەسەر یەک کەس ئەوەستێت، یان یەکێک پارسەنگەکان رادەگرێت کە بە نیسبەت ئەوانەوە (مام جەلال)ە، ئەگەر (مام جەلال) نەمینێت کە ئەوەش زۆر ئاساییە وا دەزانم وەزعەکەیان وای لێ دێت هەر کەسێ بۆ خۆی ئەبێت، ئەبێتە جۆرێک لە ئاخۆران و بخۆران، لە شەڕە جنێوەکان و شەڕە نووسینەکاندا، دیارە شتەکان چۆن ئەڕوات، ئەگەر سەرنج بدەیت، دیارە بەبێ ناوهێنان.

**شێرزاد هەینی: ئەگەر بتەوێ ئامۆژگارییان بکەیت، چییان پێ دەڵێت..؟!**

**شێرکۆ بێکەس:** من قسەی خۆم کردووە، من دوای سوتانی مونومێنتی هەڵەبجە، بۆ زانینتان شتێکم لە رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) بڵاوکردەوە، لە دوای ئەوە بە خەتی خۆم بە 30 لاپەرە، شتێکم نووسی و دام بە کاک (نەوشیروان مستەفا) داوام لێکرد ئەو نووسینەم بداتە هەموویان، کۆپی کردبوو زۆرتر لە بیست کەسیان نووسینەکەی منیان وەرگرتبوو، لەو سی لاپەرەیەدا هەموو شتێکم تێدا نووسیوە، بەڵام ئێستا لەلام نییە، لێرە بووایە نیشانم ئەدایت، ئێمە قسەی خۆمان کردووە، ئێمە پێمان وتوون، ئێوە بەرەو کێ ئەڕۆن، پێمان وتوون بەرەو چ مەترسییەک ئەڕۆن، پێمان وتوون، ئەو گەندەڵییە لە سەرە گەورەکانەوە دەست پێئەکات، نەک لە بچووکەکانەوە، ئێمە پێمان وتوون چارەسەری ئەمە چۆنە، بەشێک لە هاوڕێیە نزیکەکانم ئەوەیان بینیووە، من لە هیچ سەردەمێ بێدەنگ نەبووم، من لەهەموو دانیشتنەکان لەگەڵ هەموویان لەگەڵ (مام جەلال)یش زۆرتر دانیشتنی رەخنەگرتن بووە، رەخنەم لە سیاسەتەکەیان گرتووە، ئەگەر وا بڕوات یەکێتی نیشتیمانی چی لێ دێت، دەبێتە باخێکی تاڵانکراو، تۆ یادی یەکێتیت لە سلێمانی بینی، چەند کەسێک ئامادەبوون، ساڵانەکانی تر یادی یەکێتی شتێکی تربوو خەڵک ئەو رۆحەی نەماوە.

**شێرزاد هەینی: یەکێتی دەڵێ ئێمە نیو ملێون ئەنداممان هەیە...؟!**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەشی بەناو نیو ملێون بێ بەڵام گرنگ کردەوەیەپو کاتی لێقەومان دەزانی مەسەلەکە چییە رۆحی خەڵکە، ئەو رۆح و پەرۆشی و دڵسۆزیە کە لە ساڵانی سەرەتای هەشتاکان ئەو رۆحە ماوە، من لێیان دەپرسم باوەر ناکەم بڵێن ئەوەیان ماوە، خەڵک خۆی ئەبەخشی، خۆی ئەچوو خوا خوای بوو بکرێ بە پێشمەرگە، پێشمەرگە وەرنەئەگیرا، کەسانی وا لە دەرەوەبوون هەموو شتەکانیان موقەدەس وەرگرتبوو، ئەوە نەما ئێستا تێکەولێکەیە، پێویستە لە بنەڕەتەوە چاک

بکرێت، لە دیدارێکدا لەنێوان دەستەیەک لە نوسەران و مام جەلالدا لەقەڵاچوڵان. من وتارێکم خوێندەوە پێموایە سەرەتای نەوەدەکان بوو. تۆش وەرە ئێرە، ئەوسا سەرەتای سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی بوو، من وتەیەکم ئامادەکردبوو، ئاگادارم کردنەوە، وتم مەترسیەکی گەورە لە پێشەوەیە، کە لێ بوومەوە (مام جەلال) وتبووی، شتەکانی شێرکۆ جوان بوو، بەڵام مبالغەشی تێدابوو، دەرکەوت هەموو ئەو شتانەی من وتبووم بە زیادەوە هاتنە دی.

****

## نـویـــژکـــردن

**شێرزاد هەینی: مامۆستا تۆ بە بیرت دێ نوێژت کردبێت...؟!**
**شێرکۆ بێکەس:** لە منالّییدا دووجار نوێژم کردووە، لە جاری سێیەمدا تاقەتم نەما، ئەو دەمانە تەمەنم هەشت نۆ ساڵان بوو، ئەوەش لاسایی دایکم کردیتەوە، چیتر نوێژم نەکردووە، لە منالّیشەوە بەرۆژوو دەبووم و دوایی بە دزی نانم خواردووە، هەرگیز یەک رۆژووم نەگرتووە.
**شێرزاد هەینی: هۆکار چی بوو، ئەوەندە لە ئاین دوور بیت، ئەوەیان لە گەنجییەوە بوو ..؟**
**شێرکۆ بێکەس:** نا خێزانەکەمان بەو مفهومە ئیسلامی نەبووە، دیارە ئاشکرایە باوکم چی بووە، دیارە پیاوێکی عوسمانی بووەو. من کە چاوم کردەوە باوکم بینیووە شیعری نیشتیمانی خوێندیتەوە، کوردایەتی کردووە، دایکیشم هەرگیز توند نەبووە، دایکم (شەفیقە سعید)ی رۆح، بەڵام بروادار بووە نوێژی کردووە، رۆژوی گرتووە. من بۆ خۆم بروام بەو قسەیە هەیە کە دەڵێت "دین بۆ خواو نیشتیمانیش بۆ هەمووان" حەقیقەتی سەد دەرسەدیش بەتەنها لای هیچ ئاینیک نییە. وڵاتی ئارام و ئازادو بەختیار کاتێ ئەبێت کە مرۆڤەکانیشی لەهەڵبژاردنی هەر شتێکدا ئازاد بن باهەموو ئاینەکان لەتەنیشت یەکەوە بن ئیسلام بەتەنیشت مەسیحی و مەسیحی بەتەنیشت جوولەکەو ئێزیدی و مەندائی و مولحیدەکانیشەوە بێ. هەموو راستیەکان لەلای یەک بیروباوەر نییە. ئەگەر وڵاتێکی وا هەبێت توندرەوی و خوێن رشتنی تێدا نابێت. وەک ئەوەی هەمووومان لێرە لەسوید ئەیبینین.

****

## دانیشتنی حەوتەم

شوێن: لە سەر کورسییەکی بەر سێبەرێک
لە گەڕەکی (تێنستا)ی ستۆکهۆلم.
رۆژ: 7 ی یونیوی ساڵی 2008
ماوەی تۆمارکردنەکە: 74 دەقە

**بەیانیان، ئاسکەکان کە ئەچنە سەر ئاوی خەواڵوو،**
**ئەترسن نەبادا لە پەنابەردێکدا، تاپڕێ،**
**لە توخمی نێرینەی لوولە ڕەش، لەوێێ و لە پڕێ**
**ئاگرێ هەڵبکاو پریشکێ بگرێتە جەستەیان!**
**ئێواران ئاسکەکان، کە ئەچنە ناو مێرگی خەونەوە**
**ئەترسن، نەبادا، چەقەڵێ لە جۆری پیاوانی**
**وڵاتی ئافرەت کوژ لەوێیێ و بە خەون و مێرگەوە**
**بیانخوات، ئاسکەکان بڕوایان بەدەشتێ نەماوە**
**پەلکە گیای لەشی خۆی هەڵکێشێ و کانیی خۆی**
**لیخن کات.ئاسکەکان، ئەترس، دڕدۆنگن.**
**ئاسکەکان بڕوایان بەو لوتکەی شاخانەش نەماوە**
**گابەردیان، تلاوتل ئەبەن و، تا بیدەن بەسەری**
**نزارو گردۆڵکەی بناری خۆیاندا!**

شێرکۆ بێکەس

لە دیوانی (کتێبی ملوانکە) ل74و 75 وەرگیراوە.

**(من ئەو جارە کە چوومە ماڵی (سەلیم بەرەکات)، بە بەروانکەیەکەوە دەرگای لێکردمەوەو کە هاتە خوارەوە بۆنی چێشتی لێ دەهات).**

شێرکۆ بێکەس

**ئیمرۆ دانیشتنی حەوتەممانە لەگەڵ مامۆستا شێرکۆ بێکەس لە (تێنستا) دانیشتووین و هەتاوەکە گەرمە، بەڵام ئێمە لە شوێنێکی سێبەر دانیشتووین، دیارە ئەو چەند رۆژە ستۆکهۆڵم ڕۆژەکانی خۆشەو خەڵکەکە هەموو لە دەرەوەن، ئێمەش لەگەڵ مامۆستا شێرکۆ بێکەس هەر خەریکی شیعرو ژیاننامەو رۆژانەی مامۆستا شێرکۆین، رۆژانەش بەیەکتر شاددەبین و قسەمان بۆ دەکات و ئێمەش تۆماری دەکەین...**

**شێرزاد هەینی: مامۆستا تۆ لەناو ئەدەبی کوردی و شیعرو بڵاوکراوەی کوردیدا دەنگ و شیعری زۆر تایبەتیت هەیە، بۆ نمونە دەنگی شاعیر (قوبادی جەلی زادە)، چۆن پێناسەی ئەو دەنگ و ئەو شێوازەو ئەو ناوە دەکەیت، کە ستایل و شیوەیەکی تایبەتی لە نووسیندا هەیە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ بێگومان (قوبادی جەلی زادە) لە دوای نەوەی ئێمەیە، یەکێکە لە بەهرە جوانەکانی شیعری کوردی، تایبەتمەندی خۆی هەیەو رەنگە تایبەتمەندی ئەو لەو رەنگانەدا بێت کە پەیوەندی بە دونیای ژن و خۆشەویستی ژن و جەستەی ژنەوە هەیە، دیارە ئەم ستایلەو بەم ستایلە ئەو توانیویەتی خۆی لە کۆمەڵێ شاعیری تر جیا بکاتەوە، جگە لەوەش ناسکییەک لە زمانی نووسینی ئەودا هەیەو ناسکییەک لە شیعرەکانیشدا هەیە. بەهەرحاڵ دەنگ و شێوازی (قوبادی جەلی زادە) لەکەس ناچێت، ئەتوانین بڵێین کەسیش لەو ناچێ. تا ئێستاش بە هەناسەیەکی درێژی لەو ستایلەوە بەردەوامە، دیارە کاک قوباد دەتوانێت ئەو جیهانە گەورەتر بکات. بە واتەی ئەوەی مەسەلەی ژن، بەتەنها لە چەند خاڵێکدا کۆ نەبێتەوە، یان بابڵێین تەنها لە گۆشەیەکدا نەبێت، ژن وەک مرۆڤ، ژن وەک هاورێ، ژن وەک تێکۆشەر، هەر شتێکیتریش، ئەوەی کە من ئەیبینم و پێشمووایە، ناڵێم لەو شیعرانەی نیە، بەڵام ڕەنگە لە ستایلەکانی کە من مەبەستمە ئەو نیسبەتێکی کەم پێکبهێنێت. ئەوەندەی جوانی جەستە لەلای قوبادی جەلی زادە دیارە. جوانیەکانی رۆح، جوانیەکانی هزر کەمتر ئەبینرێت، رەنگە خۆی بیری لەوە کردبێتەوە کە ئەو

ستایلە وابێت، بەڵام ئەشتوانێت هەر ژن لەهەمان ئەو رەنگانەی تردا کۆبکاتەوە، دیارە ئێمە ناتوانین خەتێک بۆ ئەو بکێشین، وەک چۆن ئێمە ناتوانین بڵێین (نزار قەبانی) ئەبووایە وابێت یا وانەبێت، رەنگە تا رادەیەک لەو عالەمەوە نزیک بێت. بەڵام دنیای ژن بەلای منەوە دنیایەکی زۆر گەورەیە، ئەو بەشێکی ئەو دنیایە یان چەند رەنگێکی گرتووە من پێم وایە عالەمی ژن لەوە گەورەترە.

**شێرزاد هەینی: باشە کاک شێرکۆ ئەگەر لەو ستایلە دوورکەوینەوە، ستایلی (فەرهاد پیربال)، هەرچەندە فەرهاد پیربال هەنگاوی زۆرەو خەتی زۆرە، بەڵام وەک شیعر خەتی ئەو چۆنە وەک راستەخۆیی و سادەیی و..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بێگومان (فەرهاد پیربال) جگە لە شیعر، هەندێ بەهرەی تریشی هەیە، نوسینی رۆمانە، هەروەها بایەخدانی تەواو بە ئەرشیفی ئەدەبی کوردی و مێژووی ئێمەیە، بێگومان لەناو شیعرەکانیشیدا کۆمەڵێک شیعری جوان و ناسکی هەیە، بەڵام ئەوەی کەمن زیاتر لە بەرهەمەکانی پێم خۆشترە، نوسینەکانیەتی، بەتایبەتی نوسینە مێژوویی و ئەرشیفەکانی و بەشێک لە کورتە چیرۆکەکانیشی.

**شێرزاد هەینی: رەنگە (کەریم دەشتی)یش یەک لەو دەنگە نوێیانە بێ، یان لەو ستایلە تایبەتیانە بیت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ من پێمووایە ئێستا یەکێک لە گەورەترین شاعیرەکانی کوردی ئەو سەردەمە، بەبڕوای من (کەریم دەشتی)یەو کەریم دەشتی بەردەوام لە هەڵکشان دابووە، من کەم هاتنە خوارەوەم پێوەی بینیوە، دوای ئەوە (کەریم) بیرکردنەوەی شیعری قووڵە، دوای ئەوە بەیەک گرێدانەوەی بیرەوەریەکانی منالّی و ئێستاو دوارۆژی تێدایە، هەمیشە لە وێنەی تازەدا ئەیبینینەوە، بۆ نمونە ئەو چەندجار باسی رابوردوی خۆی ئەکات، بەڵام هیچ جارێکیان لەوەی تر ناچێت، لە شیعرەکانیدا جگە لەوە وێنەی شیعری زۆر بەهێزی هەیەو مامەڵەیەکی سەیر لەگەڵ مەسەلەی میسۆلۆژیاو داستان و شیعری دراما ئەکات، کەم شاعیر هەیە بتوانێ یان ئەو دەسەڵاتەی هەیە، کەریم بەهێواشی کاری کردوە، واتە پەلەی نەکردوەو جگە لەوەش نووسەرێکی فرە بەهرەیە.

**شێرزاد هەینی: تاقەتی زۆرە، پشوویەکی درێژی هەیە.**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ تاقەتی زۆرەو بۆ نمونە لە هەمان کاتیشدا خەریکی هەندێ نۆڤڵێتە، یان چیرۆکە لەم لاشەوە وەرگێرانیش دەکات، کاری باشی وەرگێراوە.

**شێرزاد هەینی:ڕەگەکان، ئەو کتێبە درێژو گەورەیەی وەرگێراوەتە سەرزمانی کوردی.**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەوەی (مەسیح) ئەوەشی بڵاوکردەوە، ئەوەش کارێکی گەورەیە...تاقەتی هەیە، جگە لەوەش با بڵێین زمان رەزیل ناکات، وا لە زمان ناکات بێتاقەتمان بکات، بەو مانایەی کە زمان خۆشەویست دەکات لەلامان، دیارە لە

هەولێردا ماوەیەکە، سێ شاعیر کە هاوتەمەنی یەکتری بوون (دڵشاد عەبدوڵڵا، کەریم دەشتی، لەگەڵ (جەلال بەرزنجی)، بێگومان ئەوانیش قەسیدەی جوان و شیعری جوانیان هەیە، بۆ نمونە (دڵشاد عەبدوڵڵا) لە شاعیرە ووردەکانە، ئەویش یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە شتە نهێنیەکان زۆر ئەگرێ، شتە پەنهانەکان ئەدۆزێتەوە، ئەزموونەکانی با بڵێن ئەو سێ کەسە لەیەک شوێنەوە هاتوون، بەڵام هەریەکەی رەنگ و ئاسۆو بیرکردنەوەی خۆی هەیە، هەڵبەتە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکیتر ئەگۆرێ، چونکە مەسەلەی شیعر بەتەنها ئەم شتانە نیە کە من باسیان ئەکەم، جۆری چێژ لێ وەرگرتنە، هی وا هەیە چێژ لەو شاعیرە وەرئەگرێ و چێژ لە شاعیرەکەی تر کەمتر وەرئەگرێت، مەسەلەکە شتێکی رێژەییە، بەڵام من ئەتوانم بڵێم ئەگەر چەند شاعیرێکی باشمان هەبێ، یەکێک لەو شاعیرە باشانە (کەریم دەشتی)یە.

****

## پەکەکەو ئۆجەلان

**شێرزاد هەینی: بەڵێ، با لە شیعر دوورکەوینەوە مامۆستا .نازانم پاش وازهێنانت لەوەزارەت، پاشان گەرایەوە ئەوروپاو دۆستایەتیت لەگەڵ (پەکەکە)و (میدیا تیڤی) و (پەرلەمانی دەرەوەی وڵات)و بەڵام نازانم پێش ئەو کاتە، تۆ لەگەڵ خەڵکی ئەو حزبە، هاموشۆو ناسیاویت هەبوو، چ قۆناخێک زیاتر لەگەڵیاندا تێکەڵ بوویت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ من هەر ئەوکاتە لە ساڵی 1994 بەرەو ژوورتر پێش ئەوەش هەر لە 1991 و92 ەوە کە هاتمەوە دەرەوە، چەند جارێ رێم کەوتۆتە (میدیا تیڤی )ەوە، بەڵام هاتوچۆی سیاسی نەبووە، بۆ نمونە هەندێ هاورێم هەبوون، کە ئێستاش هەر هاورێمن لەکۆنەوە لەوێ کاریان دەکرد وەکو (سیروان رەحیم)و (بەکر شوانی)، ئەمانەو من زۆرجار ئەچووم بۆ لایان، یەکەم تێکەڵاوبوونی زۆرم لە رێی تەلەڤزیۆنەکەوەبوو، خۆیان داوەتیان ئەکردم، ئەچووم لەوێ شیعرم ئەخوێندەوە.

**شێرزاد هەینی: دیارە ئەو تەلەڤزیۆنە لەو رۆژانە تاکە دەنگیش بوو، کە ببووە سەرچاوەیەکی میدیایی نوێ بۆ کوردانی هەر چوار پارچەکە.**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ، لەوێ شیعرەکانم تۆمارئەکردو بە جوانیش کارەکان دەکران، بۆ یەکەم جاربوو بەو شێوەیەو بە جوانیش تۆماربکرێن و شیعرەکانم بڵاو بکرێتەوەو بگاتە زۆر شوێن و جێگا، بێجگە لەمانە، لەلایەکی تریشەوە من لە سەرەتاوە بروام وابووەو تا ئێستاش بروام وایە، کە یەکێ لە خاڵە هەرە پۆزەتیڤەکانی

pkk ئەوەیە کە توانی رۆحی کورد بژیێنێتەوە، توانی سەرلەنوێ شتێک دروست بکاتەوە، کە کورد خۆی بەتایبەتی لە دەرەوەو چ لە ناوەوەشەوە چی تیدا نەمابوو، واتە پەکەکە هیچی نەبێ، بەسەر مێژوویی ئێمەوە ئەو چاکەیەی هەیە کە ئەو رۆحەی کوردایەتییەی، ئەو خۆ بە کورد زانینەو کوردبوونەی لەناو کوردا کە بەرەو لەبیرچوونەوە ئەڕۆیشت ژیاندنەوە، ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگە، بێگومان من ئەمەم بە شتی هەرە گرنگ زانیوە، لەوانەو لە کاتێکدا کە ئەوان کۆنگرەیان هەبوو، کۆنگرەی دەرەوە بێگومان داوایان لێکردم، من ببم بە ئەندامی کۆنگرە، منیش بووم بە ئەندامی کۆنگرەکەیان، بەڵام هەرگیز ئەندامی کاراو شتی وا نەبووم، بەڵام لە چەند کۆنگرەیەکیان ئامادەبووم، دیارە بەرانبەر بەکارە وەحشیەتیەکانی تورکیاش من هەمیشە، ئەبێ لایەنێک بگرم کە لایەنی میللەتەکەی خۆمە، چونکە لەوەدا پێمووایە لایەنی سێیەم نیە، لەو دوو بەرەیەدا من دیارە دەبێ لەگەڵ بەرەیەکدا بم، کە بەرەی میللەتەکەمە، دیارە شتم زۆرە لەرووی ئایدۆلۆژی و بیری پەکەکە، من شتم هەیەو هەرگیز وەک جووتبوونی بیرو خەتی سیاسی لەگەڵ ئەواندا یەک نەبووم و نەشبوومەتەوە یەکێک لەوان، بەڵام ئەو رۆژگارانە وابوو، با بڵێین خەباتی پەکەکە لە ناوەوەو لە دەرەوە، بە کێرڤێکی گەورە هەر لە بەرزبونەوە دابوو، ئێمەش ئەبوایە هەڵوێستێک، دەنگێکمان هەبوایەو هیچی تر، ئەگینا من لە رووی سیاسی و بیری سیاسییان، بێگومان دیارە من ئەوەشیانم پێ خۆش بوو، کە لەسەردەمێکدا، بەشی زۆری دروشمەکانیان نەتەوەییانەبوون، رەنگە ناواقیعیانەبوبن، بەڵام نەتەوەییانەبوون، من پێم خۆش بووە، ئەمەش درێژەی هەبوو، ئەم دۆستایەتیە ناڕاستەوخۆیە زۆری خایاند، من لە دوای کۆنگرە لە دوای دادگاکردنەکە، یا با بڵێین قسەکانی (عەبدولا ئۆجەلان)کە لە زینداندا کردی، من ئیتر ئەوم وەک سمبولێکی گەورە نەبینی و وازیشم لە ئەندامیەتی کۆنگرەکەیان هێنا.

**شێرزاد هەینی: پاش گیرانەکەی ئەو ئیستیقالەت کرد...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ، کە گیرا من یەکێک بووم لەو دەنگانەی یا با بڵێم یەکەم کەس بووم، کە لەڕێی پەخشانێکی شیعرییەوە بەشداریمکردو راستەوخۆ لە سلێمانیەوە بە تەلەفۆن شیعرەکەم بۆ خوێندنەوەو بڵاویشیان کردەوەو هەموو رۆژێکیش وا بزانم دە دوانزە جار لێیان ئەدایەوەو بڵاوئەکرایەوە، بەڵام لە دوای ئەو قسانە، تا ڕادەیەک بە جوانم نەزانی بۆ سەرکردەیەک، رەمزێک، سمبولێک ئەو قسانە بکات، ئەوەش من بە مافی خۆمی ئەزانم رەخنەی لێ بگرم، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە، کە من دوژمنایەتی (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) ئەکەم، یان دوژمنایەتی پەکەکە ئەکەم، نا...

ئێستاش لەو دواییە کە ئیمزایان کۆ ئەکردەوە بۆ مەسەلەی بەربوونی، من یەکێک بووم لەوانەی کە ئیمزام کردووە، ئەو مەسەلەیە جیایەو مەسەلەی تر جیاوازە، من لەناو ئەواندا دۆستایەتیم هەبووەو زۆر لە کەسیایەتیەکانیانم ناسیوە، لە ناو سەرکردایەتیان دۆستایەتیم لەگەڵیاندا هەبووەو دانیشتنم لەگەڵیاندا هەبووە، بێگومان پێمووایە کە ئەگەر ئەو نەگیرابووایە مەوعیدێکم هەبوو کاتێکی وا رێکخرابوو کە لەگەڵ (ئۆجەلان)دا یەکتر ببینین، جا لە ئەوروپا یان لە سوریا شوێنەکە دیاری نەکرابوو، بەڵام ئیتر ئەو رووداوەی بەسەردا هات. بێگومان لەوەو پێشیش، من لەساڵانی کۆنتردا لە سلێمانی بەشێک لەسەرکردایەتی ئەوان یەک دوو کەسایەتی ئەوانم لە نزیکەوە ناسیوە، چەند جارێکیش لەگەڵیان دانیشتوم.

لە وەختی کۆنگرە گرتنەکەش لە ئەوروپا، دیسان دیارە هەندێکیانم بەردەوام و زۆر دیوە، بەڵام من زۆر شتە سیاسیەکانم مەبەست نەبووە، بەراستی من کە لەگەڵیاندا دادەنیشتم، زۆر هانی ئەوەم ئەدان تەلەڤزیۆنەکە چۆن زیاتر گەشەی پێ بدەن! چۆن تەلەڤزیۆنێکی حزبی نەبێ، ببێ بە تەلەڤزیۆنێکی نەتەوەیی ... چۆن ئاگایان لە هەموو شێوە زاراوەو زمانەکانی تر بێت، واتە زۆربەی قسەکانم بۆ ئەو مەسەلانەبوو. هاوڕێیەکانم کە لەوێ کاریان دەکرد، ئەوانیش خۆ پەکەکە نەبوون، نە (سیروان رەحیم) و نە (بەکر شوانی)، و چەندین ساڵیس بوو لەوێ ئیشیان دەکرد بەبڕوای من لە ئێستاشدا پەکەکە ئەگەر بە هەڵەی خۆیدا بچێتەوە، ئەتوانێ ڕۆلی زۆر گەورەتر ببینێ و بێجگە لەوەش من لەکاتی خۆیدا نوسینێکم نووسی زۆر عاجزبوون، شتیشیان لەسەر نووسیم بەڵام گرنگ نیە، نوسینەکە وابزانم لە کوردستانی نوێدا بڵاوبۆوە، من رەخنەیەکم گرتبوو، بەڵام ئەبێ حزبیک ئەوەندە سنگی فراوان بێت رەخنە وەرگرێ، نەک هێرشم بکەنە سەر، هێرشێکی زۆر توندیان کردمە سەر، ئەویش ئەوەبوو ئەو وەختەی کە (لەیلا زانا) بەرببوو، هاتبووە دیاربەکرو خەڵکێکی یەکجار زۆر چووبوون بەپیریەوە یەکێک لە قسەکانی کە کردبووی وتبووی کلیلی چارەسەرەکان لای (عەبدولا ئۆجەلان)ە، منیش شتێکم نووسی تێدا ئەڵێم، دادە بۆ چارەسەرییەکە لەلای خۆت نەبێ، تۆ لەزیندان هاتوویتە دەرەوەو خەڵکێکی زۆریش بۆ پێشوازیت هاتوون، بۆ بەرنامەکە لەلای خۆت نەبێت، ئیتر تەنها ئەوەندە بوو قسەکەم، نوسینێکی کورت بوو بەڵام ئەتوانم بڵێم لەوەندە کۆ ئەبۆوە، ئیتر دوای ئەوە لەسەریان نوسیم.

**شێرزاد هەینی: لە کوێ لەسەریان نوسی...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** لە رۆژنامەکانی سلێمانی، وابزانم لە رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) بوو، نازانم یان لە بڵاوکراوەکانی خۆیان بوو، بەهەرحاڵ شوێنێک بوو، بە دیاریکراوی نازانم لە کوێ بوو، ئەوەی من لە کوردستانی نوێدا بوو، ئەوەم لەبیرە، بەڵام ئیتر من

وڵامم نەدانەوە، هەتا لەم دواییانە لەم شەڕانەی دوایی بێگومان من هەردەم لەگەڵ موقاوەمەتی میللەتەکەمم بەهەر ناوێکەوە بێت، من دوو سێ شیعرم بۆ هێرشەکانی ئەو دواییەی تورکیا نوسیوەو بڵاوکردەوەو یەکێکیان بەناوی (قەندیل) بوو، هەر لەرۆژانی هێرشەکاندا بڵاوبۆوە، یەکێکیتریان بەناوی (گورگە بۆرەکان) لە رۆژنامەی (رۆژنامە) بڵاوبوەوە، هەر لە هەمان ئەو رۆژانەدا، گرینگ ئەوە نیە، کێی لە پشتەوەیە، بەلای منەوە موقاوەمەتەکە گەورەیەو دەریشکەوت کەهەمیشە مەسەلەی ئایدۆلۆژیا کە توندوتیژبێت لەبیرکردنەوەو یان یەک رەنگی بێت، کە وابزانێ هەموو حەقیقەتەکان لەلای ئەوە، ئەوکەسەی کە حەقیقەتی لەلا نیە خۆی ئەمە لێرەوە کۆمەڵێ نەهامەتی دەست پێئەکات، من ئێستا گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی کە هەمیشە بیرکردنەوەی میانڕەوی و مامناوەندی بۆتە بیرکردنەوەی هەرە پۆزەتیڤی ئەم جیهانەی ئەمڕۆی ئێمە، واتە جۆرێک لە میانڕەوی لەبیرکردنەوەو بەڕاستی باوی ئایدۆلۆژیای شمولی نەماوە.

**شێرزاد هەینی: ئەو ماوەیەی کە هاموشۆت کردن لەگەڵیاندا بویت، سەردانی بەلژیکاو تەلەڤزیۆنت دەکردو دۆستایەتیت دەکردن، ماوەکە چەندی خایاند..؟ ئایا لەوێ دەنگی کوردستانی باکوورت دیتەوە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نا...نا من کە ئەچووم بۆ ئەوێ، نزیکەی هەموویانم ئەبینی، بێگومان بەتایبەتی کارمەندەکانیان، بەتایبەتی کارمەندەکانی تەلەڤزیۆنەکەیان، بۆ نموونە من کچەکانیانم ئەبینی و هەمیشە گاڵتەم لەگەڵیان دەکردن، پێم ئەوتن ئەنگۆ، لەگەڵ خۆشەویستی ئەڵێن چی..! عەشق چۆن ئەکەن..؟ لەوەدا ڕاشکاوانە بۆچوونەکانیان دەرنەئەبڕی، لەڕاستییەکان ڕایان ئەکرد، منیش ئەمووت دڵداری بکەن، ئێوە پێویستە بە دڵداری شوو بکەن، بێگومان شووکردن و ئەمانە پێمووایە، بەپێی پرەنسیبەکی ناوخۆی خۆیان نەبوو، ژنهێنان و شووکردنیان نەبوو، لە ستۆدیۆکە زۆرجاری وا هەبوو بەر لەشتێ تۆماربکەین، پێش بەرنامەکە وەختێکی زۆرت هەبوو، لەگەڵیاندا دائەنیشتی، بەیەکەوە قسەمان ئەکرد، هەموویان کەسی باش بوون، بەڵام من لەگەڵ ئەوان کاری سیاسیم نەبوو، پەیوەندییەکەمان هەر ئەوەندە بووە.

**شێرزاد هەینی: لەو ماوەیەی کوردی باکوور زیاتر تۆیان ناسی، دەنگی تۆیان ناسی!**

**شێرکۆ بێکەس:** بێگومان تەلەڤزیۆن ڕۆڵێکی گەورەی هەیە، بۆ ئەوەی کە تۆ زۆرتر بناسرێت.

**شێرزاد هەینی: هەستتکرد کە تۆ بەهۆی ئەو تەلەڤزیۆنەوە، بەهۆی ئەوانەوە لای کوردەکانی باکوور ناسرایت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەشێ، ئەوە یەکێک بووبێ لە هۆیەکانی ئەو ناسینە، چونکە مەسەلەی ئێمە کتێبمان ناچێتە ئەوێ، مەسەلەی ئەو حەرفانە، بۆ خوێندنەوەی ئەوان

نابێت، تەنانەت ئەوەی کە بە تەلەڤزیۆنیش بڵاوبۆوەو گەیشتبوە ئەوان، مانای ئەوە نیە ئەوان لە من گەیشتوون، بەڵام وا بزانم ئەبێتە هۆی دروستکردنی جۆرێک لە هاوهەستی لەگەڵ یەکتری، چ بەرانبەر بە شیعرەکان چ بەرانبەر بە مەبەستی تر... هەتا لەو سەفەرانەی دواییشدا بۆ دیاربەکر دەرکەوت کە ئەوان ئەو هەستەیان هەیە، چونکە من یەکێ لەپرسیارەکانم ئەوەبوو، وتم ئێوە چیم لێ تێئەگەن، من ئەوانەم خوێندەوە کە سەعاتێ زیاترو سەعات و نیوێک شیعرم بۆیان خوێندبۆوە، وتیان ئێمە بەوردی لە هەموو شتەکان ناگەین، بەڵام هەستمان لەلای تۆدایە، حەزدەکەین گوێت لێ بگرین، ئەگەر نیو سەعاتیکە، یان سەعاتێک کە بتخوێندبایەوە، ئێمە هەر گوێمان لێ ئەگرتی پێمان خۆش بووە، وەک ئەوەی بڵێی تۆ قسەی دڵی ئێمە ئەکەی.

**شێرزاد هەینی: ئەوانیش بەدڵنیاییەوە وەک حزبەکە وەک راگەیاندنەکە. سوودیان لە ناوی تۆ وەک (شێرکۆ بێکەس) وەرگرتووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** وەڵا ئیتر نازانم، ئەوە بۆ خۆیان ئەگەرێتەوە، چونکە من بەو نیازە نەچووم، ئەوانیش نازانم بەڵام ئەوان زیاتر پێمووایە هەمووڵایەک، بۆ شتێک ئەگەڕێ کە شتێکی لەدەور خۆیدا کۆکاتەوە، هەرچیەک بێت، من نە بۆ ئەو نیازە چووبوم، نە بەو نیازەش شیعرم نوسیوە، من لەلای خۆم هەندێ هەڵوێستم هەیە هەڵوێستی کوردستانین، مرۆڤ ئەبێ لەو رۆژگارانە دەنگی هەبێ قسەی هەبێت، چ بۆ باکووربێت، چ بۆ رۆژهەڵات بێت، چ بۆ رۆژئاوابێت، من لە دوای ڕاپەڕینەکەی (قامیشلی)دا، یەکێ لە قەسیدە درێژەکانم بۆ ئەوان نووسی، یان بۆ نمونە سەبارەت بە ڕووداوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە، سەبارەت بە تیرۆرکردنی (قاسملو)ەوە، یان (شەرەفکەندی)ەوە، لەمانە من بێدەنگ نەبووم، مرۆڤ ئەبێ قسەیەک بکات، بێگومان هەندێ دەنگی نارەزاییش هەبوون بەرانبەر ئەو شتانەوە، بەهۆی ئەوەی کە ئەوانە ناکەونە خانەی شیعرەوە، هەندێ جاریش وەک بڵێی ئەوانە شیعری موناسەبەتەو شیعری موناسەبەت، خەڵک ئارەزووی لەسەر نیەو ئەوان وا ئەڵێن، بەڵام من ئەڵێم بۆنە هەیە جوانە، بۆنە هەیە ناشرینە، بۆنە هەیە مرۆڤ ئەبێ بەردەوام لێی دوورکەوێتەوە، بەڵام بۆنەش هەیە هی هەمووومانە هی منە، هی تۆیە، هی ماڵەکەی منە، هی ماڵەکەی تۆیە، شاعیرمان هەیە هەموو شیعرەکانی بۆنەیە، بۆ نموونە (مەولەوی) هەر هەموو شیعرەکانی بۆنەیە، هەر هەمووی بۆ تەسەوف و فلان شێخ و... هتد، هەموی شیعری جوان و گەورە دەرچوون، هەتا دڵداری و عەشق و ئەمانە بەشێکن لە بۆنەکان، هەموو شتێک ئەگەر بگێردرێت، هەر ئەچێتەوە سەر بۆنە، بەڵام

بێگومان دیارە بۆنەیەک هەیە شەرمەزارییە، بۆنەی ناحەز بێ بەرانبەر بە شیعر خۆی، بۆنەی ناحەز بێ بەرانبەر بە هەستی میللەتێک، ئەوانە نا..

****

## شیعرەکان بە زمانانی بێگانە

**شێرزاد هەینی: دیسان دەروازەکەو دەرگاکە با بگۆڕین، دیارە مامۆستا شێرکۆ ئەو ماوە زۆربەی دیوانەکانت، شیعرەکانت بە زمانی تر بڵاو بوویتەوە، بێگومان ئەو دیوانانە هەر یەکی سەربوردەیەکی هەیە، حەزم لێیە باسی ئەوە بکەی چۆن ئەو دیوانانە وەرگێردران...؟چۆن گەیشتنەوە دەستی تۆ..؟ بۆ وەرگێردران..؟ ئایا ڕات چۆنە لەسەر شێوەی چاپەکەیان...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** هەموویان لەڕێگەی پردی پەیوەندی و دۆستایەتیو ئەمانەوە بووە.

**شێرزاد هەینی: بۆ نمونە یەکەم کتێبت، کە من لەلای تۆ دیتم، ئەو کتێبەی دانیمارکیە، وانیە؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بێگومان من لە دانیمارک کاک (مەسعود زیلان)م ناسی، کوردی باکوورە ئەو لەوێ لە دانیمارک دەژیت، یەکێکە لە دۆستە هەرە نزیکەکانم پێش ئەوە ئەمناسی و ئێستاش هەر دەیناسم، ئەو یەکێک بوو، لەوانەی کە ئەو کتێبەی بۆ تەرجەمە کردوومەتە سەر زمانی دانیمارکی، دوای ئەوە دانیمارک خۆشی لە ساڵانی کۆتاییدا داوەتیان کردووم، گەراوم بەناو دانیمارکداو چووین بۆ شارەکان، لەوێ شیعرمان خوێندۆتەوە، بێجگە لەوەش وا بزانم من لەوێش نەبووم جارێکی تر شیعرەکانم خوێندراوەتەوە.

**شێرزاد هەینی: ئەو شیعرەکانیان چۆن هەڵبژارد، (مەسعود زیلان) خۆی کارەکەی کردووە، گوڵبژێرەکە چۆن بوو..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** شیعرەکان هەلبژاردەیە، بەڵێ ئەو خۆی و منیشی ئاگادارکردەوە، بەڵێ نزیکەی هەموو دیوانەکان بەو جۆرە بوە، من هەندێ سەرگوزشتەی ئەوانەم لەبیر نەماوە، چۆن بووە و چۆن نەبووە.

**شێرزاد هەینی: یەک لەولایەنە گرنگانەی ئەمرۆ کە زۆرگرنگەو دەبێ هەشبێت، کە شیعرەکانت بە زمانی عەرەبی زۆر کاری لەسەر کرابێت، دیارە ئەوەی نیشانتدام تەنیا دوو کتێب بوو، کە کراوون بە زمانی عەرەبی...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من شەش کۆمەڵە شیعرم کراوە بە عەرەبی، ئەوانەش دیوان بە دیوان نەکراونەتە عەرەبی، لە دیوانەکانمدا هەمووی پارچە پارچە هەڵبژاردراون، تەنیا دووانیان تەرجەمەی تەواوکراون، وەک (دەربەندی پەپولە) ئەوە کاک (ئازاد بەرزنجی) کردوویەتی بە عەرەبی، لەگەل (ڕەنگدان) کە ئەویش کاک (شاهۆ سەعید) کردویەتی بە عەرەبی، ئەوەی دواییان لە بەیروت کراوەو لە (دار الاداب) چاپکراوە، ئێمە دەستنووسەکەمان بۆ ناردن، ئەوانیش لەسەر ئەرکی خۆیان چاپیان کردوە، دەزگاکەش هەندێ دانەیان لە دیوانەکە بۆ ناردووین.

**شێرزاد هەینی: ئەو کتێبانە تیراژیان چەند بوو...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بە خوا نازانم! ئەوان تیراژیان کەمە، هەتا شاعیرەکانی خۆیانیش دیوانەکانیان تیراژیان تەنیا لە نێوان 3000 و شتی وا دەبێت.

**شێرزاد هەینی: یەکێک لەو کتێبانە (سفر الروائح)..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** (سفر الروائح)، ئەوەی کە پێشەکیەکەی بۆ نوسیوە (نزیە ابو عفش) یەکێکە لە شاعیرە گەورەکانی عەرەب لە سوریا، بەلێ عەرەبە ئەوە وەختی خۆی لە شام ناسیم لە چایخانەی هاڤانا، ئەوم لەوێ ناسی.

**شێرزاد هەینی: دیارە لەو ماوەیەدا بەردەوام پەیوەندیتان لەگەل یەکتریدا مابوو؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ ، تا ئەو ساڵانەی دواییش، من کە چووبم بۆ شام، هەر پەیوەندیمان هەبووە.

**شێرزاد هەینی: یەکترتان دەبینی...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ، ئەو یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی ئەوێ.

**شێرزاد هەینی: توانیوتە بەو تەرجومانە دەنگی (شێرکۆ بێکەس) بە عەرەبی عیراقی تازەدا بناسێنیت، یان عەرەبی وڵاتانی تر...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** باشە، شتێک کراوە، بەڵام ئێستا ئێمە شتێکی تازەمان بەدەستەوەیە، شتە تازەکە ڕەنگە نەگاتە ماوەی مانگێکیترکە تەواو ببێت، با بڵێین لە هەموو ئەو وەرگێردراوانەی کە بووە تائێستا. لەگەڵ هەندێکی تازەتری، هەڵبژاردەیەک دەردەهێنین، نەک هەمووی، چونکە بەشێک لەوانەی کەچاپکراون بەراستی بەشێکیم هەر بەدڵ نیە، لەبارەی زمانە عەرەبیەکەی و شێوەی وەرگێرانەکانیشی.

**شێرزاد هەینی: بۆ خۆت سەرپەشتی ئەو کارانە دەکەیت..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ، تەقریبەن، خۆم سەرپەرشتییان ئەکەم، لەگەڵ یەک دوو برادەری تری وەک(محەمەد عفیف الحسینی) ئەویش هەر لێرەیە لە یوتوبۆری دەژیت، لەگەل (سامی ئیبراهیم داود) ئەو لە سلێمانییە. لە گەلەری سەردەم لەلای خۆمانە،کە ئیشی پیداچونەوەو ئەمانەی کردووە، ئەگینا شیعرەکان خۆی کرابوون بە

عەرەبی، بۆ نمونە ئێمە لەگەل (شاهۆ سەعید) دانیشتین، داوامان لێکرد کە خۆی کۆمەڵێکی باشمان بە دڵی خۆی لەو تەرجەمانە بۆ هەڵبژێرێت، هەروەها کاک (ئازاد) ئینجا ئێمە خۆمان لە شیعرە بچوکەکان، وامان لێکردوە ببێتە کۆمەڵێک، وابزانم ناوی (البخار الذهبی) لێنراوە، لە شێوەی(موختارات شعریە) ئەبێت.

**شێرزاد هەینی: ئەو ناوە بۆ... ناوی قەسیدەیەکە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نەخێر، هەر ئەو (محەمەد عفیف الحسینی)و ئەوان پێیان جوان بوو، (بوخارێکی ئاڵتونی) هەر ناوێکی زیاتر شیعریەو قەبارەکەی دەوری 380 لاپەرەی لێدەرئەچێت، بە کاغەزی باش ئەو کاغەزانەی دیوانەکانی (مەحمود دەروێش)ی پێ چاپکراوە... لەسەر بەرگەکەی بە دەستخەتی خۆی (سەلیم بەرەکات)یش وتەیەکی نوسیوە. جا ئەوە رەنگە لەوە ڕزگارمان بکات، کە دیوانیک قەبارەکەی 380 لاپەڕەیی بێت، هەموویان بەیەکەوە تێڕوانینێکی باش دەدات بە خوێنەری عەرەب کە ئەم شاعیرە چۆنە.

**شێرزاد هەینی: ئەگەر تیراژی زۆر بێت.. یان...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** مەرجیش نیە، خۆ ئەتوانن چاپی بکەنەوە، ئەوان ئەگەر بزانن وایە چاپی ئەکەنەوە، بەلای من گرنگ ئەوەیە لە پێشدا هەڵبژاردەیەک لە شاعیران و ئەدیبانی عەرەب ببینن، ئەوەیان گرنگە دووەمیش لە میدیاکان و ڕۆژنامەکاندا بایەخی پێ بدرێت.

**شێرزاد هەینی: ئەوە دەکاتە حەوتەمین یان شەشەمین کتێبی تۆ بە زمانی عەرەبی؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نا نا.... ئەوە جیایە، ئێمە لە هەموویان ئەوانەمان دەرهێناوە، لەگەل هەندێ لە پارچە شیعرە تازەکان، کە پێشتر نەکرابوون بە عەرەبی، بەڵێ شیعری نوێشی تێدایە، بەتایبەتی شیعرە بچوکەکان.

**شێرزاد هەینی: دیوانەکانی ترت ناویان چییە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەوانەی تر (ساعات من القصب) ئەوەیان لە (دار المدی) چاپکراوە، کاتی خۆی (سەعدی یوسف) پێشەکییەکەی بۆ نوسیوە، (نغمە حجریە) ئەوەش یەکێکی ترە کە (یاسین النصیر) پێشەکیەکەی بۆ نوسیوە. هەروەها سفرالروائح کە ئازاد بەرزنجی تەرجەمەی کردووە. اناء الاوان –رەنگدان کە شاهو سەعید کردویەتی بەعەرەبی هەروەها کۆچ، الرحیل کە فوئاد عەبدولرەحمان وەریگێراوە. بۆ ئەوانی تر لەسەر خەیال نیم.

**شێرزاد هەینی: ئەوەیان کێ وەریگێراوە سەر زمانی عەرەبی...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەو کارە لەلایەن چەند کەسێکەوە بووە، یەک کەس نییە، بۆ نمونە ساعات من القصب زۆری جەلال زەنگابادی کردوویەتی، ئەو بەرای من

یەکێکە لە باشترین تەرجومەکانی شیعری من، ئەو خۆشی ئەدیبەو عەرەبیەکەی باشەو لە من نزیک بووە.

**شێرزاد هەینی: ئەو دیارە کەوا کوردییەکەی چاکەو عەرەبیەکەشی زۆر باشەو خۆشی شاعیریشە، بۆیە کارەکەی زۆر باش دەبێت.**

**شێرکۆ بێکەس:** خراپ نیە، دیارە کەوا عەرەبیەکەی باشە.

**شێرزادهەینی:لەو کۆتاییانەشدا بایەخێکی زۆریش دراوە بەچاپی فارسی دیوانەکانت؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ، زۆر نزیکەی چوار، پێنج، شەش دیوان،نوسەرێکێش هەیە بەناوی(کەریم موجاویر)، هەر دیوانێکم دەردەچێت، یەکسەر ئەیکات بە فارسی.

**شێرزاد هەینی: ئەو کورە لە کوی دەژی، لە تارانە ..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەخوا نازانم لە تارانە، لە سەقزە، لە سنەیە، بێگومان پەیوەندیمان هەیە. هەروەها (رەئوف تەوەکولی) و (موحەمەد رەئوف مورادی) لەگەل (سەید عەلی سالحی)، ئەوەی دوایی یەکێکە لە شاعیرە گەورەکانی ئێران، ئەو خۆی فارسەو دۆستایەتیمان لەگەڵ یەکدا گەرمە.

**شێرزاد هەینی: فارسە! ئەی چۆن تەرجومەی کردوەو کوردی نازانی؟**

**شێرکۆ بێکەس:** چوم بۆ تاران لە تاران بینیوومەو داوەتی سلێمانی کراوە بۆ ڤیستیڤالی گەلاوێژ. نەخێر ئەو تەرجومەی نەکردووە، ئەو پیداچوونەوەی بۆ کردوە، بە فارسییەکەدا چوویتەوە، بەڵام (موحەمەد رەئوف مورادی) تەرجومەی کردووە لەگەل مەریوان هەلەبجەیی، ئەو مەریوان هەڵەبجەییە نا ...!

**شێرزاد هەینی: بەڵی دەزانم دوو مەریوان هەڵەبجەیی هەیە.**

**شێرکۆ بێکەس:** (مەریوان) لەگەڵ (رەئوف) تەرجومەیان کردوە، بەڵام (سەید عەلی) پێیداچۆتەوە، جا ئەبوایە ئەوان ئەوەیان لە بەرگی کتیبەکە روون کردبووایەوە، چونکە ئەوانیش گلەیان کرد، وتیان ئەبوایە وا نەبوایە، چونکە خەڵک ئێستا وا ئەزانی کە (سەید عەلی سالحی) تەرجومەی کردوە، بەلام لەراستیدا ئەوان تەرجومەیان کردوەو بەلام دارشتنەوەکەی لەلایەن (سەید عەلی سالحی) یەوە بوە.

**شێرزاد هەینی: چاپیشیان جوانەو بێگومان ئەوانە خوێنەریان زۆر دەبێت؟**

**شێرکۆ بیکەس:** بەڵی چاپیان جوانەو خوێنەریش لە ئیران هەیە، بێگومان کوردەکانی ئێرانیش باشن، چونکە راستەوخۆ بڵاوکراوەی ئێستایان دەگاتە دەست، بەتایبەتی ئەوانەی لەو سالآنەی دواییدا چاپ و چاپەمەنی کوردی زۆر دەچێتە رۆژهەلأتەوە، بێجگە لەوە حەماسەتیکی گەورە بۆ زمان و ئەدەبی کوردی لە رۆژهەلأتەوە هەیە، بەشێکی زۆریان لەلای خۆمان لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا کارئەکەن و جێگەیان دیارە، کتێب چاپ ئەکەن، ئێمەش وەک دەزگای سەردەم تا ئێستا

چەندین کتێبمان بۆ نوسەرەکانی ئەوێ چاپکردوەو هەروەها لە شوێنەکانی تریش، کتێبییان بۆ چاپ ئەکەن.

**شێرزاد هەینی: یەکێک لەو کتێبانە ئیتاڵیە بەلام نازانم کێ کردوویەتی بەئیتالی؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئیتالییە بەڵێ، بەناوی (هاوارێک بۆ ئازادی) بڵاوکرایەوە، ئەوەی تەرجومەی کردوە، ناوی (خەبات)ە،کورێکە ئێستاش هەر لەوێیە لە ئیتالیایە، ئەو کورە لەوێ دەیخویندو ئەو ناوە هی خۆی نیە، ئەو خۆی ئەو ناوەی بۆ دیوانە ئیتالییەکە داناوە، ئەوبرادەرە مەلا.. یان پێئەوت، ئێمە لەناو خۆماندا هەر مەلامان پێئەوت، ناوی (طارق)ە کوردی خۆمانەو خەلکی کەرکوکە.

**شێرزاد هەینی: ئەوەی پێشەکیشی بۆ نوسیوە، ناوی لاورایە..؟**

**شێرکۆ بیکەس:** (لاورا) بەلێ زۆر ناسراوە، ئەو دوو، سێ کتێبی بە زمانی ئیتالی لەسەر من هەیە، (لاورا) ژنێکی ژۆرنالیستەو لە شەستەکانی تەمەنیدایە، من لە ئیتالیا دیومەو لەگەلی دانیشتوم، بێجگە لەوە دوو سێ جار چومەتە ئیتالیا لەوێ دیومە بەداخەوە ئەو کتێبانەم لەبەر دەستدا نییە، ئەگەرنا کتێبی لەسەر من هەیە، تۆ ئەتوانی لە ڕێی ئەنتەرنێتەوە بەدوای بگەڕێیت، بە ناوی (لاورا شرادەر)، ڕۆژنامەنوسێکەو بایەخێکی زۆری دابوو بە شیعرەکانی من. ئەگەر بە ئینتەرنیت بیدۆزیتەوە ناوی هەتا کتێبەکانیش ئەتوانی دەربهێنیت.

**شێرزاد هەینی: تۆ کتێبە ئیتاڵیەکانیت هەیە..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من کتێبەکانم هەیە بەڵێ، بەڵام لە سلێمانییە، ئەو خۆی بۆی ناردبوم، نەک تەنها لەسەر من شتی هەیە، لەسەر کوردیش نووسینی هەیە.

**شێرزاد هەینی: کێ یارمەتی چاپەکانی داوە، کاری باشی کردووە....؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نازانم وەلا هەر خۆی، چونکە خۆی ڕۆژنامەنوسێکی بەناوبانگە.

**شێرزاد هەینی: سەردانی کوردستانی نەکردوە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** دۆستایەتی هەیە لەگەل کوردو مەسەلەی کورد، نازانم بەتەواوی لەسەر خەیاڵ نیم، بەڵام من لە کوردستان نەمدیوە، ئیتر نازانم ئەگەر خۆی هاتبێت.

**شێرزاد هەینی: دیارە تۆ لە سوید دەژی وەک کوردێک لە سوید خەڵات کراوی، لێرە ژیاویت و ڕەگەزنامەی سویدیشت هەیە، بۆ تەنها هەر دوو کتێبت تەرجومەی زمانی سوێدی کراوە..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ، تەنها ئەو دوو کارە کراوە.

**شێرزاد هەینی: کەواتە شتی نوێت نیە؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نەخێر.

**شێرزاد هەینی: ئەوەی یەکەمیان (خەبات عارف) کردبووی...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەوە یەکەمیان نییە، ئەوە دووەمیانە، یەکەمیان بە ناوی (ئاوێنە بچوکەکان )بوو، (عومەر شێخ موس)ە، هەندێ کەسی سویدی یارمەتیان داوەو ئەوەی پیشەکیەکەی بۆ نوسیوە (لارش باکسترۆم)ە، ئەویش یەکێکە لە ئەدیب و شاعیرەکانی ناسراوی سویدو لە ساڵی 1989 چاپکراوە، ئەوی دوەمیشیان کاک (خەبات عارف) بە ناوی(کۆچ) دەریکردووە، بەڵام لە سویدییەکە ناومان ناوە (کۆچی سوور).

***

(نامەیەکم بۆ خەبات عارف نارد، پرسیم، ئەو دیوانە بە سویدی چۆن چاپکرا، چۆن کاری وەرگێرانەکەی کرا، ئەویش بەو نامەیە وڵامی دامەوە، دەقی نامەکە بڵاودەکەمەوە.

**شێرزاد هەینی.**

***

### نامەکەی خەبات عارف

(لەگەڵ سڵاو و ڕێزمدا بۆ تۆ کاکە شێرزاد، گێڕانەوەی چۆنێتیی وەرگێڕانی شیعری (کۆچ)ی کاک شێرکۆ بێکەس زیاتری بە بەرەوە هەیە، بەڵام، لەسەر داوای خۆت، دەکرێت کورتەی گێڕانەوەکە ئەمە بێت: هەڵبژاردنی ئەو شیعرە بۆ وەرگێڕان لە لای منەوە بەر لە هەر شتێک دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی من ئێستایش پێم وایە کۆچ یەکێکە لەو شیعرە ناوازانەی کە دەتوانێت ـ سەرباری هەر هەڵەوپەڵە و کەموکوورییەک کە دواتر لە کاتی وەرگێڕانیدا لێم دەرکەوتن ـ سەرەتایەکی چاک بێت بۆ ناساندنی شیعری هاوچەرخی کوردی بە سویدییەکان. بێجگە لەمە، هەڵبژاردنەکە پەیوەندی بە ڕۆژگارێکی تایبەتەوە هەیە کە من کۆچ ـ و پیشتریش کاک شێرکۆ بێکەس خۆیم ـ تێدا ناسی، ئەوسا زۆر جیاواز بوو، وەک دەڵێن دنیا دنیایەکی تر بوو، چونکە

سەرباری ئەوەیش کە جیاوازییەکی بنەڕەتی لە بیرکردنەوە و بیروڕا و بۆچوونەکانماندا هەبوو، بەڵام پەیوەندییەکی هاوڕێیانەی پڕ لە ڕێز و یەکترخۆشویستنیش لەنێوانماندا هەبوو، کە تا ئێستایش جوانییەکانی خۆی هەر نەبێت لە یادەوەریی مندا لە دەست نەداوە، ئەمە بە تایبەتی و بە گشتیش ئەو ڕۆژگارە، دووربا و دوور لە ئەمڕۆ، پیرۆزییەکی لای زۆربەمان و بە دڵنیاییەوە لای من و لای کاک شێرکۆیش بە جێ هێشتووە کە دەتوانێت خۆی لە وشەکانی لەڕووداوەستان و بەرەنگاربوونەوە و یاخبووندا ببینێتەوە. ئێمە ئەوسا زۆر جیاواز بووینو تا ئێستایش زۆرجاران بە دیار هەرچییەکی دەتەوێت و پێت خۆشە و هی ئەو ڕۆژگارەیە تاس دەمباتەوە! دەمەوێت بڵێم هەڵبژاردنی کۆچ لەنێو سەرجەمی شیعرەکانی کاک شێرکۆدا دەربڕی ئەم هەست و نەستانەیش بوو لای من، نەک هەر تەنیا دەگمەنی و ناوازەیی شیعرەکە خۆی.

بەهەرحاڵ، دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر و زەحمەتییەکی زۆرتریش، شیعرەکەم، هەر چۆنێک بێت، بە سویدی، ئامادە کرد. بۆ ئەوەی چاکتریش بێت، سەرەتا پێشانی یەک دوو نووسەری سویدیم دا و ئەوانیش بەپێی توانای خۆیان ڕێنوێنییان کردم بۆ هەندێک گۆڕانکاری و دوای ئەمەیش بۆ بیرازکردنی سویدییەکەی و بە پێشنیازی (سون ئەکسلسۆن) کە خۆی پێشەکی بۆ شیعرەکە نووسیوە و شاعیرێکی دیار و بەناوبانگی سویدیشە، ناردم بۆ (لاش هۆڵگەر هۆڵم)ی زمانزان و شارەزای کونوکەلەبەرەکانی زمانی سویدی و دەرئەنجام ئەوەی لێ دەرچوو کە لێی دەرچوو. بەڵام سەیر ئەوەیە کە هیچ شتێک لەم گشت هەوڵ و ماندووبوونەمان، نە هیی من و نە هیی ئەوانیش، سەوز نەبوو! هیچ دەستگایەکی گەورە یان تەنانەت ناوەندیی چاپ و بڵاوکردنەوە، ئەگەرچی کاک شێرکۆ بێکەس ئەوسا لەم سویدەدا ناو و ناوبانگێکی باشیشی هەبوو و ئەو کەسانەیشمان لە پشت بوون کە ناویانم هێناوە، ئامادە نەبوو شیعرەکە چاپ بکات، هۆکاری سەرەکیشیان ئەوە بوو کە گوایا شیعر چاپ ناکەن. چەند ڕاست، چەند درۆ، خۆیان و خواکەی نێو دڵی خۆیان! بەڵام من تا ئەمڕۆیش ئەمەم لێ ڕوون نەبووەتەوە. تۆ بزانە لە چ دنیایەکی سەیردا دەژین ئێمە، تۆیش دەزانیت و منیش و لای کەسیش شاراوە نییە کە ئەمڕۆ ئەوانە کەم نین کە بە سویدییەکی شەقوشڕ و خەڕەکەشکاوەوە شیعر و ڕۆمانان دەنووسن و بۆیشیان بڵاو دەکریتەوە و دەنگ و ڕەنگێکیشان پێ پەیدا کردووە. بە هەر حاڵ! دوایی ئەم هەوڵ و خەریکبوونە بەوە گەیشت کە بە ناچاری ڕووم لە کاک (عەلی چفتچی)ی خاوەنی بنکەی چاپ و وەشانی (ئاپیک) نا و ئەویش،

وەکو هەر کاتێکی دیکەی، گورج و گۆڵ و پڕ بە دڵ، بە دەنگمەوە هات و لەسەر ئەرکی خۆی شیعرەکەی چاپ کرد و پێشم وایە چاک بڵاو بووەوە و بۆ زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارە ئەدەبییەکانیشی ناردبوو، کەچی، هێندەی من لێی ئاگادار بم، کەسێک ئاوڕی لێ نەدایەوە و نە بە باش نە بە خراپ، لەسەری نەنووسرا و گشت دەمەکان لە ئاستیدا بەستران.

ئەمە بوو کورتەی گێڕانەوەکە کاکە شێرزاد، بەو هیوای ئەوەی غەدرم لە کەس نەکردبێت!).

دیسان سڵاو و ڕێزم بۆ تۆ

خەبات عارف

2008/7/11

***

(بۆ ئەوەی لەسەر دوو لایەنی پەیوەندی (شێرکۆ بێکەس)و (عومەر شێخ مووس) زانیاری وەرگرین، بە هۆی هاوڕێی نووسەرو ڕۆژنامەنووسم (نەوزاد عەلی ئەحمەد) دیمانەیەکی لەگەڵ (عومەر شێخ مووس) بۆ سازکردم، ئەو بەڵێنی دابوو، بەڵام بە مەرجی ئێمە هەردووکمان داوەتی ئەو ببین، لە ڕێسورانتەکانی سەرەوەی کولتوور هوست، ئەگەر ڕۆژەکە خۆش بێت لە سەربانەکەی سەری سەرەوە نانێک بخۆین و قسەمان بۆ بکات. لە کاتی دیارکراوەو لەسەر سەربانەکە، وڵامی دوو پرسیارەکەی منی دایەوە، یەکەمیان سەبارەت بە ڕۆلی ئەو لە دەستنیشانکردنی ئەو بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکەی توخۆلسکی و ڤیزاکەی هاتنی ئەو بۆ سوید، ئەو وتی: بۆ خەڵاتەکە، ڕەحمەتی ( محمد ئوزون) لە پێن کلوپی سوید ئەندام بوو، هات وتی کلوپەکەمان بڕیاری داوە خەڵاتەکەی ئیمساڵ بداتە کوردێک، تۆ هاوکاریم بکە لە دەستنیشانکردنی یەکێک، من ئەوانەم بۆ دەستنیشانکرد، (برایم ئەحمەد، شێرکۆ بێکەس، عەبدولا پەشێو، ناڵەی حفید، محمد قازی)، مەرجەکانی ئەوان تەمەن دەوری هەبوو، لەکوێ ئەژیت، چالاکییەکانی چییە، مێژووی خەباتی ئەو کەسە چۆنە، چەند ساڵە لە وڵاتەکەی دەرچووەو بواری گەڕانەوەی هەیە، یان ناتوانێ بگەڕێتەوە، ڕەوشی ئێستای چۆنە، ئەوانەو چەند تروانینی ئەدەبیش ڕەچاوکراوەو سویدییەکان بڕیاریاندا، خەڵاتەکەی ئەو ساڵە بدەنە (شێرکۆ بێکەس)، پێش ئەوەی بڕیارەکە دەربچێت، من هیچم نەوتبوو، کە زانرا خەڵاتەکە بەر ئەو دەکەوێت، ئەو لە سوریابوو، پاشان هاتە ئیتالیا، من ئاگادارم کردەوەو بۆ ڤیزاکەی کارمکرد، ئەویش کە

هاته سوید، کاری زۆرمان کرد کە سەرۆک وەزیران و کەسایەتی زۆری سویدی و کوردی لە مەراسیمی دابەشکردنی خەڵاتەکە بەشداربن، واش بوو، سەرۆک وەزیران و وەزیری فەرهەنگیش ئامادەبوو.

یەکەم کۆمەڵە شیعری ئەوم بە هاوکاری ( ئاگنێتا شێخمووسی هاوسەرم و لێنا هاگێرمان، ئیریک ئۆلسۆن)، کە لەوانە کیژێکی زۆر جوانیش بوو، وەک ئاسایی خۆی شێرکۆ بە جوانی ئەوکیژەش زۆر لێدرابوو، بە ناوی پەنچەرە بچووکەکان کردە سویدی، لە خانەی کوردستان، حنفی جلیبی چاپکرا، ئەویش بۆ خۆشەویستی ئەدەبی کوردی کارەکەی کرد،، کە دیوانەکە بە سویدی دەرچوو، لە 15ی ئوگسستی ساڵی 1987 (محمد ئوزون) لە رۆژنامەی داگیس نیوهێتر لەسەری نووسی، هەروەها لە سڤێنسکا داگبلادیت لەلایەن ( زیلکیت کاڵی) لەسەری نووسی، کتێبەکە لەلایەن پروفیسۆری ئەدەبی سویدی ( لارش باکسترۆم) دارشتنەوەی بۆ کردبووم. من لێم پرسی، بۆ تۆ ئەو کارەت بۆ ( شێرکۆ بێکەس) کردووە، رەچاوی ئەوەی کراوە، کەوا ئەو لە یەکێتی نیشتیمانی نزیک بووە، ئەو لە وڵامدا وتی:

من لە ساڵانی شێستەکانەوە شیعرەکانی ئەوم ناسیوە، من شیعری (گۆران)و (فەرهاد شاکەلی)یشم کردووە بە سویدی. من لە هاتنی (سەلیم بەرەکات)و مانەوەی لە کۆمۆنی ستۆکهۆلم رۆلم هەبووە، ئەو داوەتەکەی بۆ یەک ساڵ بوو، دەبووایە لەو وڵاتە دەربچێت، من کۆششم کردووە، بۆ مانەوەی لە سوید).

****

**شێرزاد هەینی: دیارە سویدیەکی شارەزاو مامۆستاش، بە سویدیەکەی داچوویتەوە. دیارە ئەو کتێبەی تر کە لەبەر دەستمانە بە فەرەنسییە، ئەو کتێبە کێ تەرجمەی کردووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** فەرەنسیەکە کاک (کەمال مستەفا) تەرجومەی کردووە، لە دارلامەتان چاپکراوە، پێشەکیەکەی (جیلفیک) نوسیویەتی، ئەو یەکێکە لە شاعیرە گەورەکانی فەرەنسا، ئێستاش لە ژیاندا ماوە، ئەو کتێبە لە پاریس لە سالی 1995 چاپکراوە.

**شێرزادهەینی: هیچی ترت بەزمانی فەرەنسی نییە، ئەوەی کەتائێستا تۆ ئاگاداربیت؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نا... نەخێر بەفەرەنسی هەر ئەوەیە.

**شێرزاد هەینی: ئەدی بە زمانی ئەلمانی...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بە زمانی ئەلمانیش هەر ئەو کۆمەڵەیە، ئەویش (شێروان میرزا) کردوویەتی، ژنەکەی دکتۆرای هەیە لە ئەدەبی ئەلمانی خۆی (شیروان) برای نەسرینی خێزانمە. ئەوخۆی پزیشکەو ماوەیەکی دورو درێژە لە ئەلمانیا دەژیت، ژنەکەشی خەڵکی ئەلمانیایەو ئەدەبیاتی تەواوکردووە، ئەو کتێبە بە ئەلمانی زۆرترین شتی لەسەر نوسراوە،

**شێرزاد هەینی: ناوی دیوانەکە بە کوردی چیە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەوان خۆیان ناوێکیان بۆ هەلبژاردبوو، ناوەکەی بە کوردی (چەپکێ گوڵ لە نهێنی شەوا) بوو، لە سالی 1993 لە ئەلمانیا چاپکراوە، کاتی خۆی ئەو شتەی لە سەر نوسراوە، لە رۆژنامەکانی ئەلمانیا هەر یەکەو دانەیەکیان بۆ ناردوومەتەوە، هەتا قسەی خوێنەران لەسەر دیارە، راپرسی و شتی وایان لەسەری کردوە، یان جۆرێک لە دەنگ وەرگرتنی خەلکی لەسەرکراوە. ئەوانەشی بۆ ناردومەتەوە، پێمووایە یەک دوو بەرگی لەو گۆڤارانە لەبەر دەستن بە ئەلمانیە شیعرەکان باش کراون بە ئەلمانی.

**شێرزاد هەینی: دیارە ئەو کتێبانەی کە لەلام بون، یەکێکیان لەوانە هەنگاریە؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ ئەو هەنگاریە. ئەوەیان (دیاری مەجید) کردویەتی بە هەنگاری، ئەویش برای کاک (دانای ئەحمەد مەجید)ە، خوێندنی لەوێ تەواوکردوە، لەوێ یەکترمان بینی گوتی من حەزدەکەم ئەو شیعرانە بکەین بە مەجەری، وتم زۆر باشە بچێتە هەر زمانێکەوە، ئەوە بوو ماوەیەکی باش خەریکی بوو، بەلام ئیتر نازانم لێرە کێ پێشەکی بۆ نوسیوە.

**شێرزاد هەینی: بە ئینگلیزی وا بزانم هەر ئەو کتێبە هەیە..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەلی بە ئینگلیزی هەر ئەوەیە، ئەویش کاک (رێبوار) لەگەڵ ژنەکەی کە لە ئوسترالیان تەرجمەیان کردووە، (رێبوار) و (ئاشتی) ژنی هەر ئەوانیش چاپیان کردوە.

**شێرزاد هەینی: یەکێک لەو کتێبانە (سیروان رەحیم) کردوویەتی بەپیتی لاتینی؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ بە لاتینیە، بێجگە لەوەش سیروان کۆمەڵێ شیعری تری کردووە بە کوردی کرمانجی، لە ئاستنبۆل چاپ بووەو (عەبدوللا کەستین) ئەوان بە چاپیان گەیاندووە ،لە دەزگای ئاڤێستا کە دەزگایەکی کوردی بەناوبانگە لە ئەستنبۆل، ئەگەر سەردانی ئەو دەزگایە بکەیت، دەبینی کتێبی چاک چاکیان هەیە، ئێستا رەنگە پرۆژەی ترمان لە نێواندا هەبێت، بێجگە لەوەش بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک لە شتەکانم بە بەرگی جوان، بە تورکی و بە کرمانجی و بە پیتی لاتینیش لە ئاستنبۆل چاپکراوە. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بدەم کە سیروان رەحیم بەهاوکاری چەند

نووسەریکی ئەڵمانی کۆمەلە شیعرێکی تەرجەمەی ئەڵمانی کردووە بەڵام هێشتا چاپنەبوون و بڵاونەبوونەتەوە.

**شێرزاد هەینی: واتە دەتوانین بڵێین ئەو کتێبەی سیروان رەحیم بە یەکەم کتێب دابنرێت کە لە ئاستنبۆل چاپکراوە..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نا پێشتر دیارە کتێبی ترم هەبوە، بەلام دیارە لە دەزگای ئاڤێستا نەبووە بەڵکو لەلایەنی تر چاپکراوە.

**شێرزاد هەینی: بە تورکی کتێبت هەیە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ دیارە شتێکی بچوک هەیە، کتێبێکە بەقەد ئەوە دەبێ، بەڵام ناڵێم ئێستا لەگەڵ دەزگای ئاڤێستا پرۆژەیەکمان بە دەستەوەیە، رەنگە دیوانی (کورسی) تێدابێت، ئینجا هەڵبژاردەیەکی زۆر لە شیعرەکانم بۆ ئەوەی ببێ بە دوو کتێبی گەورەی من بە تورکی، ئەوە کورێک هەیە نووسەرو وەرگێرە بە ناوی (وەسمان موحەممەد) کە خۆی خەلکی باکورە، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆی لە سلێمانی دادەنیشێت و کوردیەکی سۆرانی باش ئەزانێ، لەهەمان کاتیشدا تورکییەکی زۆر باشیش ئەزانێ، ئەو کارانە ئەو ئەنجامی ئەدات.

****

## زمانی عەرەبی

**شێرزاد هەینی: مامۆستا بچینە سەرئەوەی کە دیارە خەلفیەت و باکگراوندی و خوێندنەوەی ئێمە بە زمانی عەرەبی بوە، لەگەڵ ئەدەب و جیهانی عەرەبی زۆر نزیکین، تام و سوودێکی زۆریشمان لێ وەرگرتوە، شێرکۆ بێکەس لەگەل ئەدەبی عەرەبی و ئەدیبە عەرەبەکان چۆنە...؟بێجگە لەوەش دیارە لەگەل شاعیرە عەرەبەکان مێژویەکی دوورو درێژت هەیە..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بۆ ئێمە لەدوای زمانی کوردی زمانی عەرەبی دێت، بۆ ئێمە تاکە سەرچاوە بووە، چونکە من هەر زمانی عەرەبی دەزانم، ئەو رۆیشتنی کە لە پێشەوە باسمان کرد لە سلێمانیەوە بۆ بەغدا، ئەو کرانەوەیە، لە شارێکی بچوکەوە بۆ شارێکی گەورە، بۆ پایتەختێک کە بزوتنەوەی ئەدەبی و رۆشنبیری و شانۆو رۆژنامەو گۆڤارو شاری شاعیران، شاری (حسەین مەردان)و دەیانی کەی تێدا گەورەبوە، لەوێ با بلێین کۆتایی شەستەکان بوو، ئێمە عەرەبیمان باش نەئەزانی، لە ناوەراستی شەستەکان بوو،

ئینجا وورده وورده خۆمان فێری عەرەبی کرد، بەڵام بە هەولی خۆمان، خۆمان فێری زمانی عەرەبی کردووە، بە خوێندنەوەی کتێب و گۆڤارەکان فێری زمانی عەرەبی بوین، بە خوێندنەوەی سەرەتایی، لە (جوبران خەلیل جوبران)و (ماجدۆلین)و (زەیات)و (اجنحه متكسره )و شیعری شاعیرانی عیراق و مەهجەرو ئەبوقاسم الشابی و نزار قەبانی و... دیارە ئێمە قۆناغێک دوای ئەوە دەستمان بە خوێندنەوەی (السیاب)کرد یان (عەبدولوەهاب بەییاتی)، ئەوانە لەو شاعیرانە بون کە ئێمە لەو قۆناغە خوێندمانەتەوە، دوای ئەوە تێکەڵاوبون دروستبوو، ئەوسا لەوێ بەتایبەتی لە سەرەتای حەفتاکاندا ( اتحاد الادباء ) بارەگای تایبەتی خۆیان هەبوو ئێمە بەردەوام سەردانمان کردووە، لەوێ رۆژێک لە هەفتەیەکدا نازانم چوارشەمەبوو کۆڕیان دەکرد، ئێمە دەچووین بۆ کۆڕەکانیان زۆر سوودمان لەو کۆڕانە ئەبینی، دوای ئەوە نەک هەرکۆڕەکان ئەوە بۆ نمونە، لە سینەما لە نمایشی فیلمی چاک سوودێکی زۆرمان دەبینی، دەروازەیەکی رۆشنبیری گەورەبوو هەروەها بینینی شانۆنامەکانی، تیپی (الفن الحدیث) و(60 کرسی)، تێکەڵاوبووین بە هونەر و هونەرمەندەکان، من زوو زوو ئەچووم بۆ هونەرە جوانەکان، لەوێ رەفیقم هەبوو، لەوێ خەڵکم زۆر دەبینی، بەتایبەتی لە چایخانەکانی (حەسەن عەجمی) و (پەرلەمان)و هەروەها بارەکانی (ئەبو نەواس)و کەم بار ماوە نەمبینی. ئیتر تێکەڵاویشمان زیاتر لەگەڵ ئەو ئەدیبانەبوون، ئێمە خۆمان حەزمان پێی دەکرد، من لەوێ لە باخچەکانی یەکێتی شاعیران (حسب شێخ جەعفەر)م ناسی، هەروەها (سەعدی یوسف)م لەوێ ناسی، هەتا ئەو وەختەی کە یەکترمان بینی، من لە بەغدادیە بووم، یەکەمجار ئەو پێی وتم، تۆ ئەزانی (بەغدادی) گوندێکە لە رووسیا، لەوێ مایکۆفسکی تێدا لەدایک بووە، دیارە لەوێش گوندێک هەیە بە ناوی بەغدادی.

**شێرزاد هەینی: پەیوەندیت لەگەڵی ماوە..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من ماوەی چەند ساڵێکە نەمدیوە.

**شیرزاد هەینی: لە پاش راپەرین لەهەولێر بوو...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ، لە هەولێربوو، لە سلێمانی بووە، زۆر هاتوچۆی سلێمانی و هەولێری دەکرد، کۆمەڵی وتاری جوانی نوسی، لەو کاتانەدا، بێگومان دوایی مەسەلەی هاتنی ئەمریکاو ئەمانە، ئێستا بە جۆرێکی تر ئەنوسی و توندیشە، دیارە من بە خۆم پێم ناخۆشە، بەڵام ئیتر ئەوە بۆچوونی خۆیەتی و ئەو ئازادە لە نووسینەکانیدا.

**شێرزاد هەینی: نامەی ئەویشت هەیە..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نا نامە نا چونکە ئێمە زۆرتر لە لەندەن یەکترمان دەبینی، کە ئەچووم بۆ لەندەن لەو ساڵانەی دواییدا، بێجگە لە کوردستان، لە لەندەن یەکترمان دەبینی، یەکێک لەو کۆڕانەی کە لە هۆلی کوفە لە لەندەن بۆیان گرتم، بە کوردی و

به عەرەبی، تێدا شیعرم تێدا خوێندەوە، لەوێ (سەعدی یوسف) کۆڕەکەی بۆ گرتم و منی بە ئامادەبووان پێشکەشکرد، هەروەها لەگەل (فەوزی کەریم) پەیوەندیەکی باشمان هەیە.

**شێرزاد هەینی: زیاتر لەگەل چەپەکان پەیوەندیت و دۆستایەتیت هەیە..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** (یاسین النصیر) و (فازل سامر)و ئەمانە وەختی خۆی لە بەغدا جگە لەوەی لەو ڤیستیڤال و ئەوانەی گەلاوێژ دەهاتنەوە بۆ سلێمانی یەکتریمان بینیەوەو من پەیوەندیم لەگەڵ زۆربەیان باشە، (یاسین نەصیر) لە هەموویان زیاتر، ئێستا ئەو لە هولەندا ئەژی (یاسین) یەکێکە لە رەخنەگرە باشەکان. ئەو پێشەکی بۆ ئەو کۆمەڵە شیعرەم نوسیوەو یەک دوو جاریش لە رۆژنامەی (الحیاة)دا لەسەری نوسیوم، هەروەها (فاتیمە المحسن) کە عێراقیەو ژنی (د. فالح عەبدولجەبار)ە ئەویش رەخنەگرە.

**شێرزاد هەینی: ئەو شاعیرانەو شیعرەکانیان رەنگدانەوەو بۆچوونت لە شیعرەکانی (سەعدی یوسف)و ئەوانە، شتی جوانت لێیان دۆزیتەوە..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەوانە نا شاعیرنین رەخنەگرن، بەڵام (سەعدی یوسف) بێگومان ئەو شاعیرە، مرۆڤ ئەگەر بە پەنجەی دەست شاعیری عەرەب بژمێرێت، سەعدی یوسف یەکێکە لەوانە.. با بلێین ئەمە (ئەدۆنیس)ە،ئەوە (مەحمود دەروێش)ە، ئەوە (سەعدی یۆسف)ە، لەگەڵ ئەوانەدا ناوی دەژمێردرێت، هەروەها لە لوبنانیش کۆمەڵێ شاعیر بون بە هاورێم، بەتایبەتی لە هەموویان دیارتر (شوقی بزیع) ئەو شاعیرێکی لوبنانیەو شاعێرێکی باشەو دوو جار لەسەر شیعرەکانی منی نوسیووە، ئەوانەی کە کراون بە عەرەبی، دواجار کە (کورسی)کرا بە عەرەبی، هەرچەندە من تەرجومەکەیم بە دڵ نیە، بەڵام ئەو خۆی پەیدای کردوە، من دیوانی (کورسی)م بۆ ئەو نەناردووە. دیارە خۆی دەستی کەوتووەو جا شتێکی نوسیبوو، وتارەکە ناوی وابوو، ئەو کتێبانەی لەو هاوینە ئەو خوێندیەتیەوە، رێپۆرتاژەکە وا بوو، بێگومان لە رۆژنامەکانی سوریاو ئەمانە باس نەکراوەو هیچیان لەسەر نەنوسراوە، ئەوە هەر قەدەغە بوو، من لەبیرمە لە پێش چەند ساڵێک (فەخری کەریم)و ئەوان لە دیمەشق کە ڤیستیڤالی (دار المدی)کرا منیشیان داوەتکردبوو، تەنها شاعیرەکوردەکان و شتی کوردی لە ریکلامەکاندا ناویان نەبوو، بۆ نمونە کە من چووم بۆ ئەوێ یەک دونیا پۆستەری (مەحمود دەروێش)و فلان و فیسار هەبوو... بەڵام من هیچی خۆمم نەبینی، نەک بەشداری بەڵکو هەر لە بەرنامەکەشدا ناوم نەبوو، رۆژێک بەر لە تەواو بونی هەر لەناو هۆلەکەوە، وتیان سبەینێ لێرە فلان شاعیر...

**شێرزاد هەینی: کەواتە ریکلامت بۆ نەکرابوو، کە تۆ داوەتیش کرابووی؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ من بۆ ئەوە داوەتکرابووم کە شیعر بخوێنمەوە، بێجگە لەوەش ئەوکارانە هەمووی بە راستەوخۆ لە تەلەڤزیۆن پەخش دەکرا، تەنیا ئەوەی من پەخش نەکرا، لە ناو هۆلەکەوە من شیعرەکانم بێگومان بەبێ موبالەغە چونکە کوردەکانی شام زانیبوویان، قەرەباڵغترین کۆڕی ڤیستیڤالەکەبوو، بەبێ زیادەرۆیی نزیکەی هەزار کەسێکی لێ بوو، لەریزی پێشەوە کۆمەڵێ هونەرمەندو نوسەرو شاعیری عەرەبی لێبوو، دانیشتبوون من شیعرەکانم بە کوردی دەخوێندەوە. (جەمال غەمبار) شیعرەکانی دواتر دەکرد بە عەرەبی و دەیخوێندەوە، (جەمال)یش خوێندنەوەی شیعری زۆر جوانە، ئیتر لە دوای ئەوەی کە دابەزیم ئەو کوردانە هاتن دەوریان دام.. هەرچی ئەوانەی پێشەوەیە هەموویان یەکە بە یەکە هەڵسان و تەوقەیان لەگەڵکردم، بەڵام تەلەڤزیۆن پەخشی نەکردو بە هیچ شێوەیەک رۆژنامەگەری سوری باسی نەکرد، من لە ئوتێلەکەبوم کە لێی داوەت کرابوین، هەموو مێوانەکان لەوێ دابەزیبون، بێجگە لەوەش رووناکبیرەکانی عەرەبیش لەوێ بوون، بۆ نمونە من (حامید ئەبو زەید)م لەوێ ناسی. لە هوتێلەکەبووم کچ و کورێکی گەنج هاتن و گوتیان ئێمە لە رۆژنامەی(الثورە)وە هاتوین، منیش وتم بەخێربێن پرسیم ئێوە بۆچی هاتون..؟ لە وڵامدا وتیان چاوپێکەوتنت لەگەڵ سازدەکەین، منیش وتم باشە ئێوە دڵنیان کە دەتوانن شتی من لە رۆژنامەکەتان بڵاو بکەنەوە، وتیان ئەی چۆن ...! وتم دڵنیام کە بڵاو نابێتەوە، هەر وتیان نا، چۆن ئەو بڕیارە پێشوەختە بۆ ئەدەی..! وتم باشە دیمانەکەیانکرد و بلاویش نەبۆوە، بەڵام من ئەوانم نەبینینەوە، بێگومان من نەچومەتە میسر بەڵام ئاگام لە ئەدەب و شاعیرانی ئەوێ هەیە، پێشتر بۆ نمونە شاعیرانی دیاری میسر (سەلاح عەبدولسەبوور) هەروەها خۆت ئەزانیت ناوی گەورەیان زۆرە بە تایبەتی رۆمان نووس و رۆژنامەوان و هتد.

**شێرزاد هەینی: کاتی خۆی رەنگە (نەجیب مەحفووز)و ئەوانەت خوێندبێتەوە؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ هەموو کارەکانی ئەوم خوێندیتەوە، نەجیب مەحفووزم خوێندیتەوە، ئەوەی لە رێی زمانی عەرەبیەوە لە ئەدەبی جیهانی خوێندوومەتەوە، جا چ رۆمان بیت، چی کۆمەڵە شیعرەکان، ئەوانە هەمووی لەو رێگەیەوە خوێندوومانەتەوە. خۆی یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی من زمانی تر نازانم، راستە زمانی عەرەبی زۆرە، بەڵام لە چاو زمانی تردا زۆری ماوە، بۆ نمونە من ئێستا ئینگلیزییم بزانیبووایە، زۆر باشتر ئەبوو، ئەوەشیان زوو ئەکرا.

**شێرزادهەینی: فێریشی بیت، ئەو تامەی نابێت، خۆ زمانی عەرەبیش زۆرە، دەوڵەمەندن؟**

**شێرکۆ بێکەس:** لەگەل ئەوەشدا من سوودی زۆرم لەو مەکتەبەیە بینیووە، من بەزمانی دووەمی خۆمی ئەزانم، خۆم لەرێی ئەو زمانەشەوە دونیاکانی تری ئەدەبم ناسی.

***

# خـــــــەڵات

**شێرزاد هەینی: مامۆستا ئێستا بێگومان لەبەرئەوەی تۆ شاعیرێکی گەورەیت و شیعرەکانت بە هەموو زمانەکان هەیەو مافی خۆشتە، دیارە لە کوردستان وا بزانم یەکجار خەڵات کراویت... خەڵاتی پیرەمێردت وەرگرتووە، ئەو خەڵاتە چۆن بوو، کێ دەستنیشانی کردبوو...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ خەڵاتی پیرەمێردو دووەم جاریش عێراقیەکانیش لە ساڵی 2005 خەلاتی (عەنقا)ی زێرینیان دامێ.

**شێرزاد هەینی: خەڵاتی پیرەمێرد چۆن بوو...؟ چی بوو..؟ کێ دایانابوو...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** خەڵاتی پیرەمێرد دەزگای چاپەمەنی (خاک) بوو. بەڵێ ئەوان دایان نابوو، لە دوای خوێندنەوەی (رەنگدان) پێیان بەخشیم.

**شێرزاد: ئەو خەڵاتە بەردەوامەو ماوە...؟ یەکەم دەورەی بوو...؟**

**شێرکۆ بێکەس:**نەمبیستەوە ماوە ئەو خەڵاتە، بەلام خەڵاتی(ئیبراهیم ئەحمەد)ماوە، من ئەوەی کەبزانم خەڵاتی پیرەمێرد یەکجاربوو،کەلەساڵی 2001-2002 بوو.

**شێرزاد هەینی: ئەو خەڵاتە چی بوو..؟ لە کوێ کرابوو...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** مەدالیایەکەو لە شێوەی ئارمێکە، دیارە خەڵاتی مادی بەو شێوەیە دراوە بە خەڵک، بەڵام من وەرمنەگرتووە، وابزانم لە سلێمانی دروستکراوە ، شتێکی ناشیرین نیە، من نازانم ماوە ئەو خەلاتە یان نا ؟ چونکە بەراستی من هەندێ جار لە شتەکان بێ ئاگام.

**شێرزاد هەینی: خەڵاتی ئیبراهیم ئەحمەدیشت وەرگرتووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نا وەرمنەگرتوە. بەلام ئەو خەڵاتە بەردەوامە.

**شێرزاد هەینی: خەلاتی پیرەمێرد بەس بۆ شیعر بوو..؟ کەسی تر هەبوو وەریگرتووە لەگەل تۆ؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من بەناوی شیعر وەرمگرت ، نازانم بیرم نەماوە کەس لەگەڵ من وەریگرتبێت.

**شێرزاد هەینی: ئەی خەلاتە عێراقیەکە چۆن بوو...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەوەشیان لە سالی 2005 بوو لە شێوەی مەدالیایەکی ئالتونی بوو، بە ناوی خەلاتی ( عنقاء الذهبی ). بەلام هەر ئەو خەلاتە بە زۆر کەس دراوە بە ئەدیب و شاعیرانی عێراقی تریش.

**شێرزاد هەینی: کێ خاوەنی ئەو خەلاتەیە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەسەر پەرشتی کەری کورێکە ناوی (موحەممەد رەشید) چیرۆکنووسە، پێمووایە لە شاری (عەمارە)یە، واتە ئەوان لەوێیەوە خەلاتەکەیان داناوە، پێش ئەوە بە چەند سالێکیش ئەو خەلاتە هەر هەبووەو وەکو خۆی بۆی باسکردم، دراوە بە زۆر کەسی ناودار لە عیراقیەکان چ لە ناوەوە چ لە دەرەوەی عیراق، ئەو سالە دایان بە من و بە (رەئوف بێگەرد) بۆ چیرۆک.

**شێرزاد هەینی: لە سویدیش جارێک خەلات کراوی..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەلێ ئەوە خەلاتی توخۆلسکی بوو من لە سالی 1987- 1988 دووەم کەس بوم وەرمگرتووە، لە پێش من پۆلۆنیەک وەریگرتووە.

**شێرزاد هەینی: چی دەزانی دەربارەی ئەو خەلاتە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بێگومان چۆن نایزانم، توخۆلسکی یەکێکە لە نوسەرە بەناوبانگەکانی ئەلمان، لە سییەکانی سەدەی رابردوو، یەکێک لە هاورێیانی (برێخت) بووە، بێجگە لەو خەلاتە ئێستا چەندین زانکۆو شوێنی گەورە گەورە بە ناوی ئەوە، ئەو وەختی خۆی لەبەر ستەم و زولمی نازییەکان لەوێ هەلاتووە هاتوە بۆ سویدو دالدەیان داوە..

**شێرزاد هەینی: خۆی ژوورنالستێکی جوولەکە بووە..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەلێ جوولەکە بووە، بەلام هاتووتە سوید، دیارە ئەو کاتانە وەک پێویست خزمەتیان نەکردووەو ژیانی باش نەبووە، بۆیە پاش ماوەیەک خۆی دەکوژێت، من پێمووایە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەوە، ئەو خەلاتەیان داناوە، چونکە هەست دەکەن بەو خۆ کوشتنە، شەرمەزارییەکە کال بکەنەوە.دیارە ئەو خەلاتە حکومەت نایدات، بەلکو یانەی قەلەمی سویدی دەیدات، ئەوانیش دەکاتە یەکێتی نووسەران، ئەم خەلاتەش دەدرێت بە نووسەرێک کە لە تاراوگە ئەژیت، ئەو سالە خۆ من ئاگادار نەبووم، من هەر لێرەش نەبووم، وابزانم چەند ناوێک لە ئارا دابوو، ئیتر لە دوای ئەوان لەسەر من وەستاونەتەوە لەوانە، (ئیبراهیم ئەحمەد)بوە (عەبدولا پەشێو)بوە، لە دواییدا دایان بە من، ئیتر بۆچی، من نەمزانی، بەلام من لە ئیتالیابووم کە پەیوەندییان پێوەکردم، گوتیان شتێکی وا هەیە، چومە سەفارەتی سویدی لە رۆما، لەوێ بۆ ئەوەی ڤیزا وەرگرم، کە چووم ڤیزەم وەرگرت و هاتم بۆ ئێرە، کە هاتم بۆ ئێرە، لێرە هەموو رێگەکانم لەبەر دەمما کرایەوە.

(فەرج بەیرەقداری نووسەری سوری ئیمسالّ 150 هەزار کرۆنی سویدی لە خەڵاتی تۆخۆلسکی وەرگرتووە، کە سالآنە نووسەرێکی ئاوارە وەریدەگرێت، ئەو کە لە وڵاتی خۆی 14 سالّ گیراوە، لە سالّی 2000 ئازادکراوە، پاش بەدەنگ هاتنەوەی جیهانی ئازادکرا، کە کتێبێکی لەسەر زیندانەکەی نووسیوە، لە سالّی 2005 هاتووتە سوید.

کۆرت توخۆلسکی، کە لە سالآنی سییەکان هاتووتە سوید، لە دەستی نازییەکان رایکردووە، کۆرت توخۆلسکی لە 9 ی ینایری سالّی 1890 لە دایکبووەو لە 21ی دیسمبەر سالّی 1935 لە شاری یوتوبوری خۆی کوشتووە، ئەو نووسەرو رۆژنامەنووس بووە، لە سالّی 1929 هاتووتە سوید، لە سالّی 1985 یانەی قەڵەمی سویدی ئەو خەڵاتەی داناوە).

***

**شێرزاد هەینی: ئایا ئەو هەڵسەنگاندنەت بینیووە کە بۆ تۆ کردوویانەو بڕیاریانداوە خەڵاتت بکەن، چونکە ئەوشتانە ئەگەر ماوەیەکی باشی بەسەردا بڕوات ئاشکرای دەکەن...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نەخێر! دەزانی ریورەسمەکانیان چۆنە؟ من دوای ئەوە لە کاک (عمر)م پرسی گوتم ئەمە چۆنە..؟ گوتی ئەمە هەندێ ناو ئەپاڵێورێت، دوای ئەوان لە خەڵک دەپرسن، ڕەنگە کوردی تیدا بووبێت ڕەنگە عەرەبی تیدا بوبێت من نازانم کێن ڕەنگە لە کەسانی خۆرهەڵاتناسیان پرسیبێت، بەتایبەتی ئەوانەی کە کورد ئەناسن، لەوانە ئەپرسن ئینجا یەکێک لەوانە هەڵدەبژێرن.

**شێرزاد هەینی: لە راپۆرتەکەت نەپرسیووە..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نەخێر.

**شێرزاد هەینی: دیارە هێشتا ئەوان نیشانی کەسی نادەن.**

**شێرکۆ بێکەس:** من ئەوەم نەپرسیوە ڕاپۆرتەکە چۆن بوە.

**شێرزاد هەینی:**

**(تەسلیمە نەسرین)ی بەنگلادیشی ساڵێکیان وەریگرتووە.**

**شێرکۆ بێکەس:**

(سەلیم بەرەکات)یش وەریگرتووە

**شێرزاد هەینی:**

**ئەم ساڵ لوبنانیەک وەریگرتووە، دیارە ئەو خەڵاتە بەردەوامە.**
**شێرکۆ بێکەس:**
من 75000 کرۆنم وەرگرتووە.
**شێرزاد هەینی:**
**پاشان کە هاتی بۆ ئەو خەڵاتە نەگەڕایتەوە...؟**
**شێرکۆ بێکەس:**
بەڵێ لە دوای ئەوە یەکسەر داوای پەنابەریم لە وڵاتی سوید کرد.
**شێرزادهەینی: شێرکۆ بێکەس بیری لەوە نەکردۆتەوە خەڵاتێک بەناوی خۆت سازبکەیت؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نەخێر من ئەوە بۆ خۆم نایکەم، بەڵام بەڕاستی یەکێک لەو شتانەی بیرم لێ کردۆتەوە، ئەوە بە ناوە (بێکەس)ەوە بە ناوی باوکمەوە خەڵاتێ دروست بکەین. هەروەها سەردەم خۆی بەتەمایە بە ناوی (سەردەم)ەوە خەڵاتێکی ئەدەبی دابنێت.

**شێرزاد هەینی: دەبێ بێکەس خۆی خاوەنی بێت، بۆیە دەبێ بنەماڵەکەتان میزانیەی بۆ دابنێن.**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ بە ناوی بێکەسەوە، بەڵێ...

**شێرزاد هەینی: کارو بەرنامەت بۆ کردوە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نەخێر تەنها خەیاڵە تەنها بیرۆکەیە.

**شێرزاد هەینی: تەنها ناو هێنان و باس کردنە.**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەگەر هەندێ کەس نەبن یارمەتیم بدەن، من خۆم تاقەتی ئەو شتانەم نیە، ئەوە بە من ناکرێت.

**شێرزاد هەینی: ئەگەر کەسی تر هەبووایە لە خێزانەکەت باش بوو، ئەگەر نا بە تۆو بە تەنها زەحمەتە.**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ راستە، بەتەنیام و بەتەنیاش زەحمەتە، بزانین چۆن دەبێت، بەڵام من حەز دەکەم خەڵاتێکی وا هەبێت و بەردەوامیش بێت، خەڵاتەکە بۆچی..؟ ئەمەیان نازانم. لە چ بوارەکدا بێت، نازانم..!

**شێرزاد هەینی: بێکەس بواری زۆرە ، نوسین بێت، شیعر بێت، شتی کۆمەڵایەتی، ئەو کەسانەی خەبات دژ خەڵکی کۆنەپەرستان دەکەن، بواری پەروەردە بێت؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ بەدڵنیایەوە، پارەیەکی بۆ دابین بکرێت ئەبێت.

**شێرزاد هەینی: ئێستا لە کۆیە کورەکانی (سەید ئیبراهیم) دەیکەن. لەو رۆژانە بیر لەوە ناکەیتەوە خەڵاتێکی گەورە..؟ لەبیرت نیە؟ ڕۆژێک خەڵاتێکی گەورەت بدەنێ؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نەخێر بیر لەو شتانە ناکەمەوە.

****

**شێرزاد هەینی: بێجگە لەخۆت، خەڵکی دیکە شیعر لە تۆ جوانتر بخوێنێتەوەو تۆ موعجیب بیت و بتەوێت  شیعرەکانت بۆ بخوێنێتەوە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ هەن بۆ نمونە (جەمال غەمبار) شیعر زۆر جوان دەخوێنیتەوە، (فەرهاد سەنگاوی) کە ماوەیەکی زۆر ڕەفیقیش بووین، لە دەرەوە دوو کاسێتیشی بە دەنگی خۆی تۆمارکردوە، ئەویش زۆر جوان شیعر دەخوێنێتەوە.

**شێرزاد هەینی: بیرتان نەکردۆتەوە، ئێستا بۆتە مۆدیل لە کوردستان شیعر بە (سی دی) بڵاودەبێتەوە.**

**شێرکۆ بێکەس:** نا من هەر کە شیعر دەخوێنمەوە، دەبێتە سی دی و شتی ئاوهاو دەیفرۆشن ئاگاشم لێی نییەو جاری وا هەیە زۆر پڕ فرۆشیشە بەتایبەتی ئەوانەی لەبەر دەرکی سەرا لە سلێمانی ئەفرۆشێت.

**شێرزاد هەینی: شیعری تۆ، بە دەنگی ژن گوێت لێ بووە بۆت بخوێنێتەوە؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نەخێر بەو جۆرە گوێم لێ نەبووە.

**شێرزاد هەینی: هەستت چیە ئەگەر ژنێکی زۆر جوان و دەنگخۆش بێتو شیعری تۆ بخوێنێتەوە خۆشە..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ خۆشتری دەکات، بێگومان شیعرەکە خۆشتر ئەبێت.

**شێرزاد هەینی: ئایا شیعرێکی تری بۆ ئەو ژنە دەنوسی..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵام ژنێک هەیە خۆشی شیعر دەنوسێت و زۆر جوانیش دەخوێنێتەوە، ژنەکە ڕۆژهەڵاتیە ئێستا لە سلێمانیە، ناوی (ناهیدی حوسێنی)ە، زۆر جوان شیعر دەخوێنێتەوە.

**شێرزاد هەینی: بەڵێ مهابادیە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** سنەییە، سەقزیە...

**شێرزاد هەینی: ناهیدی حوسێنی**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ خوشکی (ژیلا)یە.

**شێرزاد هەینی: ئەو دەنگانە ئێستا زۆرن لە سلێمانی و لە کوردستان دەژین.**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ زۆرن هەندێکیان من هەر نایانناسم.

**شێرزاد هەینی: ناوەکانیان بە خەڵک هەر پێی لەبەر ناکرێت، هەموویان ناوی نامۆو غەریبن بەلای ئێمەوە، بەڵام زۆرن، لەو ڕۆژانە لەو دیوو و لەلای خۆمان شاعیر زۆرە، دەنگ و ناو زۆرن...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ جاران بە پەنجەی دەستێک ئەژمێردرا، لە هەولێر بۆ نمونە (عەبدوڵا پەشێو) و (سەعدوڵا پەرۆش) با بڵێن ئەو نەوەیە لە سلێمانیش (جەمال شارباژێری) و (من) (عوسمان شارباژێری).... ئەوانەبووین زۆر سنورداربووین، دیارە پەیوەندی بە ڕووناکبیری و خوێندەواری و پێشکەوتنی ڕۆژگارو ئەمانەبووە.

**شێرزاد هەینی: کاتی خۆی (جەلال بەرزنجی) شیعری جوانی دەنوسی، تۆش باست کردووە، لەبیرمە شاعیرێکی باشە بەڵام زۆر کەم شیعر دەنوسی.**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ، زۆر کەم ئەنووسی، ئێستا لە کەنەدایە چۆتە ناوەندی کەنەدیەوەو زۆر باشە، من هەر لە ڕێی ڕۆژنامەوە خوێندوومەتەوە کە لە چەند کۆڕێکدا وەک شاعیرێکی کورد شیعرەکانی بە ئینگلیزی خوێندراونەتەوە، ئەوەش جێی دل خۆشییە.

**شێرزاد هەینی: ئەو شاعیرانەی زۆر کەم شیعریان نوسیوە وەک (سامی شۆرش)، (ئەنوەر قادر)و (سەلام محمد)و... شاعیری باشبوون.**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ باش بوون، بەڵام زۆر کەم شیعریان نووسی.

**شێرزاد هەینی: (ئەنوەر قادر) زوو وازی هێنا**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەو دیوانەی (زریان) شتی جوانە، ڕەنگە وەک شیعر کەم بەڵام وەک نوسین هەر بەردەوامە.

**شێرزاد هەینی: با بە باسی (سەلیم بەرەکات) کۆتایی بە دانیشتنەکەی ئەورۆمان بهێنین، ئەو شاعیرێکی کوردەو بە عەرەبی دەنوسی، لە تۆ نزیکەو ئەو دەناسی، تۆ چی ئەو دەخوێنیەوەو کەی ئەوت ناسیووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من بەر لە بینین ساڵانێکی دوروودرێژ دوای ئەوەی کە من هاتم بۆ ئێرەو دوای وەرگرتنی ئەو خەڵاتەی توخۆلسکی یەکەم کەس خۆی نامەیەکی بۆ ناردم، پێی خۆش بوو کە من ئەو خەڵاتەم وەرگرتووە، بە نوسینێکی جوان ڕەنگە ئەو نامانەی کە هەندێکیان ماون هی ئەو کاتانەیە، ئەو لە (قوبرس) بوو 16 ساڵ بوو لە قوبرس بوو، دوای ئەوەی لە سوریا هاتووتە دەرەوە چووە بۆ لوبنان و لەدوایش چووە بۆ قوبرس، لەوێش 16 ساڵ دەمێنێتەوەو لەدوای ئەو 16 ساڵە لەو دواییانەوە هاتووتە سوید.

شێوازی نوسینی سەلیم بەرەکات زۆر گرانە، من بۆ خۆم زەوقی گەورە لەو نوسینانە وەرناگرم بەڵام، ناشتوانم بڵێم ئەدیبێکی گەورە نییە، من ئەگەر حەزیش لە ئەدەبی ئەو بکەم، حەز لە رۆمانەکانی دەکەم، ناڵێم هەمووی بەڵام 4-5 رۆمانیم خوێندووتەوە، ئەوانیش بۆ نمونە (معسكرات الابد،نقهاء الضلام الجنب الحديدى، دلّشاد...) دوو سێیەکی دیکەش (الريش) ئەمانەم خوێندووتەوە، من لە سەلیم بەرەکاتدا ئەوەی کە زۆر بە زیندووی ئەزانم، ئەو گیانەیە، ئەو دەستگرتنەیە بەرۆحی کوردەوە، بە کولتووری کوردییەوە، بە داستانی کوردیەوە بە شوێنی کوردییەوە وەک پیرۆزییەک بەرگری لێدەکات و دەستی پێوە گرتووە، ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی لە ناوەندی رووناکبیری عەرەب و ئەدیبی عەرەبەوە زۆر لە سەری بکەوێت، زۆر گوێی نادەنێ، بەڵام ئەویش نە بە خەیاڵی دادێت و هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان لەسەر

شتێکی بچووک سازشی نەکردووە، لەگەڵ کەسەکان بە پێچەوانەوە، کە قسە ئەکات هەمیشە وەک کەڵەشێرە.

چەند جارێک لە رۆژنامەی (الحیاة)دا زۆر بە مەردانە نوسیوویەتی و قسەی کردووە، ئەوەی کە من بیزانم، مرۆڤێکە زۆر کراوەیە، هەرچەندە گۆشەگیرە ئەو ناهێتە دەرەوە، هەر لەماڵەوەیە بەڵام کە ئەیبینی حەز دەکات قەت باسی ئەدەب و شیعری بۆ نەکەی، زیاتر باسی شتی ڕۆژانە بکەین بۆ نمونە چێشتخانە کە ئەو زۆر بە چێشتخانەی ماڵەوە سەرقاڵە، من ئەو جارە کە چوومە ماڵی (سەلیم بەرەکات)، بە بەروانکەیەکەوە دەرگای لێکردمەوەو هاتە خوارەوە بۆنی چێشتی لێ دەهات، ئەو وایدەزانی من لەوێ دائەنیشم و نانیش ئەخۆم، منیش بەرنامەکەم وا نەبوو، پێمگووت کاکە من نان ناخۆم و ئەرۆم گووتی چۆن من خەساراتم داوەو ئەمانەی دوایی بە تەلەفۆن پێیوتم گوتی من ئەبێ بیدەم بە تەیرو باڵندە، ئەو شتانە، منیش گووتم باشە بیدە بە باڵندەکان.

ئەو یەک منداڵی هەیە ئەویش هەرزەکارە خەریکی فوتبۆڵ و وەرزشە، ژنەکەشی عەرەبی فەلەستینیە، بەڵام باپیری یۆنانیە، جگە لەوەش ئاگادارم کە بزووتنەوەی کورد یارمەتی داوە، چەند دەوامی کردوە نازانم، ڕەنگە ئەوەی ئاگاداری ئەو مەسەلە بێت کاک (جەوهەر کرمانج)ە، من بە شتێکی باشم زانیووەو ئەمجارەش کە دانیشتین بەیەکەوە ئەوەی هەواڵی پرسی (مام جەلال)بوو، ئەو گووتی، (مام جەلال) زۆر قەڵەو بووە، گووتی بینیووتە، منیش گوتم ماوەیەکی زۆرە نەمبینیووە ئەو لە بەغدایە، بەهەرحاڵ سەلیم بەرەکات شاخێکە لە ورەو لە هەمان کاتیشدا شاخێکە لە عەزیمەت، لە هەمان کاتیشدا شاخێکە لە داهێنان. جا من ئەگەر حەز لە ئوسلوبەکەی نەکەم لەبەرئەوەی شێوەکەی زۆر گرانە، جارێکیان من پێم گووت وەکو ڕێگا وایە لەناو شاخی ئاسنین، یانی دەبێ ڕێگەیەک لەناو شاخێکی ئاسنی بکەیتەوە، وەختێ دەیخوێنیتەوە بۆ نمونە لە رۆمانەکانی گرانتر، شیعرەکانیەتی. ئەو دونیایەکە بەو شێوەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەش ستایل و شێوازە. لەو دواییانە گۆڤاری (الحجل) ئەوەی کە لە یۆتۆبۆری دەردەچوو، ئەوەی من ئاگاداربم ماوەیەک لەگەڵ (محمد عفیف الحسێنی) یارمەتیان وەردەگرت، لە ڕێکخراوە دیموکراتیەکان، کە (مام جەلال) بۆی مسۆگەر کردبوون.

**شێرزاد هەینی: هەر لەگەڵیان بوو، یان هاوکاری دەکردن...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نا نا ئەو ئاگای لە مەسەلەکە هەبووە، بەڵام موحەممەد عەفیف حوسەینی ئەو سەرنوسەرەکە بوو، لەم دواییەدا ژمارەیەکیان لەسەر سەلیم بەرەکات دەرکرد، هەتا داوایان لەمنیش کرد منیش شتێکم نووسی و لەوێ بڵاوکراوەتەوە،کۆمەڵێک نوسەرو شاعیرو ئەدیب لەسەریان نوسیبوو، بە عەرەبی بوو

لەسەر سەلیم بەرەکات، منیش شتێکم نوسیبوو. لەویێ بڵابۆوه ئەو گۆڤارە لە ئەنتەرنێتیش بڵاودەبێتەوە، بۆ بەردوامی ئەو یارمەتیانە من ئاگام لێیە تا پرۆژەیەکەیان هەبوو، یارمەتیەکە هەبوو، من پرۆژەکەم بۆ تەقدیم کردن، پرۆژەکەشم دا بە (مەلا بەختیار) بۆ ئەوەی ئەو بیدات بە (مام جەلال)، ئەویش پێی باشبوو، ئیتر لە دواییدا پەسەندیان کردو دوایی یارمەتیەکە چەندبووەو چەند نەبوە من ئاگام لێی نەما.

**شێرزاد هەینی: بەڵام بە خۆی سەلیم بەرەکات جیهانێکی تایبەت و غەریب و نامۆو قوبرس و16 سال و مەسەلەی رزگاربوونی فەلەستین و...**

**شێرکۆ بێکەس:** بێگومان ، بێگومان، باش بوو بیرم کەوتەوە یەکەم جار کە سەلیم شتی بۆ من بلاو کردۆتەوە لە (الکرمل)دا بڵاویکردەوە گۆڤارەکەی (مەحمود دەروێش) کە دەردەچوو، ئەوسا ئەو لە قوبرس بوو وا بزانم، ئیتر داوای لێکردم منیش شیعرەکانم بۆی نارد.

**شیرزاد هەینی: ئەو کاتی لە سویدبوو یان پێشی سوید...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نا ئەو کاتەی لەقوبرس بوو سکرتێری نووسینی گۆڤاری (الکرمل) بوو لە یەکێک لە ژمارکانیدا لەوانەیە بگەرێم بیدۆزمەوە، ئینجا نزیکەی 16تا 17 شیعری منیان بڵاو کردەوە، هەروەها (ئەدۆنیس)یش بەر لە سالانێک کە هات بۆ ئێرە لە ساڵی 1988 یان 1989 بوو، لێرە یەکترمان ناسی وا بزانم لە زانکۆی ستۆکهۆلم بوو، بە تایبەتی داوەتیان کردم.

**شێرزاد هەینی: ئەدۆنیس لە پاریس دەژیت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ زۆربەی کات لە پاریس دەژیت.

**شێرزاد هەینی: رەنگە ژنەکەی بێگانە بێت ..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نا.... (خالیدە سەعید)، ژنەکەی یەکێکە لە رەخنەگرە گەورەکان ئەدۆنیس ئیسلامەو شیعەشە، ناوی راستەقینەی (عەلی ئەحمەد سەعید)ە، بەڵام هەر لەزووەوە ئەدۆنیسی بۆ ناسین هەڵبژاردووە، چاکی کردوەو ناوەکەش زۆرجوانە.

## دانیشتنی هەشتەم

شوێن: ژوورێکی تایبەتی لە ناو کتێبخانەی (تێنستا) لە ستۆکهۆلم.
ڕۆژ: 17ی یونیوی ساڵی 2008
ماوەی تۆمارکردنەکە: 87 دەقە.

**(هەڵبەت ئیستگەکانی تونێلبانی شەمەندەفەرەکان بە من پاک ناکرێتەوە).**
شێرکۆ بێکەس

**ئیمرۆش وەک رۆژانی رابردوو سەعات دەی بەیانی من و مامۆستا بەرەو کافتریاکەی کتێبخانەکەی (تێنستا) چووین، دەرکەوت لەبەر پشووی هاوینە کافتیریاکە داخرابوو، نم نمیش باران دەباری، بۆیە نەدەکرا لە دەرەوە بمینێنەوە، چووینە ناو کتێبخانەکە، لەوێ پرسیم ژووری یەک کەسی هێمنتان هەیە، وتیان بەڵێ، لە پەنایەکی کتێبخانەکە ژوورێکی دەرگا کراوەی نیشاندایین، ئەگەر کرابێتەوە مانای ئەوەیە کەسی تێدا نییەو نەگیراوە، ناومان لەسەر تەختەکەی دەرەوە نووسی، بۆ دوو سەعات ژوورەکەمان گرت، منیش فەرمووم لە مامۆستاکردو چووینە ژوورەکەو گلۆپەکانم داگیرساندو دەرگاکەم داخست، ژوورەکە دوو کورسی و مێزێکی پانی گەورەو چەند شوێنی پلاکی کارەباشی هەبوو، ژوورەکە بە گلۆپی تایبەتی رووناک دەکرایەوە، ژوورێک کپ و خاوێن بوو، هەردووکمان بەرامبەر یەک دانیشتین، دیمانەی ئەو رۆژەمان لەو ژوورە بوو، بەو بۆنەیەوە ئەوەشم زانی ژووری واش لەناو کتێبخانەکاندا هەیە، ئەگەر بۆ خۆت زووتر بیگریت، واتە ناوت لەسەر تابلۆکەی دەرەوە بنووسیت، لەسەر تابلۆکەش نووسراوە، تا 4 سەعات دەکرێ ئەو ژوورە بگریت و پاش دواکەوتنت بۆ ماوەی 15 دەقە، ئەگەر یەکێکی تر ویستی، دەدرێتە ئەو کەسە.**

**شێرزاد هەینی: سەرەتا حەز دەکەم بزانم، بەرنامەی کەمکردنەوەی جگەرەکێشانەکەت بەردەوامە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** هەر وەک زووتر بۆم باسکردیت، ماوەیەکەو لەبەر رۆشنایی دکتۆرەکەم جگەرەکێشانەکەم کردووە بە سەرە سەعاتان، واتە هەر سەعاتێک جگەرەیەک ئەکێشم، شەوان جگەرە ناکێشم، کە لە خەو هەڵئەستم جگەرە ناکێشم، بەیانیان پێش نانخواردن جگەرە ناکێشم، دیارە بۆ من جگەرەکەمکردنەوە پرۆسەیەکی زەحمەتە، من لە سێ پاکێت و نیو بێمە سەر یەک پاکێت جگەرە، ئاسان نییە، زەحمەتێکی زۆری ئەوێت، بەڵام تا ئێستا رۆیشتووە، هەوڵ ئەدەم لەو ماوەیەدا چاخواردنەوەش کەم کەمەوە، تا ئارەزووی جگەرەم زیاتر نەبێت، تا ئێستا رۆیشتووم، جا نازانم سەرئەگرێت یان سەرناگرێت، نازانم ..! چونکە ئەوەی بەڵێنی تێدا نەبێت وازهێنانە لە جگەرە، چونکە نازانیت چۆن ئەبێت، لەبەرئەوەی جگەرە کارێکی زۆری کردووتە سەر تەندروستیم، بۆیە تا واز لەجگەرە بهێنم ئەبێ شتێ بکەم، کۆششێ بدەم، کەمکردنەوەکەش هەر بەو جۆرە ئەبێت، دیارە تا سەعاتەکەش دێ خەیاڵیشم

هەر لەلای جگەرەکەیە، بەڵام هەست ئەکەم لە سەرەتاکەی باشترم، لە سێ چوار رۆژی یەکەم باشترم.

**شێرزاد هەینی: لەو رەوشەی کەمکردنەوەی جگەرە نووسینت چۆنە، دەکرێ بێ دووکەڵی جگەرە شیعر بنووسیت، لەو رۆژانە چۆن ئەنووسیت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** تا ئێستا تاقیم نەکردۆتەوە، بابەتێکی وام لەبەردەست نەبوو،کە دانیشتنی زۆری بوێت، بۆیە نازانم.

**شێرزاد هەینی: خوێندنەوەت بێ جگەرەکێشان پێ دەکرێت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** لەخوێندنەوە باشم، ئەتوانم بێ جگەرەکەش خوێندنەوەی خۆم بکەم.

****

## ئیسلامی سیاسی و توندرەوەکان

**شێرزاد هەینی: با دەرگایەکی تر بکەینەوە، بچینە ناو بابەتێک کە مەترسی و هەڕەشەی لەسەر تۆ هەبووە، دیارە شێرکۆ بێکەس کە بە رووی ئیسلامە سیاسیەکان وەستاوە، کەسێکی ئازاو بوێربووە، کە خۆی راگرتووەو لە بەرگریش بەردەوام بووە، بەرامبەر نەریتە کۆنەپەرستییەکان دەنگی هەبووە، بەردەوام کۆششی کردووە، هەر لەسەردەمی روونگەوە، لە بەیانی قەڵەمە نەترسەکان یەکگرنەوە دەنگی هەڵبڕییوەو داکۆکی لە مافی ژنان کردووە، لەگەڵ چاکسازی بووە، لە بوارەکانی باری کەسێیەتی تا بەرەو گۆڕان بشکێتەوەو سەربەستییەکان زۆرترو ئازادانەتربن.**

**کە بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان گەشەی کردو لە پاش راپەرین پێگەو چەکدارو بارەگایان پەیداکردن و مینبەری مزگەوتەکانیان کردە سەکۆی پەیامەکانیان، مەلاکان بەردەوام هەڕەشەیان هەبووە، تۆ چۆن خۆت راگرتووە، لەو دەمانەدا چۆن بەرگریت کردووە، ئەوان بە چی تۆیان گوناهبارکردووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بۆ ئازاو بوێری... نازانم من ئازام یان نا... مەرجیش نییە هەموو دەمێ هەر ئازاو هەر بوێربین، رەنگە هەندە جاریش ترسنۆک بوبین، بەڵام... پاش راپەرین لە نێوان ساڵانی 1991 و 1992 دا، بابەتێکیان لە من زیندووکردەوە، کەوا من لە کاتی خۆی لە ساڵانی 1987 و 1988 بەناوی (ورتە ورتێ) شیعرێکم نووسیبوو، ئەوەی باس لە (حمە بچکۆل)ی بۆیاخچی ئەکات، بۆ ورژاندنەوەی بابەتێک و مەسەلەیەک ئەو شیعرە کۆنەیان هێنایەوە سەرباس و قسەکردن، مەبەستیان شتێک بووە، ئەگینا شیعرەکە چوار پێنج ساڵ بوو نووسرابوو، زووتر بڵاویشکرابۆوە، لە

ریگای (مەلا کریکار)ەوە، ئەو لەو سەردەمەدا لە کوردستان بە کۆمەڵێ چەکدارەوە دەسووڕایەوە، رۆژی ئەچوو بۆ (رانیە)، ئەچوو بۆ (قەڵادزە)و لەناو مزگەوتەکانی ناو سلیمانی کۆڕی ئەگێڕاو وتاری پێشکەش ئەکرد، لە یەکێک لەو وتارانە نازانم لە سلێمانی بوو یان لە رانیەبوو، لەوێ باس لەو شیعرە ئەکات و ئەڵێ ئەمە کفرەو ئەمانە بەئاشکرا ئەیانەوێ ئاینی ئیسلام بخەنە ژێر پێیان‌و هیچ نرخێ بۆ خواو پێغەمبەر دانانێن، لەوێ دەقاودەق وتبووی: ئەگەر لە هەر شوێنی ئەوانەتان بینی، بەدەست بەچەقۆو بەدارو بەچەک لێیبدەن، پێویستە ئەوانە نەمینێن.

ئەو وتارەی لەسەر کاسێتەکە تۆمارکرابوو، ئێستاش ماوە، ئەوەی سۆراخی بکات دەستی ئەکەوێت، من خۆشم کاسێتەکەم هەبوو بەڵام بردیان، ئەو ماوەیەی کە لە (نرویژ) ویستیان داوای لەسەر تۆمار بکەن، ئاسایش وتیان ئەگەر تۆش داوات هەیە، ئەتوانی داواکەت تۆمار بکەیت، منیش پێم باش بوو، من لە کاتی پێویستا بە بەڵگەوە ئامادەم. ئەو لە وتارەکانیدا ناوی منی هێناوە، هەر لەو وتارەدا ناوو شیعری کەسانی تریشی هێناوە، هێرشێکی ئەنقەستی کردووە، بۆ ئاژاوە نانەوە، پاشان یەکێتی نووسەرانی کورد بەیانێکیان لەسەر دەرکرد، لە بەیانەکە ئیدانەی وتارەکەی ئەویان کردبوو، پاش ئەوەش لە چەند شوێنی تردا، لێرەو لەوێ من ناوم هاتووەو مەلاکان ناویان هێناوم، تا لە کوردستانی رۆژهەڵاتیشەوە ناوم هاتووە، مەلایەک لە شاری سەقز لە وتارێکا ئاماژەی بە هەمان پارچە شیعری من داوە، ئەو نوێنەری ئەنجوومەنی شوورا بوو لە ئیران، بۆیەش زۆرجار ئامۆژگارییان کردم کە بەناو ئیراندا هاتوچۆ نەکەم.

**شێرزاد هەینی: ئیسلامی سیاسی لەو ساڵانەی دواییدا گەشەی کردووە، هەڕەشە لەو نووسەرانەش دەکەن کە زووتر بابەتیان بڵاوکردیتەوە، بۆ نمونە نووسەری گەورەو خاوەن خەڵاتی نۆبل نەجیب مەحفووز، لە کۆتایی پەنجاکان رۆمانی ( اولاد حارتنا) بە زەنجیرە لە رۆژنامەی (الاهرام)دا بڵاوکردیتەوە، چەند جارێکیش رۆمانەکە چاپکراوەتەوە، بە چەندین زمانی بێگانەش بڵاوکراوەتەوە، پاش ئەوەندە ساڵە، ئیسلامییەکان ناویان هێناوەو باسیانکردووە، بۆیەش لە تەمەنی نۆهەد ساڵییدا پیاوێک ویستبووی بە چەقۆ بیکوژێت، کە پرسیاریان لێکردبوو، تۆ رۆمانەکەت خوێندیتەوە، لە وڵامدا وتبووی نەخێر، بەڵام دەزانم مەلاکانی الازهر باسیان کردووە، تۆش پاش ئەوەندە ساڵە پارچە شیعرێکت وتووە، تازە ئیسلامییەکان هەڕەشەت لێدەکەن، ئەوە مانای چی دەگەیێنێت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەوە پەیوەندی بەوە هەیە تا چەند دەسەڵاتی سیاسییان هەیە، چەندیان گەشەکردووە، ئەگەرنا من پێشتر ناوی جوبەکەی خومێنینم هێناوە، ئەوانەیان ئەزانی، بەڵام بە خۆمیان نەئەوتەوە، کە لە چەند سەردانێکم لەناو ئیراندا

ئەزیەتیان داوم، بەوەش تێیانگەیاندم بە ئیرانەوە سەفەر نەکەم، زۆرجار لەسەر مەرزەکە دوایان دەخستم، جانتاکانی منیان زۆر ئەپشکنی، گوایە من لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان نزیکم، نوێنەری ئەوانیش لە تارانەو پەیوەندیشیان هەیە.

**شێرزاد هەینی: بەشێوەیەکی راستەوخۆ ئیسلامییەکان هەڕەشەیان لێتکردووە، نامەیان بۆ ناردوویت، هاتوونەتە سەر رێگات..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نا... بەڵام ناویان هێناوم، لەسەریان نووسیوم، چونکە جارێکیان نووسینێکم بڵاوکردەوە، لەوێ ئاماژەم بەوە دابوو، کەوا ئەبێ مەسەلەی ئاین لە سیاسەت جیابکرێتەوە، مزگەوت شوێنی عبادەتە بۆ خودا، شوێنی ئاین پەرستییە، ئەگەر وانەبێت ئەبێ بە هێلانەیەک بۆ مەسەلەی پلان و تاوان، ئەوان وڵامی ئەوەیان دایەوە، ئەوان لە دەزگاکانی خۆیان بڵاویانکردیتەوە، ئەگەر یەکێک بگەرێتەوە چاپکراوەکانی ئەو رۆژانە رەنگە بە ئاسانی بابەتەکەیان بدۆزێتەوە.

**شێرزاد هەینی: هەستت کردووە ترست لەسەربووە، کەمتر چالاک بوویت، یان کەمتر جولایتەوە، گەڕانەکانت لەبەر ئەو کێشەیە سنوورداربووە..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** جاری یەکەمیان مرۆڤ ئەبێ ئاماژە بەوە بدات، (مام جەلال) فریا کەوت، ئەوان هەموو بە کۆمەڵ چووبون بۆ قەڵاچۆلان، بۆ لای (مام جەلال)، هەموویان بەیەکەوە بە (مام جلال)یان وتبوو، فەرموو ئەوە (شێرکۆ بێکەس)ەو باسی پێڵاوی خودا ئەکات. (مام جلال)یش پاشان خۆی بۆی گێرامەوە، بە مەلاکانی وتبوو:

ئێوە چۆن تەماشای کەسێکی وەک (جەلال الدین رومی) ئەکەن، ئەو پیاوە گەورەیە، ئەوانیش وتبوویان، ئەوە پیاوێکی قدیس و وەلی و زانایەکی گەورەیە، ئەویش وتبووی، کەوایە من ئێستا شیعرێکی ئەوتان بۆ ئەخوینمەوە، شیعرەکەی بۆ خوێندبوونەوە، (جلال الدین رومی) لەو شیعرەدا لەگەڵ خودا قسە ئەکات، کە شوانێک لەگەڵ خودا قسە ئەکات، لەوێ شوانەکە بە خودا ئەڵێ:

من ئێستا بەتەنها دانیشتووم، بەتەنهام وا نان ئەخۆم، کەرەم هەیە، نانم هەیە، ئەی خودای گەورە بۆ ناهێت لەگەڵ من نان و کەرەیەک بخۆیت، ئەی خودا بۆ میوانم نابیت، پاشان من قژت شانە ئەکەم ..!

شیعرەکە بەو شێوەیە بووە، بۆیەش (مام جلال) بە وەفدەکە ئەڵێ، ئەو شیعرەو شیعرەکەی (شێرکۆ بێکەس) کامیان گوناحترە، شوانێک داوا لە خودا دەکات، لەگەڵ ئەو دانیشێت و نان و کەرەی لەگەڵ بخوات و قژی شانە بکات، ئەو دووە کامیان... ئەوانیش لەوێ بێدەنگ ئەبن، وڵامیان نامینێت.

**شێرزاد هەینی: تۆ زووتر ئەو شیعرەت بیستبوو..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نەخێر، من ئەو شیعرەم نەبیستبوو، بۆ یەکەم جار لە (مام جلال)م بیست. هەر لەو دیمانەیەدا (مام جەلال) قسەی لەگەڵ کردبوون، جۆرێک

هەڕەشەشی لێکردبوون، وتبووی ئەگەر بزانمەوە ئازاری بدەن، یان بچنە سەری، ئەوەیان بەئاسانی لەسەرتان تێناپەڕێت.

**شێرزاد هەینی: پاش ئەو ڕۆژانە تۆ بەرنامەت گۆڕی، داوای پاسەوانت نەکرد...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** زۆریان پێئەوتم، تۆ دەبێ (حمایە)ت هەبێت، ناکرێ وا بسوڕێتەوە، من خۆم لە کاتی وەزیرییەکەشم کەسی چەکدارم لەگەڵدا نەبوو، دوو کەسی خزمی خۆمم لەگەڵ بووە، وەک ئێستا، ئەو دوو کوڕە خزمی خۆمن، هەرچەندی بیرم لەوە کردیتەوە، ناکرێ من چەکدارم لەگەڵ بێت ...

**شێرزاد هەینی: ئەو دوو کەسە، چەکیان پێیە، ئەگەر بێنە سەرت، ئەوانە دەستیان پێ دەکرێتەوە، یان چییان پێ دەکرێت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەوان دەمانچەیان پێیە، بەڵام ئەگەر شتێک بکرێت، هەر ئەکرێت، ئەوەی بیەوێت من بکوژێت ئەتوانێت، من هیچ ڕۆژێک کەس هێرشی نەکردومەتە سەر، کەس قسەیەکی بە من نەوتووە، بە پێچەوانە من قسەم کردووە.!

**شێرزاد هەینی: پاش ئەو ڕۆژانە هەست دەکەیت شیعرەکانت کەمێ ساردی و سازشی لەگەڵ ئیسلامییەکان تێدابێت، خۆت لەوان دوور ڕاگریت..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** (بەکەمێ تووڕەییەوەو خێرا وڵامی دایەوەو وتی): من هەرگیز... بەپێچەوانە من ئێستا لە جاران زۆر توندترم. چونکە لەو سەردەمەدا توندوتیژی و کاری تیرۆر نامۆیەو ریسواییشی لە دواوە ئەبێت، نەخێر من بۆ پەشیمان ببمەوە...؟!

**شێرزاد هەینی: ڕێکەوتووە لەگەڵ ئیسلامیەکان دیمانەت بوبێت، دیالۆگتان کردبێت...؟ یان ئەوان داوایان کردبێت..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نەخێر.! ئەو شتانە نەبووە.

**شێرزاد هەینی:مێژووی ئیسلامت خوێندیتەوە، ئاگاداریت لەسەر ئاینی ئیسلام هەیە؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ، ئەوەی تەنها کتێبی تاریخی طبری بخوێنێتەوە، تێئەگات، ئەو ماوە درێژە مەسەلەکان چۆن ڕۆیشتووە، کە لەو سەردەمەدا ئیسلامی سیاسی هاتووتە ناو کۆمەڵەکەمان وەک چۆن لەشوێنەکانی تر هاتووە، چونکە لە کۆنەوە ئاینی ئیسلام وەک ئاین و مزگەوت و خوداپەرستی بۆ ئێمە هەرگیز کێشەی نەبووە، بەتایبەتی لەگەڵ هزری کوردایەتی بەدرێژایی مێژوویەکی دوورودرێژ کێشەو گرفتی نەبووە.

**شێرزاد هەینی: ئەگەر سەرنج بدەیت ڕووناکبیرانی عەرەب، زۆر لە شاعیرەکانیان لە مەسەلەی ئیسلامییەوە خۆیان دوور دەگرن، کەمترین باسی دەکەن، ئەو گۆڕانەو دوورەپەرێزییە لە پای چی ...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** زۆریشیان قسەی خۆیان هەیە، لە میسرو لە لوبنان قوربانیان داوە. ئێستاش کێشەی ئێمە نییە لەو ڕۆژەدا خۆمان لە مەسەلەی وەک پێغەمبەرو خودا تێکەڵ بکەین، چونکە ئەو شەڕە ئەگەر نەیزانی چۆنی ئەکەیت، ئەبێتە شەڕێکی

دۆڕاو، ئەیدۆڕێنیت، دەبێ ئێمە هەمیشە کار بۆ دوو شت بکەین، کار بۆ ئەوە بکەین داوای گۆڕان بکەین لە ئاین، شەریعەتی ئیسلام بگۆڕدرێت، ئەوە یەکەمیان، دووەمیان تا ئەو گۆڕانە نەبێت گۆڕانەکانی تر نابێت، تا گۆڕانێک لە ڕەگەوە بەسەر ئاینی ئیسلام نەبێت، گۆڕانێک کە لەگەڵ سەردەمەکەدا بگونجێت، باوەڕ ناکەم شتی تر ببێت، بڕواناکەم ناوچەی عەرەبی ئیسلامی هیچ جۆرە ئارامییەک ببینێت، تا گۆڕان لە تەفسیر نەکەن، ئەبێ گۆڕان لەناو شەریعەتدا بکرێت، ئەگەر ئەمانە نەکرێت، هیچی تر ناکرێت، چونکە ئەو مەسەلەیە خزیوەتە ناو ناخی هەموو لایەک. ئەوەش پەیوەندی راستەوخۆی بە پەروەردەو بە رووناکبیرییەوە هەیە، وەک چۆن لەناو ئاینی مەسیحی چاکسازی زۆریان کرد، کە لە سەرەوە تا خوارەوە گۆڕانەکان کران، ئەگەرچی ئێستا درەنگیشە، ئەگەر ئەوە نەکرێت مەترسی بە دواوە ئەبێت. دیارە زووتر لەسەر دەستی (محمد عبده)و (جمال الدین ئەفغانی) شتێ کرا، بەڵام ئەوەش ماوەیەکی کەم بوو، لەو سەردەمەدا شەپۆلی توندرەویی ئیسلامی زۆر گەشەی کردووە.

**شێرزاد هەینی: وا دیارە زاناکانی ئیسلام، ئەوانەی فتوا دەدەن مەرکزیەتیان نییە، ئەگەر زانایەک فتوایەک دەرکات، ئەوە یەکێکی تر بە کفرو بە نارەوایی باسی دەکات، بێجگە لە مەزهەبەکان کە زۆر بە جیاوازییەوە نیگا لە شەریعەت دەکەن..!**

**شێرکۆ بێکەس:** من وادەزانم هەر دینەکەیان کردووە بە (بدعە)، ئاینیان وەک وەسیلەیەکی بچووکیش بەکارئەهێن بۆ مەرامی سیاسی، دیارە ئەو زانایەی لە سودان قسەیەک ئەکات، زانایەکی تر لە سعودیە بە کفری ئەزانی، خۆشیان لە جۆرێک شلەژاندان.

**شێرزاد هەینی: ئەو رەوشە سیاسییە ئیسلامییە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان کردووە..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** دیارە کۆمەڵگەی ئێمەش دەکەوێتە ناو شەپۆلە سیاسییەکان، ئێمەشی گرتیتەوە، لای ئێمە ئەو ژێرخانە هەیە، مەرجەکان هەیە بۆ گەشەی ئەو هزرە، بەڵام لەبەرئەوەی هێشتا کێشە سیاسییەکانمان تەواو نەبووە، کێشەی نەتەوەییمان چارەسەر نەبووە، کوردەکە ئەوەیان لا مەبەستە، دووەمیشیان ئیسلامی سیاسی و ئەو هزرە لەلای ئێمە بە شێوەیەکی سروشتی نەهاتووە، قۆناخەکانی گەشەکردنی نەبڕیوە، لە ناخی خەڵکەکەوە هەڵنەقولاوە، شتێک بووە، لە دەرەوە

بەسەرماندا فەرزكراوە، زیاتر هێنراوە، لە وڵاتانی تری ئیسلامییەوە هاتووتە ناو كوردستان، ئەمانە رۆڵی زۆرە، ئەبێ ئێمە جۆرێک لە جیاكردنەوەو پۆلینمان لەلا هەبێت، لە نێوان ئیسلامێكی تیرۆریستی توندرەو لەگەڵ ئیسلامێكی میانرەو، بەڵام بەراستی میانرەو بێت، نەک بۆ تەكتیک یان بۆ هەر مەبەستێكی تر.

****

**شێرزاد هەینی: رووبەروو لە سێبەری چیادا، نووسینی بێستون..؟**

**شێركۆ بێكەس:** (بێستون)، ئەوە (هەڤاڵ كوێستانی) بوو، وەک زووتر ئاماژەم پێدا، ئێمە لە گوندی (بەرگەڵوو) بەیەكەوە ماوەیەكی زۆر لە ژووورێكدابووین، كتێبەكە دیمانەیەک بوو، لەو شێوەیەدا، بەڵام بە شێوەیەكی تربوو، وا زیندوو نەبوو، زۆرجار وڵامەكان بە نووسین بوو، لە شاخ چاپكرا، بەشێكی وەک یادگاری خۆم بووم، ئەو بەشەیان 45 لاپەرە دەبوو، بەشەكەی تری نزیكەی 100 لاپەرە دەبوو، ئەو كتێبە لای من و كەسانی تریش ماوە.

**شێرزاد هەینی: چەند جار (محمد موكری) لێكۆڵینەوەو رەخنەی لەسەر بەرهەمەكانت نووسیوە..؟**

**شێركۆ بێكەس:** من یەک و دووجار لەسەر رۆمانەكانی (ئەژدیها)و (هەرەس)ی ئەوم نوسیوە، من دوو رۆمانم كردووە بە كوردی، یەكەمیان (پیرەمێردو زەریا)و دووەمیشیان (ژنێک و دوو پیاو)، ئەو لەسەر ئەو دوو كتێبە بابەتی باشی نووسیوە. رەخنەی هەبوو. من بەشێک لە رەخنەكانی پەسند ئەكەم.

**شێرزاد هەینی: لەو دیمانەدا زۆرجار ناوی كاک (نەوشێروان) هاتووە، وەک دۆستایەتی و هاوتەمەنی و هاورێبازیت، وەک پێناسەو ناسینی تۆ بۆ ئەو پیاوە ماندوو و رووناكبیرە، تۆ ئەو سەرەتایە چۆن دەگێڕیتەوە ...؟**

**شێركۆ بێكەس:** من و ئەو هاوتەمەنین، وابزانم من یەک دوو ساڵ لەو گەورەترم، لەبەر ئەوەی هەردووكمان خەڵكی یەک شارین وەک ناسین لە دەمێكەوە ئەو ئەناسم، بەڵام بۆ تێكەڵابوون كۆن نییە، من و ئەو پەیوەندییەمان ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 1983 و 1984، كە مقاومەت لە شاخەوە دەستی پێكرد، وادەزانم یەكەم كەس بوو كە لە شاخەوە نامەی بۆ ناردووم، پێش ئەوەی من شیعر بۆ شاخ بنێرم، ئەو زووتر نامەی تایبەتی بۆم نووسیوە، زووتر بەر لە ئێمە (حەمەی حەمەی باقی) لەوێ بوو، ئەو هاورێیانە هەواڵەكانی منیان ئەگەیاندو هەواڵی ئەوانیشم ئەزانی، بەڵام

ئەو یەکەم نامەی نووسیوە، دەبێ نامەی یەکەمی ئەوم مابێت، لەکاتی خۆی چەند نامەیەکم بڵاوکردەوە، نامەکان بەگشتی هەواڵپرسین و باسی سیاسی ئەو رۆژانەبوون. کە چوومە شاخیش زوو زوو یەکترمان ئەدیت، ئەویش لە (بەرگەڵوو) بوو، لەگەرووە دەربەندەکەدا بوو، زۆربەی دانیشتنەکانمان باسی سیاسەت نەبوو، باسی ئەدەب و وەزعی گشتی بووە، ئەو لە کتێبەکەشیدا ناوی منی هێناوە، یەکەم جار نامەکانم لەگەڵ ئەوبووە، پاشان لەگەڵ برادەرانی تریش نامەمان هەبووە، هەروەها لەگەڵ (مام جەلال)یش.

**شێرزاد هەینی: مامۆستا لەگەڵ ئەو گۆڕان و هاتنە پێشەوەی سیستەمی کۆمپیوتەرو هەڵگرتن و کۆپی و فلاشدا، بیرت لەوە کردیتەوە، کتێبەکانت، نامەکانت، وێنەکانت، ئەوەی لەسەرت نووسراوە، هەموویان کۆبکەیتەوەو لە ماڵپەرێکدا، لەناو یەک فلاشدا بێت، ئاسان و ئامادە لەبەر دەستان بێت، رەنگە بۆ تۆش بە هۆی دەزگای سەردەمەوە ئاسان بێت..!؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من وا لە شوێنێک شتەکانم بۆ ئەکەن، ئێستا ماڵپەرێکم هەیە، بەڵام رێکوپێک نییە، بەنیازین باشتری بکەین.

***

## بزوتنەوەی ریفراندۆم

**شێرزاد هەینی: چۆن بیرتان لە بزوتنەوەی ریفراندۆم کردەوە، چیت کرد، بەرنامەو کۆبوونەوەکانت چۆن بوو، لە کێ کۆدەبوونەوە، کێ کاری تێدا کرد، چۆن لە هەولێرەوە کەسانی تر هاتنە ناو بزوتنەوەکە ..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** دیارە ئەوە پاش رووخانی سەدام هاتە ئاراوە، سەرەتای بیرۆکەکە لە سێ چوار شوێنەوە بوو، لەوانە (هێرۆخان)، لەلایەن منەوەو لەلای (حمید بڵباس)، کۆمەڵە کەسێکی تری وەک (هەڵکەوت عەبدولا)و (باسیت حمەغریب)و (فتاح زاخۆیی) ئەوکات ئەو وەزیری روشنبیری بوو. ئێمە بیرمان لەوە کردەوە، پاشان دیمانەیەکمان سازکرد. لە بەیانەکەماندا وامان نووسیبوو کە دەوڵەتی عیراقی دروستکراوە، لەسەر نەخشەیەکی ساختەبووە، هیچ پرسێکیان بە کورد نەکردبوو، وەک ئەوەی ئایا ئازادانە ئەتانەوێ لەگەڵ عیراق بژین، یان ناتانەوێت، ئەو پرسیارە

نەکرابوو، وەک ریفراندۆمێکی گشتی ئەبووایە، ئەگەر ئەو پرسیارە لە کورد بکرابووایە، وا نەدەبوو، ئێمە گەڕاینەوە سەر ئەوەی تا دەوڵەتی عیراق دووبارە دامەزرێتەوە، با کورد فریای خۆی بکەوێت، ئەویش بە رێگای ریفراندۆمێکەوە، دیارە لەو سەردەمەدا هەموو دونیا لەگەڵ پرۆسەی ریفراندۆمەدایە، کەسیش ناتوانێت رێگات لێبگرێت، خۆی پرسیارەکەش تەنها یەک شتە، ئایا ئەتانەوێ لەگەڵ عیراق بمێنێنەوە یان ناتانەوێت... من پێمووایە ئەگەر حزبە گەورەکان لەگەڵ بوونایە، پرۆسەکە زۆر ئەچووەپێشەوە، بەڵام نازانم بەئەنجام ئەگەیشت؟ ئەوەیان نازانم... ئەو جۆرە ریفراندۆمانە ئەگەر هێزی گەورەی لەگەڵ نەبێت، سەرناگرێت، بۆ نمونە لە وڵاتێکی وەک ئەریتریا (ئەو وڵاتە لە 24 ی مایوی 1993 لە ئەسوبیا جیابوونەتەوە)، ئەگەر حزبە سیاسییەکان ئەو کارە نەکەن، دەرەوەش ئامادە نییە خەم لە ئەزموونەکەت بخوات و ئەگەر بشکرێت پشتیوانیت ناکەن، ئەوەی ئێمە کردمان تاقیکردنەوەیەک بوو، من ناوی لێئەنیم تاقیکردنەوە، هەروەها ئەوەی ئێمە کردمان کۆشش بوو بۆ وەرگرتنی رای گشتی، کە بەیانەکەمان بڵاوکرایەوە، کۆمەڵە گەنجێک بەپیر بانگەوازەکەمان هاتن، هەموو کەوتنە کارکردن.

ئێمە بارەگاو شوێنمان نەبوو، هەموو کۆبوونەوەکان لە ژوورەکەی من لە سەردەم کراوە، دیاربوو سەرەتا حزبەکان کاریان بەو مەسەلە هەبوو، لەبەرئەوەی لە بەغدا گوشاری زۆریان لەسەربوو، بۆیە ئێمەیان ئەویست، ئەوەشیان تەنها بۆ ئەوە بوو تا دەسکەوتێکیان دەست ئەکەوێت، ئێمە ئەوەمان باش ئەزانی، ئەوان رێگایان لێنەگرتین، بەئاشکراش پشتیوانیان نەئەکردین. کە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لە عیراق و لە کوردستان کرا، ئیمە لە نزیک سەندووقەکانی ئەوان سەندووقمان بۆ دەنگدان لەسەر سەربەخۆیی دانا، خەڵک خۆی ئازادبوو، دەنگ بدات یان نا... لە کۆتاییدا دەرکەوت کە ئەنجامەکی چاوەروانەکراوبوو، لە 86٪ دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دابوو. سەرەتا ئێمە زوو لە سلێمانی دەستمان پێکرد، پاشان درەنگ هەولێر هات، زانیمان ناکرێ شتێکی وابکەیت تەنها سلێمانی بێت و بەس، بۆیە پەیوەندییمان بە هەولێر بەست، بە دهۆک بەست، بە کەرکووک، وا نەبێ ناکرێ.. لەوانەی هەولێر (ئاسۆ کەریم)و (کاروان عەبدولا) هاتن و چالاکانە کەوتنەکار. بەو کارەی ئێمە گۆڕان لە شەقامی کوردستانی هاتەکایەوە،کە بیر لە ریفراندۆم بکاتەوە، وا بەئاسانی زۆرجار خەڵک تەسلیم نەبێت، ئەوەشمان ئەزانی بزوتنەوەکەمان کاتییەو تەواو ئەبێت، چونکە ئێمە حزب نەبووین، بەرنامەی هەبێت و بەردەوام بێت، کارێکەو تەواو ئەبێت.

ئێمە سەرۆک و بارەگاو شتی وامان نەبوو، پارەمان کۆئەکردەوە، هەر جارەو برێک پارەمان لە دەرەوەو لەناو خۆمان بۆ دەهات، دیاربوو بەقسەی حزبە گەورەکان ئەو

بزوتنەوەی ئێمە کاریگەری هەبووە، داوای کۆی دەنگەکانیان کردو بردیانە بەغدا، بەڵام کە کاریان پێ نەما، پشتیوانیان نەکردین، ئێمەش ئەوەمان ئەزانی.

**شێرزاد هەینی: ئێوە ئەو هەموو خەڵکەتان کۆکردەوەو ماندووتان کردن، پێتان ناڵێن بۆ نەما... بزوتنەوەکە چی لێ هات...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئێمە خۆمانیش ماندووبوین، سەرەتا پێمان وتن، ئەوە حزب نییە، ئەرشیفەکانمان ماوەو پسولەکانی دەنگدانەکان لە سلێمانی ماون.

**شێرزاد هەینی: دیارە جیهانی شێرکۆو دونیای سیحری شیعر زۆر گەڕان و سوڕانەوەی ئەوێت، تۆ بیرت نەکردیتەوە، بۆ نمونە ماوەیەک لە شاری قاهیرە بژیت، سەردانی وڵاتی سەیرو جەنجاڵی هیند بکەیت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** کە کاک (عەدنان موفتی) لە قاهیرە بوو، ئێستاش کە کاک (حازم یوسفی) نوێنەری یەکێتی نیشتیمانی لە قاهیرەیە، داوامکردووە، سەردانێکم بۆ سازبکەن، من نامەوێ سەردانێکی ئاسایی بکەم، من ئەمەوێ لە بنکەیەکی ئەدەبی، کەلتووری داوایەک بکرێت، بانگهێشت بکریم، میسرییەکانیش خۆشیان ئەوەیان پێخۆشە، لەو سەردانانەی ئەوان بۆ لای من داوایانکردووە، بۆ نا... قاهیرە یەکێک لە شارە گرنگەکانی جیهانە.

**شێرزاد هەینی: من مەبەستم ئەوە یە خۆت سەفەر بکەیت، تەنها خۆت، بۆ دیتن و زۆرتر ناسین و بە بیرهێنانەوەی کەلتووری ئەو ناوچەیە..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەوەش ئەبێ، بەڵام کەی دەبووایە ئەو هاوینە بووایە، بۆ وڵاتی دووریش من تاقەتی سەفەری دوورم نییە، بۆ دیتن و ناسینی کەلتوورەکانیش ئێستا ئەو شتانە ئاسان بووە، هەمووی لە بەرنامەکانی تەلەڤزیۆندا ئەبینیت. ڕاستە لە نزیکەوە هەست بە شتەکان بکەیت باشە، بۆ گەڕانیش کەم نەگەڕاوم لە ئەمریکاوە تا یەکێتی سۆڤیەتی جارانەوە هەموو وڵاتانی ئەوروپا.

**شێرزاد هەینی: کاتی خۆی هەمنگوای لە کوبا وەک ئەزموون ژیاوە...**

**شێرکۆ بێکەس:** بۆ نا... باشە لە قاهیرەش زمانەکەیان ئەوە عەرەبیەو سوودی زۆری ئەبێت. حەز ئەکەم.

**شێرزاد هەینی: کەواتە سەردانێکی وا سازبکە، لەوێ ڕۆژانە لە نزیکەوە هەست بە ژیانیان ئەکەیت، هەواڵیان دەزانی، ژیانیان دەبینیت.**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵام بەتەنها نا، ئەگەر هاوڕێیەکی لەمن بەدەستتر هەبێت، وەک من لە زۆر شتا تەمبەڵ نەبێت، خۆشە.

**شێرزاد هەینی: من لە سەری ساڵی ئیمساڵ بە گەشتێک چوومە میسر، دوو ڕۆژ لە قاهیرە مامەوە، جیهانێکی سەیرە، شوینەوارەکانی جێگەی سەرسوڕمانە، شارێکی ئاپوورەو نامۆیە، شەوو ڕۆژ ئاوەدانە. دیتنی زۆر پێویستە بەتایبەتی ئەگەر ماوەیەک**

**تێدا بمینێتەوە. لە دوو ساڵەی رابردوو کاک (دڵشاد عەبدولا) سەفەرێکی ئەو وڵاتانەی خوارووی ئاسیای کردبوو، تایلاندو فلیپین، دەیووت زۆر جوان بوو، زۆر خۆشە.**

****

# خــــەڵاتـــی نۆبــــــل

**مامۆستا پێوەری وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەب چییە، ئەو خەڵاتە ئەدرێت بە کام ئەدیب، کام ئەدەب شایستەی ئەو خەڵاتە گەورەو گرینگەیە..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** دیارە پێوەرەکە داهێنانی زۆر گەورەیە، کە داهینانەکانی تر رەت ئەدات، لەوانی تر تێبپەڕێت. وائەزانم ئەوەیان مەرجی سەرەکییە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا رەنگە هەندێ پێوانەی تری تێبەکەوێت، رەنگە پێوەری سیاسییش رۆڵی هەبێت، بەڵام نازانم چۆن و بۆ... راستە رۆماننووسی گەورەی عەرەب (نەجیب مەحفووز) مافی خۆی بوو خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی وەرگرێت، بەڵام من پێمووایە ئەگەر میسرییەکان و حکومەتی میسری لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل ئاشتیان نەکردبووایە، رەنگە ئەو خەڵاتەکەی وەرنەگرتبووایە، بەشێک لەو ئەدەیبانەی لە خۆرهەڵاتی ئەوروپا کە ناوەکانیانم لە بیرچویتەوە، خەڵاتی نۆبلی ئەدەبیان وەرگرتووە، من لام سەیرە دەقە وەرگێردراوە عەرەبیەکانم خوێندیتەوە، هەست بە ئاستێکی باڵاو دیار ناکەیت، جاری وا هەیە ئەدیبی وا خەڵاتەکە وەردەگرێت، ئەوەندە ناسراوو شایستە نییە، کەچی کەسانی کاندیدکراوی ناسراویش خەڵاتەکەی بەرناکەوێت، بۆ نمونە تا ئێستا (میلان کۆندیرا) خەڵاتی نۆبلی وەرنەگرتووە، لە کاتی خۆی (کامۆ) خەڵاتەکەی وەرگرت، بەڵام کازانتزاکی وەرینەگرت، بۆیەش کامۆ نامەیەکی بۆ ئەنووسێت ئەڵێ خەڵاتەکە بۆ تۆ شیاوتربوو.

**شێرزاد هەینی: (ئەلفریدە یلینیک)ی نەمساوی کە خەڵاتەکەی وەرگرت، دوو سێ رۆمان و شانۆنامەی هەیە، لەناو وڵاتەکەیدا بە فاشیش ناویان هێناوە، حەزیشی لێناکەن، خۆشی لای سەیربوو، بۆ وەرگرتنەکەشی ئامادە نەبوو، وتی لە قەرەباڵغی دەترسێم. دەکرێ بوترێت (نەجیب مەحفووز) لە رۆمانی (اولاد حارتنا) ئەگەر رەخنەی لە کولتووری ئیسلام و عەرەب نەگرتبووایەو مەلاکان و الازهر هەڕەشەیان لێنەکردبووایە، یان (ئورهان پامۆک) نووسەری رۆمانی (بەفر)، ئەگەر داکۆکیان لە**

**ئەرمەن و بە شەرمەوە لە کورد نەکردبووایەو توندرەوە تورکەکان دژی نەبوونایە، ئەو دوو رۆماننووسە خەڵاتیان وەرنەدەگرت، واتە ئەوانە لەناو وڵاتدا، لەگەڵ دەسەڵاتدا، لەگەڵ کولتوورەکەی خۆیان دژایەتیان نواندووە، بەرهەڵستیان کردووە، بۆیەش بەو خەڵاتە دەستخۆشیان لێکراوە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** داهێنان خۆی بەگشتی جۆرێکە لە بەرهەڵستی و رەفز، بەڵام کەسێکی وەک (نەجیب مەحفووز)و (پامۆک) ئەگەر بە جۆریکیتریان نووسیبووایە ئاوڕەیان لێنەدەدرایەوە.

**شێرزاد هەینی: پامۆک کە باسی کۆمەڵکوژییەکەی ئەرمنی کردووە، بۆیە شایستە ی ئەو خەڵاتەبووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** راستە ئەگەرنا بۆ رۆماننووسێکی گەورەی وەک (یەشار کەمال) خەڵاتەکەی وەرنەگرت، بۆ رۆماننووسێکی گەورەی ئیتالی (ئیمبیرتۆ ئیکو)ی نووسەری رۆمانی (گوڵەباغ) خەڵاتی نۆبلیان وەرنەگرتووە.

**شێرزاد هەینی: مامۆستا ( ئۆرهان پامۆک) توانی ناوی کوردو ئەرمەن، لە تورکیا لە بازنەی قەدەغە دەربهێنێت..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من (بەفر)ەکەو (ماڵە بێدەنگەکە)و (ناوم سوور)ەی ئەوم خوێندوتەوە، لەناو رۆمانەکە ناوەکان ئەهێنێت، هەموو کولتوورەکان بەسەرئەکاتەوە، دەمارگیرییەک لە نووسینەکانی بەدی ناکەیت، ئەو لە رۆمانی (بەفر)دا شارێکی خەیاڵی دروستکردووە، هەموو پێکهاتەکانی تێدا کۆکردیتەوە، لە ئیسلامی سیاسییەوە بۆ کورد، بۆ تورک و ئەرمەن، ئەو شارەی ئەو باسی ئەکات نموونەی خەیاڵی ئەوە.

****

**شێرزاد هەینی: ئەگەر ماوەی ژیانت و مانەوەت لە وڵاتی سوید کۆکەیتەوە ماوەیە کی درێژی تەمەنتە، دیارە ئەو ماوەیە لەو وڵاتە کارت نەکردووە، ئەو کۆمۆنەی تێدا ژیاویت، وەک منیش کە وام، تۆی ژیاندووە، دەرمانی بۆ دابین کردوویت، کرێ خانووی بۆ داویت، بۆ ئەو یارمەتیەی کە بۆ خۆت و خێزانەکەت پێشکەشیان کردوویت، چییان پێ دەڵێت، هەستت چی بووە کە مانگانە ئیستمارەی یارمەتیت پڕکردیتەوە، کە سەردانی دەزگای کاردۆزینەوەت کردووە، کە داوایانکردووە، کە پێیان وتوویت، دەبێ کار بکەیت، کارکردن بۆ دوارۆژت زۆر شتت بۆ مسۆگەر دەکات، ئەو هەموو پرۆسەیەت چۆن بەڕێکرد...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من بە گەنجی نەهاتوومەتە ئەو وڵاتە، خۆشم بە ئارەزووی خۆم نەهاتووم، من لە رەوشێکی سیاسی زۆر خراپ هاتووم، کە من هاتووم بە ڤیزای

خۆیان هاتووم، ئەوانە کۆمەڵە مەرجن کە رەنگە لەلای خەڵکی تر نین، کە من پێم هاویشتووتە ئەو وڵاتە تەمەنم 47 ساڵ بووە، وەک هەموو پەناهەندەیەک لەو وڵاتە بەپێی سیستەمەکەیان چوومەتە بەر خوێندنی زمانەکەیان، ئاسایی دەوامم کردوە، لەبەر ئەو بارودۆخانەی کە پەیوەست بوون بە من، نەمتوانیوە لە زمانەکەیان بەردەوام بم، بەڵام من ژنەکەم کاریکردووە، من ئەگەر لە تۆ بپرسم چ کارێک بکەم، دیارە کەوا ئێستگەکانی تونێلبانی شەمەندەفەرەکان بە من پاک ناکرێتەوە، بڕوا ناکەم هیچ کارێ هەبێت بە من بکرێت، من ئەو رەوشەی خۆمم لە کاتی خۆیدا بەراشکاویی پێموتوون، ئەوانیش لە من تێگەیشتن، بەڵام سەرچاوەی سەرەکی بۆ ژیانی من بەتەنها پابەند نەبووە بە سۆسیالەوە، پەیوەندەی بە یەکێتی نووسەرانی سویدەوە هەبووە، زووتر من ئاماژەم پێدا کە (فۆرفاتەرێ فۆربوند ـ یەکێتی نووسەران) ساڵانەو دوو ساڵ جارێک و بۆ چەند جار پاداشتی داوە پێم، پارەی باشم لەوان وەرگرتووە، پارەکان زۆربوون، بۆ نمونە 60 هەزارو 70 هەزار کرۆن، کەمترین 40 و 50 هەزار چووتە سەر کۆنتۆیەکەم، پارەی زۆربوون، من ئەو پارانەم وەرگرتووە.

من لە سەرەتاوە مانەوەی خۆم لێرە بە کاتی زانیووە، من لە ژیانمدا بێجگە لە نووسین هیچ کاری ترم نەکردووە، من کاری تر نازانم، من کارم بۆ ئەوە کرد لە یەکێک لە کتێبخانەکان دامبنێن، لەوێ کار بکەم سەری نەگرت، وتیان زمانەکەت باش نییە. بەردەوام دەچوومە دەزگاکانی کاردۆزینەوە، ئەوساش وەک ئێستا وا توند نەبوون، من رەوشەکەی خۆمم باس دەکردو تەواو.. کارەکە کەوتەوە لای خۆیان، من پێمووتن، کارێکم بۆ بدۆزنەوە بە من بکرێت، ئامادەم، ماوە ماوە سەردانم ئەکردن.

**شێرزاد هەینی: ئێستا لەسوید وەک خانەنشین و مووچەو پاداشت چی و چەند وەردەگریت..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** وا بزانم مانگانە نزیکەی 500 کرۆنم هەیە، بەناوی خانەنشینی لەبەرئەوەی من لێرە کارم نەکردووە، ساڵێک پارەکەیاندا، پاشان وتیان ئەبێ خۆی بێت، ویستیان بزانن من ئەو کەسەم، ئەو پارەیە هیچ نییە، من داوای خانەنشینی نووسەرانم کردووە، من تەمەنی یاساییم تێپەراندووە، بەڵام خەڵکێکی زۆرم لەپێشە، لەبەرئەوەی ئەمجارە ماوەیەکی زۆر بوو سەردانی دەزگاکانم نەکردبوو ناوەکەم نەمابوو، لەبەر سەردانی نەخۆشخانەکان و پارەی زۆری دەرمان دەبووایە بچمەوە ناوەکەی خۆم زیندوو بکەمەوە. من پارەی سەفەریشم لە یەکێتی نووسەرانیان وەرگرتووە، ئەوان زۆرتر بۆ نووسەرەکان خۆیان ئەو رەوشە ساز دەکەن، تا سەفەر بکەن و بواری کاریان سازکار بێت، ئێستاش (نسرین)ی هاوسەرم هەفتانە دوو رۆژ کاردەکات، کچەکەم و زاواکەم لەگەڵیان ئەژین، بەیەکەوە کرێیەکان ئەدەن.

**شێرزادهەینی: چاپی بەرگی دووەمی دیوانەکەت، بەرگێکی ناشایستە،چاپێکی خراپ، بۆ؟**
**شێرکۆ بێکەس:** ئەو چاپەمان لە سلێمانی بە کۆپی کرد، وا بزانم 500 دانەبوو، کەمیان هێناوەتەوە ئێرە، تۆ چۆن ئەو دانەیەت دیوە، کەم هاتووە، لەگەڵ چاپخانەی رەنج رێککەوتووم، هەموو دیوانەکانم چاپ ئەکاتەوە، بە شەش بەرگ چاپیان بکاتەوە، تا دیوانەکانی ساڵی 1997، لەنێوان 70 هەتا 80 هەزار دۆلاری ئەوێت، ئەو پارەیەش زۆرە، بەنیازن ئەوان بیکەن.
**شێرزاد هەینی: بیرت لەوە نەکردیتەوە، خۆت دەزگایەکی سەر بە خۆت هەبێ و دیوانەکانت چاپ بکاتەوە..؟**
**شێرکۆ بێکەس:** من تاقەتی شتی وام نییە.
**شێرزاد هەینی: حەزت دەکرد لە کاتی خۆی ژمارە، یەکی یەکەمین رۆژنامەی کوردی رۆژانە کە (کوردستانی نوێ)یە لە سلێمانی دەرچووبوایە...؟**
**شێرکۆ بێکەس:** من لە سەرەتای دەرچوونی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ئاگاداربووم، لەوانەی کە پرسیان پێکراوە من بووم، بەلای منەوە جیاوازی نییە لە کێ دەرچوو، من وا بیر ناکەمەوە، ئەگەرچی من لە کوردستانی نوێدا نووسینم کەمە، بەڵام لە ژمارەکانی پێشەوەیان هەندێ شیعرو نووسینم هەیە.
**شێرزاد هەینی: لەبەرئەوەی ئەو دەمانە تۆ لەسلێمانی بوویت نوسینت کەم بوو؟**
**شێرکۆ بێکەس:** نەخێر .!! چاپخانە نەبوو، بەشی زۆری نووسەرەکانیش لەبەر کارەکانیان لەهەولێر کۆببوونەوە.
**شێرزاد هەینی: دیارە ئێستاش لە سلێمانی چاپخانەی خۆیان هەیەو باش دامەزراوە، گۆڕینی ئاسان نییە، شوێنەکەی باشە، کە بە شێوەیەکی باش و بە چەندین پاشکۆوە دەردەچێت، مامۆستا بڵێت و نەڵێت تۆ لەسەر یەکێتی نیشتیمانی حیساب کراویت، لەو ماوەیەدا یەکێتی چی بۆ تۆ کردووە، تۆش چەندت بۆ یەکێتی کردووە...؟**

شێرکۆ بێکەس : (بە پێکەنینەوە) لە پێش هەموو شتێکدا با من ئەوە بڵێم، بۆ نزیکی هیچ لایەک بە قەد یەکێتی لە منەوە نزیک نییە، دۆستایەتی یەکجار تێکەڵی زۆریشم هەیە، بەڵام من حزبایەتیم نەکردووە، وەک کاری رێکخستن و شتی وا... من هەمیشە شانازی بەو دۆستایەتیە ئەکەم، هەرگیز لەوەش پەشیمان نیم، من لە رۆژە هەرە سەختەکان لەگەڵ یەکێتیدا یەکترمان ناسیوە، لە رۆژی خۆشییدا نەبوو، من بۆ بەرژەوەندی ئەوەم نەکردووە، بەپێچەوانە کە تۆ لەباردۆخێکی زۆر سەختدا لە شارەوە بۆیان بنووسیت، لەو دەمانە گرتنی نامەیەک دیارە چارەنووسەکەی چیبووە، گەورەترین فەزل کە بەسەرم منەوە هەیانبووە کە بەردەوام ئاوڕیان لە خێزانەکەم

داوەتەوە، یارمەتیان داون، هەروەها منیان ژیاندووە، کە لە وڵات دەرچووم یارمەتیان داوم، تا ماوەیەکیش کە لە ئەوروپاش بووم یارمەتی من و منالەکانمیان داوە.

پێش ئەوەی من بۆ یەکێتی بنووسم، من بۆ قەناعەتی خۆم شتەکانم نووسیوە، ئەوان چەند سوودیان لە من دیوە، من کارم بەوە نییە، ئەو دەمانە شیعرەکانم رۆحێکی تر بوون بۆ بەرگری و شۆرش، بەبێ زێدەرۆیی شیعرەکان لە هەگبەی زۆری پێشمەرگەکان بوون، هەموو پێشمەرگەیەک ئەگەر لەو شاخانە خۆشەویستێکی هەبووبێت شیعرەکانی من بوون، جارێکیان یەکێک لەو پێشمەرگانە نامەیەکی بۆم نووسیبوو، کە هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە، پێشمەرگەکە ناوی (بهادین) بوو، لەناو پێشمەرگەکان بە (بهادینە کوێر) ناسرابوو، پێشمەرگەیەکی ئازابوو، وتبووی من حەز ئەکەم بکوژرێم بە مەرجێک (شێرکۆ بێکەس) شیعرێکم بۆ بنووسێت، پاشان لە یەکێک لە شەرەکاندا شەهیدبوو، بەڵام من شیعرم بۆ نەنووسیوە، ئەمەوێ شتێکی زۆر تایبەتی بۆ بنووسم، من وا بزانم یەکجارم دیبوو، نامەکەشی نامەیەکی پێشمەرگانەبوو، بە داخەوە نامەکەم نەماوە.

من هەرچیم کردبێت لەبەر یەکێتی نەمکردووە، لە پێش یەکێتی من لەبەر مەسەلەی کورد کردوومە، لەبەر کێشەیەک لە هەموومان گەورەترە، ئەوەشیان لەلای منەوە زۆر گرینگە، بۆیەش ئەو خۆشەویستیە لەلای منەوە بۆ یەکێتی بەردەوام بووە، ئەوانە ئومێدێکی گەورەیان دروستکردەوە، ئەوەش هۆکاری سەرەکییە کە من لەوان نزیکم، لە نێوان من و یەکێتییدا ئەوە نەبووە من چییان بۆ بکەم، تا ئەوان ئەوەم بۆ بکەن، ئەو پەیوەندییە بە سروشتی هاتووە، لە قەناعەتەوە هاتووە، لەئەنجامی براوبوونەوە هاتووە، لەوە هاتووە کە من نەمتوانیوە پێشمەرگەی چەکهەڵگری ناو سەنگەربم، باشە ئەدی من چیترم پێ ئەکرێت، من بێجگە لە قەڵەمەکەم چیترم پێنەبووە، من رۆحی خۆم داوە بە مقاومەت، ئەوانیش خۆشەویستی و دۆستایەتی و رێزیان بە من پێشکەشکردووە.

**شێرزاد هەینی: تۆ شیعرت بۆ شەهیدانی حزبەکانی تری بێجگە لە یەکێتی وتووە، ئەوانێش قوربانی زۆریان داوە، وەک سۆسیالیست، پارتی، شیوعی، زەحمەکێشان شیعرت نووسیوە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەراستی من ئەوانم نەناسیوە، بۆ نووسین ئەبێ نزیکبوونەوەیەکی رۆحی هەبووبێت، ناسین و تێکەڵابوون بووبێت... ئەگەر نەمناسیبێت، ئەو شەهیدە زووتر ناو بووبێت، بۆ نمونە من لە نزیکەوە(نەجۆ)م نەناسیوە، من قەسیدەیەکی درێژم بۆ (بەیان) نووسی، کە پێشمەرگەی کۆمەڵەی ئیران بوو، ئەوم نەناسیوە، بەڵام ناوێک بووە. سومبوڵێ بوو، بەڵێ من کوردستانیانە بیرم کردۆتەوە. فوئاد سوڵتانی، د. جەعفەر،

سالَح یوسفی، د. قاسملو، شەرەفکەندی، ئەحمەد حەلاق ئەمانە هەموو هاتوونەتە ناو شیعرەکانمەوە.

**شێرزاد هەینی: بۆ نمونە لەکاتی خۆیدا پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی شەڕێکی قارەمانانەیان لەگوندی هەنارەی بن مەسیف سەلاحەدین کرد،باسی ئەوانەو زۆریتر؟**

من لە دیوانی خاچ و مارو رۆژمێری شاعیرێک یەکێک لە قارەمانەکان ناوم هێناوە، (ئەحمەد حەلاق)ە، کە یەکێک بووە لە قارەمانەکانی قیادەی مەرکەزی، من ئێستا شتم ناهێتەوە بیر، ئەگینا نمونە هەیە باسی بکەم، نەخشەیەک هەیە، هەموو قوربانیەکانی تێدایە.

**شێرزاد هەینی: شیعرێکت بۆ دکتۆر (شەفیعی) نووسیبوو، دۆستایەتیت هەبوو لەگەڵ ئەودا؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ... ئەوم ئەناسی، یەکترمان دیبوو، لەسەرەتای دروستبوونی مقاومەت گەیشتووتە قەندیل، دکتۆربووە، لەوێ فریای پێشمەرگە کەوتووە، کە ئێمە هاتینە (بەرگەڵوو)، ئەوان لە پشتی (مالومە)بوون، نزیک بوون لە ئێمە، من مانگانە ئەچووم، لەوێ کۆڕم ئەگرت، شەوانە، رۆژانە بەیەکەوە ئەماینەوە، لەوێ ئەوم ناسی، وەک چۆن ئەوانی ترم ناسیبوو، بەداخەوە بە کارەساتی ئوتومبێل مرد، ژنەکەی لێرەیە لە شاری ئوبسالایە.

**شێرزاد هەینی: کەسێکی بەجەرگ بووە، دکتۆرێک لەو رۆژانە بێتە ناو کوردستانی باشوورو خزمەتی ئەو هەموو کەسانە بکات کارێکی زۆرە، سەرەتا خەڵک وایان زانی قەسیدەکەت بۆ (عبدالرحمن قاسملو)یە، بەڵام کە دیوانەکەت چاپکراو نووسرا، ئینجا زانرا شیعرەکە بە کێ پێشکەشکراوە..**

**شێرکۆ بێکەس:**بەڵێ،زۆربەی خەڵکی وایان ئەزانی، من سێجار پەخشانم بۆ قاسملوش نووسیوە.

**شێرزاد هەینی: کەس هاتووەو بڵێت کاتی خۆی لەسەر دیوانێکی تۆ، ئەوانەی لە شاخ چاپ کرابوون، من گیراوم...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** شتی وام دێتەوە بیر، خەڵک لەسەر شیعری من ئازار درابێت، دوو سێ جار خەڵکی وام دیوە، ووتویانە لەسەر شیعری تۆ ئازار دراوم.

**شێرزاد هەینی: من لە هەولێر لە ژووری میوانانم کە ژوورێکی گەورەبوو لە سەرەوە، لەبن بنمیچەکەی کونێکم کردبوو، کونەکەی پشتەوەی دەڵاقەیەکی گەورەبوو، زۆر شتی ئەگرت، لەو کوندا لەبیرمە چوار بڵاوکراوەی شاخم هەڵگرتبوو، یەکێکیان زۆر کۆن بوو، کۆکراوەی چەند ژمارەیەکی گۆڤاری (کۆمەڵە)بوون کە پێش هەشتاکان کۆکرابوونەوەو لە بەرگێکدا چاپکرابوون، گچکەبوو، سێ بڵاوەکراوەی یەکێتی نوسەرانی شاخیشی تێدابوو، یەکیان (هەڵۆی سوور)ەکەی تۆو (ئایا تاوانبارە)، شانۆنامەیەکی دکتۆر (فەرهاد پیربال)و رۆمانێکی وەرگێردراوی (حەمە کەریم**

**عارف)بوو، کە پێم وتن، داوایانکردنەوە، منیش هەردووکم بۆ گێرانەوە، زۆریان لا خۆش بوو، دیارە لەلای خۆیان نەبووە، کونەکەم بە تابلۆیەک داپۆشیبوو.**

**شێرکۆ بێکەس:** دیارە تۆ لەوانە باش بوویت، تەواو پێچەوانەی منی.

**شێرزاد هەینی: هیوادارم سەفەرەکی قاهیرە بکەیت، ببینە لەو قاهیرەیە چۆن لەهەموو کۆڵانەکان چۆن ریز بۆ نان ئەگرن، ژن و پیاو سەبەتی نانیان لەسەر سەرە، ئەو شارەی مەڵبەندی هونەرو پێشکەوتن بوو، ئێستا یەکپارچە رەشپۆشە، ئەو دیمەنانە بە چاوی خۆت ببینە، ئەو شەقامانە هەمووی زبڵدانە. لە مۆزەخانەکەشی شارستانیەت و مێژووی هەموو بەشرییەت لەوێ دەبینیت.**

**شێرکۆ بێکەس:** هەموو هزری دواکەوتووی ئیسلامی وای لێکرد، منیش حەز دەکەم، ئەو شارە ببینم بەڵام بە تەنها ناکرێت، هەموو بزاڤە ئیسلامیەکان لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، لەوێوە هاتووتە ناو جیهانی ئیسلامی.

**شێرزاد هەینی: حەزت دەکرد کوڕو کیژەکانت لە بواری ئەدەب و هونەر نزیک بن، شیعریان بنووسیبوایە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئاواتم ئەوە نەبوو، بەڵام ئەگەر وا بووایە پێم خۆش ئەبوو، (هەڵۆ)ی کوڕم بەهرەیەکی باشی تێدابوو، لە کاتی خۆی لە سوید گۆڤارێک بۆ گەنجان دەردەچوو،"دیدار" ئەو یەکێک بوو لە نووسەرە چالاکەکانی، پاشان کەوتە ناو کارو کاسبی، دوور کەوتەوە، بۆ ژیان لە وڵاتانی بەلتیک کەوتە کارکردن، ئەگەرنا یەکێک لە بێژەری هەموو ئاهەنگە کوردییەکان بوو، بەهرەی بێژەری تێدابوو.

**شێرزاد هەینی: نووسەرێکی گەورە هەیە، کەم ناوی دەردەکەوێت، دکتۆر (عەزیز گەردی)یە، نێوانتان چۆنە، کەی دیوتە ..؟**

**شێرکۆ بێکەس :** (عەزیز گەردی) یەکێکە لەوانەی من زۆرم خۆش ئەوێت، پیاوێکی گۆشەگیرە، بەڵام رەنجدەری بەبەرهەمی بەتاقەتی بەرەوشتی بەرزە، ئەو لە مێژووی ئەدەبەکەمان جێگەیەکی تایبەتی هەیە، بەتایبەتی کتێبە وەرگێردراوەکانی، بۆ نمونە کتێبەکەی (رەسووڵ حەمزاتۆڤ) داغستانی من، یەکێکە لەو کتێبانەی کاتی خۆی هەمووومان خوێندوومانەتەوە، تا ئێستاش کتێبێکی زۆر باشە، لەدەزگای سەردەم چەند کتێبێکی چاپکردووە، زۆرمان لەگەڵ کرد ژمارەیەکی گۆڤاری (رۆڤار)ی لەسەر دەربکەین، بەڵام ئەو رازی نەبوو، زۆرمان کۆشش لەگەڵدا کرد نەیکرد.

**شێرزاد هەینی: دەزگای موکریانی لە هەولێر بەشێک لە بیرەوەرییەکانی نیلسۆن ماندێلای بۆ چاپکردم، هەر ئەو رۆژە من لەناو قەیسەریەکەی هەولێر دەرۆیشتم، ئەو لەگەڵ دکتۆر (کەمال مەعروف) رووبەرووم هات، چەند ساڵە بوو من ئەوم نەدیبوو، لەوێ منی راگرت، وتی کتێبەکەی ماندیلا کارێکی باشە، بەڵام بۆ تۆ لە ناوەندی بیرەوەرییەکانەوە کارتکردووە، نەدەبووایە لە سەرەتای ژیانییەوە دەست پێ بکەیت،**

**چونکە لە دەقە ئینگلیزییەکەی هەموو ژیانی ئەوەی تێدایە، هەر لە منالّییەوە تا بوویتە سەرۆک کۆماری باشووری ئەفریقیا، منیش سوپاسم کرد کەوا چەند زوو کتێبەکەم دییەو تێبینی لەسەر هەبووەو لەگەڵ دەقە ئەسلییەکەی بەراوردی کردووە، پیاوێکی زۆر ئاگادارە، سەرچاوەی زۆرە، من لە کۆتایی هەشتاکان، لە ئەملاکی شارەوانی هەولێربووم، ئەو هاتە لام، زۆرم هاندا پارچە ئەرزێک بکرێت و خانوویێکی نوی بکات، تا لە ماڵە نوێیەکەی جێگەی کتێبە زۆرەکانی بکاتەوە، ژێرزەمینێک بکات، دیوەخانێکی گەورە بکات، تا کتێبەکان دیاربن، هەر وا لەبن قاڵدرمەی کۆنە خانووەکەی نەبێت، باش بوو ئەرزێکم بۆ کڕی، نەخشەم وەک نەخشەکانی ئەو دەمانە بۆ کردو خانووەکەی تەواوکرد، ئەو کاتانە کتێبخانەیەکی گەورەی بە هەموو زمانەکان هەبوو.**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەو تێکەڵابوونی کەمە، نە دەچێتە نادی، نەئەخواتەوە، نەجگەرە ئەکێشێت، لەبیرمە کەوەزیربووم بۆ مەسەلەی زانکۆکەی وابزانم شتێکم بۆ کردووە، پیاوێکی خۆشەویستە من زۆرم خۆشئەوێت، ئیشکەرە جێ دەستی دیارەو زۆریش بەرێزە.

**شێرزاد هەینی: بۆ مەسەلەی یەکێتی رێنووسی کوردی، تۆ وەک شاعیرو بەرپرسی دەزگایەکی گەورەی چاپ و پەخش چییت کردووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس :** من لەگەڵ ئەو رێنووسە ئەرۆم لەسالانی حەفتاکانەوە پەیرەوکراوە، من لەگەڵ بەشێک لەو رێنووسانە نیم، بەتایبەتی ئەوانەی کۆمەڵەیەک وشە بەیەکەوە ئەنووسێنن، کەدرێژی ئەکەنەوە من لەگەڵ ئەوەدا نیم، ئەو وشە درێژە سەرت لێ تێکەئەدات، ئەتچەقێنێت، جوانترین شت کە بۆ ئەو مەسەلەیە کرا کۆبوونەوەیەک لەهەولێرکرا، ئێمە لەسەردەم لەسەر ئەو بەرنامەیە ئەڕۆین، کە لەکۆنگرەکە دانرا.

**شێرزاد هەینی: ئێوەش وەک دەزگای ئاراس رێنووسی تایبەتی خۆتان هەیە، بە نووسینەکاندا دەچنەوەو رێنووسەکەی خۆتان دەچەسپێنن.؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ... ئێمە رێنووسی خۆمان هەیە، لەبەرئەوەی ئەوە وەک لە هەموو وڵاتانی دونیا لە رێ رێکەوتنێک، یان بە یاساییەکە نەهاتووە، ئەوەی هەیە بە ویست و ئارەزووەکان بووە، وای لێهاتووە هەر یەکەو رێنووسێکی تایبەتی خۆی هەیە، من رێنووسیکم هەیە، تۆ رێنووسێکت هەیە، تۆ کە زمانێکی ستاندارت نەبوو، ناتوانی رێنووسێکی ستانداریشت هەبێت.

**شێرزاد هەینی: دۆستایەتی (شێرکۆ بێکەس) لەگەڵ دەزگای ئاراس و بەرپرسەکەی (بەدران ئەحمەد حبیب) چۆن دروستبوو... بۆ یەکەمجار زۆر پرسیارکرا کەوا شێرکۆ بێکەس لە دەزگای ئاراس کتێب بڵاوو چاپ دەکات...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** زۆر بەئاسایی، من دوا کەس بووم لە ئاراس کتێب چاپ بکەم، من بەئاسابییم زانی، من لە هەولێر چەند جارێک لەگەڵ بەدران دانیشتم، لەگەڵ کاک (دڵشاد عەبدولا) من ناسیم، بەراستی ئەو زۆر چووە دڵمەوە، پیاوەکە گوێت لێ ئەگرێت، ئەوەش زۆر گرینگە، دوای ئەوەش پیاوێکە شتی پێیە، کەسێکە بۆش نییە، لە فیکرو لە قەڵەمەکەی قسەی رووبەرووی هەیە. ئەشێ من لەگەڵ هەموو شتێکیدانەبم بەڵام ئەو ئازادە، خۆشی جۆرێک لە ئیعجابی بە شیعری ئێمە هەیە، هەر جارێک چووم بۆ هەولێر داوەتی کردووم کێم لەگەڵ بووبێت، هەموویان رێزیان گیراوە، پیاوێکی دەست و دڵ باشە، قسەی خۆشە، ئینسان لە دانیشتنەکانی بێزار نابێت، پاشان خۆی داوای کردو وتی حەز ئەکەین شتێکت بۆ بکەین، ماوەیەک داواکەم دواخست، وتم نەوەک خەڵک لێکدانەوەی خراپی بۆ بکات، ئەگەرچی ئەو لێکدانەوانەش بۆ من ناکرێت، ئێستا لە کوردستان هیچ نەماوە، هەر ئەو دیوانە بوو، ئەوو دیوانی بێکەسشیان چاپکردووە من خراپەم لینەدیووە!.

**شێرزاد هەینی: کە دیوانەکەت لە دەزگای ئاراس دەرچوو، خەڵکی چییان وت، بەتایبەتی برادەرانی یەکێتی...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** هیچ... ئەو چ کاری بە من هەیەو من چ کارم بەو هەیە، لە راستیدا کە دوو دەزگای گەورە لە وڵاتێکدا هەبێت، دەبێ ئەو دوو دەزگایە پەیوەندییان باش بێت، واتە دەزگای سەردەم و دەزگای ئاراس، هەتا ئەگەر لە رێگای کەسی دووەمیشەوە بێت، ئەگەر راستت ئەوێ ئەبێ بەرنامەی هاوبەشمان هەبێت، کاری هاوبەش بەیەکەوە بکەین، باسیشمان کردووە. هەموو سەرکردە سیاسیەکان،کادرەکان موو بە بەینیاندا ناچی یەعنی ئەگەر دەزگای ئاراس و سەردەم نزیکن لەیەکەوە یان کتێب لای یەکتری چاپبکەن چییە؟! خراپە ئەی چی بکەین شەرە کتێب بکەین؟!

**شێرزاد هەینی: ئەو هاوکارییە پێویستە بۆ یەکێتی رێنووس، کارنامەو پێشانگاو؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئێمە بەیەکەوە ئەتوانین زۆر کار ئەنجام بدەین.

**شێرزاد هەینی: بەرهەمەکانیان جوان و باشە.**

**شێرکۆ بێکەس:** جوانن، بەڵام هەندێ جار بۆری کەوتووتە ناو بەرهەمەکانیانەوە، ئەگینا دەزگایەکی بە برشتن، بەرنامەیەکیشیان هەیە کە پاداشت نادەن بە نووسەر.

**شێرزاد هەینی: تۆش کە دیوانەکەیان بۆ چاپکردیت، پارەت وەرنەگرت؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نەخێر، بەڵام کۆمەڵەک کتێبیان بۆ ناردم.

**شێرزاد هەینی: چاودێری مالی سەردانی دەزگاکەتان دەکات...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەی چۆن.! هەتا ئێستا دووجار هاتوون، لەساڵی 2004 و 2007 تا ئێستا کێشەی گەورەمان نەبووە.

**شێرزاد هەینی: لە دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی شاخ نووسەری سەر بە پارتیتان تێدابوو...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەوەندەی من بزانم ئەوانەی لە یەکێتی نوسارنی کورددا لەشاخ و لەسەرەتادا دەوری لەبەرچاویان بووبێ: (رەفیق سابیر)و(ئەحمەد دڵزار)و(حەمەی حەمەی باقی)بوون، لەدوایشدا(حەمە موکری)و (حەمەکەریم عارف) گەورەتریان کرد، دواتر ئێمە. بەڵام بۆ ئەوەی پارتیمان تێدا بووبێت باوەرناکەم بۆ ئەمەیان ئەگەر پرسیار لە(حەمەی حەمە باقی)و (رەفیق سابیر) بکرێت باشە.

**شێرزاد هەینی: مامۆستا ئەوە چەند جارە بەیەکەوە دانیشین، تۆ بەردەوام قەمیسی رەشت لەبەرە، بۆ...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من حەز لە رەنگی رەش ئەکەم.

**شێرزاد هەینی: لەمێژە قەمیسی رەش لەبەر ئەکەیت...؟**

**شێرکۆ بێکەس: :** لەمێژە!.

**شێرزاد هەینی: لەماڵەوە رێنماییت ئەکەن، ئەوان سەیرت ئەکەنەوە، کامیان جوانە، کامیان لەگەڵ کامیان ئەوەشێتەوە.**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەی چۆن، ئەوەش بەپێ گونجانی رەنگی جلەکانەوە ئەبێت.

***

## دانیشتنی نۆیەم

شوێن: کافتریاکەی سەنتەری گەڕەکی (رینکبی) لە ستۆکهۆلم.
رۆژ: 13 ی یونیۆی ساڵی 2008.
ماوەی تۆمارکردنەکە: 76 دەقە.

**(من برایەکی شیریی گاورم بەناوی (جۆرج) هەبووە، نازانم ماوە یان نا...!)**
شێرکۆ بێکەس

ئیمرۆ دانیشتنی ژمارە نۆیەممانە، بەیانیەکەی رۆرژێکی خۆشە، لەسەر مێزێکی باریکی تەسکی ژوورەوەی کافتریاکەی (رینکبی) دانیشتووین، تا من کۆمپیوتەرەکەم داگیرساند مامۆستا (شێرکۆ بێکەس) قاوەیەکی تاڵی بۆ منیش هێنا، بۆ خۆشی قاوەی دووەمی هێنا، دیارە ئەو زۆر زووتر هاتبوو، بۆیە زوو قاوەیەکی بە شیرو بە شەکری تایبەتی خۆی نۆشکردبوو، لە کافتریایەک کە هەموو دانیشتووەکانی سۆمالی و کەسانی ئەفریقین، ئەوانە فێرن کە بە دەنگی گەورە قسە دەکەن، نەرم نەرمیش گۆرانیەکی تورکی لە ریکۆردەکە دەنگی دەهات، کە سەماعەکەی لەسەرەوەی ئێمەبوو، کوڕە شاگردەکە باش بوو داوامانکرد دەنگەکەی کەمێ کەم کردەوە.

## رەفیق چالاک

**شێرزاد هەینی: مامۆستا لە چەند رۆژی رابردوو ناوی هونەرمەند (رەفیق چالاک)ت هێنا، ئەو کەسە فرە بەهرەبوو، چۆنت ناسی، کەی و چۆنو ئەو پیاوە لە کام بواردا دەسترەنگین بوو....؟**

**کە ناوی (رەفیق چالاک)م هێنا هەستم کرد ئەو رەنگی گۆڕا، رووخۆش بوو، هەستم کرد خوێنی زۆرتر گەیشتە رروومەتەکانی، ناوی ئەو بەراستی زۆری گەشاندەوە.**

**شێرکۆ بێکەس:**

بێگومان (رەفیق چالاک) دەستنیشانی قوناخێکی گرنگ دەکات بەتایبەتی لە شانۆی کوردی و لە نواندنی کوردی لە رادیۆدا، بەر لەوە حەز دەکەم سەرەتا ئاماژە بەوە بدەم، ئەو لەگەڵ ئێمە خزمایەتی هەبووە، پوورزای دایکم بووە، ئەوە هەیە وەک باکگراوند، بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1956 و 1957دا تەمەنم شازدە حەڤدە ساڵ بووم، ئەو دراماکەی مۆلیر (البخیل)ی کردبوو بە کوردی ناوی نابوو (پیسکەی تەڕپیر) دەقەکەی کورداندبوو.

**شێرزاد هەینی: (رەفیق چالاک) دەرچووی ئامۆژگە یان خوێندنگایەکی هونەری بووە؟**

**شێرکۆ بێکەس:** دەرچووی هیچ ئامۆژگاریەکی هونەری نەبووە، ئەو یەکێک بووە لەوانەی لەگەڵ (گۆران) لە رادیۆ کوردیەکی (یافا) کاریکردووە، رەنگە لەوێ ئەزموونێکی رادیۆیی پەیداکردووە، دیارە لەوێ کاریکردووەو شتی دیوە، ئەو پێش ئەوەی بێتە ناو بواری هونەر کەسێکی سیاسی بوو، لە سیاسەت کاریکردووە، ئەو ئینتمای بۆ حزبی شیوعی هەبووە، بەڵام لەو بوارەدا کەوت، ئەو کەوتنەی لە سیاسەتدا بووە هۆی ئەوەی خۆشەویستیەکەی لە ناو خەڵکی کەم بکاتەوە، کابرا لەبەرئەوەی بەهرەمەندبوو، نەیئەزانی دانیشێت، بۆ یەکەمجار لە بەغداو لە رادیۆی کوردی ئەو تەمسیلانەی کە ئەکران هەموو هی (رەفیق چالاک)بوو، چ وەک سیناریۆ یان وەک تەمسیل، خۆی رۆلی تێدا ئەبینی لەگەڵ خوالێخۆشبوو (ئەحمەد دەنگ گەورە)و کۆمەڵە هونەرمەندێکی تر، ئیتر لەو دەرگایەوە (رەفیق چالاک) بە جۆشێکی ترو بە شێوەیەکی ترەوە هاتەوە ناو خەڵکەکە.

**شێرزاد هەینی: تۆ کەی ئەوت ناسی...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ناڵێم من تەمەنم شازدەو حەڤدە ساڵان بوو، لە شانۆنامەکەی (پیسکەی تەڕپیر)ەوە ئەوم ناسی، بەریکەوت رێم کەوتە لای ئەو، بانگی کردم، وتی، وەرە شێرکۆ لەو شانۆگەرییەدا من رۆڵێک ئەدەم بە تۆ، تۆش تەمسیلمان لەگەڵدا بکە، من هێشتا هیچم لە نواندن نەئەزانی، ئەو رۆلی سەدیق بەگی دامێ، کە لە دراماکەدا پیاوێکی پیرەی پیسکەیە، ئیتر بە مکیاژو بەو شتانە منیان کردە پیرێک. ئەو درامایە لە سلێمانی دوو سێ جاری تر کراوە، بەڵام ئەوەیان لە هەموویان کۆنترە، من بۆ ماوەی دە رۆژێک ئەو رۆلەم لەگەڵدا بینیووە، لەو کارەدا بۆ یەکەمجار بوو دیکۆری مجسم بکرێت، بۆ نمونە کە ئەڵێی ئەمە ژوورە لە ژوور بچێ، دیارە ئێستا زۆر شت لە دیکۆرا گۆڕاوە، بەڵام بۆ ئەو کاتە کارێکی زۆر نوێ بوو، پێش ئەوە هەموو دیکۆرەکان لە شێوەی پەردەبوو، دەرگایەک نەبوو، بکرێتەوەو دابخرێت، ئەو شێوەیە دیکۆر لە پیسکەی تەڕپیرا دەستی پێکرد، لەوێ کۆمەڵێ ئەکتەری باش رۆلیان تێدا ئەبینی، بۆ نمونە هونەرمەند (تەها خەلیل)، لەو کارەدا رۆلی پیرەژنێکی ئەبینێ، ناوی (باجی ئایشێ)بوو، ئەو دەقەکەی وا کوردناندبوو، پێمووایە ئەگەر (مۆلیر) خۆی بهاتبووایە سەیری شانۆنامەکەی کردبووایە دەقەکەی نەئەناسیەوە، دەقێکی تربوو، کوردییەکی تەواوبوو، ئەو گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هێنابوو، خوالێخۆشبوو (سەلاح جەمیل) رۆلی کیژێکی ئەبینی کە لە دراماکە حەز لە کوڕێکی ناو دراماکە ئەکات، ئەو کاتە (سەلاح جەمیل) گەنج بوو، بۆیەش من باسی دەکەم، چونکە ئەو سەلاح جەمیلە، یەکێک بوو لەو ئەفسەرانەی لە ساڵی 1963 دا، کە حزبی بەعس

به کودەتا هاتە سەر دەسەڵات ئەو خۆی نەدا بەدەستەوە، لەمعەسکەرەکەی بەرگری کرد، دوایی گیرا لەدادگادا حکومی لەسێدارەیان بۆ بڕییەوەو جێبەجێیان کرد.

**شێرزاد هەینی: دیارە ئەو ئەفسەرە کادرێکی حزبی شیوعی بووە..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ شیوعی بوو، خەڵکی شاری سلێمانی بوو، با بێنەوە سەر (ڕەفیق چالاک) یەک بەهرە نەبوو، ئەگەر وەک نووسەر لەسەردەمی گۆڤاری گەلاوێژدا بۆی حیساب بکەین، ئەو یەکێک بووە لە نووسەرە دیارەکانی ئەو گۆڤارە، ئەو وەرگێڕێکی باش بوو، کاری باشی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، (ڕەفیق) چالاک پەخشاننووس بوو، ئەکتەرێکی بەتواناش بوو، گۆرانیبێژو ئاواز دانەریش بوو، ئەو بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1964 ئاوازی بۆ شیعرێکی من داناوە، بە دەنگی خۆی بڵاوکرایەوە، گۆرانییەکە ناوی (بابە بابە)بوو، ئەو گۆرانییە بەناوبانگ بوو، ئەو شیعرەیان لە بەرگی یەکەمی دیوانەکەمدا هەیە. ناتوانین باس لە بزوتنەوەی شانۆی کوردی بکەین ئەگەر باس لە ڕەفیق چالاک نەکەین.

**شێرزاد هەینی: بۆ تۆ (ڕەفیق چالاک) هاوڕێ بووە، مامۆستابووە؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بێگومان مامۆستابووە، ئەو هاوڕێ نەبوو، ئەو زۆر لەمن بە تەمەن گەورەتربوو، ئەوەی من سوودم لەو بینیبێت مەسەلەی زمانەکەی بوو، زمانی کوردی زۆر پاراوبوو، ئەوەی من سوودم لەو بینیبێت خوێندنەوەکەی بوو، زۆرجوان شیعری دەخوێندەوە، لەقسەکردندا جوان قسەی دەکرد،پیاوێکی زۆر قسەخۆشیش بوو.

**شێرزاد هەینی: کە ئەوەندە لە تۆ نزیک بوو، کۆششی نەکرد بتکاتە شیوعی...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەو کاتانە ئەو وازی لە حزبایەتی هێنابوو، پەیوەندی نەمابوو، ئیعترافەکانی ئەو بۆ ساڵانی1948 و 1949 دەگەڕێتەوە، ئیتر ئەو لە ساڵانی پەنجاکانەوە لە ناو ڕادیۆی کوردی لە بەغدا کەوتە ئیشکردن، پاشان ئەو لە سلێمانی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی دروستکرد، ئەو کاتانە ئەوەیان تاقە کۆمەڵە بوو لە کوردستاندا کاری هونەری بکات.

***

# رۆژنامەی برایی

**شێرزاد هەینی: کە شیعرت دەنووسی نیشانی ئەوت داوە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نا... بەڵام وا رێکەوتبوو ئێمە لە خانووەکانی ئیسکان بووین، ئەوانیش هەر لە ئیسکان بوون، بۆیە زۆرجار بۆماڵی خۆیان بانگی دەکردم، لەوێ کارە هونەرییەکانی نیشان ئەدام، بە تایبەتی گۆرانیەکانی خۆی بۆ لێ ئەدامەوە. دووبارە من و ئەو لە بەغدا لە سەردەمی رۆژنامەی (برایی) و (برایەتی)، سەردەمی خولی یەکەمی رۆژنامەی (التاخي)، لەو دەمەدا ئەو خۆی سەرپەرشتیاری یەکەمی (برایی) بوو، من لەبیرمە لێمان پرسی، بۆ (برایی)، بۆ برایەتی نەبێ، ئەویش لەوڵامدا وتی:

کورد دەڵێ برامان برایی، کیسەمان جیایی.

ئەو پیاوێکی زۆر بەتوانا بوو، تا ئەم دواییەش لە رووی هونەرییەوە غەدری لێکراوە، کەم یادی کراوەتەوە، کەمتر باس ئەکرێ، بەڵام لەو دواییانەدا وا بزانم کوردستان تی ڤی بەرنامەیەکیان لەسەرکرد، ئێمە لەدەزگای سەردەم ژمارەیەکی تایبەتی (رۆڤار)مان لەسەر دەرکرد. رەفیق چالاک هەموو ئەو بەهرانەی تێدابوو، هەر من خۆم زۆرجار دەمبینی چۆن ئەینووسی، ئەو کە ئەینووسی قەڵەمی لەسەر کاغەزەکە هەڵنەئەگرت تا ئەو نووسینەی تەواو ئەکرد، ئەو کابرایە زاکیرەیەکی سەیری هەبوو، دوو سێ جار منی لە بەغدا لە ماڵەکەی خۆی دەعوەتکردووە، ئەو منالانەی ئێستای کە گەورەن ئەو دەمانە بچووک بوون، لە ماڵەکەی خۆیان. (مزامیر)ی داود، کە دەقێکی بەناوبانگە، هەمووی لەبەر بۆ خوێندومەتەوە، بیرەوەرییەکانی ئەو ناوو چالاکی زۆر کەسایەتی سیاسی و ئەدەبی تێدابوو، بەراستی ئەو کەسایەتیەکی دەگمەن بوو، بەداخەوە فریا نەکەوت ئەوانە هەمووی بنووسێتەوە، وابزانم بەشێکی نووسیوەتەوە، من نامەوێ مەسەلەی سیاسەت و ئایدولۆژیا بە رەفیق چالاک وەبنوسێنم، زۆر ئینسان هەیە رەنگە لە شتێکدا سەرناکەوێت، بەڵام لە شتی تر سەردەکەوێت، ئێمە نابێ کە کەسێک مونتەمییە بۆ ئایدلۆژیایەک دوایی کە ئەو لەو ئایدلۆژیایە ئەدۆڕێت یان ئەکەوێت، بەهرەو تواناکانی تری لەیاد بکەین، من ئەگەر لە ژیانی خۆمدا باسی ئەو بکەم، ئەو دوو جار لە ژیانی مندا رۆلی هەبوو، یەکەمیان کە لە سەرەتا منی بە شانۆ ناساندو هونەری لا خۆشەویست کردم، دووەمیشیان لە دەورەی رۆژنامەی (برایی) لە بەغدا، دیسانەوە لە بواری زمانی کوردییەوە لە نووسیندا، من لەوێ و لەگەڵ ئەودا چوومە ناو ناوەندێکی تر، لەو

شوێنەدا (حەمەی مەلا کەریم) و (رەمزی قەزاز)و دکتۆر (عزەدین مستەفا رەسوول)، ئەوانە هەموویان لەو رۆژنامەیەدا کاریان کردووە.

که ژمارەی یەکەمی (برایی) له بەغدا دەرچوو، من لەوێ بووم، من له هەموویان گەنجتربووم، له بیرمه تا بەیانی لەگەڵ ئەوانەی که ناوم هێنان مامەوە، ئەو تا کارەکه تەواوبوو هەر به پێوەبوو، ئەو سەرپەرشتی ئیشەکانی ئەکرد، کابرایەکی زۆر چالاک بوو، زۆریش جگەرەی دەکێشا، له ساڵی 1973 کۆچی دوایی کرد، ئیستاش لەبیرم نییه بۆ من لەوێ نەبووم نازانم بۆ ..! ئەزانم له بەغداش له خەستخانەبوو، نازانم من لەو دەمانەدا بۆ لەوێ نەبووم بۆ نەمبینی، نازانم له سلێمانی یان له بەغدا کۆچی دوایی کرد، بەڵام ئەوە ئەزانم له سلێمانی نێژرا. یەکێک له قسه ناودارەکانی ئەوەیه که لەسەر جێگادا، له کاتی مردنیدا وتوویەتی:

**ئەی خوا تۆ که**
**دوو دەستت دروستکرد**
**که دوو چاوت دروستکرد، دوو قاچت دروستکرد**
**دوو گورچیلەت دروستکرد، ئەی خوایه بۆ دوو دڵیشت دروست نەکردا!**

رەفیق چالاک ئەوەندە ئەهێنێت باسی بکرێت، من وا ئەزانم ئەو یەکێکه له رێبەرەکانی هونەری کوردی و شانۆی کوردی.

**شێرزاد هەینی: دیارە تۆ ئاماژەت به ئەزموونی رۆژنامەی (برایی) دا.**

**شێرکۆ بێکەس:** رۆژنامەی (برایی) لەگەڵ (التاخي) دەردەچوو، 8 لاپەرەی مامناوەندی هەفتانەبوو، له باب الشرقي له باڵەخانەی قاچاخچی لەسەرەوەی نووسینگەمان هەبوو، له بەشه عەرەبیەکه بابەتی وەک هەواڵمان بۆ دەهات، له چاپخانەیەک دەرچوو، ئەو کاته پیتەکان به قوورشم بوو، رەفیق چالاک وەک سەرپەرشتیاریش بەردەوام بەسەرەوەی بوو، هەر بەپێوە ئەبوو، له شارەکانی کوردستان نووسینیان بۆ ئەناردین، له بیرمه چەند جار (حسیب قەرەداغی) شیعری بۆ ناردووین، (رەئوف بێگەرد) بابەتی بۆ ناردووین، به ناوی تریش بووبێت (عزەدین مستەفا رەسوول) شتی تیدا نووسیوە، ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم (مارف خەزنەدار)یش بابەتی تێدا نووسیوە.

**شێرزاد هەینی: به شێوە له چاو رۆژنامەکانی ئەو دەمانەی بەغدا باش بوو...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نا... زۆر باش نەبوو، چونکه ئەو کاتانه رۆژنامەکان له رووی ڕەنگ و دیزاین خراپ بوو.

**شێرزاد هەینی: رەنگە ئەو کاتانە سلێمانی لەبن دەسەڵاتی (باڵی مەکتەبی سیاسی) بوو، برایی دەچووە شاری سلێمانی، ئەو بوارەی هەبووە..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ، بەڵام جاروباریش رائەگیرا، رۆژنامەکە زۆرتر سیاسی بوو، بابەتی ئەدەبیشی تێدابوو. سیاسییەکە بە ئاراستەی کوردایەتی نەتەوەیی بوو، ئەگەر من لە دونیای رۆژنامەگەری شتێ بم، هەنگاوی یەکەمم لەوێ دەست پێئەکات، کە نووسینگەکەمان لە شەقامی رەشیدبوو، کەسانی روشنبیری عەرەبیش دەهاتنە لامان. من تا نزیک نەمانی ئەو رۆژنامەیە لەگەڵ بووم، بەڵام ئەو جارە نەچوومەوە شاخ، ئەو جارە (رەفیق چالاک) رۆیشت، من لە بەغدا مامەوە، سەبارەت بە مووچەکەمان من وا بزانم 12 دینارم وەردەگرت، پاشان من گەڕامەوە سەر وەزیفەکەم.

کە لە برایی بووم، پارەمان لێ ئەبڕا ئیتر (رەفیق چالاک) بە قسە خۆشەکانی دەچووە لای (ساڵح یوسفی) بە قەرزی سەری مانگ پارەی بۆمان وەرئەگرت. پێش ئەوەی لە برایی کاربکەم، یان پێش ئەوەی برایی دەربچێت، من لە بەغدا دانەمەزرابوومەوە، وەزعی پارەم زۆر خراپ بوو، لە هوتێلێک ئەنووستم بە ناوی (فائیق) لەسەر دەرگاکەی نووسرابوو، هوتێل فائیق (المنام خمسون فلسا)، هوتێلێکی سەیربوو، ئەبووایە شتەکانت بخەیتە ژێر سەرینەکەتەوە، هەتا پێڵاوەکانیشت، ئەگینا ئەدزران، بەیانی لە خەو هەڵئەستایت تەماشات ئەکرد هیچت نەماوە، ئەو دەمەو ژیان لەو هوتێلەش سەردەمێک بوو. لە برایی نووسینی زۆرمان بڵاوئەکردەوە، نووسەرانی زۆر بابەتیان بۆ ئەنووسین، هەتا بە ناوی خوازراویش بابەتمان زۆر بڵاوئەکردەوە، رەفیق چالاک بایەخی زۆری بە مێژووی کورد ئەدا، بەڵام خۆشی دەستکاری بابەتەکانی ئەکرد، ئەگەر رستەیەک شتێکی بەدڵ نەبووایە دەستکاری رستەکانی ئەکرد، ئەو دەمانە لەگەڵ ئێراندا پەیوەندی هەبوو، لەبیرمە (رەئوف بێگەرد) وتارێکی دەربارەی (سمکۆی شکاک) ناردبوو، وتارەکە وەرگێردرابوو، لە وتارەکەدا نووسرابوو کە دوا جار دەسترێژییان لێکرد، سمکۆی شکاک ئاوڕێکی دایەوەو جنێوێکی بە عەجەمدا، (بەپێکەنینەوە) ئەو وتی، ئەوەیان نابێ، ناکرێ، وای بنووسی: سمکۆ ئاوڕێکی دایەوەو بە عەجەمی جنێوێکیدا. رۆژانەش بە قسە خۆشەکان و نوکتەکانی رەفیق چالاک کارەکانمان ئەکرد.

**شێرزاد هەینی: لە براییدا قەڵەمی ژن، نووسینی ژنی تێدابوو...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ناهێتەوە بیرم ئەبێ شتێ هەبووبێت، بەڵام هیچم لەبیرم نییە، رەنگە شتێ بووبێت، بەڵام ئەوەی من ئەزانم کەسی ژنمان بۆ ئیشکردن لەگەڵدا نەبووە، ئەگەر هەشبووبێت دەگمەن بووە. ئەو سەردەمە دەکرێ سیاسییەکان لەسەری بوەستن، وەک چۆن ئەو سەردەمەو پاشتر گۆڤاری رزگاری هەبووە، وا بزانم هەموو ژمارەکانی برایی ماوە.

**شێرزاد هەینی: دیارە کەوا رزگاری پاش برایی بووە، چونکە من لە کوڕەکانی خوالێخۆشبوو (ئیسماعیل سەرهەنگ) لە هەولێر زوو ئەوەم بیستووە کەوا دوا ژمارەی**

**گۆڤاری رزگاری لەژێر چاپ بووە، کە بەیاننامەی 11ی ئازار دەرچووە، گۆڤارەکە دابەشنەکرابووە، ئەوان دەیانووت، ئێمە لە ماڵەوەو لە کتێبخانە دەوڵەمەندەکەی باوکمان ئەو ژمارەمان هەیە، بۆیە دیارە پێش حەفتابوو، بەڵام برایی زووتربووە.**

**با لە رۆژنامەی (برایی) و نووسین دوور بکەینەوە، بگەرێینەوە سلێمانی و خانووە بچووکەکەی ماڵی خاڵت، لەوێ چییت لەبیر ماوە، خاڵۆت چۆن بوو، خاڵۆژنەکەت چۆنی مامەلە لەگەڵ دەکردی، ژوورەکەیان رەوشی چۆن بوو... خوشکەکانیشت لەگەڵدا بوو، یان هەر بەتەنهابوویت..؟**

****

**شێرکۆ بێکەس:** خاڵم ناوی (عومەر سعید)بوو، خۆی و ژنەکەی و کچێکیان هەبوو، دیارە ئەو خاڵەم لە دایک و باوکدا برای دایکم بووە، لە بەلەدیە چاووش (مەراقیب)بوو، کەسێکی خوێندەواربوو، ئەو هاورێی نزیکی کاک (شەهاب)بووە، تا دوایی هاورێ بوون، خاڵم لە سالانی 1948 و 1949 کاری سیاسی کردووەو گیراوە، کە بەربووە وازی لە سیاسەت هێناوەو زۆریش دوور کەوتووتەوە، ماڵەکەیان لە ژوورێکی سەردالانی سەردەرگای لای دەرەوەبوو، لە تەنیشتیەوە ژوورێکی زۆر ئیهمال کرابوو پەرپووت هەبوو.

خاوەن ماڵەکەش لە سەرەوە ئەوان دوو سێ ژووری خۆیان هەبوو، هەموو ژوورەکان یەک حەوشەی بچووکی هەبوو، من لەو ماڵەدا بۆ یەکەمجار حەزی سێکسی و جوانی جەستەی ژن جوولاندمی، خاوەن ماڵەکە کچێکیان هەبوو کە ئەهاتە بەر بەلووعەکە منیش حەزم دەکرد بچمە بەر بەلووعەکە، ئەو دەموچاوی ئەشووشت، منیش بە فێلی دەموچاو شووشتنەوە ئەچووم، من پاش ماوەیەک هەستم کرد بوونی من لەو ژوورە ناخۆشە، بۆیە من بە خاڵم وت:

خاڵە من ئەچمە ئەو ژوورەی سەردالانەکە، باشترە. ئەویش وتی، نا بابە، ئەو ژوورە پەرپووتەو بەکەڵکی تو ناهێت، کۆنەو پیسە، بەڵام من سووربووم لەسەرئەوەی ئەو ژوورە بۆ من باشترە، ئیتر ژوورەکەیان پاک کردەوە، حەسیرێک و دۆشەکێک و سەرینێکیان بۆ دانام، من چوومە ژوورەکە، ماوەیەک گلۆپیشی نەبوو، پاشان گلۆپێکی زەردی بچکۆلەی کزیشیان بۆ دانام، من لەوێ مامەوە، من ئەو کاتە لە پۆلی پێنج و شەشی سەرەتایی بووم، لەوێ مامەوە تا لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی دەرچووم چوومە بەشی ناوخۆیی. کچەکانی ئەو ماڵە، حەزیان جوولاندم، وەنەبێ شتێکم لەگەڵ کردبن، یان زووتر هەوەسم نەبووبێت، بەڵام بەهۆی ئەوانەوە حەزم جوولا، ژوورەکە زۆر کۆن بوو، بە دەیان مشکی تێدابوو، شەوانە ئەو مشکانە ئەهاتنە سەر جێگاکەمەوە،

چەندجار تەڵەمان دانا، تەڵەکان باش بوون زۆریان ئەگرت، بەڵام مشکەکان تەواو نەئەبوون. شەوانەی زستان لەگەڵ خاڵم ئەچوینە ماڵی خاوەن ماڵەکە، لەویێ قسەی خۆش دەکرا، حیکایەتی خۆش ئەگێردرایەوە.

خاڵۆژنم ژنێکی باش بوو، ئێستا تەواو پیربووە پەکی کەوتووە، زۆری خزمەت کردووم، من ئەوەم هەر لەبیرەو ئێستاش هەر ئەیبینم، ئەوسا تەنها کچێکیان هەبوو، پاش ماوەیەک بە نەخۆشی رەبو مرد، من بۆ یەکەمجاریش لە گەڵ خاڵمدا چوومەتە حمامی پیاوان، یەکەمجارە ئەو هەموو پیاوە بە پەشتەماڵەوە ئەبینیت، ئەوەیان لای من سەیربوو، ئەوەی زۆریش سەیربوو کە هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە، بەیانی بوو بینیم مردووێکیان لە حمامەکە ئەشووشت، لەویێ شوێنی مردوو شووشتن هەبوو، ئەو دیمەنەم هەرگیز لەیاد ناچێتەوە، دیمەنەکەم ئێستاش لەبەرچاوە مردووەکە پیاوێکی لاوازی پیربوو، بە سەتلان ئاویان پێدا ئەکرد، هەڵگێڕو وەرگێڕیان ئەکرد، سەرنجی مناڵیش وردە، هەموو شتەکان جوان ئەبینیت، ئەو دەمانە دە فلسی رۆژانەی ئەدامێ، جاروباریش دایکم ئەگەر یەکێک هەبووایە لە بەغداوە پارەی بۆ ئەناردم، من خۆم لەگەڵ دایکم و باوەپیارەکەم نەچووم بۆ بەغدا، ئەو کە شوویکردەوە مەرجی ئەوەبوو ئێمەی لەگەڵدا بین، بەڵام من خۆم نەچووم، دایکم ژنێکی وابوو هەرگیز ئێمەی جێنەهێشتووە. ئەو ماڵەی من لەگەڵ خاڵمدا تێیدا ئەژیاین، تا ئەو دوایانەش هەر مابوو، خانووەکەش دڵۆپەی دەکردو بانگێریشی هەبووە.

**شێرزاد هەینی: ئەزموونی ژیانت لەگەڵ باوەپیارەکەت، وەک ئێوە لە سلێمانی وا ئەڵێن، کە ئێمە دەڵێن زڕباب، چۆن بوو... لەگەڵت چۆن بووە..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەو پیاوێکی بە هیمەتی مەردانەبوو، من ئەزموونم لەگەڵ ئەودا خراپ نەبوو، کەم لەگەڵیان ژیاوم، بەڵام ئەو ئێمەی خۆشئەویست، ئەو ناوی (عومەر هەڵمەت) بوو، ئەو یەکێک بوو لە بێژەرە هەرە گەورەکانی رادیۆی کوردی لە بەغا، هێشتا ناوی هەڵمەتی تر نەبووە کە ئەو ناوی هەڵمەت بووە، (کاملی کاکە ئەمین) بەڕێوەبەری کوردی بووە، لەگەڵ (حوسین قەرەداغی)، برای گەورەی (کامەران قەرەداغی)، کوڕی (مستەفا قەرداغی)بوو، کۆنە موتەسریف، (هەڵمەت) لەگەڵ ئەودا بەیەکەوە بێژەربوون. من لەگەڵ ئەودا باش بووم جا چ کە لە بەغدا بوو، ماوەیەکیش هاتووتەوە سلێمانی، لەو دەمانەشدا نێوانمان باش بووە، چاکەی هەبووە، خراپەی نەبووە، ئەو لە دایکم دوو کوڕو کچێکی هەیە، من هەستم نەکرد بە چاوێکی تر تەماشای من بکات، لە دەورەیەکی تر من بوومەوە باوک بۆ مناڵەکانی ئەو، چونکە ئەو لە دواییدا بەتەنها لە سالانی شێستەکاندا رۆیشت بۆ ئەمریکا، ئەو لەوێشەوە مناڵەکانی خۆی لەبیر نەچووبوو، لەوێشەوە یارمەتی بۆ ئەناردن، مانگانە پارەی بۆ ئەناردن، بەڵام هەموو شتەکان هەر بەوە تەواو نابێت، بۆ پەروەردەکردنیان من بووم،

هەموو ژن و منالّی خۆیان هەیە، (کاوە)و (کامەران) و (ژیان) وەک خوشک و برام وا بوون، ئێستا کاوەیان لە سلێمانییە، ئەوانی تریان لە ئەمریکان، (ژیان) ئەو خوشکەی لە دایکمە لە ئەمریکا کار دەکات، لە کارەکانی خۆی زیرەکە، دایکم لەلای ئەوە، (کامەران)یان کارو ئیشی خۆی هەیە، بە ژن و بە منالّەوە لە ئەمریکان، ژیان وایە تۆ ئەگەر سەردەمێک پارێزەری من و منالّەکانم بێت، رۆژێکی تر شتەکان بەپێچەوانە ئەبێتەوە، ئەگەر خۆشەویستی و لە یەک تێگەیشتن هەبێت، جۆرێک لە دوورکەوتنەوە لە خۆپەرستن هەبێت، لەگەڵ ئەوانەدا دەتوانی زۆر شت بکەیت، بەڵام ئەگەر ئەوانە نەبوو هیچت پێ ناکرێت.

**شێرزاد هەینی: سلێمانی شاری شاعیران بووە، شیعری زۆری تێدا وتراوە، لەو دەمانەی تۆ لە قۆناخی یەکەمی ئەو ئەزموونە بوویت، کام لە شاعیرەکانی ئەو شارە شیعرەکانی بۆ راستکردیتەوە، شیعرەکانت بە کێ نیشان دەدا...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** لەو سەردەمەدا، ئەوەی زۆر هاورێ و ئەوەی زۆر لە من نزیک بوو، (جەمال شارباژێری)بوو، بەیەکەوە زۆر رەفیق بووین، ئەو لە (شارباژێر)ەوە هاتبوو، ئەویش لە بەشی ناوخۆ بوو لەیەک پۆلیش بووین، هاوتەمەنیش بووین، ئەو لە شیعر زۆر لە ئێمە پێشکەوتووتر بوو، ئەو شیعرانەی لە (ژین) بڵاویئەکردەوە، زۆر لە ئێمە باشتربوو، ئەوەندەی من بزانم ئەو لەلای (گۆران) لە هەمووومان پەسندتربوو، شاعیرێکی رۆمانسی ناسک بوو، ئێمە وا نەبووین، بەڵام متابعەو سۆراخ و خوێندنەوەی کەم بوو. بەیەکەوە لەگەڵ (جمال شارباژێری) بەردەوام ئەچووینە لای (کاکەی فەلاح) من زۆر سوودم لەو دانیشتنانە وەرئەگرت، ئەوسا ئەو کتێبخانەی هەبوو، لەلای ئەو دائەنیشتین گوێمان لەو ئەگرت، باسی ئیقاعی شیعرو کێشی بۆ ئەکردین، ئەو مەسەلانە بۆ ئێمە زۆربوو، من زۆرتر لە هەموویان سوودم لە مامۆستا (هەردی) بینیووە، چونکە من هاموشۆی ماڵیشم ئەکرد، ئەو بیری نەتەوەیی کاریگەری لەسەر من هەبوو، من لەژێر کاریگەری ئەو هزرە بووم، لەبەرئەوەی شیعری جوانیشی هەبوو، بۆیە من ئەوم خۆش ئەویست، من بە هۆی ئەوەوە ناوی کۆمەڵێ نووسەرانی عەرەبم بیستووە، کۆمەڵێ ناوی نووسەری جیهانیم لەو بیستووە، وەک (تۆلستۆی) و (چیخۆف) و (دیستوفسکی)و ... هەروەها نووسەرانی عەرەبی وەک (میخائیل نعیمە) و (جبران خەلیل جبران) و (منفلوطی) و (معلوفەکانی) سوریاو (ئەبو قاسم الشابی)، من ئەوانەم نەبیستبوو، زمانی عەرەبیەکەشم ئەوەندە باش نەبوو، لەوەوە ئەو ناوانەمان بیست، ئەو هەموو شیعرەکانی (الشابی) لەبەربوو، ئێستاش بە بیرکردنەوەی ئەو کاتانە دەیووت:

**نحن نمشي و حولنا هذه الاكوان تمشي و لكن لآی غاية**
**نحن نشدوا مع العصافير للشمس و هذا الربيع ينفخ نايا**

بەو شێوەیە ئەو شیعرانەمان لەو ئەبیست، جاری وا هەبوو بە سێ سەعات، لەلای ئەمامەوە.

**شێرزاد هەینی: بۆ مامۆستا (هەردی) زوو وازی لە نووسینی شیعر هێنا ..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەو لەسەردەمێکدا بڕوای نەمابوو بە شیعرو ئەدەب، وای بیر ئەکردەوە شیعر چییە، خەڵکی وا ئێستاش هەیە، لەو دەمانەدا خۆشەویستی و مەشخەڵی شیعر لەناخیدا کوژابۆوە، ئەو بیری لەوە ئەکردەوە شتێ لە واقیعدا بۆ کورد بکات، بە حیسابی ئەو ئەوەیان بە شیعر ناکرێت، بەڵام دەرکەوت خۆشەویستی خەڵک بۆ (هەردی) لە ڕێگای هزرە سیاسییەکەیەوە نەبوو، بەڵکو لە ڕێگای ئەو کۆمەڵە شیعرە جوانەوە بوون کە نووسیبووین، کە بۆی بەجێهێشتین، ئەگەر فیکری سیاسی ئەو خۆشەویستیش بووبێت، ئەوە لەناو کۆمەڵێکی سنووردار بووە، بەڵام شیعرەکانی لە سنوور بەدەربووە، ئەو کاتانە کە من زۆرم لێئەکرد، ئەو وڵامی پرسیارەکانی منی ئەدایەوە، من لە کتێبەکانی پشت سەرییەوە کتێبم وەرگرتووە.

**شێرزاد هەینی: پیرەمێرد لەناو گەنجەکاندا، ڕۆڵی زۆربوو...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** (پیرەمێرد) پردی نێوان ئەدەبی کلاسیکی تەقلیدییە، لەگەڵ ئەدەبی نوێمان، ئەو لەدوای تەمەنی چل ساڵییەوە کە لە ئاستنبۆل هاتەوە شیعری نووسیوە، لە تەمەنی گەورەییەوە شیعری نووسیوە، ئەو لەو تەمەنەوە ڕۆژنامەنووس و نووسەربووە، ئەو ئەلقەیەکی گرینگە، یەکەم بۆ زمانی کوردی، من وا ئەزانم بەر لەوەی (گۆران) شتێکی بۆ زمانی کوردی کردبێت، (پیرەمێرد) پێش ئەو کردوویەتی، (پیرەمێرد) بۆ (گۆران) و ئەوانی تریش بنکە گەورەکەبووە، ئەو یەکێک بووە لە پوختکەرەوەی زمانی ڕۆژنامەوانی کوردیمان، کە ئەکاتە سەردەمێک پێش گۆڤاری گەلاوێژ، واتە ڕێخۆشکەرە بۆ زمانی گەلاوێژیش.

(پیرەمێرد) یەکەم کەسە لەناو ڕووناکبیرانی کوردا کە جەژنی نەورۆزی کرد بە جەژنی کورد، پێش ئەو ئەورۆژە شتێ نەبوو لەناو خەڵکدا بژیت، ئەگەر لەناو چەند شیعرێ ناوی نەورۆز هاتووە، ئەگینا نەبووە بە تەقلیدێ خەڵک یادی نەورۆز بکاتەوە، ئەو ساڵانە لە (گردی مامەیارە) خەڵکی کۆکردیتەوە،(پیرەمێرد) جەژنی نەورۆزی بردە ناو هەموو ماڵێکەوە، ناو هەموو کوردستان، نەورۆزی کرد بە نەریت، پێش ئەوە بەناو نەریت بووە. یاپراخی بۆ کردوون بە پاروو.

**شێرزاد هەینی: دیارە دەستی ڕۆیشتووە، پارەو شتی وای هەبووە؟**

**شێرکۆ بێکەس:** باوەرناکەم ئەوە پارەیەکی وا زۆری بوێت. جگە لەوەش ئەمو خزم و کەسوکاری هەبووە. بەڵام پیرەمێرد خۆی قەلەندەرانە ژیاوە.

**شێرزاد هەینی: ڕۆڵی ڕۆژنامەکانی (ژین) و (ژیانەوە)ی پیرەمێرد، چەند کاریگەری لەسەر تۆ هەبووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بێگومان زۆر لەسەر من و لەسەر زۆربەمان، ئەگەر لە کاتی خۆشیدا نەمانخوێندبێتەوە، ئەوا لە پاشان گەراینەتەوە سەری، ئەوانەو رۆژنامەو گۆڤارەکانی سەردەمی (شێخ مەحموود)، بەڵام کاریگەری زۆرتر لە (دیاری لاوان)و گۆڤاری (گەلاوێژ) دەست پێ ئەکات. ژین رۆژنامەیەکی بچووکی هەشت لاپەرەیی بوو. پێمووایە لاپەرەیەک نیو لاپەرەی بۆ شیعرو ئەدەب بوو، بەڵام رۆلی خۆی هەبوو.

**شێرزاد هەینی: لە یەکێک لە قەسیدە درێژەکانت دەڵێیت، مامانەکەم ژنێکی گاوربووە، پەیوەندی تۆ لە گەڵ مەسیحیەکانی سلێمانی چۆن بووە؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من لەو گەڕەکە لەدایکبووم کە گاورەکانی تێدابووە، مامانەکەم (جەمیلە خان)ی ناوبوو، دایکی خوالێخۆشبوو (نوری مەتی)، من برایەکی شیریی گاورم بەناوی (جۆرج) هەبووە، نازانم ماوە یان نا... کوڕی ئەو جەمیلەیەبوو، دایکم بەیەکەوە شیری بە هەردووکمان داوە، ئێمە لەگەڵ مەسیحییەکان تێکەڵ بووین، شتێک وەک جیاوازی لە نێوانماندا نەبووە، کلێسەکەی ئێستا لە گاوران هەر کۆنەکەیە گەورەکراوە، بێگومان مەسیحییەکانی سلێمانی رۆلی دیاریان لە مێژووی سلێمانی و لە کوردایەتی هەبووە، ئەوان بەردەوام بەشێک بوون لە شارەکەو لە رۆحی شارەکە، من لە شوێنێک نووسیومە لەلای خۆمە هێشتا بڵاونەکراوەتەوە، ئەڵێم:

من بەختەوەرم کە ژنە مەسیحییەک خاچێکی بەسەر نیوچاوانمدا کێشاوە، ئەوە نیشانەی لەیەکگەیشتنی دیدی جیاوازە لە شارێکی بچووکدا.

****

## هەڵاتن لە سلێمانی

**شێرزاد هەینی: بابێینە سەر شتێکی تاڵ، دەبێ تاڵەکانیش لەسەردەمە شیرینەکانیش بەسەربکەینەوە... تۆ لە رۆژی 31 ئابی ساڵی 1996 لە کێ بوویت، بیرت لە وەرچەرخانێکی وا ترسناک و گەورە دەکردەوە، وەک کەسێکی زۆر نزیک لە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی ئاگادارکرابوویتەوە، کەوا گۆڕانێکی وا دەبێت، ئەوان زووتر زۆر شتیان لە شاری هەولێر بەتایبەتی پارەیان بردبووە دەرەوە، دیارە ئەوان هەستێکیان کردبوو، چییان بە تۆ وتبوو...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من لە سەرەتای مانگی ئاب لە هۆڵی میدیای هەولێر کۆڕی شیعر خوێندنەوەم هەبوو، وابزانم ناوەراستی مانگەکەبوو، (خاچ و مارو رۆژژمێری شاعیرێ)کم تێدا خوێندەوە، دیارە کەوا 15 رۆژ پاش گەڕانەوەم روویدا، من

لەسلێمانی بووم ئەو دەمانە من لە ماڵی (گەزیزە)ی خوشکم بووم، ئیتر ئێمە ناچاربووین هەم قسەبکەین و رەخنەیەکی توند لەو هەڵوێستەی پارتی بگرین، هەم لە ترسی خۆشمان شاری سلێمانی جێبهێلین، بۆ شەو لەگەڵ ماڵی خوشکم رۆیشتین، مامۆستا (رەئوف بێگەرد)یشمان لەگەڵدابوو، هەمووومان بە پاسێک رۆیشتین، پێش ئەوەی هێزەکانی پارتی بگەنە سلێمانی رۆژێک پێشتر، ئێمە گەیشتینە پێنجوین، ئیتر لە شاری پێنجوینەوە چووینە ناو ئیران.

**شێرزاد هەینی: تۆ لەودەمانەدا لەگەڵ بەرگری بوویت، لەناو شاردا بمینێنەوەو نەک بە ئاسانی ناوچەکانیان چۆڵ بکەن..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بێگومان من لەگەڵ بەرگری بووم، سەرکردایەتی سیاسی کوردستان، جا هەر لایەنێک بووبێت، کۆمەڵێک هەلەیان کردووە، قەتیش دان بە هەلەکانیان دانانێن، نەتبینیوە جارێک یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، یان (مام جەلال) لەسەر هەلەکانیان روونکردنەوەیەک رابگەیێنن، هەر ئەوان نا... یان سەرکردایەتی پارتیش کاک (مسعود)یش، باسی ئەو هەلانە بکەن، نەک تەنها بۆ باسکردن و بەڵکو بۆ هەڵسەنگاندنی هەلەکە، لەناو کورددا ئەو بەرنامەیە نییە، بەرنامەی خۆهەڵسەنگاندنەوە، بەرنامەی گۆڕین، بۆ رابردوو لایەنێک نییە ئەو خاڵە ڕەشانەیان لە مێژوویاندا نەبێت، هەر لە حزبی شیوعییەوە، بە پارتییەوە، بە یەکێتییەوە، چونکە شتەکان تەنها بۆ ژووره داخراوەکان نییە بۆ سەرجەم خەڵکەکەیە، ئەوە چ لە رابردوو چ لە رۆژانی ئێستاش، هەروا بووە، هەناسە بۆ شتێک هەڵدەکێشێت کە دەبووایە بیکات و نەیکردووە، نەک هەر لەو جارەدا لە زۆرجاری تریش، بۆ نمونە لە گرفتی کەرکووک ئێمە هیچ نازانین، ئاگاداری هیچ نین، ئەوان خۆیان هەموو مەسەلەکان دەزانن، دیارە کەوا کەرکووک بوویتە مەسەلەیەکی چارەنووسساز بۆ ئێمە، گەورەترین هەلەی سیاسی بۆ هەموو لایەنەکان کە رازی بوون کەرکووک بخرێتە راپرسییەوە، لە کاتێکدا کە راپرسی لەسەر کەرکووک ناکرێت کە شارێکی خۆتە، تۆ راپرسی لەسەر بەشێکی جەستەی خۆت ناکەیت، تۆ ئەبێ بە سیاسەت ئەو مەسەلەیە چارەسەربکەیت.

**شێرزادهەینی:کە لەسلێمانی دەرچوویت هەستتنەکرد جارێکیترو زوو دەگەرێیتەوە؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بڕوام نەکرد وا بەئاسانی بێمەوە، شتە پێویستەکانی خۆم برد، ئەو رۆژانە زۆر بێهیوای کردین لە پاشەرۆژ، بێ هیوا لەوەی ئاشتی بچەسپێت، دیارە کە دوژمنانی کورد بەو مەسەلەیە زۆر کامەران بوون، ئەو رووداوەیان زۆر لا خۆش و مەبەست بوو.

**شێرزاد هەینی: دەتزانی یەکێتی بەرگری ناکات...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من نەمدەزانی وای لێدێت..!!

**شێرزاد هەینی: ئەگەر بتزانیبووایە یەکێتی دەمینێتەوەو بەرگری دەکات، تۆ دەمایتەوە؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بێگومان پیاو لەهەر شوێنی مقاومەت هەبێت، دەبێ بمینێتەوە. مەسەلەکە هەمووی راکردن بوو، هەتا پێنجوینیش ئەوان راویان ئەناین، هەر راکردن بوو، هیچ جۆرە دەستکردنەوەیەک نەبوو، بێگومان ئەوەش جۆرێک لە نوشستی بوو، بەڵێ 31 ئاب شۆکێک بوو، بەراستی شۆکێکی گەورەبوو، بۆ من و بۆ خەڵکیش بە شێوەیەکی گشتی، ئەو رووداوانە دێن و ئەرۆن، بەڵام هیچیان هەڵناسەنگێنین.

کام هەڵسەنگاندن بۆ نوشستی شۆرشی ئەیلول کردمان، چیمان وت، چیمان بە خەڵک وت. لەو سەردەمی کە پێی ئەوترێت (جەلالییەکان)و بەکرەجۆ، ئەوان چیان وت، ئایا ئەو ئەزموونەیان بەراست زانیوە، بە ناراستیان زانیوە.

**شێرزاد هەینی: تا گەرایتەوەو لە پاش ئەو دەمانەو لە پاش 31 ئاب، چیتان نووسیوە؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بێگومان شتم نووسیوە، بەڵام ئەو دەمە ناوەکانم لەبیر نییە، قەسیدەو پارچە شیعرم نووسیوە.

**شێرزاد هەینی: چۆن گەرایتەوە سوید، لەناو ئێران کێشەت هاتووتە پێش...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من پاسپۆرتی سویدییم پێبوو، بەڵام کە لەو دەروازەیەو لەو رۆژەدا ئەتەوێ بچیتە ناو ئێران، کەس سەیری پاسپۆرتی نەئەکرد، کەسیش داوای هیچی نەئەکرد، لەو دەمانەدا پەڕینەوە ئاسان نەبوو. کەزانیمان زەحمەتە کاک (رەئوف بێگەرد) لەبەرئەوەی خزمیان لەناوەوە هەبووە، ئەو شارەزاتربوو، ئەو وتی، وەرە کاکە من رێگای قاچاخ ئەزانم، وەک ئەوەی بە تەیارە بچین ئەرۆین و یەکسەر ئەگەینە ناو شاری (مەریوان)، من شارەزام و ئاسانەو ترسی نییە، وتم دڵنیاییت، ئەو بەدڵنیاییەوەو وتی:

وایە بابرۆین، منیش ماڵئاواییمان لە (گەزیزە)ی خوشکم و (خەسرۆ)کرد، ئەو پیکابەی ئێمەی ئەبرد ماوە ماوە ئەیووت، لێرە دابەزن لێرە لەو پەنایە بەپیادە بسوڕێنەوەو وەرنەوە سەر رێگاکەو سوارتان دەکەمەوە، واتە من دەردەچم، ئێوەش لەسەر بسورێن، ئێمەش دائەبەزین بەناو دڕک و بە هەورازا سەرئەکەوتین، دەم نا دەمێ دەمووت، برادەر ئەوەیە (تەیارەکە ..!)، تەیارە وایە... شەومان بەسەردا هات، هەر نەگەیشتین، کوڕە خوشکێکشم لەگەڵدابوو، ئەو یارمەتی هەڵگرتنی جانتاکەمی ئەدا، پاشان ئەو گەڕایەوە، ئێمەش ئەرۆیشتین و دەستی یەکترمان گرتبوو، نیوەشەومان بەسەردا هات، لەناکاو پاسدار ئێمەیان راگرت، دیار بوو ئەو شەوە چەندین مەفرەزیان دانابۆوە، خەڵکێکی زۆریان گرتبوو، ئێمەشیان بردە بارەگەکەیان، ئێمەیان بە پشتی پیکابێکی پاسدار بردە گرتووخانەی مەریوان و، ئێمەیان لە ژوورێک

کرد، هەرچیمان پێبوو لە جزدان و پشتدێن و شتی تر لێیان وەرگرتین، ئێمەیان بەرەو ژوورێکی بنمیچ بەرزی بچووک برد، پاسدارەکەش کە ئێمەی ئەبرد، هەر دەم نادەمێ دەیووت، دەی برۆن حاجی...! ئێمەی بە حاجی حاجی ئەبرد، من ئەو وشەیەم زۆر لا ناخۆش بوو، بەڵام دەسەڵات نەبوو، لەهەموو شتەکان ئەوەم پێ ناخۆش بوو. ئەگەرچی خەومان هەر لێنەکەوتبوو، بەیانیەکەی کە هەڵساین، ئێمەیان بردە حەوشەکە، خەڵکێکی زۆریان لەسەر مەرزەکاندا گرتبوو، دەیان پاسی گەورەیان بۆ گەڕانەوەی خەڵکەکە راگرتبوو، هەموویان بەرەو باشماخ ئەبردەوە، ئێمەیان بردەوە بۆ باشماخ. ئەوەی بەکەلکمان هات کوڕێکی ناسیاو بەدوای (رەئوف بێگەرد) هاتبوو، زانیبووی ئەو گیراوەو لە گرتووخانەیە، باش بوو بێگەرد بەوە راگەیشت بە کوڕەکە بڵێت، تۆ ئەتوانی پەیوەندی بکەیت بە (بارامی وەڵەد بەگی)یەوە، بەو ژمارەیە تەلەفۆنی بۆ بکە، پێبڵێ، (شێرکۆ بێکەس) و (رەئوف بێگەرد) گیراون و رەوانەی (باشماخ)یان ئەکەنەوە، ئەوەندەمان بۆ بکە، کوڕەکە رۆیشت و ئێمەش بەرەو باشماخ رۆیشتین. کە چووینەوە باشماخ ماڵی (گەزیزە)ی خوشکمان دۆزیەوە، لە نێوان دوو لۆرییدا شوێنێکیان بۆ خۆیان دروستکردبووە، چادرێکیان بەسەردا دابوو، لە بیرمە قووبوریەکی سووریان دروستکردبوو، لەگەڵ (رەئوف بێگەرد)دا شتێکمان لێی خوارد، خەڵکەکە هەموو لەو ناوە بڵاوەیان لێکردبوو، شپرزەو نارەحەت، هەر ئەو رۆژە دەمەو عەسربوو، گوێم لە ناوی خۆم و ناوی رەئوف بوو، ناومان بانگ ئەکرا، من وتم:

دەی رەئوف با بچینە پێشەوە.

کە چووینە پێگەی ئێرانیەکان کە بۆ مەبەستی کاروباری ئەو خەڵکە دانرابوو، پرسیمان ئێمەتان ئەوێت، وتیان بەڵێ، لە دەرەوە ناسیاوێکتان هاتووەو سۆراختان ئەکات، کە چووین بینیمان (بارامی وەڵەد بەگی)یە بە لاندکرۆزەرێکەوە هاتووە، ئێمەی ماچکردو یەکترمان لە باوەشاکردو وتی، ئێوە لێرەبن، من دەچمە لایان و رەزامەندی دەرهێنانی ئێوە وەردەگرم، من لەگەڵ خۆما ئێوە ئەبەم. ئەوەیان بۆ ئێمە بوارێکی باش بوو بۆ رزگاربوونمان، لەوێ کەس کەسی نەئەناسی، ئاپوڕەیەکی زۆربوو.

کە (بارام) گەڕایەوە، دیاربوو رەزامەندی بۆ هەردوووکمان وەرگرتبوو، وەک دوو نەخۆش ئەمانباتە شاری سنە، کە لە کەمپەکە هاتینە دەرەوە، سواری ئوتومبێلەکەی ئەو بووین، ئەو پیاوەتییەی لەگەڵ کردین، من هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە، هەر بەو شەوە ئێمەی گەیاندە سنە، بۆ ماڵەکەی خۆی، دوو شەو ماینەوە، بۆ بەیانی یەکێکیان هاتە شوێنمان و وتی، خبرنیگاری فەرەنسی و بێگانەیی ئەیانەوێ دیمانەتان لەگەڵ بکەن، باسی رەوشەکەیان بۆ بکەن، ئەگەرچی لە چوونمان دوودڵ بووین، بەڵام کە چووین ئێمەیان گرت، دیارە ئیتلاعات بەو ناوە هاتبوون، ئەمجارە لە سنە ئێمەیان برد بۆ گرتوووخانە، ئێمەیان بردە ئەو شوێنەی خەڵکی بێگانەی تێدا دەهێلنەوە بۆ

ناردنەوەو تسفیرکردنەوەیان، ئێمەیان لە ژوورێک داناوەو نان و ماستیان بۆ هێناین. کە بارام دەزانێتەوە ئێمە لەماڵی ئەوان دەرچووین گیراوین و فێلیان لێکردووین، شێت ئەبێ دەچێ بەگژیان، لەبەرئەوەی دوو پلەی وەزیفەی هەبوو، یەکێکیان جێگری پارێزگارە، دەست لەکارکێشانەوەی هەردوو وەزیفەکەی لەبەردەم دانابوون، زۆر تووڕەببوو، چۆن مێوانی ئەو بە فێل لە ماڵەوە دەردەهێنن و پاشان ئەیانگرن، بۆ ئێوارە خۆی هاتە لامان، دووبارە هەردووکمانی هێنایەوە دەرەوە، لە ماڵەکەی خۆیانەوە پێیووتین:

کاکە من بە مەرجێ ئێوەم هیناوەتەوە، کە شێرکۆ پاسپۆرتی هەیە، با بڕوات بۆ تاران، تۆش رەئوف بێگەرد دەبێ بگەرێیتەوە بۆ باشماخ. دوایی ئەو قسەیە لە ناو سلێمانی زۆر ئەوترایەوە، کە من بە رەئوفم وتووە، ئیتر ئەوە قەدەرە من ئەچمەوە بۆ ستۆکهۆلم، تۆش دەبێ بگەرێیتەوە بۆ باشماخ.

کە لەیەک دابڕاین، من گەیشتمە تاران ئیتر دەرگاکان بە روومان کرانەوە، خەڵکم زۆر بینی، دیمانەم لەگەڵ گۆڤارە هەرە بەناوبانگەکانی ئیرانیدا کرد، لەگەڵ شاعیری سنەیی (مارف ئاغایی) کە پاشان بە کارەساتی ئوتومبێل کۆچی دواییکرد، هەفتەیەک لەگەڵم مایەوە، ئەو منی بە گۆڤارەکان ناساند، بەتایبەتی گۆڤاری (ئادینە)و ئەو گۆڤارەی (سید عەلی سالحی) سەرپەرشتی ئەکات، هەر لەو سەفەرەدا چووینە ماڵی مۆزیکاژەن (حسینی زەمانی)، هەر لەو دەمانەدا (ئەحمەدی شاملۆ)م بینی، پێمووایە بۆ دواجاربوو، پاش دوو ساڵ ئەو مرد، من لە ستۆکهۆلم دیبووم، ماڵەکەی لە شوێنێکی خۆشی نزیک (کەرەج)بوو، ئەو لەگەڵ ژنەکەی (ئاییدە) لەوێ بەتەنها ئەژیان، ئەو دەمانە نەخۆشییەکەی قاچی لە زۆربوونابوو.

**شێرزاد هەینی: لەو دیمانانەدا چییت بە میدیای ئیرانی و بێگانەکان دەووت..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بە میدیاکانم ئەوت، ئەوەی کرا، ناپاکی بوو، ئەوەیان مێژووی کورد دوو کەرت ئەکات، دیارە چی وام لەبیرنەماوە، بەلام هەمووم زۆر نێگتڤانە باسکردووە. دیارە ئاگاداری رەوشەکەش بووم، من نەمامەوە تا گۆڕانەکان روویاندا، هەواڵی ئەوەشم ئەزانی کە رەئوف بێگەرد ماوەیەک لە سنە ماوەتەوە.

**شێرزاد هەینی: ئەمجارە بوو کە لە ئیران پاسپۆرتەکەیان لێ گوم کردیت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نا... من زۆر بە ناو ئیراندا سەفەرم کردووە، ئەمجارە یەکسەر رۆیشتم، بەڵام لە سەرەتاکانی ساڵانی 2000 بوو ،کە دووبارە گەڕامەوە، ئەوجارەبوو. کە چوومە شام لەوێ بۆیان ناردمەوە.

*****

**شێرزاد هەینی: باوکت لە گەڵ (برایم ئەحمەد) هاوڕێ بووە..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** زۆریش، هاموشۆی ماڵەوەشیان ئەکات، لێرە نوکتەیەک هەیە، لەسەر باوکم و باوکی مامۆستا برایم، کە باوکم ئەچێتە ماڵەوەیان باوکی پیاوێکی قورئان خوێن بووە، بەدەنگ قورئان ئەخوێنێت، کە تەواو دەکات و بەخێرهاتنی ئەکات، ئەویش پێیئەڵێت، کاکە ئەحمەدە کاک ئەحمەدە کە قورئانەکەت ئەخوێند من گوێم راگرتبوو، یەکێک لە ئایەتەکان دروست نەبوو، راستەکەی وایە، بۆی راست ئەکاتەوە، ئەویش ئەڵێ، وازمان لێبێنە من خەریکی قورئانی خۆمم، تۆش خەریکی کارو خوێندنەوەی خۆت بە، ئەویش لە وڵامدا ئەڵێ:

ئەگەر قورئانەکەی خۆتە ئەیخوێنیت ئەوەیان جیاوازە، ئەوەیان حەقی خۆتە، بەڵام ئەگەر تۆ قورئانی خودا ئەخوێنیت، ئەوە هەلەیەو وا نییە ..

**شێرزاد هەینی:دیارە بێکەس زمانی عەرەبیەکەی باش بوو، قورئانی لەبەربووە؟**

**شێرکۆ بێکەس:**باوکم باکگراوندی رووناکبیری عەرەبی بووە، خوێندنەوەکانی بە زمانی عەرەبی بوو، عەرەبیزانێکی باش بووە، شیعری زۆری عەرەبی لەبەربووە.

**شێرزاد هەینی:**

**من دڵنیام ئەگەر غەدرمان لێنەکرێ!**
**نۆبڵی خوا**
**لە خەڵاتی مەرگەسات و بێکەسی**
**هەر ئەم کوردە وەریئەگرێ.!**

**ئەوەیان شیعری تۆیەو لە دیوانی (گۆڕستانی چراکانە)، وایە... ئێستا کورد چی بەرکەوتووە، لە کێندەرێیە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەوەندە زۆر کارەسات و ناخۆشیمان دیوە، زۆرمان دیوە، ئەگەر خەڵاتێ هەبێ بەو ناوە ئەبێ کورد پێش هەموو کەس وەریگرێت، ئەو لە هەموو میللەتێک شایستەترە.

**شێرزاد هەینی: بەڵام دیارە رەوشەکە گۆڕاوە، کورد پێگەی جیاوازە، لە ئاوەدانکردنەوەو سیاسەت و گەشەی ئابووری کۆمەڵایەتیدا پێشوەچوونێک هەیە، ئێستا چی دەڵێن..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بێگومان شتەکان زۆر گۆڕاوە، ئەو مێژووەی ئێمە دیومانە وەک خەو وایە، ئێستا لە شارەکانمان فرۆکەخانە هەیە، کۆمەڵێک پرۆژەی گەورە گەورە هەیە، من لەگەڵ ئەو بۆچوونانە نیم کە ئەڵێن لە کوردستان هیچ نەکراوە، هەروەها لەگەڵ ئەوەشا نیم کە هەموو شتێک بۆ کوردستان مەیسەرەو زۆری بۆ کراوە، من ئەڵێم شت کراوە، بەڵام کەمیش زۆرە، زۆریش ماوە، لە رووی ئیدارە، نەک تەنها لە

کوردستان، لە ناوچەکە جۆرێک لە گەندەڵی هەیە، کەموکوڕی هەیە، پێویستە کار بکرێت بۆ بنبڕکردنی، دیارە کەوا رەخنە زۆرە کە بیگیرین، رەخنە زۆرە لە بەرپرسەکان بگرین، ئەو ناعەدالەتیەی کە ئیمرۆ هەیە، بوونی جیاوازی زۆر لە نێوان ژیانی بەشێک لە سیاسەتمدارانی کوردو فەرمانبەری سیاسی کوردو چینەکانی خوارەوەی ناو کۆمەڵ هەیە، جیاوازی زۆرە، نێوانەکان زۆرن، ئەو مشەخۆرییەی کە مێژووییەک دروستی کردووە، پێویستە ئەوانە لە بیر نەکرێن، بەشێکی کەم کراوەو زۆریش ماوە بکرێن، بێگومان ناکرێ سەیری شتێک بکەین تەنها لایەکی تاریکی ببینین.

**شێرزاد هەینی: لەسەر ئاستی سیاسییەوە ئاسۆی رووناک دەبینیت..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەگەر ئێمە بتوانین ماکی شەڕی ناوخۆ بەتەواوی لەناو خۆماندا بکوژین، ئەگەر جارێکی تر ئەو ئەژدیهایە لەناوماندا سەردەرنەهێنێتەوە، پێموایە پاشەرۆژمان خراپ نابێت، بەراست هەڵکردن لە ناوچەیەکی وا ئاڵۆزدا کارێکی ئاسان نییە، خۆشە خەوەکان بەڵام واقیعەکان شتێکی تر ئەڵێن، ئەوەیە چواردەورمان... ئیران سوریا تورکیا بەغدایش لەگەڵدا.. تا ئەو کاتە من دەزانم ئەو سیاسەتەی دونیا کە ئەمریکا ریبەرایەتی ئەکات، شتێکی بۆ کورد وەک فایل هەبێت. ئەو فایلەی کە هەیە زیاتر فایلی عیراقە، ئێمە پێویستە ئەو هێلە میانرەوییەی کە لەلایەن سەرکردایەتی کورد گیراوەتەبەر، شتێکی زۆر ئیجابیە، با نەچینە ناو توندڕەییەوە، ئێمە لەو سیاسەتە قازانج ئەکەین، ئێمە ئەبێ بە سیاسەت و بە دیالۆگ ناوچە دابڕاوەکانی وەک کەرکووک و خانەقین و شوێنەکانی تر وەرگرینەوەو بگەرێتەوە سەر نەخشەی ئەو هەرێمەی ئێستا، ئەوەیان دەسکەوتێکی مەزن ئەبێ بۆ پاشەرۆژی کورد.

**شێرزاد هەینی: تۆ کە بە سەفەر دەگەرێیتەوە سوید، ماوەی چەند دەتوانی بمینیتەوە، چەند لە دووری سلێمانی دەتوانی بخەویت ..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** دوو سێ مانگ، ئەمجارە کە هاتوومەتەوە 12 رۆژی یەکەمی لە ئاستنبۆل بووم، ئەوەیان داوەت بووم، مانگی پێنج لە سەردەم مۆلەتم، مانگی شەش پێموتوون بۆم بکەنە ئیجازەی بێ مووچە، ئەگەرچی هیچ یاسایەکی مەدەنی ئێمە ناگرێتەوە، سەردەم دەزگایەکە نیمچە سەربەخۆیە تەنها حکومەت یارمەتیمان ئەدات، ئەگینا سەربەخۆیین، من پێم باش نییە لەوێ نەبم و مووچەشم بۆ بکەن، کە یەکێکی تر ئەوەی بۆ ناکەن، بۆ من بکرێت، ئێمە خۆمان مانگی حەوت مۆڵەتی ئاسایی خۆمانە پشوودانی سەردەمە، ئێمە تاقە شوێنین کە ئەو پشوودانەمان دروستکردووە، پشووێکی یەک مانگی بۆ هەموو کارمەندەکانمان، من لەوەندە زۆرتر ناتوانم، کاتی خۆشی کە لەو وڵاتەبووم، فێری هیچ نەبووم، ئێستاش من ناتوانم ناوی سێ شەقامی ناو ستۆکهۆلمت بۆ بڵێمەوە، دوو هاوڕێی سویدییم نەبووە، ئەگەر لە بۆنەیەکدا من بانگکرابم یەکێکم لەگەڵدابوو، ئێستاش ناتوانم خواردنی ئێرە بخۆم، من ناتوانم

خواردنی سارد بخۆم، تا ئێستاش لە خواردندا زۆر تەقلیدییم دەبێ خواردنەکە گەرم بێت، خواردنی ماڵەوەم لاخۆشترە، من لە خواردنەکانی لە منالییەوە پێوەی راهاتووم هەر ئەو جۆرەم لا خۆشترە، ئێستاش ئەگەر بزانم لە ماڵەوە شتێک هەبێت برسیشم بێت هەر ئەچمەوە ماڵەوە، نازانم بۆ شوێنێکی دوور بچم، نایزانم، لەگەڵ ئەوانەشدا ئەو وڵاتە بە وڵاتی دووەمی خۆم ئەزانم، چونکە لێرە گەلێک شتیان بۆ کردووم.

ئەگەر سەیر بکەیت دیارە کەوا سویدییەکان خۆیان بەگشتی کەسی ساردن، زۆریش باس لەوە ئەکرێت کە ئەوە پەیوەندی بە ئاووهەوا هەبێت، دیارە ئەوەش وا نییە، سەیری وڵاتی رووسیا بکە، وڵاتێکی ساردە، بەڵام هاووڵاتی رووسی کەسی ساردنین. من وادەزانم پەیوەندی بەوە هەیە کەوا سویدییەکان ناخۆشی و نەهامەتیان نەدیوە، تەماشاکە ئیتالیاییەکان چەند کراوەن، ئەوانە کارەساتی گەورە لە ژیان و لە ناو مێژوویاندا بوونی نییە، ئەوەی لە ژیانیدا ناخۆشی نەچێشتبێت ناچیتە تەنگ کەسانی ترەوە.

ئێمە لە کاتی خۆی کە تازە هاتبووین لە مەکتەبەکەی فێربوونی زمانی سویدی پێیان وتین، هەر کەسە باسی گرفت وکێشەکانی خۆی و وڵاتی یەکەمی بکات، منیش  بەیەک دوو رستە ئەوەم رێکخستبوو، کەوا گرفت و کێشەی ئێمە (سەدام حوسین)ە، ئەگەر ئەو سەرۆکە دکتاتۆرە نەمێنێت ژیانی میللەتی ئێمە زۆر باش ئەبێت و ژیانمان ئەگۆڕێت. هەر لەو قسانەدا وتبووم وڵاتەکەمان دابەشکراوەو چەند حکومەتێک زاڵمانە بەڕێوەی ئەبن، هەر لە پۆلەکە دوو سێ کەسی تورکی تێدابوو، زوو لێم راپەرین و وتیان ئەو قسانەی ئەو پیاوە ئەیکات وا نییە، لە وڵاتی ئێمە کورد نییەو کێشەیەک بەو ناوە نییە.

مامۆستاکەشمان باسی گرفت وکێشەی ماڵەوەی بۆ کردین، ئێمەش وتمان دەی بابزانین کێشەی تۆش چییە، ئەویش لە وڵامدا وتی: کوڕەکەم پێی گەورەیەو پێڵاوێک بۆ پێی نادۆزینەوە، ماوەیەکە بۆ جووتێ پێلاو عەوداڵین بۆمان پەیدا نابێت. هەرکەسێک جۆرێک لە کێشەیەکی هەیە، گەورەو بچووک.

ئەوەی من لەو وڵاتە فێربووم، هەست دەکەم، رێزی یەکتری زۆر ئەگرن، لەبەر رێنمایی دیموکراسی هەڵسوکەوت ئەکەن، گوێ لەیەکتری ئەگرن، یەکەم جار من لێرە بینیم کە سەرۆک وەزیران لەسەر تەلەڤزیۆن قسەیکرد سەعاتێکیان بۆی داناوە، کە ماوەکەی تەواوبوو قسەکانی پێ ئەبڕن، من ئەو شتانەم نەبیستبوو، نەمئەزانی... یان ئەو ئۆپوزسیۆنەی کە بەئاشکرا قسە ئەکات، سیستەمێکی باش و جوانیان بۆ ژیانی خۆیان دابینکردووە، دیارە من نامەوێ بەراورد بکەم لە نێوان وڵاتەکەمان و ئێرە، ئەوەش بەراورد ناکرێت، ئەوان چەند سەد ساڵێک لە رووی کۆمەڵایەتیەوە لە پێش ئێمەن.

**شێرزاد هەینی: لە سلێمانی چەند لە دووری ئێرە دەتوانی، چەند دەمینێیتەوە..؟**
**شێرکۆ بێکەس:**من ئەگەر (نسرین)و مناڵەکان لێرە نەبن،ئەتوانم هەر نەگەڕێمەوە.
**شێرزاد هەینی: نسرین لە پلەی یەکەمە...؟**
**شێرکۆ بێکەس:** بێگومان تەمەنێکە بەیەکەوەین، من بۆ منالەکانیشم هەر وام، من ژیانم لێرەو مانەوەم لێرە گرانە، من لە دوو سێ مانگ زیاتر ناتوانم بمینێمەوە، هیچ شتێکی ئەو وڵاتە نەهاتووتە ناو ناخی من، وام لێ بکات کە من بۆی بە پەرۆش بم، چونکە ئەوەی لێرە لە هەموو وڵاتێکی تریش هەیە، بەڵام ئەگەر یەکێک تێکەڵ بە کولتوورەکەیان بووبێت، هاورێی هەبێت، ئەوەیان جۆرێکی ترە، ئێستاش و لە ساتە ناخۆشەکانیش نووسەر چییە ئەگەر لەگەڵ چارەنووسی میللەتەکەی نەبێت، ئەدیب چەکی بەدەستەوە نییە، چیە ئەگەر هاوبەشی کێشەکەی نەبێت، ئەگەر لەو رۆژگارە شتەکان گۆڕاوە، لە سالانی 1971 بوو، (سالح یوسفی) من و کاک (عەبدولا پەشێو)ی بانگکرد، وتی ئەگەر ئەچنە دەرەوە زەمالەتان بۆ لە سۆڤیەت وەرئەگرین، من تازە ژنم هێنابوو، من وتم ناتوانم سەفەربکەم خۆ ئەگەر من بۆ سۆڤیەت رۆیشتبوومایە بێگومان ژنەکەشم دەکرا لەگەڵمدا بێت، بەڵام من نەچووم، دوایی کاک پەشێو بۆ خوێندن رۆیشت، ئەوەی من کە رۆژێ لە رۆژان هەرگیز بیرم لێ نەکردیتەوە، کەوا من لە شاخ بێمە دەرەوە، هەرگیز بیرم لەوە نەکردیتەوە، بەڵام زۆر بیرم لەوە کردیتەوە کە رۆژێ لە رۆژان بە جۆرێ لە سەرکەوتنەوە، بە جۆرێ لە دڵنیاییەوە بچمەوە ناو سلێمانی.

**شێرزاد هەینی: با دانیشتنەکەی ئیمرۆ بەوە کۆتایی بهێنین، کەوا لە سلێمانی و لە بەغدا پیاوێکی شاعیرو هەستناسک و عاشق هەبوو، ناوی (مەدهۆش)، تۆ چۆن پێناسەی ئەو کەسە ناسکە دەکەیت...؟**
**شێرکۆ بێکەس:** من زۆرتر لە سلێمانی ناسیوومە، من لە کۆتایی پەنجاکانداو سەرەتای شێستەکاندا لەگەڵ (جەماڵ شارباژێری)یدا ئەچووین بۆ دووکانەکەی، ئەو پیاوە بەرگدرووبوو، کە جلی ئەبڕی و جلی ئەدووری بەردەوام شیعریشی ئەخوێندەوە، زۆرجاریش شاعیرەکانم لە دووکانەکەی ئەو دیوە، من (دیلان)م لەوێ دیوە، (کامەران) هاموشووی کردووە، (کاکەی فەلاح).
**شێرزاد هەینی: تۆ جلت لەلای ئەو دووریوە...؟**
**شێرکۆ بێکەس:** جل دوورین گران بوو، من خۆم نەمبووە، تا جلی لا بدوورم.

***

## دانیشتنی دەیەم و کۆتایی

شوێن:ژوورێکی تایبەتی لەکتێبخانەی گەڕەکی(تێنستا)لە ستۆکهۆلم.
ڕۆژ: 17ی یونیوی ساڵی 2008
ماوەی تۆمارکردنەکە: 78دەقە

**گەر گەڕای بە شوێن پایزدا**
**مەچۆ بۆ هیچ شوێنێکی تر**
**دڵم نەبێ**
**گەر گەڕای بە شوێن بەهاردا**
**بۆ هەر شوێنی ئەچی بچۆ**
**دڵم نەبێ!**

شێرکۆ بێکەس

لە دیوانی زێ و زنە ل320.وەرگیراوە.

**لەو دیمانەشدا لە ژوورێکی هیمنی خاوینی ناو کتێبخانەی گەڕەکی (تێنستا) بەرامبەر یەک دانیشتووین، بڕیارە ئەوەیان دوا دانیشتن بێت، لە رۆژانی ئینتەرڤیویەکەمان زۆر لایەنمان باسکرد و هەگبەی پرسیارەکانی منیش کون بوون، هەموو پرسیارو رامان و سەرنجەکان کەوتنە خوارەوە، مامۆستاش بڕیارە سەفەرێکی دوور بکات بۆ چەند وڵاتێکی ئەوروپی، بەنیازی سەردانی چەند برادەرێکە لە ئەلمانیاو لە هۆلەندا، بۆیە لێرەدا کۆتایی بە کارەکەمان دەهێنین.**

## رئوف بێگەرد

**شێرزاد هەینی: لەهەموو دانیشتنەکاندا، لەو چەند رۆژەی رابردوو، بەردەوام ناوی مامۆستا (رەئوف بێگەرد)ت لەسەر زمان بووە، برادەرایەتی و هاوڕێیەتی تۆ لەگەڵ ئەو پیاوەو ئەزموونی ئەدەبیتان بەیەکەوەو بۆ کەی دەگەرێتەوە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** برادەرایەتی من و (رەئوف بێگەرد) کۆنە، من لە ساڵی 1970ەوە لەگەڵ (بێگەرد) هاوڕێم، لە زۆر سەردەمدا هەر بەیەکەوە بووینە، دوای ئەوەش هەمیشە بیرکردنەوەمان بەگشتی هەر لەیەک نزیک بووە، یەکێکە لەو هاوڕێیانەی هەرگیز دڵی ئازار نەداوم، دیارە خۆشی هەر بێگەردبووە، دیارە کەوا پردی پەیوەندەی ئەدەبەکەیە، زۆرتر ئێمەی بەیەکتری بەستووتەوە، ئەو یەکێکە لە چیرۆکنووسە باشەکانمان، هەروەها ئەو خوێنەرو رووناکبیرێکی باشە، ئەو یەکێکە لەو

کەسانەی وەک هاوڕێ ئەتوانی سەری خۆتی پێبسپێریت، ئەوانە هەمووی بەیەکەوە هۆکاربووینە ئەو ببێتە یەکێک لە هاوڕێیە نزیکەکانم، ئێمە بە خێزانیش تێکەڵین، هاموشۆی یەکترمان کردووە، ئەوان هاتوون، ئێمە چووین بۆ لای ئەوان، لە خۆشی و لە ناخۆشییەکاندا بەیەکەوەبووین، دیارە ئەوانە هەمووی لە ساڵانی دوورودرێژدا وەکو تاقیکردنەوە بووە بۆ بەردەوامی هاوڕێیەتیمان، ڕەنگە من دڵی ئەوم ئازار دابێت، بەڵام ئەو هەرگیز دڵی منی ئازار نەداوە.

**شێرزاد هەینی: ئەگەر لەگەڵ تۆ لە دامەزرێنەرانی (سەردەم) نەبووایە، وا بەردەوام بەیەکەوە دەبوون، دیمانەتان زۆر دەبوو، پەیوەندیتان گەرم و گوڕ دەمایەوە.**

**شێرکۆ بێکەس:** بێگومان بەیەکەوە دەماینەوە، دواییش تەمەنی هاوڕێیەتیمان لە تەمەنی دەزگای (سەدەم) دێرینترە، تەمەنی سەردەم نوێیە. دیارە بیرکردنەوەش لە پڕۆژەی (سەردەم) ئەو دەوری تێدابووە، کە من بیرۆکەکەم هەبووە، ئەو کاری بۆ کردووە، ئەو ئێستا سەرنووسەری گۆڤاری (سەردەم)ە، دیارە ئەو کارکردنەو نزیکبوونەوەکان و گونجانمان بەیەکەوە هاوڕێیەتیەکەی و خۆشەویستیەکەی جوانترکردووە، دوو شت ئێمەی لەسەردەم بەیەکەوە هێشووتەوە، مەسەلەی ئەو ئازادییەی لەناو ستافەکاندا هەیە. لەلای ئێمە سەرنووسەری گۆڤارێک ئازادە لەوەی چی لە گۆڤارەکەی بڵادەکرێتەوە، بەبێ ئەوەی ئەو بگەڕێتەوە بۆ ئەنجوومەن، یان بگەڕێتەوە لای سەرۆکی دەزگا، ئەمەیان یەکەم، دووەمیشیان، ئەوەی هەموومان بەیەکەوە لەسەر مەسەلەیەک کۆکین، کەوا بەیەکەوە واز لە سەردەم ئەهێنین ئەگەر شتمان لە دەرەوەی خۆمانەوە بەسەردا فەرز بکرێت، دیارە لەو ماوەیەدا ئەوەش نەبووەو رووی نەداوە، بۆیە ساڵان و سەردەم، ساڵانی تازەکردنەوەی هاوڕێیەتی بووە بە شێوەیەکی تر.

**شێرزاد هەینی: کە هەر باسی دەزگای (سەردەم)مان کرد، بابزانین بیرۆکەی دامەزراندنی سەردەم و پشتیوانی لەسەردەم، کێ خاوەن بیرەکەبووە،کێ ناوەکەی لە دەزگاکە ناوە..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** وەک لە رۆژانی رابردوو ئاماژەم پێکرد، من لە ساڵی 1998 کە جارێک تر لە سوید گەڕامەوە کوردستان، بڕیارم دابوو هەر چ وەزیفەیەک هەبێت من نەیکەم، دیارە ئەو دەمانە سەردەمم لە خەیاڵدا نەبووە، بەڵام بیرم لە پڕۆژەیەکی رووناکبیری ئەکردەوە، کە بیرۆکەکەم لەگەڵ ئەو برادەرانە باسکرد، وردە وردە پڕۆژەی دەزگایەکی چاپ و پەخشم لا گەڵاڵەبوو، دیارە لەو رووەوە پێویستمان بەوە بوو لە رووی یاساییەوە شتێ بکەین، کاک (حسین عارف) خۆی دەرچووی یاسایە، ئیتر ئەو خۆی گەڵاڵەی ئەو شتانەی کرد، پڕۆژەکەمان دا بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو دەمانە کاک (کۆسرەت) سەرۆکی حکومەت بوو لە سلێمانی، دوای

دانیشتن لەگەڵ راوێژکارانی یاسایی مۆڵەتەکەمان وەرگرت، هەر لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە تا دەگاتە (مام جەلال)ەوە پشتیوانیان لە پرۆژەکەکرد، ئەوەش زۆرتر هانی ئێمەی دا بەردەوام بین، حکومەت لە بەکرێگرتنی باڵەخانەکەو لە دامەزراندی کەلوپەلەکان و پێویتستیەکان، یارمەتی ئێمەیان دا. چونکە ئێمە خۆمان هیچمان نەبوو، ئەو دەمانە دەزگاکەمان لەو جۆرە نەبوو، ئێمە لە ماوەی دوو ساڵدا توانیمان خۆمان جێگیر بکەین، خۆمان بە خەڵک بناسێنین، چ بە گۆڤارو بڵاوکراوەکانمان، یان بە بڵاوکردنەوەی کتێبەکانمانەوە، دیارە ئەو دەستەیە لە سەرەتاوە تا ئێستا هەر بەیەکەوە بووین. ئەگەر لێرەو لەوێ گیروگرفتیش هەبووبێت، بەیەکەوە کارمان کردووە، من خۆشم بڕوام بەوە نییە کە هیچ سانسۆرێک هەبێت، کە سەیری بابەتی سەرنووسەرێ بکەمەوە، کە کاتی خۆی خۆم بڕوام پێکردووە، کە لەو شوێنە دانراوە، لەبەرئەوە کارەکەمان باش و تەندروست ئەڕوات، بەپێچەوانەی شوێنی تر کە کەس ناتوانێ دە دێر بنوسێت، ئەگەر سەرنووسەرەکە سەیری نەکات، بەراستی قەڵەمی سوور لەلای ئێمەدا بوونی نییە، بەگشتی ئێمە چاودێری فیکری، روشنبیرییمان لەسەر نەبووە، ئیتر ئێمە لە مێژەوە نووسیومانەو نووسینەکان رۆیشتووە بۆ چاپخانە، ئەگەر گیروگرفت هەشبووبێت ئەوە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئێمەوەبووە، سەرەتا ئێمە دەزگایەکی بچووک بووین، کێشەمان لە گەیاندن و دابەشکردن هەبووە، ژمارەی فەرمانبەرانی دەزگاکەمان لە 40 کەس گەیشتووتە 120 کەس، دیارە کەوا کارەکانیش گەورەن، لە بیرم نەماوە کێ ناوەکەی لێناوە، بەڵام ئەزانم هەمووومان لەسەر ناوەکەی کۆک بووین، پێشنیاری ناوەکان (میدیا) هەبوو، (سەردەم) هەبوو، ناوی تریش... دوایی لەسەر ناوی (سەردەم) بڕیارمان وەرگرت، ئەو ناوە چەسپا.

***

**شێرزاد هەینی: مامۆستا دیارە هاووڵاتیانی کوردو هەموو عیراقیەکانیش بەگشتی، ماوەیەکی زۆری تەمەنیان بە ناچاری لە سەربازی بەسەربردووە، کە ساڵان و مانگانی زۆر ناهەموارو نارەحەت بوون، تۆ خزمەتی سەربازیت نەکردووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نەخێر. ئەو دەمانە (بەدەل) ئەدرا، پارەیان ئەدا، من پارەم داوە.

**شێرزاد هەینی: لە بیرتە ئەو پارەی تۆ دات چەند بوو...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەوەی لەبیرمە هەشتا دینارێک بوو، هەموو خزمەکان یارمەتیان دام، ئەوان و خۆمان پارەکەیان بۆ کۆ کردینەوە، وابزانم کۆتایی پەنجاکان بوو، یا سەرەتای شێستەکان بوو، بۆیەش خۆشبەختانە من بە هیچ جۆرێ جلی سەربازییم لەبەر نەکردووە.

**شێرزاد هەینی: تۆ ماوەیەکی زۆر لە شاخ بوویت، لەناو تفەنگ و تەقەو شتی وا... تۆ قەت تەقەت کردووە، تفەنگت هەبووە...؟**
**شێرکۆ بێکەس:** دیارە بارودۆخی کوردستان و میللەتەکەمان وا بووە، ئەگینا من ئەوەی بەردەوام رقم لێبووە، چەکە، بەڵام دیارە چارەنووسمان بەوە بەستراوەتەوە، من رۆژێ لە رۆژان تەقەیەکم نەکردووە، ئێستا دەمانچەیەکم بدەیتە دەست نازانم بیتەقێنم، لە تفەنگ نازانم.
**شێرزاد هەینی: تەقەی نیشانگرتن، ڕاوێ شتێ لەو جۆرانە...؟**
**شێرکۆ بێکەس:** تەقەی وام کردووە، بۆیان داناومەتەوەو تەقەیەکم کردووە، نەک هەر نەمپێکاوە، **گوللەکە** هەر بە لاشیدا نەرۆیشتووە، کە چەک دەهات، منیش چەکم بەرکەوتووە، بۆ نمونە کلاشینکۆفێکیشان ئەدا بە منیش، وەرمگرتووەو لە ژوورەکەم دامناوە، یان دەمانچەیەکیان بەدیاری ئەدایتێ، وەرمگرتووە، چەک لەلای من هەر ئەوەندە بووە، جاروبار بەدەمانچەوە دەرچووم، بەڵام هەرگیز تفەنگم لەشان نەکردووە.

**شێرزاد هەینی: خۆت دەتەوێ چی بڵێیت، چیت ئارەزووە باسی بکەیت..؟**
**شێرکۆ بێکەس:** ئەگەر باسی سەردمی منالّیم بکەم.

## سینەما

دیارە لە شاری سلێمانی سینەما هەبووە، رەنگە لە ساڵی 1940 یان ساڵی 1941 ەوە سینەما لەو شارە هەبووە، سینەمای (سەلاحەدین) خاوەنەکەی (رەمزی قەزاز)بوو، ئەوەی لە بیرم بێت، من لەگەڵ دایکم و ژنانی گەڕەک ئێوارەیەک چووین بۆ سینەمایەک، تەمەنم پێنج شەش ساڵان بوو، ئەو دیمەنەی لە مێشکمدا مایەوە، پێشەکی فیلمەکەبوو، سەردەمەکە کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی بووە، پێش نمایشی فیلمەکە پروپاگەندەی شەڕەکەیان نیشان ئەدا، کۆبوونەوە بەناوبانگەکەی (ستالین) و (رۆزفلت)و... لە تاران، ئەوەیان لە هزری منا مابووە. سینەمای هاوینان لە سلێمانی هەبوو بەتایبەتی سینەمای (گوێژە)، سینەمایەکی خۆش بوو پێشتر ئەرزەکەیان ئاورشێن ئەکرد، بۆنێکی خۆش لە خۆڵەکە ئەهات. ئەو دەمانە لەو سینەمایانە لۆچ هەبوو، گۆشەیەک بوو بۆ خێزانەکان بەیەکەوە دائەنیشتن.

## ئەسمەهان

پوورێکم هەبوو حەزی لە دەنگی (محمد عبدالوهاب) یان دەنگی (ئەسمەهان) ئەکرد، من مناڵ بووم منی ئەنارد وێنەی بچووکی ئەوانەم بۆ ئەکڕی.

## کتێب

لە ماڵی باپیرمدا یان لە ماڵی باوەپیارەی دایکمدا، من بۆ یەکەمجار هەندێ کتێبم دیوە، تاقی تایبەت بە کتێبی باش، دیارە من مەبەستم مەکتبە نییە، لەبیرمە لەوێ ژمارەکانی گۆڤاری (گەلاوێژ)م بینیووە، ئەو دەمانە مناڵ بووم بۆ خوێندنەوە نا، بەڵام وەک کتێب من لەوێ کتێبم دیوە، لەوێ کتێبەکەی (رحلة ریچ)م بینیوە، کە لە ساڵی 1820 بە زمانی عەرەبی هەبووە، لەوێ تفەنگی تاپری بە دیوارەوە هەڵواسراوم دیوە، کە سەرنجی راکێشاوم، دیارە خاڵەکانم ئەو شتانەیان کڕیوە، وەک وتم باوە پیاوی دایکم (کەریمە فەندی) لە شارەوانی سەرۆکی چاودێران بووە، دیارە کە حەزی لە راو بووە، بۆیەش تفەنگی راویان هەبووە، من لەوێ گۆڤاری (المصور)ی میسرییم دیوە، لەوێ وێنەی مەلیک (فاروق)و (فوزیە)ی شاژن، ئەو وێنانەم لەوێ دیوە، ئێستا من ئەوانەم لەبیرە.

## حەمامی ژنان

لەبیرمە بۆ یەکەمجار لەگەڵ دایکمدا چوینە حەمامی ژنان، تەمەنم لەنێوان پێنج و شەش ساڵان بوو، ئەو دیمەنەم لەبیرماوە سەیربوو، ئەو هەموو ژنە رووتەو ئاو ئەکەن بە خۆیان و بەیەکەوە هەموو خۆیان ئەشووشت، سەیربوو. هەموو جارێ دایکم ئەگێرێتەوەو ئەڵێ کە دواجار تۆم بردە حەمامەکەی (فاتیمەخان)، دیارە کە ژن بووە، ئەو کە منی دیوەو وتوویەتی ئەی کە ئەو کوڕەت هێناوە بۆ باوکیشت نەهێناوە، واتە ئەو کوڕە گەورەیەت بۆ هێناوەتە حەمامی ژنان، ئەوەی سەرنجی رائەکێشام جورنەکان و بەلوعەکان بوو، ئەوەی زۆر سەیربوو (توونەکە)بوو، ئەو شوێنەی کە ئاگری ئەدەن و ئاگرەکە دەکاتەوە، دیمەنەکەی سەرسامی ئەکردم، کە حەمامەکەو یان ئاگرەکە یان ئاوە گەرمەکە کێشەیەکی هەبووە، ئەبووایە کابرای توونچییان هێنابووایە توونەکەی چاک کردبایەوە، دیارە ئەویش پیاوبووە، نەئەکرا بە چاوکراوەیی بێتە ژوورەوەو بچێتە لای توونەکە، لە دەرەوە چاویان ئەبەستایەوو دوو ناتری ژنیش دەستیان ئەگرت و بە چاوبەستاوەیی بەناو ژنە رووتەکاندا ئەیانبردە لای توونەکە،

ئەو دیمەنەم لەبیرناچیتەوە، ئەو پیاوە بە چاوبەستراوەیی دێتە ژوورەوە، سەیربوو. جا نازانم ئەو هیچی دیوە یان نا... سەیربوو.

## نقومبوون لە ئاودا

دیارە کەوا مزگەوتەکان لە ئاوی ساردو روونی کارێزەکان حەوزیان هەبووە، وسل خانەیان پێ ئەوت. هاوینان کە دونیا گەرم ئەبوو، بۆ فێنکبوونەوە خەڵکی چوونەتە ناو ئەو حەوزانە، باوکم کردبووی بە خوو کە گەرما دەبوو ئەچوو تێیئەکەوت، من تەمەنم چوار پێنج ساڵان بوو، منی یەک دووجار لەگەڵ خۆییدا ئەبرد، منی لەناو ئاوەکە نقووم ئەکرد، هەناسەم نەئەما، منی لەناو ئاوەکە ئەهێشتەوەو یاری لەگەڵ ئەکردین، تووشی هەناسەبڕکێی ئەکردم، ئەوانەشم هەر لە بیرە.

## چـــیغ

لەبیرمە هاوینان لەسەربانەکان چیغیان دائەنا، ئەو دیمەنانەشم لەبیر ناچێتەوە. چـــیغ و مانگەشەوو گۆزەی ئاوو لەتە شووتی فێنک!

## عەلی مەردان

ماڵەکەم بچووک بوو، حەوشەکەشمان بچوک بوو، لەبیرمە ئێوارەیەک لەو حەوشەیەدا قەرەباڵغییەک دروستبوو، پاشان بووە دەنگە دەنگ، من مناڵ بووم بۆیەش پاشان دایکم بۆی گێرامەوە، کەوا باوکم شەوێکیان عەلی مەردانی داوەتکردبوو، ئەو شەوە کۆمەڵێک لە برادەرەکانی لەوانە وا بزانم (برایم ئەحمەد)یشیان لەگەڵدا بووە، هەمووشیان لەسەر ئەرز دانیشتبوون، تا درەنگ گۆرانیان وتبوو، بەزمی خۆشی سازکردبوو، دیارە کەوا لەسەربانەکان و نێو چیغەکان و لەسەر گوێسوانەکاندا خەڵکی وەستابوون گوێیان ئەگرت، کە تەواوبوون باوکت دەستی کرد بە جنێودانی عەلی مەردان،

**منیش بە دایکم وت:**

**جنێو جنێو... دایکیشم وتی:**
**بەڵێ سەد جنێوی پێدابوو، کوێرەو سەگباب و...**

ئەویش توورەبووەو هەڵساوە ویستبووی بڕوات، پاشان ئاشتیان کردیتەوەو گەڕاوەتەوە، بە باوکمی وتووە، من تۆم بە پیاو زانیوەو هاتوومەتە ماڵت و گۆرانیت بۆ ئەڵێم، تۆش جنێوم پێئەدەیت، بۆ بێکەس.؟! بۆ من .. باوکیشم دەستی لە مل ئەکات و پێیئەڵێت، بێ عەقل کوێرە توورە مەبە، تۆ کە گۆرانی لە ماڵی (حمە ئاغا)و لە ماڵی فلانە کەس و دەوڵەمەندەکان گۆرانی ئەڵێیت سیپەچات ئەداتێ و فەردە شەکرت ئەداتێ و دیارییت ئەدەنێ، باشە من چیت بەدەمێ، من چییم هەیە، تەنها جنێوم هەیە، ئەبێ جنێوت بدەمێ، هیچی ترم نییە..! زۆر شەو لە نادییەوە باوکمیان بە گۆرانی وتن ئەهێنایەوە، جا (عەلی مەردان) بووایە، (ڕەشوول) بووایە شیعرە شەوە بەدەم گۆرانی بەزمەوە ئەیانهێنایەوە.

## دز

شەوێکیان لە ساڵی 1945 بوو، دایکم درەنگ لە سەردانی ماڵی نەنکم دەگەڕێنەوە، ئەوسا قفلێک لە دەرگاکەی دەرەوە ئەدرا، لە دوورەوە دیاربوو کەوا قفلەکە شکابوو، دایکم بە هاوارەوە خۆی کردبوو بە ژوورەکەمان، کە دەستی لە کەلوپەلەکان گێڕابوو، زانیبوو دز هاتووتە ماڵەکەمان، زۆر گەڕابوو دیارە هیچی دەست نەکەوتبوو، کەلوپەل و بوخچەکانیان شێواندبوو، پاش یەک دوو سەعات کە باوکم لە نادی گەڕاوەتەوە دایکم کردوویەتی بە دەنگە دەنگ، منیش ئەوەمان وەک خەیاڵ لەبیرمابوو، پاشان دایکم بۆی گێڕامەوە کەوا پاش هاتنی دزەکەو شێواندنی ماڵەکەمان بە باوکتم وتووە، تۆ هەرگیز ئاگات لە ماڵەوە نییە، فەرموو ویستوویانە ماڵەکەمان بدزن، تۆ هەر لە دەرەوە ئەمینێیتەوە، کەی ئەوە راستە... ئەویش بە دایکم ئەڵێ چی بووە، بۆ وا تەنگاو بوویت، دایکیشم ئەڵێ نابینی دز هاتووتە سەرمان، ماڵەکەی شێواندووە، ئەویش بە سەرسامییەوە ئەڵێ، دز هاتووتە سەر ماڵی من، ویستوویەتی دزی لە من بکات...! دایکیشم پێی ئەڵێت، بەڵێ دز هاتووە، باوکیشم ئەڵێ باشە چییان دزییوە، ئەویش ئەڵی نا.. دایکم ئەگێڕێتەوە کەوا باوکت لەسەر بەردێکدا لەناو کەلاوەکەدا هاوار ئەکات، ئەی دز ئەوە دەرگاکانمان ئەکەینەوە، بەردەوام لەسەر پشت ئەبێت، فەرموو بیبە، چیمان هەبوو بیبە، من خۆم پێشکەشت ئەکەم، سوێند ئەخۆم لەمەودوا دەرگاکەمان داری پێوەبنێم، دایناخەین، وەرە ئەی دز لە کوێیت ..!

## سەیرانی پیری شەوکێن

ئەو بەسەرهاتانەی منالّیم وەک خەو لە بیرماوە، خۆش بوو.. بۆ نمونە سەیرانی پیری شەوکێن، دیارە ئەو شوێنە پیاوچاک بووە، لە ناوچەی شارباژێربووە، بۆ سەردانی ئەو مەزارە بەیانیان لە شارەوە بە وڵاخ خەڵکی بەرێئەکەوت، تا درەنگ ئەگەیشتن، خۆش بوو وەک منالّی شارێک بچیتە دەرەوەو سواربوونی وڵاخ، ئەوانە جوان بوون... بەسەرهاتی وا جوان زۆرە..

***

**شێرزاد هەینی: بێگومان لە سەردەمی پێشمەرگایەتی لە ماڵان دابەشبوون، نانی ماڵانتان خواردووە، لەو شەوانەو لەو دابەشبوونە چیمان بۆ ئەگێریتەوە..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ منیش لە ماڵان دابەشبووم، بەڵام کەم، چونکە من لە مەفرەزەو وتیپدا نەبووم، ئەو کاتانەی لە شۆرشی ئەیلول بووم، منیش دابەشبووم بەر ماڵان کەوتووم، ئەوسا وابوو کە نانەکەت ئەخوارد بەتانیە کۆنەیەک، لێفەیەکیان ئەدایتێو لە مزگەوتدا پێی ئەخەوتی.

لەسەر ئەو دابەشبوون و وەرگرتنی بەتانیە نوکتەیەک هەیە، لە (حەمە جەزا)ی هونەرمەند روویداوە، ئەو ئەگێریتەوە، شەوێکیان لە دەرگای ماڵێک ئەدەن، خانووە ماڵەکە پیرەژنێک ئەبێ، پێی ئەڵێن مێوانین، ئەوانیش ئەڵێن داپیرە چییت هەیە، بیخۆین ئەویش ئەڵێ (پیرخەنی)مان هەیە، ئەوانیش برسی ئەبن داوا دەکەن بۆیان تێبکات، بۆ برادەرەکەی قاپێک پیرخەنی تێئەکات، کە نوورە ئەگاتە سەر (حەمە جەزا)، ئەو لە پیرەژنە خاوەن ماڵەکە ئەپرسی، داپیرە ئەگەر هەتانە (یاغنیکیش)م بۆ بێنە، یاغنیکیش قاپێکی مسی قوول بوو، بۆ تەشریب و تێکووشینە بەکاردەهات. پیرەژنەکەش هەڵئەسێ ئەچی و ئەگەرێ و کۆنە یاغنیکیشێک ئەدۆزێتەوە، چۆرێ ئاوی پێدائەکات و لە پێشی دائەنێ، (حەمە جەزا)ش نانەکە لە پیرەخەنیەکە ئەکووشێت و ئەیخوات، کە تێر ئەخۆن و هەڵئەستن برۆن، دیارە ئەبێ داوای بەتانیەک شتێ بکەن، بۆ نووستن لە ناو مزگەوتەکە، پیرەژنەکە بەتانیەکی پاک و نوێ ئەداتە برادەرەکەی (حەمە جەزا)، بۆ ئەویش ئەگەرێ کۆنە لێفەیەکی شڕی دڕاوی بۆ ئەدۆزێتەوە، ئەویش ئەڵێ باشە داپیرە، تۆ بۆ بەتانیەکی خاوێنت دا بە هاوڕێیەکەم، بۆ منیش ئەو کۆنە لێفەت هێنا، پیرەژنەش لە وڵامدا ئەڵێ:ئەوەی نان لە یاغنیکێش بخوات، ئەبێ کۆنە لێفەش بدا بە خۆیداو هەر ئەوەشی قابیلە.

منیش وتم، دیارە پیرەژنەکە لە تۆ شاری ترو مەدەنی تربووە، کەی باوی قاپی یاغنیکیش ماوە. دیارە ئەو نوکتەو بەزمە خۆشانەی سەردەمی پێشمەرگایەتی زۆرە، زۆر کەس کۆی ئەکەنەوەو پاراستوویانە، لە هەموویان باشتر (رەهبەری سەید برایم)ە، بەراستی رەهبەر گەنجینەیە بۆ ئەو نوکتانە، هیوادارم لە کۆتاییدا بیکاتە کتێبێک، شتێکی زۆر باشی لێدەرئەچێت. دیارە ئەوانە کولتوورن.

**شێرزاد هەینی: لەسەردەمی ئێوە بەتایبەتی سەردەمی گەنجیەتی ئێوە، بەهۆی رادیۆیەکانو فیلمە عەرەبیەکان، گۆرانی عەرەبیش زۆرباوبوو، لەوانە چیت لەبیر ماوە؟**

**شێرکۆ بێکەس:** راستە ئەو دەمانە مۆدەی گۆرانی عەرەبی بوو، بەڵام ئەوەی شتێکی گۆڕی شەمال سائیب بوو، دیارە ئەویش کاریگەری ئاوازە عەرەبیەکانی پێوە بوو، ئەو بەرهەمی نوێی دا بە گەنجەکان، ئەتوانین بە بەرهەمەکانی ئەو بڵێین جۆرێک لە نوێکردنەوە، جۆرێک لە تێپەراندن لەو شتە باوانەی کە زووتر هەبوون، لەبیرمە ئێمە کۆمەڵێک هاوڕێ بووین، یەکێک لەوانە خوا لێخۆشبوو (لەتیف حەمدی خەتات) بوو، کەس گۆرانیبێژی عەرەبی (عبدالحلیم حافظ)ی نەئەناسی کە ئەو ئەیناسی، ئەو لاسایی ئەکردەوە ئەوکاتە سەیربوو، ئەو هەموو گۆرانیەکانی ئەوی لەبەربوو، کەم خەڵک ئەوی ئەناسی. (محمد عبدالوهاب) و (فريد الاطرش)و ئەوانە هەبوون، من لەسەردەمی منالییەوە دەنگی (ئەسمەهان)م بیستبوو، ئێستاش حەز بە دەنگی (ئەسمەهان) ئەکەم، یەکێکە لە دەنگە هەرە خۆشەکان، دیارە سەردانەکانمان بۆ بەغداو دیمانەکانمان لەو شارە مقاماتەکانی لا خۆشەویست کردین، ئەو مقامانە خۆشن، بەتایبەتی ئەوانە (گوبنچی) و (یوسف عمر)  کە ئەیڵێن، خۆش بوون. لەو سەردەمانەدا بەستەکانی (حسن زیرەک) تازەبوونەوەو گوڕێکی خستە ناو گۆرانی کوردی، شتەکانی بەتام و نوێ بوون، ئەو وەستای بەستەی کوردییە، من پێمووایە بەشی زۆری گۆرانیبێژەکانمان بەرهەمەکانی (حسن زیرەک) ئەڵێنەوە، تا ئێستاش هەر ئەیڵێنەوە... بەڵام رەنگە بە جۆرێکی تر.

****

## ناوی دیوانەکان

**شێرزاد هەینی: دیارە کەوا ئەو هونەرمەندێکی زۆر بەتاقەت بوو، بەردەوام داهێنان و بابەتی نوێی هەبوو. با باس لە ناوانی دیوانەکانت بکەین، بۆ نمونە بۆ (دەربەندی پەپولە)، ئەو ناوە لە چی هاتووە..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** زۆرجار ناونیشانێک لە دێرێکی قەسیدەیەکەوە دێت، یان لە دیمەنی شیعرێکدا، لەو دیوانەدا لە کۆتاییەکەیدا دەستەواژەی (دەربەندی پەپولە)ی تێدایە، لەوێدا هەیە. جاری وا هەیە ناونیشانەکە هیچ پەیوەندی بە دیوانەکەو ناوەرۆک نییە، جاریش هەیە ناونیشانەکەو بەرهەمەکە هەمووی و ناوەرۆکەکەی هەموو یەکتری تەواودەکەن، لەگەڵ یەکدا ئەگونجێن، بەڵام هەردوو وشەی (دەربەندی پەپولە) لە کۆتایی دیوانەکەدا هاتووەو وێنەیەکی شیعری جوانیشە.

**شێرزاد هەینی: ئەو دوو وشەیە، بەیەکەوەو لەناو رستەیەکدا رێکەوتووە تۆ بیخوێنیتەوە، یان بەیەکەوە بێت، واتە پێشتر هەبووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نەخێر نییە.. نەمدییوە.!

**شێرزاد هەینی: ئەدی ناوی دیوانەکانی تری تۆ...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** دیارە کە (ئاسک) مەبەستمان ئاسکە موبارەکەیە، دیارە کەوا رەمزێکی کولتووری موقەدەسە. (خاچ و مارو رۆژژمێری شاعیرێک) ئەوە ئەو خاچەیە کە لە سەرەتاوە لە قەسیدەکەدا هەیە، مارەکەش ئەوەیە کە لە قەسیدەکەش باسم کردووە، ئەگەر زۆریش روون نەبێت، بەڵام دیارە کەوا لە منالیمدا من تەمەنم سێ ساڵ بووە، ماڵمان لە قەرەداخ بووە، دایکم قاپێک ماستم ئەداتێ و دەچێتە دەرەوە کە دەگەرێتەوە دەبینی مارێکم لەگەڵدایە، دایکم کە ئەو دیمەنە ئەبینێت ئەبوورێتەوەو دوایی هەموولایەک کۆ ئەبنەوەو مارەکەش نامینێت، خاچیش ئەو خاچەیە لە سەرەتادا هەیە، رۆژژمێریش ئەو رۆژژمێرەیە کە بەرهەمەکە پێکدەهێنێت. سەبارەت بە ناوی دیوانەکانی تریش، (گۆڕستانی چراکان) دیارە کە بۆ قوربانیەکانی ئەنفالە، بۆ نمونە (ژن و باران)، (خۆم ئەو وەختەی باڵندەم)، (تۆ ئەتوانی بە قومێ ماچ بمخەیتەوە هەڵقوڵین)، (سرووده بەردینەکان)، (بۆننامە)، (رەنگدان) ئەو دووانە کارکردنە لەگەڵ هەردوو هەستەکە، ئەوانە ئەبنە بینینت، بیستنت، چ بۆن لەولایە چ رەنگ لەولایە، لە رێی بۆنەوەو لە رێی رەنگەوە، هەرجارەی کە پەنایان بۆ ئەبەیت شتێ ئەدۆزیتەوە، یادگارێکت دێتەوە بیر، شتێک هەڵئەقوڵێت، یان شتێکی تر ئەپووکێتەوە. ناونیشانیش وایە، جاری وا هەیە من ئەوندەی بە ناونیشانەکە ماندوو ئەبم، ئەوەندە بە شیعرەکە خۆی ماندوو نابم. ئەوەش بۆ هەموویان نا، بەڵام وا هاتووە ئەوەیان روویداوە.

دیاره کەوا ناونیشان تایتلێکی گرنگە بۆ سەرنجراکێشان، چ بۆ خوێندنەوەو چ بۆ نووسینیش بۆ بەرگی دیوان.

**شێرزاد هەینی: بەڵام لە جوانی ناوەکانتاندا ڕەنگە (دەربەندی پەپولە) ژمارەی یەکەمیان بەرکەوێت..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نازانم... ئەشێت، بەڵام ئەوە لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر ئەگۆڕێت، بۆ نمونە ئەگەرچی وشەی (ئافات) وشەیەکی عەرەبیشە، بەڵام ناونیشانێکی سەرنجراکێشە، دیوانی دووەممان (کەژاوەی گریان)، گەرچی کۆنیشە، بەڵام دیارە کەوا ناوەکە جوانە، جاری وا هەیە ناونیشان دێت، جاری واش هەیە نایێت.

**شێرزاد هەینی: ئەگەر بەدرێژی بچینە ناو مەسەلەی ئەو کیژەی لەسەر بەلووعەکەی ماڵی خاڵت هەوەسی سێکسی تۆی بزواندووە، لەو ڕۆژەو تا تەمەنی ئێستات کە 68 ساڵ، هەوەسی سێکسیت چۆنە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من کە ئەوەم وت، من هێشتا مناڵ بووم لەگەڵ باسەکەو ماڵەکان و خانووی سەرماڵان بابەتەکە هات، ئەو کچە لەو دەمانە ئارەزووت لا دروست ئەکات، هەرگیز ئەوەت لەبیر ناچێتەوە، دیارە لەو سنوورە دەرنەچووە، هەر ئەوەندە بووە، لەو زیاتر تێنەپەڕیوە، بەڵام یەکەمین تەقینەوەی جنسی من لەوە دەست پێئەکات، دیارە پێشتریش شتێ هەبووە، بەڵام وەک ئەو دیمەنە نەبووە، چونکە ئەوەیان دووبارەو سێبارە ئەبۆوە، چونکە لە هەمان ماڵدا بووە، زۆریش بە کۆمەڵ بەیەکەوە دائەنیشتین، شەوانە کە ئەبووینە میوانی یەکتری. یەکێکە لەو بیرەوەرییانە کە لەبیرم ناچنەوە، وردەکارییەکە چیە، ئەوەیە کە یەکەم جارە ئارەزووی جنسی لەلای تۆ بەرجەستە ئەبێت، نەک بە خەو، بەڵکو لەبەردەمتدا ئەتەقێتەوە.

***

## سێکس

**شێرزاد هەینی:لەتەمەنی خۆتدا لەکام قۆناخ و تەمەندا ئارەزووی جنسیت زۆرتر بووە؟**

**شێرکۆ بێکەس:** دیارە کەوا لە تەمەنی بیستەکان و سییەکاندا زۆرتر ئارەزووم هەبووە، وەنەبێ لە کاتەکانی تردا هەوەسم نەبووە، من پیاوێکم هەمیشە عاشقم.

**شێرزاد هەینی: دیارە ئەو کەسانەی کاری سیاسییان کردبێت، خەریکی کتێب و نووسین بووینە کەمتر پرژاونەتە سەر ئارەزوو و سکێس، (هێمن)ی شاعیری نووسیویەتی کە بوویتە ئەندامی حزب سوێندی خواردووە، سەیری کیژی کورد**

**نەکات، خیانەت نەکات.. تۆش رەنگە لەو کاروانەدا کەمتر بواری دڵداری و ئارەزووی سێکسیت بووە ..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** رەنگە ئەوەش وابووبێت، منیش کە لە تەمەنێکدا لە (کاژیک) ئەندام بووم، یەکجار سیاسەتم کردووە، ئەوەبوو لە بیستەکانی تەمەنمدا، کە چوونە شاخیشی تێکەوتووە، ئەوەیان راستە جۆرێک لە دەروێشیەتی تێدایە، ئەو کاتانەیە کە خۆتت لەبیر ئەچێتەوە، ئەو دەمانە ئارەزووەکانی خۆت ئەخەیتە لاوە.

**شێرزاد هەینی: کە ئینسان گەیشتە تەمەنێک و ئاستێک نەکرێ لەگەڵ ژنێک لەگەڵ کیژێک پەیوەندی بکەیت و ژووان و سڵاوو شتی لەو جۆرە، رەنگە ئاسان نەبێت، خۆشت نەتەوێت، وایە ..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەوان خۆیان هاتوون، ئەوان سڵاویان کردووە، تا ئەو دەقەیەش کە ئێستا قسە ئەکەین، ئەوان خۆیان نزیک ئەبنەوە، بە دەیان کچ، بە دەیان ژن .. ئەیانەوێت رادەی ئیعجابی خۆیان دەرخەن، ئەیانەوێ نزیکیش ببنەوە، من هەرگیز هەستم بە بۆشایی خۆشەویستی ژن نەکردووە، نەک بۆشایی جنسی .. من ئەوەندە ئەزانم ئەو فریشتانە لە ژیانی مندا دەوری جوانیان هەبووە، دەوری جوانیان هەبوو تا وشک نەبمەوە، دەوری هەبووە، هەمیشە وەک ئاو وابوون کە نەهێڵن ڕەگەکانم وشک ببنەوە، ئەوانە هەموو لە جەستەدا حیساب ناکرێت، بەڵام ئەو نزیکبونەوانە، ئەو یەکتر بینینانە، من هاوڕێم زۆرە، نەک تەنها لە سلێمانی و بەس لە شارەکانی ترەوە لە شارەکانی کوردستانی رۆژهەڵاتەوە، هاوڕێی کچ کوڕو پیرو هەرزەکارم زۆرە.

**شێرزاد هەینی: مامۆستا وادەزانی کە مرۆڤ هەوەسی جنسی نەما، ئینسانەکە تەواو دەبێت..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** باوەر ناکەم، چونکە ژیان بەردەوامە، دیارە نەمانی هەوەسی جنسی جۆرە مردنێکی تێدایە، بەڵام هەردێت، رەنگە ئەو هەوەسە لەو ساتانە بە جۆرێکی تر گوزارشتی لێ بکەیت.

**شێرزاد هەینی: هەست دەکەیت، نووسەری ناسک و داهێنەر تاقەتی نووسینی ئەمێنێت ئەگەر هەوەسی سکێسی نەما ..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** رەنگە ئەو هەوەسە سێکسیە وەک شتێک لە جەستە بمرێت، بەڵام بە یەکجاری و بە تەواویەتی نامرێت، ئەوەیان ترسناکە ..!

**شێرزاد هەینی: کە هەوەسی جنسیت نەما، چۆنی رادەگەێنیت ..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** پێویست بە راگەیاندنی ناکات، چونکە من هەوەسی جنسیم هەر ئەمینێت، هەتا ئەو دڵە بەو جۆرە بمینێت، ئەو هەوەسەش بە جۆرێک لە جۆرەکانی هەر ئەمینێت.

**شێرزاد هەینی: مامۆستا ئیمرۆ 16/ 2008/6 تۆ وەک پارەو سامان چیت هەیە.!؟**

**شێرکۆ بێکەس:** وەکو وتم، من مووچەیەکی خانەنشینی زۆر باشم هەیە.

**شێرزاد هەینی: تۆ خۆت وتت من کەم لە حیسابی پارەو گیرفان ئاگادارم و دەزانم، ئەگەر ژمارەکەی بزانیت دەڵێت چەندت هەیە ..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** جا پارەکەش بڵێم چییە، خۆ شتێکی ئەوەندە گرینگ نییە، پارەی خۆمە بە شێوەیەکی شەرعی بووە، رەنگە ئەوانەی لەلای منن ئەوان باشتر بزانن، من خاوەنی پارچەیەک ئەرزم، خاوەن خانوویێکی خۆمم، بەناوی خۆمە.

**شێرزاد هەینی: ئەگەر پێناسەیەک بە رووی نەگێتف و پۆزەتیڤی (نەوشیروان مستەفا) وەک ئەوەی ماوەیەکی زۆرە، تۆ دەیناسیت و هاموشۆت کردووەو بەیەکەوەبووینە. چۆنی پێناسە دەکەیت..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەلای منەوە یەکێکە لە روناکبیرو مێژوونووسە گەورەکانی کورد. لەمەسەلە سیاسیەکاندا عەقلێکی داهێنەرانەی وردی هەیە. ئەو کۆمەڵە کتێبەی نوسیویەتی رەفەیەکی جوانیان لەکتێبخانەی کوریدا دروست کردووە. قسە لەڕووە، راستو رەوانە، ئەوەی خۆی بڕوای پێیەتی ئەیڵێو سڵ ناکاتەوە. بەلام لەکاری سیاسیو حزبیدا تاڕادەیەك میزاجییە لەتەنکیدا ئەپچڕێنێو خۆی ئەخاتە کەنارەوە. بەپێچەوانەی مام جەلالەوە دیبلۆمات نییە بۆ نمونە ئەو کەکەسانێکی خۆش نەویست ناتوانێ لەگەڵیاندا دابنیشێ کەدیارە سیاسەتی بەو جۆرەیش لەدنیای ئەمرۆدا نییە. ماڵی دنیا نەویستە، پاکەو ئەوەندەش گوێ ناداتە ژیانی تایبەتی خۆیو سادەو ساکار ئەژی. زەینێکی تیژرەوونی هەیە. ئەتوانێ گرانترین لێکدانەوە بەسادەترین وشە دەربڕێ. من بەو سیفەتەی سەرسامم. لەمەسەلە کۆمەلایەتیەکاندا، خۆشو ناخۆش بێباكو ساردە. کەمترین موجامەلەی هەیەو زۆرترین سەراحەت جاری واهەبووە من لەجێی خۆمەوە کەوتوومەتە هەناسە برکێ! وەختێ بەرامبەرەکەی داگرتۆتەوە! باش گوێ ئەگرێ هەر رەخنەیەکیشی لێئەگریت تورە نابێت. عەقلی تەنزیمی بۆ شێوەکانی کارکردن یان بۆ دانانی پلانی عەسکەریو حزبی، ئیجگار وردو فراوانو هەمە لایەنە. من هیچ جۆرە سکالا کردنێکم لێ نەبیستووە. لەسالانی موقاوەمەتدا من زۆر جار ئەوەم لە مام جەلال بیستووە. کەباسی کاك نەوشیروان ئەکرا ئەیوت"گەنمی قەندەهارییە بۆ هەموو شت ئەبێ!". زۆر کەم ئەچێت بۆلای هاورێکانیو زۆر کەمیش تەلەفون ئەکا. لەجلو بەرگدا زۆر ساکارەو زۆر کەمیش ئەخوات. زۆر جار شەڕە دەنووکی بووە. مەگەر هەرئەویش بەقەدەر من جگەرە بکێشێت.

سەبارەت بەو تەنەگژانەی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان من پێموایە ئەگەر هەردوو کەسایەتی ئەمو مام جەلال لێکیان بدایە. بەیەکەوە هەڵیانکردایە. بابڵێین وەك جاری جارانی نێو شاخو داخ. لەو بڕوایە دام ناڵێم هەمموو بەلاّم بەشێکی زۆری ئەو کێشانە چارەسەر ئەکران. لەلایەکی تریشەوە تۆ ئەوەت لەبیر نەچێت کاك نەوشیروان لەکاتی خۆیدا لەڤیەننا دووسێ مانگێکی مابوو نامەی دکتۆراکەی وەربگرێ بەلاّم وازی هێنا لەبەر مەسەلەی میللەتەکەی گەڕایەوە بۆ شەڕی پارتی زانیو ناو شاخەکانی کوردستان. شاعیرانی کلاسیکی کورد زۆر باش ئەناسێو نوسینی کوردیشی بێ گرێو گوڵە. دوو سێ زمانی تریش ئەزانێ. راستە لەهەندێ پەیوەندیدا وشکە بەلاّم لەگەڵ هاوڕێ نزیکەکانی خۆیدا کراوەو قسە خۆشە. لەراستیدا ئەو سەراحەتە بێ پەردەکانی بوونەتە هۆی ئەوەی باجێکی زۆری سیاسیو کۆمەلاّیەتی بدات. وەك ئەزانی بەشی زۆری ململانێ سیاسیو حزبەکان لەسەر پلەو پایەو پارەیە، بەلاّم ئەوەتا وازی لەجێگری سکرتێری گشتی ئەهێنێو درۆ لەگەڵ قەناعەتی خۆیدا ناکات. ئەگەرچی من وەك چەندین جار بەخۆیم وتوە لەگەڵ ئەو وازهێنانەی نەبووم ! ناسین و تێکەولاّبوونمان لەسەر هیچ مەسەلەیەکی ماددی نەبووە، بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە لە شاخ بووە، پاشانیش کە لە سلێمانی بووە، پەنجا دۆلار لەلایەن ئەوەوە نەهاتووە بۆ گیرفانی من، هەتا بۆ پارەی سەفەرێکیش بووبێت، بەڵام ناتوانم ئەمە بە (مام جەلال) بڵێم، مام جەلال کەسێکە ئەگەر تۆش خۆت لەبیر نەبێت ئەو تۆی لەبیرە.!

**شێرزاد هەینی: دیارە (مام جەلال) دوێنی بۆ چارەسەری ئەژنۆکانی سەفەری ئەمریکای کردووە.**

**شێرکۆ بێکەس:** نازانم ئەبێ، جاران وا قەڵەو نەبوو.!

**شێرزاد هەینی: لەگەڵ خۆشووشتن و ریشتاشین چۆنی ..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** کە لە سلێمانی ئەبم هەفتەی یەکجار خۆم ئەشۆم، هاوینان دووجار سێجار لە هەفتەیەکدا خۆم ئەشۆم، من قژم بۆیە نەکردیتەوە خۆی وایە، لەو دوایانەدا کەمێ ریشم هێشتووتەوە، هەر خەیاڵێ بوو، دوا بەرهەمم لە کەناڵی (کوردسات) پێ تۆمارکردو دوایی تاشیم، وتم ئەوە یادگارێکە با هەبێت، بەڵام کە بینم هەمووی سپیە، وەک قژم نییە تاشیم، ئەوەش پرسیارو وڵامی بەدوا داهات، کە قژت بۆیە ناکەیت بۆ قژت رەشەو ریشت سپییە، وا باشتربوو زوو تاشیم.

بۆ مەسەلەی جلوبەرگ من جاران لە تەمەنی گەنجیەتیدا زۆر پەرپووت بووم، ئێستا وا نیم، لە بۆنەیەک نەبێت بۆینباخ نابەستم، حەز لە چاکەت و پاتۆڵ.. هێلەک دەکەم.

**شێرزاد هەینی: لەگەڵ سەرخۆشی و رەشانەوە چۆن بوویت ..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەوەی لەبیرم بێت چەند جارێک بوو، دیارە لە سنوورم تێپەراندووە، من یەکێکم لەوانە لەدوای خواردنەوە روو ناخۆش نیم، قسە رەق نیم. زیاتر ئەکرێمەوە.

**شێرزاد هەینی: لەو سەفەرە شیعرێکت نووسیبێت..**

**شێرکۆ بێکەس:** من لەو سەفەرەدا هیچم نەنووسیوە، تەنها ئەوەی لە ئاستنبۆل شتێکم نووسیبوو، ئەوەی بۆم خوێندیتەوە، باش بوو ئەوجارەش ئەو پرۆژەیەی تۆ دروستبوو، تا بڵێین لەو سەفەرەش شتێکمان کردووە، بەرهەممان هەبووە، ئەگەرچی سەفەرەکەم بۆ خۆم بووە، بۆ گەڕان و حەسانەوەی خۆم بووە، ئەوەشیان خەرمانێک ئەبێت بچووک بێت گەورە بێت، هەرباشە، بڵێم کارێکمان کردووە.

**شێرزاد هەینی: مامۆستا لەلای تۆ خەیاڵ لەگەڵ وشە دەبێتە شیعر، یان وشە یەکەمجارو دوایی خەیاڵ، کامیان کە لە پێشەوەیە.. وشە یان خەیاڵ ..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بتەوێت و نەتەوێت وەک چۆن ڕەسامێک لەناو ڕەنگەکاندا کار ئەکات، شاعیرو نووسەرانیش لە ناو زماندا کار ئەکەن، دیارە زمان کەرەستەی بنچینەیەکەیە، تۆ بێ زمان هیچت پێ ناکرێ، بەڵام خەیاڵ چی لە زمانەکە ئەکات، ئەگەر خەیاڵیش نەبێت زمان چییە بۆ شیعر... ڕەنگە تەنها شتێکی وشک و و بریگ بێت، ئەوە تەنها خەیاڵە کەوا باڵ لە وشە ئەروێنێت، ئەتباتە ئاسۆو فەزای تازەترەوە، لەو حاڵەتەدا ئەو زمان و مەجازە لەناو موتلەقدا کارئەکات، ئەوە خەیاڵە کە ئەدەب لە زانست جیائەکاتەوە، ئەوە خەیاڵە کە ئەدەب لە شتەکانی تر جیائەکاتەوە، ئەگەرچی لە زانستیشدا خەیاڵ و فەنتازیا هەر هەیە، ئەوەی لێ دەرکەیت هیچی تێدا نامێنێتەوە، ڕەنگە لە پەخشان خەیاڵ و مەنتیق ئاوێتەبن، بەڵام شیعر خەیاڵی زۆرە، خەون و مەنتیق تێکەڵ ئەبن. شیعر بەراستی خەوو پرسیارە.

**شێرزاد هەینی: یەکەمجار کەی سەردانی شاری هەولێرت کردووە.**

**شێرکۆ بێکەس:** یەکەمجار سەردانی هەولێرمان کرد ساڵی 1958 بوو، ئێمە وەک وەفدی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لقی سلێمانی بووین، من تەمەنم 18 ساڵان بوو، وەفدەکەمان پازدە بیست کەس ئەبووین، کە چووینە بارەگاکەی قوتابیانی هەولێر لە خانووێکی گەورەبوو، ئەوەی ئێمەی تووشی شۆک کرد، هەندێک لە قوتابیەکان بە تورکمانی قسەیان ئەکرد، ئێمەی خەڵکی سلێمانی ئەوەمان زۆر لا سەیربوو، شەوێک ماینەوە، هەر لەو سەفەرەدا ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام خواردنی کێشکەبوو، ئەو جارە خواردمان، پاشانیش کە ڕێگامان ئەکەوتەوە یانەی فەرمانبەران کێشکەی کوڵاوم ئەخوارد، بۆیەش کە لەگەڵ ئەدیبان دادەنیشتین، توانجمان ئەبوو، پێمان ئەوتن، کوڕی باش ئەو کێشکە ناسکە ئەکوژن و ئەیخۆن، ئێوە شاعیرو هەست ناسکن، چۆن ئەوانە ئەخۆن.

**شێرزاد هەینی: حەزت ئەکرد لە جیاتی من ڕۆژنامەنووسێکی ژن ئەو دیمانە درێژەی لەگەڵدا کردبووایت، خۆشتربوو، ( هێشتا پرسیارەکەم تەواو نەکردبوو، زۆر بەپەلە) وتی:**

**بێگومان، باشتربوو، جەوەکە تەڕتر ئەبوو، بەلای منەوەو قسەم باشتر بۆ ئەهات، ئەوەش مانای ئەوە نییە کە دیمانەکەی تۆ ناخۆشە، تەواو تۆ پرسیارت کردو منیش وڵامەکەم دایتەوە!**

**شێرزاد هەینی:** دیارە هێشتا رۆژنامەنووسە مێینەکانمان ژمارەیان کەمەو زۆر لە مەیدانەکەدا نین...؟

**شێرکۆ بێکەس:رۆژنامەنووسی مێینەشمان هەیە، لەسلێمانی هەیە، لەهەولێریش هەیە.**

**شێرزاد هەینی:** دیارە کەوا ژنانی کوردستانی رۆژهەڵات چالاکترن، زۆرتر لە مەیدانەکانی کارەکە ئامادەن..!؟

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ ئەوان ئازادترن، هەروەها لە کوردستانی باکووریش ئەوانیش ژنەکانیان چالاکترن.

**شێرزاد هەینی: با لاپەرەیەکی مێژووی نزیک بکەینەوە، ئەگەر (شێخ مەحموود) لە ئینگلیز نزیک بووایە لەژێر کاریگەری تورکەکان دوور کەوتبووایەوە، ئەو دەمانە قەوارەیەکی سیاسی بۆ کوردستان دانەئەنرا..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ ماوەیەک لەگەڵ (ئوزدەمیر)بووە، یەکێک لەو درۆ گەورانەی کە ئەکرێن، ئەگەر شێخ مەحموود بیویستبووایە ئەیتوانی لەگەڵ ئینگلیزا پێکبێت، ئینگلیز هەرگیز نەیویستوە لەگەڵ ئەودا پێکبێت، ئینگلیز هەرگیز لەو دەمانەدا مەبەستی کورد نەبووە، یەکێک لە درۆ گەورەکان ئەوەیە گوایە کە ئینگلیز ویستوویەتی تۆقەی لەگەڵ بکات، ئەو فەقێیانەکەی لەدەستی خۆی ئاڵاندووە، شیخ مەحموود شۆرشی بۆ سەربەخۆیی بوو، شتی تری نەویستووە، بەر لە پەیمانەکەی (سایکس پیکۆ)دا جۆرە بەڵێنێکیش هەبووە، بێ بەڵێنی ئیگلیزەکان بووە ئەویش لەگەڵ تورکەکان یاری سیاسی بکات، ئەو بە ریگای نمایندەکان کۆششی کردووە ئینگلیزەکان لەو بگەن، ئەوەیان لە فایلەکانیدا نەبووە.

**شێرزاد هەینی: بەڵگەی تۆمار هەیە، ئەوە بسەلمێنێت...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بە دەیان بەڵگە هەیە، چۆن نییە، زۆرە لە هەردوو بەرگەکەی (محمد رەسوول هاوار)دا زۆر شت هەیە.

**شێرزاد هەینی: سەبارەت بەو رەخنەو بابەتانەی لەسەر تۆ نووسراون، تۆ چیت هەیە، چۆن وڵامیان دەدیتەوە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** دیارە بەشی هەرە زۆری رەخنەکان کەمتر پەیوەندەی بە شیعرەکانم هەبووە، زۆرتر پەیوەندی بە علاقاتە سیاسییەکانم هەبووە، دیارە ئەو رەخنانەی لە من گیراوە، کەمتر باس لە دەقەکان دەکەن، دەقی ئەدەبی وەک شیعر کەم باسکراوە، ناڵێم باسی شیعرەکانم نەکراوە بەڵام زۆر کەم، جاری واش هەیە، بابەتی جوانیش ورووژاندراوە، شتە جوانەکان زۆرن، وەک لە ماوەی حەفتاکاندا،

ئەوانەی ئێستاش شتی باش وتراوە، بەتایبەتی ئەو کۆمەڵە خوێندەوارو رووناکبیرانەی وەک (ڕێبین هەردی) چەند جارێک شتم لەسەر نووسراوە، (بەختیار عەلی)، (مەریوانی وریا قانیع)، دکتۆر (شاهۆ سەعید)، ئەوانەو رەخنەگرە عەرەبەکانیش ئەوانەی چاویان بە شیعرە وەرگێراوەکانم کەوتووە، زۆریان نووسیوە، بەشێک لە رەخنەکان هەمیشە ویستوویانە بە شتی سیاسی شیعرەکانم بسوتێنن، بۆ نمونە دوای هەولی کوشتنەکەی (بارزانی) لە سەرەتای حەفتاکان لەلایەن حزبی بەعسەوە، من پێشتر لە شاخ بووم دوایی گەڕابوومەوە بەغداو فەرمانبەریکی بچووک بووم، لە دائیرەی ئاوو ئارۆییەکانی کەرخ، ئەو کاتانە ئەو شیعرەم نووسی (خۆشمان ئەوییت)، لەو ریزبەندیانە من بە یەکێک لە شیعرە جوانەکانی خۆمی ئەزانم، خەڵک باس لە سەردەمی شیعرەکە ناکات، کەی من نووسیومە، یەکسەر ئەبەستریتەوە بە جۆرێک لە ئینتهازییەتەوە، زانراوە کەوا شۆرشی ئەیلول منی نەکردووە بە هیچ، من هیچ پلەشم نەبووە، پیاوێک بووم لەسەرکار دەرکرابووم، دوایی بە مووچەیەکی کەم دامەزرابوومەوە.

**شێرزاد هەینی: کە شیعرەکە بڵاوکرایەوە، لە (نووسینگەی سەرۆک بازرانی)، لە (مەکتەبی سیاسی)یەوە، نامەیەک دەستخۆشییەک، هیچت بۆ کرا، بانگیان کردیت، داوەتیان کردیت ..!؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نەخێر... تەنها ئەوەبوو کە لەلایەن خەڵکەوە پێشوازییەکی باشی لێکرا، دەسکەوتم هەر ئەوەندەبووە، وەک ئەوەی تۆ لە دڵی خەڵک بوویت، من بۆ شیعرم نووسی، چونکە ئەودەمانە پلانگێران و کۆشش بۆ کوشتنی (بارزانی)، گەورەترین ترسناکی و مەترسی بوو لەسەر بوونی ئێمەی کورد.

زووتریش بۆمگێرایەوە کە شیعرێکم بە ناوی (شارەکەم) بڵاوکردەوە، جەلالییەکان لە بکرەجۆ منیان گرت، برادەر، من جەوهەری مەسەلەی میللەتەکەم لە کوێ بووبێت شیعرەکانیشم لەوێ بووە، ئەوەی خەڵک لە دڵیان بووە، (گووتە)ی ئەڵمانی قسەیەکی هەیە دەڵێ:

جیاوازی نێوان من و کەسانی تر ئەوەیە، ئەوەی ئەوان لەناو دڵیاندایە ناتوانن بیکەن بە شیعر، بەڵام من ئەتوانم بیکەم بە شیعر. ئەوانەی قسە دەکەن، گوایە من ئینتهازییم دوێنی شیعرم بۆ (بارازنی) وتووە، ئیمرۆش بۆ کەسانی تر شیعر ئەڵێم، من ئەوانەی شیعرم بۆ وتوون، کەسانی شەهیدن، من شیعرم بۆ زیندوو نەگووتوە، ئەگەر پارچە پەخشانێکی نووسیوە ئەویش لە رەوشێکابووە، ئەویش هێناویەتی، من دوو شیعرم بۆ دوو کەسی زیندوو نووسیوە، یەکەمیان ئەوەی بۆ (بارزانی)م وتووە، دووەمیانیش بۆ (عەبدولا ئۆجەلان)ە، کە گیرا هەموو دونیا بۆی هەڵسابووە سەرپێیان،

من به تەلەفۆن پەخشانیکم لە تەلەڤزیۆنەکەیان خوێندەوە، ئەوان بۆ چەند جارێک بڵاویانکردەوە، من لەو شتانە مەبەستم پلەو پایەی سیاسی نەبووە.

**شێرزاد هەینی: شیعرەکەی بۆ (بارزانی)یت نووسی لە گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان)ی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی لە بەغدا بڵاوکرایەوە ..؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نا.. ئەوەی من لە بیرم بێت، یەکەمجار بە عەرەبی لە ڕۆژنامەی (التاخی) بڵاوکرایەوە، (حەمەی مەلا کەریم) کردبوویە عەرەبی، پاشان دەقە کوردییەکەی بڵاوکرایەوە.

**شێرزاد هەینی: لە کاتی خۆی باسی (حەمەی مەلا کەریم) نەکرا، کە ترجمەی عەرەبی کردووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نازانم .. من پەشیمان نیم، ئەو کاتانە ئەو ڕەمز بوو، وەک بتەوێ دەست لە قوورگی کورد بنێت و بیخنکێنیت، وابوو .. چۆن قسە نەکەم، بەپێچەوانەوە، من دەڵێم بەرامبەرەکانم یان هەندە کەسی تر، ترسنۆک بوون، کە نەیانوێرا ئەو کاتانە قسە بکەن، لەو کاتانە شیعر نووسین بۆ کەسێکی وەک (بارزانی) خەتەربوو، چونکە لەو کاتانەوە شەڕ دەستپێکردەوە، من ئەوەندە ئەزانم لقی سێی پارتی لە کەرکووک وڵامیان بۆ ناردووم کە من چیتر بە کەرکوکەوە نەگەڕێمەوە بەغدا، وتیان با لە سلێمانی بمێنێتەوە، لە سەیتەرەکان ناوی هەیە، ئەگەری گرتنی هەیە..! لەهەر دەمێک بەرگری هەبووبێت من هەروا دانەنیشتووم، بێدەنگ نەبووم، شیعرم نووسیوە بە ڕێگای زۆر مەترسیداردا شیعرم ناردووتە شاخ و ناو پێشمەرگە. ئەوانە چ مەسلەحەتێکی منی تێدابووە ئەگەر یەکجار ئەو شیعرانەم گیرابووایە چیم بەسەردەهات..!

ئەوەش پارچە شیعرەکەیە کە لە بەرگی دووەمی دیوانەکەی شێرکۆ بێکەسی ساڵی 1993 لە لاپەرە 445 تا لاپەرە449، بۆ جاری دووەم بڵاوکراوەتەوە، کە بۆ یەکەمجار لە دیوانی (من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ) لە ساڵی 1974 بڵاوکراوەتەوە.

**بۆ بارزانیی**

**بەقەد ڕقی شمشێری ناو چاوی ئەوان**
**خۆشمان ئەوێ.**
**بەقەد پیتی داخ لە دڵی ناو ڕۆژنامە،**
**زەردەکانی ئەوساو ئەمڕۆ... خۆشمان ئەوێ.**
**بەقەد کینەی گوللە تۆپ و،**
**کوێرە بۆمبای فڕۆکەکان... خۆشمان ئەوێ.**

بەقەد بێشەڵانی بوغزی سەری سونگی،
سوپاکانیان... خۆشمان ئەوێ.
بەقەد ناڵەی تەقینەوەی ( تی، ئێن ، تی ) ناو،
جانتاکانیان.. خۆشمان ئەوێ.
بەقەد داوی پیلانی ژێر مێزەرو جبەی پێراریان
خۆشمان ئەوێ.
بەقەد... بەقەد
ژمارەی جاسوسی سەروخوارو
رۆژهەڵات و رۆژئاوایان... خۆشمان ئەوێ
چەندیان (ناوەکەی) خۆش ناوێ... خۆشمان ئەوێ
ئەمانەوێ
وەک **گولله** بۆ چەکەکانمان... ئەمانەوێ.
وەک چەک بۆ پێشمەرگەکانمان... ئەمانەوێ.
وەک پێشمەرگە بۆ کەژوکێوەکانمان... ئەمانەوێ.
وەک باران بۆ کێلگەکانمان
ئەمانەوێ.
هەر بۆ (مەرگ)ە نامانەوێ،
ئەی بارزانیی!.
***

خۆشم ئەوێ!
ئەوەندەی برسی نانی خۆش ئەوێ
ئەوەندەی تێنوو ئاوی خۆش ئەوێ... خۆشم ئەوێ
خۆشمویستی...
لە کاتێکا... قەڵەمەکەم،
بە گەڕەکی ڕستەکانما... ڕاو ئەنرا
خۆشمویستی... لە ڕۆژیکا بە نیوەڕۆ،
خۆشەویستیت لە شەقامی شارەکەما... سەر ئەبڕا.
لە ڕۆژێکا... کاسەی سەرم بە دروشمە،
ڕەشەکانا هەڵئەواسرا.
لە کاتێکا... قسەکانم لەناو دەمما دەس بەسەربوون،
خۆشمویستی لە شەوێکا بە نیوەشەو،
خۆشەویستیت... قەدەغەبوو،

**ناوهێنانت پشکۆیەک بوو زمانی شیعری تازەمی،**
**پێ داخ ئەکرا.**
**خۆشمویستی لە کاتێکا خۆشەویستیم**
**خەرمانێ بوو... ئەسوتێنرا**
**سووتانێ بوو... ئەسوتێنرا.**
*******
**لە کاتێکا کتێبخانەی چاوەکانم ئەپشکێنرا**
**بۆت ئەگەڕان... بینیانی:**
**چێرۆکێکی دەماودەم لوتکەی شاخەکان ئەتگێڕنەوە.**
**لق و پۆپی درەختەکان بە گۆرانی ئەتڵێنەوە.**
**بینیانی:**
**تابلۆیەکیت گڕ ئەتکێشێ و خانەقین ئەتکا بە سینگی کەرکووکەوە...**
**بینیانی... لەناو چاوی منداڵانی گوندەکانا... بینیانی**
**لە ڕەشەبای هەردەکانا... بینیانی.**
**لە لافاوی چەمەکانا... بینیانی.**
**ئەی بارزانی!**
*******
**ئەی بارزانیی لەگەڵتاین چۆن بنار لەگەڵ،**
**لوتکەدایە.**
**لەگەڵتاین چۆن چاوت لەگەڵ سەرنجتایە.**
**هەناسەت لەگەڵ سییتایە.**
**دەنگت لەگەڵ گەرووتایە.**
**لەگەڵتاین جۆن خەنجەرەکەت لەگەڵتایە**
**ئەی بارزانیی!**

شێرکۆ بێکەس

***

بەشێک لەو ڕەخنانە ئەکەونە دەرەوەی ئەدەب و پەلاماردانی کەسایەتی منە، بۆ نموونە دڵداریم لەگەڵ کێ کردووە؟! کێم خۆشویستووە؟! تەنانەت ناوی خەڵکی

ئەهێنن.. خۆت ئەزانیت ئەم جۆرە رەخنانە دوورو نزیک پەیوەندیان بە شیعرو بەرهەمی منەوە نییە.

نەک لە هەڵوێستی سیاسی، رەنگە من لە نووسینی هەندێ لە شیعرەکانم پەلەم کردبێت، شیعرەکان وەک شیعر دەرنەچووبن، من لەوانە پەشیمانم کەوا هەندێکیان نەبوون بە شیعر، بۆ نمونە هەندێ لە شیعرەکانی ناو (کەشکۆلی پێشمەرگە)، بۆ نمونە هەندێکیان ساکارن، من حەزم نەئەکرد وا بن، حەزم ئەکرد ئەوانە شیعر دەرچن، من ئەوە لە دڵەوە ئەڵێم ئەگەر هەموو دیوانەکانم بدیتەوە دەست لەناو هەموویان دیوانێکی جوانیان لێ دروست ئەکەمەوە.

من کە لە نووسینەوەی دیوانیک ئەبمەوە، ماوەیەکی کەم تێنوویەتیم ئەشکێ، من وا ئەزانم هیچم نەنووسیوە، ئەوە یەکێکە کە منی بەزیندوویی هێشتووتەوە، چونکە لەلای من شتێک نییە بەناوی قەناعەتی شیعری، من وا ئەزانم ئەو شاعیرەی قەناعەتی هەبێت، زوو ئەکەوێت، دوو شت بۆ ئەدیب و هونەرمەند زۆر ترسناکە، یەکەمیان قەناعەت و غرور واتە لەخۆباییبوون، بۆ نمونە وا بزانێت کە سێ کتێبت دەرکرد تۆ گەورەترین رۆژنامەنووسیت، تۆ سی دیوانت چاپکرد، تۆ شاعیرێکی گەورەی و تەواو.

بڕوابکە کە ئەڵین شاعیری گەورەی گەلەکەمان من زۆر تووڕە دەکات، من سوپاسیان ئەکەم خۆشەویستیان بە من داوە، کە ئەم جۆرە نازناوانەیان داوە بە من، بەڵام من نە داوام کردووە، من نەمووتوە وام پێبڵێن، بەراستی ئێمە لە کورد شتی گەورەمان کەمە، من خۆمی لێ دەردەکەم ئەگەر ئەدیب و نووسەرو هونەرمەندی گەورەمان هەشبووبێت، من ناوی خۆمی لەناو دەرئەکەم، رەنگە بە پەنجەی دەست بژمێردرێن، من ئەوە بە قەناعەتەوە ئەڵێم، لەبەرئەوەی ئەرزەکەمان چۆڵە، لەبەرئەوەی دارستانەکەمان کەم داری تێدایە، بۆیە هەر شتێکی نوێ ببینن، ناوی گەورەی لێئەنێن، ئەگینا من خۆم هەڵناخەڵەتێنم، من کابرایەکی شاعیرم لەگەڵ هاوڕێیەکانم شتێکم ئەگەر کردبێت، کەم یان زۆر بەیەکەوە شتیکمان کردووە، ئەگەر بگەڕێتەوە قسەکانی دە ساڵ بیست ساڵ لەمەوپێشم من هەرگیز قسەیەکم نەکردووە، یەکێکم نەشکاندووتەوە ئەگەر ئەو کەسە کۆششێکی کردبێت.

## لەبارەی شاعیری گەورە !

شێرکۆ بێکەس

ئەو کاتەی کەخۆشەویستی بێ غەلو غەشو بێ دەمامکی خوێنەرانو خەڵکی بەگشتی، بۆ بەهرەیەکی تۆ، بۆ بەخشینی بەردەوامو ئەزموونێکی درێژو دیاری تۆ، جا لەهەر بوارێکدا بێت، لە"گەورەیی" خۆیانەوە سیفەتی گەورەییت پێدەبەخشنو چرای دڵی خۆیانت بۆ هەڵئەکەنو بەگوڵو ماچەوە دەورەت لێئەدەن، گومان لەوەدا نییە کەئەم خۆشەویستییە سپییە لەدڵو دەروونەوە سەرچاوەی گرتووەو دەستکردوو داتاشراو نییە. تۆیش ئەو کاتە لەئاست ئەم خۆشەویستییە پاکەدا لەوە زیاتر کەدەست لەسەر سنگو بێدەنگ رابوەستی، نەهیچی ترت پێ ئەکرێو نەئەشتوانی هیچ بڵێیت! ئەم سەرنامەیە بۆ ئەوە بوو بڵێم: من بۆ خۆم هەرگیز رۆژێك لەرۆژان ئیدعای "گەورەیی"م بۆ شاعیرێتی خۆم نەکردووەو ناشیکەم. چونکە ئەزانم لەم مەسەلەی بەرزیو نزمیو گەورەییو بچوکیو هەڵسەنگاندنی ئاستی ئەدەبی خۆمدا ئەبێ من دوا کەس بم قسەبکەمو بڕیار بدەم. لەوەیش شتێك گرانتر نییە شاعیرو هونەرمەند خۆیان شاباشی خۆیان بکەن. خۆیان ئەو مەدالیانە بکەن بەسنگی خۆیانەوە. هەڵبەتە دەیان جارە لەو دیدارو چاو پێکەوتنو دیالۆگە ئەدەبیانەدا کەلەگەڵمان کراون روونو ئاشکرا ئەوەم وتووە"منیش یەکێکم لەو شاعیرانەی لەڕەوتی تازەکردنەوەدا رەنگە جێ پەنجەی خۆمم هەبێو خۆیشم بە بەختەوەر ئەزانم ئەگەر لەو خەرمانەدا پشکێکم بەرکەوتبێ"، چونکە دڵنیام لەوەی ئەفراندنی هەر قۆناغێکی ئەدەبی بەکۆی هەموو بەهرەو توانا لێهاتووەکان دروست ئەبن، ئەمە جگەلەوەی من لەبنەڕەتدا بڕوام بەو لەقەبە فووتێکراوەی وەکوو میری شاعیرانو ئیمپراتۆری شیعرو لەو نمونانە نییە، چونکە بەپاشماوەی رەخنەو عەقڵی پاوانخوازیو تەقلیدیان ئەزانم. لەراستیشدا خۆ مەلیكو میرو ئیمپراتۆر ئەو شکۆ جوانو بێ گەردانەنین تا شاعیر شانازیان پێوە بکات.. بەپێچەوانەوە رەنگە رووی دزێوی ئەو دەسەڵاتانەمان بیربخەنەوە کە لە دنیای ناشیرینی ئەواندا هەبوونو لەدنیای شیعرو هونەر هەر تەواو دوورن.

من ئەمەوێ بەدەنگی بەرز ئەوە بڵێم: بەراستی ئەوە لەهەژاری ئەدەبو ئەفراندنی کوردیەوە کەئێمەو مانان لێرە "بەگەورە" لەقەڵەم ئەدرێین. چونکە " خوێندنەوەی" شیعرو ئەدەبی گەورەی دنیا ئەوەندەی فێر کردووم کەلەو بەراوردانەدا تێبگەم ئێمە

چـەند لـەخوارەوەین، لـەوە تێبگـەم دیـارە لـە تاریکسـتانێك تـرووسـكەیەك چـۆن بەچلچـرا لەقەڵەم ئەدرێت! بەڵام ئایـا لەڕاسـتیدا تروسـكەیەك چلچـرایە! بـەڵێ مـن ئێسـتا زۆر باشـتر لەجاران لەوە گەیشتووم تا ئەزموونەكەم درێژتر بێتەوەو زیـارتریش بـزانم، ئینجـا جـوانتر لەو راستییە ئەگەم كەهێشتا چەند كورتم!

رەنگە هەر ئەم بیرو بۆچونەم وایكردبێ لەهەوڵی ئەوەدابم بنوسمو دانەسـەكنێم، بـۆ ئەوەی بەشكوو ئەو باڵاكورتە شـتێك بـەرەو ژوورتـر هەڵكشـێ، بـەر لـەوەی مـردن بم گـاتێ! دیسـانەوە مـن لەبـەردەم ئـەو خۆشەویسـتییە گەورەیـەی خەڵكدا هـەر بچـووكم، لەبـەردەم سـادەییەكدا كـە لـە بـەفری نـوا بـاریوو گوڵـە كێویلـە ئەچـێ، چـونكە ئـەزانم تـا ئـەو سـاتە وەختەش نەمتوانیوە شیعرێ بنوسم كەهێندەی ئازارو دەردەسەرییەكانی ئەوان كەڵەگـەتو هێندەی زامو ژانەكانی ژیانیشیان قوڵبێ. "چیخۆف "ی گەورە ئەڵێت: ئەگـەر خوێنـدەوایو زانایت، خوا ئـەو رۆژەت نەهێنێتـە رێ كەخـەڵكانی تـر لەبەرئـەوەی وەك تـۆ هۆشـیارو زانـا نیین بەسوك تەماشایان بكەیت! لـەدوای ئـەزموونێكی درێـژیش كـە گـەڵێ هەڵـەتو چاڵیو چۆڵیو پەلەپـەلكردنو شـیعری ناكاملی تێكـەوتووە، لـەناو نـاخی خۆمـدا هەسـت بـەئازارێ ئەكەم كەئەویش ئازاری لەدەستچوونو نەگەڕانـەوەی وەختـە بـۆ ئـەوەی سـەر لـەنوێ خـۆم دروست بكەمەوە، دیارە ئەمە مەحاڵە، وەڵێ ئـەو ئـازارە گەیاندوومیەتـە ئـەو سـەرئەنجامەی بڕێكی زۆر ئەو شیعرانە "با"ی بیرچوونەوە ئەیانباو ئەوانەی ئەشمیننەوە بەشە كەمەكەی پێكدەهێننو دیسانەوە لەناو ئەو بەشەكەمەیدا گومانم هـەر لـەهاتو چووندایە!، ئەمـە بـۆ خۆم، بەڵام بۆ دەرەوەی خۆم، "شیعر كوێر" نییمو ئەبینم كە لەرۆژگاری ئـەمڕۆی شـیعری كوردیدا هەڵبژاردەیـەك یـان پۆلێـك شـاعیری بـەهرەدارو بـەتوانا هـەن كەبـەباڵی بەرینـەوە لەفڕیندانو لەفەزایەكدا شەقژنیانە كەپێكهاتەی جیاجیـاوە هەرتـەواو لـەدەنگی مـنو نـەوە شیعرییەكەی سەردەمی سەرهەڵدانو گەشەكردنی ئێمە گەشترو چڕوپڕترن.

ئەمە راستیەو ناشكرێ لێی بێدەنگبینو فەرامۆشیان بكـەین، چـونكە ئاینـدەی رونـاكترو داهێنانی گەورەتر لەدنیای شیعردا زیاتر باوەشی بۆ ئـەوان كردۆتـەوە نـەك بـۆ ئێمـە. تـازە شیعر بوو بەچارەنوسمو بەتەنیا هەر مردن لێكمان جیابكاتەوە، لەم تەمەنەیشدا تازە ئـیتر هیچ پیاهەڵدانو چەپڵەڕێزانو هـیچ خـەڵاتو پلەوپایەیـەك ختووكـەی فیـزم نـادەن، وەك وتووشـیانە لـەم تەمەنـەدا ئـەبێ بـەخێرایی رۆیشـتنی "بـا" بنوسـین، بـۆ ئـەوەی ئەگـەر توانیمان دوو وشەی تازەتر بدۆزینەوە.

**با واز لەگەورەیی‌و بچوکی هەموو ئەو شتانە بێنین‌و بیاندەینە دەست داهاتوو، من لەم پایزەدا نامەوێ ئەو بەهاری شیعرەی لەناخمدایە هەرگیز دەستبەرداری ببم، من ئاگام لەگەورەیی‌و بچوکی نییە، چونکە عەشقێ داگیریکردووم هیچی بەلاوە گرنگ نییە جگە لەعەشقە ئەبەدییەکە خۆی.**

سلێمانی 2007/3/21

لە کوردستانی نوێ_ ئەدەب‌و هونەر_ ژ/528/2007/3/29 بلاوکراوەتەوە.

***

**شێرزاد هەینی: ئەوانەی شیعر کەم دەنووسن، دەڵێن کەم دەنووسن، کە زۆریش دەنووسن دەڵێن زۆر دەنووسن، تۆ بەوە تاوانبار دەکرێت کە زۆر دەنووسیت، بۆ نمونە دەڵێن (ئەحمەد هەردی) شاعیرێکی گەورەبوو بەڵام کەمی نووسی.**

**شێرکۆ بێکەس:** کەم ئەنووسی یان زۆر ئەنووسیت بەردەوامی گرنگە، بەردەوامی نیشانەی ئەوەیە کە تۆ شتێکت ماوەو ئەیڵێت، واتە کۆتاییت نەهاتووە، شاعیری وا هەیە کەمی نووسیوەو کۆتایی هاتووە، شاعیری وا هەیە زۆریشی نووسیوەو کۆتایی هاتووە، دیارە کە شتەکان بە چەندایەتی نییە، بەندە بە چۆنایەتیەکە، چەندی ئەمینێتەوە. چیت وتووە..! من زۆرجار وتوومە، ئەو قسەیەم نوێ نییە، کە دیوانەکەی (گۆران) ئەگریتە دەست، ئەبینی ئەو شیعرانە نییە، کە لە سەرەتای شیستەکاندا ئەتگرت بەدەستەوە، ئەوەی ئێستا نییە، لە ئێستادا شیعری جوان زۆرە، وەختێ ئەوانی ئەوەی ئێستا بۆ (گۆران) ماوەتەوە هەتا کەسانی هەڵبژاردەشی کە ئاگاییان لە هەڵبژاردن بێت، ئەبینی بەشێکی کەمی دیوانەکەی هەڵدەبژیرێت، ئەوەش هەموو دیوانەکەی نییە، بەڵام لە سەردەمی کۆندا ئەگەر (گۆران) هەرچیەکیشی وتووبێت ئەگەر شیعریش نەبووبێت بە شیعری بەرز حیسابی بۆ ئەکرا، ئەوە پێوەرو لێکدانەوەیەکی باش نییە، چونکە زەمانەکە پێوەر دائەنێت، چۆن ئەو شتانە لە بێژنگ ئەدات چی ئەمینێتەوە، چی نامینێتەوە، هەتا قسەی رەخنەگرەکانیش نییە، رەنگە رەخنەگر لەو رۆژگارەدا هەر ئەوەندە بڕوات، ئەوە پاشەرۆژەو نەوەکانی داهاتووە، بڕیار ئەدەن.

**شێرزاد هەینی: دیارە ئەوەی من خۆشحالم بیدرکێنم مامۆستا شێرکۆ بێکەس کاتی هاتنەکانی بۆ دیمانەکانمان رێک و تەواوبوو، هەموو جارێ پێش منیش هاتووە، زۆر سینگ کراوەیەو زۆر سینگ فراوانە ئازادی کردم چی بپرسم، چی بڵێم چی نەڵێم، سەربەست بووم لە پرسیارەکانم نەترساوم، دڵنیابووم هەموو وڵامەکانم**

**وەردەگرم، نەک لەبەرئەوە ئەڵێم دەزانم هەموو وڵامەکان راستگۆیی جوانی تێدابوو، لە چاوەکانی دەمبینی زۆر شتەکان وەک خۆی و بەدروستی ئەڵێت.**

**شێرکۆ بێکەس:** منیش لە لایەن خۆمەوە سوپاسی کاک شێرزاد ئەکەم کەوا پرۆژەیەکی وای پێشنیارکرد، تا بەدوو قۆڵی کاری تێدا بکەین، رەنگە پرۆژەیەکی باش دەربچێت، یەکێک بێت لەو کتێبانەی کە بخوێندرێتەوە. دیارە کاک شیرزاد زۆرتر لە من، لەگەڵ کارەکە ماندوو ئەبێت، من هەر ئەوەندەم لەسەر بووە کە وڵامی پرسیارەکانی کاک شیرزاد بدەمەوە، ئەوەندەی پێمکرابێت راستەوخۆو بە رەوانی وڵامەکان بدەمەوە.

**شێرزاد هەینی: وەک زانیوومە تۆ دیمانەی راستەوخۆت زۆر کەم کردووە...؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بەڵێ... زۆر کەم من لەو جۆرە دیمانانە ناکەم، هەمیشە بە نووسین بووە، هیوام وایە جوان بیت ئەوەی ماوە هیلاکیە لەلای تۆیە، دیارە بمانەوێ و نەماونەوێ شتمان لەبیرچووە چ من چ تۆش... دیارە کەوا ئەوەش کۆششێک بووە بۆ ئەوەی دەربارەی زۆرترین لایەن قسەمان کردبێت.

**شێرزاد هەینی : هیوادارم تەندروستیت باش بێت و جگەرەش کەم بکەیتەوە.**

**شێرکۆ بێکەس:** من جگەرەم کەم کردیتەوە، بەڵام کۆکەم زۆرە، شەوان هەراسانی کردووم. سەد مەخابن و بەداخەوە بریاری کەمکردنەوەی جگەرەکانم لەمانگی تەمووزی 2008دا لە بەیروت کەوتە ناو بەحرەکەوە! بۆیشم نەهاتەوە! کاک شیرزادیش ئاگای لەمە نییە واتە بریارەکەم دوومانگ بریکرد.

**شێرزاد هەینی: رۆژی یەکەم بەبیرم هێنایەتەوە کەوا من لەگەڵ برادەرێک بەناوی (قاسم محمد کۆیی) ئەو خوێندکاری یاساو سیاسەت بوو، منیش خوێندکاری رووپێوی بووم لە ئامۆژگەی تکنەلۆژیابووم کتێب و خوێندنەوە ئێمەی بەیەکەوە بردبووە قاوەخانەی (پەرلەمان) لە شەقامی رەشید لە بەغدا، لە ساڵی 1978 تۆمان بینی، هاتینە سەر کورسیە درێژەکەو لەوێ تۆ زۆر قسەت بۆ کردین، بەراستی زۆر راستەوخۆ باسی هەڵسانەوەو بەرگرییت بۆ کردین، کە ئێمەشت نەئەناسی رەنگە ئەو دەمانە ئێمە زۆر ترساوین، دووبارە پاش سی ساڵ، لە گەڕەکی (تێنستا)ی ستۆکهۆلم تۆم دۆزیەوە.**

**شێرکۆ بێکەس:** دیارە ئێوە وەک دوو کوڕە کورد هاتوونەتە لام، منیش تەنها حسێکم هەبووە، کە قسەتان لەگەڵ بکەم و هەندێ شتی ئەگەر ترسناکیش بوون بیڵێم... زانیوومە ئەو قسانەتان لا خۆش بووە، دیارە ئەو کاتانە سەرەتابوون بۆیەش من حەزم کردووە بیڵێم.

**شێرزاد هەینی: ئەو شتانە ئەو کاتانە زۆربوون، لەو سەفەرەمدا لە هەولێر بە (سەعدی ئەحمەد پیرە)م وت، کە من لە ساڵانی 1977 یان 1978 بوو، لە بەغدا**

**بووم نامەیەکی تۆم لە نەمساوە بۆ هات، لەوێ ئاماژەت بەوە کردبوو، کەوا خەریکە کێشکەکان بگەڕێنەوە هێلانەکان، ئەو قسانەش بۆ ئەو کات زۆربوون.**

**هیوادارم تەمەنت درێژو شیعری نوێیت زۆربێت.**

**شێرکۆ بێکەس:** بە پێکەنینەوەو زۆر زۆر سوپاس.

لە کۆتاییدا ئەوە ماوە بلێم، ئەگەرچی زۆرمان وت و نووسی، بەڵام زۆر لە ناوو کەس و شوێن و ڕووداوو مێژوو و شتی ترمان لە بیرچووە، بەڵام کاتەکەو ڕەوشەکەش هەر ئەوەندە بواریدا. بە هیوای دیدار بۆ بەرنامەو پرۆژەیەکی تر.

**شێرزاد هەینی**
**ستۆکهۆلم ـــ رینکبی**
**مانگی یولیوی ساڵی 2008**

## وێنەکان‌و نامەکان

**چوار چێوە**

چوارچێوەیەکی بێ وێنە
بەرامبەرمەو، چەندین وێنەیش
لەسەر مێزم چاوەڕوانن!
یەك چوارچێوەو ریزی وێنەو
هەر هەمووشیان خۆشەویستن!
وێنەی گزنگی منداڵیم.
وێنەی خۆر نشینی دایکم.
وێنەی هاوارێکی باوکم.
وێنەی شیعری هەرزەکاریم.
وێنەی یەکەم ماچی مانگی
هەنگوینی خۆم‌و ژنەکەم.
وێنەی مەستیم
لەبەردەم بورجی ئیڤڵدا.
وێنەی.. وێنەی.. وێنەی
یەك هێلانەو پۆلێ وێنە.
دڕ دۆنگەیەك لەناو دڵداو
تیامام کامیان هەڵبژێرم؟!
چاویلکەکەم خستە لاوەو
ئەم جارەیان چوارچێوە خۆی

لەسەر دیوار هاتە خوارێو
بێدوودڵی دەستی دایە وێنەیەکیان
هەڵیگرتو خستیە ناو روحی خۆیەوە
وێنەی خۆر نشینی دایکم!

لەدیوانی "ئێوە بەخۆشەویستیم ئەسپێرن" لاپەڕە220,221 وەرگیراوە

# نامەکان:

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان
سکرتێری گشتی
الاتحاد الوطني الكردستاني
الامين العام

برای زۆر خۆشەویستم کاکە شێرکۆی بەرێز

سڵاوێکی گەرم
شادی و سەرکەوتنتانم داوایە.
**نامەکەتان گەیشت زۆر سوپاس، ئەوەش وەرامی بەندەی موخلستان**

1. ئیمتیاز هەقە/ موڵکیەتە: ئێستا موڵکی د. عزەدینە.
2. ئێوە ئەتوانن گۆڤارێکی تر دەربکەن و ئێستا بدەنەوە د.عیزەدین. پێی دەرچوو، ئەوا باشە، پێی دەرنەچوو ئەوا بەناچاری وازی لێ دینێت.

بۆیە من لەسەر فەقەرەی (5) نامەکەی ئێوە موافیقم.
زۆر سڵاوم هەیە بۆ هەمووان. بەندەی موخلیستان وەک هەمیشە پشتیوان و هاوکاری ئەنجومەنەکەتانم.

هەربژی بۆ

برای دڵسۆزتان
مام جەلال

1999/6/9

نامەی شێرکۆ بێکەس بۆ وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان
لەبارەی حزبی کۆمۆنیستی عێراق 2000/7/16

بۆ/
بەڕێز .. وەزیری ناوخۆی
حکومەتی هەرێمی کوردستان

دوای سڵاو

وەک ئەزانن حکومەتی قانون و نیزام لەهەر شوێنێکی ئەو دونیایەدا بۆ چارەسەرکردنی هەرکێشەیەک، چەند ئاڵۆزوگرانیش بێ. پەنا ئەباتە بەر پرنسیپەکانی دیموکراتی و یاساو گفتوگۆو دانوستان نەک زەبروزەنگ و هەڕەشەو خوێن ڕشتن، ڕووداوی ئەو چەند ڕۆژەی دوایی لەگەڵ بارەگایەکی حزبی کۆمونیستی عێراق کە سەرپێچیانکردووە لەوەی فەرمانی وەزارەتەکەتان بۆ گواستنەوەی بارەگەکەیان جێبەجێبکەن، بووە مایەی کارەساتێکی خوێناویی لە شارەکەمانداو سەرئەنجام چەند ئەندامێکی ئەو حزبە بەدەستی هێزەکانی ئاسایش کوژران و هەروەها هێزەکانی ئاسایشیش زیانیان لێکەوت. کە ئەبوو هەرگیز ئەوە ڕوونەدات و بە نەفەسێکی درێژترو لە ڕێی قانون و دادگاوە سەرپێچی و موخالەفەی ئەوان چارەسەربکرێت و کار نەگاتە بەکارهێنانی توندوتیژی دوور لە یاساو پەنابردن بۆ تفەنگ و خوێن ڕشتن، کە هیچ پاساوێک ئەوە قوبوڵ ناکات تەنانەت ئەگەر خەتابار ئەوانیش بووین چونکە وەک سەرئەنجام هەر ئەبێ حکومەتی قانون و نیزام و هێزی گەورە سنگ فراوانترو بەئارامترو بەرپرستربێ. من وەک شاعیرێکی ئەم وڵاتە خۆم بە لێپرسراو ئەزانم بەرامبەر هەموو دڵۆپە خوێنێکی هاووڵاتیان بەوانەیشەوە کە بیروباوەڕی سیاسییان لەگەڵ مندا جیاوازە. دژی هەموو زەبروزەنگ تیرۆرو کوشت و بڕیکم جا ئیتر لە هەر لایەکەوە بێت بۆیە نارەزایی خۆمتان پێ ڕائەگەیەنم و داوائەکەم زووترین کات لێکۆڵینەوەیەکی

جیدی لەو کارەساتە بکرێت و لە ڕێی دادگاوە بەرپرسانی ئەو ڕووداوەو تاوانکەران لێیان بپێچرێتەوەو بەو سزایەیش بگەن کە قانون حوکمی ڕەوای خۆی تێدا ئەدات.

شێرکۆ بێکەس
2000/7/16

وێنەیەکی بۆ/
- بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- بەڕێز (م.س)ی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.
- بەڕێز ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ـ بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو نارەزاییەم تکایە.
- بەڕێز ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی ـ بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو نارەزاییەم تکایە.
- بەڕێز ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان ـ بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو نارەزاییەم تکایە.

نامەی عەتای نەهایی بۆ شێرکۆ بێکەس
79/3/15 هەتاوی

**مامۆستایی بەڕێز شاعیری گەورەی کورد کاک شێرکۆ بێکەسی خۆشەویست.**

لەگەڵ ڕێزو سڵاومان،

بەر لە هەموو شتێک بۆ ئەوەی بەسەرت کردوومەوە کتێبی (پیاوێ لەدار سێو)ت بەدیاری بۆ ناردووم سوپاسی بێ پایانت دەکەم. وەک هەموو بەرهەمێکی تری جەنابت هەر کە بەدەستم گەیشت خوێندمەوەو چێژم لێ وەرگرت و گریاندمی و زۆر شتی لێ فێربووم. ئەوە یەکێکە لە ئاواتەکانی من کە ڕۆژێک دەربارەی ڕەگەزو تەکنیکە مۆدێرنەکانی گێڕانەوە لە چیرۆک و ڕۆمانە شیعرەکانی جەنابتان بەتایبەت لە بەرهەمەکانی دوا ڕاپەرین وتارێک بنووسم، من بەش بە حاڵی خۆم جگە لە شیعریەتی باڵاو شکۆی زمان و دەیان و دەیان ڕەهەندو لایەنی تری شیعری شێرکۆ بێکەس کە خوێندنەوەو دراسەکردنیان بێگومان لە وزەو توانای ئیمڕۆی ئەدەبی کوردیدا نیە، گەڵێک ڕەگەزی مۆدێرنی چیرۆکی و تەکنیکی نوێی گێڕانەوە، بەتایبەت شکاندنی زەمەنی هێڵی و چۆنیەتی شۆڕبوونەوە بە ناخی زەهینەتی کەسایەتی یان ـ کەسایەتیەکان ـ بە یارمەتی وەرگرتن تەسویری لە فەزاو شتە عەینی و بەرهەستەکان خوڵقاندنی هێمای نوێ و، داهێنانی فەزای سیحری و فانتازی کوردی و ... سەرنجیان ڕاکێشاوم گەلێک شتیان فێرکردووم، دڵنیام ئاشکراکردن و بەرجەستەکردنی ئەمانەو زۆر ڕەگەزو تەکنیکی تری گێڕانەوە لەو ژانێرە ئەدەبیەدا باشترین و متمانە پێکراوترین تەقەلایە بۆ تیۆریزەکردنی پۆتیفای گێرانەوەی هاوچەرخی کوردی و بۆ ئێمەی جیرۆکنووس و نەوەکانی دوای ئێمەش بەسوود دەبێ.

بۆ جارێکی تریش بە ئەمەکەوە سوپاسی خۆتان و هەموو ئەو شتانە دەکەم کە لە شیعری ئێوەوە فێری بووم.

برای بچووکت
عەتا نەهایی
15/ 3/ 79 هەتاوی

نامەی عەبدوللا حەسەن زادە بۆ شێرکۆ بێکەس
2001/8/9

**مامۆستای شاعیرو شاعیری مامۆستا کاک شێرکۆی خۆشەویست**

**پاش رێزو سڵاوی گەرم و برایانە**

**حەزدەکەم بەو هۆیەوە ئاگادارتان بکەم کە هەردوو دیارییە بەنرخەکەتان (رەنگدان)و ( لە چلەی چلچرایەکدا)م بەدەست گەیشت و پڕی دنیایەک سوپاستان دەکەم و دەستخۆش و ئافەرینتان بەسەردا دەبارێنم.**

**(رەنگدان) بۆنی خوین و بارووت و بۆساردی ئەشکەوت و بۆن و بەرامی بەرووانی وێکرا پێ هەڵمژتم و (چلەی چلچرا) بردمیە سەر گردەکەی مامەیارەو بە بەرگوێگرتن لە ئاوازی حەزین و دڵنشینی (کەدەڵێن ئەمرۆ دەشت و کێو شینە ...) وەک لە گەرووی سێ فریشتەی تازیەبار دەهاتە دەرێ، جارێکی دیکە فرمێسکی خەمی پێ هەڵرژتم.**

**سەد خۆزگە گوڕو تینی جوانی و کاتی دەستبەتاڵی و (ذاکرە)کەی ساڵانی زووم بووایەو هێندەم خویندبانەوە تا کۆپلە بە کۆپلەم لەبەرکردبان و کۆڕی دۆست و یارانم پێ گەرم کردبان، بەڵام مخابن کە دەورانی رابردوو ناگەڕێتەوەو ئەو حەسرەتەم لە دڵدا دەمینێتەوە.**

**هەر ئەوەندەم لە دەست دێ کە بڵێم شانازی دەکەم کە میللەتەکەم ئەو جۆرە بلیمەتانەی تێدا هەڵ دەکەون و ئەو جۆرە بەرهەمە فیکری یانە دەخەنە سەر گەنجینەی فەرهەنگیی گەلان، دووبارە سوپاس و ئەوپەڕی رێزو خۆشەویستی و سڵاویشم بۆ مامۆستایان رەئوف بێگەردو حسین عارف و تێکرای نووسەرو قەڵەم بەدەستە پڕکارو پڕ بەرهەمەکانی لای خۆتان.**

**برای دڵسۆزتان**
**عبدالله حسن زادە**
**2001/8/9**

نامەی بەختیار عەلی بۆ شێرکۆ بێکەس

## مامۆستای ئازیزم کاک شێرکۆ

ڕێزو خۆشەویستی، سڵاو

هیوادارم تەندروست و پڕ لە ئیشراقی شیعر بیت. ئەمڕۆ لێکۆڵینەوەکەم بۆ پۆست کردیت، دواجار هەستدەکەم بۆ ئەوەی تەواو حەقی ئەو دیوانە گەورەیە بدەم پێویستیم بە نووسینی دیکەش هەیە. درێژی باسەکە دەلیلی ئەوەیە کە هێشتا زۆر شت ماون بگوترێت. هەندێ جار میحوەرەکانم بە جۆرێ کورتکردۆتەوە کە بە ئەندازەی گوتارێک دەرچێت بەکەڵکی بڵاوکردنەوە بێت. لەو باسەدا تەنیا لەسەر ململانێی ژیان و مەرگ دووام، بەڵام ئەزموونی ئێوە دەکرێت لە چەندەها گۆشەنیگاوە بخوێندرێتەوە. لە داهاتوودا دەشێت لە دەلاقەی هەندێ ئەزموونی ترەوە جارێکی تر بچمەوە ناو ئەو جیهانەوە بەڵکو لە پاشەرۆژدا بەکۆ ببێتە پرۆژەی کتێبێک.

سەرەتا حەزدەکەم بەڕێزتان بیخوێننەوەو ئەوسا بڕیاری بڵاوکردنەوەی بدەین، نازانم، دەشێت بۆ گۆڤارەکانی کوردستان کەمێ درێژبێت، ئەگەرچی بەدڵنیایشەوە هێندە درێژنییە کە بڵاونەکرێتەوە. ئەگەر حەزتکرد لە کوردستان بڵاویبکەینەوە، کە هەڵبەتە حەزی منیشە 4/30 فاروق دەگەڕێتەوەو فرسەتێکی زۆر باشە بەودا بینێرینەوە.

سەبارەت بەدوا قەسیدەشت کاک شێرکۆ، بۆ خۆی بەڵگەیەکی گەورەی توانای نوێبوونەوەو گۆڕانکاری فۆرم و بینینە لە ئەزموونی ئێوەدا من دڵنیام ئەگەر پرۆسەیەکی ڕەخنەکاری ڕاستەقینە لە ئەدەبی ئێمەدا هەبووایە، دەبووایە هەنگاو هەنگاو پەرەسەندنی فۆڕم و ڕوءیای لەو ئەزموونەدا تۆماربکردبایە، بەڵام لەو کەلاوەیەدا تەنیا مبدع زەرەرمەندو موهەریج و کۆڵکە قەڵەم براوەیە. ساڵەهای ساڵە ڕەخنەو نووسینی ئێمە آبداعی ئێوە پشتگوێ دەخات، هەر تەنها سەردەلەقێنن و دەڵێن (جوانە) یان جنێو دەدەن. هەردەم خواخوایان بووە (یەکێتی نیشتیمانی) هەلەیەک بکات تا ئەوان پەلاماری ئێوە بدەن ... سەد ئەفسوس کە بە قەڵەم دوو قەڵەمیش ئەو کەلەپوورە فەرامۆشکراوە هەمووی ناخرێتەوە سەر ڕێگای خۆی.

من دوای خویندنەوەی ئەم دیوانەو ئەوم هەوڵە نوێخوازە قوڵانەی ئێستاش پتر هەست بە نزیکییەکی گەورە دەکەم لە ڕۆحی تەجروبەکەی تۆوە...

هیوام زوو نووسینەکەت بەدەست بگات و رات لەسەر ئەم هەولە بزانم، کە دڵنیام هێشتا ئاسۆی کراوەی دیکەی زۆرتیایە بۆ ئیشکردن.

دواجار کاک شێرکۆ، تکایە ئەگەر ناونیشانی (عومەر شێخ مووس)ت لات دەست دەکەوێت و آشکالی تیا نییە بۆ من بنێریت سوپاست دەکەم.

ئیر هیوام سەرکەوتن وسەرفرازیتە.

بەختیار عەلی.

**نامەی شەهید خەسرەو خاڵ بۆ شێرکۆ بێکەس**

شام

24_9_1987

## برای بەرێزو خۆشەویست کاکە شێرکۆ

سڵاوێکی گەرم

هیوام سەرکەوتنی بەردەوامتە لەگەڵ شادی و بەختیاری و لەشی ساغ.

ئومید ئەکەم نەخۆشیەکەت تین و تەوژمی کەم بوبێت و لە گوزەرانێکی باش و ئاسودەیا بیت.

ئەم نامەیە ئەکەم ئیشی بە دەروازەی پەیوەندی نوی کردنەوەو سەرەتای بەسەرکردنەوەی یەکتری، کە خۆی لە خۆی دا ئەم نامەیە جگە لەو دەروازەیە تایبەتە بە پیرۆزبایی کردن بە بونەی ئەو پاداشتە مەزنەی پێتان بەخشرا کەراستیدا مایەی شانازی و دلخۆسی من و گشت دلسوزانت بوون، هەروەها شانازیە بۆ گەلی کوردمان کە لەناو چەندین شاعیرو نوسەرو روشنبیری جیهاندا شاعیرێکی کورد کە ئەویش (شێرکۆ بێکەس) ئەو سەروەریە بۆ کورد بەو پەری بەهرەمەندی خۆیەوە بیچرێت. جارێکی تر پیرۆزبایی و بە ئومێدی بەرهەمی بەپیزی ترو رەهیلەی بارانی وشەی جوان و دانسقەو دارێژراوی پتەوی کوردی، کە هەر لە شاعیرە گەورەکەی کورد _شێرکۆ بێکەس_ چاوەروان ئەکریت.

کاکە گیان لە 8/7 وا مناڵەکانم گەیشتنە شام و ئێستا هەر لە هەمان خانودام کە (رکن الدین)ەو جاران مەکتەبی شام بو. پێش ئەو رۆژە بە دوو حەفتە پاش بیستنی گەیشتنی مالی ئێمەو ئێوە کە پێکەوە بەرێ کەوتبون چومە تاران و پانزە رۆژ لەوێ مامەوە ئەو ماوەیە لەگەڵ مناڵانی خۆم و ئێوەدا پێکەوە لەیەک ئوتێلدابوین، پاشان ئەوان خانویان گرت و من گەرامەوە.

بەراستی ملازم عومەر هیمەتێکی گەورەی کردبو، هەروەها ئەمانیش توشی نارەحەتیەکی زۆر بوبون لەبەرئەوەی ئەو رێگایەی کە دانرابو پیایدا بێن لەو کاتەدا هەندێک ئاڵوگۆری بەسەردا هاتبو، هەر چونێک بێت گرنگ ئەوەیە بە سەلامەتی گەیشتن. کاک م. عومەر زۆری پێ ناخۆش بو کە توشی نارەحەتی بوبوون و دوو نامەی عوزرخوایی بۆ ناردبوم. لە راستیدا ملازم زۆر پیاوێکی دڵسۆز و بە ئەمەک و پیاوی پیاوانە.

کاکی برا، من هەرگیز تۆم وەک برایەکی خۆشەویست و دڵسۆز سەیرکردووەو هەرگیزیش ئەم رایەم لە گوراندن نایەت، سەرەرای بەهرەی شاعیری و مەزنی شیعری شێرکۆ بێکەس لای من. بۆیە هەر ساردی و سری و وردە گلەییەکی نێوانمان هەمیشە وەک شتێکی کاتی لای من تێپەربوەو گوزەری کردوە، هەلبەتە براش لەگەڵ برای خۆیداو لە ماڵێکدا جاروباو ساردی و وردەگلەیی یان لێ پەیدا ئەبێت، کە گومانی تێدا نیە ئەمە سروشتی ژیانەو شتێکی ئاساییە، گرنگ

ئەوەیە پیاو لەگەڵ براو دڵسۆزو خۆشەویستی خۆیدا ئیسکی یەکتر ناشکێنێت و پەردەی ڕێزو خۆشەویستی نادرینێت.

ئەم شەوەی رابوردوو کاک سامی شۆرش لە سەقزەوە تەلەفۆنی لەگەڵ کردم، زۆری پێ خۆش بو گوێم لە دەنگی بو، خەتی تەلەفۆنەکە زۆر خراپ بوو، نەم ئەتوانی بەدرێژی قسەی لەگەڵ بکەم و لە بارودوخ و کاروباری تێ بگەم و بزانم لە چ بارێکدایە، چونکە ماوەیەک لەمەوبەر بەدەست هەندێک نەگریسەوە هەراسان بو، لەو چەند ماوە کەمەی تەلەفۆنەکەدا باسی تۆمان زۆرکردو زۆر هەواڵی ئەپرسیت و پەرۆشی دەنگوباست بوو.

کاتی خۆی رۆژنامەی تشرین لیرە دەنگوباسی پاداشتەکەی بڵاوکردەوەو بەرەسمێکی خۆتەوە، من خیرا ناردم بۆ ولات و بە دە رۆژ گەیشتە دەستی مامە. بێ گومان و مەبەستم لە پاداشت (جائزە) یە یان خەلات.

بیستومە چەند بەرهەمیکی نوێتان هەیەو ناردوتانە بۆ ولات، خوتان ئەزانن من دەرویشی شیعری کوردیم بە تایبەتی شیعری نوێ بۆیە ئومیدم وایە منیش بێ بەش نابم.

نازانم رۆژنامەکەی بەدەستەوە بو لەگەڵ محمودو کاک رێکەوت دا دەری بکەن بەچی گەیشت، ئومیدەوارم ئیستا چاوی هەڵهێنابێت و بشتوانیت کەلینی کەم و کوری روشنبیری و سیاسی کوردی لە ئەوروپا پڕ بکاتەوە. بەو هیوایەی لەگەل بەروبومی خۆتان و دەزگاکانی تری ئەوروپا بگاتە دەست منیش.

باری کوردستان زۆر چاکە، چالاکی گەورە گەورە ئەکریت کە زەبری کوشندە ئەسرەوێنێتە گیانی دوژمن. کورد هەنگاوی گەورە گەورە هەلئەهێنێت بەرەو تەبایی، پاش ماوەیەکی تر بەیەکجاری بەرەی کوردستانی باشور رائەگەیەندرێت.

دەزگاکانی سەرکردایەتی هەر لە شوێنی خۆیەتی سەرارەی تۆپ و فرۆکە کە ناوناویش کیمیاویەکی خەستوخولیشی ئەکات بەسەردا. لەیەک هەفتەدا دو جار بە فرۆکە و تۆپ کیمیاوی رشت بە (بەرگەلو، سەرگەلو، هەلەدن، یاخسەمەرو مالومەدا). کیمیاوی سامی نەماوەو تەلیسمی شکاوە.

لەجاران زیاتر کاروبارم هەیەو سەرم زۆر قالە، منالانیش ئەوەندەی تر دەوریان قەرەباڵغ کردوم.

ئومیدخوازم زوو زوو نامەم بۆ بنوسیت و لاپەرەیەکی سپی بێ گەردی نوێ بکەینەوە.

هەر لەش ساغ و سەرکەوتوبیت.

براتان

خەسرەو خال

9 / 24

**نامەی شاعیر ئەحمەد هەردی بۆ شێرکۆ بێکەس**

## برای بەرێزو بەنرخ و خۆشەویست

**کاکە شێرکۆ سەقز 5_5_ 1989**

نامەی رۆژی 21_4 تان گەیشت زۆر پێی گەشامەوە، چونکە بەراستی زۆر پەرۆش بووم بۆ هەواڵ و دەنگ و باستان. پێشەکی رێزو سلاوم هەیە بۆ شەفیقەخان و نەسرین خان وە چاوی منداڵان ماچ ئەکەم.

کاکە شێرکۆ! لە رووی نەجابەتەوە هەستی برایەتی خۆتان دەربڕیوە بەرامبەر بە من زۆر سوپاستان ئەکەم، هەڵبەت کە ئەڵێم لە رووی نەجابەتەوە، چونکە گەلێکی وا هەن کە پەیوەندییان وەکو تۆ بگرە زیاتریش بووە لەگەڵ مندا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندەی ئیوە، بەڵکو نیو ئەوەندەشم لێ نەبیستوون. جا دیارە ئەمەیان ئەگەڕێتەوە بۆ پاکی ڕاستی خۆتان.

بەهەرحاڵ بێینە سەر باسی ئێستا. حەز ئەکەم بزانم جۆن کات ڕائەبوێریت.. وە کێ هاورێتەو .. وە بیروڕات دەربارەی هەموو شتێک چییە؟ بەرامبەر ئەوانەی کە لە گەڵیاندا ئەژیت .. وە ئەو کەسانەی لەگەڵیاندا دێیت و ئەچیت .. یان ئەو بارودۆخەی کە کورد پێیدا دەڕوات.

زۆر حەزم ئەکرد بە درێژی هەندێک شتیان بۆ بنووسم، بەڵام کاتی ئەوەم نی یەو داخەکەم دەردی خۆت ئەڵێی: (لەم تەمەنەدا لەوە زیاترم لەدەست نایەت).

باسی (بەرەت) کردبوو، بەبۆنەی ئەوەوە هەر ئەوەندە ئەڵێم: سەد خۆزگە ئەو (بەرە)یە زووتر بووایە. نەک لەدوای هەشت ساڵ جەنگ و قورس بوونی تای تەرازووی صدام و

چی و چی ... هەر چۆنیک بێت ئێستاش ئەگەر هەموو لایەک لە ئاستی ئەم قۆناغەدا بیربکەنەوەو گوێ لە یەکبگرن، لەوانەیە ئەو تروسکاییەی ئێستا بەدی دەکرێ ببێت بە مەشخەڵێک، هەر چەندە سەرتاسەری کوردستانی عیراق و کاولکراوەو، شەوەزەنگێکی وەها کوردستانی دابین

کردووە کە لە هیچ چەرخێکی لەمەو پێشدا نەبیندراوەو نەبیستراوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەردی (مەولەوی) خۆمان ئەڵێ:

(دیسان ئەگەر قەیس بە مودارا بێ

بەهارێ ئەبێ چەمەت ئارا بێ)

من لێرە زۆر بەدڵخۆشی یەوە هەواڵی تۆ لەم و ئەو ئەبیستم، وە هەروەکو لەوەوە پێشیش ئەوەم بیست کە لە (ئیتالیا) خەلاتێکی ئەدەبیتان وەرگرتووە لەناو کۆمەڵێک شاعیرانی هەمەجۆردا. پڕ بەدڵ پیرۆزبایتان لێ ئەکەم و هیوام وایە هەمیشە لە سەرکەوتن و پێشکەوتندا بن.

هەربژین بۆ براتان:

ئەحمەد هەردی

**نامەی کاک نەوشێروان مستەفا بۆ شێرکۆ بێکەس**

**ڤیینا 1989/5/4**

**برای بەرێز کاکە شێرکۆ**

**سڵاویکی گەرم**

**هیوادارم هەمیشە لە خۆشیدا بن، بەپەرۆشەوە لە هەواڵت دەپرسم، دەستی شەفیقەخان ماج ئەکەم، سڵاو لە نەسرین خان ئەکەم، هیوادارم هەڵۆو مناڵەکان تەندروست و سەرکەوتووبن.**

**ئەگەر پرسیاری هەواڵی ئێمە دەکەن ماوین و ئەگوزەرێنین، بەڵام بەداخەوە بە ئەنجامێکی ناخۆش گەیشتین، گەلەکەمان لە هەلومەرجێکی سەخت و ناڵەباردا ئەژی، دیارە خۆت ئاگاداری کوێرەوەری خەڵکی و پێویست ناکات لەسەری بڕۆم، هەموومان ئێستە لە بیرکردنەوەی ئەوەداین، کە بۆ درێژەپێدانی خەباتەکەین چی بکەین، چی بگۆڕین؟ شێوەکانی خەبات؟ ڕێگاکانی خەبات؟ یاخود (عەقلیەتی) جۆری خەبات و ئامانجەکانی؟ من خۆم هێشتا لەسەر شتێکی دیاریکراو ساخ نەبومەتەوە، دیارە پەلەکردنیش باش نیە، بەهەرحال بە هەر شێوەیەکی ممکن بێ و بەهەر جۆرێکی لە تواناماندابێ درێژە بەکارئەدەین و هەندێ ڕێگەو شوێنمان بۆ داناوە. تازە هەموولایەنەکان پێیان وایە کە دەبێ هەوڵ بدرێ بۆ چارەسەری سیاسی (شێخ ڕەزا گوتەنی: تازە ئەچی بۆ بەصرە، بعد خراب البصرە!) ئێستا تەرکیز لەسەرئەوەیە لێ نائومێد نیم و ئومێدی زۆریشیم پێی نیە، بەکورتی ئەمە دیمەنی نویی بوچونەکانی ناوەوەیە.**

**با لەو باسە گەڕێین، بە هیوابوم یەکتری ببینین، بەڵام ڕێ نەکەوت، ڕەنگە لەو ڕۆژانە سەفەرێکی شام بکەم، نازانم چەند ئەمێنمەوە لەو دوای ئەوە ئەگەڕێمەوە ئیران یاخود بۆ ئەو ناوە دێمەوە، چونکە چاوەڕوانی برادەرانم.**

**بەچاکم زانی پێشنیارێکت بۆ بکەم، کە لام وایە کارێکی گرنگ ئەبێ، خۆت ئەزانی شیعری سیاسی لە هەندێ قۆناغی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورددا گرنگیەکی گەورەی هەبووە، چ لە دەربرین و دارشتنی هەندێ لە ئاوات و ئارەزووەکانی گەلەکەمان و دیاریکردنی**

لایەنی فیکری، وە چ لە هاندانی خەڵک بۆ خەبات، لام وایە ئەگەر بەشێکی کاتی خۆتی بۆ تەرخان بکەیت تۆ رەنگە باشترین کەس بی کە لێکۆڵینەوەی درێژو زانستی لەو بارەوە ئامادەبکەی، بەتایبەت لەباری ئێستادا فرسەتێکی وا هاتوتە پێشەوە لەوانەیە لە پاش ماوەیەکی تر وا نەمێنێ.

پێشنیارەکەی من بەکورتی ئەوەیە:

دەوری شیعری سیاسی کوردی لە بزوتنەوەی نەتەوەیی کورددا لەمەشدا 4 قۆناغی مێژویی بکرێتە نمونەو لە فترەیەکی دیاریکراودا.

_ قۆناغی یەکەم 1918 _ 1925 سەردەمی شێخ مەحمودو لە دروستکردنی حکومەتی کوردستانی جنوبی و ئینجا تێکچونی، شاعیرەکانی ئەو سەردەمەش بەرهەمەکانیان مەعلومە.

_ قۆناغی دوەم جمهوریەتی مهاباد.

شاعیرەکانی ئەو سەردەمەش مەعلومن، زۆربەی بەرهەمەکانیان لە رۆژنامەی کوردستان و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەدا هەیە، کاک مەحمود لایەتی ئەتوانی کەلکی لێوەرگری.

_قۆناغی سێ یەم 1958 _ 1961 کوردستانی عیراق کە خۆت یەکێک لە شاعیرەکانی بوی.

_قۆناغی چوارەم 1970 _1975.

**نەوشێروان مستەفا**

نامەی ملازم عومەر عەبدوڵلا بۆ شێرکۆ بێکەس

برای زۆر خۆشەویستم کاك شێرکۆی بەڕێز

سلاّوێکی گەرم

ڕێزو تەقدیری زۆرم. بەهیوای سەرکەوتنو لەش ساغیو چاوو دڵ ڕونیتم.
بەناوی خۆمو هەموو ئەو برا پێشمەرگانەی کەشیعرەکانت هەمیش لەسەنگەرەکانیاندایە. پیرۆز بایی گەرمت لێدەکەینو مایەی شانازیو سەربەرزی نەتەوەکەمانیت. بریا تۆو سەدانی وەك تۆو یەڵماز گۆنەی بۆ کورد هەبانایە. هەتا دنیای کرو بێدەنگی دەرەوە بەرامبەر بەکورد بیان زانیایە کەنەتەوەکەمان نەتەوەیەکی زیندووەو نەزۆك نییە. لەهەموو بوارێدا کەڵە پیاوو سوار چاکی خۆی هەیە. جائزەی "تۆخولسکی" کەپێت خەلاّت کراوە، پێم وایە بەهەموو کورد خەلاّت کراوە. بڕوات هەبێت هێندە دڵخۆشو بەکەیفین هەر مەپرسە. ئێستا ئەو مەسەلەیە قسەو وێردی سەر زمانی هەموومانە. پێشتریش بروسکەی پیرۆزبایمان بۆ لێدایت. بەواجبو ئەرکی سەرشانی خۆمم زانی کەبەم نامەیەش پیرۆزبایت لێ بکەم. لەلایەکی کەشەوە زۆرم پێ خۆشە کەئیتر دەرگای دنیای دەرەوە بۆ تۆ کراوەیەو سەفیری نەك هەر ئەدیبو نوسەرانی گەلەکەمانیت، بەڵکو سەفیری شۆڕشو هەموو نەتەوەی کوردیت لە دەرەوە.

چاوو دڵ ڕونیت لێدەکەم کەنەسرین خانو منالّەکان دێنە لاتو ئیتر مشکلەی ژیانت نامێنێت. هەر زۆر تکامان هەیە کە ئاگات لەتەندروستی خۆت بێتو هێشتا ژیان بەنیسبەت تۆو ئەو مرحلە ئەدەبیەی کە تیایدایت زۆری بەبەرەوە ماوە. لەئەوروپا خەڵکی لەتەمەنی تۆدا هێشتا لەهەرەتی گەنجیدایەو تۆیش ئەهمیەت بەخۆتو تەندروستی خۆت بدەو موڵکی هەموو نەتەوەی کوردیتو یەڵماز گۆنەی کە ئەو لەو تەمەنەدا کۆچی کرد. هەر لەخۆی نەڕۆیی کورد زەرەری کرد.

کاکە ئەگەر نەسیرین خانو منالەکان گلەییەکیان هەبێت لەزمانی منەوە داوای لێبوردنیان لێ بکەو بەڕاستی لەبێ شانسیان بوو لەو کاتەدا کابرای سەرەك جاش مرافقەبەی لەسەر بوو. نەی وێرا بوو لەڕێی نزیکەوە بیانبات. ئێستا من لێی عاجزم لەسەر ئەوە. پێم وایە لەڕێگە زۆر ماندوو بوون. جاداوای لێبوردن لەهەمووتان ئەکەم.

دلدارم رێزی بۆتان هەیەو پیرۆز بایت لێ دەکات.

هەر بژیت

برای دڵسۆزت

عومەر عەبدوللا

1987/8/22

## برای بەرێزو خۆشەویستمان
## کاک شێرکۆ

ئەو کاتەت باش، نامەو دیاری بەنرخ و پڕ لە هەیبتت پێم گەیشت، هەروەها بە بینی دایکت ئەو بروایەم پیداکرد کە لە دایکی وا بەهەست و ناسک ئەبێ شێرکۆییکی وەک تۆمان هەبێت...

شیعرەکانت هەر گەیشتە دەستم چەند جار خوێندمەوە تا بە جوانی بچمە ناخی هەست و هۆی مەبەستەکانەوە و بتوانم نەختی مێشکی ماندوو دڵی تەزاوم لە بەسەرهاتە شوومەکەمان بحەسینمەوە ینمەوە، ئەوجا لەکانی دڵمەوە سپاس و ئافەرینم کردی کەوا هاواری خنکاوی گەلەکەمانت بە هەموو لاییکدا هەڵداوە.. زۆر حەزم ئەکرد کە شتێکیان لەسەر دەربینم و بیخەمە سەر شریت و بۆتانی بنێرم، بەداخەوە گیرەو کیشە ژیانی ئەو وڵاتە مەجالی نەدامێ ئەگەرچی هەمۆ شتێکم ئامادەکردبو، بەڵام حەزم ئەکرد هیچ نەبێ ساز یان کەمانێکم لەگەڵ بێ ... بۆیە نەمتوانی یان رێک نەکەوت .. بەڵام هیوادارم لە دو سێ هەفتەی داهاتودا بە خصوصی بۆ ئێوە تسجیلی بکم و بینرم بۆتان..

سەبارەت بە ئاگاداربون لە یەکتر بە نووسینی نامەو هەوال زۆر پێ خۆشحال ئەبم کە بە هۆی نامەوە ئەو نێوانە نەبرێن و زیدەتر لە یەکتری نزیک ببینەوە، بەتایبەت زیاتر داوات لی بکەم کە هەروەها با نوسراوەکانت بە تەوژم و پر خرۆش بن و نەک، ئازادی و نەبوونی ترسی (ئێستامان) دەردوژانی گەلە قەلاچوکراوەکەمان لە بیر بەرێتەوە.

**ئیستەکە ئەم نامەیەت بۆ ئەنووسم سێ رۆژ بەسەر مردنی خمینی دا تێ ئەپەرێ، بێ گومان مەرگی هەر دیکتاتۆرێ شادی دینێ و نوخشە بیت لە زوحاکی بغدا ...**

**ئەگەرچی خمینی ش لەو بەسەرهاتەی ئەمجارەمان بێ بەش نەبوو .. و بەداخەوە وا دیارە کە داهاتووی نزیکمان لە رۆژانی تاریکی حەیاتی سیاسیمانە ..**

**کاکە گیان هیوادارم لە یەکێ مانگی داهاتوودا سەفەرێکی سوئد بکەین .. هەر لە ئیستەوە بە خۆم وەعدم داوە کە دڵم بە هۆنراوە بەرزەکانت و چاوم بەروی ئێوە روون ئەبێتەوە، ریان چاوی ماڵ و منداڵت ماج دەکات و ئەحوالتان ئەپرسیت، ئیتر داوای سەربەرزی و خۆشیتان ئەکەم...**

**برات مظهر خالقی**
**8/ 4/ 1989**

هەستیاری مەزنی کورد، بولبولی
خۆش نەوازی کوردستان شێرکۆ

رۆژباش، سلاو

ماندونەبی، بەخێر بێ یەوە، من ئەمشەو کاغەزەکانم نوسیبوو، کەهەواڵی هاتنەوەی تۆم بەر گوێ کەوت. شادومانی دایگرتم ئەو پاکەتە گەورەیەی "نامەکانم تێ خستبوو، هەڵم دڕی" بۆ ئەوەی ئەم دوو وشەیەی بەخێر هاتنەوەت بۆ بنووسم. ئەرێ.. کتێبی "چاوان"ەکەی بۆم ناردبووی چی لێ هات، ئەگەر دەزگای سەردەم شتی سەردەم چاپ ئەکا، نەوەك هی سەدەها ساڵ لەمەوبەر، تەلیفونێ بکە بۆ جەنابی شێخ محەمەدی شاکەلی "کتێبەکەی بۆ بنێرە" با "رۆشنبیری"چاپی بکات.

برا گیان، من نازانم ئەدیبو ئودەبای کورد بۆچ هەڵەکانی "رادیۆ" بەگوێی هەواڵ خوێنانی نادەن.. بۆ نمونە ئەوان ناتوانن جیاوازی لەنێوان "ماندو"و"ماندویی" بکەن یەکەم "وەصف"ە "کابرای ماندو" دووەم جێی چاوگ"مصدر" پڕدەکاتەوە، "رێبوارەکە لەبەر شەکەتیو ماندویی" عەرەقی ئەڕشت بەلام کابرای پێشمەرگە "ماندویی" نەزان بوو"نەك ماندوونەزان –ماندونەناس". هەروەها"خەڵکی وڵات" پێی "ی" لێرەدا بزوێنە واتا"نیو حەرەکەی عەرەبی"ی بەلام "کاری خەڵکی خزمەتی وڵاتە" ئەم پیتی "یی"ە

دەبێ تۆزێ درێـژەی "یـی" بـدرێ، ببـورە سـەرم ئێشاندی چـونکە ئـەم بابەتـە ئـەبێ مامۆسـتایانی کوردی "رێزمان" پێی هەڵسن نەك ئەدیبان.

جارێکی تر بەخێر بێیتەوە.

برای دڵسۆزت

جەمیل بەندی رۆژبەیانی

2000/2/10

لندن 6-8-1987

بۆ زۆر خۆشەویستم کاك شێرکۆ

چاوەکانت مـاچ ئەکـەمو بەگەرمیـەوە هـەواڵتان ئەپرسـم.، نامەکـەتان گەیشـت بـەو بـاسو هەواڵانـەی لەنامەکەتاندا باستان کردبوو بەتەواوی گەشامەوەو چاوودڵم روون بـووەوە، هەنـدێك لـەو هەواڵانـەم بـەر لەهاتنی نامەکەتان بیستبوو وەك برازایەکی خۆشەویستم هەمیشە وێڵ بووم بەدوای هەر دەنگو باسـێکدا کەسەرکەوتنی ئێوەی تیا ببیستم.

ئەو پاداشتەی کەلەسوید بەئێوە دراوە جێی خۆی بووەو پاداشتێکی راستو دورستو بێ رواڵەتـەو زۆر لەوەش زۆرتر هەڵئەگرنو ئومێد ئەکەم لەدوارۆژدا هەواڵی خۆشترتان لەو رووەوە ببیستینەوە... کەئێوە لەکوردستان بوون جاروبار هەواڵتان ئەگەیشتە ئێرەو بەهۆی دۆستی زۆر خۆشەویستمەوە کاك عمـر شـێخ مـوس لـەکاتی خۆیـدا لـەماڵی خۆمـان "کەشـکۆڵی پێشـمەرگەم –دەسـت کـەوتو وەك یادگاریـەکی بـەنرخ لەکتێبخانەکەمدایە. هەروەها کاك ئازاد مستەفاش کاسێتێکی دامێ بەدەنگی خۆتانەوە.

بەراستی جێی شـانازیە کەشوێنی بێکەسـی شـاعیری شۆڕشـگێڕی کوردتـان کـوێر نـەکردۆتـەوەو لەگـەڵ خوێندنەوەی هەموو دێری شیعرێکتاندا یادی ئـەو رۆژانـەم بـیر ئەکەیتـەوە کەلەگـەڵ باوکت هەنـدێ جـار شیعری خۆی یان شیعری شاعیرانی تری بۆ ئەخوێندینەوە. بەتایبەتی شیعرەکانی پیرەمێـرد وەکـو یـەکێك لە بیرەوەریەکانیشم باسمکردوە. ئاواتم سەرکەوتنو سەربەرزیتانەو ئومێدەوارمو هیچ دوودڵ نـیم لـەوەی کەوەکو چۆن لەپەنای سەنگەرەکانی پێشمەرگە قارەمانەکانـدا دەنگی زوڵاڵتـان ئـەبووە مایـەی وزەو گـورج بوونەوەی پەلە پیتکەی ئەو شۆڕشگێڕانە، لـەدەرەوەی وڵاتـیش وەکو سـەربازێکی ئـاوارەی کـورد بەرهەمـە بەنرخەکانت شوێنێکی تەواو پڕ بکەنەوە لەلاپەڕەکانی ئەدەبی شۆڕشگێڕیو بەرگریو دەربڕینـی هەسـتی

ئاوەربوونو دەربەدەربوونی کورد. ئەوەی راستی بێ، منیش هەرچەند هەمیشە شەیدای شیعرمو شیعر خۆراکی هەمیشەی گیانمە، بەڵام ئەمە ماوەی یەك دوو ساڵە کەڵکەڵەی بەجێ هێنانی پێویستیەکی زۆر گەورەم چوویتە کەللەوەو بووە بەلێکدانەوەی شەوو ڕۆژم دەربارەی نووسینی باسێکی دوروودرێژو تێرو تەسەلی لەشێوەی مەوسوعەیەکدا "بە دوو یا سێ بەرگ" کەشایانی شێخ مەحمودی مەزنو دەوری حوکمدارێتیو شۆڕشەکانی بێ، بەپێ ئەو چەند سەرچاوەی کەلەدەرەوەی وڵات دەستگیرم بووەو "بەداخەوە زۆر سەرچاوەش هەیە کەلەناو وڵاتن نامگاتێو چاریش نییە لەوە زیاتر ناتوانم چاوەڕوان بکەم" لەگەڵ هەندێك لەو بەڵگە نهێنیانەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا کەلێرە چەنگم کەوتوونو ئومێدەوارم لەماوەی یەك دوو ساڵی داهاتوو ئەگەر مردن بەر لەتەواو بوونی یەخەم نەگرێو بەرۆکم بەردا، تەواوی بکەمو ئیتر ئەوسا ئەگەر دنیاشم بەجێ هێشت زۆر بەدڵنیاییەوە سەر ئەنێمەوەو ئەو خەفەتی تەواو نەکردنە لەگەڵ خۆمدا نابەمە ژێرگڵ... باسێکی بچوك دەربارەی –ئاوارەو شعر. کەبریتیە لەباسی ئاوارەبوونی کورد لەقۆناغێکی تایبەتی مێژوویی کورددا لەگەڵ ئەو شیعرانەی کەشاعیرانی ئاوارە لەم ماوەیەدا وتویانە بەم زوانە چاپ ئەکرێو کەتەواو بوو بۆتان ئەنێرم.

دەربارەی گەرەلاوژەی گۆڤارو رۆژنامەی زۆرو بۆرو لێك پچڕانی شاعیرانو ئەدیبان بەراستی جێگای داخەو ئەوی راستی بێ ئەویش بەشێك بوو لەرەنگدانەوەی ناکۆکی ریکخراوو پارتەکانی ناو وڵات کە ئومێدەوارین دوای ئەم یەك بوونەی دوایی تارمایی ئەو ناکۆکیانە بەرەو پێشەوەو قەلای یەکگرتنی هەوڵو تێکۆشانی هەموو لایەك لەو رووەوە سود بەخش بێت.. من بەش بەحاڵی خۆم. دوو سێ ساڵ لەمەو بەر بەنامە پەیوەندیم لەگەڵ چەند برادەرێکی ئاوارەی وڵاتانی ئەم ئاوروپایەدا کردو داوام لێکردن گەر هیچ نەبێت لەشێوەی "رابیتەیەکی ئەدەبی"دا پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا سازبکەن. هەندێ وەرامی بەدڵم بۆ هاتەوەو هەندێکیش بەمینجە مینجو جارێ بابزانینو یان بەبیانووی ئەوەی کەشتەکە عملیی نییە وڵامیان دامەوە.

لەراستیدا بگەیتە ئەدیبان یان نوسەران شتێکی باشە ئەگەر بێ گێچەڵو سەریەشە سەربگرێت چونکە وابزانم هەر لەدەست پێکردنی هەندێ گلەیی دێتە پێشەوەو ئەپرسێ بۆچی فلانی تێدایەو کێی تێدا نییە مەرجی ئەندامێتی چییەو ئەوەی بەرهەمی نەبێت نابێ بەشداری بکاتو گەلێ کێشەی تر... لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر برادەران لەسەر رێککەوتنو سازکردنی ئەو یەکێتیە یەکیان گرت وا منیش وەکو نەفەرێك ئامادەم بەشداری بکەم... ئەوەی کەمن بەتەمای بووم رابیتەی ئەدیبو تەجربەی ئاوارەکانی زۆر گەلان پیشانیداوە کە تاڕادەیەك سەرئەگرێ چونکە ئەندامانی ئەو رابیتەیە لەبیروباوەڕدا لەیەکترەوە نزیك ئەبنو کات بەکێشەو حەنە حەبەشێو بگرەو بەردە نابرێتە سەر، ئەگەر ئەوە سەری بگرتایە، نیاز وابوو کەوەکو "یادگاری لاوان"ی جاران ساڵی جارێك یا دووجار بەرهەمێك کەبابەتی نوسینەکانی دەست نیشانکرابێ لەلایەن هەموانەوە "بۆ ئەوەی بابەتەکان لەیەك نەچن" و گۆڤارێکی رێكو پێكو چڕو پڕ کەبەشی زۆری بریتی بێ لەدراساتی ئەدەبی یان هەر شتێکی تر....

لەگـەڵ ئەوەشـدا چـاوەڕوانم ئـەنجامی ئـەو تەقەلایـەی کەئـەدرێ ئاگـادارم بکـەو  پێشـەکی داوای سەرکەوتنتان ئەکەم. هەواڵی دۆستو برادەرانی ئەوێ ئەپرسمو ئومێد ئەکەم خێزانەکەتان بگاتە لاتانو بەشادی پێکەوە بژینو حەز ئەکەم لەدەرفەتێکدا کەبۆتان ڕێك کەوت سەرێکیش لێرە بدەن... مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد هەموو جارێ کەباسی تۆی لەگەڵ ئەکەم سلاّوی ئێوەی ئەگەینمێ و پێی وتم کەنامەی ئێوەشی بۆ هاتووە.

ئیتر خۆشیتان ڕۆحەکەم.

دەربارەی / فێربوونی ئینگلیزی کاغەزێکم نوسی بۆ B.B.C کە وەرامەکەم پێ گەیشت ئاگادارتان ئەکەم

هاوار

برای بەڕێز کاکە شێرکۆ بێکەس

هەمووکاتێکتان شاد.

بەهیوام سەربەرزو سەرکەوتوو بن. بیرت دەکەین. پیرۆزبایی لەهەموو جموجۆڵێکو پاداشتو هەموو شتێکی چاکت دەکەین. دوو نامەت لەگەڵ ئەلبومێکدا گەیشت. لەگۆڤارێکی نوێمان بەنێوی "کەلتور" زۆر شتمان لەسەر پاداشتو جەولەکانت نووسیووە. گۆڤارەکە ئەدەبیو هونەرییەو ژمارەیەکی چاپ بووەو لەقەوارەی ئەم لاپەڕەیەو 400 لاپەڕە زیاترە. ئێمە هەندێ باشین دوێنێ سامی لەتارانەوە کەوتە ڕێ بۆ لەندەن –وەزعی هەندێ باشە یانی لەکاک مستەفا چاوڕەشو کاک عەنان موفتی باشترەو نیسبەتی زەهیرەکەی 11٪. ئاگام لەدەنگو باسی شار نییەو ئەمڕۆ لەسەقزەوە دەگەڕێمەوە بۆ یاخسەمەر؛ لەهەر دوو نامەکەدا ناونیشانی خۆتی تیا نەبوو، بۆیە نەماندەزانی بەچ ڕێیەك وەڵامتان بۆ بنووسین ئەوا بەدەستی ئەم نامەیەتان بۆ ئەنێرن. تکایە پەیوەندیمان لەگەڵ مەبڕن

ڕێزم بۆ هەڵۆو نەسرین خانو دایکتان هەیە

برادەران هەموو ڕێزو سڵاویان هەیە ............ شادو سەرکەوتوو بن

برات

موکری/ 1987/12/21سەقز

## لەپێشمەرگەیەکی دێرینەوە بۆ شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس

منی —ئینسان-ی کورد، لەئەنجامی بەشداریی بەردەوامم لەشۆڕشی نوێی گەلەکەمدا، لەڕەوتی رووداو کارەساتە جەرگبڕە —کورد قڕانەکاندا، توشی جۆرێك لەخەمۆکیو هەرەس هاتووم. لەناوەوە. ئەوەی شەکەتی کردووم، تەنها داهێزانی لەشو لارو کزبوونی چاوو کەمخەویو مووی سپی نییە، بەڵکو ئەنفالکردنی کوردە! ئەو کارەساتەی کە لەمێژوویی مرۆڤایەتیدا.. دووبارەیە! بەڵێ دووبارەیە لەلایەن کار بەدەستو لەشکری هەمان نەتەوەی سەردەستەوە، دەرهەق بەئینسانەکانی نەتەوەی کورد. بەڵێ ئەوساو.. ئەمجارەش هەر لەپاڵ هەمان ئایینو کتێبو لەژێر ناوی هەمان سورەتی ئەنفالدا.. ئەو هەموو تاوانە — ترسناکە ئەنجام درا! کەچی ئەم کوردە داماوە، ئایین پەروەرە، ئەنفال لە دوای ئەنفال، پتر ئەبێتە دەروێشی ڕێگەی ئەو ئاینەو.. دەچنە زیارەتی.. مەرقەدی مصدری قرار، قراری ئەنفال.

دوای پتر لە 15 ساڵ لەوتاوانە، لەم رۆژانەداو بۆیەکەمجار لە "رۆمانی گۆڕستانی چراکان"ەوە، گوێم لێ بوو، بینیمو هەستم کرد لەم وڵاتەدا، کەسێك هەیە لەگێڕانەوەی حیکایەتی ئەنفالدا، هەقی خۆی پێداوە. کەسێك هەیە هاوخەمو حیکایەتخوانی کەسو کاری ئەنفالکراوەکانە.

کەم نین ئەو قەڵەمو دەنگانەی لێرەو لەوێ، کەم تازۆر لەسەر ئەنفال نوسیویانە.. بەلاّم رەنگە هەر وتارو مانشێتی سیاسیو ئیعلامی بوو بێت. هەیە لەرووی یاساییو جاڕنامەی مافی مرۆڤەوە، لێ ی دواوە، عارف قوربانیش شایەتحاڵو بەڵگەی بەهێزی هێناوەتەوە، بەلاّم لەگەڵ رێزی زۆرم بۆ هەوڵی خەمخۆرانەیان، هیچیان وەك شیوەنەکەی شێرکۆ پڕ بەپێستی کارەساتەکە نین. گۆڕستانی چراکان، نوسینەوەی مێژوویەکی واقعییەو راستیە. شێرکۆ نوسەرەکەیەتی. أنفال، لەم رۆمانەدا وانەیەکەو.. شێرکۆ مامۆستای وتنەوەی وانەکەیە. - گۆرستانی چراکان هەژانی ئینسانێکە کە توانیویە هەزاران دیمەنی تراژیدی وێنە بگرێت، گەروی مرۆڤێکە سەدان جۆر ئاوازی ناڵەو گریانی مناڵو هاوارو ژنانو وەیلێی پیاوانی تیا ئەچرێ.

شێرکۆ.. ئەو ئینسانە مەزنەیە کە مەرگی لەسەر خۆو ترسناکی دەیان هەزار مرۆڤی بێ تاوانی لەخۆیدا بەر جەستە کردووە ئازارو مەینەتیاکانیان، برسێتیو تینوێتیو لێکدابڕانی ئازیزانمان بۆ ئەگێڕێتەوە... ئەو کۆرپەیەی مەمکی وشکی دایکە مردووەکەی دەمژی، ئەو مناڵەی بوکە شوشەکەی فڕێنراو خانوچکەکەی لێ تێکدرا، شێرکۆ باسی ئەو پیاوە پیرانەمان بۆ دەکات کەلەبیابانداو لەتاریکیدا

چاویلکەو گۆچانەکانیان لێ سەندنو بەڕەڵایان کردن، ئەو —ژنەی بە بەرچاویەوە، هاوسەرەکەی گوللە باران کراو ئەو باوکەی بە بەرچاویەوە، کچە عازەبەکەی پەلکێش کرا بۆ شوێنە حەرامەکان، بەپێی شەرع!

زوبانی گۆڕستانی چراکان، زوبانحاڵی یەکە یەکەی چینو توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواریە ئاخاوتنی دیالەکتێکی جیاجیای ناوچەکانی کوردستانە.

زۆرن.. لە ئەنفال تێناگەن.. بەتایبەت نەوەی نوێ ی شارەکان، شێرکۆ بۆ ئەوان دەدوێ نەوەك لەمێژوودا ئەمجارەش بکرێتە شەڕی ئیسلامو کوفر! کەم نین ئەوانەش کە ئەنفال لەبیر خۆیان دەبەنەوە، شێرکۆ وریایان دەکاتەوە -ئەم شاعیرە مەزنە، هێندە بەهەستو نەستەوە رۆچووبووە ناو رووداو تراژیاکانی تاوانەکەوە لەگەڵ خوێندنەوەی هەر دێرو دەستەواژەیەکدا، گشت گیانی دەلەرزیو بەڕاژەنینی ئازارەکانی ئەنفال، وەك لانك، وەك جۆلانە، دەروێشانە، جەستەی شەکەتی خۆشی دەجولا...

شێرکۆ لەم زیکرەدا، ئەبێتە پەپولەکانی ولاٌتی سوتماك کەناهێڵن بنیشێتەوە، ئەبێتە چۆلەکەو لانەی لێ تێکدەدرێ ئەو ئاسکە کێویەیە کەهەڵەت بەهەڵەت راوی دەکەن، بەچەکی سەردەم. شێرکۆ لەم رۆمانەدا، لەجیاتی گوڵو مێرگو باخەکانی کوردستان، سکالاٌی غەدر دەکات لەدەست تۆفانو کیمابارانو کوللە زەردی بیابان. -گۆڕستانی چراکان.. ئاڤێستایەو .. هەموو پەرتووکە ئاسمانیەکان ڕیسوا دەکات. یاساکانی مافی مرۆڤو کۆمەلگەی ئەم ئەستێرەیە شەرمەزار دەکاتو مانایەکی تر دەدۆزێتەوە بۆ مرۆڤایەتی ...

وریا

نامەی عەلی مەندەلاوی بۆ شێرکۆ بێکەس

**1998/3/7**

حظرة الشاعر الجليل
الاخ الفاضل شيركو بيكس المحترم
خالص التحية مع التمنيات بالصحة والسرور..

1 ــ كنت حدثتک عن المقال ــ المرفق ــ لبيان ............ والذي كان كتبه منذ زمن ـ المقال وجدته بين آوراقي يوم آمس.

2 ــ واضبت خلال الفترة الماضية على آيجاد خيط يدلنى على اللوحة التي يمكن آن تنسب آليک ــ آعني رسمک كاريكاتيريا آنما من خلال موضوع فيه بعض الدهاء الكاريكاتيري، فقررت آن آستبدل حقيبتک الثمينة التي تحوي (كل كردستان) برمز كردستان نفسه ـ الجبل ـ على شكل مثلث يحوي نجوما وآثمارآ آو شموسآ و بشرآ وقبچآ ـ وكل ما هو كردستاني، تحمل هذا الجبل على كتفيک وتصعد جبلا آخر ملىء بالصخور الوعرة وآنصال السكاكتن الحادة.. آقتنعت بهذه الفكرة التى تذكر بآسطورة سيزيف آيضآ. ووضعت الرسوم الاولية على امل اكماله خلال هذا الشهر بالالوان، ليكون جاهزآ مع حوالي (10) لوحات مائية تدور في محيط قصائدک لتعرض في آيام الثقافة الكردية في برلين ... فآلى الملتقى هناک.

مع خالص تقديري وآحترامي.

نامەی جەرجیس فتحوللا بۆ شێرکۆ بێکەس
1989/6/2

جـرجيس فـتح اللـه فـي الثـاني مـن حزيـران 1989

المحامي

الاستاذ كاك شيركو المحترم

آشكرک من صميم القلب على هديتک. ولاسيما ديوانک الاخير.

آن منتوجک الآدبي ليس غريباً عني فقد قرآت لک في الماضي قصائد وحكمت بآنک شاعر كبير ستخلف اثراً وطابعاً لا يزول في ميدان الشعر الكردي، صورک غنية وتشبيهاتک قوية جداً ومبتكرة في الوقع، وآن بصعودک وشهرتک هو صعود وشهرة للقضية الوطنية. وان كان مسموحاً لي بتقديم اقتراح آو التذكرة بحكم تقدمي عليک في العمر. فما آريد آن اقوله لک هو: امض قدما في الخط الذي آخترته فهو خط صحيح وآياک آن تلتفت لاى الوراء آو تسمع لاقوال الحساد والمنتقدين، الذين لا شغل لهم ولا عمل الا ........ من مجهودات الاخرين والانتقاص من آعمالهم لآنهم لا يستطيعون آن يقدمو ثماراً جيدة. آما كتاب آخينا جلال (قد ارسلته في وقته فعلاً) فقد قرآت منه خلال الاربع والعشرين ساعة الماضية فقرات منه. طبعاً ان موضوعه جيد جداً ومناسبة ليس آحسن منها. الا ان هناک بعض الوقائع التآريخية التى كان يجب آن يتروى فيها جلال ويراجع المصادر بها قبل ادراجها. فمثلا وقع نظري في الصحيفة (138) قوله ان الملک فيصل واباه حسين لم يدخلا كردستان العراق ضمن الو.......... العربي عند مداوالتهما مع (مكماهون). وهذا من الغلط ولو كلف جلال نفسه بالاطلاع على رسالة الملک حسين الى مكماهون في سنة 1916 التى جاء فيها تعيين الحدود المنشودة للدولة العربية لوجد انه لم يقتصر عن ادخال

كل كردستان العراقية، ضمن هذا (الوطن) بل راح الى آبعد من ذلک. وهذا هو شآن (جلال) فمع ذكائه وقابلياته .. وجدت فيه منذ آن نمت بيننا العلاقة منذ (31) سنة بعض التسرع. وعندما افرغ من كتابي الاثنين، فسوف آقوم بقراءة الكتاب قراءة مدقق واكتب له ملاحظاتی. عما قليل ستنشر لی مجلة الثقافة الكردية بحثآ كبيرآ عنوانه (النفط، قرر مصير كردستان السياسي). وهو موضوع لم يتطرق اليه آحد وفيه من الوثائق ما لم ينشر من قبل. وكله يعزز وجهة نظر (جلال) في كتابه هذا. آطلت عليک. آعود لاشكرک. وارجو آن يكون لقاوءنا هذا الاخير فاتحة للقائات آخرى مثمرة في سبيل قضية شعبنا. ودمت

اخوكم

نامەی عەدنان ئەلسائغ بۆ شێرکۆ بێکەس

مالمو 1998/5/19

آخي الكبير الشاعر الرائع

شيركو بيكەس المحترم

سماء من المحبة آحملها اليک ...........لتمطرک شعرآ آو شوقآ آو دموعآ واحييكوآحيى شاعريتک العبقرية التی صاغت لنا هذا المضيق الملىء بالفراشات والاحلام والذكريات والحروب والحرية والاساطير والصور و العبر والاغاني والتآريخ والضحايا والجسور والمصابيح والشهداء والقصائد والفضاءات والعويلوالقلاع والنرجس والعذابات والنايات والقمم والدبكات واللطم والرصاص والقبل هذا المضيق الذي آتسع العالم بين سطوره ليضم هذا الثراء الباذخ من شلالات اللغة المتدفقة من

ينابيع صفاء روحک وقمم الامک السامقة ليسقي آرض العراق من كردستان حتى الفاو عابرآ المدن والبحار والفضاءات ليكون نشيدآ عالميا تردده الجموع في ساحات العالم آغنية للحرية ونايآ للانسان المقهور وطيور محلقة بارواح الشهداء... آحييک يا شيركو الكبير ولي وقفة آخرى مع مضيق الفراشات وقصائدک الاخرى ستقرآها انشاءالله مكتوبة لاحدى الصحف آتحدث فيها عن ثرائک اللغوي وشفافية قصائدک التي تذهل بكل معنى الكلمة وصدقنى يا كاكه شيركو ليس في كلامي هذا مجاملة لک فالشعر لا يعرف المجاملة اقول صادقآ ومخلصآ آنک تمثل نقاء الشعر وقوة ودفعة ليس فقط في الشعر الكردي آو العربي وآنما في الشعر العالمي واتوقع لک دويا يليق بمكانتک السامقة وليس بعيدآ ذلک اليوم سآراک فيه تصعد المنصة لاستلام نوبل، حينها سنبكي معآ من الفرح واشهد لي آنني من آوائل من تنبآ لک بذلک، وآنک لتستحقها بكل معنى الكلمة ... فآنت صوت الاكراد الذبيح وصوتنا الجريح وصوت عذابات العالم كله... تحيات ام مهند لک ومهند ومثنى لک ولعائلتک الكريمة الطيبة عن آمل آن نلتقى قريبآ

لک خالص المودة والحب والاحترام..

عدنان الصائغ

نامەی جەلیل ئەلقەیسی بۆ شێرکۆ بێکەس

2003/8/21

اخى و حبيبي المبدع شيركو المحترم

تحيه حب

اكتب هذه الرسالة القصيرة جدا مباشرة بعد عودتى من قاعة النشاط الفني وانا مازلت بخشوع متصوف استمع لتوه الى قداس .. كانت كلماتک وانت تطلقها بصوتک الجهوري كانها مضمخة بعبير قوى تضرب بحرارة القلب تاره، وتاره اخرى تلامس السمع بلمسات حزيرية ، ثم تفغم الانف و تيهج المشاعر، ان حرائق الكلمات آيها المبدع في السمع والقلب مخيفة. كنت آلتقت بين حين و آخر لآرى الوجوه، آه، يالهي، كنت آراها وكآنها تنيره نور الطوبي .. لآول مرة عرفت آن الشاعر الموهوب جدآ يجب آن يمتلک موهبة الالقاء آيضآ. لقد قرآت الكثير عن روعة القاء مايكوفسكي، وفورننيسكى، وحتى آيضآ ايفاننشينكو، واستمعت الى الجواهري العظيم، والقباني، لكن موهبة الالقاء الآلهية عندک شىء آخر... آن هدير الكلمات وهي تخرج من مهارة حلقية مدربة وبصوت مثير جدآ عندک عالم آخر... كنت طبعأ آجهل معاني العديد من كلمات قصائدک، اما اوءلئک واللاتي كن يمنهمنها بعمق كانوا وكن يرحلن الى ذروة ملحمية من الخيال وهم في لحظات آنخطاف روحي غريب..

كانت الوجوه وآنت تغادر القاعة تتماوج حولک بعذوبة روحية، وانت تتعامل مع الجميع ببساطة آسيارطية.. آجل من حق الشعب الكردي آيها الحبيب شيركو آن يحترم كبرياء شاعريتک..

بكلمات رقيقة مثل الفجر احييي عزيزى روءف بيگەرد، واهمس بصوت رفيع كالآبرة في اذنه قائلآ: انت بحق آنسان رائع. تحيات للاخوة آزاد برزنجي، شيرزاد حسن، نوزاد آحمد، ولكل العاملين في معكم في سردم.

مع عظيم حبيبي ايها الشاعر النبيل

جليل القيسي

نامەی لمیا نابلسی بۆ شێرکۆ بێکەس

سيدي الجليل

تحية آجلال واكبار ...آقروءها عبر هذه السطور. قراءت الكثير من النثر والشعر لم آجد آسمى وآصدق من آقلام شعراء المهجر الذين آستبعدوا عن آوطانهم قسراً وقهراً. صدقاً سيدى.. طفرت دمعة حزن من عيناى وآقشعر جسدي وآنا آقراء قصيدتك العظيمة.. وددت لو كنت نسمة رقيقة تحملك وتضعك في خاكوخول.

حلمت بآنني العنقاء تضحک بجناحيها وتطير بک فوق سماء کويژه. آه.. لو کنت مدآ وجذرآ، يخطف آبناء الشر ويغوص بهم لآعمق آعماق الارض. لتعود سفينة نوح بآبنائها الخيرين بآمن وسلام. سيدى العظيم.. آنا آبنة شاعر وآديب دمشقي، قصصه تروى المعاناة وشعره يحاکي الحب والوجد، ولکني لم آشعر بدفء العاطفة تشدنی لنثره آو شعره آو قصيدته، کما شدتنی قصيدتک وآلمتنی .. فجاحکم جراحنا، وعذابکم آنصال تقطعنا، فنحن آبناء بقعة کبيرة يجمعنا الالم والمعاناة المشترکة، ودين الله الذي نعتقنه هو صبرنا وآملنا في الخلاص والعودة. سيدي.. لک مني کل آجلال وآکبار والکلمة الصادقة هي السيف الذي سيقع على روءوس المستبدين، ودماء ساکني سيوان ولبنان ودمشق وغيرهم من شهداء آوطاننا.. هي الحياة في آرضننا التي ستروبها تزهر فرحآ وحرية واملآ في العودة الکريمة. بورکت يدک سيدي وسلم قلماک الذي خط الصدق وحاکی الوجدان وسيظل الامل مزهرآ مادامت النساء تنجب آمثالک.

لک مى کل آجلال واکبار وآحترام

ليماء النابلسي

نامەی زوهیر جەزائیری بۆ شێرکۆ بێکەس

**العزيز شيركو**

لم يتسنى الزمن اللقاء آطول بيننا؟ على آية حال .. نتابع آخبارک بآهتمام وفرح ويهمان آن يعرف العالم الاكراد من خلال الشعر.. نتابع آنا وكريم ديوانک بآهتمام وقد آودعناه لدار نشر ووعدنا بانهم سيباشروا طباعته قبل موفقة الرقابة. يخاف الاصدقاء هنا آن ينقطع شعر شيركو حال آنقطاعه عن سرة الحبل ويآملون آن يقرآوا لک قصائد جديدة.. لا تقطع عنا قصائدک وآخبارک الثقافية. قبل آيام شهدنا في دمشق حدثآ جميلآ: معرض الفن العراقي في المنفى.. عشنا من خلال اللوحات تفاصيل العراق الاليفة الجميلة ومنها جبال كردستان حيث كانت حصة الرسامين الاكراد في المعرض بارزة. خلال آيان سيعيد كتابي (آوراق جبلية) من تجربتي في كردستان .......... آن تكون قد قرآت بعض فصوله نشرت في الثقافة الجديدة، يهمنى آن تقرآه وتكتب لي رآيک فيه. شوقي الى العراق لا يعادل شيء .. الخراب الذي يمسه يصدع روحي وتكسر الانفجارات زجاج ذاكرتي ............ بجهد ..آتعتقد آن العراق سيلمنا ثانية ذات يوم، ونسكر في حديقة اتحاد الادباء ونعود سيرآ على الاقدام نتحدث بصوت خافت عن آشياء نراها آمامنا؟ ساموت آذا لم آعد للعراق هذا العام آو العام القادم آو حتى بعد ثلاثة آعوام... ولن آتسامح باكثر! بدون العراق سنضل كما نحن الآن: متناثرون في جزر مقطوعة .. قل لي يا شيركو بضع ابيات عن شوقک للعراق فما من مواساة آجمل من الشعر آلا الوطن نفسه.. هل نلتقي؟

زهير الجزائري

نامەی محیەددین زەنگەنە بۆ شێرکۆ بێکەس

العزيز ابدآ كاک شيركو

اشواقي القلبية، آرسل لک نسخة من قصصي (الجبل والسهل) التي سبق وارسلتها لكم، امل ان تتاح لک الفرصة لتقرآها يهمني رآيک فيها، ولاسيما النص الاول (نثارات حلم..) الذي يعكس معاناة كركوک في الاحتلال و التعريب، والذي يعمل على آسطره الواقع، وما كان له آن ينشر في عهود الظلام السابقة آلا بهذه الصيغة .. مع الابقاء على العديد من رموزها (كركوک) ـ الخاصة، القلعة التاريخية .. الخ. حبه تنبض بين سطورها، لدى الثقة آنه (النص) سينال آعجابک ، كذلک نسخة من مسرحتى آشعة بلون الفجر، التي لا تغيب ......... الخفية والتي نشرت في العهد المظلم الفاشي آيضآ، دائمآ يستطيع الفن الراقي آن ينفذ ويتنفس بما ............................... من الابداع والزكاء.. آقول ذلک دون آن امدح نصوصي .. ولكن آيضآ دون آن اغمط حقها.

عزيزى استمعت باهتمام شديد الى برنامج ــ بەرەو ڕیفراندۆم ــ لقد استفدت كثيرآ .. من اراء الاخوة، ولكن ماذا لو آتسع نطاقه وشمل قطاعات آخرى من الشعب الكردي و مثقفيه ..؟ وآقترح آيضآ آن يصار الى آعادة بث البرنامج صباح آحد الايام الاخرى من الاسبوع يوم الجمعة مثلآ، لكي يتاح لاكبر عدد من آبناء شعبنا الاطلاع عليه والافادة منه...

آننى من جانبي ساعمل على متابعته بكل تآكيد وبكل شغف

محى الدين زنكنه

## کۆتایی



نووسەر لە چەند دێرێکدا:

لە 1955 لە شاری دێرینی (هەولێر) لەدایکبوویمـە.
ئامۆژگای تەکنەلۆژیای بەغدام تەواوکردووە.
تا لە ولات دەرچووم فەرمانبەری
شارەوانی هەولێر بووم.
لە ساڵی 1998 ەوە لە ولاتی سوید دەژیم.

چاپکراوەکانم ...

1-لە یادی سەد ساڵەی شارەوانیدا، 1985 کتێبی (هەولێر ) م بە قەبارەی 365 لاپەرە ئامادەو چاپکرد.

2-هەر لە شارەوانیدا لە ساڵی 1994 دا، 12 ژمارەی رۆژنامەی(هەولێر)م دەرکرد.

3-کەلاوە... 1991 ریپۆرتاژ، بۆ ئۆردوگاکانی دەڤەری هەولێر.

4-دیوەخانی فلێن... رۆژانەو ریپۆرتاژە،لە 1999 لە رۆژنامەی (ئالای ئازادی)ی زەحمەتکێشان لە دە ئەلقەی درێژ بڵاوکرایەوە.

5-هەولێر... تا دبلن...... 2000 ریپۆرتاژ، زانکۆی ئازادی بەرلین.

6-بەغدا.... بۆ هەولێر!..... 2000 ریپۆرتاژ، سویدو سلێمانی.

7-مەملەکەتی فارگۆنەکان.....2001 ریپۆرتاژ، سلێمانی.

8-کاکە، ئەبو ئیسماعیل... 2001 ، سلێمانی.

9-بەسەرهاتی دەریاوانێکی خنکاو 2001 رۆمانی گابریل مارکیز، لە ژمارە 25 ی گۆڤاری (ئاییندە)ی سلێمانی بڵاوکرایەوە، وەک نامیلکەش بڵاوکرایەوە.

10-دە رۆژەکەی هەولێرم، (11) وتارو ریپۆرتاژبوو لە گۆڤاری (گوڵان)ی هەولێرو رۆژنامەی (کورد) لە ئوسترالیا بڵاوکرایەوە.

11-رێگای دوورم بۆ ئازادی، نیلسۆن ماندیلا، وەرگێران. هەولێر لە دەزگای موکریانی بڵاوکرایەوە.

12-سارد، یان گەرم، (12) ریپۆرتاژبوو، لە رۆژنامەی (هەواڵ)ی سلێمانی لە یولیو 2001 ی ینایری 2002 بڵاوکرایەوەو وەک نامیلکەش بڵاوکرایەوە.

13-فارگۆنەکان، ریپۆرتاژو بیرەوەرییە لە دەزگای بدرخان لە هەولێر2005 بڵاوکرایەوە.

14-مەملەکەتی کەلاوە، وتارو پێناسەی بیناسازی کوردییە وەک نامیلکە لە وەزارەتی رۆشنبیری لە هەولێر بڵاوکرایەوە.

15-کۆریا پێناسەو مێژووی کۆریای باشوور، لە خانەی وەرگێران لە هەولێر 2007 بڵاوکرایەوە.

16-هولۆکۆست... کتێبێکە لەسەر قرکردنی جولەکە لە ئەوروپا، وەرگێران سەنتەری نما هەولێر .2007

17-دوو پرێنسیپسی نازداری بێناز، دیاناو ماساکۆ... هەولێر دەزگای ئاراس .2008

18-مارتن لۆسەر وەرگێران و ئامادەکردن، بەشێکە لە کتێبی ناتوندوتیژی 1 سەنتەری مەسەلە هەولێر 2008.

19-بەرەو کۆشکی ئالیزی، شیراک، روایال، سارکۆزی ..و: خانەی وەرگێڕان سلێمانی 2008.

## ئامادەی چاپکردن

1-هەتان... چەند وتارێکە لەسەر بیناسازی کوردەواری، لە ساڵی 1988 ەوە ئامادەیە.

2-مەجبوور، سەربردەو ریپۆرتاژە...: سوید 2002

3-تەها حوسین، نابینایەکی بینا، وەرگێران و ئامادەکردن..: سوید 2005

4-ئەنجیلا میرکل، ئەو ژنەی ئەلمانیا بەڕێوەدەبات... و: سوید 2007

5-سێکس و پۆلیتیک، دیوێکە لە ژیانی دبلۆماتی فەرەنسای نوێ... و: سوید 2007

6-ترێنە خێراکەی خۆرهەڵات، لە ڤییناوە بۆ ئاستنبۆل ....و: سوید .2007

7-دۆلار لە ئەمریکا، دوو بابەتی ئابوورییە....و: سوید 2008

8-ئیرانی نوێ، لە دیدی ژوورنالیستانەوە... و: سوید 2007.

9-ئیلیزابیتسی دوو ەم.........و: لە عە ر ەبیەو ە...2008

بەهەشتی زیندان... وتارو ریپۆرتاژە لە 1996ەوەو بەبەردەوامی دەینووسم، ئێستاش گۆشەی ( بریڤ ) لە چەندین گۆڤارو رۆژنامەو ماڵپەرەکانا لەوڵات و دەرەوەی وڵات بڵاودەکەمەوە.

**زنجیرە کتێبی چاپکراوی نما**
**لەساڵی "2000"ەوە.**

| ژ | ناوی کتێب | ناوی دانەر | وەرگێڕ یان نوسەر |
|---|---|---|---|
| 1 | مۆمیای عەرشی سپێدیەك | شیعر | ن/ ئیسماعیل کوردە |
| 2 | گیروگازی چەمکی گۆمەڵی مەدەنی چ1 | د.کەریم ئەبو حەلاوە | و: ئیسماعیل کوردە، نوری بێخاڵی، رەوشت رەشید |
| 3 | دیموکراسیەت جیاوازیو پێکەوەژیان | کۆمەڵە وتار | ن.و: ئیسماعیل کوردە |
| 4 | پێکهاتەوراڤەی دەق- بەرگی 1 | بابەك ئەحمەدی | و: مەسعود بابایی |
| 5 | چەمکە ئەنترۆپۆلۆژییەکان | زاراوەزانی | ن: دیار عەزیز شەریف |
| 6 | لەسەرما ئاژاوەیەك هەیە بۆ... | شیعر | رامیار مەحمود |
| 7 | مۆدێرنەکان | رامین جیهانبەگلو | و: ئازاد بەرزنجی |
| 8 | دەنگو سێبەر | کۆمەڵێك نووسەر | و:ئازاد سوبحی |
| 9 | ترسی ژمارەکان | شیعر | شەهرام نامق |
| 10 | بۆشایی دنیا | شیعر | نەبەز گۆران |
| 11 | سێبەری با | کۆمەڵە چیرۆك | د. موحسن عومەر |
| 12 | سەفەری بۆ رۆژهەڵات | هێرمان هیسە | و: کەریم دەشتی |
| 13 | باخی زەمەنە بەرزەخیەکان | شیعر | بابان حەمە |
| 14 | گەمەی وەردە ماسی | کۆمەڵە چیرۆك | ن: سەلاح عومەر |
| 15 | رۆژێك کە تاکو تەنیایە | شیعر | سەرهەنگ حەمەعەلی |
| 16 | فەروخی فەروخزاد | | و: سۆران نەقشبەندی |
| 17 | قوتابخانەی فرانکفۆرت | فیل سلیتەر | و:ئیسماعیل کوردە، رێبین رەسول، نوری بێخاڵی |
| 18 | هۆلۆکۆست | | و: شێرزاد هەینی |
| 19 | مارتن هایدگەر | کۆمەڵێك نووسەر | و: ئیسماعیل کوردە |
| 20 | سونەت مۆدێرنە پۆست مۆدێرنە | ئەکبەری گەنجی | و: راسان موختار |
| 21 | دەربارەی عەلمانیەت | لێکۆڵینەوە | ن: بەختبار عەلی، شاهۆ سەعید، هەڵکەوت عەبدوڵلا، توانا ئەحمەد ، جەمال حسێن، ئیسماعیل کوردە |
| 22 | پێکهاتەو راڤەی دەق/ بەرگی 2 | بابەك ئەحمەدی | و: مەسعود بابایی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 23 | راپسكانێ لەدنیای سیاسەت | لێكۆڵینەوە | ن: ماجید نوری |
| 24 | گلگامێش | ئەحمەدی شاملو | و: ئیدریس شێخ شەرەفی |
| 25 | جەژنی مەرگ | شیعر | كەزال ئیبراهیم خدر |
| 26 | شوێنكاتی یەكەم | لێكۆڵینەوە | ن: موتەڵب عەبدوڵلا |
| 27 | دەرونزانی | كۆمەلێك نووسەر | و: یوسف عوسمان حەمەد |
| 28 | عەلمانیەتی ئەوانو .. | كۆمەلێك نووسەر | و: ئیسماعیل كوردە |
| 29 | دەسەلاتو حەقیقەت | مێشێل فۆكۆ | و: ئیدریس شێخ شەرەفی |
| 30 | كۆمەڵناسی | كۆمەلێك نووسەر | و: ستار باقی كەریم |
| 31 | بیرمەندان لەهەزارەی سێیەم | كۆمەلێك نووسەر | و: رێبین رەسوڵ ئسماعیل |
| 32 | لەهۆركهایمەرەوە تا هابرماس | د. عەلا تاهیر | و: ئیسماعیل كوردە، جەمال پیرە |
| 33 | عەلمانیەتو كاریگەریەكانی | كۆمەلێك نووسەر | و: جەمال پیرە |
| 34 | خۆرهەلاتو خۆرئاوا | كۆمەلێك نووسەر | و: ئاسۆ جەلال |
| 35 | هیگڵ | | و: رێبین رەسوڵ ئیسماعیل |
| 36 | پێكهاتەورافەی دەق- بەرگی 3 | بابەك ئەحمەدی | و:مەسعودبابایی |
| 37 | لەودیو دەرگا داخراوەكان | رۆمان | ن: ئارێز عەبدوڵلا |
| 38 | قولاپی ماسی | پەروێزی قازی سەعید | و:دلشاد كازم محەمەد |
| 39 | گیروگازی چەمكی كۆمەڵی مەدەنی چ2 | د.كەریم ئەبو حەلاوە | و: ئیسماعیل كوردە، نوری بێخاڵی، رەوشت رەشید |
| 40 | داستانی سەفەر | رۆمان | ن: باهۆز مستەفا |
| 41 | ئیسلامو رۆشنگەری | هاشم سالح | و: هێمن مەحمود |
| 42 | پێكهاتەورافەی دەق –بەرگی 4 | بابەك ئەحمەدی | و:مەسعودبابایی |
| 43 | ئاشنابوون بەهیگل | پۆل ستراتێرن | و: رێباز مستەفا |
| 44 | ئەدۆنیس | چاوپێكەوتن | و: موتەلیب عەبدوللا |
| 45 | تەختەی شانۆ | كۆمەلێك نووسەر | و: كامەران حاجی ئەلیاس |
| 46 | لەدنیاری شارەوە تا شاری دنیا | محەممەدی خاتەمی | و: مەلا رەشاد |
| 47 | بێوار | رۆمان | ن:كامەران مەنتك |
| 48 | رێگای یاخیان | رۆمان | ن: ئارێز عەبدوڵلا |
| 49 | ئیگۆو ئید | سیگموند فرۆید | و: یوسف عوسمان حەمەد |
| 50 | فەلسەفەی كۆچەری | كۆمەلێك نووسەر | و: هەندرێن |
| 51 | رەخنەو ئایدیۆلۆژیا | لێكۆڵینەوە | ن: حەیدەری حاجی خدر |
| 52 | كۆمەڵناسی دوانەیی | ج.ك. كۆفمان | و: ستار باقی |
| 53 | چارلی چاپلن | پام براون | و: كەمال محەمەد |
| 54 | ئەو گوڵانەی بەلێومانەوە | شیعر | ئارام قادر |
| 55 | ئاومار | كۆمەڵە چیرۆك | ن: شاخەوان مەلا محەمەد |
| 56 | بوكی نەورۆزی خۆشناو | لێكۆڵینەوە | ن: د. كەمال مەعروف |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 57 | ئیسلامو عەلمانیەت | محەمەد ئارکون | و: نەوزاد ئەحمەد ئەسود |
| 58 | نوسین خۆکوژیەکی تەواو.. | کۆمەلێك نووسەر | و: موتەلب عەبدوللا |
| 59 | موساو یەکتا پەرستی | سیگموند فرۆید | و: محەمەد جەواد مستفا |
| 60 | ئەهرمەن لەدەرونشیکاریدا | سیگموند فرۆید | و: ستار باقی کەریم |
| 61 | مرۆڤو مشکەکان | جۆن ستێنبێرك | و: خالید مورتەزازادە |
| 62 | گوڵنارەکانی شوێنپێ | سەفەرنامە | ن: هەندرێن |
| 63 | مێژووی رامیاری کورد | ئایەت محەمەدی کەلهوڕی | و: وریا قانع |
| 64 | جیهانی لەدەست دەرچوو | ئەنتۆنی گیدینز | و: ئاوات محەمەد |
| 65 | گوڵە ستێرەکان کوژانەوە | یادەوەری | ن: کەریم کاکە |
| | | | |
| | | | |

تێبینی: ئەو کتێبە چەندین نامە و وێنە و دەستنووسی لەگەڵدایە، بەڵام چونکە کێشیان قوورس بوو، بۆیە وێنەکانمان لابرد، بۆ رروونکردنەوە.